مێژووی ئەدەبی کوردی

بەرگی یەکەم

دوكتۆر مارف خەزنەدار

مێژووی ئەدەبی کوردی

ئەم بەرهەمە هێنانەدی پڕۆژەی نووسینەوەی
مێژووی ئەدەبی کوردییە لە سەرەتاوە
تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم

بەرگی یەکەم

لە سەرەتاوە تا سەدەی چواردەم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

د. مارف خەزنەدار
مێژووی ئەدەبی کوردی - بەرگی یەکەم
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٠٩
چاپی دووەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٢٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان٧٢٩ - ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: ناسح ساڵح
پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا

ناوەڕۆک

پێشەکی 7
– بەشی یەکەم – جوگرافیای کوردستان، مەڵبەند و کوردەواری 21
– بەشی دووەم – مێژووی کورد، نەژاد و بەسەرهات 24
مێژووی کۆن 24
میدیا 16
لەیەکچوونی ناوی کورد و هۆزەکانی دیکە 27
سەرەتای ئیسلام تا جەنگی چاڵدیران 28
جەنگی چاڵدیران و دابەش کردنی کوردستان 29
سەدەی نۆزدەم 31
سەرەتای سەدەی بیستەم 32
کورد لە تورکیا 32
کورد لە ئێران 37
کورد لە عیراق 39
کورد لە سووریا 44
کورد لە ڕووسیا و (یەکێتی سۆڤیەتی کۆن) 44
– بەشی سێیەم – زمانی کوردی 48
دیالێکتەکانی زمانی کوردی 48
مێژووی دانانی ئەلفوبێ بۆ زمانی کوردی 49
مێژووی ئەلفو بێی ستانداردی کوردی 52
– بەشی چوارەم – ئایینی کورد 58
ئایینی زەردەشتی 59
ئایینی ئیسلام 62
ئایینی ئێزدی 66
ئایینی یارسان (ئەهلی هەق) 67
– بەشی پێنجەم – ژیانی کۆمەڵایەتیی کورد 69

چینەکانی کۆمەڵی کورد 69
خوو و ڕەووشت 71
ئەتنۆگرافیا 72
جەژنەکانی کورد 73
ژیانی خێزانی 74
– بەشی شەشەم – ژیانی خوێندەواری 75
مزگەوت و حوجرە 75
ئامانجی مزگەوت و حوجرە 76
بەرنامەی خوێندنی حوجرە 79
سەرهەڵدانی کوردایەتی لە مزگەوت دا 80
زانستییەکانی زمانی عەرەبی و ئایینی ئیسلامی 81
خوێندنی تایبەتی 83
دەسنووس 84
جێگەی دەسنووس لە وولات دا 86
جێگەی دەسنووس لە دەرەوەی وولات دا 88
لە شاری سانت پیترسبورگ 89
دەسنووسی کوردی لە نامەخانەی گشتی 89
دەسنووسی کوردی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی 92
دەسنووسی کوردی لە ئەڵەمانیا 93
دەسنووسی کوردی لە لەندەن 96
کۆمەڵە ڕۆشنبیری و خوێندەوارییەکان 97
کۆمەڵەی هیوی قوتابیانی کورد 98
جەمعیەتی زانستی کوردان 98
کوردناسی و زمان و ئەدەبی کوردی 99
لێکۆڵینەوە لە زمان و ئەدەبی کوردی لە ئەوروپا 99
ناوەڕۆکی کاری زانستیی ئەوروپاییەکان 101
باوکی کوردناسی لە ئەوروپا 102
کاری دیکە لە بابەت زمانی کوردییەوە 103
کردەوەی زانایانی ئەڵەمان 104
کردەوەی زانایانی ئینگلیز و ئەمەریکا 107

کردەوەی زانایانی فرەنسی 108
کردەوەی زانایانی ڕووس و (سۆڤیەتی کۆن) 110
ڕۆشنبیری ئەرمەنی ئابۆڤیان 111
کردەوەکانی لێرخ 112
کردەوەکانی دوو قونسوڵی ڕووس 114
بەرهەمی زانایانی بێگانە لە ڕووسیا 116
کردەوەکانی یێگیازارۆڤ 117
کردەوەکانی مینۆرسکی 117
کردەوەکانی ئۆربێلی 119
بابەت و ناوەرۆکی سەرچاوە ئەوروپاییەکان 221
بیر و ڕامان بەرامبەر کردەوەی ئەوروپاییەکان 127
ڕۆژنامەگەری کوردی 130
پەیدابوونی ڕۆژنامەی کوردی 130
ڕۆژنامە و کۆواری کوردی ئێران 132
ڕۆژنامە و کۆواری کوردی عیراق 133
ڕۆژنامە و کۆوارە گرنگەکانی کوردی 136
کوردستان (قاهیرە ١٨٩٨) 136
ژین (ئەستەمووڵ ١٩١٨) 137
ژیانەوە – (١٩٢٤)، ژیان (١٩٢٦)، ژین (١٩٣٩)–(سلێمانی) 138
ریا تازە (یەریڤان ١٩٣٠) 140
هاوار (شام ١٩٣٢) 141
گەلاوێژ (بەغدا ١٩٣٩) 142
ڕۆناهی (شام ١٩٤١) 143
دەنگی گێتیی تازە (بەغدا ١٩٤٣) 144
نیشتمان (مەهاباد ١٩٤٣) 145
کوردستان (مەهاباد ١٩٤٦) 146
هیوا (بەغدا ١٩٥٧) 147
شەفەق (کەرکووک ١٩٥٨) 143
– بەشی حەوتەم – سەرەتاکانی ئەدەب و ئەدەبی گێتیی کۆن 151
داهێنانی پێش مێژوو 152

داهێنانی پاش مێژوو 153
ئەدەبی ئەرکیۆلۆجی 154
ئەدەبی سۆمەری 155
ئێپۆسی گلگامێش 156
ئەدەبی میسری 158
ئەدەبی تۆمار کراو بە تیپەکانی ئەلفوبێ 158
ئەدەبی هونەری سەربەخۆ 159
ئەدەبی گریکی 159
ئەدەبی لاتینی (رۆمانی) 162
ئەدەبی هیندی 163
ئەدەبی چینی 167
ئەدەبی هونەری لە کتێبەکانی ئایینیدا 168
تەورات 169
ئاڤێستا 171
کتێبی پیرۆزی هیندۆسان 171
ئینجیل 172
قورئان 173
– بەشی هەشتەم – سەرەتاکانی ئەدەبی کوردی 177
ئەدەبی سەرزاری نەنووسراو 179
ئەدەبی کلاسیکی 180
– بەشی نۆیەم – شیعری کوردی لە ڕووی ڕوخسارەوە 182
لیریک 182
ئیپیک 191
کەرەستەی جوانکاری 191
نازناو 192
– بەشی دەیەم – شیعری کوردی لە ڕووی ناوەرۆکەوە 194
لیریک 195
ئیپیک 199
– بەشی یازدەم – بابا تاهیر 203
ژیانی بابا تاهیر 203

بابا تاهیر و ئایینی یارسان 208
دوو بەیتەکانی بابا تاهیر 212
دەسنووس و چاپی دوو بەیتەکانی بابا تاهیر 216
دۆزینەوەی شیعری تری بابا تاهیر 218
گەشتێک بە ناو دوو بەیتەکانی بابا تاهیر 225
– بەشی دوازدەم – شیعر و ئەدەبیاتی ئایینی یارسان 249
ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی یارسانان لە شیعریان دا 250
کتێبی سەرەنجام 253
قۆناغەکانی ئەدەبی ئایینی یارسان 232
قۆناغی یەکەمی شیعری ئایینی یارسان 258
بابا سەرهەنگی دەودانی 260
پیر شالیار 263
شا خۆشێن 266
بابا ناووسی جاف 271
قۆناغی دووەمی شیعری ئایینی یارسان 276
سوڵتان سەهاک 276
بیر و باوەڕی یارسان لە شیعری سوڵتان سەهاک دا 284
ئەفسانەی دەنکە هەنار 289
عابیدینی جاف 292
شا ئیبراهیم ئەیووت 298
بابا یادگار 309
قرمزی 317
عالی قەلەندەر 325
سەید ئەکابیری خامۆشی 333
بابا جەلیلی دەودانی 336
لیستی ناوی کەسان 340
لیستی ناوی جوگرافی 350
بیبلیۆگرافیا 355

پێشەکی

بیرکردنەوەم لە «مێژووی ئەدەبی کوردی» دەگەڕێتەوە سەردەمی منداڵی، هەر لەوساوە گیرۆدەی شیعر بووم، شیعر بە لامەوە لە ئاسمان دەهاتە خوارەوە، شاعیریش نێرراوی خودا بوو لەسەر زەوی. دیوانی شاعیرانی کورد، چاپی کوردی – مەریوانی و هی تر لە سییەکاندا لە دەلاقەکانی ماڵماندا بوون. لەوەش گرنگتر کۆبوونەوەکانی شەوانی هەینیی زستانی درێژ بوو: غەزەلێکم بۆ بخوێنەوە! غەزەلی چاکە! مخابن نالی کورد بوو، ئەگەر کورد نەبوایە ناوو ناوبانگی هەر چوار ئیقلیمی دەگرتەوە، لە هەموویان شاعیرترە، بە ئانقەست شیعری بە کوردی ووتوە، بڕیاری دابوو شار بەجێ بێڵێ، ویستی میراتی بەزمانی کوردی بێ چونکە خەڵکی سلێمانی زمانی تریان نەدەزانی. حاجی کەرامەتی هەبوو، باسی شەمەندەفەری کردووە، لە بورجی ئیفێل دواوە، گەلێ پرسی تریش.

لە دوا پلەی خوێندنی سەرەتایی (پۆلی شەشەم) کە هێشتا منداڵ بووم شیعری کوردیم گۆڕییە سەر زمانی عەرەبی (لە خەو هەڵسن درەنگە...). لە دوا پلەی خوێندنی ناوەندی (پۆلی پێنجەم) بەرکوڵی «مێژووی ئەدەبی کوردی»م بەزنجیرە ووتارێک لە بابەت ژیان و بەرهەمی شاعیرانی کورد بە زمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەی «هەولێر – أربیل» (١٩٥٠ – ١٩٥٣) بڵاو کردەوە. لەو سەردەمەوە تا ئێستا خەریکی هێنانەدی ئەم کارەم ئەوەی ئێستا لە بەردەستی خوێندەواری کورددایە.

هەموو بڵاوکراوەکانم لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە لە کتێب و باس و ووتار بە پرۆژە و کەرەستە و سەرچاوە دادەنێم بۆ ئەم کارە، تەنانەت «مێژووی ئەدەبی کوردی تازە»شم (١٩٦٧) کە بە زمانی رووسی لە مۆسکۆ بڵاو کراوەتەوە، ئەم زانیارییانە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ چوونەتە ناو ئەم کتێبەوە و لەناویدا تواونەتەوە، بەڵام کارەکان وەکو بەرهەمێکی زانستی لەناو بیبلیوگرافیای ئەدەبی

کوردی هەر ماونەتەوە.

ماوەی ١٩٦٨ – ١٩٨١ لە کۆلێجی ئەدەبیاتی زانستگای بەغدا، سەردەمی کۆکردنەوەی کەرەستە بوو بۆ ئەم کارە، نەک نووسینەوەی. بەڵام ماوەی ١٩٨٣ – ١٩٨٨ لە ئامۆژگای زمان و ئەدەبی عەرەبی لە زانستگای عەننابەی وولاتی جەزائیر سەردەمی بیرکردنەوە و نووسینەوە بوو.

کۆمەڵێکی هێمن و لەسەرخۆ بوو، ژیانی زانستگا ئازاد و سەربەست بوو، ساڵی هەشت مانگ لە زانستگا لەگەڵ ئەدەبی کوردی، چووار مانگیش لە نامەخانەو مۆزە هەرە گەورەکانی هەموو ئەوروپا. پێنج ساڵی ژیانی سەرووی ئەفەریقا و ئەوروپا نەبووایە ئەم «مێژووی ئەدەبی کوردی»یەم بۆ تەواو نەدەکرا.

کارێکی بەجێ دەبوو ئەگەر بەکورتی مێژووی مێژووی ئەدەبی کوردی، واتە پیشاندان و شیکردنەوەی سەرچاوەو کەرەستەکان بخرانایە ڕوو، بەڵام بەبێ ئەوەش ئەم کتێبە کارێکی بەجێیە. ئەوەی ڕێگەی لێگرتین و ئەم کارەمان بۆ هەڵنەسووڕا ئەم هۆیانەی خووارەوە بوون:

١- بەشێک لەو کارانەی بوون بەسەرچاوەو کەرەستە بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی لەسەر بنچ و بناوانی مێتۆدێکی دیاری کراو دانەمەزراوون.

٢- بەشێکی تر لەسەر مێتۆدێک دامەزراوون کە پیاو ناتوانێ گیانی ڕاستەقینەی ئەدەبی کوردی پێ بکێشێ، چونکە ئەدەبی کوردی یا لە دەرەوەی ئەو مێتۆدەیە، یا هەندێ لێی نزیک بۆتەوە، بەڵام بە تەواوی لەناوی دا نییە.

٣- هەندێکی دیکە ڕووداوی دروست کراوە، شیعر دانراوە خاوەنی نییە، بە هەوای سێ چوار دیالێکتی زمانی کوردی ڕێک خراوە! ئەمە ڕەسەن نییە و دروست کراوە بۆیە وەرناگیرێ چونکە زمان ڕووداوێکی کۆمەڵایەتییە، نە بە فەرمان دروست دەکرێ و نە لەکارخانەش دادەڕێژرێ.

٤- لە کۆمەڵێکی تردا، شاعیر دروست کراوە، ناوی لێنراوەو شیعری بۆ دانراوە، گۆیا شیعرەکە کوردییە و گوڕراوەتە سەر زمانێکی تر، کەچی تێکستە کوردییەکە نەماوە. ڕەنگە یەکێک بڵێ: پێویستە لەبەر ڕۆشنایی ئەو شیعرە بڕیار لەسەر ئەو لایەنەی ئەدەبی کوردی بدەین بە شێوەیێکی وەختی، با تێکستە کوردییەکەش جارێ لەبەر دەستمان دا نەبێ. بەڵام ئێمە دەڵێین ڕاستتر

ئەوەیە با جارێ ئەو شیعرە بخەینە لاوە چونکە تێکستە کوردییەکە لەبەر دەستدا نییە، هەر کاتێکی ئەگەر تێکستە کوردییەکە بدۆزرێتەوە، ئیتر بە بەرگی ڕەسەنی خۆی دێتە ناو ئەدەبەوە، لە هەموو بارێکیشدا ئێمە مێژووی ئەو بەرهەمە دەنوسینەوە کە بە کوردی نوسراوە.

٥ - بەشێکی تر ئەنجامی بیروراپان لە بنەڕەت دا لەگەڵ بیروڕای ئێمە ڕێک ناکەوێ چونکە یەکێتیی بیر لە نووسینەکانیان دا بەدی ناکرێ.

٦- هەندێکی تر تێبینی و قسەی سەر پێیی و ئەم لاو ئەولاییە و لەزانست و داهێناندا بێبەشە.

٧- بەشێکی تر زانیاریی وەرگیراوەو لەمەو پێش چەند جارێک ووتراوە و هیچی تازەی تێدا نییە، بە تایبەتی ئەو شتانەی لە زمانانی ئەوروپاییەوە وەرگیراوون و زۆربەی خوێندەواری کوردی ئاگای لێیان نییە. ئەگەر ئێمە بەڕاستی و زانستیانە بچووینایە ناو هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو سەرچاوە و کەرەستانەی بۆ ئەم کارە بەکار هاتوون دەبوو ئەم بەرگانەی کە ناومان ناوون «مێژووی ئەدەبی کوردی» ناویان بنێین «مێژووی مێژووی ئەدەبی کوردی» یا «هەڵسەنگاندنی سەرچاوە و کەرەستەی مێژووی ئەدەبی کوردی» لەبەر ئەوە خۆمان لەمە لادا.

ئینجا ناڵێین هەرچی لە بابەت ئەدەبی کوردییەوە هەیە چاومان بەهەموویان کەوتووە، بەلام ئەوە دەڵێین کە زۆربەی هەرە زۆری بینراوە، ئەم زۆربەی هەرە زۆرییەش دیارە کارە نایاب و گەورەو دیارەکان دەگرێتە خۆی.

ئیتر ئێمە لەبەر تیشکی ئەم تێبینییانەی لای خووارەوە تەماشای سەرچاوەو کەرەستەکانمان کردووە:

١- هەر بیروڕاو بڕیارێکی کە بە هەڵەمان داناوە پشت گوێ خراوە، چونکە مەبەس نووسینەوەی مێژووی ئەدەبە نەک ڕەخنە و تیۆرییەکانی و بەراووردکاری و ئەدگارەکانی.

٢- هەوڵمان نەداوە ڕووداوی دروست کراو ڕەت بکەینەوە، چونکە ڕاستی لەوە دایە پشت گوێ بخرێ.

٣ - بەگشتی خۆمان بە بیروڕای زانایانی ئەدەبی کوردییەوە خەریک نەکردووە لە

بارەی لە دایک بوون و سەردەمی ژیان و کۆچی دوایی شاعیر و نووسەرانەوە، لەسەر ئەم باسە نەڕۆیشتووین و بیروڕای جیاوازمان نەخستۆتە ڕوو، بەڵکو ئەوەی بەلامانەوە ڕاست بووە، هەر ئەوەمان وەرگرتووە. دەبێ ئەوەش بڵێین کە خۆشمان دەورمان بووە لە ساغ کردنەوەی سەردەمی ژیانی هەندێ لە شاعیرانی کورد.

هەموو ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی لەم کتێبەدا خراونەتە ڕوو و بە نموونە هێنراونەتەوە بەلای ئێمەوە بەرزترین «قسەی جووانی زمانی کوردی»ن، دیارە مەبەسی ئەم کتێبەش نووسینەوەی مێژووی ئەو بەرهەمەیە بە پیشان دانی جووانترین نموونەی ئەو ئەدەبە ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە بەڵگەکانی ناو ئەم کتێبە «قسەی جووانی» بەرهەمی ئەدەبی هەموو ئەدەبی کوردین.

ئێمە هەرگیز بەلای ئەو نموونانەوە نەچووین کە پێمان جوان نەبوون، چونکە خستنە ڕووی ئەو بەرهەمانەی کاریان لە هەست و نەستی ئێمە نەکردووە دەبێ بەچاوی ڕەخنەوە لێیان بکۆڵینەوە و بیانخەینە ڕوو و بەڵگەش بە دەستەوە بدەین بۆچ جوان نەبوون! و بۆچ نەچوونە دڵمانەوە! ئیتر ئەم مەسەلەیە لە چوارچێوەی مێژووی ئەدەب دەچێتە دەرەوەو دەبێ بە ڕەخنە یا مێژووی ڕەخنە، دیارە ئەمەش جێگەی تری خۆی هەیە.

لەم «مێژووی ئەدەبی کوردی»یەدا رەچاوی هەر سێ جەوهەرەکە کراوە کە دەبنە بەردی بناغەی نووسینەوە بەرهەمی جوان، بۆ پیشان دانی مێژووی قسەی جوانی کوردی هەڵسوکەوتمان لەگەڵ هەر سێ جەوهەرەکە بەم جۆرە بوو:

١- جەوهەری یەکەم قسەی جوان خۆی، وەکو سەرچاوەیێک بۆ پیشان دانی نرخی ئیستێتیکی خۆی، ئەمەیان بایەخێکی زۆری پێ دراوە چونکە بەلای ئێمەوە هونەری بەرز وەکو خەزینە وایە نهێنییەکانی دەبێ لە ناو خۆی دا بدۆزرێتەوە لەبەر ئەوە لە لای ئێمە هەر خۆشی بووە بە سەرچاوەی بنچینەیی. جار ناجار هەوڵ دراوە زانیاری لە بارەی بەرهەمێکەوە لەبیر ببرێتەوە و لەناو تێکستی بەرهەم دا زانیاری و ڕاستی بدۆزرێتەوە واتە لە پێش تیشکی رەخنەی ناوەوە تەماشای بەرهەمەکە کراوە وەکو سەرچاوەیێک بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتی بەرهەمەکە خۆی.

٢- جەوهەری دووەم تاقیکردنەوەی تایبەتیی خاوەنی ئەم کتێبە، واتە هەوڵ دراوە زیاتر بیروڕای خۆی دەرببڕێ لەوەی پەنا بەرێتە بەر خەڵکی، چونکە لە بنج دا مەبەستی ئەوەیە تاقیکردنەوە و بینین و بیروباوەڕی کەسی چوارچێوەی ئەم «مێژووی ئەدەبی کوردی»یە بکێشێ، هەر لەبەر ئەوەشە لەناو هەموو میللەتێکدا زیاتر لەیەک و دووان «مێژووی ئەدەبی»ی ئەو میللەتە دەنووسنەوە.

٣- جەوهەری سێیەم تاقی کردنەوەی خەڵکی، ئەمەیان زیاتر لە نرخی خۆی بایەخی پێ نەدراوە، لێرەدا ئێمە ناچار نەبووین هەموو شتێکی لەسەر شاعیرێک یا نووسەرێک یا ڕووداوێکی ئەدەبی نووسرا بێ وەری بگرین، چونکە بەشێکی زۆری ئەو نووسینانە دەڵەمەن و لە قاڵب دا نەمەییوون و پێویستییان بە ڕاست کردنەوە هەیە، گەلێ بیروڕاش هەیە وەکو شتێکی بەجێ خۆیان دەنوێن چونکە داهێنانیان تێدایە بەڵام لە ڕاستی دا لە خەڵکی بێگانە وەرگیراوون، لەبەر ئەوەیە بێگومان ئەو خوێندەوارانەی بەرهەمی ئەدەبی کوردییان بڵاو کردۆتەوە بۆ ئەم کارە کەڵکیان زیاتر بووە لە وانەی کە لە مێژووی ئەدەب دواون.

سەرچاوەی جەوهەری سێیەم هەموو ئەو تێبینی و لێکۆڵینەوەو باسانەن کە لە بابەت ئەدەبی کوردییەوە کەوتوونەتە ناوەوە، ئێمە ئەوەی بەر دەستمان کەوتبێ خوێندوومانەتەوە، ئەم کەرەستەو سەرچاوانە کەڵکی خۆیان هەیە، هەر یەکەی جێگەو شوێنی خۆی هەیە، بەگشتی لەم خاسیەتانەی خووارەوە ناچێتە دەرەوە:

١- زانیاری ڕاستیان تێدایە، تێبینی و بۆچوونی داهێنەرانەیان خستۆتە ڕوو، لەبەر ئەوە لەگەڵ ڕێڕەوو مەفکوورەی ئێمە گونجاوون.

٢- زانیاریی هەڵەیان تێدایە، بەوەی سەرچاوەی دەرەوە بەسەر ناوەوە زاڵ بووە، بۆیە خوێنەر چەواشە دەکەن بە بۆچوونی دۆگماتیزمی، ئەوەش زیاتر لەبەر ئەوەیە چونکە بیروڕای ئامادە کراو بە زۆر سەپێنراوەتە سەر دیاردەیێکی ئەدەبی دیاری کراو، ئێمە خۆمان لەم جۆرە زانیارییانە لاداوە یا بە رووکەش و سەر پێییش وەکو شتێکی ماقووڵ بێنە پێش چاو، چونکە ناوەرۆکیان پووچ و چرووکە.

٣- هەندێ لەڕووی دڵسۆزییەوە ساویلکانە شتیان لەسەر ئەدەبی کوردی

نووسیوە، بە تایبەتی لەسەر شاعیران، بەڵام نووسینەکانیان زۆر کزن هەرگیز نابن بە سەرچاوە بۆ مێژوونووسی ئەدەبی کوردیی ڕاستەقینە.

٤- هەندێ کەس ئەدەبی کوردییان کردووە بە زرێ بۆ ئەوەی شتی تری پێ بپارێزن وەکو زیاد لە پێویست هەڵدان بەسەر شاعیرێک بۆ مەبەسی سوودی کەسی و لەسەر حسێبی مێژووی ئەدەبی کوردی.

٥- هەندێ جار پلەی بەرزیان داوەتە شاعیرێک کە شایانی نەبووە، تەنیا لەبەر ئەوەی میرات گری هەیە.

٦- هەندێ جاری تریش کە یەکێک خۆی بە پسپۆر زانیوە لەشاعیرێک موبالەغەی کردووە و نەیویستووە کەسی تر باسی ئەو شاعیرە بکا.

٧- دەنگی ناسازو نا دڵسۆزیش هەیە بە ناوی زانستییەوە گێرەشێوێنی دەکا و دەیەوێ نرخی نەتەوە کەم بکاتەوە لە ئەدەب و هونەردا.

کاری ئێمە ڕاست کردنەوە و وەرامدانەوە نەبووە لە ڕووداوی ناڕاست و ناهەموار لە بواری مێژووی مێژووی ئەدەبی کوردی دا. لەبەرئەوەیە هەرچی بەڕاست دەزانین – بە پێی پێویست - وەری دەگرین و هەرچی بە هەڵەی دادەنێین پشت گوێ دەخرێ.

بە باشی دەزانم خوێنەری ئەم کتێبە ئاگاداری هەندێ لایەنی دیکەی ناوەرۆکی کتێبەکە بێ لەپێناوی ئەوەی زیاتر سوودی بۆی هەبێ.

١- ئەم کارە هەر چەندە مێژووی ئەدەبە و هەوڵێکی زۆرم داوە لە چوارچێوەی مێژوو نەچمە دەرەوە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەب و ئەدەبی بەراووردکاری بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا ئەم بابەتانە تێک هەڵکێش بوون و بە هیچ جۆرێ ناکرێ بە تەواوی پشت گوێ بخرێن و دیوارێکی ئاسنین لەنێوان ئەم زانستیانە و مێژووی ئەدەب دابنرێن، ئەگینا مێژووەکە ووشک دەبێ و جەوهەری ڕاستەقینەی داهێنانە ئەدەبییەکە ناخاتە ڕوو، لەبەر ئەوە هەوڵێکی زۆرم داوە ئەو زانستییانەی پێوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ داهێنانی ئەدەبی هەیە لەم باسەدا نەبن بە مەبەسی سەرەکی، بەڵکو لەپێناو و بۆ خزمەتی مەبەسی بنچینەیی کە نووسینەوەی «مێژووی ئەدەبی کوردی»یە بەکار بهێنرێن.

٢- لەم کتێبەدا هەوڵ دراوە لە هەموو شتێکدا بۆ پاش سەرەتای شەستەکان

پەنجــە درێژ نەکــرێ. ئەوەی ئاشکرایە گــۆڕانێکی ســیــاســی و کــۆمــەڵایــەتی و ئابووری زۆر بــەهێــز لــە کــوردســتــانا ڕوویدا، بەڵام ئەوەندە هــەیە کــەرەســتــەو سەرچاوەی پاش شەستەکان و تا ئەمڕۆ بەکار هێنراوە لەبابەت وەزعی کوردەوە لە کۆنەوە تا ناوەڕاستی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم (١٩٧٥).

٣- جێگەی شاعیرو نووسەرانی کورد لە قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی دا بەم جۆرە دیاری کراوە: تەمـاشـای تەمـەنی شـاعیـر کراوە، بیست سـاڵێک لەو ژمـارەیە دەرهێنراوە، چونکە بـە زۆری لە دەوروبـەری تەمـەنی بـیـست سـاڵی دا کەسایەتیی زانستی و ئـەدەبی و هونەری پیاو دەردەکەوێ، ئیتر تەماشاکراوە بەشی زۆری ژیانی شـاعیـرەکە لە کـامـە قۆناغ بووبێ لەوێ دانراوە. بۆ بـەڵگە سالم (١٨٠٥ - ١٨٦٩) ئێمە لە شاعیرانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەممان داناوە، با ١٩ ساڵیش لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم ژیا بێ چونکە ٤٥ ساڵ لە نیـوەی یەکەمی ئەم سـەدەیەدا ژیاوە، لەمـە بەلای کـەمـیـیـەوە (٢٥) ســاڵی بە شیعر ووتن بردۆتە سەر، کەچی لە نیوەی دووەم تەنیـا ١٩ ساڵی وەرگرتووە، ئەمـە و جگە لەوەی کە ناوی ئەم شـاعیرە بە دوو شـاعیـرەکەی ترەوە بەسـتراوە نالی و کوردی کە هەرسێکیان تێکرا دامەزرێنەرانی قوتابخانەی تازەی ئەدەبی کوردین لە خوارووی کوردستان دا.

٤- لە سـەرانسەری ئەم کتێبـەدا گەلێ زاراوەی وەکو «کلاسیک» و «ڕۆمانتیک» و هی تر بەکـار هێنراوون. بێ گـومـان مـانای ئەم زاراوانـە لەگەڵ شـێـوەی بەکار هێنانیان دا دەگۆڕێن، واتە تەنیا یەک مانایان نییە، بۆ بـەڵگە «کلاسیک» بە زۆر مـــانا هـاتووە، وەکـــو: ئـەدەبی کـــۆن، ئـەدەبی خـــوێندەواری بـەرز، ئەدەبی سـالۆنەکانی ئەوروپا، ئەدەبێک داهێنانی تێدابێ، ئەدەبێک ببێتـە هۆی لاسـایی کردنەوە، ئەدەبێک ببێتـە قوتابخـانە، ئـەدەبی تۆمـار کراو بۆ ئـەوەی لە ئەدەبی ســەر زاری تۆمــار نەکــراو جــیــا بکرێتــەوە، ئـەدەبێک لـە ئەنجــامــی لێکدانی کولتووری چـەند نەتەوەیێک دروست بووبێ، وەکو ئـەدەبی مـوسـڵـمـانی، ئەدەبی سلاڤی، ئەدەبی جـەرمـەنی، ئەدەبی لاتینی، هـەروەها زاراوەی «ڕۆمانتیک» ئەگەر باس باسـی پێش سـەدەی نۆزدەم بێ بە مـانای خـەیاڵبـازی و گـۆشـەگـیـری و سـۆفـیـزم هـاتووە، بۆ ئەم مـانایە تـا ئێـسـتـا بەردەوامـە، بـەڵام لەدووا سـاڵانی ســەدەی هـەژدەم و ســەرەتای ســەدەی نۆزدەمــەوە تا ئێــســتــا بۆ مــەبــەسی

قوتابخانەش بەکار هێنراوە.

٥- ئەو شیعرانەی بۆ بەڵگە هێنراونەتەوە دوو بابەتن، یەکەمیان شیعری شاعیرە گەورەو ناودارەکانن، لە کاتی تۆمار کردنی تێکستەکانیان پەنجە بۆ سەرچاوەکانیان درێژ نەکراوە، دیارە لەو سەرچاوانەشەوە وەرگیراوون کە ئێمە باوەڕمان پێیان هەیە، دووەمیان ئەو بەڵگانەن کە کەم زانراوون و خاوەنیشیان کەم ناسراوون، ئیتر سەرچاوەی ئەم شیعرانە دیاری کراوون ئەمانەش یا چاپ کراوون یا لە دەسنووس دا پارێزراوون، هی واشیان تێدایە بۆ یەکەمین جار لەم کتێبەدا بڵاو دەکرێنەوە.

٦- تێکستی بەڵگەکانی ئەم کارە بە زۆربەی دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردین، دیارە وەکو خۆیان بڵاو کراونەتەوە، ئەگەر گومان لەوە کرابێ کە کوردی کرمانجیی خواروو بە ئاسانی تێی ناگەن ئەوا گۆڕراوەتە سەر ئەم دیالێکتە. لە گۆڕین دا پێڕەوی ئەوەمان کردووە وەکو خۆی بیگۆڕین، تەنانەت هەر ووشەیێک ئەگەر بێگانەش بووبێ لەناو تێکستەکان دا نەمان کردووە بە کوردی ئەگەر لە ئەدەبی کلاسیکی موسڵمانی دا باو بووبێ و خوێندەواری کورد ئاشنای بووبێ.

٧- تێکستی شیعری ئایینی یارسان بە دیالێکتی گۆرانی هەموویان بەراوورد کراوون، ئەوەی ئێمە نووسیومانە ئەنجامی بەراوورد کردنەو بە ڕاستترینی دەزانین. جگە لەوە شیعری ئایینی یارسان یەکجار زۆرە، ئەوەی ئێمە بۆ بەڵگە هێناومانەتەوە بەلای ئێمەوە جوانترین نموونەن لەڕووی ئیستێتیکییەوە.

دەمەوێ سڵاو بۆ هەموو ئەو کەسانە بنێرم کە شیعرو نووسینی کوردییان بڵاو کردۆتەوە، هەندێکیان بێ ئەوەی قسە بکەن و سنگیان دەرپەڕێنن تەنیا تێکستەکانیان بڵاو کردۆتەوە، هەندێکی تریان لێکیان داوەتەوەو تێبینییان لەسەر کردووە، هەندێ لەو لێکدانەوەو لەم تێبینییانە سودو کەڵکیان دیار و ئاشکرایە. بەڵام سەرچاوەی بنچینەیی بۆ ئێمە بەرهەمی شاعیر و نووسەرانی کوردە.

لە ئەمین فەیزی (١٨٦٠-١٩٢٣)یەوە تا عەلائەدین سەجادی (١٩٠٧ - ١٩٨٤) کەرەستەو سەرچاوە کەوتە ناوەوە لە بابەت ئەدەبی کوردییەوە، سەجادی لە ساڵی ١٩٥٢ لە بەرگێک دا مێژووی ئەدەبی کوردی بڵاو کردەوە، کتێبێکی کاریگەر بوو،

لەبەر ئەوە جارێکی تریش چاپ کرایەوە (١٩٧١). لەو سەردەمە سەجادی بایی بەرگێک کەرەستەو سەرچاوەی لەبەر دەست دا بوو بۆ ئەدەبی کوردی، کارێکی باشی کرد. لەپاش ئەو ئەگەر ئەو کەسە دڵسۆزانەی شیعرو نووسینی شاعیر و نووسەری کۆنی کوردییان بڵاو نەکردایەوە، چۆن من دەمتوانی تۆماری مێژووی ئەدەبی کوردی بگەیێنمە چەند بەرگێک! سڵاو بۆ هەموو ئەو دڵسۆزانەی کاریان لە ئەدەبی کوردی کردووە و مژدەش بۆ هەموو کەسێکی بە شەوقەوە پێشوازی لە پڕ کردنەوەی کەلێنێکی گەورە دەکا لە ئەدەبی کوردی دا، چونکە ئێمە لەم «مێژووی ئەدەبی کوردی»یەمان دا کەلێنێکی گەورەمان پڕ کردۆتەوە بەوەی کە ئاشکرا بووە ئەدەبی نەتەوەکەمان لە تەمەنی هەزار ساڵەیدا لە بابا تاهیرەوە بەردەوام بووە تا ئێستا. ماوەی نێوان شاعیری یەکەم و رینیسانسی ئەدەبی کوردی باکوور بە ئەدەبی ئایینی یارسان و کۆمەڵێک شاعیرانی دیالێکتی گۆرانی پڕ بۆتەوە.

لەکاتی بیر کردنەوە لە ناوەرۆکی ئەم کتێبە و تۆمار کردنی زانیارییەکانی هەمیشە تارمایی بیرەوەری و یادگاری سێ کەس لەسەر شانۆی بیرو خەیاڵم دا خۆی نوواندووە، ئەم سێ کەسە نائاسایی بوون بۆ من، کارێکی گەورەیان کردۆتە سەر ژیانی خوێندەواریم و دەستیان لە دیار کردنی دووا ڕۆژم دا بووە، ئەگەر ئەوان نەبوونایە زۆر شتم نەدەبوو. یەکەمیان باوکم، کە نووسینم لە کۆواری گەلاوێژ بڵاو کرایەوە ووتی: ئۆخەی! بەڵام دەترسم کتێبت نەبینم! نەیدی! لە گۆڕستانی شێخ محەمەدی خۆراسانی لە هەولێر سەری نایەوە.

دووەمیان رەفیق حیلمی دەیووت: مێژووی ئەدەبی کوردیمان بۆ بنووسەوە منیش پێشەکیت بۆ دەنووسم و قەرزی پێشەکییەکەی «پاش تەمووز»ت دەدەمەوە. ئەویش نەیدی و پێشەکیشی نەنووسییەوە و بووە میوانی هەمیشەیی مردووە زیندووەکانی گۆڕستانی سەیوانی سلێمانی.

سێیەمیان تۆفیق وەهبی دەیووت: حەزم دەکرد هەموو نووسینی جووانی کوردیت کۆ بکردایەوە، نابێ تەنیا یەکێک یا دووان مێژووی ئەدەبی کوردی بنووسنەوە، تەماشای میللەتان بکە چەند مێژووی ئەدەبییان لە ناوەوەیە. بەڵام ئەویش نەیدی و بووە میوانی هەمیشەیی یەکێک لە پیاوە هەرە کۆنەکانی پاش ئادەم و لەتەک ئەودا ڕازو نیاز لەگەڵ ئەستێرەکانی میترا و ئەنیتا و ناهیددا

دەکا، لەگەڵ پیرەمەگروونی نەمری هەمیشە زیندوو پاسەوانی شار دەکا.

بەڵام من زۆر بەختیارم پاش مردنیش بێ ئاوات و ئامانجی ئەو سێ کەسەم هێنایە دی، چونکە مەبەس کوردە، ئەوەی هەمیشەیییەو هەر دەمێنێ.

هەولێر: مەڵبەندی رووناکی

مارف خەزنەدار

بەشی یەکەم

جوگرافیای کوردستان

مەڵبەند و کوردەواری

لەسەر نەخشەی جوگرافی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەگەر وێنەی سێگۆشەیێک بکێشین دەتوانین نیشتمانی کورد لەناو ئەم سێگۆشەیەدا بدۆزینەوە، بەم جۆرە ئەگەر ئاوڕێکیش لە نەخشەی سیاسی ناوچەکە بدەینەوە دەتوانین لەناو سنووری پێنج دەوڵەت خاکی یەکگرتووی کوردەواری بەدی بکەین، ئەم دەوڵەتانە ئەمانەن: تورکیا و ئێران و عیراق و سووریا و قەفقاسی ڕووسیا. ئەگەر تێبینی لە بابەت ئەوەی رووسیاوە هەبێ بەوەی خاکی کوردەواری لەوێ دا نییە، ئەمە لە ڕاستییەوە دوورە چونکە شاخی ئەلەگەز کشاوەتە ناو قەفقاس و تەنیا کوردی لێ دەژی، ئەم ناوچەیە بەردەوامی خاکی کوردستانە.

خاکی کوردستان لەدوای پەیدا بوون و بڵاو بوونەوەی ئایینی ئیسلام بەشێک بوو لەو دەوڵەتانەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فەرمانڕەواییان دەکرد، لێرەدا کە دەڵێین ئیسلام مەبەسمان زۆربەی کورد چوونە سەر ئەم ئایینە، پاشماوەی هەندێ لە ئایینە کۆنەکان تائێستاش لەناو کۆمەڵی کوردا ماوە.

لە دوای بڵاو بوونەوەی ئایینی ئیسلام (سەدەی شەشەمی مەسیحی) تا سەرەتای سەدەی شازدەم ناوچە جوگرافیەکانی خاکی کوردستان سەر بەو دەوڵەتە تۆتالیتاریانە بوون کە بەناوی ئیسلامەوە فەرمانڕەواییان دەکردو لە نەتەوە جیاوازەکانی ئیسلام پێک هات بوون وەکو عەرەب و تورک (تورک زمان، تورکە مەغۆل) و فارس و کورد. ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشی ئەوە بوو بەشێکی زۆر لەو دەوڵەتانە بنەماڵەی کورد بەڕێوەیان دەبرد، سەرۆکەکانیان بە نەژاد کورد بوون.

خاکی کوردستان بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٥١٤ لە جەنگی چاڵدیران لەنێوان

فارس و عوسمانی دابەش کراو بوو بە دوو پارچە، یاخود راستتر ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کە سنووری لەگەڵ عوسمانی هەبوو لە لایەن ئەوانەوە داگیر کرا.

دەتوانین بۆ ئەو سەردەمانە زاراوەی کوردستانی ڕۆژهەلات و کوردستانی ڕۆژئاوا بەکار بێنین بەو مانایەی لە باکوورەوە بۆ باشوور خاکەکە لەت کرا، لای ڕۆژهەلاتی سەر بە فەرمانڕەواکانی فارس بووە و لای ڕۆژئاوای سەر بە فەرمانڕەواکانی عوسمانی بوو، بە درێژایی مێژوو زۆربەی شەڕو شۆڕەکانی نێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانی لەسەر خاکی کوردستان و داگیر کردنی میرنشین و ناوچەکانی سەر سنووریان بوو.

ئەم دیاردەیە زیاتر لە چوار سەدەی خایاند، بەلام لەو ماوەیەدا لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان میرنشینی کوردی هەبوون. ئەم میرنشینانە هەندێکیان سەربەخۆ و هی دیکەیان نیوە سەربەخۆ لە ناوەوە بوون. هۆی ئەمە وێنەی دروست بوونی خاکی کوردستان لە ڕووی جوگرافیای سروشتییەوە بوو. شاخی بەرزو شیوی قووڵ و دەشتی پان و بەرین و زێ و ڕووباری گەورە ناوچەی تایبەتیی جوگرافیان دروست کرد بوو، هەر لەبەر ئەوەشە یەکێ لە خاسیەتەکانی جوگرافیای سروشتی ئەوەیە ناوچە جیاوازەکان ناوی تایبەتییان هەیەو ناوی شارێک یا ئاوەدانییێکی دیاری کراو نین وەکو: بۆتان و بادینان و سۆران و موکریان و ئەردەلان و هی دیکە. لەناو ئەم ناوچانە و هی تر دا بە درێژایی مێژوو میرنشینی کوردی دروست بوو بوون.

لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی (١٩١٤ – ١٩١٨) ئەو خاکی کوردەوارییەی سەر بە ئێران بوو هیچ جۆرە گۆڕانێکی بەسەر دانەهات. بەلام ئەوەی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوو کەوتە ژێر دەسەلاتی چوار دەوڵەت:

١- تورکیا: ئەمەیان ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی باشووری بەشی ئەنەدۆڵی تورکیای گرتۆتەوە و بە «کوردستانی تورکیا» ناوی دەرکردووە.

٢- عیراق: خاکی کوردی عیراق کەوتۆتە بەشی باکوور و باکووری ڕۆژهەلاتی وولاتەکە و بە «کوردستانی عیراق» ناسراوە.

٣- سووریا: خاکی کوردی ئەم وولاتە کەوتۆتە بەشی باکووری، وەکو ناوچەیێکی

جـوگـرافـی بریتـیـیــه لە باشــووری نـاوچەی بۆتـان کــە بەشی هـەرە زۆری لە کوردسـتانی تورکیایە و بەشـێکی کەمی لەسـووریا و بەشێکی کەمتر لە عیـراقە (ناوچەی زاخـۆ لە سنووری دەوڵەتییـەوە واتە لە خابـوورەوە تا گەلی زاخـۆ، لە دوای ئەو خاکی بادینانە).

٤- قـەفـقـاسـی رووسـیـا: لەڕووی مـێژوویـیـیـەوە نـاوچە کـوردنشـینەکـان لەئێسـتـا فراونتـر بوون هی وەکو ناگۆرنی قەرەباغ و ئەلەگەزو و هـیتر، بـەڵام لە ئەنجامی شــەڕو شــۆڕ و جــەنگ و چەوســاندنەوە گــۆڕانـی بنچـینـەیی دیمۆگـرافـی لەو ناوچانەدا روویان داوە، کەچی لەگەڵ ئـەوەش دا خاکی کـورد بەرەو ڕۆژهـەڵاتی ئەو ناوچەیە دەخزێ بەرەو شـاخی ئەلەگـەز و دەشـتی بەردەمی کە ئێسـتـا بەشـێکە لە ئەرمەنستان.

بەم جـۆرە خـاکی کـوردسـتـان لەڕووی سنووری سـیاسـی و دەوڵەتییـەوە بەسـەر وڵاتەکانی تورکـیـا و ئێران و عیراق و سـوریا و قەفـقاسـی ڕووسـیا دابەش کـراوە بەڵام ئەم خـاکە لەڕووی جـوگـرافـیـەوە یەک پـارچە خـۆی دەنوێنێ و ئاشـکرایە ئەم سنوورە دەسکردە.

ئەو خـاکـەی کـە کـوردی تێـدا دەژی کـوردسـتـانی پـێ دەووترێ، بەڵام کـورد لە دەرەوەی کوردسـتانیش هەیە لە تورکـیا لە ناوچەی قونیـە، لە ئێران لە ناوچەکـانی خـۆراسـان و شـیـراز، لە سووریا لە حـەڵەب، ئەمـە جگە لەو کوردانەی بە کۆمـەڵ لە هـەمـوو کۆمـارەکانی قـەفقـاس و هـەندێ لە کۆمارەکانی ئاسـیای ناوەڕاسـتی وەکـو تورکمەنستان و کازاخستان و ئوزبەگستان دەژین.

جگە لەمـانە لە پایتـەخت و شـارەکـانی وەکـو: ئەسـتـەمـوول و ئەنقـەرەو تاران و بەغدا بە مـیلیۆن دەژین، هـەروەهـا جالیـەی کوردی لە شـارەکـانی دیمەشق (شـام) و بیروت و عەممان و جێگەی دیکە دەبینرێ.

کوردسـتـان لە رووی جوگرافیای سروشـتییەوە خاکێکە بە یەکـەیێکی سـەربەخۆ دەژمێررێ، بەڵام قەوارەی سیاسـی نییە، بە بڕیاری سیاسـی و درۆی دیپلۆماسـی و شـەڕو شـۆڕی کوشندە دابەش کراوە لەبەر ئەوە لە نەخشـەی سیاسـیدا ناوی نییە، بەڵام لە نەخشـەی سروشـتی دا جێگەیێکی دیاری هەیە.

بەشی دووەم

مێژووی کورد

نەژاد و بەسەرهات

مێژووی کۆن

پەیدا بوونی باب و باپیرانی کوردی ئەم سەردەمەی ئێمە لەو خاکەی کە ئێستا ناوی کوردستانە دەگەڕێتەوە ڕۆژگارانی زۆر کۆن. مێژووی ئەم ڕۆژگارە هەرە کۆنانە تەنگو چەڵەمەیێکی زۆری تێدایە، نەوەکو تەنیا لە بابەت مێژووی بنج و بناوان و نەژادی کوردەوە، بەڵکو ئەم تەنگو چەڵەمەیە نەتەوەکانی هەموو ناوچەکەو بگرە هەموو گێتی دەگرێتەوە.

لە سەرەتای سەدەی دووازدەم سەلجووقییەکان ناوچەکانی نێوان ئازربایجان و لوڕستانیان ناو نا «کوردستان»، لەو ڕۆژەوە ناونیشانی «کوردستان» لەسەر نەخشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەخش کراوە.

لە ڕۆژگارانی پێش مێژووەوە ئادەمزاد لە خاکی کوردەواری دا ژیاوە. لە دەوری بەردی کۆن مرۆڤی نیاندرتال لە ئەشکەوتی شانەدەر (نزیکەی ٣٠ کم باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاکرێ) و هەزار مێرد (نزیکەی ١٥ کم خوواروی سلێمانی) زیندەگانییان کردووە، واتە لە ٦٠ تا ٤٠ هەزار ساڵ بەر لە مەسیح ئاوەدانی و ژیانی ئادەمزاد لە خاکی کورد دا بووە.

بیست هەزار ساڵ پێش مەسیح مرۆڤی کۆن لە دەربەندی بازیان و قەد پاڵەکانی دا ژیاوون. هەروەها قەڵای جەرمۆ شوێنەواری ژیانی ئادەمزادی کۆن بووە لە هەزارەی پێنجەمی پێش مەسیح و یەکێکە لە شوێنەوارە کۆنەکانی ئادەمزاد کە ژیانی ئەشکەوتیان بەجێ هێشتووەو دەستیان بە کشتوکاڵ کردووە.

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە کورد لە نەژادا لە بنەماڵەی هۆزەکانی هیندو -

ئەوروپیـیــە، زانـایانی نەژادنـاس لە بیـرو بـاوەڕدا یەک ناگـرنەوە لـە دیار کـردنی مەڵبەندی کۆنی ئەم هیندو – ئەوروپاییانە، هەندێ دەڵێن لە دەشتـەکانی باکووری خـۆراسـان دەژیان، هەندێکی تر لـەسـەر ئەو باوەڕەن کە لە پانایییـەکانی ڕووسـیا بوون، هـی تریش دەڵێن لە خوارووی زەریای خەزەر دەژیان.

ئەوەی جـێی گـومـان نیـیـە ئەوەیە کە هـۆزەکـانی هیندو – ئـەوروپی پێش کـۆچ کـردنیـان، زمـانی وەک یـەکی یا گـەلێ نـزیک لە یەکـتـرییـان بـووە، بەڵام لە دووای شـەپۆلە گەورەکانی کۆچەکانیان دیارە لەڕووی زمان و نەریت و خوو و ڕەووشت لە یەکتری دوور کەوتوونەتەوە.

سێ شــەپۆلـی کـۆچـی ئەم هیـندو – ئـەوروپیـیــانە ئاشـکرایە: یـەکـێکیــان بۆ ناوچـەکــانی دانووب و بـەلقــان لە ئـەوروپا، ئـەویتــریان بـۆ وولاتی هـیندســتــان، سـێیـەمیـان بەرەو ئاسـیـای بچـووک و شـاخی زاگرۆس لە ئێران و کوردسـتـان دا نیشـتنەوە، ئەو خەڵکەی لە شـاخەکانی زاگرۆس نیشتـەجێ بوون گۆتییەکانیان لێ دروست بوو، لەپاش ئەوانیش میدییەکان ئەو ناوەیان داگیر کرد.

لە هـەزارەی سێیەمی پێش مەسیح بەشی هیندو - ئەوروپی جیا بوونەوە، ئەمانە بەخـۆیان دەووت «ئـاری» بە مـانـای (شـەریف)، گـۆیا ئەمـانە ڕوویان کـردە خـاکێک ناویان نـا «ئیـریانا ڤـەیجا = Airyana - Vaejah» بە مـانـای (نیـشـتـمـانی ئاریان)، لەناو ئەم کۆمەڵە پێغـەمـبـەرێک پەیدا بوو نـاوی زەردەشت بوو، داوای لێ کردن کـە ئەهورەمزدا بپـەرستن، بەڵام خەڵکی بە قسەیان نەکرد. ناچار خۆی و یارانی بەرەو ڕۆژئاوا کشـان و هاتنە ئەو خاکەی ناو نرا ئێران (واتە نیشتمانی ئاریان).

ئەو بەشـانـەی کـە لە هیندو – ئەوروپی جیـا بوونـەوە لە هـەزارەی سـێیـەمی پێش مـەسـیح هـۆزەکـانی گـۆتی و لۆلۆ بوون لە ناوچـەی زاگرۆسـی مـەرکـەزی، هـەروەهـا ئۆرارتۆ لە ناوچەکانی نێوان وان و ئارارات لە ١٢٠٠ پێش مەسیح.

میدیا

ڕۆژهـەڵاتناس و پسـپـۆری مـێژووی کـۆنی ڕۆژهـەڵات لە ناو زانا ئـەوروپاییـیـەکانا لەمێژووی کۆنی ئەرکیـولۆجی ئەم ناوچەیان کۆڵیـوەتەوە و زانیارییێکی باشـیان بە دەستـەوە داوە. دیارترین سـفیلیزاسیـۆنی کۆنی باپیرانی کورد لە ئیـمپـراتۆریەتی میدیا دەردەکەوێ. شارەزایانی مێژووی کوردی وەکو مینۆرسکی و تۆفیق وەهبی

لەسەر ئەو باوەڕەن کە نەژادی کورد خۆی لە میدیەکانا دەنوێنێ.

لە کتێبە ئاسمانییە ئایینییە کۆنەکانیش دا باس لە نەوەی «ماد» و وولاتی میدیا کراوە، لە تەوڕاتا ئەوە هاتووە کە: سام و حام و یافت منداڵی نووح بوون، لە پاش لافاو، ئەمانە منداڵیان لەپاش بەجێ ما، منداڵەکانی یافت جوومەر و ماجووج و مادای و یاوان و تووبال و ماشەک و تیراس بوون.

لە جێیێکی تری تەوڕاتا نووسراوە: جارێکی تر ئیبراهیم ژنی هێنا ناوی قەتوورە بوو، ئەمە زیمران و یەقشان و مەدان و میدیان و بیشباق و شووحای بۆ بوو.

لە «کارەکانی نێراوان»دا کە پزیشک لۆقا نووسیویەتییەوە و هەر خۆشی خاوەنی ئینجیلی لۆقایە دەڵێ: «هەندێکمان فەرتین و مادین و ئێلامین، هەندێکی ترمان دانیشتووانی مێزوپۆتامیا و یەهوودیەو کەبدووکیەو بونتس و ئاسیا و فریجیە و یەمفیلیە و میسر و ناوچەکانی لیبیای بەرامبەر بە قەیرەوانین...».

لە تۆمار کراوە هەرە کۆنەکانی کە بە ئێمە گەیشتووە لە بابەت میدیەکانەوە ئەو لەوحە هەڵکەنراوەیە کە باسی هێرشی شەلمانسری سێیەمی تێدا تۆمار کراوە بۆ سەر هەرێمێک ناوی پارسوا بووە لە شاخەکانی کوردستان دا (٨٣٧ پێش مەسیح)، وا دەردەکەوێ لەو هەرێمەدا بیست و حەوت سەرۆک هەبووبن، ئەمانە شا بوون و فەرمانڕەوایی بیست و حەوت وولاتیان دەکرد، بەڵام ژمارەی دانیشتووانی ئەم وولاتانە کەم بوو، خەڵکەکە «ئامادای» یا «مادای» یا «میدی»یان پێ دەووتن، ئەمانە لە نەتەوەکانی هیندو – ئەوروپی بوون، لە قەراغ زەریای خەزەرەوە ڕوویان کردە ڕۆژئاوای ئاسیا بە هەزار ساڵ پێش مەسیح. کتێبی پیرۆزی زەردەشتیان ئاڤێستا ئەم نیشتمانە کۆنە بە بەهەشت لە قەڵەم دەدا.

نیشتمانی کۆنی میدییەکان ناوچەکانی بوخاراو سەمەرقەند بوو، لە پاشانا بەرەو خووار کۆچیان کرد، تا لە دووا ساڵانی سەدەی هەشتەمی پێش مەسیح هۆزو تیرەی میدیاییەکان لە ژێر فەرماندەی دیۆسیس یەکیان گرت، ئەم شایە بە دەسەڵاتە لە دەوروبەری ٧١٥ی پێش مەسیح یەکەمین پایتەختی لە ئەکباتان (هەمەدان) بۆ دامەزراندن. ئەم هێزە بووە گەورەترین هێز بەرامبەر بە ئاشوور، هەر لەبەر ئەوەش بوو ئاشوورییەکان هەلیان دەست بکەوتایە بە سەر وولاتی

میدیایان دا دەدا. لە دووایی‌دا گەورەترین شای میدیەکان سیاخار (سیاکزارس) توانی نینەوا تەفرو توونا بکاو ئاشوور برووخێنێ. (٦١٢ ی پێش مەسیح) وولاتی میدییەکان هەمیشە لەلایەن بێگانەکانەوە لەبیر نەدەکراو، هەر دەم پیلانی بۆ دەکێشرا بۆ دەست بەسەر داگرتنی و داگیر کردنی. لە ساڵی ٥٥٦ ی پێش مەسیح دارای یەکەم ئەکباتانی داگیر کرد. لە پاش دوو سەدە زیاتر ئەسکەندەری مەکدۆنی لە ٣٣٠ پێش مەسیح دەستی بەسەرا گرت، لە پاشانا سلووکییەکان لە ٣١٠ ی پێش مەسیح داگیریان کرد، ئینجا ساسانییەکان بوون بە خاوەنی تا ٦٣٣ پاش مەسیح و داهاتنی ئیسلام.

لە یەک چوونی ناوی «کورد» و ناوی هەندێ لە تیرە و هۆزی هیندو - ئەورووپییەکان

ئێمە کە سەرنجی کۆمەڵێک ناوی هۆزو تیرەو میللەت و نەتەوە دەدەین، بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم ناوانە زۆر نزیکن لە ووشەی «کورد»ەوە: ووشەی «کەردەکا» لەسەر دوو تاتە بەردی سۆمەری هەڵکەندراوە، ئەم تۆمار کراوە دەگەڕێتەوە سەردەمی دوو هەزار ساڵ پێش مەسیح، هەروەها لەمانە «کاردۆخ»ەکان ئەوانەی بەرهەڵستیی سوپای ئەسکەندەری مەکدۆنییان کرد لە ڕێگەی گەڕانەوەی لە وولاتی ئێران پاش سەرکەوتنی بە سەر کۆرشی گەورە (٤٠١ - ٤٠٠)، مێژوونووسی گریکی کسینۆفون = Xenophon (٤٢٧ - ٣٥٥ پێش مەسیح) باس لە ئازایی و مەردایەتی و سووار چاکییان دەکاو ئەوە دەردەخا کە خۆشەویستییان بەرامبەر بە نیشتمانیان بێ سنوور بوو.

میللەتێکی تریش لە مێژووی ئەرکیۆلۆجی ئەم ناوچەیە ناوی هاتووە، ئەمە میللەتی «کورت»ە، بێ گومان ئەم ووشەیە هەر یەکێکە لە ووشەی «کورد»ی ئێستا. جوگرافییەکانی گریکیی وەکو سترابۆ و پتۆلیمی لە سەرەتای سەدەکانی پاش مەسیح دا باسی ناوچەی «کوردئین» یان کردووە. سترابۆ دەڵێ ئەو ناوچەیە لە دەوروبەری ئەودا «کوردۆئین» یان پێ دەووت و شاری «پیناک»ی لێ بوو، ئەمە وولاتی کاردۆخەکان بوو لە ڕۆژگارانی ڕابردوو دا. ئارامییەکان ناوی وولاتی کوردیان بە «بیث قردا» بردووە، هەروەها لە تێکستەکانی عەرەبی پێش ئیسلام بە وولاتی کوردیان ووتوە «بقردا».

گەلێ کۆمەڵی ئادەمزاد و هۆزو میللەت بە درێژایی مێژوو لەم ناوچەدا ژیاوون، زۆریان لەڕووی ناویانەوە پێوەندییان بە ناوی «کورد»ەوە هەیە. بێ گومان هەموو کۆمەڵە ئادەمزادێکیش لە خاسیەتی تایبەتیی خۆیەوە دەست پێ دەکاو دروست دەبێ، ئینجا جەوهەری دەرەوەی تێکەڵ دەبێ، ئەو جەوهەرانەی دەرەوە لە ناو خاسیەتە تایبەتییەکە دا ڕۆژ لە دووای ڕۆژ دەتوێنەوە، بەم جۆرە لە سەردەمێکی مێژوو دا میللەت یا نەتەوە، یا ناسیۆن دروست دەبێ. بێ گومان لە سەردەم و ڕۆژگارانی پێش ئیسلام نەتەوەی کوردی ئێستا دروست بووە.

هەر لە سەرەتای بڵاو بوونەوەی ئایینی ئیسلامەوە ووشەی کورد باو بووە. بۆ یەکەمین جار ئیمامی عەلی کوڕی ئەبوو تالیب کە نامەی بۆ زیادی کوڕی ئەبیهی نووسیوە، ووشەی «کورد»ی بەکار هێناوە. ئیتر لەپاش ئەوە بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی ئیسلامی مێژوونووسە کلاسیکییەکانی عەرەب و فارس و تورک باسی کوردیان وەکو میللەتێک یا کۆمەڵێکی ئیتنی کردووە، لەمانە: تەبەری (٩٢٣ مردووە)، مەسعوودی (٩٥١ مردووە)، ئیبنولئەسیر (ابن الاثیر) (١١٤٠ – ١٢٣٤)، حەمدوڵڵای موستەوفی (سەدەی چوواردەم). ئەسکەندەر بەگ مونشی تورکمان (١٥٦٠ – ١٦٣٥) گەڕۆکی تورکی بە ناو بانگ ئەولیا چەلەبی ١٩٥٤، مەهدی خان کەوکەب (سەدەی هەژدەم).

سەرەتای ئیسلام تا جەنگی چاڵدیران

بڵاو بوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ووڵاتی کوردەواری و لە هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا هەروا بە ئاسانی و بە ڕۆژێک و دوو ڕۆژ نەبوو، بەڵکو ماوەیێکی درێژی خایاند. لەپاش جێگیر بوونی ئایینی ئیسلام، ووڵاتی کوردەواری کەوتە ژێر دەسەڵاتی خەلیفەی عەرەبی موسڵمانان. لە ماوەی فەرمانڕەوایی خەلیفەی ئیسلام هەندێ بنەماڵەی کورد دەسەڵاتی گرتە دەستی خۆی، لەمانە بەهێزترینیان دەوڵەتی مەڕوانی – دوستەکیی سەربەخۆ بوو لە ٩٩٠ تا ١٠٩٦ فەرمانڕەوایی کرد. هەروەها دەوڵەتی مەسنەوی لەلای خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دینەوەرو شارەزوور لە ٩٥٩ تا ١٠١٥ دەسەڵاتی بە دەستەوە بووە.

نەتەوەی کورد پیاوی گەورەی وای لێ هەڵکەوتووە لە چووار چێوەی نەتەوەو

موسـولْمـانـەتی و ڕۆژهـەڵات چۆتە دەرەوە بووە بە دیاردەو دروشـمێکی جیـهـانی، سـەلاحـەدینی مـەزن یەکـەمین گـەورە پیـاوێکی کـوردە کـە لە هـەمـوو جـیـهـان دا ناسراوو بە ناوبانگە، دامەزرێنەری بنەماڵەی ئەیووبییە لە پارچەیێکی پان و بەرین و فراوانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست: میسر و شـام و میزوپۆتامیا و کوردستان، ئەم ناوچانـە لە ژێر فـەرمـانڕەوایی ئـەیووبیـیـەکـانا بوون لە سـاڵی ١١٦٩ وە تا دووا سالآنی سـەدەی سێزدەم. ئەم قارەمانە بە توانایە قەیسەری گاووری لە قودس لە ناو برد و بەسـەر ریچـاردی یەکـەمی ئینگلیـز (ریکاردۆسی دڵ شـێـر) و فـیـلیپ ئۆگستینی فرەنسیدا زاڵ بوو.

لە سـەدەی سـێزدەم خـەلافـەت و دەسـەڵات و فـەرمـانڕەوایی نەوەکـو لە دەست قورەیش دەرچوو، بەڵکو نەدرا بـە عەرەبیش. گەلێ هۆزو میللەتی تورکە - مەنگۆلی نەژاد پەیدا بوون، لە ماوەیێکی زۆر پێش ئەوەی هۆلاکۆی مەنگۆلی لە ساڵی ١٢٥٨ خەلافەتی عـەباسی برووخێنێ. هۆزو میللەتە موسڵمانە نا عەرەبەکان دەسەڵاتیان بـەهـێـــز بوو بوو، وا بـوو لە ســـــەدەی یازدەم وولآتـی کـــورد کــــەوتـە دەست سـەلجـووقـیـیـەکـان و بۆ یەکـەمین جـار لـە سـەرەتـای سـەدەی دووازدەم ناوی «کـوردسـتـان»یان لـە خـاکی کـوردەواری نـا، لە پاش ئەمـە لە سـەدەی سـێزدەم کوردەکان کەوتنە بەربەرەکانیی هۆلاکۆ، لە پاشانا تەیمووری لەنگیـان لە سـاڵی ١٤٠٠ لە ئامێدی شکاند.

هێزی دڕندەی بێگانە وەکو لافاو بەسـەر خـاکی کوردی دا دەدا و تەڕو ووشکی ڕادەمـاڵی، لەمـانە خـاوەنـەکـانی مـەڕی ڕەش (قـەرە قـوینلوو) (١٣٧٨ - ١٤٦٨) و خـاوەنەکانی مەڕی سپی (ئاق قوینلوو) (١٣٧٨ - ١٥٠٢) کـارەساتێکی گـەورەیان لەم وولآتـەدا نایەوە، لـە کـوشتن و بڕین و تالآن کـردن و سـووتـاندن بەولاوە هـیچ یادگـارێکی تریـان نەمـایەوە بـۆ گـێـڕانەوە لە دووا ڕۆژ دا. دیارترین ڕووداوێکی مێژووی کە کارێکی گەورەی کردبێتە سەر چارەنووس و دووا ڕۆژی کـورد جەنگی چاڵدیران بوو.

جەنگی چاڵدیران و دابەش کردنی کوردستان

لە سـاڵی ١٥١٤ لـە دەشـتی چاڵدیران گـەورەترین جـەنگ لـەنێـوان سـوڵتـان سەلیمی یەکەمی عوسمانی و شا ئیسماعیلی سەفەوی ڕووی دا. ئەوی ڕاستی بێ

ئەم جەنگە جەنگێکی مەزهەبی بوو لە نێوان سوننە و شیعە، لەسەر داگیر کردنی خاک و نەتەوەیێک کە مافی سەربەستی و ئازادی خۆی هەبوو. ئەوی زیاتر یاریدەی سەرکەوتنی سوڵتان سەلیمی دا ئەوە بوو زۆربەی کوردی ئەم ناوچەیە موسوڵمانی سوننە بوون و زیاتر دەشکانەوە لای عوسمانلییەکان.

لە پاش سەرکەوتنی عوسمانلییەکان سوڵتان سەلیم فەرمانڕەوایی کوردستانی دایە مێژوو نووسی دانا ئیدریسی بتلیسی. لەمەوە کوردستان بوو بە دوو بەش، بەشێکی کەوتە ژێر دەسەڵاتی سەفەوییەکان، بەشەکەی تری لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانلییەکان بوو. ئیتر میرنشینی کورد لەناو هەر دوو دەوڵەت پەیدا بوو، وەکو شەمدینان، بۆتان، بایەزید، هەکاری، بادینان، سۆران، ئەردەڵان، بابان... هتد.

ئەم میرنشینانە سەربەخۆ بوون، گەلێ جار بەرهەڵستی دەوڵەتیان دەکرد، بەلام بەگشتی میری ئەم میرنشینانە پێوەندییێکی تایبەتییان لەگەڵ سوڵتانی ڕۆم و شای عەجەم هەبوو، لەو کاتەی باج و سەرانەیان لە ڕەنجبەرو جووتیارو هەژاری کورد وەردەگرت، هەر خۆشیان باج و سەرانەیان دەدایە شای عەجەم و سوڵتانی رۆم.

لە ماوەی پێنج سەدەی دووایی دا، واتە پاش جەنگی چاڵدیران دوای ئەوەی سوڵتان سەلیمی یەکەم بەشێکی زۆری لە سەرووی کوردستان دابڕی و خستییە سەر خاکی سەڵتەنەت، خاکی کورد بە سنووری سیاسی لە یەک داپچڕاو دابەش کرا. بێ گومان گەلی کورد نارازی بوو لە سیاسەتی زەبرو زەنگ و زۆرداری و ستەمی بێگانە. خەباتی قارەمانی لە پێناو ئازادی و سەربەستی بە ئاوی زێڕ لە مێژووی نەتەوەی کورد تۆمار کراوە. ژمارەی هەڵسان و ڕاپەڕینی میللەت لە مێژووی کورد دا یەکجار زۆرە، بە تایبەتی بەهێزترینیان لە سەدەی نۆزدەم ڕوویان داوە. ئەم بزووتنەوانە بەڵگەی ئەوەن کە نەتەوەی کورد عەوداڵی ئازادییە هەرگیز کۆڵ نادا تا دەستی دەخا.

لە پاش ڕووخانی سەفەوییەکان (١٥٠٢ - ١٧٣٦) فەرمانڕەوایی ئێران کەوتە دەست بنەماڵەی کەریم خانی زەند (١٧٣٦ - ١٧٨٦)، ئەمەش ڕووداوێکی ئاسایی بوو، چونکە ئەگەرچی دەوڵەتی ئێران لە کۆنەوە هەمیشە بەشی میللەتی فارس بووە، بەلام بە زۆری تا ئێستاش بنەماڵەی فەرمانڕەوا لە نەتەوەی تر بوون.

سەدەی نۆزدەم

لە ماوەی سەدەی نۆزدەم دا سوڵتان و شا دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی خۆیان لە سەر کورد بەهێزتر کرد. هەندێ لە چینەکانی دەرەبەگی سەرەوەی کورد لەگەڵ داگیرکەرە عوسمانلی و فارسەکان یەکیان گرتبووەوە و میللەتیان دەچەوساندەوە، ئەمە بوو بووە هۆی ئەوپەڕی دوواکەوتوویی، لە دووا ساڵانی سەدەی نۆزدەم کوردستان یەکێ بوو لە ناوچە دوواکەوتووەکانی دوو دەوڵەتە داگیرکەرەکە. سیاسەت و ئایینی جیاوازی دوو دەوڵەتەکەو شەڕو شۆڕی نێوان دەرەبەگ و میرنشینە کوردەکان، تاوان و خیانەتی هەندێ لە دەسەڵاتداری کورد بوونە هۆی ئەوەی خەباتی کورد بۆ یەکێتی و دروست کردنی دەوڵەتی خۆی سەر نەگرێ. دەبێ ئەوەش بزانین کە لە دەوڵەتی ڕەسمی عوسمانلی و ئێران تا دووا ساڵانی سەدەی نۆزدەمیش میرنشینی کوردی سەربەخۆ لە ناوەوە بوون. بەڵام هیچ یەکێکیان نەیتوانی ببێتە بنکە بۆ یەک گرتن و یەکێتیی خاکی کورد.

هەر لە سەدەی نۆزدەم دا بوو بیروڕای لە ناو بردنی میرنشینەکانی کورد کەوتە ناوەوە، بەرامبەر بەمە بیرو باوەڕی «کوردایەتی» بە شێوەیێکی تازە خۆی نوواند. سوڵتان مەحموودی دووەم بڕیاری دا دووبارە کوردستان داگیر بکاتەوەو دەستی بەسەردا بگرێ، وا بوو لە ساڵی ١٨٣٤ هێرشێکی بردە سەری و دەسەڵاتی بەسەرا سەپاند. ئەمە بووە هۆی ئەوەی بۆ یەکەمین جار بەدرخان پاشا لە ساڵانی ١٨٤٣–١٨٤٦ بزووتنەوەیێکی نەتەوایەتی بەشێوەیێکی تازە بەرپا بکا، بەڵام ئەو بزووتنەوەیە سەر نەکەوت.

لە ساڵی ١٨٥٥ لە ناوچەی هەکاری و بۆتان یەزدان شێر دژی دەسەڵاتی عوسمانلی هەڵسا، بتلیس و مووسڵی داگیر کرد، بەرەو خووارتر چوو، تا هەموو ناوچەکانی نێوان وان و بەغدای گرت. هەندێ لە دانیشتووانی کوردستان وەکو فەلەو گریکی (یۆنانی) لەژێر ئاڵای یەزدان شێر کەوتنە جەنگەوە، بەڵام ئەم بزووتنەوەیەش سەری نەگرت.

بزووتنەوەی ساڵی ١٨٨٠ بە سەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا بوو، ئەگەرچی ئەم بزووتنەوەیە ئەدگاری تایبەتیی خۆی هەبوو و لە بزووتنەوە و ڕاپەڕینەکانی تری کورد جیا دەکرێتەوە، بەڵام ئەمەش لەبەر هۆی تایبەتی هەر سەری نەگرت.

لەپێش جەنگی یەکەمی گێتی و لەماوەی جەنگ دا چەند جارێک کورد لە دژی دەسەڵاتی بێگانە ڕاپەڕی، بەڵام پێوەندی لە نێوان سەرۆکایەتی ئەم ڕاپەڕین و هەڵسانانە نەبوو. ئەمانە ڕێکخراو و پارتی وایان نەبوو کە سەرۆکایەتییان بکا، هەروەها بەرنامەی دیار کراویشیان نەبوو، لەبەر ئەوە بەئاسانی دەتووانرا ئەم بزووتنەوانە لە ناو ببرێن.

لە ماوەی جەنگی یەکەمی گێتیدا کوردستان بووە مەڵبەندو ناوچەی جەنگی خوێناوی نێوان لەشکری دەوڵەتە شەڕکەرەکان. وولات ڕووخێنرا، بە سەدەها هەزار خەڵک کوژران یا لە برسانا مردن، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە بێزاریی میللەت زیاد بکا.

بە پێی پەیمانی سیڤەر کە لە ١٠ی ئاغستۆس ١٩٢٠ مۆر کرا، دەبوو هەندێ بەشی ئێمپیراتۆریەتی عوسمانلی لێی بپچڕێ، ئەمانە هەندێ ناوچە و هەرێمی نەتەوایەتی بوون، کوردستان یەکێک بوو لەوانە. پەرەگرافی گرنگی پەیمانەکە دروست کردنی دەوڵەتی کوردستان بوو. بۆ ئەم مەبەسە لیژنەیێک لە نوێنەرانی بەریتانیا و فرەنسە و ئیتالیا دروست بوو. لە پەیمانەکەدا هاتووە کە دانیشتووانی کورد لە تورکیا بە نووسین داوایان لە کۆمەڵی نەتەوەکان کرد کە سەربەخۆییان دەوێ، پێویستە لەسەر دەوڵەتی تورک خۆی بکێشێتەوە لە کوردستان.

بەڵام ئەمە بازرگانییێکی دیبلۆماسیی دەوڵەتە ئەمپریالیستەکان بوو، چونکە دەست بەجێ و هەر لەپێشەوە بڕیاری ئەوەیان دابوو کە ڕێگە نەدەن کوردستان سەربەخۆ بێ. بەم جۆرە لە کۆنفرانسی لۆزان لەساڵی ١٩٢٣ بە تەواوی مەسەلەی کورد پشت گوێ خراو تەنیا ووشەیێکیش بەچاک و خراپ لەم بارەیەوە نەنووسرا.

کورد لە تورکیا

لەماوەی بزووتنەوەی کەمالییەکانا، لەو کاتەی کە تورکیا کەوتبووە مەترسییەوە و خۆی لە پێش پیلانەکانی ئەمپریالیزم و هێزی دەرەوە ڕانەدەگرت، لەو کاتەدا کورد بەشدارییێکی تەواوی لە خەباتا کرد لە دژی هێزی بێگانە ئەوەی ئابلۆقەی تورکیای دابوو. تەنیا کوردی کوردستانی تورکیا یاریدەی کەمالییەکانیان نەدا،

بەڵکو کوردی عیراقیش پارێزگاری و پاسەوانی سنووری ڕۆژهەڵاتی خوارووی تورکیایان کرد. میللەتی کورد گەلێ قوربانی لە پێناوی سەربەخۆیی تورکیا پێشکێش کرد. دەورێکی باڵاو گرنگی هەبوو لە خەبات دا لەپێناوی ڕزگار کردنی دەوڵەتی تورک لە دەسەڵاتی بێگانە. بەشداری کردنی لە خەبات دا لە پێناوی ڕزگاریی تورکیا گەلێ گرنگ بوو، بەڵگەی ئەمە بیروڕای مێژوونووسی عەرەب سلێمان نەزیفە لە بابەت یادگاری سەربازی نەناسراو ئەوەی لە پێناوی ڕزگاریی تورکیا لە جەنگی سەقاریا شەهید کراوە دەڵێ: «بێ گومان ئەم سەربازە دەبێ کورد بێ».

لەگەڵ ئەمەش دا وەزعی کورد لە وڵات دا لە ئەوپەڕی خراپی دا بوو. هەموو بزووتنەوەیێکی کورد لە پێناوی مافی نەتەوایەتی دامرکێنرایەوە. پرۆپاگەندەیێکی بەهێز لە تورکیا دەکرا لە دژی کورد، بەوەی کە کورد لە بنەڕەت دا «بوونی» نییە، لە بنج دا ئەمانە تورکن و زمانی زگماکی خۆیان لەبیر کردووە. پشکێنەری (موفەتیش) وەزارەتی زانیاری تورکیا نەجاتی بەگ گۆیا لە مێژووی کورد و زمانی کوردی «کۆڵیوەتەوە»، دەڵێ: «زمانی تورکە شاخاوییەکان (واتە زمانی کوردی - م. خ.) بە درێژایی ڕۆژگار بەرە بەرە سواوە و تێک چووە».

چەوساندنەوەی میللەتی کورد لەڕووی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییەوە بووە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٥ کوردی تورکیا دەست بکەن بە شۆرش لە دژی چەوسێنەرە تورکە کەمالییەکان بە سەرۆکایەتی شێخ سەعید. ڕۆشنبیر و خوێندەواری کورد دەوری باڵای هەبوو لەم هەڵسانەدا. ئەم بزووتنەوەیە هەرێمێکی گەورەی لە کوردستانی تورکیا گرتەوە. دەسەڵاتی تورک بۆ شکاندنی ئەم ڕاپەرینە سوپایێکی گەورەی بەکار هێنا. فەرەنسا یارمەتییێکی زۆری تورکی دا بەوەی ڕێگەی بۆ لەشکری تورک کردەوە کە لەقاپیی سووریاوە هێرش ببەن، بەم جۆرە تورکەکان توانیان بەسەر کورد دا زاڵ ببن و شۆرشەکە لەناو ببەن. بۆ ڕشتنی داغی دڵیان دەستیان کرد بە زوڵم و زۆری دژی هاووڵاتیانی کوردی بێ چەک و بێ دەسەڵات. گەلێ گوند و دێهاتی کوردیان لەسەر ڕووی زەوی سڕییەوەو منداڵ و پیرو ژنیان دەکوشت.

لە ڕۆژی ٢٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٥ تورکەکان ٤٥ سەرۆک و کار بە دەستی

شۆرشیان لە سێدارە دا، لە پێشەوەیانا شێخ سەعید بوو. بەڵام ئەم زۆردارییە پڕ قینە هیواو ئامانجی کوردی لەناو نەبرد کە سەربەستی و ئازادییە.

سەرۆکی هیندستان جەواهیر لال نەهرۆ دەڵێ: «لەساڵی ١٩٢٩ دا کورد بۆ جاری دووەم لە تورکیا ڕاپەڕی، بەڵام دیسانەوە دایانمرکاندەوە. بێ گومان ئەمە ڕووداوێکی وەختییە. بە هیچ جۆرێ ناکرێ شۆرشی میللەتێک هەتا هەتایە لە ناو ببرێ کە ژیانی خۆی دەکا بە قوربانی لە پێناوی ئازادی دا».

لە ساڵی ١٩٢٧ لە پاش دوو ساڵ بەسەر چوونی هەڵسانەکەی شێخ سەعید، کورد جارێکی تریش دەستی دایەوە چەک و سیلاح. ئەم شۆرشەیان تا ساڵی ١٩٣٠ بەردەوام بوو، سەرۆکی ئەم شۆرشە ئیحسان نووری پاشا بوو. سوپای تورک بەهێزو بێ بەزەییانە ئەم هەڵسانەشیان دامرکاندەوە. عەشیرەتە کوردە بەهێزەکانیان ئاوارەی هەرێمە هەرە دوورەکانی ئەنەدۆڵ کرد. بەشی زۆری کوردی تری بە تووانا ئاوارەی ناو گوندی تورک کران و بەسەر ناوچە تورکییەکاندا دابەش کران. بەم جۆرە دەسەڵاتی تورک ویستی هێزی نەتەوەی کورد شل بکا بۆ ئەوەی تووانای هەڵسانێکی تری نەبێ. بەڵام هەر چەندە زوڵمی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی بەسەر کورددا بەهێزتر بووبێ زیاتر بێزاریی میللەتی بووە بە دروشم و نەخشی لەناو دڵی ڕۆڵەکانیدا کێشاوە.

لەساڵی ١٩٣٧ کوردی دەرسیم ڕاپەڕین. هۆی ئەم هەڵسانە بەلای أ. سافراستیانەوە ئەوە بوو کە تورکیا سیاسەتی چەوساندنەوەو لەناو بردنی کوردی بەکار دەهێنا».

هەڵسانی کوردی ناوچەی دەرسیم پلەیێکی بەرزی هەبوو لەناو زنجیرە شۆرشەکانی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا. لەم ماوەیەدا ڕێکوپێکتر و خاوەن بەرنامە بوو، تەنیا جووتیار و فەللاح بەشدارییان تێدا نەکرد بەڵکو شارستانیش دەورێکی دیاریان هەبوو لەناو شۆرش دا، بەڵام هێزی چەکداری تورک ئاگری ئەم شۆرشەیان کوژاندەوەو زەبرو زەنگێکی زۆریان بەرامبەر هاووڵاتیانی کورد نواند.

لە ماوەی جەنگی دووەمی گێتیدا بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی کورد لە تورکیا بێ دەنگ بوو، هەروەها حوکوومەتی تورکیش بە ئانقەست و بە شێوەیێکی

وەختی نەیدەویست بە ئاشکرا دژی هەستی نەتەوایەتیی کورد بوەستێ. بەڵام لەپاش جەنگ و لە سەردەمی دەست درێژ کردنی ئەمەریکا لە دژی کۆریای باکوور حوکوومەتی تورک بۆ یارمەتی دانی کۆریای باشوور لەشکری بۆ ناردن، سەربازی لەشکرەکە کورد بوون، لەو جێگا دوورە و لەسەر خاکی کۆریا بە سەدان لاوی کورد کوژران.

هەڵگەڕانەوەی سوپایی یەکەمی شۆرشی ١٤ ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ لە عیراقدا بووە هۆی ئەوەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە تورکیا و ئێران و سووریا ببووژێتەوە، هەروەها هەستی نەتەوایەتی میللەتی کوردی تا پلەیێکی دیار بڵند کردەوە لەناو ئەم وولاتانەدا.

فەرمانڕەوایانی تورکیا و ئێران دەستیان کرد بە چەوساندنەوەو هێرش بردنە سەر هاوولاتیانی کورد، چونکە ئەم کوردانە لایەنگری خەباتی میللەتی عیراق بوون لە دژی ئەمپریالیزم و چەوساندنەوە. لەبەر ئەوە پاڵپشتی سەرۆکایەتی شۆرشی عیراقیان دەکرد بە تایبەتی لە ساڵی یەکەمی شۆرشدا. حوکوومەتی تورک لە ماوەی دوو ساڵی یەکەمی پاش شۆرشی عیراق سەدەها نیشتمانپەروەری کوردی خستە بەندیخانەوە لە ئەنقەرە و ئەستەمووڵ، تاوانی پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی بێگانەی خستە پاڵیان. لە بابەت تیرۆر و زۆرداریەوە ڕۆژنامەی «نێشنال گاردیان = National Gardian»ی ئەمەریکی دەنووسێ: «هۆی بنچینەیی ئەم گرتن و بەند کردنەی کورد لەبەر ئەوەیە چونکە کوردن. ئەمانە داوا لە حوکوومەتی تورک دەکەن کە بە کورد بیانناسن، نەوەکو بە تورکی شاخاوی هەروەها داوا دەکەن کە ڕێگە بدرێ بە چاپ کردنی گۆڤاری کوردی» (١١ی نیسانی ١٩٦٠).

ڕۆژنامەگەری ڕەسمی تورک هەمووی هێرش و جنێو بوو بۆ سەر کورد، بۆ بەڵگە ڕۆژنامەی «میللیەت= Milliyet» ناوەرۆکی پەڕەگرافەکانی دەستووری تورکیای بڵاو کردەوە، بە تایبەتی ئەو بەندانەی هەموو ئەو کەسانە تاوانبار دەکا کە پێوەندییان بە کوردەوە هەبێ، ڕۆژنامەکە دەڵێ: «لە پەڕەگرافی ١٠٥ی دەستووری تورکیا هاتووە ئەو کەسەی کورد هان بدا بۆ خەبات، بە پێی قانوون تاوانبار دەکرێ، بۆیە لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پەڕەگرافە پۆلیس مافی ئەوەی هەیە

ئەم جۆرە کەسانە لەگەڵ خێزان و بنەماڵەکانیان ئاوارەی جێگەی دوور بکا» (٢٥ی تشرینی یەکەم ١٩٦٠). حوکوومەتی تورک سەدەها کوردی خستە بەندیخانەوە تەنیا لەبەر ئەوەی لە نووسیندا ئەلفوبێی کوردییان بەکار هێنابوو. لەم بابەتەوە ڕۆژنامەی «یەنی ئیستانبوول = yeni Istanbul» دەنووسێ: «ئەم ٥٠٠ کوردەی کە لە دیاربەکر بەند کراون، کەسی کۆنەپەرستن، ئەمانە ئەلفوبێی کوردییان داناوە. ئەوی ڕاستیش بێ ئەوەیە زمانی کوردی هەمووی لە ٤٢٠٠ ووشە پێک هاتووە، لەمانە ٢٥٠٠ ووشەی تورکییە، ئەویتری عەرەبی و فارسییە. ئەم کەسانە ئەوانەی زمانیان بۆ خۆیان دروست کردووە، نەیانتوانیوە تەنیا ٥٠ ووشەی ڕەسەن بدۆزنەوە» (٦ تشرینی دووەم ١٩٦٠). خاوەن ووتار ڕاستی دەشێوێنێ و هەڵی دەگێڕێتەوە، ئەم بیروڕایە هەتا پێچەوانەی گێرە شێوێنەکانی پێشووتری خۆشیانن، ئەمانە جەدوەلەکەی عەلی کەمالیشیان لەبیر چۆتەوە کە لەبارەی زمانی کوردییەوە لە کتێبەکەیدا درۆی هەڵبەستووە، زانیاریی عەلی کەمالی لەم بابەتەوە بەم جۆرەیە: لەپاش لەناو بردنی ڕاپەرینی کورد (١٩٢٧ – ١٩٣٠) لە تورکیا دەست کرا بە هێنانە دی سیاسەتی گۆڕینی ڕووی نەتەوایەتیی کورد، واتە بە تورک کردنی کورد. بۆ ئەم ئامانجە لە ساڵی ١٩٣٢ والیی ویلایەتی ئەرزنجان عەلی کەمالی لە کتێبەکەی دا «ئەرزنجان» جەدوەلی بۆ زمانی کوردی داناوە، بە پێی ئەو جەدوەلە ئەوە دەخاتە ڕوو کە زمانی کوردی لە ٨٤٢٨ ووشە پێک هاتووە، لەمانە ٣٠٨٠ یان بریتین لە ووشەی کۆن و تازەی تورکی، ٢٠٠٠ یان ووشەی عەرەبی تازەن کە لە زمانی تورکیدا بەکار دەهێنرێن. ووشەکانی تر لە زمانەکانی ئێرانی و ئاسووری و گورجی و چەرکەسی وەرگیراوون، تەنیا بەلای ئەوەوە لەوانەیە ٣٠٠ ووشە کوردی کۆن بن. (Ali Kemali, Erzincan [S. 1], 1932).

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم چەوساندنەوە و پلیشاندنەوەو زۆرداریيە میللەتی کورد لە تورکیا بەردەوام بوو لە خەباتی دا لە پێناوی پاراستنی پەیکەری نەتەوایەتیی خۆی، بە تایبەتی زمانی زگماکی.

بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە کوردستانی تورکیا ڕۆژ لە دووای ڕۆژ زیاتر پەرەی سەند. لە ٨ ی مایسی ١٩٦١ لە شارە جیاوازەکانی کوردستانی تورکیا، بە تایبەتی لە مێردین و دیاربەکر و بتلیس و وان ڕاپەرینی گەلی کورد دەستی پێ کرد. هەزاران خەڵک بەشداری خۆپیشاندانیان کرد، دروشم و بەیداغیان هەڵکرد،

داوایان ئەمــانە بوو: «ئێــمــە تورک نین، ئێــمــە کـوردین»، «بڕووخێ زۆرداری»، پێویستـە «تورک دان بە مـافی نەتەوایـەتیمـان دا بهـێنێ». ئەم خـۆ پـیـشـاندانە ئاشـتـیـخـوازەی کـورد لەخـوێن وەردرا. لەشـارە کـوردەکـان دا سـەدەها کـوردی نیشتمان پەروەریان کوشت و ژمارەی زیاتریشیان بریندار کرد.

کورد لە ئێران

کوردستانی ئێران لە گەلێ شت دا وەکو کوردستانی تورکیا وابوو. ناوچەکانی کـوردســتــان یەکـێک بوو لە هـەرێمــە هـەرە دوواکـەوتووەکـانی ئێـران. ڕژێمی دەرەبەگایەتی باڵی بە سـەر کـۆمـەڵا کێشـا بوو خـۆی خـاوەن دەسـەڵات بوو، کار بەدەسـتانی ئێرانیش وەکو کار بەدەسـتانی تورکیا سـیاسـەتی لەناوبردنی مـافی نەتەوایەتی نەتەوەکانی نافارسیان بەکار دەهێنا. بە شوێن هەموو جۆرە بەڵگەیێک دەگـەڕان، لە پێش هـەمـوو شـتـێک دا زمـانی کـوردی وەکـو زمـانێک لە بنەمـاڵەی ئێرانی بوو بووە بنیشـتـەخـۆشـەو بەڵگەی ئەوە کـە زمـانی کوردی دیالێکتـێکی فـارسـیـیـە، واتە زمـانی کـوردی فـارسـیـیـە. لەگـەڵ ئەوەی لە ئێرانا دانیان بەوەدا هێناوە کـە کورد هـەیە، بەڵام جیـاوازییێکی ئەوتۆ لە نێـوان ئێران و سـیاسـەتی چینەکانی سـەروو و دەسەڵات بە دەستی تورکیا بەرامبەر بە کورد نییە. لە بنج دا هـەر دوولایان لەوە یەکـیـان گرتبوو کە نـەتەوەیێک بەناوی کوردەوە نیـیـە و هـەوڵی تەواویشـیـان دەدا کـە ئـەدگـاری نـەتەوایەتیی لەناو ببـەن. نوێنەری مـەجلیـسی شـوورایی میللی کۆنەپەرست و پان ئێرانیستی ناودار دەشتی دەڵێ: «لە ئێرانا مـەسـەلەی کـورد لە گـۆڕێ نیـیـە، هەروەها لێرە تـەمـاشـای کـورد ناکرێ وەکـو میللەتێک، بەڵکو لەگەڵ فارس دا لە یەک نەژادن».

ئەمـەیە ئـەسـتـووری ئیدیۆلۆجیـەتی «پان ئێرانیزم»، بێ گومـان ئەمـە زیانی بۆ کورد لە هەموو کەسێکی تر زیاترە.

چەوسـاندنەوەی نەتەوەکـانی کوردسـتان و ئازربایـجانی ئێران بووە هۆی ئەوەی چەک هـەڵگرن و لە ڕووی زۆرداریی ڕەزا شـا بووەسـتن. لە هـاوین و پاییـزی سـاڵی ١٩٢٦ شـۆڕش ناوچەکـانی سـەروو و خـوارووی کـوردسـتـانی ئێـرانی گـرتەوە. هـەروەها لەو مـاوەیەدا پارتی و ڕێکخـراوی نـەتەوایەتیی کوردی پەیدا بوون. ئەمـە بزووتنەوەی نـەتەوایەتیی کوردی خـسـتـە ناو قـاڵبێکی ڕێکوپێکەوە و پێـوەندیشـی

لەگەڵ خەباتی ڕزگاریی نەتەوایەتیی میللەتانی تری ئێران پەیدا کرد.

لە ماوەی پێش جەنگی دووەمی گێتی لە کوردستانی ئێران «حیزبی ڕزگاریی کوردستان» پەیدا بوو. لەو سەردەمەی کە لەشکری سووری یەکێتیی سۆڤیەت بە پێی پەیمانێکی سوێند خۆرەکان هاتە ناو ئێرانەوە، گۆڕرانێکی بنچینەیی لە بەرنامەی حیزبی ڕزگاریی کوردستان ڕووی دا، ناوی حیزبەکە گۆڕرا و بوو بە «ژ. ک. = ژیانەوەی کورد». ئەم کۆمەڵەیە دەستی کرد بە بڵاو کردنەوەی چاپەمەنی، دیارترین چاپەمەنییان کۆواری «نیشتمان» بوو. لە ساڵی ١٩٤٥ لە سەر بنچینەی «ژ. ک.» حیزبی دیموکراتی کوردستان دروست کرا.

لە پاش جەنگی دووەمی گێتی و لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٥ کۆماری کوردستان و کۆماری ئازربایجان پەیدا بوون. هەموو میللەتی کورد و نەتەوە ئازادیخوازەکانی تری جیهان بە شادییەوە پێشوازیی کۆماری کوردی سەربەخۆیان کرد. میللەتی کورد بە هەموو هێزیەوە پارێزگاری کۆمارە نەوزادەکەی خۆی دەکرد، بەڵام هێزو توانای دەوڵەتی ئێران و کۆمارە ساواکەی کورد لە یەک پلەدا نەبوون! هێزی چەکداری دەسەڵاتی کۆنەپەرستی ئێران توانی بزووتنەوەی کورد دامرکێنێتەوە، ئەوەی یاریدەی تەواوی لە ناوبردنی کۆماری کوردستانی دا دەرچوونی سوپای سوور لە ئێران و بایەخ نەدانی یەکێتیی سۆڤیەت بە مەسەلەی کورد بوو، لەلایێکی ترەوە یارمەتیی بەهێزی ئەمپریالیزم بوو چونکە لە شای ئێران نوێنەری چاکتری بۆ نە دەدۆزرایەوە لەم هەرێمە گرنگە ستراتیجییەدا.

لە مارت و نیسانی ١٩٤٧ هەموو سەرۆکەکانی کۆماری کوردیان لە سێدارە دا، لە سەرووی هەموویانەوە سەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی کۆماری کورد قازی محەمەد. لە بابەت خنکاندنی قازییەوە پارێزەری ناوداری ئەمەریکی وولیەم دوگلاس دەڵێ: «لە سێدارەدانی ئەم قارەمانە کوردە بووە هۆی مردنی تاقە کەسێک، نەوەکو مردنی کوردایەتی، مردنی ئەو هێزی تازەی خستە ناو ئەم کوردایەتییەوە».

لە پاش شۆرشی ١٩٥٨ و دەرچوونی عیراق لە پەیمانی بەغدا، هەندێ لە کۆنەپەرست و دوواکەوتووانی عیراق لەگەڵ نوێنەرانی دەرەبەگ و کۆنەپەرستی

کورد ڕایان کردە ئێران. لێرە لەگەڵ هەندێ کوردی ئێران دەستیان کرد بە دەرکردنی ڕۆژنامەی «کوردستان». ئەگەر چی مەبەسی بنچینەیی ئەم ڕۆژنامەیە بڵاو کردنەوەی ئیدیۆلۆجیەتی پان ئێرانیزم و پرۆپاگەندە بوو لە دژی شۆرشی عیراق، بەڵام وەکو سەرچاوەیێک بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان و ئەدەبی کوردی ناخرێتە پشت گوێ.

کورد لە عیراق

لە مایسیساڵی ١٩٢٠ دەوڵەتی عیراق دامەزرێنرا، بەڵام دەوڵەتی سەربەخۆی تەواو نەبوو، خرایە ژێر چاودێریی بەریتانیا. لەم ماوەیەدا کوردی ناوچەی سلێمانی بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموود هەڵسان، ئەم هەڵسانە زۆری خایاند و لە سەرکەوتن و ژێرکەوتن دا بوو تا سییەکانی ئەم سەدەیە.

لە ٢٤ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢ حوکوومەتی تازەی عیراق و بەریتانیا ناچار بوون بەیانێک بڵاو بکەنەوە، لە بەیانەکەدا بڕیاریان دا کە دەوڵەتی کوردستان لە ناوچە کوردنشینەکانی عیراق دا دروست بکەن، بەڵام ئەمە ساختەکارییێکی دیبلۆماسی ئەمپریالیزمی ئینگلیزی بوو، هەوڵیان دا بەمە کورد بخەڵەتێنن و هەر لەو کاتەش دا بیروڕای کۆمەڵانی جیهان دابین بکەن، بۆ ئەوەی خۆیان کۆبکەنەوەو لە دوایی دا بزووتنەوەی کورد لە ناو ببەن.

کە بۆ کورد دەرکەوت ئەمپریالیزمی ئینگلیزی تەشقەڵەی پێ دەکا و بەڵێنەکانی ناهێنێتە دی، دەستی کرد بەخۆ کۆکردنەوە بۆ شۆرش. لە هەولێر و سلێمانی هەتا لە بەغداش خوێندەوارو ڕۆشنبیری کورد ڕێکخراوی نەتەوایەتییان دامەزراند. لەگەڵ هەموو میللەتی کورد میللەتی عەرەبیش خۆی ئامادە کرد بۆ خەبات لە دژی دەسەڵاتی ئینگلیز. بە ڕاستیش ڕژێمی کۆلۆنیالی لە عیراق دا سیاسەتی بەڕێوە دەبرد.

سەربەست نەبوونی عیراق لە کاروباری دەرەوەو ناوەوەی بووە هۆی ئەوەی لە چووار چێوەی کۆمەڵێکی کشتوکاڵی دوواکەوتوو نەچێتە دەرەوە، دەرەبەگ و نوێنەرانی حوکوومەت لە مووچەخۆرە گەورەکانی دەوڵەت گوند و دێهاتیان بەڕێوە دەبرد. سیاسەتی کۆنەپەرستی و دوواکەوتوویی عیراق دەسەڵاتی ئینگلیزی لە وولات دا بەهێز کرد بوو. پیلانی ڕێکوپێک بۆ چەوساندنەوەی میللەتی کورد دانرا

بوو. ئەمە هەمووی بووە هۆی ئەوەی بێزاری بکەوێتە ناو هەموو بەشەکانی کۆمەڵ، کورد لە دژی زوڵم و زۆری و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی لە خەباتا بوو، بەم جۆرە بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی کورد هەر لە سەرەتای پەیدا بوونیدا ئاشکراو دیار بوو کە دژی ئەمپریالیزمی بێگانەی دەرەوەیە.

ڕۆژی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ دەست نیشان کرا بوو بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی عیراق لە سلێمانی. دەبوو ئەو پەرلەمانە هەڵبژێرراوە تازەیە پەیمانی ساڵی ١٩٣٠ی نێوان بەریتانیا و عیراق مۆر بکا، ئەو پەیمانەی زیاتر دەسەڵاتی ئینگلیزی بەسەر عیراقا دەچەسپاندو بەهێزتری دەکرد. لە پەیمانەکەدا بە هیچ جۆرێ مەسەلەی کورد نەهات بووە ناوەوە و باسی لێوە نەکرا بوو. بە تەواوی ئاشکرا بوو کە ئەمپریالیزمی بەریتانی بیری لەوە نەکردبووەوە کە دان بە مافی نەتەوایەتیی کورد بنێ. لە ڕۆژی هەڵبژاردن دا کوردی شاری سلێمانی ڕاپەڕی، سوپای عیراق بە یارمەتیی ئینگلیز خەڵکیان گوللە باران کرد. شێخ مەحموود لەو کاتەدا لەگەڵ چەکدارەکانی لە شاخا بوو، کە بیستی دوژمن کوردی گوللە باران کردووە و خوێنی ڕشتووە، بەسەر سلێمانی دادا. حوکوومەت لەشکرێکی گەورەی ناردە سەر کورد لەگەڵ چەک و سیلاحێکی زۆر بە تایبەتی هێزی هەوایی بەریتانیا. شۆرشگێڕەکان توانای ئەوەیان نەبوو بەرهەڵستی ئەم هەموو لەشکرە بکەن. ڕۆژی ٣٠ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٠ شێخ مەحموود ڕاپۆرتێکی بۆ کۆمەڵی نەتەوەکان نارد، لە ڕاپۆرتەکەدا دەڵێ: «... ئەگەر ئینگلیزەکان یارمەتیی کورد نادەن لە خەباتیان دا لە پێناوی سەربەستی دا با دەست لە کارو باریشیان وەر نەدەن، بەم جۆرە پێویستە کورد تەنیا بەهێزی تایبەتیی خۆی بنازێ». بەڵام هێزی هەوایی بەریتانیا بەردەوام بوو لە بۆردومانی شار و دێهاتی کورد، لە پاشانا لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٢ قۆمیسەری باڵای پێشووی ئینگلیز لە عیراق دا ویلسون دەڵێ: «لە ماوەی دە ساڵی دوایی هێزی هەوایی مەملەکەتی بەریتانیا بێ بەزەییانە هاوولاتی کوردی بۆمبا باران دەکرد».

ڕاپەڕینی کوردی سلێمانی لە ساڵی ١٩٣٠ بە شێوەیێکی دڕندانە دامرکێنرایەوە، بەڵام بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی کورد دیسانەوە لە ناوچەی باکووری کوردستانی عیراق سەری هەڵدایەوە. لە ساڵی ١٩٣١ بارزانییەکان بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەدی بارزان هەڵسان. هۆی بنچینەیی ئەم هەڵسانەش هەر

ئەوە بوو حوکوومەتی عیراق بە فەرمانی ئینگلیز کە لە ژێر حیمایەی بوو مافی میللەتی کوردی لە عیراق نە دەدا. لەو ڕۆژەی کە دەوڵەتی عیراق دروست بوو بایەخێکی ئەوتۆ بە ڕۆشنبیری و خوێندەواری و تەندروستی ناوچە کوردییەکان نە دەدرا، بە تایبەتی ناوچەی بارزان.

لە ساڵی ١٩٣٥ بارزانییەکان جارێکی تر لەژێر فەرماندەی خەلیل خۆشەوی هەڵسان. بۆ لە ناوبردنی ئەم هەڵسانە، هێزی ئاسمانی بەریتانیا بەشدارییێکی تەواوی کرد. لایە کۆنەپەرستەکانی حوکوومەتی عیراق بە پێی ئارەزووی بێگانە هەموو جارێک کە لە کوردستان دا خەڵکی ڕادەپەڕین بەڵێنیان دەدایە کوردەکان کە داوایان جێ بەجێ دەکرێ و مافی خۆیان وەردەگرن، دیارە ئەمە بەڵێنی ناڕاست بوو درۆیان لەگەڵ دا دەکردن، بۆ ئەوەی وەخت ببەنە سەرو خۆیان کۆ بکەنەوەو جارێکی تریش بەسەر کورد دابدەن. بەڵام میللەتی کورد دووبارە و سێ بارە چەکی هەڵدەگرت و هێرشی دەبرد بۆ وەدەست خستنی مافی نەتەوایەتیی خۆی.

لە ساڵی ١٩٤٣ لە کوردستانی عیراق دا شەپۆلێکی تری بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی کورد پەیدا بوو. ئەمە لە ژێر فەرماندەی مستەفا بارزانی بوو، ئەم شۆڕشە نزیکەی دوو ساڵ بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٤٥.

حوکوومەتی کۆنەپەرستی عیراق و داگیرکەری ئینگلیز وەکو سەرکەوتوویێک لە جەنگی جیهانی دووەم هەموو هۆیێک بۆی ئامادە بوو شۆڕشی کورد دامرکێنیتەوە و شۆڕشگێڕ و چەکداران تەنگە تاو بکا بۆ ئەوەی خاکی خۆیان بەجێ بهێڵن. ئیتر مستەفا بارزانی لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکەکەی خۆی سنووری عیراقیان بڕی و چوونە ناو کوردانی ئێران لە مەهاباد کە پایتەختی کۆماری کوردستان بوو، لە پاش لە ناوبردنی بزووتنەوەی کورد لە ئێرانیش دا بارزانی لەگەڵ ئەو هێزانەی خۆی کە مابوونەوە ناچار بوو لە سنووری یەکێتی سۆڤیەت بچێتە ژوورەوە و داوای پەنابەری سیاسی لە دەوڵەتی سۆڤیەت بکا.

دەوڵەتی عیراق لە پاش لە ناوبردنی بزووتنەوەی بارزانییان دەستیان کرد بە زوڵم و زۆری و چەوساندنەوەی هاووڵاتییانی ناوچەکە بە تایبەتی بارزانیان. گەلێ لە نیشتمان پەروەرە کوردەکانیان خستە بەندیخانەوە، بە زۆری گەنج و لاو، پیر و

ژن و منداڵیشیان ئاوارەی خوارووی عیراق کرد.

له ١٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٧ له بەغدا چووار ئەفسەری کورد له سێداره دران، ئەمانه به شدارییان له شۆرشی ساڵانی ١٩٤٣ - ١٩٤٥ کرد بوو (کەپیتان عیزەت عەبدولعەزیز، کەپیتان مستەفا خۆشناو، لیفتینانت خەیروڵلا عەبدلکەریم، مولازیمی پله دوو محەمەد مەحموود قودسی).

ڕێکخراو و پارتی نەتەوایەتی کورد ئەوانەی له ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی بیستەم پەیدا بوون دەورێکی باڵایان بینی له ڕێبەری و سەرۆکایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی له ناو کوردی عیراق دا.

له ساڵی ١٩٣٥ له کوردستانی عیراق حیزبی نەتەوایەتیی کورد «هیوا» پەیدا بوو. ئەم حیزبه هەموو نیشتمان پەروەرو خوێندەوارو ئەفسەرانی سوپای له دەوری خۆی کۆ کردەوە، ڕۆڵێکی گەورەی نیشتمان پەروەری و کوردایەتی گێڕا له بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردا.

له ماوەی جەنگی دووەمی گێتیدا له کوردستانی عیراق ئیدیۆلۆجیەتی مارکسی (مارکسیزم) پەیدا بوو و بڵاو بووەوە، کارێکی گەورەی کرده سەر خوێندەوار و ڕۆشنبیری کورد، ئینجا پارتی کۆمۆنیستی عیراق دروست بوو و دەورێکی باڵای هەبوو له پرۆپاگەنده له ناو خوێندەواری کوردا.

له چلەکانی ئەم سەدەیەدا ئەندامانی چەپڕەوی پارتی «هیوا» لەگەڵ نیشتمان پەروەرانی تری کورد پارتی پیشڕەو و نوێخوازی «شۆرش» یان دامەزراند. نوێنەرانی بۆرجوازیی نەتەوایەتی کوردیش پارتی «ڕزگاری» یان دامەزراند، پارتی «هیوا» و «ڕزگاری» جەبهەی نیشتمانیان دروست کرد.

له هاوینی ساڵی ١٩٤٦ کۆنفرانسێک له نێوان پارتی کۆمۆنیستی عیراق و هەندێ ڕێکخراوی سیاسی کورد بەسترا، له ئەنجامی ئەم کۆنفرانسه بەشێک له ئەندامانی پارتی «شۆرش» چوونه ناو پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە، بەشەکەی تر چوونه ناو پارتی «ڕزگاری» یەوە، ئەمانەش جوونه ناو (پارتی دیمۆکراتی کورد) که له دوای ماوەیێک ناوی بوو به(پارتی دیمۆکراتی کوردستان).

له پاش جەنگی دووەمی گێتی له عیراقا جارێکی تر خەباتێکی تیژ له ناو میللەت دا پەیدا بوو له دژی پەیمانی ئەنگلۆ – عیراقی ساڵی ١٩٣٠. هەروەها

حوکوومەتی عیراقیش دەیویست ئەم پەیمانە بگۆڕێ، لە لایێک بۆ ئەوەی میللەت هێمن بکاتەوە چونکە داوای هەڵوەشاندنەوەی پەیمانەکەی دەکرد، لەلایێکی ترەوە خۆی بەهێزبکا بۆ ئەوەی پەیمانێکی پوختتر لەگەڵ ئینگلیز ببەستێ و زیاتر چاکەی داگیرکەری تێدابێ.

لە ڕۆژی ١٥ ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ لە شاری پۆرتسمۆت کۆبوونەوەو گفتوگۆ دەستی پێ کرد بۆ ئامادە کردنی پەیمانی تازە لە نێوان عیراق و بەریتانیا. میللەت دژی ئەم گفتوگۆیە بوو، بۆ ئەم مەبەستە لێشاوی خۆپیشاندان هەموو لایێکی عیراقی گرت بووەوە و ئەم ڕاپەڕینە حوکوومەتی عیراقی ناچار کرد لە گفتوگۆ کردن بوەستێ، چونکە خەڵکی عیراق سوور بوون لەسەر ئەوەی هەموو قوربانییێک بدەن تەنیا ئەم پەیمانە سەر نەگرێ. بەڵام حوکوومەت توانی تۆڵەی خۆی بکاتەوە، زەبرو زەنگی دەوڵەت دەستی پێ کرد، بە تایبەتی کەوتنە قەلاچۆ کردنی هێزەکانی دیمۆکراتی و کۆمۆنیست و نیشتمان پەروەرانی تری عیراق. گەلێ ڕۆڵەی بێ تاوانی میللەتیان بەبێ خەتا خستە بەندیخانەوە، هەندێ لە سەرۆکەکانی کۆمەنیستیان لە سێدارە دا، سەدەها نیشتمان پەروەر لە بەندیخانەکان دا ئازار دران، هەندێکیان لە ئەنجام دا مردن.

ئەم هێرشە خوێناوییە بۆ سەر نیشتمان پەروەرو پیشکەوتنخواز و دیمۆکراتییانی عیراق، هەروەها بەربەرەکانی کردنی مافی نەتەوایەتی میللەتی کورد، ئەگەر چی بەڵگەی بەهێز بوونی کۆنەپەرستی بوو لە عیراقا لەو سەردەمەدا، بەڵام هەر چەندە کۆنەپەرستی بەهێزتر بێ زووتر دەڕووخێ.

سەر بە ئەمپریالیستەکان هەوڵیان دەدا وولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە پەیمانێکی جەنگی بە یەکتری ببەستنەوە، ئەمە نەک تەنیا دژی یەکێتیی سۆڤیەت بوو، بەڵکو بۆ بەربەرەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و نیشتمانی و چینایەتی کۆمەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیش بوو. لە ئەنجامی پرۆژەی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٥٥ «پەیمانی بەغدا»ی جەنگی دانرا. لە بنج دا پەیمانی تورکی - پاکستانی بوو بە بنیادی ئەم پەیمانە تازەیە لە پاش ئەوەی کە عیراق بەشداری تێدا کرد.

شۆرشی ١٤ ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ ڕژێمی مەلیک و نووری سەعیدی ڕووخاند، دەسەلاتی ئینگلیزە ئەمپریالیستەکانی لابرد، بەمە دەسەلاتی بێگانە لە

ناوچوو. ئەم شۆرشە لە چاکەی هەموو میللەتی عیراق دا بوو، زۆرترین بەشی جەماوەری میللەت بەشدارییان تێدا کرد. بەڵام زوو بەزوو دیمۆکراتیەت کەوتە لێژی و عەبدولکەریم قاسم حوکمی بەرەو دیکتاتۆری دەبرد و دەستی کرد بەربەرەکانیی مافی نەتەوایەتی کورد، بەمە دەوری مستەفا کەمال و ڕەزا شا و حەمە ڕەزا شای بەرامبەر بە کوردی عیراق تازە کردەوە. کوردیش ناچار بوو چەک هەڵگرێ بۆ بەرگری و پاراستنی مافی نەتەوایەتی خۆی.

کورد لە سووریا

بەشێک لە میللەتی کورد لە پاش ڕووخانی دەسەڵاتی عوسمانلی کەوتە سووریا. لە ساڵی ١٩٣٠ بەم لاوە هەندێ لە ڕۆشنبیرو خوێندەواری کوردی سووریا و برێکیش لە دەرەوە چوو بوونە ئەوێ ئەمانە هەوڵیان دەدا بۆ چاکەی کورد کۆشش بکەن. لە سووریاو لبنان چاپەمەنیی کوردییان دەمەزراند، دەستیان کرد بە دانانی ئەلفوبێیێکی کوردی لەسەر بنچینەی لاتینی. نەوەی بەدرخان دەورێکی باڵایان هەبوو لەپێش خستن و پەرەسەندنی چاپەمەنی و نووسینی کوردی لە ڕێی ڕۆژنامە نووسی و کتێب و ناميلکە و سیپارە بڵاو کردنەوە.

لە پاش جەنگی دووەمی گێتی و دەست خستنی سەربەخۆیی تەواو لە سووریا، ماوەی کۆدەتاو وەرگێڕانی دەسەڵات بەهێزی سوپا دەستی پێ کرد. کورد ژیانی کەوتە لێژی و مافی نەتەوایەتی کەوتە مەترسییەوە، چاپەمەنی کوردی قەدەغە کرا، گەلێ لە خوێندەوارو نیشتمان پەروەری کوردی بەوە تاوانبار کران کە بیرو باوەڕی مارکسیزمی و دژی نەتەوەی عەرەبیان هەیە، سەبارەت بەمە خرانە بەندیخانەوە. تا وای لێ هات ناوی کوردی لە منداڵی کورد قەدەغەکرا و ناوی گوندو دێهات و ناوچە کوردییەکان لە سووریا بە عەرەبی گۆڕایەوە.

ئەم دیاردەیە وا مایەوە تا ٢٣ی شوباتی ١٩٦٦، حوکوومەتێکی تر هات و هەندێ ئەم زەبروزەنگەی سووکتر کردو وەزعی کورد باشتر بوو.

کورد لە رووسیە و یەکێتیی سۆڤیەت

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم (١٨٠٤ - ١٨٠٥) لە پاش سەرکەوتنی تسیتسیانۆڤ لە جەنگی ڕووس لەگەڵ عەجەم و مۆرکردنی پەیمانی گوڵستان لە

سالّی ١٨١٣ ناوچەی ئەلیزابیت پۆل کەوتە ناو خاکی ڕووسەوە، بەمە بەشێک لە کورد بوو بە هاوولاّتی ڕووسیا، وە لە پاش هێرشی تورکمانەکان لە سالّی ١٨٢٨ کوردی ناوچەی یەریڤانیش لە وولاّتی ئێرانەوە هاتنە ناو رووسیا، لە سالّی ١٨٧٨ لە ناوچەکانی قارس و ئەردەهانیشەوە گەلێ لە خەلّکی کورد کۆچیان کردە خاکی رووسیا.

کورد لە وولاّتی ڕووسیا یەکێ بوو لە میللەتە بچووکە دووا کەوتووەکان، ئەمەش بۆ ئیمپراتۆریەتی ڕووس شتێکی سەیر نەبوو، گەلێ میللەتی تریشی لێ بوو کە لە کوردیش دوواکەوتووتر بوون.

لە پاش شۆرشی ئوکتۆبەر لە سالّی ١٩١٧ەو چەسپاندنی دەسەلاّتی تازەی سۆڤیەت لە هەموو خاکی ڕووسیای قەیسەری کۆن ، بە تایبەتی لە ناوچەکانی قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست کوردی ڕووسیەی کۆن بە کۆمەلّ لە گەلێ جێی جیاواز دەبینران:

١- ئەرمەنستانی سۆڤیەت

کوردی ئەرمەنستانی سۆڤیەت لە ناوچەی یەریڤان و ئەلەگەز دەژین. شاخی ئەلەگەز و دێهات و ئاواییی دەوروبەری پارچەیێکە لە خاکی کوردستان و کشاوەتە ناو کۆماری ئەرمەنستانی سۆڤیەت. زۆربەی هەرە زۆری کوردی ئەرمەنستان بە ئایین ئێزیدی، تاکو تووک موسولّمانی سوننییان تێدایە. لە پاش دامەزراندنی دەسەلاّتی سۆڤیەت هەندێ مافی نەتەوایەتییان وەرگرت، وەکو خوێندن بە زمانی دایک و چاپ کردنی کتێبی کوردی هەمەجۆرو دەرکردنی ڕۆژنامەی «ریا تازە» کە تا ئێستاش هەفتەی دووجار دەردەچێ، هەروەها ڕادیۆو شانۆو قوتابخانەی خۆشیان هەیە.

٢- ئازربایجانی سۆڤیەت

کوردی ئەم وولاّتە لە ناوچەکانی لاچین و کەلبەجاڕ دەژین، بە ئایین موسولّمان و بە مەزهەب شیعەن. لە سەرەتای دامەزراندنی سۆڤیەت مافی خوێندەوارییان هەبوو، قوتابخانەی کوردی هەبوو، کتێبی کوردی قوتابخانەکان بە زمانی کوردی و تیپی لاتینی چاپ دەکرا. بەلاّم ئەمە زۆری نەخایاند و پێش جەنگی دووەمی

گـێـتی مـافـی نەتەوایەتی ئەمـاو کـورد لە نـاو ئازربایـجـانی یان تووانـەوە، هۆی سـەرەکی بۆ ئەمـە ئەوەیە کە کورد و ئازربایجانی هەر دوو لایان مـوسـوڵمـان و بە مەزهـەب شیعـەن. دروشمی دەسـەلات بە دەستانی ئازربایجان ئـەوە بوو کە «ئێمە موسوڵمانین!» دیارە بە مانا ئەنترۆپولۆجییەکەی، نەک بە مـانا ئایینییەکەی، ئیتر ئەمە بووە هۆی تووانەوەی کورد لە ناو ئازربایجانییان.

٣- گورجستانی سۆڤیەت

کـوردی ئەم کـۆمـارە بە ئایین یەزیدین، بە زۆری لە شـاری تفلیـسی پایتـەخت دەژین، ئەمـانـە تا ئێسـتـاش پارێزگاری زمـانی خـۆیان و ئەدگاری نەتەوایەتییـان کردووە، رێکخـراو و یانەی ڕۆشنبیریی خـۆیان هـەیە، پێوەندییـان لەگـەڵ کوردی ئەرمـەنسـتـانا بـەهێـزە، کـتـێب بە زمـانی گـورجی و رووسی لەسـەر کـورد بڵاو دەکەنەوە.

٤- تورکمانستانی سۆڤیەت

کـوردی ئێـرە لـە ناوچەکـانی دەوروبەری مـاری دەژین (مـاری شـاری مـەرۆی مێژوویی کۆنـە)، ئەمانە کوردی مـوسـوڵمـانی شیعـەن، لە سـەرەتای دامـەزراندنی دەسـەلاتی سۆڤیەت قوتابخانەی کوردی و کتێبی کوردییـان هـەبوو بە تیپی لاتینی. بەڵام پێش جـەنگی دووەم ئەم مـافـەیان لێ سـەندرایەوە، کـەچی لەگـەڵ ئەوەشـدا کوردی تورکمانسـتـانی سـۆڤیەت تا ئێسـتـاش پارێزگاریی ئەدگاری نەتەوایەتیی خـۆیان کـردووە، وەکـو کـوردی ئـازربایجـان مـەترسی تووانەوەیان نییـە، چونکە ئەمـانە وەکو ووترا بە مـەزهـەب شیعـەن و تورکمـانەکان سوننەن، ئیتر ئەمـە بووە هۆی ئەوەی پارێزگاری ناوەرۆکی نەتەوایەتیی خۆیان بکەن.

***

ئەم کـــوردەی کـــە نـەتەوەیێکی هەرە کـۆن و گـــرنگ و پڕ بایەخی ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـتـە، خاوەنی سـفـیلیزاسـیـۆنی ڕەسـەنی خـۆیەتی، ئەمـە ڕەنگی لە ژیانی کـۆمـەلایەتـی داوەتەوە، بووە بە خـاوەنی خـوێندەواری و ڕۆشنبـیـری و کولتـووری نەتەوایەتیی تایبەتیی خۆی. ئەلفوبێی کوردی (بە تیپی عەرەبی بێ، یا لاتینی، یا سـیریلی) قـالبێکە هـەست و تاقی کردنەوەی شـاعیرو نووسـەرو زانا و هونەروەر و

هەموو ڕۆشنبیرێکی کوردی پاراستووە، بە هەر دیالێکتێک بێ لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی، ئەمە هەمووی بەشێکە لە سامانی نەتەوایەتی، ڕۆژگاریش ئەم هەموو هەویرە نەترشاوانە لە سوێنەیێک دا دەشێلێتەوە و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی لێ دروست دەکا. ئەوەی پێشووش کە بووە بە کلاسیک هەر دەمێنێ.

بەشی سێیەم

زمانی کوردی

زمانی کوردی لە گرووپی ئێرانی یا هیندۆ ئێرانی بنەماڵەی هیندۆ ئەوروپییە، ئەو زمانە نەتەوەییەی ئێستا لە ناوەوەیە بە پێی گۆڕانێکی سروشتی لەو زمانانەوە دروست بووە کە باب و باپیرانی کورد لە پێش هاتنی ئایینی ئیسلام قسەیان پێ کردووە و پێیان نووسیوە. بەم جۆرە ئەو زمانەی ئێستا کە بووە بە ڕەمزی نەتەوەیی کورد لە دوای پەیدا بوونی ئیسلام کەوتۆتە ناوەوە.

زمانی کوردی وەکو هەموو زمانەکانی دیکەی سەر ڕووی زەوی لە دیالێکتی گەورەو بچووک پێک هاتووە، بەرهەمی ئەدەبی سەر زاری نەنووسراو بە هەموو دیالێکتەکانی کوردی لە ڕۆژگارێکی دێرینی مێژووەوە تا ئێستا لە ناوەوەیە. بێ گومان وەزعی جوگرافیای سروشتی کوردستان لە شاخی بەرز و شیوی قووڵ و رووباری بەرین و دەشت و بیابانی گەورە بۆتە هۆی دابڕانی ناوچە جوگرافیەکان لە یەکتری و دروست بوونی نەریت و ئەدگاری تایبەتی بە ناوچە، ئەمە نەک تەنیا زمان دەگرێتەوە بەڵکو هەموو لایەن و سووچەکانی ئەتنۆگرافیاش دەگرێتەوە.

دیالێکتەکانی زمانی کوردی

یەکەمین کەسێک زانستانە پەنجەی بۆ نەتەوەی کورد درێژ کردبێ و دیالێکتەکانی زمان و ئەو تیرە و هۆزانەی نەتەوە لێیان پێک هاتووە دەستنیشان کرد بێ، شەرەفخانی بدلیسییە (١٥٤٣– ١٦٠٣) لە کتێبی «شەرەفنامە»دا. لەوێدا کوردی بەسەر چوار تیرەی گەورەدا دابەش کردووە: کرمانج و گۆران و لوڕ و کەلهوڕ.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم تۆفیق وەهبی ئەم بیروڕایەی شەرەف خانی کردووە بە بنج و بناوان بۆ دابەش کردن و دیاری کردنی دیالێکتە گەورەو بچووکەکانی زمانی کوردی. لە دوایی هەندێ کەسی دیکە لەم بارەیەوە قسەیان

کردووه، بەڵام ئەو لیستانەی تۆفیق وەهبی بۆ دیالێکتەکانی زمانی کوردی دایناوون ڕاستی و زانستییان وون نەکردووە و بۆ هەموو دەورو زەمانێک دەست دەدەن.

نەخشەی جوگرافی تۆفیق وەهبی بۆ دیالێکتەکانی زمانی کوردی وەکو لای خوارەوەیە:

١- کرمانجی دەکرێ بە دوو بەش:

(أ) کرمانجی سەروو: لە باکوورەوە یەریڤان - قارس - ئەرزنجان - ئەرزەڕۆم، مەلاتیە - مەرش (مەرعش)- ئەسکەندەروونە.

لە باشوورەوە گۆلی وان - بە درێژایی زێی گەورە - ڕووباری دیجلە.

(ب) کرمانجی خواروو: لە باکوورەوە گۆلی وان - بە درێژایی زێی گەورە - ڕووباری دیجلە.

لە باشوورەوە کرماشان - خانەقین - ڕووباری دیجلە.

٢- لوڕی: لە باکوورەوە سوڵتان ئاباد - دەوڵەت ئاباد - کرماشان - خانەقین - ڕووباری دیجلە.

لە باشوورەوە شیراز - کازەروونە - تا نزیک کەنداو.

٣- گۆرانی: لە خەتی سنە - کرماشان بەرەو ڕۆژئاوا، لە هەندێ دێهاتی نزیک سنووری عیراق و ئێران قسەی پێ دەکرێ.

زازایی: لە هەندێ پارچەی ویلایەتەکانی ئەرزەڕۆم، خەرپووت، بدلیس، دیاربەکر قسەی پێ دەکرێ. لە بنج دا گۆرانی و زازایی یەکتری دەگرنەوە.

مێژووی دانانی ئەلفوبێ بۆ زمانی کوردی

بە درێژایی مێژوو لە دوای بڵاو بوونەوەی ئایینی ئیسلام لە کوردستان دا نووسینی کوردی لە سەر بنج و بناوانی ئەلفوبێی عەرەبی بووە تا سەرەتای سەدەی بیستەم لە پاش ئەوە هەوڵ دراوە ئەلفوبێی نەتەوەکانی دیکە بەکار بهێنرێ بۆ دانانی ئەلفوبێی کوردی. ئێمە لەم ماوەیەدا باس لەو هەوڵ و تەقەلایانە دەکەین کە سەرنەکەوتن و نەبوون بە ئەلفوبێی ستانداردی زمانی کوردی بەکار هێنراو:

دیالێکتەکانی زمانی کوردی



١- هەوڵی «کۆمەڵەی هیوی» ئەستەموول ١٩١٠

لە ساڵی ١٩١٣ کۆمەڵەی هیوی قوتابیانی کورد لە ئەستەموول پرۆژەیێکی دانانی ئەلفوبێی کوردی پێشنیاز کرد لە سەر لاپەڕەکانی کۆواری «ڕۆژی کورد» (ژمارە ٢، ١٩١٣) ئەم ئەلفوبێیە لە سەر بنجی ئەلفوبێی عەرەبی بوو، ئەو دەنگانەی (مەبەس تیپی دەنگدارە) لە پێشانا نەبوون بۆیان دانرا. ئێنجا وایان بە باش زانی بوو تیپە عەرەبییەکان بە یەکترییەوە نەنووسێنرێن، واتە وەکو نووسینی لاتینی کە تیپەکان بە یەکترییەوە نانووسێنرێن ئەمەیان دیارە بۆ نووسینی دەست و چاپ بوو، واتە لە هەر دوو باردا تیپەکان بە یەکترییەوە نەنووسێنرێن. ئەم پێشنیازە سەری نەگرت زیاتر لەبەر ئەوەی ئەلفوبێی عەرەبی گیروگرفتی زۆری تێدا بوو و بەشی زمانی کوردی نەدەکرد، ئەم کارە زیاتر مەسەلەکەی دەشێواند.

٢- ئەلفوبێی کوردی بە تیپی ئەرمەنی

لە ساڵی ١٩٢٠ لە شاری تفلیسی پایتەختی گورجستان لازۆ کازاریان ئەلفوبێی بۆ کوردی قەفقاس ڕێک خست لەسەر بنج و بناوانی ئەلفوبێی ئەرمەنی. لە سەرەتا لەو قوتابخانە کوردییەی تفلیس ئەم وانەیە دەووترایەوە کە لازۆ خۆی بۆ منداڵانی کوردی کرد بووەوە. هەروەها کتێبێکی بۆ ئەم مەبەسە چاپ کرد بوو بە ناوی «شەمس» هەر خۆشی دایناوو و بە دەرز دەیووتەوە.

٣- دوو کتێبی ئایینی ئێزیدی «جلیوە» و «مەسحەفی ڕەش» لەبەر دەست دایە، ئەمە بە ئەلفوبێیێکی تایبەتی نووسراوەتەوە، بێ گومان مەبەسی ئەوە بووە تێکستەکان بە نهێنی بمێننەوە و تەنیا چینەکانی سەرەوەی ئێزیدییان هی وەکو میرو شێخ بتوانن دوو کتێبەکە بخوێننەوە.

کلیلی خوێندنەوەی تێکستی دوو کتێبەکە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناس و کورد ناسانی ئەوروپا دۆزرایەوە.

٤- هەموو ئەو کورد ناسانەی تێکستی ئەدەبی میللییان کۆکردۆتەوە هەر یەکەیان بەپێی لێکدانەوەی خۆی ئەلفوبێیێکی لاتینی داناوە بۆ تێکستەکان، بە هیچ جۆرێ بە تەنیا یا بە کۆمەڵ ئەم ئەلفوبێ یانە نەبوون بە ئەلفوبێی ڕەسمیی ستانداردی زمانی کوردی.

٥- جوولەکە کوردەکانی ئیسرائیل هەندێ هەوڵیان داوە بۆ دانانی ئەلفوبێ لەسەر

بنج و بناوانی تیپی عیبری و تێکستی کوردی ئەدەبی میللییان پێ نووسیوەتەوە و بڵاو کردۆتەوە. ئەمە ئەو کەسانە سوودی لێ وەردەگرن کە کوردی دەزانن و شارەزاییـیان لە ئەلفوبێی عبیری هەیە. زۆرتر ئەم کارە لەلایەن جوولەکە کوردەکانی ئێرانەوە کراوە.

٦- هەندێ تێکستی کوردی بە درێژاییی مێژوو بە ئەلفوبێی سریانیش دەبینرێ.

مێژووی ئەلفوبێی ستانداردی زمانی کوردی

لە سەردەمی ئێستامان دا سێ جۆرە ئەلفو بێ لە زمانی کوردیدا بەکار دەهێنرێ وەکو لای خوارەوە:

(أ) ئەلفوبێ لەسەر بنج و بناوانی تیپی عەرەبی، ئەمە لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامەوە بەردەوامە تا ئێستا، لە چەند قۆناغێکدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە لە پێناوی ئەوەی زیاتر تیپەکان لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردی بگونجێن.

١- یەکەم هەنگاو هەر لە کۆنەوە تیپەکانی پ - چ - ژ - ڤ. گ خراونەتە سەر ئەلفو بێی زمانی عەرەبی، چونکە ئەم دەنگانە لە عەرەبیدا وێنەیان نییە، شاعیرانی کوردی کلاسیکی ئەم دەنگانەیان بەکار هێناوە، هەروەها کوردناسەکانیش لە تۆمار کردنی تێکستی کوردی ئەم تیپانەیان پشتگوێ نەخستووە.

٢- یووسف زیائەدین پاشای خالیدی لە ساڵی ١٨٩٢ لە کتێبی «الهدية الحميدية في اللغة الكردية»دا دەرکی بەوە کردووە کە سێ حەرەکەتەکەی زمانی عەرەبی سەرو بۆرو ژێر لە زمانی کوردی دا هەیە، پێشنیاز دەکا (ـە، ە) و (و) و (ـێ) بۆیان دابنرێن، هەروەها هەستی بە بوونی دوو دەنگداری دیکەش کردووە واوی کراوە (ۆ) و یێی کراوە (ێ). ئەم پێشنیازانە زوو بەزوو نەکەوتنە پراکتیکەوە، بۆ ئەمە کە لە ساڵی ١٩٢٢ دیوانی مەحوی چاپ کراوە سێ حەرەکەتەکەی عەرەبیش ڕەنگیان نییە.

٣- لە سییەکانی سەدەی بیستەم دا ئەم دەنگدارانە پەیدا بوون: «ـە = e، و = u، ی = i، وو = û » لە نووسین دا بەبێ دەسکاری کردن لە وێنەی تیپە عەرەبییەکان. هەروەها لە ساڵی ١٩٢٦ ئەحمەدی عەزیز ئاغا لە کتێبی «ئەلفبای کوردی» پێشنیاز دەکا تیپ بۆ هەندێ دەنگدار دابنرێ، لەمانە (و =

u) و (ی = i) هەروەها بۆ (ر) و (ل) لەم لایەنە دەڵێ: ڕێ لە «سەر» سووکە، لە «گەڕ» قورسە. لام لە «کەلاوە» سووکە، لە «پڵاو» قورسە. لێرەدا دانەر تەنیا پێشنیاز دەکا و تیپ بۆ ئەم دەنگانە دانانێ.

٤- لە ساڵی ١٩٢٣ وەزارەتی مەعاریف داوای لە تۆفیق وەهبی کرد دەستووری زمانی کوردی بنووسێتەوە، بە دوو بەش بڵاو کرایەوە لە ساڵانی ١٩٢٩ و ١٩٣٠، هەر لەو سەردەمەدا بوو سەعید سدقی «مختصر صرف و نحوی کوردی» دانا (بەغدا ١٩٢٨)، ئەمانە هەموویان بایەخی زۆریان بە ئەلفو بێ داوە، بە تایبەتی ئەو تیپانەی دەنگیان هەبوو و ڕەنگیان نەبوو، پێویست بوو بەدروشمی وەکو (i) ئەم تیپە تازانە دروست بکەن.

٥- لە ساڵی ١٩٣٠ مارف جیاووک «بەرگی ئیملای کوردی» بڵاو کردەوە، لەوە دا حەرفی بۆ هەر سێ حەرەکەتەکەی عەرەبی دانا و یەکێکی تریشی خستە سەر و ناوی نا مەددە.

هەموو ئەو هەوڵانە لە ڕووی پراکتیکەوە لە کتێب و هەندێ لە کۆوارەکانی وەک «گەلاوێژ» و «دەنگی گێتیی تازە» و هی دیکە گەیێنراونەتە ئەنجام.

دوا هەنگاوی گۆڕانی ئەلفو بێی کوردی لەسەر بنجی تیپی عەرەبی دەکەوێتە پاش جەنگی دووەمی گێتی. لەو ماوەیەدا هەرچی پێویست بوو لە ئەلفو بێی عەرەبی دا بکرێ بۆ ئەوەی بە تەواوی لەگەڵ زمانی کوردی بگونجێ گەیێنرایە ئەنجام، تەنیا دەنگێک نەبێ «ژێری گوشراوی سووک» هیچ جۆرە وێنەیێکی بۆ دانەنراو لە ئیملای کوردی بە تیپی عەرەبی نانووسرێ، بەڵام لە ئەلفو بێی لاتینی (i) بۆ دانراوە، وەکو ئەوەی بە حەرفی عەرەبی «کردن» دەنووسرێ، بەڵام بە لاتینی «Kirdin» دەنووسرێ.

لە پاشانا لە بێ دەنگەکان «ر» و «ل» ی قەڵەو دانران «ڕ» و «ڵ»، لە دەنگدارەکانیش «و، وو، ۆ، و، ێ» هاتنە ناو ئەلفو بێی زمانی کوردییەوە، بەم جۆرە ئەلفو بێی کوردستانی عیراق و ئێران لەسەر بنجی تیپی عەرەبی گەیشتە پلەیێک نەتوانرێ زیاتر دەسکاری بکرێ، لەم کردەوەیەدا ڕۆشنبیر و خوێندەوارێکی زۆری کورد بەشدارییان کردووە، لە سەرووی هەموویانەوە جێ پەنجەی تۆفیق وەهبی لەم لایەنەوە ئاشکراو دیارە.

(ب) ئەلفو بێ لەسەر بنج و بناوانی تیپی لاتینی

لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی لە سێ لا عیراق و ئەرمەنستان و سووریا هەوڵ درا ئەلفو بێی ستانداردی زمانی کوردی لەسەر بنج و بناوانی ئەلفو بێی لاتینی دابنرێ، ئەو کەسانەی خەریکی ئەو کارە بوون ئاگاداری کۆششی یەکتری نەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە زۆر هەوڵ و تەقەلادا کارەکانیان لە یەکترییان دەکرد، ئەگەر جیاوازیش لە نێوانیاندا بووبێ لەبەر دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی بووە بە تایبەتی کرمانجی خواروو و کرمانجی سەروو، ئەوەی عیراق بۆ کرمانجی خواروو بووە، ئەوەی ئەرمەنستان و سووریا بۆ کرمانجی سەروو بووە.

١- لاتینی کوردستانی عیراق

لە بەغدا زانای ئینگلیز ئی. ب. سۆن لە ساڵی ١٩١٩ کتێبی «سەرەتای دەستووری زمانی کوردی» بڵاو کردەوە ئەمە لەسەر بنج و بناوانی دیالێکتی کرمانجی خوارووی زمانی کوردی بوو، لەوێ هەوڵی داوە وێنەی دەنگەکانی زمانی کوردی بە تیپی لاتینی بکێشێ. لە پاش ئەم کتێبە هەندێ کردەوەی دیکە کەوتە ڕوو وەک لاسایی کردنەوەی پرۆژەکەی سۆن. وا بوو لە ساڵی ١٩٢٠ محەمەد زەکی و میرزا محەمەد باشقە «اولەمین قراءتی کوردی» یان لە بەغدا بڵاو کردەوە.

کتێبی تۆفیق وەهبی «خوێندەواری باو» لە بەغدا لە ساڵی ١٩٣٣ بڵاو کرایەوە، زنجیرەیێک ووتار لە کۆواری «دەنگی گێتیی تازە» (١٩٤٣ - ١٩٤٤) بە ناوی «دەستووری زمانی کوردی» بڵاو کرایەوە، ئەمە هەمووی مەشق بوو بۆ جێگیر کردنی تیپی لاتینی لە ناو کوردی عیراق دا، ئەم ئەلفو بێیەی تۆفیق وەهبی پێڕەوی هەندێ لە کارەکانی سۆنی کرد بوو، بۆ بەڵگە بۆ دەنگەکانی (غ ش چ) (gh, sh, ch)ی دانا بوو، بۆ (ڵ، ڕ) قەڵەو (lh, rh)ی دانا بوو هەروەها بۆ (یی) - یێی قوول - (iy) دانا بوو.

بە هەموو جۆرێک، زیاتر لەبەر هۆی سیاسی لە دەوڵەتی عیراقەوە و هۆی ئایینی لە نێوەندی هێزی ئایینییەوە ئەم کارە سەری نەگرت، بە تایبەتی قەومییە عەرەبەکانی عیراق نەک تەنیا دژی تیپی لاتینی بوون بەڵکو دژی ئەو دەنگانەش بوون کە لە زمانی عەرەبیدا نییە وەکو (پ) و (چ)... لەسەر ئەمە تۆفیق وەهبی یان تاوانبار دەکرد کە دەسکاری وێنەی تیپی زمانی عەرەبی دەکا.

٢- لاتینی بۆ کوردی ئەرمەنستان

لە ساڵی ١٩٢٩ ئیسحاق موروگوولۆڤ و عەرەبی شەمۆ ئەلفو بێیان بۆ کوردی ئەو وولاتە دانا لەسەر بنجی لاتینی. لە دوایی دا ئەو ئەلفو بێیە بە ڕەسمی دانی پێدا هێنراو ئینجا کتێبی زانستی و هونەری و کتێبی قوتابخانەی پێ چاپ کرا، بۆ ماوەیێکی زۆر ڕۆژنامەی «ڕیاتازە = Ria Taza» ی پێ چاپ کرا، ئەمە لە قەفقاسی ڕووسیا بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٤٥، لەو کاتەدا ئەلفو بێ لەسەر بنج و بناوانی ئەلفو بێی رووسی (سلاڤی = سیریلی) دانرا.

٣- لاتینیی کوردی سووریا

مەسەلەی ئەلفو بێی تازەی تورکی کارێکی گەورەی کردە سەر ڕۆشنبیری کوردی. لە ساڵی ١٩٣٢ لە سووریا هەرەکۆل عەزیزان (جەلادەت بەدرخان) ئەلفو بێی کوردی لەسەر بنجی لاتینی دانا و لە کتێبی «ڕێزمانا ئەلفبایا کوردی، شام، ١٩٣٢» بلاو کرایەوە. بێ گومان دانەری ئەلفوبێکە پێڕەوی دیالێکتی کرمانجیی سەرووی کردووە، ئەم ئەلفو بێیە دەورێکی گرنگی هەبوو لە بلاو کردنەوەی ڕۆشنبیری کوردی لە کتێب و کۆ وار تا دوای جەنگی دووەمی گێتی، ئیتر نەک زمانی کوردی بەڵکو بوونی کورد لە سووریا قەدەغە کرا.

(ج) ئەلفو بێ لەسەر بنج و بناوانی ئەلفو بێی ڕووسی

لە دوای جەنگی دووەمی گێتی ئەلفو بێی لاتینی هەموو نەتەوەکانی رووسیا لە ناو ئەوانەش کورد دەستی لێ هەڵگیراو ئەلفو بێی تازەیان بۆیان دانا لەسەر بنجی ئەلفوبێی رووسی، ئەمە هەموو نەتەوەکانی قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاستی گرتەوە بە تایبەتی نەتەوە موسوڵمانەکان. بەڵگەی گۆڕینی لاتینی بە ڕووسی بۆ کورد ئەوەبوو منداڵی کورد بە رووسی و کوردی و ئەرمەنی دەخوێنێ، واتە پێویستە سێ جۆرە ئەلفو بێ فێر ببێ، ئەگەر زمانی کوردییەکەی خۆی بە ئەلفوبێی ڕووسی بنووسێ مانای ئەوەیە فێری دوو ئەلفوبێ دەبێ، رووسی و ئەرمەنی بۆ سێ زمانی کوردی و ڕووسی و ئەرمەنی بەکاری دێنێ. ئەمە ئەگەرچی قازانجی هەبوو بۆ کوردی ئەوێ، بەلام بۆ کوردی دەرەوە زیانێکی گەورە بوو.

بەم جۆرە ئێستاش سێ جۆرە ئەلفو بێ لە ناوەوەیە، لە عیراق و ئێران لەسەر

ئەلفوبێی کوردی

لەسەر بنجی تیپی عەرەبی و لاتینی و ڕووسی (سلاڤی، سیریلی)

ڕووسی	لاتینی	عەرەبی
–	–	ء
Б б	B b	ب
П п	P p	پ
Т т	T t	ت
Ш ш	C c	ج
Ч ч	Ç ç	چ
Һ һ	H h	ح
Х х	X x	خ
Д д	D d	د
Р р	R r	ر
-	Ŕ ŕ	ڕ
З з	Z z	ز
Ж ж	J j	ژ
С с	S s	س
Щ щ	Ş ş	ش
Э э	-’	ع
Ґ ґ	X x	غ
Ф ф	F f	ف
В в	V v	ڤ
Q q	Q q	ق
K k	K k	ك
Г г	G g	گ
Л л	L l	ل
-	Ĺ ĺ	ڵ
М м	M m	م
Н н	N n	ن
Һ һ	H h	ه
W w	W w	و (بێ دەنگ)
Й й	Y y	ی (بێ دەنگ)
А а	A a	ا (ـا)
Э э	E e	ە
Ö ö	U u	و
У у	U u	وو
О о	O o	ۆ
И и	I i	ی
Е е	E e	ێ
Ь ъ	I i	-

بنجی ئەلفو بێی عەرەبییە، کوردی سووریا و تورکیا لاتینی بەکار دێن هەروەها دەسگا زانستییەکانی هەموو ئەوروپا لاتینی بەکار دێن، کوردی ئەرمەنستانی سۆڤیەت ئەلفوبێی ڕووسی بەکار دێن. (بنوارە وێنەی لیستی ئەلفو بێی کوردی).

ئەم دیاردەیە هەرچەندە باش و سروشتی نییە، بەلام ئەو خراپەش نییە، دوا ڕۆژ ئەو بڕیارە دەدا کامە ئەلفوبێ هەڵدەبژێرێ؟ ئەگەر لە ڕووی واقیعیشەوە تەماشای کێشەکە بکرێ چاکە و بەرژەوەندیی کورد لەوەدایە دەست لە ئەلفوبێی عەرەبی نەدرێ ئەوەی لە نووسینی کوردیدا بەکار دەهێنرێ، چونکە وەک سامانی نەتەوەییێک بەو ناسراوە.

بەشی چوارەم

ئایینی کورد

کورد بۆ ماوەیێکی زۆر پێش بڵاو بوونەوەی ئایینی ئیسلام لە نیشتمانە شاخاوییەکەی خۆی دا ژیاوە، بێ گومان لەو سەردەمە کۆنانەدا ئەویش هەر لەسەر ئەو ئایینانە بووە کە کۆمەڵانی هاوسێی گرتوویانە. کورد هەموویان ئایینێکی وەک یەکیان نەبووە، واتە لەسەر یەک ئایین نەبوون هۆی ئەمەش دەچێتەوە سەر چڕی خاکی کە خۆی لە وەزعی تایبەتی جوگرافی ناوچەو هەرێمەکان دەدۆزێتەوە.

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە پەرستنی دیاردەکانی سروشت: ئاسمان و ئەرز و باو باران و برووسک و هەورە تریشقە و ڕۆژ و ئاگر و ڕووناکی لەناو هۆزو تیرەکانی هیندو - ئەوروپی دا باو بوو. واتە ئەو دیاردە چاکانەی کە لە سروشت دا دەبینرێن، بەم پێیە ئاشکرایە کە پێوەندیی کۆمەڵانی هیندو - ئەوروپی بە پەروەردگارەوە بە پێچەوانەی نەتەوە تورکە - مەنگۆلەکان بووە، ئەوان خۆیان لە خودایانی خراپ نزیک دەکردەوە و قوربانییان پێشکێش دەکردن بۆ ئەوەی لە خراپەیان دوور بکەونەوە.

پەرستنی دیاردەکانی سروشت لە ئایینی میترایزم خۆی دەنوواند. میترایزم لە میترا (Mithra) وە هاتووە، ئەمە خودای ڕووناکییە لەلای هیندو - ئێرانییەکان. میترای خودای ڕۆژ و ئەنیتای خودا ژنی خاک و زاوزێ و هومای گاجووتی پیرۆز بنکەی بنچینەیین لە ئایینی میترایزم دا.

پەرستنی میترا ماوەیێکی زۆری خایاند، لایەنی پراکتیکی خوو و ڕەووشتێکی زۆری لەناو کۆمەڵ دا دروست کرد، جگە لەمە میترایزم پلەی نهێنیشی هەبوو، بۆیە پەرستنی میترا و ئەنیتا خودای ڕۆژ و خودا ژنی ڕووەک و پیت و بەرەکەت و زاوزێ هەر مایەوە تا پاش پەیدا بوونی ئایینی ئەهورامزداش، نەک هەر ئەمە

بەڵكو لە سەدەكانی سەرەتای مێژووی مەسیح دا جارێكی تریش ژیایەوەو چووە ناو جیهانی ڕۆمانەكانەوە. ئەمە هەمووی بەڵگە و نیشانەی ئەوەیە كە میترایزم كۆنترین ئایینێكی سەر ڕوو زەوییە كە تا پلەیێك خزمەتی كۆمەڵانی كۆنی كردووە بەوەی بووە هۆی بڵاو بوونەوەی شارستانیەتی و چاك كردن و بەرەو پێشەوە بردنی ژیانی ئادەمزاد.

میتانییەكان یەكەمین نەتەوەی هیندو - ئەوروپی بوون لە ئاسیا كە میترایان دەپەرست، لە وانەوە ئەم ئایینە چووە ئێران و هیندستان، لەبەر ئەوەی لەگەڵ گۆڕانی كۆمەڵ ڕێك دەكەوت زوو بەزوو لە ناو زۆربەی تیرەو هۆزی كۆمەڵانی هیندو - ئێرانی بڵاو بووەوە.

ئایینی زەردەشتی

زەردەشت پێغەمبەری هۆزو تیرە و كۆمەڵەكانی ئێرانی بوو، لە سەدەی حەوتەمی پێش مەسیح لە وولاتی میدیا پەیدا بوو، بیرو باوەڕی شۆرشێك بوو بۆ چاك كردن و گۆڕین و تازەكردنەوە و یەكخستنی ئایینی ئەم كۆمەڵە خەڵكانە. لە پێشانا بیرو باوەڕی لە بەلخ بڵاو كردەوە، لە پاشانا هەموو خاكی ئێرانی گرتەوەو بوو بە ئایینی ڕەسمی بنەماڵەی ئەخەمەنییەكان، ئەوەی ئەسكەندەری مەكدۆنی لە ناوی بردن (٣٣١ پێش مەسیح)، لە پاشانا ئەردەشێری یەكەم كردی بە ئایینی دەوڵەتی ساسانی تا داهاتنی ئیسلام.

زەردەشت لەناو كۆمەڵی نەوەكانی ماد و فارس لە ئێرانا پەیدا بوو، لای ئاشكرا بوو كە هاوولاتیانی ئاژەڵ و ڕووەك و ڕۆژ و ئەرز دەپەرستن، زۆربەی ئەم دیاردانە لە ئایینی میترایی ڕەنگیان دابووەوە، لەم ڕووەوە توانی كارێكی گەورە بكا بۆ چەسپاندنی ئەم بیرو باوەڕە تازانە لەناو خەڵكی دا.

بنج و بناوانی ئایینی زەردەشتی لەسەر «چاكە» و «خراپە» دامەزراوە، ئەهورامزدا و ئەهریمەن بەڵگە و نیشانەو دروشمی ئەم هێزەن. ڕۆژ نرخێكی گرانی هەیە لەلایان، بە جەوهەری هەموو شتێكی بوون (كون، وجود) ی دادەنێن، بەم پێیە ئاگریش لەلایان پیرۆزییێكی تایبەتیی هەیە، لەسەر شاخەكان دا ئاگریان دەكردەوە بۆ ڕێزگرتن لە ئەهورامزدا، بەڵكو ئاگر خۆی گەیشت بووە ئەو پلەیەی كە بپەرسترێ، هەموو بنەماڵە و خانەوادەیێك لە دەوری ئاگردانی خۆیان كۆ

دەبوونەوە، هەوڵیان دەدا هەمیشە لە ئاگردانی ناو ماڵ ئاگر هەبێ و قەت نەکوژێتەوە.

ئایینی زەردەشتی لەسەر بنکەی سێ بیرو باوەڕ دامەزرا بوو:

١- ئاوەدان کردنەوەی جیهان، بە بنیاد نانی ماڵ و دروست کردنی بنەماڵە و خێزان و زاوزێ کردن و خەریک بوون بە کشتوکاڵ و بەخێو کردنی ماڵات و لە ناو بردنی هەموو ئاژەڵ و زیندەوەرێکی کە چاکەی بۆ ئادەمزاد نەبێ، هەروەها پاراستنی لەش و تەندروستی و پاک و تەمیزی، لەبەر ئەوە بوو ڕۆژوو گرتن لەلایان قەدەغە بوو، چونکە لەش لاواز و بێهێز دەکا.

٢- باوەڕ کردن بە دوو هێز، یەکەمیان ئەهورامزدا بوو خودای بە تواناو سەرچاوەی چاکە لە هەموو جیهان دا، دووەمیان ئەهریمەن بوو خودای خراپە، دیارە خەبات و زۆرانبازییەکی تیژ لە نێوانیان دا هەبوو، بەڵام لە ئەنجام دا خودای چاکە بەسەر هێزی خراپە دا زاڵ دەبێ.

٣- هەر چوار جەوهەرەکە ئاگر و با و خاک و ئاو پیرۆزن، بە هیچ جۆرێک نابێ بە شتێکی تر پیس بکرێن، نویشکی فەلسەفەی ئەم ئایینە لەسەر سێ پەند دامەزراوە «بیری چاک، قسەی چاک، کردەوەی چاک».

لە پاشانا ئایینی مانی پەیدا بوو، ئەمەش بریتییە لە کۆمەڵێک مەزهەب و بیرو باوەڕی ئاری و سامییە کۆنەکان، هەروەها لە هەموو ئایینەکانی سەردەمی خۆشی وەرگرتووە. بەڵام زەردەشتی و گاوور بەرهەڵستییان کرد و بەربەرەکانییان کردن، ئەمە بووە هۆی ئەوەی زۆریان لێ بکوژن.

لە ڕۆژگارانی کەی قوبادی یەکەم (٤٨٨ پاش مەسیح) مەزدەک پەیدا بوو، ئەمە پشتگیری هەندێ لە بیرو ڕاکانی مانی دەکرد، فەلسەفەی ئایینەکەی لەسەر سۆسیالیزم دامەزرا بوو، بە تایبەتی لە رووی ئابووری و پێوەندیی نێرینە بە مێیینەوە، دەیویست یەکسانی لە ناو ئادەمزاد دا باو بێ، بەڵام نەوشیرەوان مەزدەک و یاران و هاو بیرانی لەناو برد.

لەو سەردەمەی کە هیندو ئێرانی لە هیندو - ئەوروپی جیا دەبوونەوە و پێش ئەوەی بِبن بە دوو بەشی هیندی و ئێرانی سێ زمان لە ناوەوە بوو:

١- زمانی سانسکریتی گرنگترین یادگاری کتێبی پیرۆزی «ڤیدا»ی هیندستانی

پێ نووسراوەتەوە.

٢- زمانی ئاڤێستا نایابترین تۆمار کراوی دەستووری زەردەشتییان کتێبی ئاڤێستای پێ نووسراوەتەوە.

٣- زمانی فارسی کۆن، ئەم زمانە لە تۆمار کراوی سەر لەوحە هەڵکەنراوەکانی ئەرکیۆلۆجی دا دەبینرێ.

ئاڤێستا کتێبی پیرۆزی ئایینی زەردەشتییە، زمانەکەشی هەر زمانی ئاڤێستای پێ دەووترێ. زمانی ئاڤێستا زمانی ئایین و ئاتەشکەدەو مووبەدان بووە (پیاوانی ئایینی زەردەشتی)، ئەلفو بێی تایبەتیی خۆی هەیە، لە پێنج بەش پێک هاتووە:

١- یەسنا: بە مانای عیبادەت و پاڕانەوەو تەسبیحات و ونوێژ و جەژن هاتووە، گرنگترین بەشەکانی ئاڤێستایە، بریتییە لە ٧٢ فەسڵ و هەمووی بەسەر دوو بەش دا دابەش کراوە، بەشی یەکەم لە فەسڵی یەکەمەوە تا فەسڵی بیست و حەوتەمینە، بەشی دووەم فەسڵەکانی ترە. لە ناو ئەمانەدا ١٧ فەسڵ بە «گاتا» ناسراوە، ئەمە کۆنترین بەشی ئاڤێستایەو لە هەمووشیان پیرۆزترە.

گاتاکان بە شیعر دانراوون، ناوە ناوە پەخشانیان تێدا تێک هەڵکێش کراوە، زەردەشتییەکان دەڵێن ئەمە قسەی زەردەشت خۆیەتی. گاتاکان لە ٢٣٨ پارچە شیعر پێک هاتوون، ژمارەی دێڕەکانیان ٨٩٦ دێڕە شیعرە و ژمارەی ووشەکانیان ٥٥٦٠ ووشەیە. لە ڕووی بابەتیشەوە گاتاکان لە پێنج بەش پێک هاتوون: ئەهنوود، ئەشتوود، سپەنتمەد، هوەخشەتر، هیشتواشت.

٢- ڤیسپەرد: بە مانای «سەروەران هەموویان» هاتووە، ئەمە کتێبێکی تایبەتی و سەربەخۆ نییە، بەڵکو لە پاشکۆکانی یەسنایە.

٣- ڤەندیدات: بە مانای «دەستووری دژ بە شەیتان» هاتووە، بریتییە لە ٢٢ فەسڵ، فەسڵی یەکەم باس لە دروست کردنی (خەلقی) ئەرز و ئیقلیمەکان دەکا، فەسڵی دووەم خەریکی ئەفسانەی «جەم» یا «یەم»ە، ئەوانی تر باس لە ئەدگارەکانی ئایین و پاک و تەمیزی دەکەن، فەسڵی دوایی باس لەوە دەکا کە چۆن ئەهریمەن سەرچاوەی دەرمان (٩٩٩٩٩) نەخۆشییە و چۆن «پەیکی یەزدی» نێرراوی خودا (٩٩٩٩٩) دەرمان بۆ نەخۆشییەکان دەدۆزێتەوە.

٤- یەشت: بە مانای «عیبادەت لە کاتی نان خواردن» داهاتووە، لە بنچ دا

د. مارف خەزنەدار. ب١ (٥)

پەشتـەکان شیـعـر بوون، بەڵام بە درێژایی ڕۆژگار لێکدانـەوەی شـیـعرەکان بە پەخشـان بۆ مـەبەسـی تێگەیشتن، شـیـعـرو پەخشـان تێکەڵ بـە یەکـتـری بوون و کێشی شیعرەکان شێوان. ئێستا ٢١ پارچە پەشت لەبەر دەست دایە، هەندێکی کورتە و هەندێکی درێژ.

٥- ووردە ئاڤێـسـتـا: ئەمـە کورتـە و نویشکی ئاڤێـسـتـایە، مـووبەدی مـووبەدان (سـەرۆکی مـووبەدان) ئازەربەد مـیـهـر ئەسـپـەند لەسـەر دەمی فـەرمـانڕەوایی شـاپووری دووەم (٣١٠ – ٣٧٩ پاش مـەسـیـح) دایناوە، ئەمـە کـتـێـبی نوێژ و پاڕانەوەی ڕۆژانـەیە، هەروەها لـە ڕۆژە پیـرۆزەکـان و جـەژنە ئـایینیـیـەکـانیش دەدوێ.

لەپاش بڵاو بوونـەوەی ئایینی ئیـسـلام، کـتـێبی ئاڤێـسـتـا وەکـو سـەرچاوەیێک و یادگـارێکی کۆن هەر مـایەوە، بە تایبـەتی بۆ کـورد کـەڵکێکی زۆری بووە، لە نیـوەی یەکـەمی سـەدەی بیسـتـەم و تا ئێسـتـاش ئاڤێـسـتـا سـەرچـاوەیێکی گـرنگ بووە بۆ دەوڵەمـەند کردنـی زمانی کـوردی تازە لە ڕووی داهێنانی ووشـە و زاراوەی نوێوە. تۆفـیق وەهبی دەورێکی بـاڵای نوواندووە لەم لایەنەوە. هـەرچی ئایینەکـەشـە خـۆی بەرامـبـەر ئایینـی تازە نـەگرت و ئیـسـلام هاتە جێی، ئەگـەر بەشـێکی زۆر کـەم لە خەڵکی لە ئێران و هیندستان تا ئێستا لەسـەر ئەم ئایینە نەمانایەوە، بۆمان هەبوو بڵـێـین ئایینـی زەردەشـتـیش وەکـو گـەلێ ئایینی تری ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست بە تەواوی کوێر بووەوە. ئەوەی پێویستـە لەم ماوەیەدا بگوترێ ئەوەیە ئێستا کۆمەڵی زەردەشـتی لـە هـەر کـوێیـێـک بن، لە دواکـەوتـووترین دانیـشـتـوانی ئەو وڵاتـانە دەژمێررێن.

ئایینی ئیسلام

ئایینـی ئیسـلام لە ناو زۆربەی هەرە زۆری نـەتەوەکـانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست و ئاسـیـای نـاوەڕاست بڵاو بووەوە. کـوردیش یەکێک بوو لەو کـۆمـەڵە خـەڵکـانەی کـە چوونـە ناو ئـەم ئایینـە تـازەوە. بڵاو بوونـەوەی ئایینی ئیـسـلام لە نـاو کـوردا بـە جـارێک و بەبێ گـرێ نەبوو، مـاوەیێکی زۆری خـایاند هـەر لە سـەرەتاوە بەرەبەرە ئایینی ئیسلام زیاتر پەرەی دەسەند و ئایینە کۆنەکان گرژ دەبوونەوە و دەچوونەوە ناو قـەپێلکی خـۆیان، بەڵام بەشـێکی کـورد لەسـەر ئایینە کۆنـەکانی خـۆیان هەر

مـانەوە، بـا هـەندێکیـان - لەبـەر گـەلێ هۆی دیاری کـراو - هـەوڵیـشـیـان دابێ ئایینەکـانیـان بخـەنە قـالبی ئیـسـلامی ڕەسـمـیـیـەوە بـەناوی مـەزهـەبێک لە مەزهەبەکانی ئیسلام یا سۆفیزم.

زۆربەی کوردی موسوڵمان لەسەر مەزهەبی سوننین و پێڕەوی ئیمامی شافعی دەکەن، بەشەکەی تری کوردی موسوڵمان لەسەر مەزهەبی شیعیی دووازدە ئیمامین. ئەم دیاردەیە کارێکی گەورەی کرد بووە سەر مێژووی کورد بە تایبەتی لە ماوەی ئەو پێنج سەدەی دووایییە دا، کە بەربەرەکانی و دوو بەرەکی لەنێوان شای عەجەمی شیعی و سوڵتانی عوسمانلی سوننی بەهێز بوو بوو گەیشتبووە پۆپەی، هەر لایە ئەم جیاوازە مەزهەبییەی بۆ چاکەی خۆی بەکار دەهێنا، لەلایەکی تریشەوە ئەگەر چی تورکی عوسمانلی و کورد هەر دوولایان سوننی بوون، بەڵام سەر بە ئیمامێک نەبوون لە چووار ئیمامە سوننییەکان، کورد وەکو ووترا پێڕەوی ئیمامی شافعییان دەکرد و تورکە عوسمانلییەکان پێڕەوی ئیمامی حەنەفییان دەکرد، کەچی ئەم دیاردەیە هەر چەندە بچووکیش بوو دەبووە هۆی جیاوازی بیرورا.

بەم جۆرە سیاسەتی گێرەشێوێنی سوڵتانەکانی عوسمانلی کوردی لە چووار چێوەی «موسڵمانی حەنەفی» دەبردە دەرەوە.

بەگشتی پاش بڵاو بوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ناو کۆمەڵی کوردەواری دا، کورد بە باوەڕێکی پاک و بێ گەردەوە پێڕەوی ئەم ئایینەیان دەکرد تا پلەیێک هەستی ئایینی لە لایان لە هەستی نەتەوایەتی بەهێزتر بوو، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێکی زۆر لە زانایانی ئایینی ئیسلام لە ناو کورد دا پەیدا ببن و خزمەتێکی گەورەی ئایینەکە بکەن لە ڕێگەی نووسینی ئەو کتێبانەی کە خەریکی دەستووری ئیسلامەتی و زانستییەکانی زمانی عەرەبی دەبن، ئەمانە لە ئەنجامی باوەڕ کردنێکی قووڵ بە ئیدیۆلۆجیەتی ئایینی ئیسلام فەرامۆشی زمان و ئەدەبی نەتەوەکەی خۆیان کرد بوو. مەلایێکی دیارو بەناوی وەکو مەلا محەمەدی قزڵجی لە بابەت مەلا گەورەکانی کوردەوە دەڵێ: «دانراوەکانیان و بەرهەمی بیرییان هەمووی بە زمانی عەرەبی ئایینی بوو، هیچ بایەخێکیان بە زمانی خۆیان نەدەدا چونکە لە ناو ئیسلام تووانەوە و زمانی قورئانیان خۆش دەویست، بە تایبەتی بە کوڵ مەزهەبی ئیمامی شافیعییان گرتبوو، ئەوەی تووانەوە لەناو عەرەبی دا، لە هەموو

شتێک دا بە پێویست (واجب) دەزانێ».

هەرچی خەڵکە ساکارو نەخوێندەوارەکەی تریشە بە تایبەتی دەشتەکی و دێهاتی، ئەمانە بە بیرو باوەڕێکی خاوێن و دوور لە ڕەچاو کردنی هیچ چاکەیێکی کەسی تایبەتی پێڕەوی دەستوورەکانی ئایینی موسوڵمانیان دەکرد و لەگەڵ ژیانی ڕۆژانە و خەبات لەپێناوی ژیان دا گونجاندبوویان.

لەناو کۆمەڵی کوردی موسوڵمانی سوننی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم دا بزووتنەوەی دەروێشی (لایەنی پراکتیکی سۆفیزمی ئیسلام لە کۆمەڵی ئیسلام دا)پەیدا بوو، ئەم بزووتنەوەیە بە تایبەتی لە دوو تەریقەتە بە ناوبانگەکەی «قادری» و «نەقشبەندی» خۆی نوواند بوو.

تەریقەتی یەکەم «قادری» کە دامەزرێنەری شێخ عەبدولقادری گەیلانی (١٠٧٧ – ١١٦٦) بوو لەسەر دەستی شێخ مارفی نۆدەیی (١٧٥٣ – ١٨٣٨) لە ناوچەی سلێمانی کەوتە ناوەوە، تەریقەتی دووەم «نەقشبەندی» کە دامەزرێنەری شێخ بەهائەدینی بوخاری نەقشەبەندی (١٣١٧ – ١٣٨٩) بوو لەسەر دەستی شێخ خالیدی شارەزووری نەقشەبەندی (١٧٧٩ –١٨٢٦) هەر لە ناوچەی سلێمانی پەیدا بوو.

دیارە گفتوگۆ و چەند و چوونێکی فەلسەفی لە لێکدانەوەی ڕێبازەکانی تەریقەتی قادری و نەقشبەندی و تەریقەتەکانی تر لە ناوەوە بوو، بە تایبەتی لە نێوان شێخ مارفی نۆدەیی و شێخ خالیدی شارەزووری و لە دووایی دا لە نێوان خەلیفە و جێنشینەکانیان، ئەمە هەمووی بۆ ئەوە بوو هەر کەسە ئەوە دەربخا کە تەریقەتەکەی خۆی ڕاستترە و کۆمەڵی موسوڵمان پێویستە پێڕەوی بکەن.

بێ گومان هەردوو لاشیان هەموو بیروڕاکانیان لەگەڵ «شەریعەت» گونجاند بوو لە ڕووی تیۆرییەوە، واتە هیچ تەنگو چەڵەمەو ناخۆشییێک لەنێوان «شەریعەت» و «تەریقەت» دا نەبوو، ئەوەی ڕاستیش بێ لە سەرەتادا بزووتنەوەی سۆفیزمی ئیسلامی – بەشێکە لە سۆفیزمی کۆزمۆس – لە دژی شەریعەت و نوێنەرە ڕاستەقینەکەی خەلیفەی عەباسی بوو؛ بزووتنەوەیێک بوو بەرامبەر بە شەریعەت کە ڕەمزی «وەستان» بوو، هەرچی سۆفیزمیشە خۆی بە ڕەمزی «بزووتنەوە» دادەنا. ئیتر خەلیفەکان بە هەموو هێزیانەوە هەوڵیان دەدا ئەم بزووتنەوەیە دەمار

بڕ بکەن، بەڵام بۆیان نەکرا.

لە لایێکی ترەوە ئەم شـۆڕشـە ئەدەب و هونەرێکی یەکجـار بەرزی لەنـاو نەتەوە مـوسـوڵمـانەکـان دا پەیدا کـرد، بێ گـومـان لە ئەدەبی کـوردیش دا ئـەم ڕێڕەوە ئاشکراو دیارە. هەرچی لایەنـی ئیـدیۆلۆجیـەتەکـەشـە ئەمـەیان بـەرە بەرە سـارد بووەوە و لە ڕێگەی بنچـینەیی خـۆی لای داو تا بـە تەواوی لەگـەڵ شـەریعـەت دا گونجا، تا وای لێ هات تـاقە کەسێک هـەر دوو وەزیفەی لە کـاتێک دا دبینی: مەلای خاوەنی شەریعەت و شێخی خاوەنی تەریقەت. ئەمە بووە هۆی ئەوەی خەلیفەکانی عوسمانلی بۆ چاکە و بەرژەوەندیی چینەکانی سەرەوە لە ژێر نـاوی «سۆفیزم» بە شکڵ و «دەروێشیزم» بە ناوەرۆک کردیانە داردەستی خۆیان.

هەرچی خەڵکە سـاکارەکەی کوردسـتـانیش بوو، چی بە ناوی دەروێشی قادری و چی بە ناوی سـۆفیی نەقشبەندی، بە نیەتێکی پاک و خـاوێنەوە تەریقـەتی لەسـەر دەسـتی شـێخ و خـەلیـفـەکـان وەردەگـرت و پێـڕەوی شـەریعـەت و ئـایینی موسوڵمـانیشی دەکرد بە ئومێدی ئەوەی بچیتە بەهەشت و ببێتە بەهەشـتی، بۆ ئەم مەبەسە داوێنی شێخی بەر نەدەدا، چونکە بێ گومان جێگەی بەهەشتە!.

دەروێشـیـزم (شـێخ و دەروێش و سـۆفی و تەکـیـە و خـانەقـا) دەورێکی گەورەی هەبوو لـە دیار کردنـی ژیانی کـۆمـەڵایەتی و سـیـاسـیی نـەتەوەی کـورد، زیاتریش تەگـەرەیێک بـوو بۆ گـەیشتن بە ئـامـانج. لە پـاش جـەنگی دووەمی گـێـتـیـیـەوە دەروێشیزم لە کوردستانا بەرەو ئاوا بوون ڕۆیشت و باوی نەما.

بەڕاسـتی ئـایینی ئیسـلام تـەنیا ڕێگەی بۆ عـەرەب خـۆش نەکرد ببێتـە خـاوەن دەوڵەت، بەڵکو هـاوسێکانیشی لە تورک و فارس و کورد لە کۆمـەڵی پەڕاگەندەیی و ناتەبایی عـەشـیـرەتی دا دەژیان، چونکە هـەر بەرەیێک لەسـەر ئاییـنێک بوو، ئایینی ئیسـلام تا پلەیێک ئەم نەتەوانەی یەک خـست، بەم جـۆرە کەڵکی بۆ ئەم میللەتانە هەبوو، لـە پێـشـانـا عـەرەب وەک خـاوەنـی ئایینەکـە ئینجـا تورک و فـارس بەنـاوی سـوننە و شـیـعـە بوون بە ئیمـپـراتۆر، کەچی کوردەکە سـوودی لەم هـەڵسـوکەوتە وەرنەگرت و ئایینی ئیسلام یەکێک بوو لەو هۆیانەی تەنیا کوردی لە فەوتان ڕزگار کرد.

ئایینی ئێزیدی

ووشەی «یەزیدی» یا «ئێزدی» لە «یەزد» و «یەزدان»ەوە هاتووە. ئەم ووشەیە مانای خوداو کردگار و پەروەردگار دەگەیێنێ لەلای باپیرانی کورد و نەتەوەکانی تری ئێرانی.

ئایینی ئێزیدی یادگارو نموونەی بیرو باوەڕێکی گەلێ کۆنە، وە پاشماوەی ئایینە کۆنەکانی باپیرانیانە لە کوردانی پێشوو و تا ئێستا لەناو بەشێکی نەتەوەی کورد بۆیان ماوەتەوە. ئێزیدییان وا دەردەخەن کە باوەڕیان بە دوو هێز هەیە، هێزی چاکە و هێزی خراپە، هەروەها باوەڕیان بە دۆنادۆنیش هەیە کە کردگار دێتە سەر زەوی بۆ مەبەسی چاک کردنی باری ژیانی خەڵکی.

ئێزیدی هەندێ دیاردەی سروشت دەپەرستن، لەمانە ئاگر و ڕووناکی جێگەی تایبەتی و دیاریان هەیە. مەلەک تاووس لەلایان ئەدگار و سیمایێکی خوداییە. ئەمە پیاو وا لێ دەکا بیر لەوە بکاتەوە کە دەبێ پێوەندییێک لە نێوان «تاووس»ی ئێزیدییان و «تەمووز»ی خودای ڕۆژ و گەرمایی سۆمەرییان هەبێ.

یەکەمین تازەکەرەوەی ئەم ئایینە شێخ ئادیی هەکارییە (٥٥٧هـ / ١١٥٤م مردووە)، وا دەردەکەوێ کە ئەم زانا گەورەیە ئایینی ئێزیدی خستۆتە ناو قاڵبی سۆفیزم و دەروێشیزمەوە و تەریقەتەکەی بە ناوی خۆیەوە واتە «تەریقەتی عەدەوی» ناوی دەرکردووە. شێخ ئادی لە مەدینە ژیاوە و لە پاشانا چووە بۆ ناوچەی هەکاری و ئینجا لە لالش تەکیە یا دێری دروست کردووە و هەر لەوێش نێژراوە، ئێستاکە ئەو شوێنە قیبلەی هەموو ئێزیدییانە.

ئێزیدییان دوو کتێبی ئایینییان هەیە: «جیلوە» و «مەسحەفی ڕەش»، ئەمانە بە زمانی کوردی و ئەلفو بێیێکی نهێنی نووسراونەتەوە پیاوانی ئایینییان نەبێ کەسی تر دەنگی تیپەکانی نەدەزانی.

مەکسیمیلیان بیتنەری ئەڵەمان لە ساڵی ١٩١٣ تێکستی «جیلوە» و «مەسحەفی ڕەش»ی بڵاو کردەوە.

ئێزیدییان کاهوو و پاقلە و ماسی ناخۆن، جلی شین لەبەر ناکەن، گەلێ ئەدگاری ئایینە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان پاراستووە.

خەڵکی موسوڵمانی دەورو بەریان بە درێژایی ڕۆژگار ئازاریان داوون، لە ساڵی ١٤١٥ ئارامگای شێخ ئادییان ڕووخاند، پەرستگایان تەفروتوونا کرد، بەڵام دووبارە پێڕەوانی ئایینی ئێزیدی دروستیان کردەوە.

هاوسێکانیان بۆ مەبەسی بەربەرەکانی و لەناو بردنیان ناویان بە «شەیتان پەرست» دەبرد، ئەم کارە لە دەوروبەری فەرمانڕەوایی تورکە عوسمانلییەکان گەیشتبووە لووتکە، چونکە ناو نانیان بە «شەیتان پەرست» خۆی لە خۆی دا هاندانی خەڵکەکە بوو نەوەکو هەر بە چاوێکی سووک تەماشایان بکەن، بەڵکو بە کوشتن لە ناویان ببەن. ئەم سیاسەتە چەوت و چەوێڵەی تورک بووە هۆی ئەوەی بە هەزاران ئێزیدی بێ گوناە ببن بە قوربانیی تیرۆری سوڵتانی عوسمانلی.

زانیاری و لێکۆڵینەوەیێکی یەکجار زۆر لە بابەت ئێزیدییانەوە لە ناوەوەیە بە زمانانی جیاوازی ڕۆژهەلاتی و ڕۆژئاوایی لەلایەن زانایانی کورد و هی ترو ڕۆژهەلاتناسەکانەوە، بەڵام یەکێ لە لێکۆڵینەوە هەرە قووڵەکانی نەوەکو تەنیا لە بابەت ئایینی ئێزیدییەوە بەڵکو لە بابەت میترایزمیشەوە لیکۆڵینەوەکانی تۆفیق وەهبییە.

ئایینی یارسان – ئەهلی هەق

ووشەی «یارسان» وێنەیێکی تری «یارستان»ە (لەسەر کێشی کوردستان) بە مانای خاک یا ووڵات یا مەڵبەندی یاران، مەبەس لە «یاران» ئەوانەی پێڕەوی ئەهلی هەق دەکەن. ئەهلی هەق یەکێکە لە ئایینە ڕەسەنە کۆنەکانی کورد، پێرەوانی ئەم مەزهەبە باوەڕیان بە گەڕانی گیان و دۆنادۆن هەیە، لەسەر ئەو باوەڕەن کە کردگار (خودا) حەوت جار لە گێتی دا دەردەکەوێ و خۆی دەنوێنێ، هەر جارە چووار فریشتە (یارانی چار مەلەک)ی لە گەڵایە، خودا لەگەڵ ئەوانا یەکێتییێکی تەواو و بێ کەم و کووڕی دروست دەکا.

یارسانەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئایینیان کۆنترین ئایینی سەر رووی زەوییە، لەو ڕۆژەی کردگار ژیانی دروست کردووە بە شێوەی دۆنادۆن هاتۆتە سەر ڕووی زەوی. پلەی هەرە بەرزی دۆنادۆن ئادەم و حەوایە، ئینجا شاهە ئەفسانەییەکانی وەکو کیومرت و جەمشید و فەرەیدوون و کەیکاووس و کەیخوسرەو و ئەفراسیاب، ئینجا ئەو قۆناغانەی کە گیان چۆتە لەشی

پێغەمبەرەکانەوە: سلێمان، ئیبراهیم، مووسا، فیرعەون، عیسا، محەمەد، عەلیی کوڕی ئەبوو تالیب، لە پاشانا گیان چۆتە لەشی شا فەزل، باڵوولی دانا، بابا خۆشین، شێرە خان (بابا ناووس)، بابا جەلیل، بابا سەرهەنگ، سوڵتان ئیسحاق، حاجی بەکتاش، پیر محەمەد.

کۆنی ئەم ئایینە بووەتە هۆی ئەوەی گۆڕرانێکی زۆری بەسەردا بێ، وەکو دیارە هەندێ لە پێغەمبەرانی ئایینەکانی تری وەرگرتووە، وەکو پێغەمبەرەکانی ئایینی جوولەکەو دیان و ئیسلام.

هۆز و تیرە و کۆمەڵانی کە لەسەر ئایینی «یارسان»ن، ناوی جیاوازیان هەیە. وەکو دەردەکەوێ گونجاوترین ناو «یارسان»ە، بەڵام خۆیان بە خۆیان دەڵێن «ئەهلی هەق»، کەچی هاوسێ موسوڵمانە سوننییەکانیان پێیان دەڵێن «عەلی ئیلاهی»، ئەم ناوە بە هیچ جۆرێ لەگەڵ ڕاستی ناگونجێ، چونکە عەلی یەکێکە لەوانەی کە گیان چۆتە لەشی و بۆ چاک کردنی باری ژیانی خەڵکی هاتۆتە سەر ڕووی زەوی.

کەوابی ئەم ناوە بۆ بەربەرەکانی کردنیانە. لە مەڵبەندی تریش «کاکەیی»یان پێ دەڵێن، لەلایێکی دیکە «قزڵباش» و لە ناوچەیێکی تر «شەبەک» یا «سارەلوو»شیان پێ دەڵێن.

شێوەی گۆرانیی کوردی زمانی ڕەسمی یارسانەکانە، کۆنترین و بەرزترین بەرهەمی ئەدەبی کوردی ئایینی یارسانەکانە. ئەم بەشەی نەتەوەی کورد زمانی خۆیان بە زمانی بەهەشت دەزانن و ڕۆژی مەحشەریش بەلای ئەوانەوە لە شارەزوور دەبێ.

لێکۆڵینەوە لە ئاینی یارسانەکان لە ڕۆژهەڵاتناسی ئەورووپادا جێگەیێکی تایبەتی هەیە، زانایانی وەکو م.کینیر، ڤ. ژووکۆڤسکی، ڤ. مینۆرسکی وهی تر دەوری دیاریان بووە لە لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی تێکستی ئایینی یارسانەکان. لە ناوزانایانی کوردیش پێویستە ناوی تۆفیق وەهبی و د. محەمەد موکری لەیاد نەکرێ چونکە پسپۆڕی گەورەی ئەم ئایینە و شارەزای تەواوی ئەدەبیاتیان بوون.

بەشی پێنجەم

ژیانی کۆمەڵایەتیی کورد

بێ گومان دیاردەی جوگرافیی کوردستان لە کێو و شاخ و شیو و دەربەند و ئەشکەوت و دارستان و دەشت و مێرغوزار و قەڵپەزو بەفرو باران و سەرما و گەرما هەندێ خوو ڕەووشت و خاسیەتی تایبەتیی لەناو کوردا دروست کردووە، ئەم خاسیەتە لە زۆر شت دا لە هاوسێکانی جیای دەکاتەوە و بووە بە جەوهەرێکی تایبەتی لە بوونی نەتەوایەتی‌دا. هەندێ لەم خاسیەتانە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگارێکی یەکجار کۆنی دەوربەری کۆمەڵانی خەڵکی هیندو - ئەورووپی و هیندو – ئێرانی و سەردەمی ئیسلام.

جگە لەمە بڕێک جەوهەر و خوو و ڕەووشتی سامییەکانیش (ئەکەد و بابل و ئاشوور) نەوەکو تەنیا کاریان لە باپیرانی نەتەوەی کورد کردووە بەڵکو بەگشتی کاریان لە مەدەنیەتی هەموو کۆمەڵەکانی سەر بە هۆزو تیرەکانی هیندو - ئەورووپی و هیندو - ئێرانیش کردووە. ئەم هەموو خاسیەتانەیان لەناو یەکتری تواندۆتەوە و بەرگێکی ئیسلامییان لەبەر کردووە، بەڵام بە ناوەرۆک ئەدگاری نەتەوەیی تایبەتیان تێدا دیارو ئاشکرایە. تا ئێستاش ژنێکی کوردی زۆر موسوڵمان کە سوێندی گەورە دەخوا پەنجە بۆ گلۆپی ئەلەتریک درێژ دەکاو دەڵێ: «بەم ئاگرە! بەم ڕووناکییە!». بەڵام لە کۆنەوە تا دەوروبەری جەنگی دووەمی گێتی بۆ سوێندە گەورەکە پەنجەیان بۆ فانۆس و لالە و سۆپە و ئاگردانی ناوماڵ درێژ دەکرد. گومان لەوەدا نییە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگارێکی یەکجار کۆن.

چینەکانی کۆمەڵی کورد

کۆمەڵی کورد بە شێوەیێکی گشتی لە سێ چینی سەرەکی پێک هاتووە:

١- چینی سەرەوە، یا چینی دەرەبەگ، ئەمە بریتییە لە سەرەک عەشیرەتەکان لە

ئاغا و میر و بەگ و پاشا و خان و شێخ و کوێخا و خاوەن زەوییە کار بەدەستەکان. بەلای مینۆرسکییەوە دەرەبەگایەتیی کۆمەڵی کورد خاسیەتی تایبەتیی خۆی هەیە، ئەم خاسیەتە لە ئەنجامی سەر شۆڕ نەکردن بۆ ڕۆم و عەجەم و وەزعێکی ئابووریی باش و پێوەندیی جووتیار بە ئاغاوە هاتووە.

لەم دوواییەش دا سەرمایەداری بە تایبەتی کۆمپرادۆری لە شارەکانی کوردستانا پەیدابوو.

٢- چینی ناوەڕاست، یا چینی بورجوازیی بچووک ئەمە بریتییە لە پیشەسازی وەکو ئاسنگەر و دارتاش و چەخماغچی و ناڵبەند و موتابچی و خومخانەچی... بە تایبەتی خوێندەوار و مووچە خۆرانی میری، ئەمانە بە زۆری لە شارانا دەبینران.

٣- چینی خووارەوە، یا چینی جووتیار و فەللاح، ئەمە دارکەرو ڕاوچی و کۆڵ هەڵگر و گەلێ جۆری تریش دەگرێتەوە، ئەمانە مسکێن یا رەعیە یا بۆرە پیاویشیان پێ دەڵێن بە تایبەتی لە گوند و لادێ دا.

جیاوازییێکی گەورە لە ناو ئەم چینانە دا هەیە، بە تایبەتی لە نێوان چینی سەرەوە و چینی خووارەوە، یەکەمیان دەوڵەمەندێک هەموو شتی هەیە! دووەمیان هەژارێک هیچی نییە!

لە دووای جەنگی یەکەمی گێتییەوە، لە کۆمەڵی کوردەواری دا وەکو هەموو کۆمەڵەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چینی کرێکار بە مانای «پرۆلیتێر»یش پەیدا بوو. بەڵام دیاردەیێکی تر لە ژیانی کۆمەلایەتیی کورد دا هەیە کە پێوەندییێکی ڕاستەوخۆی بە چینەکانی کۆمەڵەوە هەیە و کارێکی گەورە دەکاتە سەر چارەنووسی نەتەوە، ئەویش ژیانی کۆچ کردن و نیشتەجێییە:

١- کۆچەر: ئەمە بریتییە لەو هۆز و عەشیرەتانەی کە لەزستانا لە دۆڵ و شیوەکانا دەژین، مەڕ و ماڵات و بارگە و خیوەت و ڕەشماڵیان دەپێچنەوە، لە هەوارێک بۆ هەوارێکی تر کۆچ دەکەن. ڕەنگە هەر چەندە دوورتر بڕوانینە مێژووی کورد زیاتر ڕوو بەڕووی ژیانی کۆچەری ببین لە ناو عەشیرەتە کوردەکانا، بەڵام هەر چەندە بۆ خووارتر تەماشا بکەین ژیانی کۆچەری تەسکتر دەبێتەوە تا پاش جەنگی یەکەمی گێتیی و دەوروبەری جەنگی دووەم ژیانی نیشتەجێیی باڵی بە

سەر کوردەواری دا دەکێشی.

٢- نیشتەجێ: ئەمە بریتییە لە دانیشتووانی شار و دێهات، جیاوازییێکی تەواو لە نێوان ئاسۆی بیری و پلەی ژیانی کۆمەڵایەتی ناو ئەم دوو کۆمەڵە خەڵکە دا هەیە، هۆی ئەمە ئەوەیە کە سەرچاوەی بەرەو پێشەوە بردنی ژیان لە شارا هەیە، وەکو قوتابخانە و نامەخانە و مۆزە و یانە و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و چاپەمەنی... بەڵام لە دێهات دا مەگەر چەند پۆلێکی قوتابخانەی سەرەتایی هەبێ، ئەویش نە وەکو لە هەموو دێیێک دا، ئەگینا هیچی لێ نییە.

خوو و ڕەووشت

ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بە ئازایی ناوبانگیان دەرکردووە، ئابۆڤیان بە «سوارچاکی ڕۆژهەلات» یان دادەنێ، لەم لایەنەوە بەم جۆرە باسیان دەکا: «لە یەکەمین بینین دەتوانین کورد بناسین، بە سەر و سیمای پڕ لە پیاوەتی و مەردایەتی و بەژن و قیافەتی قۆزو هەیکەلی بە ئەندام گاڵتە بە ترس دەکا، سەرەڕای ئەمە ڕوخساری کورد چاوێکی گەورە و بریقەدار و ئاگرینی پێوەیە، برۆی چڕ و نێوچەوانی بەرز و لووتی درێژی چەماوە و هەنگاوی بەهێز؛ یا بەشێوەیێکی تر سیفەتی قارەمانانی کۆنی بۆ ماوەتەوە».

بێ گومان وولات و خاکێکی خاوەن دیاردەی جوگرافیی جۆراو جۆر و ڕەنگا و ڕەنگ لە شاخی بەرز و شیوی قووڵ و دارستانی چڕ و زستانی سارد و هاوینی گەرم و گەلێ دیاردەی تریش بووە بە بەڵگەی ئازایی ئەم نەتەوەیە، سۆن دەڵێ: «مەترسی هەمیشەیی لە دەروونی کورد دا بووە هۆی ئەوەی باوەڕ نەکردن و ئازایی و چوست و چالاکی و دووربینییێکی زۆر ووردی لەلا دروست ببێ».

بۆیە مینۆرسکی دەڵێ: «لەبەر ئەوە هەر کەسێکی بیەوێ لە ڕووی کورد هەڵستێتەوە پێویستە هەزار حسێب بۆ کارەکەی بکا».

کورد وولاتی خۆی خۆش دەوێ، شانازیی پێوە دەکا، چونکە سەرچاوەی بوونیەتی، لە ناو شاخ و کێوی هەزار بە هەزارا دەسەڵاتی بێگانەی لەسەر نەبووە، با بە ناو سەر بە سوڵتانی ڕۆم و شای عەجەمیش بوو بێ.

کە مرۆڤێکی کوردی زاگرۆسی دەڵێ «ئەز کرمانجم» یا «من کوردم» یا «ئەمن

کـوردم» ئەم رسـتــە وەک یەکـیـیـانە لـە هەسـتـێکی قـووڵەوە هـەڵدەقـوڵێ بەوەی خـاوەنەکەی باوەڕی بەوە هەیە کە نەژادی کوردی هیچ گرێیێکی سـایکۆلۆجی لەلا دروست نەکـردووە، بەڵکو بـە پێچـەوانەوە ئەم نەژادە بووە بـە هۆی سـەر بـڵندی لە ناو خەڵکی تر دا. ئەم ئادەمزادە کوردە ئەوەندە گیرۆدەی نیشتمانەکەیەتی هەرگیز لە خـۆی جیـا ناکـاتەوە یا خـۆی لەو جیـا ناکـاتەوە، لەبەر ئەوەیە «کـوردسـتـانی من» ڕستەیێکی گەلێ باوە لەسەر زمانی شاعیران و نووسەرانی کوردەوە.

ژیانی عـەشـیـرەتی و کۆچەری وای لـە کورد کـردووە کـە پێـوەندییـێکی بـەهێـزی لەگەڵ ڕێکخراوی عـەشـیرەت دا ببێ، ئەم پێوەندییـە لە ناخی دەروونەوە پاڵی پێـوە دەنێ شـانازی بە نەژاد و بنەچـەکەی خـۆی بکا. نەخـوێندەواری کـورد هـەتا چەند پشـتـێک ناوی باب و باپیـرانی دەزانێ و شـارەزای بـەسـەر هـات و مـێـژووی ژیانی بنەماڵەی خۆیەتی.

کـۆن و کـۆنینـەی لەلا پیـرۆزە، پابەندی ئـایین و مــەزهـەبی باب و بـاپیـریـەتی، تەریقـەتی دەروێشی بە تایبەتی قادری و نەقشبـەندی ڕاستـەوخۆ و ناڕاستـەوخۆ، بە بیـروبـاوەڕ یا هـەر بـە ناو کـاری گـەورە لە کـۆمــەڵی کـوردەواری دا کـردووە، سـەرۆکی هـەموو بنەمـاڵەیێک بە تایبەتی لە سـەرەتای سـەدەی نۆزدەمـەوە، بە باوەڕ یا هـەر بە ناو سەر بە تەریقەتێک بووە، کوڕ و نەوەی پارێزگاریی ئەوەیان کردووە، هـەر لەبەر ئـەوە شـتـێکی زۆر ئاسـایی بوو باوک بە کوڕەکـەی بڵـێ: «کـاکە حـمـەد پشـتـیـوانت بێ»، و دایک بە کوڕەکەی بڵـێ: «شـاهـی نەقشـبـەند بتپـارێزێ»، ئیـتـر ڕەنگە ئەو کوڕە لە باتی حوجرە بەر قوتابخانەی تازە بابەت کەوتبێ و نە تەریقەتی باوکی وەرگرتبێ و نە هی دایکی.

ئەتنۆگرافیا

ژیانی کۆمـەڵایەتی کورد لە خـانووبەرە و شـار و ناومـاڵ و جلـوبەرگ و ئاهـەنگی ژن هێنان و خـەتەنە سوورانە و پرسـە و شتی تر، کۆمـەڵە نەریت و ڕەووشتێکە بە درێژایی ڕۆژگـار لەسـەردەمـە هەرە کۆنەکانی مـێژووەوە تا ئێسـتـا دروست بووە، ئەمە جـەوهـەری بنەماڵە و عەشـیرەت و هـۆز و تیرە و نەتەوە و ئایینی تێدایە، بەڵام هـەر چۆنێ بێ شـێـوەیێکی نەتەوەیی وەرگـرتووە، وەکـو ئەوەی کە زۆربـەی خـەڵکی ئەم زەوییـەی ئێمـە ڕۆژی یەک شـەمـوانیـان کردووە بە ڕۆژی پشـوودانی هەفتـەیی،

باوەڕ ناکەین ئەمە هیچ ناوەرۆکێکی ئایینی مەسیحی تیدا مابێ، ئەگەر چی لە بنجیش دا دیارە ڕۆژی یەک شەمـوو ڕۆژی پیـرۆزی گـاوورانە، چونکە ڕۆژی ژیانەوەی عیسایە.

جەژنەکانی کورد

گەورەترین جەژنێکی گشتیی نەتەوەی کورد جەژنی نەورۆزە، ئەم جەژنەیە دەگەڕێتەوە سەردەمە هەرە کۆنەکانی کە هۆز و کۆمەڵە خەڵکەکانی هیندو - ئەورووپی تێدا ژیاوون. نەورۆز واتە ڕۆژی نوێ، ڕۆژی ئاوابوونی زستانی سەخت و هەڵاتنی بەهاری جوانە، سروشت باری ژیانی کوردەواری لە نەورۆز دا چاک دەکا، هەروەها ڕۆژی بزووتنەوەی نەتەوەیە لە ژێر فەرماندەی ڕۆڵەی گەل، پاڵەوانی گەورە کاوەی ئاسنگەر دژی ئەژدەهاکی بێگانەی دروشمی زۆرداری و نالەباری و دوواکەوتوویی. مرۆڤ و سروشت بە ڕاستی لە نەورۆزا تێکەڵ بە یەکتری دەبن و ئەم جەژنە پیرۆزە دەگێڕن، ئاهەنگەکانی نەورۆز لەسەر شانۆی سروشت خۆیان دەنوێنن.

لە کوردەواری دا دوو جەژنی ئایینی جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان و مانگی ڕەمەزان و ڕۆژوو و پارشێو و عیبادەت و نوێژ و تەراویح و جومعەی جەماعەت و نوێژی جەژن و تەهلیلە و یاهوو و حاڵ و حەلقەی دەروێشان دیمەنی تایبەتییان هەیە، جگە لەمە لەدایک بوونی پێغەمبەر، بە تایبەتی لە شاران دا، مەولوودی ناو ماڵان و مزگەوتان ماوەی کۆبوونەوە و لێک نزیک بوونەوەی کەس و کار و دۆست و برادەرانە. تەنانەت مەولوودی پێغەمبەر لە شاری هەولێر ئاهەنگی تایبەتیی خۆی هەیە، هەر لەویشەوە ئەم نەریتە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی سوڵتان موزەفەر دا (١١٥٤م–١٢٣٣م) بە هەموو وولاتانی ئیسلام دا بڵاو بووەوە.

عاشوورا و جەژنە مەزهەبییەکانی کوردی شیعە بە تایبەتی ئاهەنگەکانی دە ڕۆژەکە لە کۆبوونەوەی پرسە و سنگ کوتان و زنجیر و قەمە و شا حوسێن و واحوسێن و هەریسە هەر یەکێکە وەکو هەموو نەتەوە موسوڵمانەکانی کە پێڕەوی ئەم مەزهەبە دەکەن، بەڵام ئەوە هەیە کوردی شیعە هەندێ نەریتی نەتەوەیی کوردی تایبەتییان تێکەڵ بە جموجۆڵییە گشتییەکانی عاشوورا کردووە.

جەژنی مەزهەبی ئێزیدی و یارسانانی ئەهلی هەق بەشێکی گرنگە لە نەریتی

نەتەوایەتیی کورد، ڕاستە هەندێ وێنەو ناوەڕۆکی مەزهەبیی تایبەتیی تێدایە لە موسوڵمانی سوننە و شیعە جیا دەبێتەوە، بەڵام زۆرتر نەریتەکانی نەتەوەیی گشتین و لە هەموو لایێکەوە بە خۆشی وەردەگیرێن، بە تایبەتی سەیران و ئاهەنگی هەڵپەڕکێ و شایی و زەماوەندی دەهۆڵ و زوڕنا و تەپڵ و نەقارە.

جگە لەمە خەتەنە سوورانە لە ناو کوردەواری دا ئاهەنگی تایبەتیی هەیە، سەیرانانی بەهار و چووار شەمبە سووری و پێشوازی حاجییان و نوێژە بارانە و کۆسە و ڕۆژگیران و مانگ گیران و دەستووری ناشتنی مردوو و پرسە و فاتیحە شێوەکانی لە هەندێ نەریتی کۆن و ئایینی ئیسلامی وەرگیراوە.

ژیانی خێزانی

سۆزێکی یەکجار بە تینی مرۆڤایەتی بنەماڵەی کورد بە ڕێوە دەبا، ژنی کورد هەمیشە حەز بەوە دەکا مێردی بەهێز و توانا بێ، کار گوزار بێ، قسەی سەر بکەوێ. پێوەندیی باوک بە منداڵانی یەکجار بەهێزە، کوڕ لەلای باوک بەردەوامی بنەماڵەیە، لەبەر ئەوەیە پیاوی بێ کوڕ «ئۆجاغ کوێر»ی پێ دەڵێن، واتە ئاگردانی کوێرە و ئاگری تێدا نییە.

هەر لەبەر ئەوەشە کوردەواری بایەخێکی زۆر بە خوازبێنی و ژن هێنان و دروست کردنی بنەماڵە و خێزانی تازە دەدا.

خوازبێنی و ژن هێنان بە هێمنی و لە سەرخۆ دەڕوا، بیری زۆری لێ دەکرێتەوە و پەلەی لێ ناکرێ. نیشان و خەنەبەندان و بووک گواستنەوە بەپێی دەستوورێکی کۆمەلایەتی بە ڕێوە دەچێ، ئەندامانی هەموو بنەماڵە لە کەس و کار، هەروەها دۆست و برادەران بەشداری تێدا دەکەن. زاوزێ و منداڵ بوون و زەیستانی و مامان و ئاڵ و شەوە و غوولی بیابان و جادوو و بەستن و کردنەوە پێوەندیان بە خوو و ڕەووشتێکی یەکجار کۆنەوە هەیە، هەر چەندە هەندێ جار خۆیان وەکو دیاردەیێکی کۆنە پەرست پیشان دەدەن، بەڵام بوون بە بەشێک لە ئەفسانە (میتۆلۆجیا)ی میللی و چوونە ناو سامانی نەتەوایەتییەوە، بەمە بوون بە وێنەیێکی تر لە ئەدگاری نەتەوایەتی کە کورد لە خەڵکی تر جیا دەکاتەوە.

بەشی شەشەم

ژیانی خوێندەواری

مزگەوت و حوجرە

لە پاش بە موسوڵمان بوونی گەلی کورد بیرو باوەڕو تێبینین و نەریت و خوو و ڕەووشتی تازە هاتە ناوەوە، هەندێ لەو شتە تازانە پێشکەوتوو بوو و لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵ دەگونجا. هەر چەندە ئەو دیاردە نوێیانە هەندێ ئەدگاری کۆنی بێ سوودیان لە ناو برد، بەڵام بوونە هۆی نەمانی گەورەترین دەسکەوتی خوێندەواری و ڕۆشنبیری، مەبەس لەمە لە ناوچوونی ئەو ئەلفو بێیانەیە کە لە نووسین دا بەکار دەهێنران لە ناو نەتەوە هیندو - ئێرانییەکان بە تایبەتی و تورکە - مەنگولییەکان بەگشتی.

بێ گومان تیپی نووسینی عەرەبی بە چاوێکی تایبەتی تەماشا دەکرا بە ئەلفو بێیێکی پیرۆز دەناسرا، چونکە ئایەتەکانی قورئانی پێ نووسرا بووەوە، لە پاشانا زمانی عەرەبی خۆشی بوو بە زمانێکی پیرۆز چونکە خودا قورئانی بەم زمانە بۆ خەڵکی سەر زەوی ناردووە.

ئیتر نەتەوە موسوڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فێری ئەلفو بێی عەرەبی بوون بۆ مەبەسی خوێندنەوەی قورئان و لە پاشانا فێر بوونی زمانی عەرەبی، ئەمە کارێکی گەورەی کردە سەر زمانی هەموو ئەو نەتەوانەی بوون بە موسوڵمان، بۆ ماوەیێکی درێژ زمانی عەرەبی زمانی نووسین و زانست و زانیاری بوو، دیارە زمانی نەتەوایەتیش بۆ قسەکردن و ئەدەبە میللی یەکە هەر لە ناوەوە بوو. بەڵام لە پاشانا خوێندەواری ئەو نەتەوانە هەستیان بەوە دەکرد کە زمانی خۆیان جیاوازە لە زمانی عەرەبی و ئەلفو بێی عەرەبی. ئەو ئەلفو بێیەی کە تایبەتییە بۆ زمانی عەرەبی و بەشی زمانی خۆیان ناکا، ئەو دەنگانەی لە زمانی خۆیان دا هەیە لە زمانی عەرەبی بەدی ناکرێن. لەبەر ئەوە لە پێشانا ئەم نەتەوانە ئەگەر

بیانویستایە شتێک بە زمانی خۆیان بنووسن تەنیا ئەلفو بێی عەرەبییان بەکار دەهێنا، واتە ئەگەر تووشی دەنگێک بهاتنایەو ئەو دەنگە لە عەرەبی دا نەبووایە، بە تیپێکی عەرەبی نزیک ئەو دەنگە دەیاننووسی، بۆ بەڵگە (گ) بە (ک) و (چ) بە (ج)... دەنووسرا. بەڵام لە دوواییدا عەجەم و نەتەوە تورک زمانەکان هەندێ دەسکاریی تیپە عەرەبییەکانیان کرد بۆ ئەوەی لە گەڵ بەشێک لە دەنگەکانی زمانیان ڕێک بکەوێ. لە گەڵ ئەوەش دا تەنگو چەڵەمەیێکی زۆر تا ئێستا ماوەتەوە بە تایبەتی لە فارسی دا، کەچی ئەلفو بێی عوسمانلی و نەتەوە موسوڵمانەکانی تری ئاسیای ناوەڕاست و کازاخستان و قەفقاس لە پاش جەنگی یەکەمی گێتی بوو بە لاتینی و لە پاش جەنگی دووەمی گێتی بوو بە سیریلی. هەرچی کوردیشە دەسکارییێکی یەکجار قووڵی لە ئەلفو بێی عەرەبی دا کرد تاکو لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردی بگونجێ، بەڵام هێشتا هەر تەنگو چەڵەمەی تێدا ماوە.

ئایینی موسوڵمانی لە سەرەتاوە بایەخێکی یەکجار زۆری بە مزگەوت دا، چونکە مزگەوت تەنیا جێی نوێژ و پاڕانەوە و پەرستن نەبوو، بەڵکو جێی فێر کردنی قورئان بوو، ئینجا خوێندنی هەموو زانستییەکانی کە پێوەندییان بە قورئان و ئایینی ئیسلامەوە هەیە، لەبەر ئەوە لەگەڵ بڵاو بوونەوەی ئایینی تازە مزگەوت پەیدا بوو، لەگەڵ ئەوەدا پیاوی ئایینی موسوڵمان پەیدا بوون، کە ئێمە مەلای پێی دەڵێین. ژووری مەلای مزگەوت کە حوجرەیان پێ دەووت بوو بە پۆلی وانە ووتنەوە. حوجرە وەکو زاراوەیێک بەرامبەر بە قوتابخانەی میریی ئێستایە.

ئامانجی مزگەوت و حوجرە

خوێندەواری لە ناو کۆمەڵی کوردەواری دا لەپاش بە ئیسلام بوونی کورد بۆ مەبەسی ئایینی پەیدا بوو، حوجرەی خوێندنی مزگەوتی کوردەواری دەیویست ئەم ئامانجانە بهێنێتە دی:

١- ئامادە کردنی ئەو مەلایەی پێش نوێژی لە مزگەوتی شار و لادێ دەکا، ئامۆژگاریی خەڵکی دەکا و ڕێگەی شەریعەتیان پێ پیشان دەدا، ناوە ناوە مردوو شۆری دەکا و یاسینیش لەسەر قەبران دەخوێنێ، ئەم جۆرە مەلایانە لە ناو کوردەواری و هەتا لە ناو کۆمەڵی مەلا گەورەکانیش دا «کۆلکە مەلا» یان پێ دەڵێن.

٢- پێ گەیاندنی مەلای گەورەی وا کە ناو و ناوبانگیان تەنیا لە ناو کوردستان نەبوو، بەڵکو لە هەموو گێتیی ئیسلام دەنگیان دابووەوە، ئەمانە بەشدارییێکی یەکجار گەورەیان کردووە لە دەوڵەمەند کردنی زانستییەکانی کە پێوەندییان بە زمانی عەرەبی و ئایینی ئیسلامییەوە هەیە. مەلا گەورەکان نووسینیان بە زمانانی عەرەبی و فارسی و تورکی بووە، تەنیا زمانی قسەکردنیان کوردی بووە، ئەمەش لەبەر ناچاری، چونکە ژن و ماڵ و خێزان و کەس و کار و کۆمەڵی دوور و نزیکی دەور و پشتیان کورد بووە.

لە ناو بەشی دووەمی ئەم خوێندەوارانە، ئەم کەسانەی لای خووارەوە پەیدا بوون:

١- بەشێکی کەم لەو خوێندەوارە گەورانە خوێندەواریی خۆیان کە مەلایانە بووە لەگەڵ زمانی کوردی گونجاندووە لە ڕووی پراکیتکییەوە واتە شیعرونووسینیان بە زمانی کوردی هێناوەتە ناوەوە، با بەشی زۆریشی لە پلەی داهێنان نەبوو بێ لە ڕووی هونەری و ئیستاتیکییەوە، بەڵام بەرهەمی وایان بووە کە مێژووی ئەدەبی کوردی شانازییان پێوە بکا.

٢- بەشێکی کەمتریش لەوانەی پێشوو هەموو ژیانی خوێندەوارییان بۆ زمان و ئەدەبی کوردی تەرخان کردووە، پلەی زانستیی ئایینییان لووتکە بووە و لە ڕێزی خوێندەوارە هەرە گەورەکان بوون، بەڵام هەستی نەتەوایەتی و سۆزی نیشتمان پەروەری بووەتە هۆی ئەوەی دەرگای گێتییێکی زانیاری و داهێنانێکی تر بکەنەوە، لە باتی ئەو خوێندەوارییەی دەمێکە لەسەر پرۆگرامێکی تایبەتی و دیار کراو دەڕوا، زمانی نەتەوە دێننە پێشەوە، نەوەکو بۆ مەبەسی زمانەکە خۆی بەڵکو بۆ دیار کردنی چارەنووسی نەتەوە کە بە پێش خستنی زمانەوە بەستراوە.

مێژووی ئەدەبی کوردی گەلێ مەلای گەورە دەور دەکاتەوە و ناویان لە ناو لاپەڕە زێڕینەکانی دا تۆمار دەکا وەکو شاعیری گەورە و هەڵکەوتوو و داهێنەر، لەمانە: مەلا پەرێشان، مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، نالی، حاجی قادر، شێخ ڕەزا و مەحوی و هی تریش.

ژووری مەلای مزگەوت «حوجرە»ی پێ دەووترا، ئەم ژوورە جێی ژیان یا جێی

دەرز ووتنەوەی بووە، یا جێی هەر دووکیان بووە. حوجرە هەر وەکو لە ناو مزگەوت دا هەبوو، لە دەرەوەی مزگەوتیش دەبینرا، وەکو ئەوەی مەلا دوکانێک بەکار بێنێ وەک ژووری دەرز ووتنەوە، یا ژوورێک لە ماڵ بێنێتە دەر و بۆ ئەم مەبەسەی تەرخان بکا. ئەمە قوتابخانەی ئایینی بوو لە هەموو شار و زۆربەی گوند و ئاوەدانییەکانی کوردستان دا هەبوو.

گەلێ جار هەر لە سەرەتاوە منداڵ دەخرایە بەر خوێندن بۆ فێر بوونی ئەلفو بێ و سەرەتاکانی نووسین، بە تایبەتی لە دووا سالآنی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بەو باوەڕەی کە منداڵ لە حوجرە باشتر فێری خوێندنەوەی قورئان دەبێ، ئینجا لە پاش ئەو دەخرایە قوتابخانەی میرییەوە، ئەوەی ئاشکراشە هەر لە کۆنەوە هەندێ لە کوڕە میر و والی و کاربەدەستانی دەرەبەگ و سەرۆکەکانی عەشیرەت و بنەماڵە دەوڵەمەندەکانی شێخ و پاشا و بەگ و ئاغا و هی تر منداڵیان دەنارده حوجرە بۆ مەبەسی فێربوونی خوێندن و نووسین، نەک بوون بەمەلا.

خوێندنی قوتابخانەی ئایینی لە سەرەتاوە پێوەندی بە شەریعەت بووە، واتە لێکۆڵێنەوە لە ئایین و ئایینزاو و هەموو ئەو زانیارییانەی پێوەندییان بە ئایینەوە هەیە کە خودا بۆ بەندەی داناوە، بەڵام لە دووایی دا کە بزووتنەوەی سۆفیزم کەوتە ناوەوە، لە پێشانا ئایین «شەریعەت» بەربەرەکانیی ئەم بزووتنەوەیەی کرد، خەلیفەکانی عەباسی بە ناهەق خوێنی سۆفیی گەلێ گەورەیان ڕشت و بەربەرەکانیی نوێنەرانیان کرد، بەڵام لە پاشانا شەریعەت بۆ چاکەی خۆی سۆفیزمی بەکار هێنا، بەم جۆرە بە تایبەتی لە کوردستان داو لەم دوو سەدەی دووایییەدا سۆفیزمی تیۆری نەماو بوو بە دەروێشیزمی پراکتیکی «تەریقەت»، ئیتر شەریعەت و تەریقەت و مەلا و شێخ و مزگەوت و تەکیە و خانەقا و قوتابیی ئایین و دەروێش و سۆفی چوونە ناو یەکەوە لە ڕووی پراکتیکییەوە، ئامانجیان هەر یەک بوو، لەبەر ئەوە دەبینین زۆربەی هەرە زۆری پیاوی ئایینی موسوڵمان لە کوردستان دا شێخیش بووە و مەلاش بووە، هەرچی لایەنی ئیدیۆلۆجی بوو لە سۆفیزمی ئیسلامی کە بەشێک بوو لە سۆفیزمی کۆزمۆسی بووە هۆی داهێنانێکی بەرز لە ئەدەبیاتی نەتەوە موسوڵمانەکانی ڕۆژهەڵات.

بەرنامەی خوێندنی حوجرە

ئەگەر چی بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەی ئایینی لە ناوچەیێک بۆ ناوچەیێکی تری کوردستان جیاوازیی تێدا بوو، بەڵام بەگشتی لە بنج دا هەر یەکێک بوو، جیاوازییەکەشی لە سێ شوێن و جێگە بەدی دەکرا:

١- ئەو ناوچانەی سەر بە دەوڵەتی عوسمانلی بوون.

٢- ئەو ناوچانەی سەر بە دەوڵەتی عەجەم بوون.

٣- ئەو ناوچانەی سەر بە دیالێکتی گۆرانی بوون و خەڵکەکە بە پێی ئایین و ئایینزای جیاوازی شیعی و یارسانی ئەهلی هەق و بیرو باوەڕی سۆفیزم، شێوە و بەرنامەی خوێندنیان دەگۆڕا.

قوتابیی حوجرە لە سەرەتا فێری ئەلفوبێی عەرەبی دەبوو، ئینجا قورئانی پێ خەتم دەکرا. لە پاشانا هەموو ئەو زانستییانەی پێوەندیان بە قورئان و ئایینی ئیسلامەوەیە، وەکو تەفسیر و حەدیس و فیقھ و شەریعەت و مەنتیق و ریازیات و دەستووری زمانی عەرەبی (سەرف و نەحوو). لە پاڵ ئەمە زمان و ئەدەبی فارسیشیان دەخوێند، شیعری سەعدی و حافز پایەیێکی بەرزیان هەبوو و گەیشت بوونە پلەی پیرۆزی، هەروەها هەندێ لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی نیزامی گەنجەوی و جەلالەدینی ڕۆمی و عەتتار و جامیشیان دەخوێند.

بە دەگمەن ڕێک دەکەوت فەقێیێک هەموو پلەکانی خوێندن لە یەک جێگە تەواو بکا، لەبەر ئەوە لە گەڕانا بوو لە ناوچەیێک بۆ ناوچەیێکی تر، بە تایبەتی ئەگەر ناوبانگی مەلایێکی گەورەی ببیستایە خۆی دەگەیاندێ و لای دەخوێند. ئەم هاتوچۆیە بوو بوو بە ڕەووشت لە قوتابخانەی ئایینی کۆن دا، هەتا منداڵی مەلا و شێخە گەورەکان خۆشیان دەنێررانە قوتابخانەی مەلای تر بۆ خوێندن. دیارە ئەم کوڕە مەلا لە ڕووانە جێگەیێکی تایبەتییان دەبوو بە چاوێکی دیکە تەماشا دەکران. ئەم هاتوچۆیە ئەگەر چی لە خوواروی کوردستان هەر لە ناوچەکانی خۆی دا بوو، هەروەها لە سەرووی کوردستانیش دا، بەڵام گەلێ جار فەقێ و مەلای سەروو بۆ خووارو دەهاتن، پێچەوانەش هەر هەبوو.

جگە لەمە هەندێ جار قوتابیی کورد بۆ قوتابخانە ئایینییەکانی دەرەوەی کوردستانیش دەچوون.

پلەکانی خوێندن لە قوتابخانە ئایینییەکان دا وەکو لای خووارەوە بوو:

١- پلەی سەرەتایی: منداڵ کە دەستی بە خوێندن دەکرد قوتابییان پێ دەووت. لە پێشانا فێری ئەلفو بێی عەرەبی دەکرا، ئینجا قورئانیان پێ خەتم دەکرد.

٢- پلەی سوختەیی: پلەی فێر بوونی سەرەتاکانی دەستووری زمانی عەرەبی (سەرف و نەحوو) بوو، ئینجا سوختە دەستی دەکرد بە خوێندنی سەرەتاکانی فیقھ.

٣- پلەی موستەعیدی: لەم پلەیەدا موستەعید دەستی دەکرد بە فێر بوونی زاراوەی زانستیی قورس لە هەر دووازدە زانستییەکە.

لە پاش تەواو کردن باوەڕ نامە (ئیجازە)ی وەردەگرت و دەبوو بە مەلا.

جەمیلی ڕۆژبەیانی پلەی سەرەتایی و سوختەیی بەرامبەر بە پلەی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیی میری دادەنێ، وە پلەی موستەعیدی بەرامبەر بە پلەی قوتابخانەی ئامادەیی و پلەی سەرەتایی زانستگا دادەنێ.

سەرهەڵدانی کوردایەتی لە مزگەوتدا

خوێندنی قوتابخانەی ئایینی بۆ ئامانجی فێر بوونی قورئان و شارەزایی پەیدا کردن لە ئایینی ئیسلام بوو، ئەمەش دەبوو بە زمانی عەرەبی بێ. زمانی فارسی و کەمتریش زمانی تورکی لە ناوەوە بوون بە هۆی ئەوەی زمانی میری دوو دەوڵەتە گەورەکە بوون، جگە لەمە دەوڵەمەندیی ئەدەبی کلاسیکییان بە تایبەتی فارسی جێی خۆیان کردبووەوە لە قوتابخانەی ئایینی ئەگەر چی لە بنجیش دا ئەمانە لە بەرنامەی خوێندن نەبوون، ڕەنگە مەزهەبی شیعی لە ئێران و حەنەفی لە ناو تورکە عوسمانلییەکان هەندێ ڕێیان خۆش کرد بێ بۆ فارسی و تورکی کە بچنە ناو بەرنامەی خوێندنی ئایینییەوە، دیارە هۆی هەرە گەورە و گرنگ دەسەڵاتی دوو دەوڵەتەکە بووە، دەرگای قوتابخانەی ئایینییان بۆ کراوەتەوە بۆ ئەوەی زمانی فارسی و تورکی پێ ببەنە ژوورەوە.

پێش ئەوەی باس لە بە کوردی کردنی خوێندن بکەین لە قوتابخانەی ئایینی دا، واتە نووسینی بەرهەم بە کوردی، دەبێ ئەوە بزانین لەو ڕۆژەوە کە قوتابخانەی ئایینی ئیسلام لە خاکی کوردەواری پەیدا بووە فێر کردنی(تەقریر) هەموو زانستییەکان لە سەرەتاوە بە زمانی کوردی بوو، بەڵام زمانی قسەکردن، مەلا

هەموو دەرزەکانی بەو زمانە کوردییە ووتووە ئەوەی قسەی پێ کردووە، ئەمە زمانێکی کوردی عەرەبی ئامێزی تێک شکاوی تایبەتی بوو، گەیشتبووە پلەیێک بۆ نوکتە قسەی پێ دەگێڕنەوە، چونکە هیچ مەلاییێکی کورد زیاتریش ئەوانەی ئەلفوبێ و قورئانیان فێری قوتابی و سوختە کردووە عەرەبییان نەزانیوە، ئەگەر لە خوێندن و نووسین هەندێکیان لێ هەڵکراند بێ، لە قسە کردن بێ بەش بوون.

لە سەدەی شازدەم، لەپاش دابەش کردنی کوردستان (جەنگی چاڵدیران ١٥١٤) بیری ڕزگاریی نەتەوایەتی بە شێوەیێکی تازە چرۆی دەرکرد، ئەمە قۆناغی یەکەمی کلاسیکی ئەو بزووتنەوەیە کە تائێستا بەردەوامە. هەر لەو سەردەمەوە هەوڵ و کۆشش درا بۆ بە کوردی کردنی خوێندن، یا ڕاستتر زمانی کوردی وەکو کەرەستەیێکی زانیاری تۆمار کراو بێتە ناو قوتابخانەی ئایینییەوە،

مەبەسمان لێرە سەرهەڵدانی کوردایەتییە لە ناوەوە، واتە هەوڵی مەلا کوردەکان بۆ بە کوردی کردنی زانستییەکانی ئیسلامی، ئەگینا هەوڵ و کۆششی دەرەوەش لە ناوەوەیە بۆ بە کوردی نووسین، وەکو ئەو بزووتنەوە ڕۆشنبیرییەی کە ئەلێکساندەر ژابای قونسوڵی گشتیی ڕووس لە ئەرزەڕۆم لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم سەرۆکایەتی کرد، ناچار بوو هەموو ئەو شتانەی کە دەیویست بە کوردی بنووسرێنەوە بە خوێندەواری کوردی ئەو سەردەمە بسپێرێ بە تایبەتی مەلا مەحموودی بایەزیدی، دیارە ئەو خوێندەوارانەی یاریدەی ژابایان دەدا هەموویان پیاوی ئایینی و مەلا بوون.

لەم لایەنەوە ئەم دیاردانەی خوارەوە ئەوە دەگەیەنن کە زمانی کوردی دەوری بووە لە زانستییەکانی زمانی عەرەبی و ئایینی ئیسلامی:

١- لە دووا سالانی سەدەی شازدەم (١٥٩١) عەلیی تەرەماخی زانستیی سەرفی عەرەبی بە کوردی نووسیوەتەوە، ئەمە بریتییە لەو وانانەی بۆ فێر بوونی سەرفی زمانی عەرەبی ووتوویەتییەوە، واتە تەقریر یا موحازەرەکانی تۆمار کردووە. ئێمە دەشێ بیریش لەوە بکەینەوە کە مەبەسی تەرەماخی لەمەدا ئاسان کردنی فێر بوونی زمانی عەرەبی بێ بۆ قوتابییانی کورد وەکو مەلا مەحموودی بایەزیدیش لە پێشەکیی کتێبەکەی تەرەماخی دا دەڵێ: «ئەوی عەلی تەرەماخی بخوە بدەستێ خوە دنێڤا گوندی مزگەفت و مەدرەسە بینا

کرینە، وە مـوودەیەکی بخـوە ژی دەرس گـۆتـینە. وەکـو دیتـیـەو مـوشـاهـەدە کرینەکو عیلمی سەرفی فەننەکی زەحمەت و دژوار و ئاسێیە. وە موبتەدی زوو بزوو سیغە و ئیعلالێد وان ژ کتێبێد عەرەبی ئیخراج ناکەن. ژ بۆی هیسیا موبتەدیان بزمانێ کورمانجان عیبارەتەکی تەسریفی تەسنیف کرییە، کو ئەم عیبارەت دەنێڤا تەلەبەیێد ئەکرادان قەوی مەقبوول و ئەهەمم و لازمە...».

بەڵام ئـەمـە ئەوەش دەگـەیێنێ کـە عـەلیـی تەرەمـاخـی ویسـتـوویەتی زمـانی نەتەوایەتی ببێ بە زمـانی نووسـین، هەروەهـا ئەوەشـمـان لا ئاشکرا دەبێ لە دڵسۆزی و هەستی نەتەوایەتی لای ئەم زانا کوردە بووەتە هۆی ئەوەی کە زانستی سـەرفی عەرەبی بە کوردی بنووسێتەوە، بە تایبەتی کە هاتووە هەندێ بەڵگەی بە کوردیش هێناوەتەوە کە بەراوورد لە نێوان بابەتە عەرەبییەکان لەلایێک و لەلایێکی ترەوە بابەتە فارسی و کوردییەکانا دەکا.

٢- ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ - ١٧٠٧) فەرهەنگۆکێکی عەرەبی - کوردی بە قسەی کێش و قافیە دار نووسیوەتەوە، بە ناوی «نۆبار»، ئەگەر ئەحمەدی خانی بە یەکەمین شاعیری بڵاوکەرەوەی بیری کوردایەتی دانەنرایە کە پاش چاڵدیران کەوتە ناوەوە، دەشیا بووترایە ئەم بەرهەمەی بۆ ئەوە بووە کە منداڵی کورد فێری زمانی عەرەبی بکا، چونکە زمانی فێر کردن و تۆمار کردنی هەموو زانستە ئیسلامییەکان بوو، بەڵام بێ گومان مەبەستی خانی ئەوە بوو ووشەی نووسراوی کوردیش بێتە ناو قوتابخانەی ئایینییەوە، ئەم بەرهەمە لە قوتابخانە ئایینییەکانی هەموو ناوچەکانی کوردستانی باکوور دەخوێنرا.

٣- شێخ مارفی نۆدەیی (١٧٥٣ - ١٨٣٨) بۆ مەبەستی فێر کردنی زمانی عەرەبی فەرهەنگۆکێکی عەرەبی - کوردی بە قسەی کێش و قافیەدار دانا بۆ ئەوەی ئەحمەدی کوڕی (کاکە حمەدی شێخ ١٧٩٢–١٨٨٧) فێری عەرەبی ببێ، هەر لەبەر ئەوەش ناوی نا «ئەحمەدی» بەناوی کوڕەکەیەوە، ئەمە لە پاشانا چووە ناو بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەی ئایینی لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی باشوور.

جگە لەم کارانە هەوڵی تریش دراوە بۆ بە کوردی کردنی قوتابخانەی ئایینی ئیسلامی وەکو کۆشش و تەقەلای مەلا یوونسی هەڵکەتەینی (١٧٨٥ مردووە) کە لە

ئەنجاما سێ نامەی لە زانستیی سەرفدا بە کوردی نووسیوەتەوە: «تصریف، ظرف، ترکیب».

کۆمەڵێک دەسنووسی ئەم نامانە لە نامەخانەکانی ئەورووپا پارێزراون.

بەم جۆرە دەبینین قوتابخانەی ئایینی دوورەپەرێز وەستاوە لە زمانی کوردی و کولتووری کورد، بەڵام ئەوەندە هەبوو دڵسۆزی و هەستی بەشێک لەو خوێندەوارانەی کە لەم قوتابخانە ئایینیانە دەرچوون ئاوڕیان لە زمانی کوردی و خوێندەواری نەتەوەکەیان داوەتەوە و نووسینیان کردووە بە کوردی، نە وەکو تەنیا ئەو شتانەی پێوەندییان بە ئایینەوە هەیە بەڵکو هەموو شتێکی کە پێوەندی بە ژیانەوە هەیە لە مەولوود نامە و شیعری ناو خەڵکەوە بگرە تا دەگاتە غەزەل و قەسیدەی هەجوو و کراوە و نووسین و پەخشانی هونەری و هەموو بابەتەکانی داهێنانی ئەدەبی.

لەمە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە حوجرە و قوتابخانەی ئایینی ئاووڕیان لە زمانی کوردی نەداوەتەوە، بەڵام خوێندەواری کوردیان پێ گەیاندووە، ئیتر ئەم خوێندەوارییە بووەتە هۆی ئەوەی خوێندەوارەکە ئاووڕ لە زمان و کولتووری نەتەوەی خۆی بداتەوە.

خوێندنی تایبەتی

گەلێ لە بنەماڵە کار بەدەست و دەوڵەمەندەکانی کورد مامۆستا و میرزای تایبەتییان بۆ فێر کردنی منداڵیان ڕادەگرت، زۆر جار هەر ئەم مامۆستا و میرزایە دەوری نووسەر یا سکرتێری دەبینی لەلای ئەو کار بە دەستە گەورەیە. ماڵ و دیوەخان و کۆشک و سەرای ماڵە گەورەکان هەمیشە ئەم جۆرە خوێندەوارانەیان لێ بووە، وەکو سەراو دیوەخانی والییانی ئەردەڵان و سەرۆکەکانی عەشیرەتی جاف و بنەماڵەی بەدرخانییەکان و هی تریش. جگە لەوە هەموو کاربەدەستانی عەشیرەت و گوند و دێهاتی کوردستان، هەتا ئەگەر ئاغای دێیێکی بچووکیش بوو بێ مەلایێکی هەر لە پاڵ بووە، سەرپەرشتی مەسەلەکانی ئایینی و منداڵانیشی فێری قورئان کردووە.

کورد ژمارەیێکی زۆری لە زانا و مەلای گەورەی ئایینی ئیسلامی بە زمانی عەرەبی پێشکێش بە سامانی نەتەوایەتی عەرەب و ئایینی موسوڵمانی کردووە، بەمە دەورێکی باڵای بووە لە هێنانە ناوەوەی دەسنووسی عەرەبی، لەم لایەنەوە بێ گومان ئەو دەسنووسانەی زانا و مەلای کورد ئامادەیان کردووە لەڕووی نرخی زانستییانەوە بەرزن و لەڕووی نرخی هونەرییانەوە بێ هاوتان. نموونەی ئەم دەسنووسانەی کە بە درێژایی ڕۆژگار زانای ئایینیی کورد نووسیویەتییەوە و ئامادەی کردووە لە هەموو نامەخانە گەورەکانی گێتی دا دەبینرێن.

بەڵام ئێمە زیاتر مەبەسمان دەسنووسی کوردییە، واتە ئەو دەسنووسەی بە زمانی کوردی نووسراوەتەوە وەکو دیوانی شیعر و لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و شتی تریش، یا لە بابەت کوردەوەیە وەکو کتێبە بە نرخەکەی «شەرەفنامە» کە بە زمانی فارسی نووسراوەتەوە.

هۆی نووسینی «شەرەفنامە» بە زمانی فارسی ئەوە بوو لەو ڕۆژگارەدا زمانی فارسی وەکو زمانی تورکی زمانێکی ڕەسمی بوو لە دەوڵەتی عوسمانلی و زمانی ئەدەبیاتی ئەو سەردەمە بوو لە هەرێم و ناوچەیێکی فراوانی دەوڵەتە ئیسلامییەکان، ئەگینا دەبوو شەرەف خان بە تورکی بینووسێتەوە چونکە لەسەر داوای سوڵتانی عوسمانلی ئەم مێژووە بە نرخەی نووسیوەتەوە.

دەسنووسی کوردی زیاتر لە لایەن ڕۆژهەڵاتناس و گەڕۆکە ئەوروپاییەکانەوە لە کوردستانا دەست خراوە و براوەتە ئەوروپا. هەروەها هەندێ جاریش بەڕادان دراوە، وەکو ئەو بزووتنەوە خوێندەوارییەی کە قونسوڵی گشتی ڕووس ئەلێکساندەر ژابا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم لە ئەرزەڕۆم دروستی کرد بوو و شارەزاییێکی وەکو مەلا مەحموودی بایەزیدی گەلێ شتی لەمەڕ کوردەوە تۆمار کرد لە ژێر چاودێریی ژابا و لە پاشانا دەسنووسەکان نێررانە پیترسبورگ (لینینگراد).

دەسنووسی کوردی ئەوەی کەوتە ئەوروپا لە نامەخانە گەورەکانی وەکو نامەخانەی گشتی سالتیکوف - شیدرین و نامەخانەی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستیی سۆڤیەت لە لینینگراد و نامەخانەی مار بورگ - بەرلین لە

ئەڵەمـانیا و نامـەخـانەی نیـشتـمانیی پاریس و نامـەخـانەی بەریتـانی لـە مـۆزەی بەریتـانی لە لەندەن و نامەخـانەی زانستگاکانی لەندەن و ئۆکسفـۆرد و کامبریدج لە بەریتانیا و هی تر پارێزراوون.

هـەرچی دەسنووسی ناوەوەیە ئەوانیش سەروشـوێنیـان دیار نییـە، لیستـەیان بۆ نەکراوە و جێگەیان ئاشکرا نییە، ئەوەی سـەیر و جێی سەرسـوڕمانیش بێ ئەوەیە دەسنووسـی کـوردی نەکـەوتۆتە ناو نـامـەخـانەکـانی ئـەوقـافـیش لە شـارەکـانی کوردستانی عیراق.

دەڵێن لە شـەسـتـەکـان دا قـاچاغـچی لـە سـەر سنووری ئەم دیو و ئـەو دیو هـەسـتـیـان بەوە کـرد بـوو کـە «سـاڤـاک»ی ئـێـران لە ڕەگـەز پەرست و پان ئێرانیستـەکان دەسنووسی کوردی بە نرخێکی گران دەکرن، ئیتر لەم دیوەوە بۆ ئەو دیو دەسنووسـی کـوردیشـیـان لەگـەڵ مـاڵی قـاچاغ بار دەکـرد و لـەوێ بە پارەیێکی باش دەیان فرۆشت. ئەم دەسنووسانە نەدەچوونە نامـەخانە و ئەرشـیفی ساڤاکەوە بەڵکو دەسووتێنران.

لە پێش داهـاتنی چاپخـانە هەمـوو داهێنانێکی بیـری ئادەمـزاد بـە دەست دەنووسـرایەوە، بۆ ئەوەی بپـارێزرێ و لە ناو نەچی و تـاقی کردنەوەی نـەوەیێک بۆ نەوەکـانی تر بمێنێتـەوە. هـەمـوو بەرهـەمێک بۆ مـەبەسی فـێر بوون و زانیـاری و زانسـتی پـەیدا کـردن ڕوونـووس دەکـرا بـە پێی پێـویست و داوای خـەڵک، واتا کتێبێکی دەسنووس ڕوونووس دەکرا بۆ ئەو کەسانەی گەرەکیان بوو، بەم پێیە لە هـەر دەسنووسێک گەلێ نوسخـە دەکەوتە ناوەوە. نووسەری تایبەتی هەبوو کار و پیشـەیان ڕوونووس کردنی بەرهەمی زانستی و ئەدەبی بوو بە پارە.

دەسنووس لە ڕۆژهەڵات دا تا مـاوەیێکی زۆر دەوری یەکەمی لە خوێندەواری دا هەبوو، لە هەندێ لـە مەدرەسـە و مزگەوتەکانی کوردسـتـان تا دەوروبەری جـەنگی دووەمی گێـتی و بگرە تـا ئێـسـتـاش بـاوی مـاوە. ئـەمـەش بـە هـۆی ئەوەوە بوو کـە چاپخـانە درەنگ گـەیشـتـە ڕۆژهەڵات و درەنگتـریش گـەیشـتـە نـاو کـۆمـەڵی کوردەواری.

کۆمـەڵی کورد وەکـو بەشێک لە کـۆمـەڵی ئیـسـلام - دیارە مـەبەس لێرەدا بەشی زۆری گەلی کوردە نەک هەمووی - مەڵبەندی خوێندەواری مەدرەسە و مزگەوت بووە، ناوەرۆکی خـوێندەواریش زانسـتـیـەکانی ئایینـی مـوسـوڵمـان بووە کـە هـەمـووی بە

زمانی عەرەبی بووە و بەشێکی زۆریشی هەر پێوەندی بە زمانی عەرەبییەوە بووە و لە پێناوی خزمەت کردنی ئەودا بووە. لەبەر ئەوەیە بەشێکی هەرە زۆر لە دەسنووس پێوەندی بەم زانستییانەوە هەیە. مەلا و میرزا و خوێندەواری کورد دەورێکی بالایان بووە لە زانستییە عەرەبی و موسوڵمانییەکان تا پلەیێک گەلێ لە بەرهەمەکانیان لە وولاتی هەموو عەرەب دا بە ناوبانگن و سەرچاوەی خوێندەوارین.

دیارە لێرەدا مەبەسی ئێمە ئەم جۆرە دەسنووسە نییە، بەڵکو ئەو دەسنووسانەی پێوەندییان بە زمانی کوردی و کۆمەڵی کورد و ئەدەبیات و هەموو کار و بارێکی شەقڵی نەتەوایەتیی پێوە بێ. واتە دیوانی شاعیرانی کورد و هەموو دەسنووسێکی باس لە سووچێکی ژیانی کورد بکا.

لەو کاتەی کە دەسنووسی موسوڵمانی لە کۆمەڵی کورد دا لە پێناوی خزمەت کردنی زمانی عەرەبی بووە، دەبینین دەسنووس و سەرچاوەکانی ئایینی بە شێوەی کرمانجیی سەروو ئەوەی سەر بە ئایینی ئێزیدیە، وە بە شێوەی گۆرانی ئەوەی سەر بە یارسانی ئەهلی هەقە، بە شیعر و پەخشانەوە شەقڵی نەتەوایەتیی پێوەیە، واتە بە زمانی کوردی نووسراوەتەوە و باس لە بیروباوەڕ و ئایینێک دەکا کە شەقڵی نەتەوایەتیی پێوەیە.

بەشی هەرە زۆری ئەو دەسنووسانەی ئێمە مەبەسمانە ئەو دەسنووسانەن کە بە کوردی نووسراونەتەوە (بە هەموو شێوەکانییەوە)، هەروەها بەشێکی کەمی دەسنووسی تریش کە ئێمە مەبەسمانە ئەو دەسنووسانەن کە بە زمانی دیکە نووسراونەتەوە، بەڵام لە بابەت کوردەوەن.

جێگەی دەسنووس لە وولاتدا

لەگەڵ پەیدا بوونی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕێی ڕۆژهەڵاتناس و گەڕۆکە ئەوروپاییەکانەوە بەشێکی زۆر لە دەسنووسی ڕۆژهەڵات و نموونەی تری ئەرکیۆلۆجی کەوتە نامەخانە و مۆزەکانی ئەوروپاوە. تا ماوەیێکی زۆریش نە ڕۆژهەڵاتناسەکان گەیشتبوونە ئەو پلەیەی لە توانایان دا بێ ئەم دەسنووسانە ساغ بکەنەوە و نەخوێندەواری ڕۆژهەڵاتیش ئاگاداریی ئەو دەسنووسانە و ناوەرۆکەکانیان بوون.

دەسنووسی کوردیش وەکو دەسنووسی نەتەوەکانی تر بەشێکی زۆری کەوتە

ئەوروپا، ڕەنگە ئەمە بەخێر گەڕابێتەوە بۆ کورد، چونکە لەوێ پارێزراوە، هەرچی هی لای خۆشمانە لەبەر زرووفی نادروستی و ژیانی ڕۆژانەی تایبەتیی کۆمەڵی کورد بەشێکی زۆر لەم دەسنووسانە لەناو چوون، بە تایبەتی لە ڕۆژگارانی جەنگ و شەڕ و شۆڕ دا. بۆ بەڵگە لەپاش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانلی لەناوچەکانی سەرووی کوردستان دەسنووسی کوردی دەسووتێنرا، چونکە نووسراوی کوردی قەدەغە بوو. لە ماوەی زرووفە تایبەتییەکەی کوردستانی عیراق (١٩٦١ - ١٩٧٥) بە ئاسانی دەسنووسی کوردی ئاوای ئەو دیو دەبوو، بە تایبەتی بازرگانی و جانبازی کردنیش بەم دەسنووسانە کردەوەیێکی باو بوو. دەڵێن لەو دیو بە پارەی باش دەسنووسی کوردییان دەکڕی. دیارە ئەمە بۆ پاراستن و ساغ کردنەوەیان نەبووە، بەڵکو بۆ نەهێشتن و لەناو بردنیان بووە.

تا ئەم دووایییە چارەنووسی دەسنووس و نموونە و پاشماوەی مەتریالی ئەرکیۆلۆجی بەرەڵلا بوو، دەوڵەت دەستی بەسەر دا نەگرتبوو، لەم ماوەیەدا زۆربەی هەرە زۆری ئەم دەسنووسانە موڵکی خەڵکی بوون لە مالان. بە ڕێکەوت ئەگەر کەسێک بیویستایە دەسنووس بفرۆشێ دەسگا خوێندەوارییەکانی دەوڵەت دەیانکڕی.

بەم جۆرە و بە ڕێکەوت هەندێ دەسنووسی کوردی کەوتە نامەخانەی دەسگا خوێندەوارییەکانی وولات. بەڵام تائێستا بەشێکی تایبەت بۆ دەسنووسی کوردی لەم دەسگایانە دا نییە.

ڕەنگە هۆی ئەوە کەمی ژمارەی ئەو دەسنووسانە بێ، بە تایبەتی وەکو ووتمان زۆربەی هەرە زۆری ئەو دەسنووسانەی لە کوردستان نووسراونەتەوە پێوەندییان بە زمانی کوردی و سامانی نەتەوایەتیی کوردییەوە نییە.

بەم جۆرە دەبینین دەسنووسی کوردی لە نامەخانەی هەموو دەسگا زانستییە بەرزەکانی وولات دا هەیە، بەڵام ئەگەر بەراووردی بکەین لەگەڵ دەسنووسی زمانەکانی تر دەبینین یەکجار کەمە، بۆیە هەندێ جار لە کاتالۆجەکانیشیان ناویان تۆمار ناکەن. ئەگەر بێتو ئەم دەسنووسانە لە یەک جێ کۆبکرێنەوە ڕەنگە دەسنووسخانە و نامەخانەیێکی جوانکیلەی دەسنووسی کوردی دروست ببێ و ئەو وەختە ماوە هەبێ بۆ وەسف کردنیان و لە پاشانیش لێکۆڵینەوە و ساغ کردنەوە و بڵاو کردنەوەیان.

لەبەر ئەوەی تا ئێستا کاتالۆجی دەسنووسی کوردی بەشێوەیێکی گشتی لە ناوەوەی وولات بلاو نەکراوەتەوە، ئێمە ناتووانین جۆر و بابەتی ئەو دەسنووسانە دیاری بکەین، بەلام دەتووانین ناوی ئەو دەسگا زانستییانە ببەین کە دەسنووسی کوردییان تێدا پارێزراوە لە ناوەوەی وولات. ئەمانە بریتین لەوانەی خووارەوە:

١- نامەخانەی ئەوقاف لە بەغدا.

٢- مۆزەی بەغدا.

٣- مەجمەعی عیلمی عیراقی (ئەکادیمیەی زانستی عیراقی) لە بەغدا.

٤- نامەخانەی دیراساتی بەرزی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانستگای بەغدا.

٥- نامەخانەی زانستگای سلێمانی.

٦- مۆزەی سلێمانی.

ڕەنگە لە نامەخانەکانی تری وولاتیش کەم و زۆر دەسنووسی کوردی چنگ بکەون. بەلام ژمارەی ئەم دەسنووسانە چەندە و ناوەرۆکیان چییە؟ ئەمەیان نازانرێ، لەبەر ئەوەیە جارێ ئەم کەرەستە خوێندەوارییانە بۆ کورد وەکو نەبوو وایە! جگە لەوەش تا ئێستا دەسنووسی کوردی لە دەسنووسی موسولمانی جیا نەکراوەتەوە، واتە هەموو دەسنووسێکی لە کوردستان نووسرابێتەوە یا خاوەنەکەی کورد بێ، یا لەلایەن کوردێکەوە ڕوونووس کرا بێ، بە تایبەتی ئەو بەرهەمە فۆلکلورییانەی خاوەنیان نییە، بە کوردی دانراوە، ئەمەیان ڕاست نییە. ئێمە لەو کاتەی شانازی بەوەوە دەکەین کە کورد بەشدارییێکی زۆری لە پێش خستنی سامانی عەرەب و ئیسلام کردووە، ناکرێ بەرهەمی لەم بابەتە بێنینە ناو بەرهەمی نەتەوەیییەوە.

جێگەی دەسنووس لە دەرەوەی وولات

لەوانەیە نامەخانەی گشتی لە ئەوروپا نەبێ کە دەسنووسی کوردی تێدا نەبێ، گومانیش لەوەدا نییە کە دەسنووسی کوردی گەیشتۆتە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش. ئەو نامەخانە و دەسگایانەی بەشێکی زۆر لە دەسنووسی کوردی دەپارێزن و ئەو زانیارییانەی لە بابەت ئەو دەسنووسانە بلاو کراونەتەوە ئەمانەی لای خووارەوەن.

له شاری سانت پیترسبورگ له رووسیا

دەسنووسی کوردی له شاری سانت پیترسبورگ له دوو دەسگای زانستی پارێزراوه، یەکەمیان نامەخانەی گشتیی دەوڵەتی (سالیتکوف - شدرین)، دووەمیان نامەخانەی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیەی زانستیی له شاری سانت پیترسبورگ.

زانیاری له بابەت ئەم دەسنووسانەوه له پاش جەنگی دووەمی گێتییەوه کەوتۆته ناوەوه. لەم کارەدا کارگەری ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی سانت پیترسبورگ مارگریت بوریسێڤنا ڕوودێنکۆ (١٩٢٨ – ١٩٧٦) دەستێکی درێژی لەم کارەدا هەیه. بۆ یەکەمین جار وەسفی هەندێ لەم دەسنووسانه له ووتارێکی دا له ساڵی ١٩٥٧ بڵاو کراوەتەوه.

له پاشانا له ساڵی ١٩٦١ دووباره وەسفێکی تری هەموو دەسنووسەکانی له کتێبێکی تایبەتی دا بڵاو کردەوه.

دەسنووسی کوردی له نامەخانەی گشتی

کۆمەڵێکی یەکجار به نرخ له دەسنووسی کوردی له بەشی دەسنووسی نامەخانەی گشتیی سانت پیترسبورگ پارێزراوه. ئەم دەسنووسانه هەموویان له لایەن ئاوگوست (ئەلیکساندەر دیمنتیێڤیچ ژاباوه دەست کەوتوون و پارێزراون. ئەم کۆمەڵه دەسنووسه له ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٥٦ - ١٨٦٩ کۆکراونەتەوه و نووسراونەتەوه لەو کاتەی که ژابا قونسوڵی ڕووس بووه له ئەرزەڕۆم له دەوڵەتی عوسمانلی. له ساڵی ١٨٥٦ به دوواوه لەسەر داوای دۆرن، ژابا دەستی کرد به فێر بوونی زمانی کوردی و کۆکردنەوەی کەرەستەی ئەدەب و فۆلکلۆر و زمان و ئەتنۆگرافیای کورد، هەروەها کۆکردنەوەی کۆمەڵێک دەسنووسی کوردی له کاره هەره گرنگەکانی بوو. لەم ڕووەوه ڕۆشنبیری کورد مەلا مەحموودی بایەزیدی دەورێکی باڵای هەبوو له یاریدەدانی.

کۆمەڵه دەسنووسەکانی ژابا بریتین له (٥٤)دەسنووس، لەمانه (٤٤)ی به زمانی کوردییه، (٤)ی به زمانی فارسییه، (٣)ی به زمانی فرەنسییه، وه (٣)ی تری به زمانی تورکییه.

جگە لەمە لەناو کۆمەڵە دەستنووسەکانی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیشدا (٣) دەستنووس لە کۆمەڵە دەستنووسەکانی ژابا بەرچاو دەکەون.

زۆربەی هەرە زۆری ئەم دەستنووسانە بە دیالێکتی کرمانجیی سەرووی زمانی کوردین. بەشێکی کەمیش بە دیالێکتەکانی تری وەکو کرمانجی خوواروو و گۆرانی و هی ترن.

لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە بەسەر ئەم بەشانە دا دابەش دەکرێن:

١- فۆلکلۆر و ئەدەبی خەڵک یاخود ئەدەبی میللی.

ئەمە بریتییە لە گۆرانیی قارەمانی و شایی و زەماوەندی ژن هێنان و گۆرانیی کچان و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و قسەی بۆ پێکەنین و گاڵتە و گەپ و هی تر. هەروەها بەشێکیش لە گۆرانی و وورده چیرۆکی میللی وەکو «گەورێ و خەلیل» و هی تر. ئەم دەستنووسانە وەنەبێ تەنیا تێکستی فۆلکلۆری کوردی بن، بەڵکو دەستنووسی وای تێدایە کە لە زمانەکانی تری ڕۆژهەڵاتەوە گۆڕراوەتە سەر زمانی کوردی، وەکو «در المجالس» و قسەی بۆ پێکەنین و گاڵتە و گەپ و وورده چیرۆکی میللی لە فارسییەوە گۆڕراوەتە سەر کوردی.

٢- ئەدەب

ئەو بەرهەمانەی لە دەستنووسی سەر بە ئەدەب دا تۆمار کراوون دەکرێن بە دوو بەشەوە:

(أ) سەرچاوە و بنج و بناوانی ئەم بەشە کوردی ڕەسەنە، وەکو کۆمەڵێک لە دەستنووسی «مەم و زین» و «نۆبار»ی ئەحمەدی خانی و مەولوود نامەی مەلای باتەیی و بەیتی فەقێی تەیران کە لەگەڵ ئاودا گفتوگۆ دەکا و قەڵای «دمدم»ی فەقێی تەیران و قەولی ئەسپی ڕەشی عەلیی حەریری و زەمیل فرۆش و هی تر.

(ب) سەرچاوە و بنج و بناوانی ئەم بەشە بێگانەیە، بەڵام شاعیران و ئەدیبانی کورد توانیویانە وەستایانە بەرهەمێکی بەرزی کوردی لە جەوهەرێکی بێگانە دروست بکەن، لە ڕاستیشدا ئەو جەوهەرە هەوێنی داهێنان بووە لە ناو هەموو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست، شاعیرانی

کورد بەرهەمی بە نرخی لە بابەتانەیان داهێناوە: شێخی سەنعانی فەقێی تەیران، یووسف و زولەیخـــا لـە لایەن دوو خـــوێندەواری کـــوردەوە دانـراوە سەلیمی سلێمان و حاریسی بتلیسی، هەروەها لەیلا و مەجنوون دیسانەوە حاریسی بتلیسی دایناوە. دەسنووسێکی تریش مەلا مەحمـوودی بایەزیدی ئامادەی کردووە بریتییە لە گۆڕینی بەرهەمێک لە تورکییەوە بۆ زمانی کوردی. هەروەها زیاتر لە دە کـەشکۆڵی بە نرخ لەو نامــەخـــانەیەدا هەیە بریتین لە بەیازی شیعری هەمەڕەنگ، گەلێ لەو پارچە شیعرانەی لەو بەیازانە دا تۆمار کراوون هێشتا بڵاو نەکراونەتەوە و لە مێژووی ئەدەبی کوردی دا ئاشکرا نین.

٣- زمانەوانی

زۆربەی ناوەرۆکی ئەم دەسنووســانە لە لایەن مـەلا مــەحـمـوودی بایەزیدییـەوە نووسـراونەتەوە. وە ئەوەی ئاشکراشە ئەوەیە کە تێبینییـان بەرامبـەر بە زمانی کـوردی و دەسـتـووری لە ژێر ڕۆشنایی دەسـتـووری زمـانـی عـەرەبی بـووە، چونکە ئەوانەی ئامادەیان کردووە مەلا بوون و شێوەی خوێندەوارییان عەرەبی و مەلایانە بووە. ئەو بـەرهـەمـانەی لە لایەن مـەلا مـەحــمـوودی بایەزیدییـەوە نـووسـراونەتەوە ئەمانەن: «رسالة تحفة النحلان في الزمان كردان» و تەسریفی فرمانی کوردی و «صـفـحـەی صـبـیـان» ئەمـە ئەلفو بێی کوردییـە بۆ ئەو منداڵانـەی تازە دەست بە خوێندن دەکەن. هەروەها کتێبی «العبارة»ی مەلا یوونسی حەلقەتەینی و هەندێ دەسنووسی تری کە ڕاستەوخۆ بە پێشنیازیی ژابا و سەرپەرشتی ئەوەوە دانراوە و ڕێک خراوە.

٤- ئەتنۆگرافیا و مێژوو

دوو دەسنووسی بە نرخ لەم ناوەرۆکـانەوە لە نـاوەوەیە، یەکـەمـیـان لە خـوو و ڕەووشت و ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردی دەدوێ بە ناوی «عـادات و رسـومـات نامـهء اکرادیه» لە سەر داوای ژابا لە لایەن مەلا مەحموودی بایەزیدییەوە نووسراونەتەوە (لە لایەن ڕوودێنکۆ بڵاو کرایەوە). دووەمیان گۆڕینی بەرگی یەکەمی شاکاری میر شەرەف خانی بتلیسییە «شـەرەفنامە» لە زمانی فارسـییـەوە بۆ زمانی کوردی لە لایەن مەلا مەحموودی بایەزیدییەوە.

دەسنووسی کوردی لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیی

ئەکادیمیەی زانستیی لە سانت پیترسبورگ

کۆمەڵێک دەسنووسی کوردی بە نرخ لە بەشی دەسنووسی نامەخانەی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیەی زانستی لقی سانت پیترسبورگ پارێزراوە.

ئەوەی ئەو بەشە لەوانەی نامەخانەی گشتی جیا دەکاتەوە ئەوەیە ئەم دەسنووسانە بە هەموو شێوەکانی زمانی کوردین، وەکو: کرمانجیی سەروو و کرمانجی خوارووو و گۆرانی و لوڕ، ئەم دەسنووسانە لە لایەن هەندێ زانا و ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەوە پێشکەش بە مۆزەی ئاسیا (ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی) کراوون، لەمانە سێ دەسنووس هی ژابایە، ئەوانی تر لە لایەن ڤ. ڤیلیامینۆڤ - زیرنوڤ و ب. أ. دورن و ڤ. ف. مینۆرسکی و هی ترەوە پێشکەش کراوون. هەندێ لە دەسنووسەکان بەپێی ئەو شێوە زمانەی کە پێی نووسراوون، بەم جۆرەیە:

١- شێوەی گۆرانی

کۆمەڵێک دەسنووس بریتییە لە چیرۆکە شیعرییە بە ناوبانگەکانی ئەدەبی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەکو ئەسکەندەرنامە کە لە فارسییەوە کراوە بە شێوەی گۆرانی زمانی کوردی، هەروەها چیرۆکە شیعرییەکانی میرزا شەفیعی جامەڕێزی و گەلێکی تر لە شاعیرانی کورد.

٢- شێوەی کرمانجیی خوارووو

پێشەکیی گوڵستانی شێخی سەعدی بە پەخشان تەرجەمەی کرمانجیی خوارووو کراوە، نوسخەیێکی دیوانی نالی لە سەرەتای ئەم سەدەیە ڕوونووس کراوە و لە لایەن مینۆرسکییەوە پێشکەش کراوە.

٣- شێوەی کرمانجیی سەروو

یەکێ لە دەسنووسە هەرە گرنگەکانی شێوەی کرمانجیی سەروو ئەو کەشکۆڵەیە کە لە ساڵی ١٨٩٩ نووسراوەتەوە و دەست ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵەمانی مارتن هارتمان کەوتووە، ئەمە بریتییە لە دە کاری ئەدەبی و فۆلکلۆری، گرنگترینیان تێکستێکی میللی مەم و زین یا «مەمی ئالان»ە.

تێکستی ئەم بەرهەمە، هەروەها فێربوونی گفتوگۆ بە زمانی کوردی و نامەی هەندێ جیاوازی لە نێوان شێوەکانی زمانی کوردییەوە لەلایەن ئێمەوە بڵاو کراوەتەوە (بەغدا، ١٩٧٣).

ئەم دەسگایە دەسنووسێکی گرنگی تری پاراستووە «دەستووری زمانی عەرەبی بە کوردی» عەلیی تەرەماخی، بڵاو کردنەوەی ئەم دەسنووسە و لێکۆڵینەوە لە سەردەمی نووسینەوەی و زانیاری لە بابەت خاوەنەکەیەوە گەلێ هەڵەی لە مێژووی سامانی نەتەوایەتی کورد ڕاست کردۆتەوە. ئەم بەرهەمە لەلایەن ئێمەوە بڵاوکراوەتەوە (بەغدا،١٩٧١).

دەسنووسێکی تری زۆر گرنگ لەم ئامۆژگایە دا پارێزراوە، ناوی «گوڵشەن»ە و لە ساڵی (١١٩٨ هـ/ ١٧٨٣ - ١٧٨٤ز) نووسراوەتەوەو بریتییە لە (٤٥٩) پەڕە، دیوانی شیعری گەلێ لە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی تێدایە لەگەڵ هەڵبژاردەی باڵاترین نموونەی شیعری کلاسیکی فارسی، لەمە (٩) پارچە شیعری کوردیش تۆمار کراوە بە شێوەکانی کرمانجیی سەروو و گۆرانی و لوڕی، هی شاعیرانی وەکو ئەحمەدی خانی، تەیفی هەکاری، مەلا حەسەنی کاشی، شێخ حەسەنی گۆرانی، کادی شەهمیری لوڕ.

جگە لەمانە بەشێکی تریش لە دەسنووسەکانی ئامۆژگا لە زمانانی بێگانەوە گۆڕراونەتە سەر زمانی کوردی، وەکو پەندی پێشینان و قسەی نەستەق لە زمانی تورکییەوە بۆ کوردی و هەندێ وورده چیرۆکی فارسیش گۆڕراوەتە سەر زمانی کوردی.

لە ئەرشیفی نیکیتین لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی بەشێکی بە نرخ لە دیوانی عەبدوڵڵا بەگی میسباح - ددیوان پارێزراوە. ئەم دەفتەرە لە کاتی خۆی دا لە ساڵانی جەنگی یەکەمی گێتی لە لایەن شاعیرەوە پێشکەش بە نیکیتین کرا بوو کە لەو سەردەمەدا قونسوڵی ڕووس بووە لە شاری تەورێز. ئەم برە شیعرەی میسباح لە ساڵی ١٩٧٠ لە بەغدا لە لایەن نووسەری ئەم کتێبەوە بڵاو کراوەتەوە.

دەسنووسی کوردی لە ئەڵمانیا

لە نێوان دووا ساڵانی سەدەی نۆزدەم و جەنگی یەکەمی گێتی کە ئەڵمانیا بە ڕاستی قۆڵی لێ هەڵماڵی بوو و دەیویست جێ پێی خۆی خۆش بکا لە هەرێمی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی ناوچەکانی وڵاتانی عوسمانلی و ئێران. لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک زانای بە ناوبانگی ئەڵمانی وەکو پروفیسۆر ئۆسکارمان و پروفیسۆر فۆن لۆکۆک و پروفیسۆر مارتن هارتمان و پروفیسۆر ئەدوارد سەخاو و پروفیسۆر ئاوگوست پێتەرمان ڕوویان کردە کوردستان، ئەمانە لە ئەنجام دا توانیان لەگەڵ جموجۆڵی خوێندەواری و نووسینەوەی چەند باسێکی زانستی لەسەر زمان و ئەدەبیاتی کوردی ژمارەیێک دەسنووسی کوردییان کۆکردەوە و هێنایانەوە بۆ ئەڵەمانیا. ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی ئەم دەسنووسانە لە نامەخانەکانی بەرلین و توبینگین و ماربورگ بپارێزرێن. بەشی هەرە زۆری ئەم دەسنووسانە ئێستا کە لە نامەخانەکانی بەرلین و ماربورگ پارێزراوون، هەندێکیش لە دەسنووسەکانی ئۆسکارمان لە ئەکادیمیەی زانستیی ئەڵەمانیا لە بەرلین چنگ دەکەوون.

دوکتۆر کەمال فوئاد لە کاتی خۆیدا لە ساڵی ١٩٧٠ کارێکی بەجێی کرد بەوەی وەسفێکی ئەم دەسنووسانەی بە شێوەیێکی زانستییانە بڵاو کردەوە ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەم دەسنووسانە بە هەموو کوردناس و ڕۆژهەڵاتناس و خوێندەوارێکی کورد بناسێنی و دەرگای ئەم گەنجینەیەی لە ڕووی هەموو لایێک کردەوە.

لەبەر ئەوەی مەڵبەندی ئەم دەسنووسانە سەرانسەری کوردستانی ئێرانە، دەبینین دەسنووسەکان بە هەموو شێوەکانی زمانی کوردی تۆمارکراون، بەشی زۆری بە شێوەی گۆرانیی زمانی کوردییە، بەشەکەی دیکەش زۆربەی بە شێوەکانی کرمانجیی سەروو و کرمانجیی خوارووە، بە پێچەوانەی دەسنووسەکانی سانت پیترسبورگ کە بەشی هەرە زۆری بە شێوەی کرمانجیی سەرووی زمانی کوردییە.

لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە بەسەر ئەم بەشانەی لای خووارەوە دابەش دەکرێ:

١- چیرۆکی شیعری (مەسنەوی)، ئەمە بریتییە لە حیکایەتی دڵداری و شەڕ و شۆڕ کە لە ئەدەبی هەموو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا باوە، بە تایبەتی کوردی و فارسی و تورکی، سەرچاوەی ئەم چیرۆکانە یا میللی و نەتەوەیین، یاخود ئێرانین، یا لە بنج دا سامی و عەرەبین، بە گۆڕین و وەرگرتن لە ناو ئەدەبی ئەم نەتەوانە باوون، چیرۆکە کوردییەکان زۆربەیان لە

فـارسـيـيـەوە گـۆڕراونەتە سـەر زمـانی کـوردی، یا بە دەست کـارییـەوە وەرگیراوون، لەناو دەسنووسەکان دا ئەم چیرۆکە شیعرییانە دەبینرێن:

مـەنیجـە و بیژەن، شـیرین و فـەرهاد، خـوسرەو و شـیرین، رۆستـەم و زۆراب، خورشید و خـاوەر، حـەیدەر و سنۆبەر، بارام و گوڵەنام، ئـەسفـەندیار و رۆستـەم، سـەنعـان و تەرسـا، وەرەقـە و گـوڵشـا، یـووسف و زولەیخـا، لەیلا و مـەجنوون و هـی تر.

٢- دیوانی شیعر

بەشـێکی بە نرخ لە دیوان و شیعری شـاعیرە کلاسیکییـە کوردەکان لە ناو ئەم دەسنووسـانـە دا پارێزراوون، هەندێ لەم غـەزەل و قـەسـیـدانە لـە کـوردسـتـان نەمـاوون، هەتا ئـەوانەی ئەگـەر چنگیش بکەون لە نرخی ئەم دەسنووسـانە کـەم ناکەنەوە، بەڵکو ئەمـانە نرخی خۆیانیان هـەیە بۆ ساغ کردنەوە و ڕاست کردنەوەی تێکسـتی ئـەو شـیـعـرانەی نوسـخـەی دەسنووسـیـان لە یەکـێک زیاترە، لە ناو دەسنووسەکان دا دیوان و شیعری ئەم شاعیرانە دەبینرێن:

مـەلا پەرێشـان (١٣٥٦ – ١٤٢١)، شـێخ ئەحمـەدی جـزیری (١٥٦٧ – ١٦٤٠)، وەداعـی (١٧٩٠ – ١٨٥٠؟)، نـالـی (١٨٠٠ - ١٨٥٦)، سـالـم (١٨٠٥ - ١٨٦٩)، کوردی (١٨١٢ - ١٨٥٠)، شـێخ ڕەزا (١٨٤٢ - ١٩٠٩). وەفـایی (١٨٤٤ - ١٩١٤)، ئەحـمـەدی کـۆر (نیـوەی دووەمی سـەدەی نۆزدەم و سـەرەتای سـەدەی بیـسـتـەم)، حەریق (١٨٥٦ - ١٩٠٩).

جگە لەم تێکستە بەنرخانەی شیعری کلاسیکی بەشێکیش لە بەرهـەمی شیعری نالی و کوردی و شێخ ڕەزا و وەفایی و ئەحمـەدی کۆر و هـی تر تەرجەمەی فارسی کراوە و مێژووی ژیانیان بە فارسی نووسراوەتەوە.

٣– حیکایەتی قارەمانی و پەند و ئامۆژگاری

ئەم کـۆمـەڵە دەسنووسـە بریتـیـە لە بەشـێک لە ئەدەبی مـیللیی تۆمـارکـراو و ئەدەبی کـلاسیکیی نووسـراو کـە بە شـێـوەی مـەسنـەوی داڕێژراوە و تێکسـتی لە شـیـعـر و پـەخـشـان پێک هاتووە، نـاوەرۆکی هـەرە گـرنگی دەسنووسـەکـە ئەم حیکایەتانەن:

ئیسماعیل نامە، بەبری بەیان، بەهمەن و فەرامەرز، بەیتی شێخی سەنعان، جەنگنامەی شازادە محەمەد عەلی میرزا لەگەڵ کەهیا پاشا، حاتەمنامە (بەسەرهاتی حاتەمی تەی)، حیکایەتی ئیلان شاه، حیکایەتی گوربە و مووش، داستانی ئیمامی عەلی، داستانی گورگ و روبا، سوڵتان جومجومە، محەمەدی حەنیفە، «منطق الطیر»، مولوود نامە، نادر نامە، هەفت گونبەد، هەفت پەیکەر، وەفات نامە و هی تر...

٤- دەسنووسی زمانەوانی

ئەم دەسنووسانە بریتین لە هەندێ فەرهەنگی نەتەوەیی کە بە شیعر ڕێکخراوە، وەکو «نۆبار»ی ئەحمەدی خانی و «ئەحمەدی»ی شێخ مارفی نۆدەیی. جگە لەمانە کۆمەڵێکیش دەسنووس لە ناوەوەیە لە بابەت دەستووری زمانی عەرەبی بە کوردی، یاخود دەستووری زمانی کوردی لە ژێر ڕۆشنایی دەستووری زمانی عەرەبی، وەکو دەسنووسەکانی «تصریف»، «ترکیب»، «ظروف» ی مەلا یوونسی هەلقەتەینی.

٥- هەندێ دەسنووسی تر لە بابەت مێژوو و بە سەر هات و مێژووی ژیانی گەورە پیاوان، وەکو:

تاریخی شەش سەد و چل و یەک ساڵی مەملەکەتی کوردستان، شەرحی حاڵی عەبدوڵلا خانی موکری، نامەی عەشایری دانیشتووانی دەوروبەری سابلاغی موکری.

دەسنووسی کوردی لە لەندەن

مۆزەی بەریتانیا

بە هۆی گەڕۆک و سیاسی و ڕۆژهەڵاتناسە ئینگلیزەکانەوە هەندێ دەسنووسی کوردی بە شێوەی گۆرانی کەوتە لەندەن و لە مۆزەی بەریتانی پارێزراوون، بە تایبەتی هەندێ لەم دەسنووسانە لە لایەن ڕۆژهەڵاتناس مینۆرسکییەوە پێشکەش کراوون، پاش ئەوەی لە وولاتی خۆی رووسیە دوورکەوتەوە لە ئەنجامی شۆرشی ئوکتۆبەر و لە پێشانا لە پاریس و لە پاشانا لەندەنی کرد بە مەڵبەندی ژیانی.

دەسنووسەکانی لەندەن لە رووی ناوەرۆکەوە دەکرێن بە دوو بەشەوە:

١- چیرۆکی شیعری بە شێوەی مەسنەوی دانراوە. دەسنووسە هەرە گرنگەکانی ئەم ناوەرۆکە ئەمانەن:

خورشیدی خاوەر، لەیلا و مەجنوون، خوسرەو و شیرین، فەرهادو شیرین، بارام و گوڵەنام، هەفت خوانی ڕۆستەم، زۆراب و ڕۆستەم، خاوەران، محەمەد عەلی لەگەڵ کەهیا پاشا، جەنگی مەلەخ لەگەڵ ئاتەش مولووچ و هی تر.

هەوڵ دان بۆ بژار کردنی زمانی کوردی و بەکار هێنانی کوردی پەتی لە نووسین دا دەگەڕێتەوە سەرەتای بیستەکان، بە تایبەتی کۆششەکانی ڕۆژنامەی «پێشکەوتن» (١٩٢٠ - ١٩٢٢)ی سلێمانی لەبەر چاوە.

٢- شیعری گۆرانی دە کەرتی

ئەم دەسنووسانە بریتین لە کۆمەڵە شیعرێک بە شێوەی گۆرانیی زمانی کوردی هی کۆمەڵە شاعیرێکی پێش ساڵی ١٧٨٨ن کە دەسنووسەکان تێیدا نووسراوون، ئەوانەی لەو ماوەیەدا ژیاون:

مەحزوونی (کاتبی قەسری خوسرەو خانی والی بووە ١٧٥٤ - ١٧٨٩)، شێخ ئەحمەدی تەختی (لە ١٦٤٠ ژیاوە)، محەمەد قولی سەلمان، میرزا ئیبراهیم، مەولانا قاسم، یووسف یاسکە، شێخ لوتفوڵڵا، مەلا تاهیری هەورامی، ئەلیاس بەگ، مەلا فەزلوڵڵا، حاجی عەلیی محەمەد بەگی تێلەکۆ، مەولانا فەروخی بلنگانی، مەلا حافزی فەرهاد، ڕەزا بەگ، محەمەد بەگی هەورامی، شێخ یەعقووب خان، ئیوەیس بەگ، مەولانا یووسف، شێخ حەسەنی دەرەهەردی، عەبد، عومەری نزاری شێخ مستەفای تەختی، سۆفی عەلیی کوانی، شێخ ئەحمەدی مووئی، لالۆ خوسرەو، شێخ شەمسەددینی دەرە هەردی، ئوستاد میکائیل، خانای قوبادی (لە ١٧٦٠ مردووە)، مەلا مستەفا بێسارانی، سەیدی هەورامی (لە ١٥٢٠ مردووە)، مەلا ڕەحیمی تاوەگۆزی، ئەحمەد بەگی کۆماسی.

کۆمەڵە ڕۆشنبیری و خوێندەوارییەکان

ئەو مێژووە تایبەتییەی کوردی تێدا تێپەڕ بووە وای کردووە جیاوازییێکی ئەوتۆ لە نێوان ڕێکخراوی سیاسی (پارتی) و ڕێکخراوی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری (کۆمەڵە = جەمعیەت) نەبێ، چونکە هەموو کۆمەڵەیێک ناوەرۆکی پارتییەتی تێدا

بووه. کۆمەڵەی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵی کورد دا پێش پارتی کەوتووە و دەوری ئەوی دیوە. لە کۆنەوە هەوڵی ئەوە دراوە کە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و لاوان و قوتابییان ڕێک بخرێ. کاری ئەم کۆمەڵە و ڕێکخراوانە ئاشکرایە لە پێش خستن و گۆڕانی بزووتنەوەی کولتوور و ئەدەبی کوردی، بۆیە جێی خۆیەتی مێژووی هەندێ لەم کۆمەلانە بخەینە ڕوو:

١- کۆمەڵەی هیوی قوتابیانی کورد

دامەزرێنەرانی بە تورکی ناویان نابوو «کرد طلبە هیوی جمعیتی» (کۆمەڵەی هیوی قوتابیانی کورد)، بەڵام زیاتر بەناوی «هیوی» ناسرا بوو. ئەمە لە ساڵی ١٩١٣ لە ئەستەموول لە لایەن کۆمەڵێک نیشتمان پەروەرانی کورد و قوتابیانی کوردی خوێن گەرم ڕێک خرا بوو. دیارترین جموجۆڵی ئەم کۆمەڵەیە لە کۆواری «ڕۆژی کورد» خۆی دەنواند کە بە زمانانی کوردی و تورکی بڵاو دەکرایەوە. «ڕۆژی کورد» و «هی وی» لە یەکتری جیا نەدەکرانەوە. وەکو دامەزرێنەرانیان خۆیان دەیان ووت... «ڕۆژی کورد» بایەخێکی تەواوی بە سامانی نەتەوایەتی دەدا، بە تایبەتی هونەرەکانی ئەدەبی کوردی. ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ لە کاری ئەم کۆمەڵەیە ئەوە بوو هەوڵی دەدا بە ناوی ئاسان کردنی نووسینی کوردی هەندێ دەسکاری لە ئەلفو بێی عەرەبی بکا کە لەگەڵ زمانی کوردی بگونجێ بۆ ئەوەی نووسینی کوردی بە تیپی عەرەبی ئاسانتر بکا.

٢- جەمعیەتی زانستی کوردان

لە ساڵی ١٩٢٦ لەلایەن هەندێ کار بە دەستی میری و ڕۆشنبیر و خوێندەواری کوردەوە لە سلێمانی بناغەی ئەم کۆمەڵەیە هەڵکەندرا. دیارترین دامەزرێنەرانی لە نیشتمانپەروەر و ڕۆشنبیرانی کوردی وەکو ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ و ڕەفیق حیلمی بوون. وەکو دەردەکەوێ کۆمەڵە دەیویست لە بنج و بناوانەوە دەست پێ بکا، بۆیە پێش هەموو شتێک بیری لە «بژاری زمانی کوردی» کردەوە. ئەوی ڕاستی بێ ووشە و لێکسیکۆنی زمانانی عەرەبی و فارسی و تورکی کاریان لە زمانی کوردی کرد بوو. جا هەر لە سەرەتاوە خوێندەوارانی کورد هەستیان بەوە کردبوو کە دەبێ زمانێکی تر بکەوێتە ناوەوە، ووشەو لێکسیکۆنی بێگانە لە

ناوی‌دا زاڵ نه‌بێ، ئه‌و زه‌مانه‌ی که‌ هیواو ئامانجی خوێنده‌وارانی کورد بوو ناونرا «کوردی په‌تی»، هه‌رچه‌نده‌ کۆششی کۆمه‌ڵه‌ی زانستی له‌م رووه‌وه‌ سه‌ری نه‌گرت به‌ڵام خه‌ڵکی ووشیار کرده‌وه‌ و هه‌وڵی له‌وه‌ پێشتریشی هێنایه‌وه‌ یاد و بوو به‌ به‌رنامه‌یێک له‌ دوواییدا ڕۆشنبیرانی کورد له‌ شیعر و په‌خشان دا هه‌وڵیان دا به‌ کوردی په‌تی بنووسن، له‌ ناو ئه‌مانه‌ له‌ شیعر دا نووری شێخ ساڵح و پیره‌مێرد و گۆران و هی‌تر، له‌ په‌خشان دا تۆفیق وه‌هبی و ڕه‌فیق حیلمی و حوسێن حوزنیی موکریانی و جه‌میل ڕۆژ به‌یانی و ڕه‌فیق چالاک و هی‌تر.

کۆمه‌ڵه‌ی زانستی هه‌وڵێکی بێ ووچانی دا بۆ دامه‌زراندنی چاپخانه‌ و نامه‌خانێکی کوردی چونکه‌ ئه‌مانه‌ بنکه‌ی بنچینه‌یی بوون بۆ بڵاو کردنه‌وه‌ی ڕۆشنبیری له‌ ناو کۆمه‌ڵدا، به‌ڵام دیاره‌ له‌به‌ر زرووفی سیاسی تایبه‌تی و کورتی ته‌مه‌نی کۆمه‌ڵه‌ نه‌یتووانی ئه‌م ئامانجه‌ بهێنێته‌ دی.

گرنگترین کارێکی سه‌ر شانی کۆمه‌ڵه‌ دیاره‌ فێر کردن و بڵاو کرنه‌وه‌ی زمانی کوردی بوو. بۆ ئه‌م مه‌به‌سه‌ نه‌وه‌کو ته‌نیا پیاوی هان ده‌دا، به‌ڵکو ژنیش جێگه‌ی دیاری هه‌بوو له‌ بایه‌خی کۆمه‌ڵه‌ دا، بۆیه‌ هه‌وڵی ده‌دا لقی ژنانیش له‌ کۆمه‌ڵه‌ بکاته‌وه‌. ئه‌وه‌ی پێویسته‌ له‌م ڕووه‌وه‌ بووترێ ئه‌وه‌یه‌ که‌ که‌ریم سه‌عید زانستی ده‌ورێکی بالای هه‌بوو له‌ ووتنه‌وه‌ی وانه‌ی کوردی.

کۆمه‌ڵه‌ چه‌ند شانۆگه‌رییێکیشی پێشکێش کرد، له‌مانه‌ «نیرۆن و سووتاندنی ڕۆما» له‌ ساڵی ۱۹۲۷ و «شۆرشی گه‌وره‌ی فه‌ره‌نسا» له‌ ساڵی ۱۹۲۸، فوئاد ڕه‌شید و که‌ریم زانستی له‌ ئاماده‌ کردن و پێشکێش کردنی ئه‌م شانۆگه‌ریيانه‌ ده‌وریان دیار بوو.

کۆمه‌ڵه‌ له‌ دوواییدا که‌وته‌ کزی و کوژانه‌وه‌، گه‌لێ شت کۆتایی پێ هات پاش ڕۆژی ٦ی ئه‌یلوولی ۱۹۳۰ یه‌کێکیش له‌مانه‌ کۆمه‌ڵه‌ی زانستی کوردان بوو.

کوردناسی و زمان و ئه‌ده‌بی کوردی

لێکۆڵینه‌وه‌ له‌ زمان و ئه‌ده‌بی کوردی له‌ ئه‌ورووپا

سه‌ره‌تای لێکۆڵینه‌وه‌ له‌ کولتووری نه‌ته‌وه‌کانی ڕۆژهه‌ڵات له‌ لایه‌ن ئه‌ورووپایییه‌کانه‌وه‌ ده‌گه‌رێته‌وه‌ بۆ نوێنه‌رانی ووڵاته‌ پێشکه‌وتووه‌کان، ئه‌وانه‌ی له‌ سه‌ده‌کانی ناوه‌ڕاسته‌وه‌ هه‌وڵی ئه‌وه‌یان ده‌دا بێنه‌ ڕۆژهه‌ڵات و سوودی لێ

وەربگرن، لە پێشانا بە بەهانەی پرۆپاگەندەی ئایینی، ئینجا بە هۆی پێوەندیی ئاڵوێر و بازرگانی. بێ گومان کردەوە و جموجۆڵی میسیۆنێرە ئەورووپاییەکان کارێکی ڕاستەوخۆی دەکردە سەر سوود و چاکەی دەستەی بەڕێوەبەرانی ئەم وولاتانە.

لە پاشانا پێوەندیی ئەورووپا لەگەڵ ڕۆژهەلات فراوانتر بوو، بە هۆی گۆڕانی پێوەندیی ئابووری. ئەم پێوەندییە لە قۆناغی پەرەسەندن و گۆڕانی سەرمایەداری و دووا پلەی پەرەسەندنی کە ئەمپریالیزمە، یەکسەر بوو بە هۆی چەوساندنەوەی وولاتانی ڕۆژهەلات و نەتەوەکانیان و کەوتنە ژێر باری سەرمایەداری ئەورووپا. بۆ پەیدا کردنی یەکەمین پێوەندی لە نێوان ئەورووپا و ڕۆژهەلات پێویست بوو نەتەوەکانی ئەم وولاتە زۆر چاک بناسن: خوو ڕەووشت و عادەتیان، زمان و کولتووریان. بۆ ئەم مەبەسە بە تایبەتی لە ساڵی ١٢٤٥ لە کۆبوونەوەی گەورەی ڤیەنا بڕیاری ئەوە درا کە لە پاریس یەکەمین لیژنە دابنرێ بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانی نەتەوەکانی ڕۆژهەلات.

بەپێی کۆمەڵێک سەرچاوە، ڕێکخەر و بەڕێوەبەری قوتابخانەی زمانانی ڕۆژهەلات لە پاریس کولبێر، هەوڵی ئەوەی دەدا بۆ بانقی فرەنسی لە ڕۆژهەلات، کادر پێ بگەیێنێ بۆ ئەم مەبەسە لەو کەسانە دەگەڕا ئارەزووی فێربوونی زمانانی ڕۆژهەلاتیان هەبوو.

نەتەوەی کورد وەکو نەتەوەیێکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە کۆنەوە وولاتەکەی بوو بووە مەیدانێک گەڕۆکە ئەورووپاییەکان و زانا و جوگرافی و میسیۆنێرەکان چاویان تێ بڕی بوو.

ئەم ئەورووپاییانە ژمارەیێکی زۆریان لە کتێب خستە ناو کولتووری جیهانییەوە، لە تێبینی و بینینی ڕۆژانە و وەسفی وولات و خوو و ڕەووشتی نەتەوە، ئەمە کەرەستەیێکی یەکجار گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژوو و ئەتنۆگرافیای نەتەوەی کورد.

بەڵگەی سیاسی و ئابووری کە بۆتە هۆی ئەوەی لە نەتەوەی کورد بکۆڵرێتەوە لە لایەن ئەورووپاییەکانەوە زانایانی کورد ووشیار دەکاتەوە، چونکە ئەم کارە زانستییانە بە ڕاستی ڕەنگدانەوەی چاکە و سوودی چینەکانی سەرەوە و کار بە

دەستانی ئەم وولاتانەیە. بەلام ئەم تێبینییە لە نرخی ئەم کارانە کەم ناکاتەوە لە مێژووی لێکۆڵینەوەی کولتووری نەتەوەیی کورد، بەم جۆرە ئەم کارانە لاپەڕەیێکی یەکجار بە نرخی لە کوردناسیدا تۆمارکردووە.

دەسنیشانکردنی کەموکووڕی ئەم کارانە دەبێ ئەو کارە زانستییانە بگرێتەوە کە نرخێکی زانستییان هەیە، وە نابێ پشتگوێ بخرێن، وەکو ئەوەی هەندێ جار ئەم کارە ڕوو دەدا. گرنگیی کارەکانی ڕۆژهەلاتناسانی ئەورووپا تەنیا لەوەدا نییە کە نرخێکی زانستییان هەیە، بەڵکو لەگەڵ ئەویش دا ئەم کارانە پرۆپاگەندەیێکی سیاسیی گەورەیان گێڕاوە بۆ ناسینی کورد لە ناو کۆمەڵی نەتەوەکانی ئەورووپا.

ناوەرۆکی کاری زانستیی ئەورووپاییەکان

وەکو لە بیبلیۆگرافیای کوردناساندا دەردەکەوێ، ئەدەبیاتێکی دەولەمەند لە بابەت کوردەوە لە ناوەوەیە، بەلام لەگەڵ ئەوەش دا تێبینیی گشتی بۆ دەرخستنی خاسیەتی ئەم کارانە ئەوەیە کە سەر پێیین و بە قووڵی نەچوونەتە ناو گێتی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بابەت کوردەوە، بە تایبەتی لە مێژوو و ئەدەبی ئەم نەتەوەیە. زۆربەی ئەم نووسراوانە لە لایەن نوێنەرانی ئەو جۆرە دەولەتە ئەورووپاییانەوە نووسراونەتەوە کە لە سەر چاکە و سوودی کۆلۆنیالی دەولەتەکانیان دەکەنەوە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا.

کارگەری زانستیی سۆڤیەتی ڤاسیلێڤسکی ڕاست دەکا کە دەڵێ ئەو کارانەی ئەورووپاییەکان لە بابەت کوردەوە هێناویانەتە ناوەوە نەک بە لای ئێمەوە بەهێز نییە، بەڵکو هەتا بەپێی بیروڕای بورجوازی خۆی لە پلەیێکی بەرز دا نییە.

گەڕۆک و جوگرافی و زاناو نوێنەرانی دیبلوماسییە ئەورووپاییەکان ئەوانەی دەنێررانە کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لە وولاتی کوردەواری و میللەتی کورد بایەخی بنچینەییان دەدایە جوگرافیا و ئەتنۆگرافیا و زمان و ئایین، هەرچی مێژووی خەباتی نەتەوایەتی و ژیانی کۆمەلایەتی و ئەدەبیشە لە کارەکانی ئەوان دا جێگەیێکی زۆر کەمی داگیر کردووە.

لێکۆڵینەوە لە ئەدەب و مێژوو و کولتووری نەتەوەی کورد لە ئەورووپا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمەوە دەست پێ دەکا، بە تایبەتی ئەمە لە دووا سالانی سەدەی نۆزدەم دا بەهێز بوو، لەو کاتەی وولاتە سەرمایەدارەکانی ئەورووپا بەرەو

ئەمـپـریالیـزمـی دەچوون لە گـۆڕانی مـێـژووییـیـاندا. لـە ئەدەبیـاتـی ڕۆژهەڵاتی سـەدەکانی هەڤدەم و هەژدەم زانیـاری لە بابەت کوردەوە دەست دەکەوێ، بەڵام زۆر کەمە.

چاوبرسـیـەتی و دەم لـستنەوەی ئینگلیـز و فـرەنسـا و ئەڵەمـانیا و رووسـیـا، وای کـرد بوو هەمــوو هەوڵدانێکیـان بۆ قـەپاندنی بـەشـی خـۆیان بوو لـە کـاتی دابەش کردنی مـیراتی ئیـمـپـیـراتۆریەتی عـوسـمـانلی. ئەمـە ڕێگەی بۆ خـۆش کـردن کـە لە سیـاسـەتیـان دا بایەخێکی تەواو بە هەندێ هەرێمـی ئەم ئیـمـپـیـراتـۆریەتە بدەن، یەکێک لەمانە وڵاتی کوردسـتان بوو. لە هەموو ناوچەکانی کوردسـتان سیـخوڕ و مـیسـیـۆنێـر و نوێنەرانـی بازرگـانیی جـیـاواز دەبینران، ئەمـانە تەنیـا لە خـوو و ڕەووشتی میللەتی کوردیان نەدەکۆڵییەوە، بەڵکو دەورێکی باڵایان هەبوو بۆ هەموو کار و کردەوەیێکی کە چاکەی کۆمپانیاکان و خراپەی کوردی تێدا بێ.

پێویستـە لەم مـاوەیەدا بە کورتی لای کارەکانی زانـایانی ئەوروپا بوەسـتین، بە تایبـەتی ئەو کـارانەی کـە خـاوەنەکـانیـان باس لـە زمـان و ئەدەبی کـوردی دەکـەن، بیروڕایان بەرامبەریان دەردەبڕن.

باوکی کوردناسی لە ئەوروپا

جێی خـۆیەتی ئەگەر مـاوریزێو گارزۆنی ئیـتالی بە باوکی کـوردناسـی لە ئەوروپا لە قەڵەم بدرێ. ئەو سـەردەمەی گارزۆنی هاتە وڵاتی کوردەواری و گەشـتی تێدا کرد و تێیدا ژیا، بۆ ئیتالیا قۆناغی گۆڕانێکی بنچینەیی بوو. پەرە سەندن و بەرزبوونەوەی سـەرمـایەداری لە ئەوروپا پێـویسـتـیی بە بـازاڕی زۆر و گـەورە هەبـوو. کلیـسـەی کاتۆلێکی فاتیکان پیـاوانی خۆی لە میسیـۆنێرەکان دەنارده ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ پرۆپاگەندە کـردن بۆ مـەزهەبی کـاتۆلیکی. یـەکێ لە مـیـسـیـۆنێـرەکـانی پرۆپاگەندەی ڕۆما لە ئیمپیراتۆریەتی عـوسمانلی مـاوریزیۆ گارزۆنی دۆمنیکانی بوو، لـە ئەنجامی مـانەوەی هەژدە سـاڵ لـە کـوردسـتـان گـارزۆنی یەکـەمین کـاری بە نـرخی دانا، کـە بریتییە لە دەستووری زمانی کوردی و فەرهەنگی ئیتالی - کوردی (١٧٨٧).

لە پێشەکیی کتێبـەکەی دا گـارزۆنی دەڵێ، مـەبەس لە دانانی ئەم کتێبـە ئەوەیە کە سـەرچاوە بێ بۆ ئەو میسیـۆنێرانەی لە دووا ڕۆژدا پرۆپاگەندە لە ناو کوردەکان دا دەکەن

وەکـو گـارزۆنی خـۆی دەڵێ، گـۆیا لیـۆپۆلدۆ سـوڵدینی دۆمنیکانـی یەکـەمین میـسیـۆنێر بووە کە چووە بۆ کـوردسـتان و لە شـاری ئامێدی نزیکەی ١٧ سـاڵ ژیاوە. هیچ کارێکی زانستیی لە سوڵدینییەوە بەجێ نەماوە.

مەبەسی هەرە بنچینەیی گارزۆنی لەم کارەی دا ئەوە بوو کە بەڵگەی پراکتیکی (تطبیقی) لە فێر بوونی زمانی گفتوگۆی کوردی بدا بە دەستەوە. کتێبەکە و تێکستەکانی ناوی بە ئەلفو بێی لاتینی نووسراونەتەوە، بۆ مەبەسی ڕوونکردنەوەی تیپە لاتینییەکانی ئەلفوبێی کوردی گارزۆنی بە ئەلفو بێی عەرەبی لێکیان دەداتەوە لەسەر شێوەی ئیملای فارسی. هەرچی فۆنێتیکی زمانی کوردیشە لە لایەن نووسەرەوە لە ژێر باری زمانی فارسی وون بووە، بەم جۆرە پیاو ناتوانێ لە کتێبەکەی گارزۆنی دا زمانی کوردی لە زمانی فارسی جودا بکاتەوە. ئەم بیر و ڕایە چەوتە بەرامبەر بە زمانی کوردی ماوەیێکی زۆر بەردەوام بوو لە لایەن زانایانی ئەورووپاوە.

کاری دیکە لە بابەت زمانی کوردییەوە

کـارێکی تری پڕ سـوود لەسـەر کورد میـسیـۆنێرێکی دیکە دەستی دایە، ئەم ڕۆژهەلاتناسە ناوی هۆرنلی بوو، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم لە کوردستان کاری کردووە. ووتارێکی لە کۆواری میسیۆنێرەکان بڵاو کردەوە، ئەمە لێکۆڵینەوەیێک بوو لە زمانی کوردی و هەندێ لایەنی ئەتنۆگرافی نەتەوەی کورد.

هۆرنلی دەڵێ زمانی کوردی و فارسی خزمی یەکترین. بەراوورد کردن بۆ ئەم خزمایەتییە هۆرنلی دەبا بۆ ئەوەی بڵێ پێوەندیی لە نێوان کوردی و فارسی وەکو پێوەندیی نێوان شێوەی کرمانجیی خوارو و کرمانجیی سەرووی زمانی کوردییە، دەیەوێ لێرەدا ئەوە دەربخا کە ئەم دوو شێوەیە لە یەکتری جیاواز و دوورن. بێ گومان بە ئاسانی دەتووانین بڵێین کە هۆرنلی زانیاریی سەر پێیی هەبووە لە خاسیەتی ئەم دوو شێوەیەی زمانی کوردی.

لە نێوان ساڵانی ١٨٥١ – ١٨٦١دا میسیۆنێری ئەمەریکی ڕیا Rhea لە ناو کوردانی هەکاریدا ژیا، وە بە چاکی فێری زمانی کوردی بوو بوو. لە ساڵی ١٨٧٠ دا کتێبی «دەستووری زمانی کوردی و فەرهەنگی هەرێمی هەکاری» دانا. ئەگەر ئەم کارە لەگەڵ کارەکانی تری پێش خۆی بەراوورد بکرێ، ئەمەیان لە هەموویان

چاکتر و بە نرختر حسێب دەکرێ.

زانای خەڵکی ڤیەنا فریدریک میللەر لە ژێر ڕۆشنایی ئەو کەرەستانەی لەو سەردەمەدا لە ڕووسیا لە لایەن لێرخ و خۆدزکۆوە هاتبوونە کایەوە لێکۆڵینەوەیێکی بە کەڵکی بڵاو کردەوە لە بابەت دیالێکتەکانی کرمانجیی سەروو و زازای زمانی کوردی. مەبەسی هەرە گەورە و گرنگی میللەر لە نووسینەوەی ئەم باسە ئەوە بوو سەرنجی زانا و ڕۆژهەڵاتناسان ڕابکێشێ بۆ زمانی کوردی وەکو زمانێکی سەربەخۆ و گرنگ. لە باسەکەی دا ئەوە پیشان دەدا کە زمانی کوردی لە زمانی فارسیی تازەوە دروست نەبووە، بەڵکو خاسیەتی تایبەتیی خۆی هەیە و لەوەوە دوورە، جگە لەمەش لە فەرهەنگی زمانی کوردی دا ووشەیێکی گەلێ زۆر هەیە کە لە زمانە ئێرانییەکانی تر ناکەونە بەرچاو.

کردەوەی زانایانی ئەڵمان

لە دووا ساڵانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم زانایانی ئەڵمان بایەخێکی تایبەتییان بە لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەبی کوردی داوە، لەو سەردەمەدا ئەمانە لە ڕێزی پێشەوە بوون لە ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسیی ئەورووپا. بەهێز بوون و فراوان بوونی چاکەی سەرمایەداریی ئەڵمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە قۆناغی گۆڕانی ئابووریی ئەمپریالیی ئەڵمانیا پێویستی بەوە دەکرد کە ئاگاداری ڕۆژهەڵات بێ. بۆ ئەم مەبەسە دەبوو لە ووڵات و نەتەوەکانی بکۆڵێتەوە، ئەوانەی کەوتبوونە ژێر باری سیاسەتی مۆنۆپۆلی دەوڵەتی ئەڵمانیا.

ئیمپیراتۆر (ڤیلیهیلیم)ی دووەم بایەخێکی تەواوی بەم مەسەلەیە دەدا، بۆ ئەمە نێرراوی زانستیی دەنارده ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی و ووڵاتانی ئێران و عوسمانلی و پارەیێکی زۆریشی بۆ ئەم مەبەسە تەرخان کرد بوو.

یەکێ لە ئەنجامەکانی ئەم سیاسەتەی ڤیلیهیلیم ئەوە بوو کە پرۆفیسۆر ئۆسکارمان نێررایە هەرێمەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران. ئۆسکارمان لە ساڵی ۱۹۰۱ەوە تا ساڵی ۱۹۰۳ لە ژێر چاودێریی تایبەتی ئیمپراتۆری ئەڵمان خەریکی فێر بوون و لێکۆڵینەوە و ساغ کردنەوە بوو لە زمان و فۆلکلۆری کورد. ئەو کەرەستانەی کۆی کرد بوونەوە بریتییە لە تێکستی شێوەکانی زازا و کرمانجیی خووارووی زمانی کوردی ناوچەی موکریان.

تێکستەکانی ئەم کتێبە لە لایەن هێمنی موکریانییەوە بۆ جاری دووەم لە دوو بەرگدا بە تیپی عەرەبیی زمانی کوردی لەساڵی ١٩٧٥ لە بەغدا بڵاو کراوەتەوە، بەڵام بۆ مەبەسی لێکۆڵینەوەی زانستی پێویستە چاپە ئەسڵییەکەی ئۆسکار مان سەرچاوە بێ.

ئەو کەرەستانەی لە ناوچەی موکریان کۆی کردەوە بە یارمەتیی گۆرانیبێژ و شاعیری میللی کورد ئاورەحمان بەکری سابلاغی بوو. وەکو لە تێکستەکان دا دەر دەکەوێ، گۆرانی بێژ لە کاتی بێژتنی بۆ ئۆسکارمان بۆ ئەوەی بینووسێتەوە لە خۆیەوە شتی تازەی دەخستە سەر گۆرانی و ئەو حیکایەتانەی دەیگێڕایەوە، بەم جۆرە لەگەڵێ شوێن لە تێکستەکان دا باس لە دەوڵەتی ئەڵمانیا دەکرێ و مەبەسی ئۆسکارمان ئاشکرا دەکرێ وەکو کۆکەرەوەی تێکستی زمانی کوردی.

بۆ بەڵگە لە بەیتی «قەر و گوڵەزەر» لە دووایی دا ئاورەحمان بەکر ئەم دێڕانە دێنێتەوە:

ئەوە رەحمان بەکر بەناوە
ئەو بەندی کردووە تەواوە
خزمەت بە دەوڵەتی ئەڵمان کراوە

تێکستە کۆکراوەکانی ئۆسکارمان کە لە دوو بەرگ دا چاپ کراوە، کارێکی بێ هاوتا بوو لە کوردناسی دا، وەکو ئاشکرایە کەرەستە کۆکراوەکان بە گەلێ دیالێکتی زمانی کوردین، بەڵام ئەوەی گرنگ بێ بۆ ئێستا ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لەو تێکستانە بە شێوەی کرمانجیی خوواروون، ئەو شێوەیەی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەورووپا بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدا بوو لە سەدەی نۆزدەم دا. بەرهەمەکانی فۆلکلۆری وەکو «مەم و زین» و «دمدم» و «زەمبیل فرۆش» و هی تری کە بە شێوەی کرمانجیی خواروو تۆمارکردووە، ئەم بەرهەمانە بەشێوەی کرمانجیی سەرووش گەلێ تێکستی تری لە یەکچوو و جیاوازیان لە ناوەوە هەیە.

گرنگیی ئەم کتێبەی ئۆسکارمان بووە هۆی ئەوەی هەر لە کۆنەوە هەندێ تێکستی کتێبەکە بهێنرێتە سەر ئەلفو بێی عەرەبی کە لە زمانی کوردی دا بەکار دەهێنرێ و دووبارە بڵاو بکرێنەوە، وەکو ئەو هەوڵەی کۆواری «دەنگی گێتیی تازە» لە ساڵی ١٩٤٤ دا دای بۆ ئەم مەبەسە.

له ڕووی نرخی ئەدەبی و زانستییەوە ئەو کۆمەڵە کۆکراوە فۆلکلۆرییانەی لە لایەن زانایێکی تری ئەڵەمانەوە هۆگۆ ماکاش ئامادە کراوە قورسایی لە کارەکەی ئۆسکارمان سووکتر نییە. بەشی یەکەمی ئەم کتێبە لە شاری هایدیلبیرگ لە ساڵی ١٩٠٠ بڵاو کرایەوە، کەچی لە پاش زیاتر لە چارەکە سەدەیێک، لە ساڵی ١٩٢٦ لە سانت پیترسبورگ بەشی دووەمی بڵاو کرایەوە بە یارمەتیی و دڵسۆزیی زانای ڕووسی (ئەرمەنی نەژاد) ڕۆژهەڵاتناس. أ. ئۆربێلی، وە ئەوەی شایانی باسە لەم ڕووەوە ئەوەیە کە ئەم تێکستانە لە دووا ساڵانی سەدەی نۆزدەم لە لایەن هۆگۆ ماکاشەوە تۆمار کرا بوون.

هۆگۆ ماکاش کارێکی بچووکی پێ سپێررا بوو لە نامەخانەی زانستگای ڤیەنا، لە کاتی خۆی دا لە شاری برنۆ تێکستی کوردی لە زمانی بازرگانیی کوردەوە محەمەد ئەمین تۆمار کرد بوو بە شێوەی ناوچەی ماردین.

لە کۆمەڵە کۆکراوەکە دا حیکایەتی ئامۆژگاری و پەند و نەسیحەتی بە نرخ کۆکراوەتەوە لەگەڵ گۆرانیی جیاواز، هەموو ئەم تێکستانەش گۆڕراونەتە سەر زمانی ئەڵەمانی. ئەوەی نرخی ئەم کۆکراوانەی زیاد کردووە ئەوەیە نۆتەی مۆسیقی هەندێ لە گۆرانییە کوردییەکانیش تۆمار کراوون.

کە باس لە زانایانی ئەڵمانی دووا ساڵانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەکرێ لە بابەت کوردناسی و لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەبی کوردی پێویستە دوو زانای گەورەی ئەڵمان لە یاد نەکەین، یەکەمیان (هارتمان) و دووەمیان (بیتنەر)ە. ڕۆژهەڵاتناسی ناودار مارتن هارتمان بە هۆی یارمەتیی بالیۆزی ئەڵەمان لە ئەستەمووڵ و ڕاوێژکاری بالیۆزخانەی ئەڵمانیا هایس دەسنووسێکی گەورەی دەست خست لە زمانی کوردی. دەسنووسەکە یاخود کەشکۆڵەکە جگە لە دیوانی مەلای جزیری ئەم کارانەشی تێدا تۆمار کرا بوو:

١- چیرۆکی شیعری «مەم و زین»ی ئەحمەدی خانی (ل ٢٢٤ – ٤٠٣).

٢- نامەی پزیشکیی مەلا محەمەدی ئەروازی (ل ٤٠٤ – ٤١٠).

٣- لێکدانەوە لەسەر ووشە عەرەبییەکانی نۆباری ئەحمەدی خانی (ل ٤١٢ - ٤٥٢). ئەم بەشە لە ساڵی ١٩٠٤ لە لایەن (فۆن لۆکۆک)ەوە لە بەرلین بڵاو کراوەتەوە.

٤- عەقیدەی ئەحمەدی خانی (ل ٤٥٣ - ٤٦٧). عەقیدە و نۆباری ئەحمەدی خانی لە ئەستەموول لە ساڵی ١٨٩٢ بڵاو کراونەتەوە ئەم دوو کارەی ئەحمەدی خانی لە کتێبی «یوسف ضیاءالدین الخالدي، الهدیة الحمیدیة في اللغة الکردیة، استانبول ١٣١٠ھ [١٨٩٢]» بڵاو کراونەتەوە.

هارتمان هەوڵێکی زۆری دا بەشێک لەو دەسنووسە بڵاو بکاتەوە، ئەمە و دیوانی مەلای جزیری بە شێوەی لیتوگراف بڵاو کردەوە.

غەزەل و قەسیدەکانی مەلای جزیری کارێکی گرنگن لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی، دەمێکە ئەم کارە چاوەڕوانی زانایێکی شارەزایە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیێکی لەسەر بکا و بیگۆڕێتە سەر زمانێکی ئەوروپایی، ئەمە سەرچاوەیێکی گرنگە بۆ ناسینی حەقیقەتی ئەدەبی کلاسیکی کوردی. مەکسیمیلیان بیتنەر یەکێ لە زانا ووشیارەکانی ئەوروپا بوو کە خۆی خەریکی کارێکی یەکجار قورس و سەخت کرد بوو، بەڵام پڕ سوود و بە کەڵک. ئەم زانایە توانی گەلێ لە نهێنییەکانی ئایینی ئێزیدی ئاشکرا بکا بە هۆی دۆزینەوەی کلیلی ئەو ڕەمزانەی (ئەلفوبێیانەی) کتێبە پیرۆزەکانی ئێزیدییانی پێ نووسرابوونەوە لە کتێبی «مەسحەفی ڕەش» و «کتێبی جیلوە». ئەمە کارێکی گەورە و داهێنانێکی ڕەسەن بوو لە کوردناسیدا.

کردەوەی زانایانی ئینگلیز و ئەمەریکا

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا دووایی جەنگی یەکەمی گێتی، کوردەواری ناوچەی جموجۆڵییێکی سیاسیی بەهێز بوو،ووڵاتە ئەوروپاییە پێشکەوتووەکان یارییان تێدا دەکرد بە تایبەتی بەریتانیا و ئەڵمانیا و ڕووسیا. مۆنۆپۆلی ئینگلیز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ڕێگەیێکی ڕاست و دروستی دەزانی بۆ هیندستان، جگە لەوەی چاویشی بریبووە بیرەکانی نەوتی عیراق.

نوێنەرانی دیپلۆماسی و مۆنۆپۆلی ئینگلیز لە زۆرانبازی دا بوون لەگەڵ مۆنۆپۆلی ئەڵمان لەم ناوچەیەدا، بایەخێکی تەواویان بە هەرێمەکانی خوارووی ووڵاتی عوسمانلی دەدا. بەم پێیە گەلێ لە کاری ئینگلیزەکان بۆمان ماوەتەوە، وەکو تێبینی گەشت و گەڕان. لەم کەرەستانە دا سەرچاوەیێکی دەوڵەمەند لە ڕووی جوگرافیا و ئەتنۆگرافیا و زمان و ئەدەبی کوردی هاتۆتە ناوەوە.

سۆن خەریکی لێکۆڵینەوە بوو لە زمانی کوردی،لە ناو کوردانا بە «مێجەر سۆن» ناسرابوو و کەسێکی بەناوبانگ بوو. کارەکەی «دەستووری زمانی کوردی» بوو. جگە لە کاری زانستیی تر لە بابەت کوردەوە.

دەستووری زمانی کوردی سۆن بۆ مەبەسی پراکتیکی (تطبیقی) دانراوە، دیارە بۆ سوودی ئەو ئینگلیزانەی لە کوردستان کاریان دەکرد، بۆ ئەوەی فێری زمانی کوردی ببن پێی. گرنگیی ئەم کارە بۆ ئێمە لەوە دایە کە باس لە هەر دوو شێوەی کرمانجیی سەروو و کرمانجیی خوارووی زمانی کوردی دەکا. هەموو ئەو زانیاری و لێکدانەوانەی لە دەستوورەکە دا هاتوون دان بەوە دا دەنێن کە خاوەنی زمانی کوردی باش زانیوە.

هەروەها میسیۆنێرێکی ئەمەریکایی ل. و. فۆسووم بایەخێکی تەواوی بە زمانی کوردی داوە و لەم بابەتەوە کتێبی نووسیوە.

ئەو رێگە و ئوسلووبەی کە فۆسووم گرتوویەتی بۆ دانانی «دەستووری زمانی کوردی پراکتیکی» لە دەستووری زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، بەم جۆرە هەموو کاتەکانی فرمانی زمانی کوردی لە ژێر رۆشنایی فرمانی ئیگلیزی پێشان دەدا. بەڵگەکان لە شێوەی کرمانجیی سەروو و خوارووی زمانی کوردییەوە وەرگیراوون.

دەستووری جاردینی لەڕووی نرخی زانستییەوە لە رێزی دەستوورەکانی پێشوو ڕادەوەستێ. ئەم دەستوورە تایبەتییە بە شێوەی کرمانجیی سەرووی زمانی کوردی. لە دووایی کتێبەکە فەرهەنگۆکێکی بۆ دانراوە نزیکەی (٤٠٠٠) ووشە دەبێ.

کردەوەی زانایانی فرەنسی

لە ساڵی ١٩٢٦، پۆل بایداری میسیۆنێری فرەنسی کۆششی چەند ساڵێکی گەیاندە چاپ لە ژێر ناوی دەستووری زمانی کوردی.

ئەوەی گرنگ بێ لەم لایەنەوە ئەوەیە کە بەڵگەکانی بایدار لە قسەی نەستەق و پەندی پێشینان وەرگیراوون. لە پێشەکییەکەی دا دانەر بە چاوێکی بەرز تەماشای زمانی کوردی دەکا، وەکو زمانێکی گەلێ کۆن، دەڵێ زمانێکی خۆش و نەرمە،

زمانێکی شیعری و پڕ ئاوازە، خاسیەتی تایبەتیی ڕستەی کوردی هەموو ژیان دەگرێتەوە، پێوەندییێکی بەهێزی لەگەڵ تەبیعەت و جووانی تەبیعەت دا هەیە، هەروەها دەچێتە ناو ناخی گێتیی ناوەوەی ئادەمزادەوە.

لە چلەکانی سەدەی بیستەم دا نامەخانەی کتێبی کوردی بە کتێبی تازەی بە نرخ دەوڵەمەند بوو. لە پاریس و لە پاشانا لە بێرووت دوو کتێبی ئەدەبی لە لایەن ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی فرەنسی ڕۆژێ لیسکۆوە بڵاو کرایەوە.

کتێبی یەکەم «تێکستی کوردی» لەساڵی ١٩٤٠ بڵاو کرایەوە، بریتییە لە کۆمەڵێک لە فۆلکلۆری کوردی بە شێوەی کرمانجیی سەروو، ئەمە حیکایەت و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و هەڵهێن و هیترە، لەگەڵ گۆڕینی تێکستەکان بۆ زمانی فرەنسی.

کتێبی دووەم هەمووی بریتییە لە تێکستێک لە تێکستەکانی «مەم و زین = مەمی ئالان»ی فۆلکلۆری لە ژێر ناوی «مەمی ئالان».

ئەو ترانسکریپتەی ئەو داینراوە بۆ تێکستەکان ڕەنگە لە ترانسکریپتی هەموو زاناو ڕۆژهەلاتناسەکانی پێش خۆی کە بۆ تێکستی کوردیان داناوە سەرکەوتوو تر بێ. لێرەدا دەبێ ئەوە بووتری کە یارمەتییە زانستییەکانی جەلادەت بەدرخان بۆ لیسکۆ ئاشکرایە.

پێویستە ئەوە لەم لایەنەوە بووترێ کە گرنگی تەنیا لەوەدا نییە کە کاری لەم بابەتە بڵاو بکرێتەوە، بەڵکو هەڵبژاردنی بابەتەکە ڕەنگە گرنگتریش بێ. جگە لەوەی لیسکۆ توانیویەتی بە سەر کارەکەی دا زاڵ بێ و لە هەڵە بە دوور بێ.

هەموو چیرۆکە شیعرییەکە لە سەرەتاوە تا دوایی لە سەر یەک قافیەیە (انە)، دەبێ ئەوەش بزانین کە بریتییە لە (٣٦٧٠) دێڕە شیعر. بۆ بەڵگە کوپلەی یەکەم و هەرە دوایی دەنووسینەوە.

کوپلەی یەکەم:

باژارێ مغربێ باژارەکی ئەزیم و پڕ گرانە
ل سەر هەفت چیانە
ل سەر سێ سەد و شێست و شەش قاپییانە

کوپلەی هەرە دووایی:

چیرۆکا مە چوویە جەکەت و بەرەستانانە

ڕەحـمـەت ل سـەر دێ و باڤێ گـوهدارانە

کردەوەی زانایانی ڕووس و سۆڤیەت

ئەوی ڕاسـتی بێ ئەوەیە کە لێکۆڵینـەوە لە کورد و وڵاتی کوردەواری لە ڕووسـیا بەهـێـز و ڕەسـەن و بە پیت و زۆر و پڕ بەرهـەم بوو، ئەمـە لەگـەڵ بەرز بـوونەوەی وەزعی ئابووری و سیاسی ناوچە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیدا بوو. دیارە بنج و بناوانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ مـەبەسی سـیاسی بوو، بەڵام لە زمـانی کـوردییـەوە دەسـتی پـێ کـرد. پێش هەمـوو شـتـێکیش زمـانی کـوردی سـەرنجی زاناکانی ڕاکێشـا. کارێکی زۆر بەجێیـە ئەگەر بە تەواوی لەگەڵ بیروڕای زانا و کـوردنـاسی بە ناوبـانگ مـینۆرسکی بین کـە لە سـاڵی ١٩١٥دا. ووتوویـەتی: «... پێویستـە بە شـانازییەوە بـڵێین کە لێکۆڵینەوەی زانسـتی لە بابەت کوردەوە بەشی هـەرە زۆری لە رووسیا کراوە».

یەکـەمین کـار لەم لایەنەوە لە ڕووسـیـا لە بابـەت مـەسـەلـەی ئەدەب و زمـانی کوردییـەوە، پەیدا بوونی «فەرهـەنگی بەراووردی نێوان هـەموو زمان و شێوەکان»ی پ. س. پالاس بوو لە سـاڵی ١٧٨٧، لەو فـەرهەنگە دا (٢٧٣) ووشـەی کـوردی هاتووە.

لە نیوەی یەکەمی سـەدەی نۆزدەم، ووتار و لێکۆڵینەوە لە بابـەت کوردەوە پەیدا بوو، ئەم ووتارانە گـشـتی بوون و ئامـانجی نووسـەرەکانیـان ئەوە بوو کـە کورد بە کۆمـەڵ و خـەڵکی ئەو سـەردەمـە بناسـێنن، لەبـەر ئەوەبوو ووتارەکانی بەرایی سـەر پێیی و بە گیانێکی زانستییانە نەنووسرا بوونەوە.

لە پاشـانا بـۆ مـەبـەسی لێکۆڵینەوە لە خـوو و ڕەووشـتی کـورد و وولاتەکـەی بە شـێـوەیێکی قـووڵ و ڕێکوپێک، دەوڵەتی ڕووسـیـا زانا و ڕۆژهـەلاتنـاسی ڕووسی دەنـاردە ناوچەکانی کوردستان و هەرێمەکانی تری ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست. نێرراوە بەراییەکان هـی وەکو ڤ. دیتیل. و پ. لێرخ و هـیتر بوون. لە کارەکانیان دا زیاتر بایەخیان بە زمان و ئەتنۆگرافیای ئەو ناوچانە داوە کە لەسەر ڕێگایان دا بوون.

ڕۆشنبیری ئەرمەنی ئابۆڤیان

لێکۆڵینەوەی زانستی لە بابەت کوردەوە بە ڕاستی لە ڕووسیا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم دەست پێ دەکا. ئەمە پێوەندییێکی بەهێزی بە ڕۆشنبیری ئەرمەنیی بە ناوبانگ خاچاتۆر ئابۆڤیانەوە هەیە.

ئابۆڤیان خاوەنی دوو ووتاری یەکجار گرنگ و بە نرخی زانستییە لەسەر کورد. ووتاری «کورد» بۆ یەکەمین جار لە ڕۆژنامەی «قەفقاس» لە ساڵی ١٨٤٨ بڵاو کرایەوە.

ووتاری دووەمی «ئێزیدی» دیسانەوە هەر لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاو کرایەوە.

لەم دوو ووتارەدا تێبینی و ئەنجامی زانستی دەست دەکەوێ لە لایەن نەژادی کورد و ئەدەب و فۆلکلۆری دەوڵەمەندی کورد، هەروەها زمانی کوردی و گەلێ مەسەلەی تریش.

لە بابەت کارەکانی ئابۆڤیان دەربارەی کوردەوە کوردۆییڤ ووتارێکی بڵاو کردۆتەوە بە ناوی «ئابۆڤیان وەک کوردناس». خاوەن ووتار بە تایبەتی لە بیروڕا و لێکۆڵینەوەکانی ئابۆڤیان دەدوێ لە بابەت کوردەوە. ئەم ووتارە بە کوردی لە ڕۆژنامەی «کوردستان»ی ئۆرگانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بڵاو کراوەتەوە، زانین و زانیاریی ئابۆڤیان لە خوو و ڕەووشت و ئەتنۆگرافیای کورد لە ئەنجامی ئەوەوە بوو، ماوەیێکی زۆر لە ناو کوردە هاوسێکانی ژیا بوو لە گوندی (کەناکیر)ی نزیک شاری یەریڤان. لە پاشانا بە شێوەیێکی قووڵتر ئابۆڤیان خەریکی لێکۆڵینەوە بوو لە کورد بە تایبەتی لە ئەنجامی گەشتەکانی دا لەگەڵ زانا و ڕۆژهەڵاتناس و گەڕۆکە ئەوروپاییەکانی وەکو ئاییش و ڤاگنەر و بودینشتیدت و پاروت لە ناوچە شاخاوییەکانی ئارارات. تەنیا خۆی ئاشنایەتی لەگەڵ کوردەکان دا پەیدا نەدەکرد، بەڵکو یاریدەیێکی یەکجار زۆر و بە کەڵکی پێشکەش بە زانا ئەوروپاییەکان دەکرد لە لێکۆڵینەوەکانیان دا، بەم جۆرە هەموو تێبینی و بیروڕاکانی خۆی بەرامبەر کورد و بە تایبەتی ئێزیدییەکان پێشکەش بە ڤاگنەر کرد.

زانایێکی تری ئەڵەمان هاکسهاوزن دیسانەوە کەڵکی لە تێبینی و بیر و ڕاکانی ئابۆڤیان وەرگرتووە بە شێوەیێکی فراوان. بودینشتیدت لە کۆتایی کتێبەکەی

کۆمەڵێک تێکستی ئەدەبی کوردی بڵاو کردەوە، ئەم تێکستانە لە لایەن ئابۆڤیانەوە بۆی نێررا بوو لە سەر داوای خۆی. هەروەها بە یارمەتیی ئابۆڤیان پرۆفیسۆر پارۆت تووانی کارە گرنگەکەی لە بابەت شاخی ئاراراتەوە بنووسێتەوە.

گەلێ لە بیروڕاکانی ئابۆڤیان لە بابەت کوردەوە تا ئێستا گرنگی و ڕاستیی خۆیان پاراستووە. کارێکی زۆر بەجێیە ئەگەر بڵێین ئابۆڤیان بۆ یەکەمین جار تەماشای کورد دەکا وەکو نەتەوەیێکی سەربەخۆ و دەورێکی باڵای بووە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بیروباوەڕی لە بابەت زمان و ئەدەب و فۆلکلۆری کوردەوە کەرەستە و سەرچاوەیێکی یەکجار گرنگە. لەلایەن فۆلکلۆرەوە ئابۆڤیان نرخی ئەو فۆلکلۆرە دەردەخا بۆ کۆمەڵی کورد. لە بابەت خۆشەویستی و شەوقی کورد بەرامبەر بە شاخ و کێو و شیو و دەشت و سوواری سەرکەش و ئەسپی لووت بەرز و کچی جووانی چاوکاڵ... ئابۆڤیان دەڵێ: «شیعری میللیی کوردی هەنگاوی یەکجار گەورەی هاوێشتووە، وە گەیشتۆتە پلەی کامڵ بوون، هەموو کوردێک، هەتا هەموو کچە کوردێکیش بە خۆرسکی گیانی شاعیری هەیە».

ئابۆڤیان سەرنجی زاناکانی ئەوروپا ڕادەکێشێ کە لە ئەدەبی میللی کوردی بکۆڵنەوە، چونکە زۆر دەوڵەمەندە. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بە چاکی و بە ڕاستی لە کورد بگەن ئەوانەی «سووار چاکی ڕۆژهەڵات»ن.

کردەوەکانی لێرخ

زانای ڕووس پیۆتر لێرخ شوێنێکی دیاری هەیە لە مێژووی کوردناسی لە ڕووسیا. کارەکانی لە بابەت کوردەوە ئەنجامی کۆششێکی قووڵ لە ماوەیێکی درێژ کەوتە ناوەوە. سوودی زۆر لە کەرەستە و سەرچاوەیێکی ئەوروپایی و ڕووس وەرگرتووە. سەرچاوەی ئەو تەنیا کاری نووسراو و تۆمارکراو نەبووە، بەڵکو زیاتر ژیانی لە ناو کوردان خۆیاندا بەرهەمەکانی بەهێزتر کردووە، واتە بە خوێندن و بە بینین لە مێژووی ڕۆشنبیریی کوردی کۆڵیوەتەوە.

لە ساڵی ١٨٥٦ لە ڕۆژنامەی «هەنگی باکووری» ووتارە گرنگەکەی میکیشین بە ناوی «کورد لە ناوچەی سمۆلێنسکی» بڵاو کرایەوە، ئەمە زانیارییێک بوو لە بارەی کوردە بە دیل گیراوەکانی جەنگی قرم. ئەکادیمیەی زانستی لە پیترسبورگ داوای لە لێرخ کرد پێویستە پێوەندی لەگەڵ ئەم کوردانە پەیدا بکاو لە زمانەکەیان

بكۆڵێتەوە. لێرخ چەند مانگێک لە شاری روسلاڤل لە ناوچەی سمۆلێنسک لە ناو کوردە بە دیل گیراوەکان دا ژیا. ئەم کوردانە لە بنج دا لە ناوچە جیاوازەکانی وولاتی عوسمانلییەوە گیرا بوون، وەکو: ماردین، جزیرە، دەرسیم، مووش، دیاربەکر، مەلاتیە، ئەرزەڕۆم و هیتر... وەکو لە ناوی شوێنەکان دەردەکەوێ ئەم دیلانە نوێنەری هەموو ناوچەکانی سەرووی کوردستان بوون، بەم پێیە ئەم کوردانە گەلێ لە شێوە جیاوازەکانی زمانی کوردییان دەزانی.

لێرخ خاوەنی سێ بەرگ کتێبی بە نرخە لە بابەت کوردەوە «لێکۆڵینەوە لە کوردی ئێران و باپیریان خالیدییەکانی سەروو».

ئەم کتێبە سێ بەرگییە بریتییە لە تێبینی لە بابەت کولتووری کوردەوە، هەروەها ئەو تێکستە کوردییانەشی تۆمار کردووە ئەوەی خۆی کۆی کردوونەتەوە و بەراوورد و تێبینیش دەردەخا لە بابەت شێوەکانی زمانی کوردییەوە. لێرخ بیروڕای ڕاستی هەبوو لە بابەت زمانی کوردییەوە، بەم جۆرە بەلای ئێمەوە بیروڕای لێرخ زۆر بە نرخ بوو، چونکە بۆ یەکەمین جار ئەوەی دەربڕیوە کە شێوەی سلێمانی سەربەخۆ و تەنیا نییە، بەڵکو دەچێتە ناو شێوەی کرمانجی.

ئەم ڕایە بەلای گەلێ لە زانا و ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسانەوە شتێکی ڕاستە و لە دوایی‌دا لە لایەن زانای کورد تۆفیق وەهبییەوە ساغ کراوەتەوە.

لەگەڵ ئەو تێکستانەی کە لێرخ لە زمانی کورد وەری گرتبوون، هەندێ چیرۆکی زمانە جیاوازەکانی ئەورووپاشی تەرجەمەی کوردی کردووە. نرخی ئەم تێکستە گۆڕراوانە لەوە دایە کە لێرخ ویستوویەتی پلە و گۆڕرانی زمانی کوردی دەربخا، دەوڵەمەندی و فراوانی ئەم زمانە بخاتە ڕوو، ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە بتوانرێ هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی ئەورووپا تەرجەمەی زمانی کوردی بکرێ.

تێکستی کوردی لە کتێبی لێرخ دا وێنەیێکی ڕاست و ڕەنگ دانەوەیێکی زمانی کوردییە بە هەموو شێوەکانییەوە. بەم جۆرە لە کتێبەکە دا حەوت چیرۆک بە شێوەی زازای زمانی کوردی تۆمار کراوە؟ وە بە شێوەی کرمانجیی خواروو پارچەیێک بە پەخشان لە گۆڕینی گوڵستانی شێخی سەعدی تۆمار کراوە.

هەندێ بەرهەمی شیعری شاعیرە کلاسیکییەکانی گۆران بە شێوەی گۆرانی زمانی کوردی تۆمار کراوە.

دەوری لێـرخ لە گـۆڕڕانی کـوردناسـیی ڕووس دا ڕوون و ئـاشکرایە لە هـەمـوو کارەکانی لە بابەت کوردەوە. بە هۆی هەوڵ و کۆشـشی بەهێزی لێرخ فـەرهەنگی کوردی - فرەنسی و فرەنسی - کوردی بڵاو کرایەوە، هەروەها کۆمـەڵێک تێبینی و چیـرۆکـەکـانی أ. ژابـا. لە بابەت نرخی دەوری لێـرخ لـە کـوردنـاسـیی ڕووس دا کوردۆییڤ دەڵێ: «سـوپاس بۆ کارەکانی زانایانی وەکو شـارموا، ڤیلیـامینوڤ - زیرنـوڤ، ژابا، یوسـتی، سـۆتسین و هـیتر، وە بە تـایبـەتی کـارەکـانی لێـرخ، لێکۆڵینەوە لە کـورد وەکـو بەشـێکی گـرنگی ئێـرانناسی لە سـەدەی نۆزدەم دا بە سەربەخۆیی خۆی پیشان داو دەستی کرد بە گۆڕڕان و پێشکەوتن».

بایەخ دان بە کـۆشـشی زانستی لێـرخ لە کوردناسی دا نابێ لە کـۆشـشی زانا ڕووسـەکـانی پێش لێـرخ و دەوروبـەری ئەو جـیـا بـکرێتـەوە. کـاری ئـەمـانە لەگـەڵ کارەکانی لێرخ وێنەیێکی ڕوونی ڕاستەقینەی گۆڕڕانی زمان و ئەدەبی کوردی و مێژووی کولتووری کۆنی ئەو نەتەوەیە دەدا بە دەستەوە.

کردەوەی دوو قونسولی ڕووس

لێکۆڵینەوە لە یادگارە ئەدەبییەکانی کورد مـایەی کاری دوو قـونسـولی ڕووس بوو، یەکەمیان أ. ژابا لە ئەرزەڕۆم و دووەمیان أ. خۆدزکۆ لە پاریس.

ووتاری خۆدزکۆ لە بابەت مێژوو و هەندێ لە خاسیەتەکانی شێوەی سلێمـانی بۆ ئێمە بایەخێک و گرنگییێکی تایبەتیی هەیە.

خۆدزکۆ وەکو مینۆرسکی ئەوە دەردەخا ئـارەزووی لێکۆڵینەوەی گەلێ زۆر بووە. بەهۆی ئـەوەی ناسـیـاوی لەگـەڵ ئەحـمـەد پـاشـای بابان لە پاریس پەیدا کـردووە توانیویەتی لە شـێوەی سلێمـانی بکۆڵێتەوە. لەو سـەردەمەی کە خۆدزکۆ خەریکی ئەم شـێوەیە بوو، هـەر لەو کاتە دا قونسولی ڕووس لە ئەرزەڕۆم أ. ژابا بایەخی بە شێوەی کرمانجیی سەروو دەدا. هەوڵێکی زۆری دا بۆ ساغ کردنەوەی گەلێ لایەنی شـاراوەی ئـەم شـێـوەیە. ژابا لە ئەرزەڕۆم هەژدە سـاڵ ژیا (١٨٤٨ – ١٨٦٦) لەوێ خەریکی لێکۆڵینەوە بوو لە زمانی کوردی.

بۆ ئەم کارە کـۆمـەڵێک لە خـوێندەوار و ڕۆشنبیـرانی ئەو سـەردەمـەی ئەرزەڕۆم یاریدەیان دەدا، پێوەندییێکی بەهێزی لەگەڵ ئەم خوێندەوارە کوردانەدا هەبوو. بە هۆی ئەوانەوە بۆ یەکەمین جار ژابا توانی زانیاری لە بابەت شـاعیرە کۆنەکانی

کوردەوە دیار بکا. ژابا یەکەمین زانایێکی ئەوروپایی بوو کە بایەخێکی تەواوی بە ژیان و بەرهەمی شاعیرانی کلاسیکی کورد داوە. ئەو زانیارییانەی ژابا خستوویەتییە ڕوو بۆ ئێمە سەرچاوەی یەکەمە، بەڵام پێویستە هوشیارانە ئەو زانیارییانە بەکار بهێنرێن و بە چاوێکی ڕەخنەوە تەماشا بکرێن، ڕەنگە ژابا بە ووردی سەرنجی ئەو زانیارییانەی نەدابێ بە تایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بە سەردەمی ژیان و مردنی شاعیرەکانەوە هەیە.

لێرەدا پێویستە هەندێ بەڵگەی وا بهێنینەوە کە هەڵەی زۆر ئاشکراو زەقی تێدایە. بە تایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بە مێژووی لە دایک بوون و مردنی شاعیرەکانەوە هەیە. بەم جۆرە لە نووسینەکانیدا دەڵێ:

شاعیری کورد مەلای جزیری لە (٥٤٠هـ) لە دایک بووە و لە ساڵی (٥٥٦هـ) کۆچی دوایی کردووە. لەمە ئەوە دەردەکەوێ کە مەلای جزیری (١٦) ساڵ ژیابێ، هەروەها دەڵێ شاعیری کورد ئیسماعیل لە ساڵی (١٠٦٥هـ) لە دایک بووە و قوتابیی ئەحمەدی خانی بووە کە لە ساڵی (١٠٦٣هـ) کۆچی دوایی کردووە، واتە لە پاش مردنی مامۆستای بە دوو ساڵ لە دایک بووە!

ژابا تەنیا تێکستی فۆلکلۆری و ئەدەبی لە زمانی کوردەکانی ئەو ناوە وەرنەگرتووە، بەڵکو گێڕانەوە و بیروڕای کوردەکان خۆشیانی وەرگرتووە لە بابەت هەندێ مەسەلەی مێژووییەوە. ئەمە بریتییە لە (٤٠) حیکایەت و نرخێکی مێژوویی و زانستی گەورەی هەیە.

لەسەر بنج و بناوانی ئەو کەرەستانەی کۆی کردبووەوە، ژابا فەرهەنگێکی کوردی - فرەنسی - کوردی ئامادە کرد.

فەرهەنگی یەکەم لە پاش مردنی خاوەنەکەی لەلایەن فیردیناند یووستییەوە لە ساڵی ١٨٧٩ بڵاو کرایەوە. فەرهەنگی دووەم و هەموو کارەکانی تری ژابا لەلایەن نەوەکەیەوە پێشکێش بە مینۆرسکی کرابوو لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ساڵی ١٩١٣، ئیتر مینۆرسکی خەریکی ئەوەبوو کارەکان بڵاو بکاتەوە، بەڵام جەنگی یەکەمی گێتی ڕێگەی هێنانەدی ئەم ئامانجەی بڕی و بەم جۆرە ئەم کەرەستانە بڵاو نەکرانەوە.

ناوی ئاوگوست ژابا (ئەلێکساندەر ژابا) بە ئاوی زێڕ لە مێژووی لێکۆڵینەوە لە

کورد دەنوسرێتەوە، ناوی هەمیشەییە لە مێژووی کولتووری نەتەوەی کورد. بە هۆی کۆشش و هەوڵی ژاباوە ژمارەیێکی زۆر لە دەسنووسی کوردی بە نرخ لە مێژوو و ئەدەب و ئەتنۆگرافیا و زمانی کوردی پارێزرا. لەو سەردەمەی کە ژابا قونسوڵی رووس بوو لە ئەرزەرۆم بە هۆی کوردە خوێندەوارەکانی ئەم ناوچەیە (٧٤) دەسنووسی هەمەڕەنگی پاراست، ئەمانە بە شێوە جیاوازەکانی زمانی کوردی تۆمار کرا بوون، جگە لەوەی ناوەڕۆکیان هەموو ژیانی خوێندەواریی کوردی گرتبووەوە.

بەشی هەرە زۆری ئەم دەسنووسانە لە سەر داوای ژابا ئامادە کراوون. لە ناو ئەم کۆمەڵە دەسنووسانەدا شیعری شاعیرانی کلاسیکیی سەدەکانی ناوەڕاستی کورد دەبینرێ، وەکو فەقێ تەیران، چیرۆکی شیعری «مەم و زین»ی ئەحمەدی خانیی بە ناوبانگ لەگەڵ فەرهەنگی «نۆبار» و هیتر. خزمەتی هەرە گەورەی ژابا بۆ زانستی لەوە دایە کە میراتێکی بە بەهای لە پاش خۆی بەجێ هێشتووە، ئەمە بریتییە لە کەرەستە و سەرچاوەیێکی بە نرخی کوردی و دەبێتە خۆراکێکی گیانی بۆ هەموو ئەو کوردناسانەی کە لە دووای ئەودا هاتوون.

بەرهەمی زانایانی بێگانە لە ڕووسیا

مەسەلەی ئەدەبی کوردی و زمانی کوردی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم دا لەلایەن دوو زانای ترەوە لە ڕووسیا بایەخی پێ دراوە ئەمانە سۆتسین و پریم بوون.

ئەو کەرەستانەی کە لە زمانی کوردی و ئاسووری ناوچەی توور عابدین و بۆتان تۆماریان کرد بوو، نرخێکی تایبەتییان هەیە لە مێژووی فۆلکلۆری کوردی دا.

لەگەڵ تێکستی گۆرانیی دڵداری لە کتێبەکانی سۆتسین و پریم دا گۆرانی قارەمانیی لە بابەت «دمدم» و «یەزدانی شێر» و «شەڕی سیسەبان» و هیتر بڵاو کراوەتەوە. ئەمە هەمووی بەڵگەی ڕابردووی قارەمانیی نەتەوەی کوردە لە ڕۆژگارانی مێژووی دا. سۆتسین لە لێکۆڵینەوەکانی دا لە بابەت زمانی کوردییەوە ڕێگەیێکی زانستییانەی گرتووە و ئەنجامی باشیشی بە دەستەوە داوە، بەڵام هەندێ جار بڕیار لەسەر بڕێک مەسەلەی زمانی کوردی دەدا لە ژێر ڕۆشنایی دەستووری فارسی.

کردەوەکانی یێگیازارۆڤ

لە دووا سالانی سەدەی نۆزدەم، لە ژمارە ١٣ی بڵاوکراوەی کۆمەڵەی جوگرافی ئیمپیراتۆریەتی رووسیا (لقی قەفقاس) ووتارێکی بە نرخی یێگیازارۆڤ بڵاوکرایەوە لە بابەت خوو و ڕەووشت و ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووری کوردانی ناوچەی یەریڤان.

یێگیازارۆڤ لە ووتارەکەی دا بایەخێکی زۆری بە ئێزیدییان داوە، بە تایبەتی ئایین و ئەو کردەوانەی پێوەندییان بە ئایینەوە هەیە. ئەو بەڵگە ئەتنۆگرافییانەی کە لەلایەن یێگیازارۆڤەوە هێنراونەتەوە گرنگ و سەرنج ڕاکێشەرن. ئەمە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و کۆششێکی دوور و درێژی ئەم زانایە بوو لە بابەت کوردەوە. هەروەها وەک بەڵگە بۆ هەندێ لە بیر و ڕاکانی لە بارەی زمانی کوردی و فۆلکلۆری کوردییەوە گەلێ تێکستی بە نرخ دەهێنێتەوە.

کردەوەکانی مینۆرسکی

لێکۆڵینەوە لە کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە ڕووسیا بەناوی زانای ڕووس مینۆرسکییەوە بەستراوە. ڕۆژهەلاتناسی گەورە و بە ناوبانگ، کارێکی گەورەی لە لێکۆڵینەوەی ئێراننناسی و تورکناسی و عەرەبناسی و کولتووری نەتەوەکانی قەفقاس کردووە، بەدرێژایی ژیانی بایەخێکی تەواوی داوەتە مەسەلەی کورد و لێکۆڵینەوە لە مێژووی کولتووری کورد و بووە بە سووار چاکێکی مەیدانی کوردناسی. مینۆرسکی دەستی داوەتە هەموو بەشەکانی کوردناسی وەکو زانستییێک و کاری بە نرخی لە پاش بەجێ ماوە. بایەخی بە جوگرافیا و ئەتنۆگرافیا و زمان و ئەدەب و مێژووی کۆن و خەباتی نەتەوایەتیی تازە و ئایین و ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووری داوە.

یەکەمین کاری مینۆرسکی لەم لایەنەوە بریتی بوو لە تێبینیی گەشتەکانی لەو ماوەیەی کە خەریکی وەزیفەی دیبلۆماسی بوو لە بالیۆزخانەی ڕووسیا لە ئێران. لە پێش جەنگی یەکەمی گێتی مینۆرسکی ڕاپۆرت و تێبینیی بڵاو کردەوە لە بابەت کوردی ئێرانەوە لە ژێر ناوی «گەشتێک بۆ مەراغە» و «گەشتێک بۆ میرنشینی ماکۆ لە تشرینی یەکەمی ١٩٠٥» و هیتر.

لە پاشانا مینۆرسکی خۆی خەریک کرد بە لێکۆڵینەوە لە ئایین، بە تایبەتی بایەخێکی تەواوی بە مەزهەبەکانی داو زانستییانە بۆیان دەچوو.

نویشکی کارە زانستییەکانی مینۆرسکی لە بارەی کوردەوە خرایە دوو توێی کتێبە بە ناوبانگەکەی «کورد».

لەم کتێبەدا هەوڵی ئەوەی داوە بە کورتی ئەدگارە گشتییەکانی مێژووی کولتووری کورد و خوو و ڕەووشتی نەتەوە لە کوردستان پیشان بدا. یەکەمین خاسیەتی ئەم کارەی مینۆرسکی ئەوەیە کە مەوزووعی و زانستییە. هەر لەو کاتەش دا زۆر ئیجابییە و بە گیانێکی دۆستایەتی و خۆشەویستنی نەتەوەی کورد نووسیویەتییەوە. ئەم کتێبە لە دووا ڕۆژ دا بوو بە بنچ و بناوانی هەموو بیروڕاکانی مینۆرسکی لە بارەی کوردەوە، بە تایبەتی ووتاری کورد و کوردستانی ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام.

لە کتێبی «کورد» لە فەسلی «زمان و ئەدەب و نووسین» دا، مینۆرسکی وەرامی ئەو بیروڕایە دەداتەوە کە گۆیا زمانی کوردی «فارسییێکی تێک شکاو و دەسکاری کراوە»، دەڵێ: «... بێ گومان زمانێکی سەربەخۆیەو دەستووری فۆنێتیکی تایبەتیی خۆی هەیە، هەروەها دەستووری زمانی تایبەتی خۆی هەیە، پێوەندیی زمانی کوردی لەگەڵ فارسی وەکو پێوەندیی نێوان عەرەبی و ڕووسی وایە، یا پێوەندیی زمانی لاتینیی شاخاوییەکانی سویسرە لەگەڵ زمانی ئیتالی».

مینۆرسکی بە چاوێکی بەرز تەماشای ئەدەبی کوردی دەکا. بە ڕاستی دەگاتە هەندێ تێبینی ئەویش ئەوەیە نەبوونی لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی بۆتە هۆی ئەوەی نرخی تەواوی دیاری نەکرێ، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی دەوری ئەدەبی کوردی لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاشکرا و ڕوون نەبێ، لەم لایەنەوە، دەڵێ: «... هۆی دەرنەکەوتنی نرخی ڕاستەقینەی ئەوەیە کە بەرهەمی لە ژێر دەست دا نییە، هەروەها لێکۆڵینەوەیێکی تەواویش لە زمانی کوردی دا نەکراوە»

پێویستە ئەمەش بووترێ، کە ئەم ووتەیەی مینۆرسکی دەشێ ئەمڕۆ دووبارە بکرێتەوە: لە پاش لێکۆڵینەوەی نیو سەدەی ئەدەبی کوردی هێشتا هەنگاوی فراوانی زانستی لەم ڕووەوە نەهاوێشتراوە.

لەوانەیە هەر لەبەر ئەم هۆیە بوو بێ کە زانستگای پیترسبورگ بە پێویستی

زانی داوا لە زانای لاوی هوشیار ی. أ. ئۆربێلی بکا کە بە تایبەتی خۆی ئامادە بکا بۆ ووتنەوەی زمانی کوردی لە زانستگای پیترسبورگ، مینۆرسکی هیوایێکی زۆری بەم کارە هەبوو، لەم لایەنەوە دەڵێ: «... کارەکانی ئۆربێلی بنج و بناوانی سەرۆکایەتی ڕووس پتەوتر دەکا لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی کورد».

کردەوەکانی ئۆربێلی

ئۆربێلی یەکێک بوو لە زانا و پسپۆڕانی لێکۆڵینەوە لە نەتەوەکانی قەفقاس، لە کوردناسی دا بەرهەمی زۆر و بە کەڵکی هێنایە کایەوە، لە هەر دوو قۆناغی پێش شۆرش و پاش شۆرش زانایێکی بەکار بوو لە لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسیدا.

لە پێش شـــۆرش، لە ســـاڵانی ١٩١١ - ١٩١٢ ئۆربێلی لە ناوچەی مـــۆکس لە شێوەی زمانی کوردیی ئەو ناوچەیەی دەکۆڵییەوە، بۆ ئەم مەبەسە فەرهەنگێکی کوردی - ڕووسی فراوانی دانا.

فەرهەنگی کوردی - ڕووسیی ئۆربێلی کە لە ساڵی ١٩١٤ دا داینا بوو ئامادە کرا بوو بۆ بڵاوکردنەوە تائێستا ڕووناکی نەدی، وە هۆی بڵاو نەکرانەوەشی تا ئێستاکە نەزانراوە.

نرخی زانستیی ئەم فەرهەنگە لەوەدایە کە بۆ تۆمار کردنی ووشە و ڕستەی کوردی تەنیا لە زاری ئەو ئەرمەنییانە وەرنەگیراوە کە کوردی باش دەزانن و یاخود زمانی کوردی مادەرزادیانە، بەڵکو لەزاری کوردیش خۆی وەرگیراوە. لە پاشانا وەکو ئۆربێلی خۆی دەڵێ بەشی زۆری ئەم ووشەو ڕستانە لە زمانی عەلی ئاغای یووسف ئاغا وەرگیراوون. بۆ زێدە دڵنیا بوون لە ڕاستی و دروستی ووشەکان و نەبوونی هەڵە لە ڕووی دەستووری زمانەوە، ئۆربێلی بۆ جاری دووەم لە شاری وان لەگەڵ عەلی ئاغا خۆی جارێکی تر بە سەر هەموو کەرەستە کۆکراوەکانیدا چۆتەوە.

دەوری گەورەی ئۆربێلی لە پێش خستنی کوردناسی دیار و ئاشکرا بوو، کاری لە گۆڕانی کولتووری کورد کرد بوو، بە تایبەتی کۆششی بێ ووچانی بۆ دانانی ئەلفو بێی تازە بۆ نووسینی کوردی. لە ساڵی ١٩١٣ لە سەر داوای کۆمەڵێکی ڕۆشنبیری کوردی لە شاری (خۆی)یەوە عەبدولڕەزاق بەدرخان بەرەو پیترسبورگ کەوتە ڕێ. ئامانجی گرنگی بەدرخان ئەوە بوو کە ئەلفو بێی کوردی بە هۆی

یارمەتیی کوردناسەکانی پیترسبورگ دابنێ.

هەندێ کەس لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئامانجی ئەم گەشتەی عەبدولڕەزاق بەدرخان سیاسی بووە.

لەسەر داوای ئەکادیمیەی زانستیی پیترسبورگ ئۆربێلی دەستی کرد بە بیرکردنەوە بۆ هێنانەدی و دانانی ئەلفو بێیێکی تازە بۆ زمانی کوردی. بەڵام تا ئێستا بۆ ئێمە ئاشکرا نییە ئەنجامی گەشتەکەی عەبدولڕەزاق بەدرخان بۆ ئەم مەبەسە بەچی گەیشت! بەهۆی گەلێ نووسراوی پارێزراو، پرۆژەی ئەلفو بێی کوردی ئەوەی ئۆربێلی داینا بوو لە بیستەکان دا بوو بە بنج و بناوان بۆ دانانی ئەلفوبێ بۆ کوردانی ڕووسیا (یەکێتیی سۆڤیەتی ئەو سەردەمە) لە سەر بناغەی ئەلفو بێی لاتینی.

بۆ ئامادە کردنی کادری زانستیی کوردی لە قوتابخانە و ئامۆژگا بەرزەکانی سانت پیترسبورگ، لە کۆمارەکانی قەفقاسەوە لە ساڵی ١٩٢٨ کۆمەڵێک لاوی کورد ژمارەیان (٥٠) کەس بوو، ڕوویان کردە شاری سانت پیتربورگ. بۆ دامەزراندن و پەروەردە کردنی ئەم کۆمەڵە لاوە ئۆربێلی دەورێکی باڵای هەبوو. هەر بە یارمەتیی ئۆربێلی، لە پاش کۆتایی هێنان بە زانستگا، کوردناسی دووا ڕۆژ ق. ک. کوردۆییف لە سانت پیتربورگ مایەوە بۆ تەواو کردنی خوێندنی بەرزی لەمەیدانی لێکۆڵینەوە لە کورد دا، جگە لەمە هەر لەو کاتەش دا بوو کە ئۆربێلی لەگەڵ کوردۆییف و دوو کوردناسی تریشی ئامادە کرد، ئەمانە ئاڤالیانی و تسووکەرمان بوون.

لە ساڵی ١٩٢٦، بە یارمەتیی ئۆربێلی کۆمەڵێک تێکستی گرنگی زانای نەمساوی هۆگۆ ماکاش لە چاپ درا.

لە دووا ساڵانی ژیانی بایەخێکی یەکجار زۆری بە ئامادە کردنی کادری زانستی کوردی دەدا، کۆمەڵێک قوتابیی خوێندنی بەرزی پێ گەیاند.

بۆ ئامانجی پێش خستنی کوردناسی لە وولاتی ڕووسیا لە ساڵی ١٩٥٨ بەشی کوردی لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیەی زانستی سۆڤیەت لە سانت پیتربورگ کردەوە. ئەم کارە ناوەرۆکێکی زانستی و سیاسیی پڕ مانای هەبوو. ئەمە یەکەمین بەشی سەربەخۆی زانستی بوو لە گێتیدا کە لە هەموو

زانستییەکانی کوردناسی دەکۆڵێتەوە.

سەرۆکی بەشی کوردی لە پێشانا ئۆربێلی خۆی بوو، لە پاشانا کوردۆییڤ دانرا. ئینجا پسپۆرەکانیش بریتی بوون لە کوردۆییڤ و تسووکەرمان لە زمانەوانی، وە مارگریت ڕوودێنکۆ لە ئەدەب و هی تریش.

بابەت و ناوەرۆکی سەرچاوە ئەوروپاییەکان

سەرچاوە لە بابەت کوردەوە بە زمانانی ئەوروپا بریتییە لە بەرهەمی ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسەکان لە کتێب، یا ووتار و باسی ناو کۆوار و ڕۆژنامەکان، لە کات و سەردەمی جیا و بە زمانە پیشکەوتووەکانی نەتەوەکانی ئەوروپا هاتۆتە کایەوە و بڵاو کراوەتەوە. لە سەردەمی ئێستا بە هۆی زۆری ئەم سەرچاوە و کەرەستانە نەوەکو بۆ کورد بەڵکو بۆ هەموو نەتەوەیێک و هەموو لقێکی زانستی بەبێ بیبلیۆگرافیا لە توانای هیچ کەسێک دا نییە بتوانێ دەست بەسەر هەموو سەرچاوەیێک بۆ مەبەسێکی دیاری کراو دا بگرێ. لەبەر ئەوەیە زانایان و دەسگا زانستییەکان کادرێکی باش بۆ ئەم مەبەسە ڕادەگرن و بایەخێکی زۆری پێ دەدەن. جا ئێمە لەم ماوەیەدا بە هیچ جۆر لە توانامان دا نییە باس لە هەموو ئەو سەرچاوانە بکەین، چونکە تەنیا ناو هێنانیان چەند بەرگ کتێبی گەرەکە لەبەر ئەوەیە باس لە هەندێ کاری گرنگی ئەوروپاییەکان دەکەین.

زانیاری لە بابەت کوردەوە لە ئەوروپا بە سێ شێوە خۆی دەنوێنێ:

١- زانیاریی گشتی لە بابەت کوردەوە کە لە کتێب یا ووتار دا بڵاو دەکرێتەوە، لە بڵاو کراوەیێک دا کە لە ڕاستی دا بۆ کورد دانەنراوە، باسەکە لە بابەت شتێکی ترەوەیە، بەڵام بە هۆی پێوەندییێک، دوور یا نزیک، باسی کورد دێتە ناوەوە.

٢- باسی کورد وەکو لقێک لە لێکۆڵینەوە و دیراساتی ئێرانی، لە ڕۆژهەڵاتناسیی ئەوروپای کۆن، کوردناسی بەشێکی سەربەخۆ نەبوو، بەڵکو وەکو بەڵگەیێک لە بەڵگەکانی ئێرانی تەماشا دەکرا.

٣- باسی کورد بە شێوەیێکی سەربەخۆ، وەک ڕووداوێکی زانستی لە ووڵاتی سۆڤیەتی کۆن لە هەموو جێگەیێکی تر ئاشکراترە.

ئەوی ڕاستی بێ ئەوەیە ڕۆژهەڵاتناسی ئەوروپا وەک دیاردەیێکی زانستی لە

ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە دەستی کردووە بە لێکۆڵینەوە لەکورد. ئەگەر پێش ئەو ماوەیە کتێب بوو بێ، یا ناوی کورد بە سەر پێیی لە باس و ووتاری ڕۆژهەڵاتناسەکان هاتبێ، ئەمە هەمووی بە ڕێکەوت بووە و لە ئەنجامی پرۆگرامێکی تایبەتی و دیاری کراو نەبووە.

بەگشتی ناوی کورد لە کۆنەوە، واتە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە لە کتێبی گەشتنامەی گەڕۆکە ئەوروپاییەکاندا هاتووە بەزمانە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا، وەکو: ئینگلیزی، فرەنسی، ڕووسی، ئەڵمانی، ئیتالی و هی تر. هەروەها دەکرێ ناوی زمانەکانی ئەرمەنی و گورجی و ئازربایجانیش ببەین، ئەگەر کردەوەی زاناکانیان بە ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسی لە قەڵەم بدەین.

لەم ماوەیەدا هەوڵ دەدەین گەشتێکی کورت بە ناو هەندێ لەو سەرچاوە و کەرەستانەدا بکەین کە لە ئەنجامی کۆششی ئەوروپاییەکان هاتۆتە کایەوە بە پێی بابەتەکانی:

١- جوگرافیا: تێبینیی گەڕۆکەکان و وەسفی جێگەو ڕێگەی جیاوازی کوردستان، لە هەموو شتێک زیاتر لەم جۆرە ئەدەبیاتە ڕەنگی داوەتەوە، سەرچاوە لەم ڕووەوە لە هەموو بابەتێکی تری بەرهەمی ڕۆژهەڵاتناسی زیاترە. هەر لە سەردەمی مارکۆپۆلۆی ئیتالی (١٢٥٤ - ١٣٢٤) و زێڕنگەری باڤاری جۆهان شیلتبیرگەر (١٣٩٤- ١٤٢٧) و گەڕۆکی هۆڵەندی لیندیرت راوولف (١٥٧٣ گەشتی کردووە) کەرەستەیێکی زۆر کەوتۆتە ناوەوە لە بابەت جوگرافیای ووڵاتی کوردەوارییەوە.

ئەو گەڕۆکانەی بە گشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی گەشتی کوردستانیان کردووە لە نەتەوە جیاوازەکانی ئەوروپا بوون، بەڵام زۆربەیان ئینگلیز بوون، بە تایبەتی ئەوانەی گەشتی ناوچەکانی کوردستانی خوارووویان کردووە. لە ڕووی پیشە و کاریشەوە ئەمانە بازرگان و میسیۆنێر و سیاسی و سیخوڕ و نێرراوی ئاژانسی ئاسایش بوون، لە ناو ئەمانەشدا هی وا هەبووە کە حەزیان بە سەفەر و گەشت بووە و بۆ مەبەسی تر نەهاتوون.

ئەو کەرەستانەی لە ژێر دەستمان دایە دەکرێ بەسێ بەشەوە:

(أ) بەشێکیان پێوەندییێکی ڕاستەوخۆیان بە کورد و کوردستانەوە نییە،

گەڕۆکەکان مەبەسیان بە تەنیا گەشتی وولاتی کوردەواری نەبووە، بەڵکو بە سەری دا تێپەر بوون، ئەمانە وەکو دەردەکەوێ شارەزاییشیان لە کورد نەبووە، بۆیە کەوتوونەتە هەڵەی گەورەوە. لە گەشتەکانیان دا زۆر باسی کوردییان نەکردووە، بەلام ئەوەندە هەیە ئەم جۆرە کەرەستەیە لە ڕۆژهەلاتناسی دا لە هەموو کەرەستەیێکی تر زیاترە.

(ب) بەشەکەی تریان، مەبەسیان چەند وولاتێک بووە، لەمانە کوردستانیشی تێدا بووە، لەبەر ئەوەیە فەسڵ و باسی تایبەتییان بۆ وولاتی کورد تەرخان کردووە و زانیارییێکی زۆریان داوەتە دەست، بۆ بەڵگە گەشتنامەکانی ڕاولینسون و فرەیزەر و نیبۆر و دانیبێکوف و دیتیل و بیریزین و خانیکۆڤ لەم بابەتەن.

(ج) بەشێکی تری گەڕۆکەکان مەبەسی بنچینەییان وولاتی کوردەواری بووە و سەر پێیی باسی وولاتەکانی دیکەیان کردووە کە لە دەوروبەری کوردستان بوون. زۆربەی گەڕۆکی لەم بابەتە ئینگلیز دەگرێتەوە وەکو: ریچ و سۆن و ئێدمۆندس و هیتر.

ئەو گەڕۆکانەی زانیاری و تێبینیی ناماقووڵیان لە بابەت کوردەوە بلاوکردۆتەوە ئەگەر چی ژمارەشیان کەمە. بەلام تا پلەیێک تەئسیری لە سەر ئەو ڕۆژهەلاتناس و کوردناسانە کردووە کە لە دووای ئەوانا پەیدا بوون، ئەم تەئسیرە بە زۆریش سەلبی و ڕەشبینی بووە، بەلام هۆی ئەم زانیاریانە بە زۆری دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی ئەم گەڕۆکانە ئەوروپایین و بە ئایین دیانن، هەرچی چۆنێ بێ سۆزی مەزهەبییان بووە، جا لەبەر ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری کوردیش موسوڵمانن، ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی بە چاوێکی ڕاستەوە تەماشای کورد نەکەن، وە ئەوەی زیاتریش بووەتە هۆی ئەمە ئەوەیە کوردە هاوسێی ئەرمەنە، یاخود لەو سەردەمانەدا و تا پاش جەنگی جیهانیی یەکەمیش ئەرمەن لە وولاتی کوردەواری دەژیان، ئیتر لەبەر ئەوەی ئەمانە دیانن گەڕۆکەکان لە سەر حسێبی چاکەی ئەرمەنەکان بیروڕای خراپیان بەرامبەر کورد دەر دەبڕی، خۆ ئەگەر خراپییێک لەگەڵ گەڕۆکێک بکرایە مەسەلەی ئایینی و مەزهەبی دەهاتە ناوەوە. دیارە کوردیش زۆر جار بە چاوی ڕێزەوە تەماشای هەندێ لە گەڕۆکەکانی نەکردووە، لەناو ئەمانە میسیۆنێرەکان ئەوانەی پڕۆپاگەندەیان بۆ ئایینی دیانی دەکرد و کورد ئەمەی بە دژی ئیسلام لە قەڵەم دەدا.

٢ - مێژوو

لە سەدەی هەژدەمینەوە زانایانی ئەوروپا خەریکی مێژووی کورد بوون. ڕەنگە لەم لایەنەوە کاریان لە هەموو مەبەسەکانی تر زیاتر بوو بێ، بەڵام بە گشتی نەیانتووانیوە مێژووی میللەتی کورد بە درێژایی ڕۆژگار بنووسنەوە، ئەوەی کردبێتیان ئەوە بووە مەسەلەی بچووکی ناوچەییان وەرگرتووە، ئەگەر هەمووی کۆبکرێتەوە دیسانەوە وێنەی ڕاستەقینەی مێژووی کورد ناکەوێتە بەرچاو. هۆی ئەمە کەم شارەزاییان بووە. جگە لەوە لە سەرەتاوە پسپۆری وایان نەبووە شارەزای مێژووی کورد بوو بێ. تەنیا لەم دواییەدا نەبێ زانای وا هەڵکەوتووە کە تا پلەیێک لە مەسەلەکە بگەن. ئەمانە لە یەکێتیی سۆڤیەتی کۆن و بەریتانیا دەبینرێن ئەگەر چی بیروڕای ئەم زانایانە لە هەندێ شت یەکتری ناگرێتەوە.

لە بابەت مێژووی کۆنی کوردەوە، یاخود ڕاستتر کولتووری کۆنی کوردەوە کارێکی تایبەتی کە بۆ ئەم مەبەسە تەرخان کرابێ نەهاتۆتە ناوەوە. کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسانی ئەوروپا هەموویان ئەوانەی باسی مێژووی کوردیان کرد بێ، یاخود بە گشتی باسی کوردیان کرد بێ لە مێژووی کۆنی کورد دوواوون، بەڵام کەمیان شتی تازەی داوەتە دەستەوە، زۆربەیان زانیارییان لە یەکتری وەرگرتووە، زانیارییەکانیش هەر ئەوانەن کە هەموو لایێک دەیزانن. تا ئێستا کارێکی تایبەتی بۆ مێژووی کۆنی کورد نەهاتۆتە ناوەوە. ئەوە نەبێ لە کاتی خۆی دا ن. ی. مارِی بە ناوبانگ نامەیێکی زانستی لە بابەت نەژاد و کولتووری کۆنی نەتەوایەتیی کوردەوە بڵاو کردەوە. بەناوی "جارێکی تر لە بارەی ووشەی «چەلەبی»یەوە" (هەندێ تێبینی لەسەر مەسەلەی تەئسیری کولتووری نەتەوەی کورد لە مێژووی ئاسیای ناوەڕاست)، (١٩١٢).

هەروەها أ. ل. ڤیلچێڤسکیش کتێبێکی تایبەتیی بۆ ئەم مەبەسە دانا بەناوی "کورد - تێبینی لە مێژووی نەژادی میللەتی کورد، (مۆسکۆ - لینینگراد، ١٩٦١). ئەم کتێبە لە رووسییەوە کراوە بە کوردی و لەلایەن دوکتۆر رەشاد میرانەوە لە ساڵی (١٩٩١) بڵاوکراوەتەوە.

هەرچی مێژووی تازەشە کەرەستە و سەرچاوەیێکی یەکجار زۆر لە ناوەوەیە، نەوەکو تەنیا باس و ووتار لە سەر هەندێ شتی بچووکی ناوچەیی بەڵکو باسی

گەورەشی تێدایە. جگە لەوەی کە بە کتێبیش بڵاوکراونەتەوە. لەمانە کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسانی وەکو مینۆرسکی و نیکیتین و ئەدمۆندس و سافراستیان و دوگلاس و خالفین و لازاریڤ دەوری باڵایان بووە.

هەر لە پاڵ مەبەسی مێژووی کورد کوردناسان بایەخێکی تایبەتییان بە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەتنۆگرافیای کورد داوە، ئەمەیان ئەدگاری ناوچەیی سەربەخۆی پێوەیە، واتە هەر ناوچەیێک گەورە بێ یا بچووک، کۆمەڵێک کولتووری مادی و گیانیی تایبەتیی خۆی هەیە لە جیاوازیی جل و بەرگ و کەلوپەلی ناوماڵ و شێوەی ژیان بە گشتی. لێرەدا کورد بە تایبەتی و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات بە گشتی ئەم لایەنەی کولتووری نەتەوەیان پشت گوێ خستبوو، تا ئێستاش بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە، ئەگەر چی کورد هەر لە پاش جەنگی گێتی یەکەمەوە دەرکی بەوەش کرد کە دەبێ فۆلکلۆری نەتەوەیی خۆی بناسێ، دەرکی بەوەش کرد کە ئەتنۆگرافیا ڕووداوێکی مادی و گیانیی ڕاستە لە هەموو نەتەوەیێک دەبێ بپارێزرێ و لێی بکۆڵرێتەوە. بەڵام بە داخەوە ئەگەر هەنگاوی لێکۆڵینەوە لە فۆلکلۆر هەندێ فراوان بوو بێ، دەتووانین بڵێین لە ئەتنۆگرافیا هەر نەبووە. ئەوەی هەشبێ وەکو هەوڵەکەی مەلا مەحموودی بایەزیدی ئەوا لە سەر داوای ژابا بووە، ژاباش وەکو دەزانین ئەوروپاییە و نرخی ئەم جۆرە شتانەی زانیوە بۆ دووا ڕۆژ.

٣- بزووتنەوەی نەتەوایەتیی تازە و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نوێی کورد:

سەرچاوەی ئەوروپایی لەم لایەنەوە بە گشتی بریتییە لە ووتاری سیاسیی کە لە ڕۆژنامەکانی ئەوروپا دا بڵاوکراونەتەوە، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمەوە ئەگەر ڕووداوێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووی دابێ کەوتۆتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی ئەوروپا، لەو ساوە پەیامنێریان بووە، پسپۆری تایبەتییان بووە لە سیاسەتی ڕۆژانەی ئەو سەردەمەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەگەر چاوێک بە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی ئەوروپا بە تایبەتی بەریتانیا دا بگێڕین باسی شەڕ و شۆڕەکانی لە نێوان ئێران و عوسمانلی، ڕووس و ئێران و عوسمانلی و هیتر دەخوێنینەوە..

کورد لەم مەیدانەدا دەوری باڵای بووە. کەرەستە لەم لایەنەوە وەنەبێ تەنیا ڕۆژنامەگەری بێ، بەڵکو باس و وتار و جارجارە کتێبیش بۆ ئەم مەبەسە بڵاو

کراوەتەوە. جا بەگشتی ئەگەر بمانەوێ سوود لەم سەرچاوانە وەربگرین دەبێ ووشیارانە وەریان گرین و تێیان بگەین و بەکاریان بهێنین. وە بەپێی ئەوەی ئەم باسانە سیاسین دەبێ خاوەنەکانیان ڕەچاوی چاکەی خۆیان یا ئەو لایەی بۆی دەنووسنەوە بکەن، گەلێ هۆی تریش هەیە کە ئەم بیر و ڕایانە زۆر جار لەگەڵ بیروڕای خوێندەوار و ڕۆشنبیری کورد یەک نەگرنەوە. لەبەر ئەوە پێویستە لەسەرمان ڕەچاوی ئەم شتانە لە نووسینەکانیان دا بکەین:

١- لە بنج دا بۆ چاکەی دەوڵەتێک دەنووسرێتەوە، واتە سیاسەتی ئەو سەردەمەی دەوڵەتێکی دیاری کراو چییە، دانەر بە تایبەتی ئەگەر هاوولاتی ئەو دەوڵەتە بێ ڕەچاوی چاکەی ئەو دەکا.

٢- ئەگەر وا ڕێک بکەوێ کە چاکەی دەوڵەت لە کار و کردەوەیێکی دا لەگەڵ چاکەی کورد یەک بگرنەوە، ئەوا نووسەر لەو کاتەدا لایەنگری کوردەو لە دووایی دا فڕ و فێڵ دەردەکەوێ و دەکەوێتە ڕوو. خۆ ئەگەر چاکەی دەوڵەت لەگەڵ کورد ڕێک نەکەوێ ئەوا بیروڕاکان هەموویان دژی چاکەی کورد دەبن.

٣- هەندێ جار خۆ ماندوو ناکرێ لە نووسین، هەروەها زانیاری هەڵە وەردەگیرێ، لە غەیری کورد، یا دوژمنانی کورد، ئەمە دەبێتە هۆی هەڵخەڵەتاندن، کە ڕەنگە ئەو دەوڵەتە ئەوروپاییەی مەبەسیشی بێ ڕووداوەکان دەبێ وابن وەکو نووسراونەتەوە بەڵام لەبەرئەوەی ڕاست نین، بە چاکی نازانێ.

٤- ئایین

لەوانەیە ئەوروپاییەکان لە هەمووی کەمتر باسی ئایینی موسوڵمانییان کرد بێ، کە پێوەندییێکی زۆری بە کوردەوە هەیە و زۆربەی کوردیش لە سەر ڕێ و شوێنی ئەو ئایینەن، ڕەنگە ئەمەش لەبەر ئەوە بێ چونکە باس کردنی ئەم ئایینە لە لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵی عەرەب سوودی زیاتر بێ، چونکە ئایینەکە لە عەرەبستان سەری هەڵداوە و هەموو شەعائیرێکیشی بە زمانی عەرەبییە.

کوردناسانی ئەوروپا دەورێکی باڵایان بینیوە لە لێکۆڵینەوە لە ئایینی ئێزیدی و ئەهلی هەقی یارسان. ئەم لێکۆڵینەوانە تەنیا نرخی ئەوەیان نییە کە لایەنی گیانی لەناو هەندێ خەڵکی کوردەواری ڕوون دەکەنەوە، بەڵکو نرخێکی یەکجار زۆریان هەیە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی چونکە زمانی ڕەسمی ئەم ئایینانە بووە،

هەروەها نرخێکی گەورەتریشیان هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی، چی مێژووی زمانی کوردی، وە چی تەرکیبی ناوەوەی زمان و دەستووری زمان، چونکە ئەو تێکستە ئایینییە کۆنانە سەرچاوەی یەکەمن بۆ ئەم مەبەسە.

بیرو باوەڕمان بەرامبەر کردەوەی ئەوروپاییەکان

لە دوای پیشان دانی جموجۆڵی لێکۆڵینەوە لە کورد لە ئەوروپا و دەست نیشان کردنی کارە گرنگە بنچینەییەکان، بێ گومان دەتوانین وێنەی مێژووی ئەم مەسەلەیە بخەینە ڕوو. دیارە لە کوردناسی دا کەموکووڕی هەبووە، زۆر یا کەم، ئەمەش لە ئەنجامی هۆی تایبەتی و دیاری کراو بووە.

بەلای ئێمەوە هۆی ئەمە بە گشتی دووانن:

١- بیروڕای گشتی ئەو زانایانەی خەریکی ئەم مەسەلەیە بوون.

٢- پلە و جۆری زانینیان و زانیاریی گشتییان لە زمانی کوردی و مێژووی کولتووری کورد.

لە یەکەم دا زاناکان ڕەچاوی چاکەی چینی دیاری کراو دەکەن، بە ئانقەست و هوشیاری ڕاستیی مێژووی کولتووری نەتەوەی کوردیان دەرنەدەخست، ئەمەیان هەمووی بە سوود و چاکەی سیاسی و ئابووریی وولاتەکانی خۆیان دەبەستەوە.

لە دووەمدا زانایانی ئەوروپا لە دەوری زانینی کەم و دیاریکراوی خۆیاندا دەسووڕانەوە، ئەم زانیارییانەیان نەوەکو کەم بوون، بەڵکو سەر پێیی و قووڵیش نەبوون، بۆیە بە تەواوی مێژووی کولتووری کورد لە مێشکیان دا نەچەسپی بوو. ئەمە هەمووی بوو بە هۆی ئەوەی گەلێ هەڵە لە لایەن زانایانی ئەوروپاوە بکرێ لە بابەت زمان و ئەدەبی کوردی و بە گشتی کولتووری نەتەوایەتی.

بەم جۆرە ئێمە دەتوانین لە بارەی کاری ڕۆژهەڵاتناسانی ئەوروپا لە مەیدانی کوردناسی دا بگەینە ئەم بیروڕاو ئەنجامانە:

١- هەندێ لە زانا ئەوروپاییەکان بە تەواوی لە زمانی کوردی نەگەیشتبوون، چونکە ئاگاداری دامەزران و بنج و بناوانیشی نەبوون، بۆیە کەوتبوونە هەڵەوە، وایان دەزانی زمانی کوردی شێوەیێکی زمانی فارسییە. ئەو کتێبانەی بۆ فێر بوونی زمانی کوردییان دانا بوو لە ژێر ڕۆشنایی دەستووری زمانی کوردی دانەنرا بوون، هەندێ لە زانا ئینگلیزەکان لە ژێر ڕۆشنایی دەستووری زمانی

ئینگلیزی دەیانڕووانییە زمانی کوردی. بە هۆی نەزانینیان نەیانتووانی ئەدەبی کوردی بگەیێننە ئەو پلەیەی هەیەتی. ئەمە و نەبوونی سەرچاوەی ئەدەبی کوردی لە ژێر دەستیان بووە هۆی ئەوەی بەڵگەی فۆلکلۆری بەکار بهێنن بۆ مەبەسی زمانەوانی و دەستووری زمانی کوردی. ئەمە هەمووی بوو بە هۆی ئەوەی بیروڕای ڕاستیان نەبێ لە بابەت ئەدەبی کوردییەوە، لە دواییدا بووە هۆی ئەوەی لە پلەی تایبەتیی خۆی داینەنێن.

٢- لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی لە لایەن زانایانی ئەوروپا لە بنج دا بۆ مەبەسی زانینی جۆری دروست بوونی زمانی کوردی نەبوو بە گشتی، بەڵکو بۆ مەبەسی هەندێ لایەنی تایبەتیی زمانەکە بوو، یا هەندێ مەسەلەی بچووکی زمانەوانی یا دەستووری زمان، بۆیە زانیارییان لە بابەت زمانی کوردی وەکو ڕووداوێک ڕێکوپێک نەبوو.

جگە لەمە ماوەی لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی تەسک بوو، ئەمە ناوچەی جوگرافی بچووکی گرتبووەوە، لە دیالێکتە بچووکەکانیان دەکۆڵییەوە. ئەگەر بێت و هەموو ئەم لێکۆڵینەوانە کۆبکەینەوە بە ڕاستی ئەمانە هەموو ناوچەکانی کوردستان ناگرنەوە، هەروەها بە تەواوی دەستووری زمانی کوردی و هەموو مەسەلەکانی زمانناسی نادەن بە دەستەوە. لەگەڵ ئەوەش دا ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە ئەم کارانە نرخێکی گەورەیان نییە، بە پێچەوانە دەورێکی باڵایان بووە لە پێش خستنی کوردناسی، هەروەها وەکو کەرەستەیێکی بنچینەیی دەمێننەوە بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لە دوواڕۆژدا. هەرچی ئەدەبیشە، ئەوتێکستانەی بۆ بەڵگەی زمانەوانی و دەستووری زمان بەکار هێنراوون لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا گەلێ گرنگن، چونکە پارێزراوون و خاسیەتی زمانی کوردی سەردەمی تۆمار کردنیان لەگەڵ خۆیان دا پاراستووە، ئەمانە دەبنە سەرچاوە بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی.

٣- لەو کاتەی کە بە چاوێکی شانازییەوە تەماشای ئەو تێکستە فۆلکلۆرییانە دەکەین کە کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییەکان تۆماریان کردووەو بڵاویان کردۆتەوە، پێویستە ئەوەش بزانین کە هەندێ جار ئەم تێکستانەیان لە زاری کوردەوە وەرنەگرتووە، جگە لەمە شێوەی تۆمار کردنیشیان قورسە،

چونکە هەر زانایێک ترانسکریپتی تایبەتی خۆی لەسەر بنچینەی ئەلفوبێی لاتینی داناوە، واتە ئەلفوبێیێکی تایبەتی نەبووە تێکستەکانیان پێ تۆمار بکەن، ئەمەش دیارە هەندێ جار دەبێتە هۆی ئەوەی شێوانێک لە ڕووی فۆنێتیکەوە پەیدا ببێ. هەر لەبەر ئەوەش بوو بۆ ماوەیێکی زۆر زمانناسەکان نەیانتووانی تەحلیلی فۆنێتیکی زمانی کوردی بکەن. بەلای ئێمەوە چاکترین ترانسکریپت بۆ زمانی کوردی دانرابێ ئەوەیە کە ڕۆژهەڵاتناسی فرەنسی ڕۆژێ لیسکۆ تێکستەکانی پێ تۆمار کردووە.

٤- ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بە پێی چاکە و دەسەڵاتی ووڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا دابەش کرا بوون، واتە ئەو ناوچەیەی کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ووڵاتێکی پێشکەوتووی ئەوروپا زانایان و ڕۆژهەڵاتناسانی ئەو ووڵاتە خەریکی ناوچەکە بوون. بەم پێیە هەرێمەکانی خووارووی کوردستان کەوتبوونە ژێر تەئسیری زانا و ڕۆژهەڵاتناسە ئینگلیزەکان، هەرچی ناوچەکانی سەرووش بوو کەوتبوونە ژێر تەئسیری زانا و ڕۆژهەڵاتناسە ڕووس و ئەڵمان و فرەنسییەکان.

لە پاش شۆرشی ئوکتۆبەر لێکۆڵینەوە لە کورد لە ووڵاتی سۆڤیەتی کۆندا دەستی پێ کرد، لە پێشانا خەریکی کوردی ووڵاتی سۆڤیەت خۆی بوون، ئینجا کوردناسی سۆڤیەت دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لە مێژووی کولتووری کورد وەکو نەتەوەیێک. جگە لەمەش لە ووڵاتی سۆڤیەت زانا و کوردناس لە ناو کوردەکان خۆیان دا هەڵکەوت و شان بەشانی کوردناسانی تری سۆڤیەت کەوتنە کار، ئەمانە ڕۆڵەی نەتەوە جیاوازەکانی ووڵاتی سۆڤیەتی پان و بەرین بوون.

٥- دیالێکتی گۆرانی و لوڕی زمانی کوردی بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە لە کوردناسیی ئەوروپا، ئەو بەرهەمە کەمەی لەم ڕووەوە هاتۆتە ناوەوە هەندێ تێبینی و بیروڕای زانستییانەی ئەم کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسانەن: ژووکۆڤسکی، مینۆرسکی، سۆن، ئەدمۆندس و هیتر.

٦- لە ساڵانی جەنگی دووەمی گیتی و پاش جەنگ بەگشتی زانایان و ڕۆژهەڵاتناسانی ئەوروپا ئەوانەی خەریکی کورد بوون پێوەندییان لەگەڵ زانایان و ڕۆشنبیرانی کورد لە کوردستان دا نەبوو، کەچی بە پێچەوانەوە

هەندێ لە زانایانی کورد ئاگادارییان لە هەموو ئەدەبیاتێکی کوردناسیی ئەوروپا هەبوو، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کارەکانیان زانستی و بەهێز بێ.

لە دوواییدا دەڵێین: بۆ بەهێز بوونی کوردناسیی ئەوروپا پێویستە پێوەندییێکی زانستیی بەهێز لە نێوان کوردناسەکان و زانایانی کورد خۆیان دا هەبێ، بەمە بەرهەمی زانستی و نزیک لە ڕاستی دەکەوێتە ناوەوە.

ڕۆژنامەگەری کوردی

لە دووا سالانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم نەتەوەی کورد یەکێک بوو لە نەتەوە دوواکەوتووەکانی هەر دوو دەوڵەتی عوسمانلی و ئێران، زیاتر لە میللەتانی تری ژێر دەست ژەهراوی چەوساندنەوەی دەخواردەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی عاشقی سەربەستی و ڕزگاری بێ. ڕۆشنبیر و خوێندەواری کورد ڕێبەری ئیدیۆلۆجیەتی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی کورد بوون، ئەمانە لە ئەستەموول و ناوچە جیاوازەکانی نیشتمانیان خەباتیان دەکرد، هەندێ کۆمەڵە و ڕێکخراویان پێکەوە نا. لەگەڵ ئەوەی ئامانج و بەرنامەی ئەم ڕێکخراوانە جیاواز بوو، بەلام هەموویان لە ژێر دروشمی «ڕزگاریی خاک و بەختیاریی نەتەوە» کۆدەبوونەوە.

پەیدابوونی ڕۆژنامەی کوردی

لەگەڵ پەرەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی کورد ڕۆژنامەگەری کوردیش پەیدا بوو. ڕێکخراوی کۆمەلایەتی - سیاسی و ڕۆشنبیری بایەخیان بە مەسەلەی سەربەستیی سیاسی کورد دەدا و لەگەڵ لێکۆڵینەوەی مێژووی و کولتووری میللەتی کورد و ئەدەب و زمان و فۆلکلۆر بە یەکترییان دەبەستەوە. جگە لەمە بایەخیان بە بلاوکردنەوەی یادگاری ئەدەبی کۆن دەدا چونکە ڕەنگدانەوەی مێژووی بەرزی میللەت بوو، لە دووایی‌دا ئەمە دەبوو بە هۆی چاندنی هەستی نیشتمان پەروەری لە گیان و دەروونی ڕۆڵەی میللەت دا.

بلاوکردنەوەی شیعری نیشتمانی کە بە سەر میللەت و وولات هەڵدەڵێ، ووتاری هەمەجۆر لە بابەت ژیان و بەسەر هاتی ناودارە گەورەکانی کورد وەکو سەلاحەدین و کەریم خانی زەند و بەدرخان پاشا و ئەوڕەحمان پاشای بابان...

هتد، ووتار له بابەت پێویستیی دروست کردنی ئەلفوبێی کوردی و گەلێ شتی تریش... ئەمانه هەموویان له پێناوی مەسەلەی نیشتمانی کورد بوون، مەبەس لەمه ئەوه بوو کە میللەتی کورد میللەتێکی سەربەخۆیه، مێژوو و زمان و ئەدەبی تایبەتیی خۆی هەیه.

له دایک بوونی ڕۆژنامەگەری کوردی دەگەڕێتەوه ساڵی ١٨٩٨ لەو کاتەی که له قاهیره یەکەمین ڕۆژنامەی سیاسی کوردی به ناوی «کوردستان» بڵاوکرایەوه. لەو سەردەمەدا هێشتا ڕێکخراوی سیاسی – کۆمەڵایەتیی گەوره و پتەوی کوردی پەیدا نەبوو بوو. لەم ماوەیەدا وورده کۆمەڵەی کوردی لەم لاو ئەولا پەیدا بوو بوون بەڵام پێوەندییێکی ئەوتۆ له نێوانیان دا نەبوو. ڕۆژنامەی «کوردستان» بووه شانۆی هەموو هێزه نیشتمان پەروەرەکان.

له دووایی دەیەکانی سەدەی بیستەم بەم لاوه هەندێ ڕۆژنامه و کۆواری تری کوردی پەیدا بوون. وەزعی نالەبار و سەختی ژیانی ڕۆژنامەی «کوردستان» ڕەنگی دابووەوه له ژیانی ڕۆژنامەگەری کوردی به گشتی. بڵاوکەرەوەکانی سەربەست نەبوون له هەڵسوکەوتیان، پێویست بوو ڕێبازێکی وا دەست نیشان بکەن تا ڕادەیێک لەگەڵ ئیدیۆلۆجیەتی کاربەدەستانی سەرەوەی دەوڵەتی عوسمانلی ڕێک بکەوێ، بۆ ئەمه دەبوو زۆر هوشیار و ئاگادار بن. هەموو شتێکی دەوڵەت بوو بوو به چاو و شوێن چاپەمەنیی کوردی کەوت بوو، بەڵام خەڵکی کورد به گیانی نیشتمان پەروەری چاپەمەنی و بڵاوکراوەی خۆی پەروەرده دەکرد. ڕۆشنبیر و خوێندەواری کورد به هەموو هێز و توانایانەوه هەوڵیان دەدا پارێزگاریی ڕۆژنامه و کۆواری کوردی بکەن و پێشی بخەن. گەلێ جار هەوڵیان دەدا هەندێ لاپەڕەی بەشێ له ڕۆژنامه و کۆوارەکان به زمانی تریش چاپ بکەن. نووسەری ڕۆژنامەکان هەلیان دەرەخساند بۆ ئەوەی باسی ئایین بکەن، وەکو ئەوەی که کوردیش موسوڵمانه و یەکێکه لەو نەتەوانەی که کۆمەڵه (جامعه)ی ئیسلامی پێک دێنن، لەبەر ئەوه وا چاک بوو که هەندێ جار ڕۆژنامه و کۆواری کوردی ووتار و هەواڵ به تورکیش چاپ بکەن. ئەم دیاردەیه له ڕۆژنامه و کۆوارەکانی «کوردستان –١٨٩٨»، «کورد – ١٩٠٧»، «ڕۆژی کورد – ١٩١٣»، «بانگی کوردستان –١٩٢٢» و «ڕۆژی کوردستان –١٩٢٢» دەردەکەوێ.

لە ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی بیستەم کە کوردستان پارچە کراو سنووری سیاسی دانرا، پێوەندیی لە نێوان مەڵبەندەکانی چاپ کردنی ڕۆژنامە و کۆواری کوردی پچڕا. لە تورکیا بە تەواوی چاپەمەنیی کوردی قەدەغە کرا.

ڕۆژنامە و کۆواری کوردی ئێران

لە بیستەکانی سەدەی بیستەم ڕۆژنامەگەری کوردی لە ئێرانا نەبوو، تەنیا ئەوە ناڵێین هەندێ چاپەمەنیی نهێنی ڕێکخراوە جیاوازەکانی کوردی نەبێ.

عەبدولڕەزاق بەدرخان لە ساڵی ١٩١٢ لە شاری وورمێ هەوڵی داوە کۆواری «کوردستان» بڵاو بکاتەوە، بەڵام تا سەر نەیتووانیوە کاری تێدا بکا، ئیتر کاروباری کۆوارەکە کەوتۆتە ئەستۆی دەسەڵاتی سمکۆ ئاغای شکاک، تا ساڵی ١٩١٤ بەردەوام بووە.

ڕۆژنامەگەری کوردی لە کوردستانی ئێران دا لە ماوەی جەنگی دووەمی گێتیدا پەیدا بوو، لەو کاتەی کە بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی بە تایبەتی لە ناوچەی مەهاباد دا بەهێز بوو. لەو سەردەمەدا لە کوردستانی ئێران هەندێ ڕۆژنامە و کۆواری نەتەوایەتیی کوردی دەرچوو، لە ناو ئەمانەدا کۆواری «نیشتمان» جێگەی دیاری هەبوو.

لە ماوەی هەڵچوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە ئێران و تەمەنە زۆر کورتەکەی کۆماری کوردستان، کۆمەڵێکی زۆر لە کۆواری کوردی بڵاوکرانەوە، زۆریان تاقە ژمارەیێک یا یەک دوو ژمارەیان لێ دەرچووە. لە ناو ئەو ڕۆژنامە و کۆوارانەی تا ڕادەیێک خزمەتی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردییان کردووە پێویستە پەنجە بۆ «گروگاڵی منداڵانی کورد -١٩٤٥» درێژ بکرێ، ئەوەی جێی سەرنج ڕاکێشانە لەم ماوەیەدا ئەوەیە کە ئەم کۆوارە پێوەندیی بە منداڵانەوە نییە، هەر وەکو ڕۆژنامە و کۆوارەکانی ترە. هەروەها کۆواری «کوردستان -١٩٤٥» دەورێکی دیاری هەبوو لە هوشیارکردنەوەی خەڵکی و پیشاندانی داهێنانی هەرە جوان لە ئەدەبی کوردی. لە ٢١ی مارتی ١٩٤٦ لە شاری بۆکان کۆواری «هەڵاڵە» بڵاوکرایەوە، ئەمە ئۆرگانی لقی ڕێکخراوی لاوانی کوردستانی ناوچەی بۆکان بوو.

لە پاش ڕووخاندنی کۆماری کورد و لە سێدارەدانی سەرۆکەکانیان باری ژیانی

کورد لە هەموو ڕوویێکەوە کەوتە لێژییەوە. تیرۆری بنەماڵەی پەهلەوی زیاتر باڵی بە سەر کۆمەڵی کورد دا کێشا، بەم جۆرە ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنیی کوردی ئێران کەوتە ئاوارەیی لە دەرەوەی خاکی نیشتمان.

ڕۆژنامە و کۆواری کوردی عیراق

ڕۆژنامەگەریی کوردی لە عیراق هەمیشە لە پێش چاو بووە، هەڵبەز و دابەزی بووە بەڵام قەت نەکوژاوەتەوە. سانسۆری میری چاوی نەترووکاندووە لە عاست ڕۆژنامە و کۆواری کوردییەوە، دەسەڵاتی میری بۆی نە دەکرا بە تەواوی قەدەغەی بکا هەروەها نەشی دەویست بە ئارەزووی خۆی بکەوێتە کار. بە تایبەتی میری زیاتر ڕەچاوی ئەو بیر و ڕایانەی دەکرد کە پێوەندییان بە هەستی نەتەوایەتییەوە هەیە.

ڕۆژنامە و کۆواری کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بە تیپ و ئەلفوبێی جیاجیا بڵاو دەکرایەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دا سوودیان لێ وەرنەگیرێ. تا بیستەکانی سەدەی بیستەم لە وڵاتی عوسمانلی (لە ئێران و عیراق تائێستا) ڕۆژنامەگەری کوردی ئەلفوبێی عەرەبی بەکار دەهێنا لە نووسینی زمانی کوردی دا. کەچی ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی کوردی لە سووریا و چاپەمەنیی کوردە ئاوارەکانی کوردستانی تورکیا لە دەرەوە ئەلفوبێی لاتینییان بەکار دەهێنا لە نووسینی کوردی دا. کوردی یەکێتیی سوڤیەت لە پاش شۆرشی ئۆکتوبەرەوە تا جەنگی دووەمی گێتی ئەلفوبێی لاتینییان بەکار دەهێنا، لە پاش جەنگی دووەمەوە چوونە سەر ئەلفو بێی سیریلی.

ڕۆژنامەگەری کوردی گشتی بوو، واتە هەموو کۆوارێکی کوردی لە یەک کات دا کۆمەڵایەتی - سیاسی، ئەدەبی و زمانەوانی، زانستی و هونەری بوو، مەیدانی هەموو زانستی و زانیارییەکان بوو. لە هیچ لایێکی کوردستان تا ساڵی ١٩٥٩ ڕۆژنامەیێکی کوردی ڕۆژانەی سیاسی بڵاونەکراوەتەوە. لە چلەکان و پەنجاکان دا، هەندێ ڕۆشنبیری کورد، خەباتێکی بێ ووچانیان کرد بۆ ئەوەی ڕۆژنامەیێکی سیاسی - کۆمەڵایەتی وەدەست بێنن، بەڵام هەرگیز نەیانتووانی ئەم ئاواتە بهێننەدی. تەنیا لە پاش شۆرشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ حوکوومەتی تازەی عیراق ڕێگەی ئەوەی دا کە دوو ڕۆژنامەی سیاسی - کۆمەڵایەتی بە زمانی کوردی بڵاو

بکرێنەوە، ئەمانە یەکەمیان ڕۆژنامەی «خەبات» بوو - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان - ژمارە یەکەمی لە ٤ی مارتی ١٩٥٩ لە بەغدا بڵاوکرایەوە. دووەمیان ڕۆژنامەی «ئازادی» بوو - ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق - ژمارە یەکەمی لە ڕۆژی ١ی مایسی ١٩٥٩ لە کەرکووک بڵاوکرایەوە. لە پاش تێپەڕ بوونی دوو ساڵ ئەم ڕۆژنامانە داخران.

بەشێکی زۆر لە ڕۆژنامەگەریی کوردی لە چلەکان و پەنجاکان بە شێوەیێکی نهێنی لە عیراق دا بڵاو دەکرانەوە، ئەم ڕۆژنامانە بە ڕێکوپێکی دەرنەدەچوون، لە کاتی خۆی دا بڵاو نەدەکرانەوە، بە تایبەتی لەو سەردەمانەی کە دەسەڵات بە هەموو هێزی بەربەرەکانیی نیشتمان پەروەرانی کوردی دەکرد. دەوری کۆمەڵایەتی – سیاسی ئەم چاپەمەنییانە یەکجار گرنگ و بەرز بوو، ئەم ڕۆژنامانە مەسەلەی ستراتیجی و تاکتیکی خەباتی جەماوەریان بە ڕوونی دەخستە ڕوو، ئەمە کارێکی گەورە بوو بۆ پروپاگەندە لە ناو خەڵک و دەبووە هۆی تێگەیاندن و فراوان کردنی هەست و خوێندەوارییان. لەم ماوەیە دا دەتووانین ناوی هەندێ لەم چاپەمەنییە نهێنییانە ببەین:

١- کۆواری «شۆرش» - ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیستی کورد بوو.

٢- کۆواری «ڕزگاری» - ئۆرگانی پارتی ڕزگاریی کوردستان بوو، لە ساڵی ١٩٤٦ بڵاو دەکرایەوە.

٣- ڕۆژنامەی «ئازادی» - ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بوو لە ساڵی ١٩٤٥ بڵاو دەکرایەوە، لە ساڵی ١٩٥٦ ناوی بوو بە «ئازادیی کورد».

٤- ڕۆژنامەی «خەباتی کورد» - ئۆرگانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بوو لە ساڵی ١٩٥٦ بڵاو دەکرایەوە.

یەکێ لە ئەدگارەکانی تری ڕۆژنامەگەریی کوردی ئەوە بوو هەندێ ڕۆژنامە و کۆوار بە دوو یا سێ زمان چاپ دەکران و بڵاو دەکرانەوە، بۆ ڕێکخراوە کوردییەکان ئاسانتر بوو کە کۆوار و ڕۆژنامە بە زمانی میریش چاپ بکەن، ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی کەمتر دەسەڵاتدار حەساسیەتی هەبێ بەرامبەر بە کورد، مەبەستێکی گرنگی تریش بەم هۆیەوە دەگەیشتە ئەنجام ئەویش ئەوە بوو کە ڕۆژنامە و کۆوارە کوردییەکە بە دوو یا سێ زمان دەردەچوو دەبووە هۆی ئەوەی

نەتەوەی ئەم زمانانە شارەزایی لە ژیان و مێژوو و ئەدەب و خوێندەواری و مەسەلەی نیشتمانی کورد لە کوردستانا پەیدا بکەن.

بۆ بەڵگە ڕۆژنامەی «بانگی کوردستان -١٩٢٢» لە سلێمانی بە زمانانی کوردی و فارسی و تورکی بڵاو دەکرایەوە، سەر نووسەری ئەم ڕۆژنامەیە مستەفا پاشا یامولکی بوو، نووسەری بەشی تورکی رەفیق حیلمی و نووسەری بەشی فارسی عەلی کەمالی باپیر بوو. یەکەمین ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە لە ڕۆژی ٢ی ئاغستۆسی ١٩٢٢ بڵاو کراوەتەوە. کۆواری «دیاری کوردستان» (١٩٢٥) لە بەغدا بە زمانانی کوردی و عەرەبی و تورکی لەلایەن سالّح زەکی ساحیبقرانەوە بڵاو دەکرایەوە.

کۆوار و ڕۆژنامەی کوردی ڕەنگدانەوەی هیواو ئامانج و چاک کردنی باری ژیانی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بوو، بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە دەبوو بەربەرەکانی دوژمن بکا بەوەی جێگەی نیشتمان پەروەری لە ناو دڵی خەڵکی کورد بکاتەوە. وەکو نەتەوەیێکی چەوساوە هەمیشە مافی ئەوەی بووە چەوسێنەرەکانی ریسوا بکا و مافی خۆی لە پێش مافی هەموو کەسێکی ترەوە بێ با ئەو کەسە لەویش زیاتر تووشی نالەباری بوو بێ.

لە ماوەی جەنگیی دووەمی گێتی و پاش جەنگ ڕۆژنامە و کۆواری کوردی زیاتر پێش کەوت و پەرەی سەند. لەو سالانە دا ڕێبازی پێشکەوتنخوازی زیاتر بەهێز بوو لەسەر لاپەڕەکانی چاپەمەنی دا.

مەسەلەی خەباتی ڕزگاریی نەتەوایەتیی میللەتی کورد زیاتر بایەخی پێ دراو قووڵتر تەماشای دەکرا و لێی دەکۆڵرایەوە.

هەر لەو کاتە دا بەشی ئەدەبی ڕۆژنامە و کۆوارەکان بەهێزتر بوو لە رووی ناوەرۆکەوە. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە لەم ماوەیەدا گەلێ لە بەرهەمی نووسەر و شاعیر و خوێندەوارانی ئەورووپا وەردەگێڕدرایە سەر زمانی کوردی و لە چاپەمەنی دا بڵاو دەکرایەوە.

لە پاش شۆرشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ دەرگایێکی تر کرایەوە، ڕێرەوی ئەو کۆوار و ڕۆژنامانەی کە پێش شۆرش دەردەچوون گۆڕرا و گەلێ کۆوار و ڕۆژنامەی تازەش کەوتە ناوەوە. بەم جۆرە دەبینین شۆرش تەنیا کارێکی گەورەی لە ڕۆشنبیری کوردی عیراق نەکرد، بەڵکو بوو بە هۆی ئەوەی ئێران دەست بکا بە

بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیێکی هەفتەیی بە ناوی «کوردستان –١٩٥٩» بە تیپی عەرەبی لە تاران چاپ و بڵاو دەکرایەوە، ئەم ڕۆژنامەیە لە دژی هەموو بیر و باوەڕێکی کۆمەڵایەتیی نوێ خوازی بوو، هەوڵی دەدا خەباتی چینایەتی و ڕزگاریی نەتەوایەتی لە ئێران کپ بکا. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا ووتاری زانستی و ئەدەبی و هونەریی بە کەڵکی بڵاو دەکردەوە. ڕۆژنامەی «کوردستان» ووتار و بەرهەمی بە هەموو دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی بڵاو دەکردەوە، ئەمە بووە بنچینە و سەرچاوە بۆ هێنانەدی مەسەلەی بەراووردی لە نێوان شێوەکانی زمانی کوردی، هەروەها مەسەلەی دروست بوونی زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی و دەستووری ڕاست نووسین.

پێویستە لێرەدا ئەوەش بوترێ کە بەشی هەرە زۆری مەسەلەی کولتوور و ڕۆشنبیری کوردی بە تایبەتی مەسەلەی زمانی کوردی لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و کۆواری کوردیدا تەماشایان کراوە و جێبەجێ کراون. لەبەرئەوەی کتێبی کوردی کەم و دەگمەن بوو ڕۆژنامەگەری کوردی ئەرکی کتێبی کوردی خستبووە سەر شانی خۆی. هەروەها ڕۆژنامە و کۆواری کوردی دەوری کتێبی قوتابخانەیی دەدی بۆ فێر کردنی زمانی کوردی بۆ نەخوێندەوار و نیوە خوێندەواری کورد.

ڕۆژنامە و کۆوارە گرنگەکانی کوردی

لەم ماوەیەدا باس لە هەندێ لە ڕۆژنامە و کۆوارە گرنگەکانی کوردی دەکەین بە تایبەتی ئەوانەی لە ڕوخسار و ناوەرۆک ئەدگارێکی تایبەتییان بوو و زیاتر بایەخیان بە زمان و ئەدەبی کوردی داوە.

کوردستان (قاهیرە ١٨٩٨)

کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییە، ڕۆژنامەگەری کوردی لەوەوە دەست پێ دەکا.

بۆ مێژوو دەبێ دوو قسەی ڕاست بخرێتە ڕوو: لە سەرەتای شەستەکان کە خاوەنی ئەم کتێبە لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی ڕووسیا خوێندنی بەرزی تەواو دەکرد ژمارە یەکەمی ڕۆژنامەی «کوردستان»ی لە نامەخانەی بەشی تورکە - مەنگۆلی لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی دا دۆزییەوە.

دوور وولاتی و باری ژیانی سیاسی نیشتمان لەو سەردەمەدا، بڵاو کردنەوەی هەواڵی ئەم دۆزینەوەیەی دووا خست تا گەڕانەوەی بۆ نیشتمان لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٨، وا بوو ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ١٩٦٨ بە زمانانی عەرەبی و کوردی لە ڕۆژنامەی «التآخی = برایی» ئەم هەواڵە ڕۆشنبیرییە گرنگەی بڵاو کردەوە، پێشنیازیشی کرد کە ڕۆژی ٢٢ی نیسانی هەموو ساڵێک بکرێ بە جەژنی ڕۆژنامەگەری کوردی. لە پاش ئەمە دوکتۆر کەمال فوئاد لە هاوینی ساڵی ١٩٦٨ زۆربەی هەرە زۆری ژمارەکانی لە ئەڵەمانیا دەست خست و لە ساڵی ١٩٧٢ بە ڕێگەی ئۆفسێت بڵاوی کردەوە.

ژمارە یەکەمی «کوردستان» لە ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە دەرچووە، خاوەنی میقداد مەدحەت بەدرخان بووە، دووا ژمارەی ئەوەی تائێستا لەبەر دەست دایە لە جنێڤ لە ١٤ی نیسانی ١٩٠٢ بڵاوکراوەتەوە.

لە ژمارە شەشەمەوە کە جێی دەرکردنی لە قاهیرەوە گوێزراوەتەوە جنێڤ تا دووا ژمارەی لەلایەن عەبدولرەحمان بەدرخانەوە بڵاوکراوەتەوە. چارەنووسی ئەم ڕۆژنامەیە ئەوەبوو کە گەشتی شارەکانی قاهیرە و جنێڤ و لەندەن و فۆلکستۆن بکا. دەبوو لەو جێگە دوورانەوە لەو سەردەمەدا - کە هاتوچۆ کردن ئاسان نەبوو – بگاتە دەست خوێنەرانی کوردی لە کوردستان، چونکە بۆ ئەوان چاپ دەکرا.

بێ گومان ڕۆژنامەی کوردستان دەورێکی دیاری بووە نەک تەنیا لە هوشیارکردنەوەی لاوی کورد لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، بەڵکو کوردی فێری پیشەی ڕۆژنامەگەری کرد. دیارە دەوری هەرە بالآشی خزمەت کردنی ئەدەبی کوردی بووە، نموونەی بەرهەمی ئەدەبی کوردی بڵاو کردۆتەوە، ئاشنایەتی لەگەڵ شاعیر و ڕۆشنبیرانی کورد پەیدا کردووە، زانیاریی بە نرخی لە بابەت زمان و ئەدەبی کوردییەوە پێشکێش کردووە.

ژین (ئەستەمووڵ ١٩١٨)

ژین ڕۆژنامەیێکی هەفتەیی بوو، یەکەمین ژمارەی لە ڕۆژی ٢٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨ لە ئەستەمووڵ دەرچووە. ڕۆژنامەکە بە زمانی کوردی و تورکی بڵاو دەکرایەوە، ووتارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی بە تورکی بڵاو دەکردەوە، لە بەشی کوردییەکەش دا بایەخی بە تێکستی ئەدەبی دەدا بە

تایبەتی شیعر. ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن کۆمەڵێک خوێندەواری کوردەوە دەردەهێنرا ئەوانەی لە ئەستەموول دەژیان و دەیانخوێند. دووا ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە (ژمارە ٢٥) لە ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩ بڵاو کراوەتەوە. ڕۆژنامەی «ژین» زمانی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی کورد بوو، لە بەرنامە و تاکتیک و ستراتیجیی گشتی ئەم بزووتنەوەی دەکۆڵییەوە.

ژیانەوە (١٩٢٤) – ژیان (١٩٢٦) – ژین (١٩٣٩) - (سلێمانی)

ژیانەوە ڕۆژنامەیێکی هەفتەیی بوو، بە زمانی کوردی و تیپی عەرەبی لەلایەن دەسەڵات بە دەستانی پاش ڕووخاندنی حوکوومەتی خوارووی کوردستان لە سلێمانی بڵاو دەکرایەوە. ژمارە یەکەمی لە ١٨ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٤ بڵاوکرایەوە، تاکو ساڵی ١٩٢٥ بەردەوام بوو، لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٦ ناویان گۆڕی و کردیان بە «ژیان»، ژمارە یەکەمی لە ٢١ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٦ بڵاوکرایەوە. تا ساڵی ١٩٣٤ زمانی شارەوانی شاری سلێمانی بوو. لە پاشانا لە ژمارە (٤٠٦)ەوە مافی چاپ کردنی درایە پیرەمێرد، ئەویش تا ساڵی ١٩٣٨ ژمارەی گەیاندە (٥٥٣) ئیتر میری ڕۆژنامەکەی داخست. لە پاشانا لە ساڵی ١٩٣٩ پیرەمێرد دەستی کردەوە بە دەرکردنی ڕۆژنامەکەی بە ناوی «ژین»، بە ڕاستی ئەم ڕۆژنامەیە بەردەوامی ڕۆژنامەکانی «ژیانەوە» و «ژیان» بوو.

یەکەمین ژمارەی ژین لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٩ بڵاوکرایەوە، دووا ژمارەی لە پێش کودەتای ڕۆژی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کەوتە دەست خوێندەوارانیەوە.

ڕۆژنامەی ژین لەم ناوەدا و لەو سەردەمەدا تاقە ڕۆژنامەیێکی ئاشکرای کوردی بوو کە سەر بەهیچ ڕێکخراوێک و پارتییێک نەبوو، بڵاوکەرەوەی کە پیرەمێرد بوو مەسەلەی سیاسی و نەتەوایەتیی تیژی ڕۆژانەی باس نەدەکرد، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکەی لە داخستن بپارێزێ و بتوانێ خزمەتی میللەتی کورد بکا.

پیرەمێرد پرۆپاگەندەیێکی باشی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و تەنویریی لە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی ژین دا دەکرد. ڕۆژنامەکە ووتاری لە بابەت ژیانی خوێندەواری، پاک و خاوێنی و جووانیی شار بە تایبەتی شاری سلێمانی، جەژنە نەتەوەیی و ئایینییەکان، بە تایبەتی جەژنی نەورۆز و شتی تریش بڵاو دەکردەوە،

ڕۆژنامـــەی ژین بایەخـــێکی تەواوی بە کچ و ژنی کـــورد دەدا، هـانی دەدان بۆ خوێندن، بۆ زانستی. جێگەیێکی دیاری لە سەر لاپەڕەکانی تەرخان کرد بوو بۆ مـێژووی نەتەوەی کـورد، بە سـەر نیشـتـمـان پەروەری و نوێ خـوازی و ئازادی خوازی میللەتی هەڵدەووت، بەڵگەی لە ڕابردووی میللەت وەردەگرت.

ڕۆژنامەی ژین بایەخێکی تەواوی بە ئەدەبیات دەدا، غەزەل و قەسیدەی شاعیرە کـلاسـیکی و تازەکـانی کـوردی بـڵاو دەکـردەوە، ووتار و چیـرۆکی لـە چاپ دەدا، بەرهەمی ئەدەبی میللی (فۆلکلۆری) کوردی بڵاو دەکردەوە. نووسـەری بنچینەیی ڕۆژنامـەکـە پیـرەمـێرد خـۆی بوو، بەرهەمـێکی زۆری قـەڵەمی خـۆی تێـدا بڵاو دەکردەوە.

گەلێ مەسـەلەی پەیدا بوون و پەرەسەندن و گۆڕانی ئەدەبی کوردی تازە لە ژین دا بڵاو دەکرایەوە. پیرەمێرد تەماشای ڕۆشنبیری و خوێندەواریی کوردی دەکرد وەکو شـتێکی یەکانە و پتەو و سـەربەخۆ، ئەمە کارێکی گرنگ بوو بۆ دووا ڕۆژی کورد. پیرەمێرد شارەزای دیالێکتەکانی زمانی کوردی بوو، یا بە شـێوەیێکی تر بایەخی بە ئەدەبیاتی دیالێکتەکان دەدا و لە سـەر لاپەڕەکانی ژین وەکو خۆی یا بە دیالێکتی سلێمانی دەیخستە ڕوو.

لە پاش کۆچی دوایی پیرەمێرد (١٩٥٠)، ڕۆژنامەی ژین پارێزگاری ڕەووشت و ڕێڕەوی خـۆی کـرد تا مـاوەیێک، بەڵام لە تشرینی دووەمی سـاڵی ١٩٥٢ بەم لاوە سـەر نووسـەریی ڕۆژنامـەکە درایە شاعیری کورد عەبدوڵڵا گۆران. لەگەڵ هاتنی گـۆران و وەرگرتنی ڕۆژنامـەی ژین گـۆڕانێکی بـنچینـەیی بەسـەر ڕۆژنامـەکـەدا هات، ڕۆژنامـــەی ژین بە ئاشکرا بۆ پارێزەری و چاکـەی کـرێکار (پرۆلیـتـێـر) و ڕەنجبەر و جووتیاری عیراق قەڵەمی لە گەڕ دا بوو، پرۆپاگەندەیێکی پان و بەرین و تیژی دەکرد لـە دژی دەرەبەگی کورد و هێزی کۆنەپەرست لە ناو ووڵات و هێزی ئەمپریالیزمی لە گێتی دا. گۆران خۆی یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی ئەنجوومەنی ئاشتی لە عیراق دا. هەمیشە لە خەبات دا بوو لە پێناوی ئاشتی، ئەمە بە ئاشکرا لە سـەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامـەی ژین ڕەنگی دابووەوە. بەڵام لە پاش سـاڵێک گۆران ناچار بوو لە ژین دوور بکەوێتـەوە و میـراتگرانی پیـرەمـێرد دەسـتیـان بەسـەر ڕۆژنامەکە داگرت و گەڕانەوە دۆخ و سیاسەتی پێشووی چاپکراوەکە.

ڕێڕەوی ڕۆژنامەی ژین و هەموو ڕۆژنامە و گۆوارەکانی تری کوردی پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ژیانی سیاسیی وڵات داهەبوو. هەڵبەز و دابەزی بزووتنەوەی رزگاریی نەتەوایەتی و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی – سیاسی کاری گەورەی دەکردە سەر چاپەمەنیی کوردی. لە پێش بەرپا بوونی شۆرشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ لە عیراق ڕۆژنامەکە هەوڵی دەدا ڕێبازی بێ لایەنی بگرێ لە سیاسەتی وڵات دا. لەبەر ئەوە بڵاو کەرەوەکانی بە ئاشکرا نەیان دەویست بیروڕای خۆیان دەربڕن لە سەر مەسەلەی سیاسی و نیشتمانی و نەتەوایەتی دا. لە پاش شۆرش دەست بەجێ ڕۆژنامەکە دیمۆکراتیزمی خۆی جاڕ داو بوو بە زمانی چاکەی هەموو هێزە شۆرشگێڕەکانی عیراق، بە تایبەتی ئیدیۆلۆجیەتی دوو پارتییە بەهێزەکانی ئەو سەردەمەی وڵات کۆمۆنیستی عیراق و دیمۆکراتی کوردستانی عیراقی بڵاو دەکردەوە، بە ووردی ڕەچاوی ئەوەی دەکرد کە لەنگەر ڕابگرێ و هیچ لایێک هەست نەکا لایەکەی تر بەشی زیاترە.

لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٦١ەوە، کە عەبدولکەریم قاسم دەستی کرد بە ڕاونان و ئازار دانی هێزە دیمۆکراتییەکانی وڵات و دامو دەزگای میری کەوتە بەربەرەکانی داوا ڕەواکانی میللەتی کورد بۆ مافی نەتەوایەتی، ڕێبازی ڕۆژنامەکە جارێکی تر گۆڕرایەوە و ترس دایگرتەوە و ناچار بوو مێچکە بۆ میری بکا. بەڵام لە ساڵی ١٩٦٣، لە پاش ٨ی شوبات لە ووزەی هیچ ڕۆژنامەیێکی کوردی دا نەبوو بتووانێ بەردەوام بێ، لەبەر ئەوە ژینیش داخراو هیچ ڕۆژنامە و گۆوارێک لە ناوەوە نەما.

ڕیا تازە (یەریڤان ١٩٣٠)

ڕیا تازە ڕۆژنامەیێکی هەفتەییە، ئۆرگانی لیژنەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمەنستان و ئەنجوومەنی بەرزی سۆڤیەت و ئەنجومەنی وەزیرانی کۆماری ئەرمەنستانی سۆڤیەتە. لە سەرەتا دا بە زمانی کوردی و تیپی لاتینی لە شاری یەریڤانی پایتەختی ئەرمەنستان دەردەچوو. ژمارە یەکەمی لە ٢٥ی ئازاری ساڵی ١٩٣٠ بڵاوکرایەوە. لە پاش دەرچوون و بڵاو کردنەوەی (٦١٢) ژمارە لە ڕۆژنامەکە ئیتر پەکی کەوت و لەلایەن دەوڵەتەوە داخرا. دووبارە لە ساڵی ١٩٥٥ دەست کرایەوە بە بڵاو کردنەوەی، بەڵام ئەم جارەیان بە ئەلفو بێی سیریلی. ژمارە

یەکەمی دەورەی دووەمی لە ١ی شوباتی ١٩٥٥ بڵاوکرایەوە. لەم ساڵانەی دواییە هەفتەی بوو بە دوو ژمارە، لە هەموو هەفتەیێک دا لە ڕۆژانی شەموو و چووارشەموو ڕۆژنامەی ڕیا تازە بڵاو دەکرێتەوە. ماوەیێک قاچاغی مراد سەرنووسەری بوو، لە پاشانا میرۆی ئەسەد لە جێی ئەو دانیشت و عەمەریکی سەرداریش دەوری دیاری لە ڕۆژنامەکەدا هەیە.

ڕۆژنامەی ڕیا تازە لە بنج دا بۆ مەبەسیی بڵاو کردنەوەی بیر و باوەڕی سۆسیالیزمی و ئەنتەرناسیۆنالیزمی لە ناو کۆمەڵانی کوردی یەکێتیی سۆڤیەت دامەزراوە. زیاتر خەڵکی پەروەردە دەکا بۆ کار کردن و بەرهەم هێنان و ناسینی وڵاتی سۆڤیەت بە نیشتمانی ڕاستەقینەی ئەو کوردەی لەوێیە. دیارە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیش کە وێنەی لە کۆلخۆز و سۆفخۆز دا دەبینین جێگەی دیاری لە سەر لاپەڕەکانی ڕیا تازە دا هەیە. ڕەنگدانەوەی ژیانی ئەدەبی و هونەری و خوێندەواری و ڕۆشنبیری کوردی لە سەر لاپەڕەکانی ڕیا تازە دەبینرێ. دروشمی بنچینەیی ڕۆژنامەکە لە بارەی ئەدەب و هونەری داهێنانەوە نەک تەنیا بۆ کوردی ئەوێ و ڕیا تازە بەڵکو بۆ هەموو نەتەوەکانی سۆڤیەت و چاپەمەنییەکانی وڵات ئەمەیە «بە ڕوخسار نەتەوەیی و بە ناوەرۆک سۆسیالیزمی» واتە ڕیا تازە بە زمانی کوردی کۆمەڵی سۆسیالیزمی دروست دەکا.

هاوار (شام ١٩٣٢)

کۆواری هاوار لە ناو ڕۆژنامەگەری کوردی دا جێگەیێکی تایبەتیی هەیە بەوەی بایەخێکی دیاری بە مەسەلەی ئەدەبیاتی کوردی و زمانەوانی دەدا. لە ساڵی ١٩٣٢ لە شام لەلایەن جەلادەت بەدرخانەوە دامەزراوە، مانگی دوو جار بە زمانی کوردی و تیپی لاتینی بڵاو دەکرایەوە. ژمارە یەکەمی لە ١٥ی مایسی ١٩٣٢ بڵاو کراوەتەوە. بڵاوکەرەوەکان جەلادەت بەدرخان و کامیران بەدرخان مەبەسی بنچینەییان لە دەرکردنی کۆوارەکە چەسپاندنی ئەلفوبێی لاتینی بوو لە ناو خوێندەوار و نەخوێندەواری کوردا. بێ گومان خۆشیان دەورێکی دیاریان هەبوو لە دانانی ئەم ئەلفوبێیە، بە تایبەتی بۆ چاپەمەنییەکانی خۆیان کۆوارەکە دەورێکی باڵای هەبوو لە بڵاوکردنەوەی ئەلفوبێی لاتینی ئەوەی لە هەموو ئەلفوبێییێکی دیکە زیاتر لەگەڵ زمانی کوردی دەگونجێ و پڕ بە پێستیەتی، وەکو هەردوو برایانی

بەدرخان بۆی دەچوون.

کۆواری هاوار دەورێکی دیاری هەبوو لە بڵاو بوونەوەی زمانی ئەدەبی کوردی تازە و ڕزگار کردنی زمانی کوردی لە ووشەی ناقۆڵای بێگانە. ئەم مەسەلەیە لە سالآنی سییەکانەوە کارێکی پێویست بوو و پێوەندییێکی ڕاستەوخۆی بە مەسەلەی خوێندەواری و ڕۆشنبیرییەوە هەبوو. ئامانجی کۆوارەکە ئەوە بوو کە زمان و ئەدەب لە زۆربەی خەڵکی کوردەوە نزیک بێ و خەڵکەکە چێژی لێ وەربگرێ. هاوار بە زۆری بەرهەمی شاعیرانی کلاسیکی و هاوچەرخی بە دیالێکتەکانی کرمانجیی سەروو و خووارو بڵاو دەکردەوە. ووتاری نووسەرانی هاوچەرخ و بەرهەمی فۆلکلۆری و لێکۆڵینەوەی لە بابەت ئەدەبی کوردی لە چاپ دەدا، بە شێوەیێکی فراوان چوو بووە ناو لێکۆڵینەوە لە خوێندەواری و ڕۆشنبیریی کوردی بە گشتی.

گەلاوێژ (بەغدا ١٩٣٩)

گەلاوێژ کۆوارێکی مانگانەی ئەدەبی و کۆمەلآیەتی بوو، بە زمانی کوردی و تیپی عەرەبی لە بەغدا بڵاو دەکرایەوە. لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٩ یەکەمین ژمارەی دەرچوو، تا ئاغستۆسی ساڵی ١٩٤٩ لە ناوەوە بوو، لەو دەمەدا توندوتیژی حوکومەتی عیراق بەرامبەر بە کورد گەیشت بووە پلەیێک «گەلاوێژ» لە خۆیەوە لە دەرچوون بوەستێ.

ئەم کۆوارە لەلایەن کۆمەڵێک خوێندەوار و ڕۆشنبیری کوردەوە دەردەهێنرا، هەندێکیان سەر بە پارتی و ڕێکخراوی سیاسیی کوردی بوون، بەشێکی تریان بێ لایەن و سەر بە هیچ لایێک نەبوون، کوردایەتی ئەمانەی لە دەوری کۆوارەکە کۆ کرد بووەوە. گەلاوێژ سەر بە بیر و باوەڕی نوێ خوازی بوو لە کۆمەڵی کورد دا. هەمیشە هەوڵی دەدا خۆی لە سانسۆر لابدا، وە بڵاوکەرەوەکانی هەوڵیان دەدا وا پیشان بدەن کە سەر بە هیچ لایێکی سیاسی نییە. ئیبراهیم ئەحمەد دامەزرێنەر و خاوەن ئیمتیازی کۆواری گەلاوێژ بوو، عەلائەدین سەجادی سەرنووسەر و دەرهێنەر و بڵاوکەرەوەی بوو.

کۆواری گەلاوێژ بۆ ئامانجی ئاڕاستە کردنی لاوانی کورد ووتاری هەمەجۆر و ڕەنگاوڕەنگی بڵاو دەکردەوە، دەورێکی بالآی هەبوو لە بەهێز کردنی بزووتنەوەی

ئەدەبی کوردی لە کۆمەڵی کوردیدا. لە هەموو ژمارەیێک دا نموونەی شیعری کلاسیکی کوردی بڵاو دەکردەوە، هەروەها بایەخێکی زۆری بە ئەدەبی پەخشانی نووسەری کوردی هاوچەرخ دەدا و بەرهەمیانی بڵاو دەکردەوە. جگە لەوە ئاوڕێکی زۆری لە ئەدەبی بەرزی نەتەوەکانی گێتی دەدایەوە. گەلێ جار نموونەی ئەدەبی بێگانەی بڵاو دەکردەوە، لە ناو ئەمانەش دا بەرهەمی ئەدەبی نووسەرانی ئەوروپا جێگەی دیاریان هەبوو لەسەر لاپەڕەکانی گەلاوێژ. بێ گومان وەرگێڕانی بەرهەمی بەرزی نووسەر و شاعیرانی گەورەی ئەوروپا کارێکی گەورەی دەکردە سەر پەرەسەندن و گۆڕڕانی پەخشانی هونەری کوردی و پتەو بوونی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی.

لە پاش جەنگی دووەمی گێتی گەلاوێژ ڕێڕەوی سیاسیی خۆی ئاشکراتر کرد، ئازایانە لەسەر بیروڕای ئەنتەرناسیۆنالیزمی دەکردەوە، هەروەها بیروڕای نەتەوایەتی و کوردایەتی فەرامۆش نەدەکرد. بایەخی تایبەتی بە ژیان و بەرهەمی نووسەرانی یەکێتیی سۆڤیەتی کۆن دەدا، چونکە خەڵکی کەمیان لەم بابەتەوە دەزانی. ئەمانە هەمووی بوونە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٩ حوکوومەتی عیراق ئەوەی لە ژێر چاودێری بێگانەی ئینگلیز و ئەمەریکا دەژیا هێرش بباتە سەر هەموو هێزە دیمۆکراتی و نیشتمانی و نەتەوەییەکانی عیراق، لەمەدا شتێکی ئاسایی بوو گەلاوێژیش بوەستێ.

ڕۆناهی (شام ١٩٤١)

ڕۆناهی کۆوارێکی هەفتەیی کۆمەڵایەتی - سیاسی و ئەدەبی و زانیاری بوو، لە شام بە دوو زمانی کوردی و فەرەنسی تیپی لاتینی بڵاو دەکرایەوە. یەکەمین ژمارەی کۆواری ڕۆناهی لە ساڵی ١٩٤١ کەوتە دەست خوێندەوارانەوە، هەڵسووڕێنەر و بەڕێوەبەری جەلادەت بەدرخان و کامیران بەدرخان بوون.

کۆواری ڕۆناهی بایەخی تایبەتی بە وڵات و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدا، لە ناو ئەمانەش دا کورد جێگەی دیاری هەبوو. ڕێبازی سیاسی ڕۆناهی ڕەنگدانەوەی ئیدیۆلۆجیەتی بۆرجوازیی نیشتمانی بچووکی کورد بوو. هەوڵی دەدا سوود لە ئەنجامی جەنگی دووەمی گێتی وەربگرێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەوەی مافی نەتەوایەتی کورد دەست بخا. کۆوارەکە کەرەستەیێکی زۆری لە بابەت

ڕووداوەکـــانی جـــەنگی دووەم بڵاو دەکـــردەوە، بایەخـــێکی زۆری بە دەوری سـوێندخۆرەکـان دەدا، بە تایبـەتی دەوری فـرەنسـا لـەم جـەنگەدا. زیـاتر نموونەی ئەدەبی کوردی تازە و فۆلکلۆری لە سەر لاپەڕەکانی بەدی دەکرا

بڵاو کەرەوەکان هەوڵیان دەدا کەرەستەی کۆوارەکە بە جۆرێک بڵاو بکەنەوە کە هەموو کەسێک تێیان بگا لە ڕووی زمانەوە، لەبەر ئەوە زمانێکی میللیی ساکاریان لە نووسینەکانیانا بەکار دەهێنا.

لە پاش کۆتایی جەنگی دووەم، کۆواری ڕۆناهی هێشتا هەر بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٤٧ کۆتایی هات و داخرا.

دەنگی گێتیی تازە (بەغدا ١٩٤٣)

دەنگی گێتیی تازە کۆوارێکی مانگانەی کۆمەڵایەتی - سیاسی و ئەدەبی - زمانەوانی بوو. لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٤٣ ژمارە یەکەمی لەلایەن بەشی پێوەندیی گشتیی بالیۆزخانەی بەریتانی دا لە بەغدا بڵاو کرایەوە، بە زمانی کوردی و تیپی عەرەبی چاپ دەکرا، هەوڵی مەشقێکی کەمیش دەدرا بۆ نووسینی هەندێ تێکستی کوردی بە تیپی لاتینی.

لە ڕاستی دا کۆواری دەنگی گێتیی تازە زمانی دەوڵەتە سوێندخۆرەکان بوو ئەوانەی لە جەنگ دا بوون لە دژی فاشیزم، بە گشتی هەواڵ و دەنگوباسی سیاسی و جەنگی گێتیی بڵاو دەکردەوە، وە بە هۆی ئەوەی لەلایەن ئینگلیزەوە بڵاو دەکرایەوە دیاربوو زیاتر بایەخی بە دەوری بەریتانیا دەدا لە جەنگی گێتی دژ بە ئەڵەمانیای هیتلەری.

ئەوەی پێویستە لێرەدا بووترێ ئەوەیە تۆمار کردنی ڕووداوی جەنگی و سیاسی و بڵاو کردنەوەی دوکومێنتی دیپلۆماسی لە سەر لاپەڕەکانی ئەم کۆوارە بووە هۆی گۆڕران و دەوڵەمەند بوونی زمانی کوردی بە تایبەتی لە ڕووی لێکسیکۆن و زاراوەی جەنگی و سیاسی و دیپلۆماسییەوە.

سەرنووسەری کۆوار تۆفیق وەهبی بوو، یەکێ لە نووسەرە هەرە دیارەکانی حوسێن حوزنیی موکریانی بوو. یەکەمیان وەکو پسپۆری زمانەوانی و مێژوونووس، دووەمیان وەکو ڕۆژنامەنووس و مێژوونووسێک جێ پەنجەیان لەسەر

لاپەڕەکانی بڵاوکەرەوەکە دیار بوو، هەروەها حەسەن شێخ حەمە مارف لە نووسەرە دیارەکانی کۆوارەکە بوو. ئەم کۆوارە بە شێوەیێکی فراوان بایەخی دەدایە مەسەلەی پێشکەوتنی خوێندەواری و ڕۆشنبیری کوردی، هەروەها بڵاو کردنەوەی خوێندەواری لە ناو خەڵکی کورد دا. ئەدەبی نووسراوی کلاسیکی جێگەیێکی دیاری هەبوو لە سەر لاپەڕەکانیدا، بەرهەمی کلاسیکیی ئەدەبی کوردی و ئەدەبی تازەو ووتاری ئەدەبی و هونەری و فۆلکلۆر و وەرگێڕان لە عەرەبی و فارسی و زمانەکانی ئەوروپا بە ڕێکوپێکی جێگەی خۆیان لەسەر لاپەڕەکانیدا دەدۆزییەوە. کۆواری دەنگی گێتیی تازە کەرەستەی ئەتنۆگرافیشی بڵاو دەکردەوە، بە تایبەتی تێبینی و بیرەوەریی گەڕۆکەکانی ئینگلیز و زانا و ڕۆژهەڵاتناسانی تر لە بابەت کوردەوە. گەورەترین پرسیش بە لای ئەم کۆوارەوە گفتوگۆ و دوان و وەرام دانەوە لە بابەت زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی و زمانی پەتیی کوردییەوە بوو.

لە پاش کۆتایی جەنگی دووەمی گێتی مافی بڵاو کردنەوەی کۆواری دەنگی گێتیی تازە درایە پارێزەری کورد فایق تۆفیق. ئیتر لە پاش ئەمە دەنگی گێتیی تازە هەندێ جار لە قەوارەی کۆوار و هەندێ جاری تریش بە شێوەی ڕۆژنامە بڵاو دەکرایەوە، ژمارەی لاپەڕەکانیشی لە چاو جاران کەمتر بوو بووەوە. لەم سەردەمەی ژیانی دا کۆوارەکە بایەخێکی زۆری بە ئەدەبی کوردی دەدا بە تایبەتی بەرهەمی دیالێکتی گۆرانیی زمانی کوردی. دیارترین نووسەری کۆواری دەنگی گێتیی تازە لەم ماوەیەدا جەمیل بەندیی ڕۆژبەیانی بوو، هەواڵ و ووتاری لە سەر شیعر و شاعیرانی دیالێکتی گۆرانی بڵاو دەکردەوە. لە ساڵی ١٩٤٧ کۆواری دەنگی گێتیی تازە پەکی کەوت و داخرا.

نیشتمان (مەهاباد ١٩٤٣)

نیشتمان کۆوارێکی مانگانەی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و خوێندەواری کوردی بوو، لە مەهاباد لەلایەن کۆمەڵەی «ژ. ک.»ەوە چاپ و بڵاو دەکرایەوە.

ژمارە یەکەمی لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٤٣ بڵاو کرایەوە. کۆمەڵێک شاعیر و نووسەر و هەڵکەوتووی لاوی کورد کە ئەندامی کۆمەڵەی «ژ. ک.» بوون لە دەوری ئەم کۆوارەدا کۆ بوو بوونەوە. زیاتر کۆوارەکە بایەخی بە ئەدەبی کوردی دەدا و

تەماشای مەسەلەی کوردی وەک مەسەلەی میللەتێک دەکرد. لەبەر ئەوە بایەخێکی زۆری بە کوردی دەرەوەی ئێران دەدا و باس و هەواڵی شاعیران و ڕۆشنبیرانی کوردی دەرەوەی ئێرانی بڵاو دەکردەوە. بەرهەمی ئەدەبییانی چاپ دەکرد و هەندێ جار ئەگەر چاپکراوێکی دەرەوەی دەست بکەوتایە بۆ سوودی گشتی دووبارە چاپی دەکردەوە.

ئەم کۆوارە دەورێکی گرنگی گێڕا لە پەروەردە کردنی لاوی کورد و ئاراستە کردنی بۆ ڕێی ڕاستی و باوەڕ کردن بە ناوەڕۆکی دیمۆکراتی و خەبات کردن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێکی سەربەست و بەختیار. ئەم کۆوارە وەکو هەموو ڕۆژنامە و کۆوارەکانی تری کوردی تەمەنی درێژ نەبوو، تەنیا نۆ ژمارەی لێ بڵاو کرایەوە و لە ساڵی ١٩٤٥ پەکی کەوت.

کوردستان (مەهاباد ١٩٤٦)

کوردستان ڕۆژنامەیێکی سیاسی - کۆمەڵایەتی - ئەدەبی بوو، ئۆرگانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو. بە زمانی کوردی و تیپی عەرەبی لە مەهاباد لەلایەن حوکومەتی کۆماری کوردستان بڵاو دەکرایەوە. ژمارە یەکەمی لە ڕۆژی ١١ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ دەرچووە، ١١٣ ژمارەی لێ بڵاو کرایەوە، لە پاش دامرکاندنەوەی هەڵسانی کورد لە ئێران و ڕووخاندنی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٧ ڕۆژنامەی کوردستان بووە ئۆرگانی نهێنیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان.

لە ساڵی ١٩٤٧ بەم لاوە بە هۆی یەکخستنی هەوڵ و کۆششی سیاسیی نیشتمان پەروەرە ئاوارەکانی کورد و ئازربایجانییانی ئێرانی توانییان لە دەرەوەی نیشتمان (باکۆ) ڕۆژنامەی کوردستان دووبارە بژیێننەوە. بەم جۆرە ڕۆژنامەی «کوردستان - ئازربایجان»یان دامەزراند. بەشی «کوردستان» بە زمانی کوردی و تیپی عەرەبی و بەشی «ئازربایجان» بە زمانی ئازربایجانی و تیپی عەرەبی چاپ دەکران. یەکەمین ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە لە ڕۆژی ٦ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٧ بڵاو کرایەوە، بە هەمووی لە وڵاتی ئاوارەیی ١٣٣٧ ژمارەی لێ بڵاو کرایەوە.

ڕۆژنامەی «کوردستان - ئازربایجان» یەکێ لە ڕۆژنامە هەرە گرنگەکانی

سـیاسـی بـوو لە ژیانی ڕۆشنبـیـریی کوردی دا. ئاگاو ڕووداوی لە بـابـەت هـەواڵی سیاسی و ڕۆشنبیری بڵاو دەکردەوە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان. سیاسەتی ناهەمـواری ئەمـپـریالـیـزمی بێگانەی دەخـسـتـە ڕوو لە بابـەت هەمـوو وولاتـانی ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـتـەوە، پیلانە نـهێنیـیـەکانی تورکیا و ئێران و عیراقی لە سـەر لاپەڕەکانی ئاشکرا و ڕیسوا دەکرد. بێگومـان کردەوەکانی پەیمانی بەغدا زیاتر لە دژی بزووتنەوەی ڕزگـاریی نەتەوایـەتیی کـورد بوو. ئـەم ڕۆژنامـەیە بـایەخی بە کەرەسـتـەی ئەدەبیش دەدا، بۆ ئەم ئامـانجـە شـیـعـر و چیرۆک و هونەرەکانی تری ئەدەبی لە سەر لاپەڕەکانی دا دەبینران.

ڕۆژنامـەی «کـوردسـتـان - ئازربایـجـان» لە مـانگی مـارتی ١٩٦١ لە دەرچوون وەسـتـا، داخـسـتنی ڕۆژنامـەکـە هێنانـەدی بڕیارێک بوو کـە سـاڵی پێـشـتـر لە کۆنفرانسی نێوان سێ پارتییە سـیـاسـیـیـەکانی ئێران درابوو، لەم کۆنفراسـەدا پارتی دیموکراتی ئازربایجـانی ئێران هەڵوەشێنرا بـووەوەو تێکەڵ بە پارتی توودە کرا بـوو. ئیتر کـاربـەدەست و دەسـەلاتدارانی پارتی کـۆمـۆنیسـتی ئازربایجـانی سۆڤیەت ئامادە نەبوون یارمـەتیی پەنابەرە سیاسییەکانی کوردی ئێران بدەن بۆ ئەوەی بە تەنیا ڕۆژنامەی کوردستان دەربکەن.

هیوا (بەغدا ١٩٥٧)

هیوا کۆوارێکی مانگانەی ئەدەبی کۆمـەلایەتی بوو، ئۆرگانی «یانەی سەرکەوتنی کـوردان» بوو، بە زمـانی کوردی و تیـپی عـەرەبی لە بەغـدا بلاودەکرایەوە. ژمـارە یەکەمی لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٥٧ بلاوکرایەوە. بلاوکـەرەوەکانی ئەم کۆوارە لە سـەرەتادا نوێنەری ئەو کوردە نیشتـمـان پەروەرانە بوون کە لە میرییـەوە نزیک بوون، ئەندامی پـەرلەمـانی عیـراق بـوون. بەلام هیـوا لە ڕووی سـیـاسـیـیـەوە دوورە پەرێز بوو، تەنیا دەستی بۆ مەسـەلەی ئەدەبی و خوێندەواری و ڕۆشنبیری گشتی درێژ دەکـرد. بلاو کـەرەوەکـان دەیانویست لاسـایـی کـۆواری گـەلاوێژی ناودار بکەنەوە، بۆ مەبەسـی بلاوکردنەوەی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی.

لە پاش شـۆرشـی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨ی عیـراق، کـۆوارەکـە کـەوتە دەست ڕۆشنبـیـر و خـوێندەواری کـوردی پێشکەوتن خـواز، ئیـتـر بوو بە زمـانی خـەباتی نەتەوەکـانی کـورد و عـەرەب لـە پێناوی دیموکـراتی و پێـشکەوتنی کـۆمـەلایەتی.

بەرهەمی گۆواری هیوا ٣٦ ژمارە بوو، لە سەرەتای دامەزراندنیەوە گەلێ خوێندەوار و ڕۆشنبیری کورد بە بڕیاری دەستەی بەڕێوەبەری یانەی سەرکەوتنی کوردان سەرپەرشتی دەرهێنان و کاریان تێدا کردووە، لەمانە: حافز مستەفا قازی، هاشم دۆغرەمەچی، موکەڕەم تاڵەبانی، کەریم زانستی، کامیل ژیر و محەمەدی مەلا کەریم.

کە هێزە دیمۆکراتی و نەتەوەیی و پێشکەوتن خوازەکان لە ساڵی ١٩٦١ کەوتنە لێژییەوە و تیرۆری عەبدولکەریم قاسم هەموو سووچێکی وڵاتی گرتەوە، ترس باڵی بە سەر گۆواری هیوا داکێشا. ئازاد نەبوو لە بڵاو کردنەوەی هەموو بیر و باوەڕێک، بە ڕێکوپێکی دەرنەدەچوو، تا وای لێ هات ساڵی ژمارەیێکی بۆ دەر نەکرێ و لە دووایی دا لەگەڵ ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بە یەکجاری ئاوا بوو و کۆتایی هات.

شەفەق (کەرکووک ١٩٥٨)

شەفەق گۆوارێکی مانگانەی ئەدەبی - ڕەخنەیی بوو، لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٨ لە کەرکووک دامەزرێنرا بە زمانی کوردی و عەرەبی لەلایەن کۆمەڵێک ڕۆشنبیری پێشکەوتن خوازی کوردەوە بڵاو دەکرایەوە، ئەمانە ئیبراهیم ئەحمەد و مارف بەرزنجی و حوسێن بەرزنجی و عەبدولسەمەد خانەقا و عەبدولعەزیز خانەقا و عومەر عارف و کەمالی باپیر ئاغا و نووسەری ئەم کتێبە بوون، بڵاو کەرەوە و خاوەنی ڕەسمی «شەفەق» عەقیدی خانەنشین شێخ عەبدولقادری بەرزنجی بوو، دەبێ ئەوەش لە یاد نەکەین کە حوسێن بەرزنجی و عەبدولعەزیز خانەقا ماوەیێکی کەم لە گۆوارەکەدا کاریان کرد و زوو خۆیان کشاندەوە.

خاسیەتی هەرە دیاری ئەم گۆوارە ئەوە بوو بایەخێکی زۆری بەلێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەدا، بەلایەوە ڕەخنە و هونەری پەخشان لە شیعر گرنگترە، ئەمە دروشمێکی زۆر ڕاست بوو و لە داخوازییەکانی ئەو سەردەمەوە هەڵقووڵا بوو. جگە لەمە ئازایانە داوای ڕێکخراو و یەکێتیی نووسەرانی کوردی دەکرد، لە ماوەی ئەو شەش مانگەی تەمەنی کە بەر پێش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ کەوت پیرۆزباییی مەلیکی نەکرد لە جەژنەکانی بنەماڵەی هاشمی. شەفەق بە ڕێکوپێکی بەرهەمی تازەی شاعیر و نووسەرانی کوردی بڵاو دەکردەوە، بە

تایبەتی چیرۆکی تازەی کوردی سەرپشک بوو بۆ بڵاو کردنەوە لە سەر لاپەڕەکانی چونکە چیرۆک لە سەرووی بەرنامەی کۆوارەکە دا بوو. بۆ ئەم مەبەسە گرەوی دادەنا و پاداشی دەدایە چیرۆک نووسە سەرکەوتووەکان و چیرۆکە هەڵبژاردەکانی بڵاو دەکردەوە.

کۆواری شەفەق دەورێکی دیاری هەبوو لە پەرەسەندن و گۆڕان و بڵاوبوونەوەی ئەدەبی کوردی تازە.

لە پاش شۆرشی ١٤ ی تەمووزی ١٩٥٨ کۆوارەکە بوو بە کۆوارێکی سیاسی - کۆمەلایەتی. لە ساڵی ١٩٦١ کۆواری شەفەق گوێزرایەوە سلێمانی.

***

ژیانی کۆمەلایەتی – سیاسیی تایبەتی کورد بووە هۆی ئەوەی رۆژنامەگەری دیاردەیێکی گرنگ بێ لە کۆمەڵی کوردەواری دا. ڕۆژنامە و کۆواری کوردی خزمەتی خوێندەوارییان دەکرد، واتە لە باتی کتێب و قوتابخانە بوون. ئەوەی پێویستە بووترێ ئەوەیە کە منداڵی کورد بە زمانی زگماکی خۆی نەیدەخوێند، تەنیا لە هەندێ قوتابخانە لە عیراقا نەبێ، لەوێش دا تەنیا چەند وانەیێک بە کوردی دەخوێندرا یا هەفتەی دوو سەعات بۆ زمانی کوردی تەرخان دەکرا.

لەبەر گرنگی ڕۆژنامەگەری بۆ کورد بڵاوکەرەوەکان بە پێویستییان دەزانی بایەخ بە ئەدەبیات بدەن، زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوە بۆ بڵاو کردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی ئەو دەسنووس و بەیازانە بوون کە هێشتا بڵاو نەکرابوونەوە، لێرەدا بایەخێکی زۆر بە بەرهەمی شاعیرە کلاسیکییە گەورەکانی کورد دەدرا.

هەروەها لاپەڕەکانی ڕۆژنامەگەری کوردی بوو بە مەیدان بۆ مەشقی نووسەر و شاعیرانی هاوچەرخ، بەرهەمی شیعر و پەخشان و ووتاری ڕەخنەی کۆمەلایەتی و ئەدەبییان تێدا بڵاو دەکردەوە، بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی تازە جێگەی دیاری هەبوو. کۆوار ورۆژنامەی کوردی یەکەمین سەرچاوە بوو بۆ خوێندەواری کورد بۆ ئەوەی شارەزایی لە بابەت ئەدەبی بێگانەوە پەیدا بکا، لە سەرەتا دا بەرهەمی نووسەرانی ئەوروپایان وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی لە ڕێگەی زمانی تورکییەوە، لە پاشانا یەکسەر لە زمانی بەرهەمەکان خۆیانەوە. شارەزایی پەیدا کردن لە ئەدەبی ئەورووپی کارێکی یەکجار گەورە بوو لە ژیانی خوێندەواری و

ڕۆشنبیری لە کۆمەڵی کورد دا، چونکە دەبووە هۆی بزووتنەوە و گۆڕانی زمانی ئەدەبی و ئاسۆی بیری خوێندەواری کوردی فراوانتر دەکرد و فێری شێوە و هونەر و بابەتەکانی ئەدەبی کۆن و تازەی ئەوروپی دەکرد.

بێ گومان دەوری کۆوار و ڕۆژنامەی کوردی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا زۆر گرنگ بوو، چونکە ڕەنگدانەوەی ئامانجی نەتەوەی کورد بوو بۆ سەربەستی و سەربەخۆیی.

بەشی حەوتەم

سەرەتاکانی ئەدەب و ئەدەبی گێتیی کۆن

لە سەرەتا دا ئەدەب تەنیا بەرهەمی شیعری بوو، هەر لەو کاتەش دا شیعر یا هونەر هەستی ناوەوەی ئادەمزادە بەرامبەر بە سروشت، ئادەمزاد بەشێکە لە سروشت، بوون و نەبوونی سروشت ئادەمزاد دیاری دەکا. شیعر شەپۆلێکی نهێنیی گیانییە، کزە بایێک یا خورپەیێک لە مێشکەوە هەڵی دەقوڵێنێ و لە پێچ و پەنای دڵ و دەروون شنە دەکا؛ شیعر بینینی تایبەتیی وێنەی «بوون»ە چاوی شاعیر هەستی پێ دەکا. ئەمە ڕووداوە، ڕووداویش لە جێگە و کات پەیدا دەبێ. لە پاشانا لە جێگەو کات دەچێتە دەرێ و دەبێ بە بوونێکی هەمیشەیی (مطلق) و هەرو هەر بە کار دەهێنرێ و کۆن نابێ و لە کەڵکیش ناکەوێ. بەم پێیە شیعر «هەست»ە و «ووشە» نییە.

شیعر هەست کردن بە جووانییە، دروست کردنی جووانیش لەگەڵ پەیدا بوونی ئادەمزاد لە سەر ڕووی زەوی کەوتۆتە ناوەوە و بووە بە بەشێک لە بوونی گەلێ میلیۆن ساڵ ئەم دیاردەیە لە ناوەوە بووە، بێ ئەوەی ئادەمزاد ڕێگەیێک یا کەرەستەیێک بدۆزێتەوە بۆ تۆمار کردنی. ئەمە هەمووی ئەو دەورو سەردەمە دوور و درێژەیە، لە ڕۆژانی پەیدا بوونی ئادەمزادەوە تا ڕۆژگاری داهێنانی کەرەستەی تۆمار کردن، ئەو ڕۆژگارە گەورەترین جەژنی مەدەنیەتی ئادەمزاد بوو، دروشم و نیگار و شکڵی ئەندازیاری بوو بە وێنەی «دەنگی قسە»، لە پاشانا ناویان نا «تیپ» (ئەلفوبێ، حەرف)، ئەو ڕۆژگارە دوور و درێژە «پێش مێژوو»ی پێ دەڵێن.

بەم پێیە مێژووی داهێنانی ئادەمزاد لە هەموو سووچێکی ژیان دا دەکرێ بە دوو بەشەوە:

(١) داهێنانی پێش مێژوو.

(٢) داهێنانی پاش مێژوو.

داهێنانی پێش مێژوو

پێش مـێـژوو ئەو ڕۆژگـارە دوور و درێژەیە کـە مـاوەیێکی یەکـجـار فـراوان دەخـایێنێ لـە مـێـژووی پەیدا بوونی ئادەمـزاد لـە سـەر ڕووی زەوی، ئەمـە لەو ڕۆژگارەوە دەست پێ دەکا کە ئادەمزاد خۆی لە سەر ئەم ئەستێرەیە دیوە تا ئەو سەردەمەی کەرەستەی تۆمار کردنی بیر و هەستی داهێناوە.

بە مـەزەندە و تاقی کـردنەوە دەتووانین هەست بە ژیانی گیـانیی ئادەمزادی ئەو ڕۆژگارانە بکەین و لە سەردەمی ئێستامان دا دەری برین، چونکە هیچ هەواڵێکی ئەو دەورە تۆمار نەکراوە لەبەر نەبوونی کەرەستـەی تۆمار کردن. بەم پێیە وەکو دەردەکەوێ ئادەمـزاد تاقی کـردنەوەییێکی یەکجـار پان و بەرینی بووە، ڕاسـتـە تەمـەنی داهاتنی «وێنەی بۆ تۆمار کردن» لە پێنج هەزار سـاڵ کـەمـتر و لە شـەش هەزار سـاڵ زیاتر نییـە، وە ئەم مـاوەیە لە ڕووی پێشکەوتنەوە شـایانی ئادەمزادی بلیمەت و بە توانایە، بەڵام دیارە ئەو سیو شەش هەزار ساڵەی کە لە ئادەمزادی نیاندرتاڵەوە دەست پێ دەکا تا سەرەتای پەیدا بوونی وێنە و بەڵگەی تۆمار کردنی «مـانـای شت» و «دەنگی قـسـە» کـە لـە سـاڵی ٣٦٠٠ی پێش مـەسـیح دا هاتووە، دەڵێین ماوەی ئەو سی و شـەش هەزار ساڵە سـەردەمی مەشقێکی یەکجار قووڵ و بەرز و پڕ لە تاقی کردنەوەیە، بە میرات لە نەوەیێک بۆ نەوەیێکی تر ماوەتەوە بەبێ ئەوەی تۆمار بکرێ.

ئیـتر زیاتر لە پێنج هەزار سـاڵ پێش ئێسـتـا کە ئادەمـزاد لە پلەیێکی بەرزی زانسـتی دابووە، نەک بە بەڵگەی ئەو پاشـمـاوەیەی ئەرکیـۆلۆجی (آثار) بۆمـانی دەگێڕێتەوە، بەڵکو بەوەی کە ئەلفوبێی داهێناوە بۆ تۆمار کردن.

بێ گـومـان داهێنانی ئەلفـو بێ لووتکەی پێشکەوتن و گـۆڕران و پەیدا بوونی مەدەنیەتی نوێ بووە.

ئەگەر بـەشێکی مێشکی ئادەمـزاد بیر و هۆش و عـەقل بووبێ و هەمـیـشـە بۆ چاک کردنی باری ژیان و گوزەران بەکاری هێنـابێ، بە تایبـەتی دژی سـروشت یا بەکـارهێنانی بۆ سـوود وەرگـرتن لێی، بەشـەکـەی تری هـەست و نەست و دەروون بووە، ئەمە شـاعیرێکی بەرزی لێ دروست کـردووە. لەو ڕۆژەوە کە مێیینە و نێرینە بۆنی یەکـتـرییـان کـردووە و هـەر یـەکـەیان بـوە بە تەواوکـەری ئەویـتـریان، دڵداریی

یەکەم دروست بووە. ئەم دڵدارییە لە ناو خۆشی و ناخۆشیی ژیان تواوەتەوە. ئینجا هەست کردن بە جووانیی سروشت هاتۆتە ناوەوە: شەوی تاریک و ئاسمان و ئەستێرەکانی، رۆژهەڵاتن و ڕۆژئاوا بوون لە لووتکەی شاخ و ئاسۆی بیابان و زەریاو ئۆقیانووسەکانەوە، مانگ و ڕۆژ، شاخ و کێو، هەرد و دەشت و دەر، ئەشکەوت و دۆڵ و دارستان، جۆگەلە و زێ، ڕووبار و قەڵبەز و سولاوکە، بەفرو باران، بروسکە و هەورەتریشقە، تۆفان و بوومەلەرزە و بورکان، ڕۆژ و مانگ گیران... ڕەنگە شیعر لە یەکەم بینینی جوانی ئادەمزاد و گوڵ دروست بوو بێ، ئادەمزاد کە چاوی بە جووانیی ئادەمزاد (بە تایبەتی مێیینە) و گوڵ کەوتووە خورپە لە دڵی هەڵساوە و بزە لە سەر لێوی نیشتووە، ئەمە یەکەمین شیعری تۆمار نەکراو بووە، چونکە لە بنەڕەت دا شیعر هەستە پێش ئەوەی ووشە و قسە بێ.

ئەگەر ئادەمزاد هەر لەو ڕۆژەی کە هەستی کردووە و خۆی ناسیوە شاعیر نەبوو بێ، لەگەڵ سروشتی دروست بوونی ڕێک ناکەوێ، چونکە ئادەمزاد بەبێ هەست ئادەمزاد نییە، هەر لەبەر ئەوەشە ئەو تاقی کردنەوە دوور و درێژە بۆتە هۆی ئەوەی توانایێکی تەواوی هەبێ بۆ داهێنان و بەرهەمی نایابی دەوری کۆن تۆمار بکا، لە وولاتانی میزۆپۆتامیا (عیراق)، میسر، هیندستان و چین ئەدەبێکی بەرز بێنێتە کایەوە.

داهێنانی پاش مێژوو

داهێنانی پاش مێژوو کە بە ڕاستی دەتووانین ناوی بنێین «ئەدەبی ئەنتیکی» یا «ئەدەبی گێتیی کۆن» ئەو ئەدەبەیە کە تۆمار کراوە، واتە ئەو داهێنانەی لە پاش پەیدا بوونی کەرەستەی تۆمار کردن کەوتۆتە ناوەوە تا دەوروبەری بڵاو بوونەوەی ئایینی ئیسلام. ئەدەبی ئەنتیکی بە زمان و دیالێکتی جیاوازی هۆز و میللەت و نەتەوەکانی ئەو سەردەمانە پەیدابووە، هەر لە سەردەمی سەرهەڵدانی کەرەستەی تۆمارکردن لە دەوروبەری پەیدابوونی ئایینی ئیسلام گەلێ زمان و دیالێکتی زمان لە ڕۆژگارێک و سەردەمێکی تردا دوواییان هات و ڕێگەیان بۆ زمان و دیالێکتی زمانی تر خۆش کرد و بەرهەم بەم زمانانەش کەوتنە ناوەوە، ئەمانەش دوواییان هات و زمان و دیالێکتی زمانی تر پەیدا بوون.

ئەم بەرهەمە کۆنانە بە زمانی سەردەمی خۆیان تۆمار کران و ئێستا باویان

نەمـاوە و بوون بـە سـامـانی مـێـژوو و بە مـیـرات بۆ خـەڵکی هەمـوو ئەو زمـان و دیالێکتانە مـانەوە کە لە بنچ دا لەوانەوە لە دایک بوون. ئەمە هـەموو زمـانە ئەنتیکە کۆنەکان دەگرێتەوە ئەوانەی لەکار کەوتن.

بێ گومان دەسکەوتی ئەدەبی کۆن بـە سامـانی هـەمـوو ئادەمـزاد دەژمێرریٚ، بە تایبـەتی کتـێبـە ئایینییـەکان بە تێکڕایی ئەوانەی بە زمـانێک نووسـراونەتەوە و ئێستـا لەکـار کەوتوون (ڤیدای سـانسکریتی و ئاڤێستـای زمانی ئاڤێستـایی) یا ئەوانەی زمانەکانیان زیندووە و تائێستا ماونەتەوە (تەورات و ئینجیل و قورئان).

ئەوەی پێویستـە لێرەدا بووتریٚ ئەوەیە کە قورئان دیاردەیێکی تایبەتییە لە بیری ئادەمزاد دا، ئەم کتێبە لەگەڵ شیعری عەرەبی کە دووسـەد ساڵێک پێش ئەو پەیدا بووە، زمـانی عـەرەبی دەکـەن بە کـۆنتـرین زمـانێکی سـەر ڕووی زەوی کـە بە زیندوویی مـابێتـەوە و گۆڕڕانی بە سـەرا تێپـەڕی بێ و بەرزترین نموونەی قسـەی جووانی پیٚ نووسرابێتەوە.

بیـر کـردنەوە و دۆزینەوەی ڕاسـتی و داهێنانی هـونەری و ئەدەبی یەکـێکە لە نزیکترین خـاسیـەتێکی کە هـەمـوو ئادەمـزاد وەکو دیاردەیێکی وەک یەکی دەخـاتە ڕوو. بەم جـۆرە داهێنانی شـاعیر لـە هـەمـوو جێگە و دەور و ڕۆژگارێک دا ڕاسـتـە داهێنانێکە بـۆ ئەو نەتەوەیەی کـە بە زمانەکـەی نووسـراوەتەوە، بەڵام هـەر لەو کـاتە دا بۆ هـەمـوو مرۆڤایەتییـە. بە تایبـەتی بەرهـەمی ئەدەبی کـۆن ئەوانەی زمانەکـەیان نەمـاوون، بێ گومـان دەبن بە سـامـانی ئەو زمانـە تازانەی لە زمانـە کـۆنەکان دا لە دایک بوون.

ئەدەبی پاش مێژوو دەکەین بە دوو بەشـەوە:

(١) ئەدەبی ئەرکیۆلۆجی

(٢) ئەدەبی تۆمارکراو بە تیپەکانی ئەلفوبیٚ.

(١) ئەدەبی ئەرکیۆلۆجی

ئەدەبی ئەرکـیـۆلۆجی ئەو ئەدەبەیـە کـە بە وێنە و ڕەمـز و نەقـش و دروشـم تۆمـار کراوە، وەکو نووسینە هـەرە کۆنەکانی سـۆمەری و ئێلامی و خەتی بزماری بابلی و ئاشـووری و هـیـروگلیـفی مـیـسـر و دروشـمـەکـانی زمـانی چینی و تیـپـەکـانی سـانسکریتی...

بێ گومـان گەورەترین داهـێنانی ئادەمزاد دۆزینەوەی وێنە (شکل) بوو بـۆ تۆمار کردنی شت، ئەمە پێش مێژووی لە پاش مێژوو جیا کردەوە.

کۆنتـرین تۆمـار یـا نووسـینی هیـروگلیـفی لـە وولاتی سـۆمـەرەوە مـاوەتەوە، ئەم نووسـینـە بریتـیـیـە لە وێنە، وەکـو وێـنەی باڵندە مـانای بـاڵندە دەگـەیێنـێ، وێنەی ئادەمـزاد مـانـای ئادەمزاد دەنوێنـێ، دیارە ئەم کردەوەیە ئـەگەر چی بۆ مـەبەسـێکی دیاری کـراو بوو بەڵام بەهـۆی گڵی برژاوەوە بۆ دووا ڕۆژ پارێزرا، بەم جـۆرە بوو بە دەست ڕەنگینییێک هـاوشـانی نەقش و وێنە و نیگاری سـەر گڵی برژاو بوو.

لە دەوروبەری ٣٦٠٠ سـاڵ پـێش مـەسـیح، لە خـاکی وولاتانی سـۆمـەر و ئێـلام و مـیسـر لە ئەنجامی گـۆڕانی هـەمـوو ئـەو نەقشـانەی بۆ مەبـەسی مانا بەکار هێنرا بوون کـۆمـەڵێک وێنە کـەوتە ناوەوە، ئەمـە ڕەنگدانـەوەی ئەو بیـر و ڕایانە بوو کـە لە مـێشکی ئادەمـزادی ئەو سـەردەمـە بوون، ئەم کـۆمـەڵە وێنانەیان ناونـا «نووسـینی هـیروگلیـفی» ئەمـە لە وولاتی مـیسـر لە سـاڵی ٣٠٠٠ی پێش مـەسـیح کـەوتە پـۆپە و ئەوپـەڕی پێـشکـەوتن. گـەلێ پـاشـمـاوەی هونەر و ئـەدەبی هـەمـوو گـێـتـیـی پـێ نووسراوەتەوە.

١- ئەدەبی سۆمەری

کۆنترین شیعرێک کە مێژوو ئاگاداری بێ، ئەو شیعرەیە کە نزیکەی ٢٩٠٠ سـاڵ پێش مەسیح شـاعیری سۆمەری «دینجیری دامو» بۆ «ئینتیـهاب»ی خواژنی لیگش دەلاوێنێتەوە و دەڵێ:

داخی گران! گیانم دەتوێتەوە لە حەژمەت شار و گەنجینەکان.

داخی گران! گیانم دەتوێتەوە لە حەژمەت شارەکەم جەرسو

(لیگش) و گەنجینەکان

منداڵان لە جەرسوی پیرۆز لە ژیانی هەژاری دان

داگیرکەر گەیشتە ئارامگای هەرە مەزن

قەرالیچە گەورەکەی لە پەرستگایەوە دەرهێنا

ئەی گەورە ژنی شاری وەک بیابان و پڕ ترس

کەی دەگەڕێتەوە!

ئاهێکی بە کوڵ لە دەروونێکی بێ گەرد و پاکەوە هەڵقوڵاوە، شاعیر چاوەڕووانی بەختیاریی لە دەست چوو دەکا. لە پاش هەموو ڕووخانێک بنیادنانێک هەیە، شاعیر بە تەمای گەڕانەوەی خوا ژنە، بەڵام نازانێ کەی دەگەڕێتەوە!

ئێپۆسی گلگامیش

هەندێ تاتە بەردی ئەرکیۆلۆجی کەوتۆتە ناوەوە سەردەمی پەیدا بوونیان دەگەڕێتەوە بۆ ٢٥٠٠ ساڵ پێش مەسیح. کۆمەڵێک ئێپۆس (مەلحەمە) و ئەفسانە لە بابەت کار و کردەوەی شاهە کۆنەکان و قسەی نەستەق و نوێژ و سکاڵا و پاڕانەوەی ئایینییان لە سەر تۆمار کراوە. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە خاوەنی ئەم بەرهەمانە نەناسراوون. یەکێ لە بەرهەمە ئەدەبییە هەرە گرنگەکانی ئادەمزادی کۆن ئێپۆسی «گلگامیش»ە. ئەم ئێپۆسە باس لە بەسەر هاتی قارەمانی سۆمەری گلگامیش و هاوڕێی ئەنکیدو Enkidu دەکا. تەواوی تێکستی تۆمار کراوی ئەم ئێپۆسە لە سەر تاتە بەرد لە نامەخانەی ئاشوور بانیپال (٦٦٨ - ٦٢٧ پێش مەسیح) لە نینەوا دۆزراوەتەوە. تێکستی گلگامیش بریتییە لە دووازدە پارچە، هەر پارچەی ٣٠٠ دێڕە شیعرە و لە سەر تاتە بەردێک تۆمار کراوە.

گلگامیش ئێپۆسێکی لیریکی (گۆرانی، سروود)یە، چیرۆکێکی شیعرییە لە گرێییێکی گەورەی ژیانی ئادەمزاد دەدوێ. شاکارێکی بێ هاوتایە، کارێکی دراماتێکی گەورەی کردۆتە سەر ئادەمزاد، لە ٢٥٠٠ ساڵ پێش مەسیحەوە پشتا و پشت وەکو پەندی دانایی خەڵکی گێڕاویانەتەوە.

تێکستە یەکەم و ڕەسەنەکانی بەزمانی سۆمەری لەناوچوون، بەڵام گێڕانەوەی سەر زار و گۆڕینیان بۆ زمانێکی وەکو بابلی ئێپۆسەکەیان پاراست. چیرۆکی تۆفانی نووح سەرچاوەیێکی بنچینەیی بووە بۆ ئەم کارە. لە پاشانا گلگامیش خۆی بوو بە یەکەمین و کۆنترین سەرچاوەی تۆمار کراوی ڕووداوی تۆفانی نووح، وەکو دەردەکەوێ پێش هەموو کتێبە ئایینییە ئاسمانییەکانیشە.

ئادەمزاد لە کۆنەوە و تائێستاش هەموو دەم بیر لە مردن دەکاتەوە و لێی دەترسێ. ئەمە بیروڕاو خەیاڵێکی هەمیشەییە بەرۆکی بەرنادا. دیارە «ترسان لە مردن» ئادەمزاد ڕادەکێشێ بۆ ئەوەی بیر لە نەمری و زیندوویی و ژیانی جاویدانی بکاتەوە، گلگامیش قارەمانی ئێپۆسەکە هەمیشە تووشی مردووان دێ. نزیکترین

هاورێ و یاریدەدەری ئەنکیدۆ لە پێش چاوی کۆچی دوایی دەکا. لەبەر ئەوە بڕیار دەدا بە شوێن رووەکی نەمری بگەڕێ بۆ ئەوەی بگاتە نهێنییەکانی لەناوچوون.

قارەمانی ئێپۆسەکە گلگامیشە، ئەفسانە ئەوە دەگێڕێتەوە کە شای ئورۆک بووە لە وولاتی میزۆپۆتامیا (عیراق)، فەرمانڕەوایێکی بە زەبر و زۆردار بووە، حەزی بەوە کردووە مێرد منداڵان بۆ جەنگ ڕەوانە بکا و کیژۆڵان بۆ کۆڕی ڕابواردن بانگ بکا. خەڵکی لە خوداکانیان دەپاڕێنەوە کە ڕزگاریان بکەن. خودایان بە دەنگیانەوە دێن و کەسێکی وەکو ئەنکیدۆ دروست دەکەن. ئەمە کابرایێکی بەهێز و توانا و بێ ئامان بوو، لەگەڵ ئاژەڵ و دڕندە لە چۆڵ و بیابانان دا دەژیا. ئەنکیدۆ دێتە شار بۆ زانینی هەواڵی شای زۆردار. شار کارێکی گەورەی لێ دەکا، خوو و ڕەووشتی دەگۆڕێ، سۆز و نەرمی و نیانی دەچێتە ناو دڵیەوە و لە باتی ئەوەی گلگامیش لە ناو ببا دەبێ بە هاوڕێی. گەلێ کار و کردەوە پێکەوە دەگەیێننە ئەنجام، بەشداریی جەنگ و شەڕ و شۆڕەکانی گلگامیش دەکا، پێکەوە دێوی هومبابا پاسەوانی دارستان لە ناو دەبەن. کە گلگامیش بە سەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە ئۆرۆک دەکەوێتە بەربەرەکانیی خودا ژنی شار ئەشتار. خوداکان گاجووتێکی ئاسمانی دەنێرن بۆ تۆڵە سەندن لە شاو شارەکەی. گاجووت باغ و باغات تەخت دەکا، ئاوی زێ دەخوواتەوە، خەریک دەبێ شاری ئورۆک بە تەواوی وێران بکا، بەڵام گلگامیش لەگەڵ ئەنکیدۆی هاوڕێی پاش زۆرانبازییێکی قارەمانانە دەتوانن گاجووت بکوژن، لەمەدا نەوەکو تەنیا بە سەر گاجووت دا زاڵ دەبن، بەڵکو ئەشتاریش دەبەزێنن. بەڵام ئەنکیدۆ کۆچی دوایی دەکا، چونکە ژیانی شاری پێ خۆش نەبووە. ئیتر گلگامیش دەکەوێتە سەر هەوەسی ئەوەی ڕێگەیێک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ژیان هەمیشەیی و نەمر بێ. لە پاش هەوڵ و تەقەلایێکی زۆر «رووەکی نەمری» دەدۆزێتەوە. لە ڕێگەی گەڕانەوەی دا بۆ شار، تووشی جۆگەلەیێک دەبێ و لادەدا، خۆی دەخاتە ئاوەوە بۆ پاک کردنەوەی لەشی و رووەکەکە لە قەراغ جۆگەلەکە دادەنێ. لە پڕ مارێک پەیدا دەبێ، ڕووەک دەفڕێنێ و لە چاو وون دەبێ، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی گلگامیش و هەموو ئادەمزادی سەر ڕووی زەوی لە نەمری بێ بەش بن.

ئەم ئێپۆسە ئەوە دەردەخا کە ئادەمزاد ئەوەندە بەهێزە هەموو کارێکی بۆ هەڵدەسووڕێ، دەتووانێ بەسەر هەموو هێزێک دا زاڵ بێ، تا دەگاتە ئەوەی یەخەی

خـوداکـانیش بگرێ، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش دا دەبێ لە دووایی دا هـەر خـوداکـان سـەرکەوتوو بن.

٢- ئەدەبی میسری

ئەدەبی میـسری کۆن (بە زمـان قیبـتی و بە ناوەرۆک فیرعەونی) لە پاش ئەدەبی سـۆمـەری یەکـێکە لە ئەدەبە دەوڵەمـەندەکـانی گـیـتـیی کـۆن، بەوەی بـابەت و هونەرەکانی ئەدەبیـان ڕەنگاوڕەنگە. کۆنترین تێکستێکی شیعری ئەدەبی میـسری کـۆن ئەوەیە کـە لە سـەر تاتە بەردێک هەڵکەندراوە و لە مـۆزەی لایدن پارێزراوە. سەردەمی هۆنینەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٢٠٠ ساڵ پێش مەسیح.

شـاعـیـری خـاوەنی ئەم پارچە شـیـعـرە ئەوە دەردەبڕێ کـە لە سـەر ئادەمـزاد پێویستە خۆشی لە ژیانی سەر ڕووی زەوی وەربگرێ.

جگە لەمـە ئەمنحـۆتبی چووارەم (١٣٨٠ پێش مـەسـیـح) کـە بە ناوی ئـیـخناتۆن ناسـرا بوو، شاعیـر بووە، هەندێ پارچە شـیعری لە پێدا هەڵدانی (مـەدح) ئەتۆنی خـودا داناوە، ئەم شـیـعـرانـە بە جـووانتـرین بـەرهـەمـێک دادەنرێن کـە لـە ئەدەبی میسری کۆن مابێتەوە.

ئەوەی لە هەمـووشیـان زیاتر ئەدەبی میـسری کۆنی پێ بەناوبانگ بووە «کتێبی مـردووان»ە، ئەمـە بریتییـە لە تەلیسم و ڕەمز و نیشـانەی جادووگەریی ئایینی، لە گۆڕی هەندێ لە گـەورە پیاوانی بنەماڵەی هەژدەمینی فەرمـانڕەوایی فیرعـەونەکان دۆزراوەتەوە.

(٢) ئەدەبی تۆمارکراو بەتیپەکانی ئەلفوبێ

بەلای کـەمـەوە هەزار سـاڵێک پێش مـەسـیح ئەدەبێکی بەرز خـۆی نـواند و بە ئەلفوبێیێکی ڕێکوپێک تۆمار کرا، ئەمە بریتی بوو لە ئەلفوبێی ئارامی و عیبری و گریکی و لاتینی و ئاڤێستایی و سانسکریتی و هی تریش. دەتوانین ئەم ئەدەبە لە دوو شێوە، یا لە دوو سەرچاوەی جیاواز دا بەدی بکەین:

(١) ئەدەبی هونەری سەربەخۆ.

(٢) ئەدەبی هونەری لە کتێبە ئایینییەکاندا.

(١) ئەدەبی هونەری سەربەخۆ

لە هەزار ساڵەی پێش مەسیح بزووتنەوە و جموجۆڵی ئادەمزاد لە ڕووی ئەدەبی و هونەرییەوە خاکەکانی باکووری زەریای ناوەڕاست و هیندستان و چینی گرتبووەوە، ئەم ڕۆژگارە لەلایەن شیعر و ئەدەبیاتەوە بەرهەمێکی یەکجار بەرزمان بۆ دەور دەکاتەوە، لە دووا ڕۆژ دا کاری کردە سەر هەموو ئەو ئەدەبە تازانەی کە لە ئەنجامی دروست بوونی نەتەوەکانی سەر ڕووی زەویی ئەمڕۆ پەیدا بوون.

أ- ئەدەبی گریکی

بەرزترین نموونەی ئەدەبی هونەری تاقی کردنەوەکانی گریک و ڕۆمانەکان بوو، ئەم ئەدەبە نەوەکو تەنیا بوو بە دایکی ئەدەبی نەتەوەکانی ئەورووپا کە لە سەدەکانی ناوەڕاست دا بە تەواوی دروست بوون لە پاش خەملانی زمانە نەتەوەییەکانیان، بەڵکو کارێکی گەورەی کردە سەر ئەدەبی نەتەوەکانی هەموو گێتی.

ئەوەی شایانی باسە و دەبێ بووترێ ئەوەیە ئەم ئەدەبە بەرزە بە زمانی گریکی دەستی پێ کرد، گەنجینەیێکی بێ هاوتای لە ئەدەبی داهێنان خستە ژێر دەستی ئادەمزاد. لە پاش پێنج سەدە، لەبەر گەلێ هۆی کۆمەڵایەتی - سیاسی (سۆسیۆپۆلیتیک) لە ناو منداڵدانی ئەدەبی گریکییەوە ئەدەبی لاتینی (ڕۆمانی) بە زمانی لاتینی لە دایک بوو. لە پاش ئەمە هەر دوو ئەدەب پێکەوە بەردەوام بوون، گریکییەکە بەرەو کزی و لاتینییەکە بەرەو گۆڕران و پەرەسەندن دەرۆیشتن.

١- ئیلیادە = Iliade - ئۆدیسە = Odysse

ئێپۆسی ئیلیادە لە گەورەترین شاکاری ئەدەبی هونەری گێتی دەژمێررێ، وە یەکەمین بەرهەمی ئەدەبی بەرزی گریکی کۆنە، لە سەدەی نۆیەمی پێش مەسیح لە ساڵی (٨٥٠) لەلایەن هۆمیرۆسەوە دانراوە و کۆکراوەتەوە و ڕێک خراوە. ئەم ئێپۆسە بریتییە لە ٢٤ سروود و شازدە هەزار دێرە شیعر. بەشێ لە ڕووداوەکانی جەنگی تەروادە دەگێڕێتەوە کە لە نێوان گریک و تەروادییەکانا ڕووی دا. تەروادە شارێکی کۆن بوو لە ڕۆژئاوای ئاسیای بچووک. ئەفسانە (میتیۆلۆجیا)ی گریکی دەڵێ گریکەکان دە ساڵ ئابلۆقەیان دا (١١٩٣ - ١١٨٤ پێش مەسیح).

ئیلیادە ئەوە دەگێڕێتەوە لەو کاتەی کە ئەشیل لەگەڵ ئاگامەمنوون تێک دەچێ دەگەڕێتەوە بارەگای خۆی و بڕیار دەدا کە بچێتەوە مەیدانی جەنگ بۆ تۆڵە سەندنەوەی هاوڕێی خۆی بترۆکل کە هیکتۆر کوشت بووی. لە پاش زاڵ بوونی ئەشیل بە سەر هیکتۆر و کوشتنی لاشەی ڕادەکێشێ و بە دەوری گۆڕی هاوڕێیدا دەگێڕێ، لە پاشانا لاشەکە دەباتەوە بۆ باوکی هیکتۆر کە بریامی ناو بوو.

جگە لەمە هۆمیرۆس ئێپۆسێکی تریشی داناوە بە ناوی ئۆدیسە، لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی پێش مەسیح ڕێکی خستووە، لە ٢٤ سروود پێک هاتووە، هەر سروودێکی بریتییە لە ٣٣٠ تا ٦٠٠ دێڕە شیعر. سۆزی مرۆڤایەتی قارەمانەکانی ئۆدیسە دەبزوێنێ، زمانی بەرزە، ڕەنگدانەوەی پێشکەوتن و کۆمەڵێکی شارستانییە.

٢- بەرهەمە گرنگەکانی ئەدەبی گریک

١

لە سەرەتای سەدەی هەشتەم (پێش مەسیح) شاعیرێکی گەورەی گریکی هێسیۆدۆس Hesiodos خەریکی شیعری پەروەردە و فێرکردن (دیداکتیکی) بوو. ئەم شاعیرە دەیویست لە تەلی خەیاڵ و سۆز و دەروونی ئادەمزاد بدا بۆ مەبەسی هاندانی بۆ کار، چونکە کار مایەی ژیانە بۆ ئادەمزاد خۆی و بەشدار بوونە لە شارستانیەتی مرۆڤایەتی. کۆمەڵێک لەم بابەتە شیعرانەی لە پاش خۆی بەجێ هێشت بە ناوی «کار و ڕۆژگار»ەوە پارێزرا.

٢

لە چارەکی دوایی سەدەی شەشەم - نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجەم شاعیرێکی گەورەی تری گریک کەوتبووە جموجۆڵی هونەری و ئەدەبییەوە، ئەمە ئیسخولۆس Aiskhulos (٥٢٥ - ٤٥٦ پێش مەسیح)ی شاعیری دراماتوورگ بوو، یەکێکە لە سێ شاعیرە گەورەکەی شانۆی گریکی. هەموو ژیانی بۆ چیرۆکی شانۆیی تەرخان کرد بوو، بە هۆی هەست و خەیاڵی قووڵ و سۆزی مرۆڤایەتی، بەهێزترین و جوانترین چیرۆکی تراجیدی شانۆیی نووسییەوە، هەر لەبەر ئەوەش بوو بە باوکی هونەری شانۆ ناوبانگی دەرکرد.

٣

بە هۆی ئەوەی شـیـعـر خـەریکی هـەمـوو لایەنێکی ژیان بوو و ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی ژیان بە شێوەی هونەری جیاواز دەخرانە ڕوو، لەبەر ئەوەیە دەبینین لە سەدەی پێنجەمی پێش مەسیح شاعیری گریکی (ئاتینی) کراتینۆس Kratinos ی لە هونەری کۆمیدییەوە گەلێ بەرهەمی بەرز دێنێتە ناوەوە و بە دامەزرێنەری شانۆی کۆمیدی دەژمێررێ.

٤

لە سەدەی پێنجەمی پێش مەسیح (٤١٠) شاعیرێکی تری گریکی نۆنۆس Non-nos کە لە میسر لە دایک بووە، گەورەترین کارێکی ئەدەبی هونەری هێناوەتە ناوەوە بە ناوی پۆێم (چیرۆکی شیعری) «دیۆنیزیاک»ەوە، ئەمە بریتییە لە دەور کردنەوەی مەشقێکی قووڵ و گرنگ لە میتیۆلۆجیای گریکی کۆن، هەر لەبەر ئەوەشە لە پاشانا ئەم کارە هونەرییە خۆی بوو بە سەرچاوەیێکی بنچینەیی بۆ گێتیی میتیۆلۆجیا.

٥

ئوریپیدێس Euripides (دەوروبەری ٤٨٠ - ٤٠٦ پێش مەسیح) یەکێکە لە سێ شاعیرە گەورەکەی شانۆی گریکی، نزیکەی سەد چیرۆکی تراجیدی شانۆیی داناوە، بە ناوبانگترینیان: «ئەندرۆماک»، «تەروادیەتی»، «فینیقیەتی»، «ئەلێکترا»، «ئیڤگینیا»و هیتر. گەورەترین ئەدگاری ئەم شاعیرە ئەوەیە کە لە دەربڕینی هەستی سایکۆلۆجی ناوەوەی ئادەمزاد سەرکەوتوو بووە.

٦

شاعیری ناوداری گریک سۆفۆکلێس Sophokles (٤٩٦ - ٤٠٥ پێش مەسیح) سەرۆکی سێ کوچکەی شیعری شانۆی گریکییە، شیعری لیریکی و شیعری شانۆگەری زۆرە، دەڵێن ژمارەی گەیشتۆتە ١٣٠ شانۆگەری، بەڵام تەنیا حەوت تراجیدیای گەیشتۆتە ئێمە، لەمانە شانۆگەری «ئەنتیگۆنە» و «ئۆدیبی شاهنشا» لە شاکارە کلاسیکییەکانی ئەدەبی گێتیی دەژمێررێن.

شاعیری گاڵته و گەپ و پێکەنین ئەریستۆفانێس Aristophanes گەورەترین شاعیری کۆمیدی گریک بوو لە ئاتینا، کۆمەڵێک شانۆگەری کۆمیدی داناوە، بەشێکی کەمی گەیشتۆتە ئێمە، لەمانە: «هەور»، «زەردەواڵە»، «چۆلەکە»، «بۆق».

٨

لە سەدەی پێنجەم و چووارەمی پێش مەسیح فیلۆکسینۆس Philoxenos (٤٣٥ - ٣٨٠)ی شاعیری دەربار لە کۆشک و سەرای دیۆنیسیۆسی گەورەی خوێن ڕێژ دەژیا. ئەم شاعیرە داهێنەری بابەتی پێدا هەڵدان (مەدح) بوو لە ئەدەبی گریکیی کۆن.

٩

لە سەدەی چووارەمی پێش مەسیح (دەوروبەری ٣١٠) تیۆکریتۆس Theokritos لە سقلیە دەژیا، بەرزترین بابەتی شیعری هێنایە ناو ئەدەبی گریکییەوە. ئەم هونەرە «ئیدیلا»یان پێ دەووت، ئەمە هونەرێکە ناوەرۆکی لە دڵداریی دەشت و دەر و گوند و دێهات وەردەگرێ، واتە دڵداریی پاکی دوور لە شار و شارستانی.

١٠

لە سەدەی سێیەم بەم لاوە ئەدەبی گریکی کەوتە لێژییەوە، ناڵێین لە ناو چوو بەڵام گەلێ کز بوو، بۆیە سەدەکانی داهاتوو شاعیرێکی گەورەی وا دەور ناکاتەوە کە ناوی لاپەڕەیێکی زۆر داگیر بکا لە ناو مێژووی ئەدەب دا، تەنیا میلیاگرۆس Meleagros (دەوروبەری ١٤٠ - ٦٠ پێش مەسیح) نەبێ، ئەم شاعیرە گریکییە لە ڕۆژهەڵاتی زەریای سپیی ناوەڕاست لە نزیک ڕووباری ئەردەن و شاری سوور (صور) ژیاوە، کۆمەڵێک شیعری داناوە و بە ناوی «دیوانی ئیکلیل» تۆماری کردووە.

ب - ئەدەبی لاتینی (ڕۆمانی)

لەگەڵ کز بوونی ئەدەبی گریکی و ڕۆیشتنی بەرەو ئاوا بوون، ئەدەبی لاتینی کەوتە پەرەسەندن و بوو بە بەردەوامی ئەدەبی گریکی. کۆنترین شیعری ڕۆمانی

بە زمانی لاتینی دەگەڕێتەوە سەدەی دووەمی پێش مەسیح، بەم پێیە داهێنانی ئەدەبی لاتینی لە نیوەی یەکەمی سەدەی دووەمی پێش مەسیح دەست پێ دەکا.

١

کۆنترین شاعیری لاتین ئینیوس Ennius ە (دەوروبەری ١٦٩ پێش مەسیح). دیارترین کاری ئەدەبی ئەم شاعیرە بە ناوی «ساڵنامە»یە، ئەمە بریتییە لە مێژووی شاری ڕۆما لە ڕۆژی بنیادنانیەوە تا دەوروبەری ژیانی شاعیر. ئینیوس ڕووداوەکانی ئەم مێژووە بە شیعر دەگێڕێتەوە.

٢

شاعیرێکی تری لاتین تیرینتیوس Terentius (دەوروبەری ١٩٠ - ١٥٩ پێش مەسیح) لە قرتاجە ژیاوە. لە وەسفی خوو و ڕەووشتی ئادەمزاد سەرکەوتوو بووە، شیعری تەنیا بۆ ئەم مەبەسە بەکار هێناوە، دەورێکی باڵای بووە لە گۆڕران و پەرەسەندنی هونەری شانۆگەری.

٣

هەر لە سەدەی دووەمی پێش مەسیح جوڤێنال Juvenal (دەوروبەری ١٤٠ پێش مەسیح) خەریکی چارەسەر کردنی ناگزووری کۆمەڵایەتی و خوو و ڕەووشتی خراپی ئادەمزادی سەردەمی خۆی بوو. بۆ ئەم مەبەسە هونەری جنێو و داشۆرین (هەجوو)ی بەکار دەهێنا، واتە بە جنێو تیماری ئەو دەردە کۆمەڵایەتییانەی دەکرد.

٤

سەدەی یەکەمی پێش زایین پۆپەی گۆڕرانی ئەدەبی ڕۆمانی کۆن بوو بە زمانی لاتینی. ئەم سەدەیە گەورەترین شاعیرانی زمانی لاتینی دەور دەکاتەوە. لە سەرووی ئەمانەوە، یاخود گەورەترین شاعیر لە سەرانسەری مێژووی ئەدەبی لاتینی ڤیرجیلیوس Virgilius بوو، (لە پاشانا باسی لێوە دەکرێ).

٥

شاعیری ڕۆمانی لوکرێتوس Lucretus (دەوروبەری ٩٨ - ٥٥ پێش مەسیح) کە لە ڕۆما لە دایک بووە و هەر لەوێش ژیاوە، خاوەنی ئێپۆسی «سروشت»ە، لەم

ئێپۆسەدا هەوڵ دەدا فەلسەفەی ئەبیکۆرس (ئەبیقۆر) پیشان بدا و خۆی دەکاتە لایەنگری و ئەوە دەردەبڕی کە خۆشی و لەزەت مەبەسە بنچینەییەکانی بوونی ئادەمزادە لە سەر ڕووی زەوی.

٦

پەخشانی هونەری لەم ڕۆژگارانەدا گەلێ پێش کەوت بوو، ئەم جۆرە پەخشانە بە زۆری بۆ نووسینەوەی مێژوو بەکار دەهێنرا، یەکێ لە مێژوونووسە گەورەکانی ڕۆمان سالوستوس Sallustus (٨٦ - ٣٥ پێش مەسیح) دوو بەرهەمی بەرزی بەجێ هێشتووە، یەکەمیان «ژیانی یوگورتا» و دووەمیان «پیلانی کاتیلینا»، لەم نووسینانەدا بەرهەمێکی پتەو و ڕوون دەخاتە بەردەست، لە یەکەمیانا بەسەرهاتی یوگورتای شاهنشای نەومیدیا دەگێڕێتەوە، ئەمە بەرهەڵستی ڕۆمانەکانی کرد، بەڵام سەرنەکەوت، ماریۆس بە دیل گرتی و لەگەڵ خۆی بردییەوە ڕۆما و هەر لەوێش مرد. یوگورتا Jugurtha (دەوروبەری ١٦٠ – ١٠٤ پێش مەسیح) شاهنشای نەومیدیا بوو؛ نەومیدیا هەرێمێکی فراوان بوو لە نێوان قرتاج (توونس) و مەراکیش (مەغریب) واتە (جەزائیری ئێستا)، ڕۆمانەکان کرد بوویانە ناوچەیێکی سوپایی سەر بە ئیمپراتۆریەتی خۆیان.

لە دووەمیانا بە سەر هاتی کاتیلینا (١٠٩ - ٦٢ پێش مەسیح) دەگێڕێتەوە، ئەمە گەورە و خانەدانێکی ڕۆمانی بوو، لە دژی ئەنجومەنی سینات بوو، لە پاش ئەوەی مەسەلە لەلای قونسوڵ ئاشکرا بوو، بەربەرەکانی کراو لە شەڕدا کوژرا.

٧

گەورەترین شاعیری مێژووی ئەدەبی لاتینی ڤیرجیلیوس (٧١ - ١٩ پێش مەسیح) بوو، ئەمە دیارترین شاعیری ڕۆما بوو. هەر لەبەر ئەوەی نەتەوەی گریکی گەورە «ئیلیادە»ی هەبوو، بەلای ئەوەوە دەبوو ڕۆماش شاکارێکی ئەدەبی گەورەی وەکو ئەوی هەبێ، بۆ ئەمە ئێپۆسی «ئینیادە»ی لە ساڵی ٢٩ پێش مەسیح دانا لە ١٢ سروود تێیدا لاسایی «ئیلیادە»ی هۆمیرۆسی کردۆتەوە، بەڵام بە زمانی لاتینی. هۆمیرۆس لەو جێیەی «ئیلیادە» تەواو دەکا ئەو لەوێوە دەست پێ دەکا، بە خەیاڵی فراوان و مۆسیقای نەرم و ووشەی شاعیری «ئینیادە» دەگەیەنێتە پلەی

«ئیلیادە». قارەمانی «ئینیادە» ناوی «ئیناس» و خەڵکی تەروادە بوو، لە پاش وێران کردنی تەروادە لەوێ ڕادەکا، ماوەیێک لە قرتاجە دەمێنێتەوە لای دیدون شاژنی ئەو ناوچەیە. ژنە حەزی لێ دەکا، ئیتر لەوێوە بە دزییەوە بۆی دەردەچێ و ڕوو دەکاتە خاکی ئیتالیای ئێستا و لە ناوچەی لاتیوم نیشتەجێ دەبێ، لە پاشانا نەوەکانی شاری ڕۆمای لێ دروست دەکەن.

ڤیرجیلیوس جگە لەمە شیعرێکی زۆری هەیە لە بابەت «کاری کشتوکاڵی وپەروەردەی مەڕو ماڵات»ەوە.

٨

شاعیری گەورەی ڕۆمانی هۆراسیوس Horasius (٦٥ - ٨ پێش مەسیح) جگە لە شاعیریەتی ڕەخنەگرێکی گەورەش بوو، کتێبی «هونەری شیعر» «شیعریەتی یا شیعرایەتی» تا ئێستاش لە سەرچاوە بنچینییە کلاسیکییەکانی گریک و ڕۆمان دەژمێررێ لە ڕەخنەی ئەدەبی دا. لە تەک ئەمەدا کۆمەڵێک شیعریشی هەیە، بە تایبەتی ئەو بەشە شیعرانەی کە ناوی ناوون «جنێو» و «نامە».

٩

هەر لەو سەردەمەدا ئۆڤیدیوس Ovidius (٤٣ پێش مەسیح - ١٨ پاش مەسیح)ی شاعیری گەورەی زمانی لاتینی لاپەڕەی دووایی ئەم بلیمەتیە بوو. ئەم شاعیرە پڕ زەوق و ئادەمزاد پەرستە گۆرانیی بۆ دڵداری و پێشکەوتن دەووت، عەوداڵی جووانیی سەر ڕووی زەوی بوو، بۆیە هەندێ جار بۆنی لەش و لاری جووان لە شیعرەکانی دەهات، دڵبەری شاعیر پەیکەرێکی جووانی بینراو بوو.

بەم جۆرە لاپەڕەی مێژووی ئەدەبی ڕۆمانی بە زمانی لاتینی هەڵدرایەوە، بە تایبەتی دووا سەدەی کە ڤیرجیلیوس تێیدا ژیا بوو، واتە سەدەی زێڕینی ئەو ئەدەبە کە لەگەڵ کز بوونی بت پەرستی و کۆن بوونی جوولەکەیی و پەیدا بوونی ئایینی گاووری ئەویش کەوتە لێژییەوە و ئەدەبی گێتیی کۆنی ئەم ناوچەیە کۆتایی هات.

ج – ئەدەبی هیندی

ئەدەبی هیندی وەکو زۆربەی ئەدەبە کۆنەکان بە تێکستی ئایینی و هەموو

ڕووداوێکی کە پێوەندی بە ئایینەوە هەیە دەستی پێ کردووە.

بەشی زۆری ئەم تێکستانە بە ئەزبەر و لە سەر زار لە نەوەیێکەوە بۆ نەوەیێکی تر دەمایەوە. لە ڕێگە دەسکارییێکی زۆر دەکران و ناوی خاوەنەکانیشیان وون دەکرد. بە گشتی ئەدەبی هیندی لە دوو هەزار ساڵ پێش مەسیحەوە دەستی پێ کردووە تا سەدەی پێنجەمی پێش مەسیح شێوە و ئەدگاری دووایی خۆی وەرگرتووە، هەموو ئەم ئەدەبەش بە زمانی سانسکریتی بووە کە ئێستا نەماوە و لە ناو چووە.

ئەدەبی هیندی دوو ئێپۆسی گەورەمان بۆ دەور دەکاتەوە:

١- مەهابهاراتا Maha - bharata

مەهابهاراتا بە مانای «جەنگی بهاراتای گەورە» هاتووە، بهاراتا بنەماڵەی فەرمانڕەوای هیندستان بوو، ئەمە یادگارێکی هەرە گەورە و بە ناوبانگی ئەدەبی هیندۆسەکانە، هەروەها یەکێکە لە داهێنانەکانی ئەدەبی گێتی، لە ١٨ کتێب پێک هاتووە، دانەری تاقە کەسێک نییە و لە ڕۆژگارێکی دیاری کراویش دانەنراوە، بەڵکو گەلێ کەس لە نەوە جیاکانی هیندستان بەشدارییان تێدا کردووە، بە زمانی سانسکریتی نووسراوەتەوە، زانیارییێکی زۆری تێدایە لە بابەت جەنگ و شەڕ و شۆڕەکانی کوڕ و باندو، هەروەها کردەوەکانی کریشنای خودای هیندوسەکان، جگە لەمە مێژووی هیندستانی کۆن و دەستوور و یاسا و خوو و ڕەووشت و ئەفسانەی ناو کۆمەڵ دەور دەکاتەوە.لە سەدەکانی شەشەمی–پێنجەمی پێش مەسیح تەواو بووە و تا ئێستا ماوەتەوە.

٢ - ڕامایانا Ramayana

ڕامایانا بە مانای «قارەمانیەتی ڕاما» هاتووە، ڕاما خودای هیندۆسەکانە، لە ئاسمان هاتۆتە خووارەوە و چۆتە ناو لەشی ڤیشنۆ لە سەر زەوی (دۆنا دۆن = تناسخ الارواح)، بە زمانی سانسکریتی ڕێک خراوە. مێژووی دانانی بە تەواوی نازانرێ، بەڵام لە سەدەی پێنجەمی پێش مەسیح شاعیری هیندی ڤالمیکی هەموو تێکستە کۆنەکانی کۆکردەوە و لێکی دانەوە و ڕێکی خستنەوە و شتی تریشی خستە سەریان، بەم جۆرە چووارده هەزار پارچەی لێ دروست بوو و بە سەر

حەوت بەشدا دابەش کرا. ئەم ئێپۆسە بە سەر هاتی چووار برای قارەمان دەگێڕێتەوە لە خەباتیان دا لە دژی خودای خراپە و تاریکی، لە ئەنجامدا سەر دەکەون، یەکسانی و ئاسایش لە ناو کۆمەڵ دا بڵاو دەکەنەوە ئەم ڕووداوانە لەگەڵ ئامۆژگاری و قسەی نەستەق و پەند و وورد بوونەوە لە ژیان تێکەڵ دەکرێن. گەلێ چیرۆک و بەسەرهاتی تریشی تێدایە بیروڕای هیندۆسەکان دەخاتە ڕوو لە بارەی ئایین و پێوەندیی ئادەمزاد بە کردگارەوە.

د - ئەدەبی چینی

ئەدەب لەلای چینییەکان شتێکی پیرۆزە، لەبەر ئەوە شاعیر گەورەیە لە لایان و لە سەر ئەو باوەڕەن کە شاعیر ئادەمزادێکی دانایە و لەلایەن کردگارەوە نێرراوە بۆ ئەوەی ببێتە پێوەند لە نێوان ئاسمان و ئەرز، کردگار و ئادەمزاد.

نووسینی چینی لە سەدەی چواردەمی پێش مەسیح پەیدا بوو، لە پێشانا لە پێنج هەزار تیپ پێک هات بوو، لە دوواییدا بە درێژایی ڕۆژگار و گۆڕرانی زمان تیپەکان زیادیان کرد.

ئەدەبی چینیی کۆن لەم بەرهەمانەی لای خووارەوە خۆیان دەنوێنن:

١- یادگاری هەرە بەرزی کۆنی ئەدەبی چینی دەدرێتە پاڵ کۆنفۆشیۆس (٥٥١ - ٤٧٩ پێش مەسیح)، ئەم ئەدەبیاتە «کنگ»ی پێ دەڵێن، هەمووی لە بابەت خوو و ڕەووشتی ئادەمزاد و ڕێک خستنی کۆمەڵە.

کۆنفۆشیۆس فەیلەسووفێکی چینییە ئایینی کۆنفۆشیۆسی دامەزراند، ئەمە ئایینێکی فەلسەفی - ئەدەبییە، باوەڕی بە کردگار (خالق) نییە، بەڵام داوای ژیانێکی خێزانی و کۆمەڵایەتیی بەرز دەکا.

٢- کتێبی سروود: ئەمە «شی کنگ»ی پێ دەڵێن، لە سێ سەد و پێنج پارچە پێک هاتووە، لە نێوان سەدەکانی یازدە–حەوتی پێش مەسیح پەیدا بووە. سروودەکانی بریتین لە هەندێ شیعری دڵداریی ساکار بە شێوەی مۆنۆلۆج لە نێوان کوڕ و کچان دا، بە تایبەتی ئەمە لە کۆمەڵی کشتوکاڵی دا باوە. هەروەها ئەم هونەرە وەکو گۆرانی بۆ سەمای ئایینی و پەرستن یا پێدا هەڵدانی خاقانەکانی ڕابردووی چین بەکار دەهێنرێن، زۆربەی ئەم گۆرانییانە بە

مۆسیقاوە دەووترێن.

٣- کتێبی مێژوو: ئەمە «شوکنگ»ی پێ دەڵێن. بریتییە لە تۆمارکراوی ڕووداوەکانی سەدەکانی یازدە–حەوتی پێش مەسیح. نووسینی ناو ئەم کتێبە فەرمانی میری و دووانی خاقانەکانی گرتۆتە خۆ، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە دەوروبەری ئیدیۆلۆجیی کۆنفۆشیۆس دەسووڕێنەوە.

٤- کتێبی گۆڕان: ئەمە بریتییە لە تێکستی قورس و داخراو، لە جادووگەری و عەزامات و دووا ڕۆژ خوێندنەوە هەڵقولاوە، لە پاشانا تێکستەکان بە گیانێکی فەلسەفی لێک دەدرانەوە. ئەم تێکستانە لە نێوان سەدەکانی دە–حەوتی پێش مەسیح کەوتوونەتە ناوەوە.

٥- ووتەکانی کۆنفۆشیۆس: ئەمە بریتییە لە قسەی نەستەق و پەند و ئامۆژگارییەکانی کۆنفۆشیۆس، هەموو بیر و باوەڕێکی پێ دەکێشرێ و لە ڕێگەی ئەم ووتانەوە بیروڕای تازە بۆ چاکەی کۆمەڵ دەکەوێتە ناوەوە.

٦- لە سەدەی چووارەمی پێش مەسیح جۆرە شیعرێکی تازە پەیدا بوو، ڕەنگدانەوەی هەستی دەروونی ناوەوەی ئادەمزاد بوو، لە دووری و ئاوارەیی و نالەباری و ناسۆری ژیان و مردن دەدوا، ناوەڕۆکێکی سیمبۆلیزمی (رەمزی) و سۆفیزمی و سیاسی هەبوو، ئەمە لە دیوانی شاعیری چینی کیویوان (٣٣٢ - ٢٩٥ پێش مەسیح) دەردەکەوێ.

لەمەدا دەگەینە ئەنجامی ئەوەی کە نەتەوەکانی چینی گەورە دەورێکی دیاریان بووە لە داهێنانی ئەدەبی گیتیی کۆن و خزمەتێکی گەورەی ڕۆشنبیری و کولتووری مرۆڤایەتییان کردووە. تا ئێستاش لە ناو کۆمەڵانی سەر ڕووی زەوی کە یادی چین دەکرێتەوە دانایی و قسەی نەستەق و پەندی پێشینان دێنێتەوە بیر.

(٢) ئەدەبی هونەری لە کتێبە ئایینییەکاندا

مەبەس لە کتێبی ئایینی ئەو کۆمەڵە کتێبەیە کە دەستوور و یاسا و مێژوو و بەسەرهات و ڕووداوەکان و بیروباوەڕ و ئیدیۆلۆجیەتی ئایینییان تێدا تۆمار کراوە، بێ گومان تێکستی ئەم کتێبانە بەگشتی لە شێوازی ئەدەبی بەدوور نین، جگە لەوەی هەندێ بەش و پارچەیان شیعرێکی تەواوە، یا پەخشانێکی هونەری یا شیعرێکی پەخشان ئامێزە. لە ڕووی باوەڕی ئایینییەوە هەندێ لەو کتێبانە بە

کتێبی ئاسمانی دەژمێررێن، واتە قسەی خودایە و بۆ پێغەمبەری نەتەوەکە نێرراوە بۆ ئەوەی بیکا بە دەستووری ژیانی سەر رووی زەوی و پێوەندیی گیانی ئەو کۆمەڵە بە گێتیی نەمری داهاتوو. هەندێکی تریش لەلایەن پێغەمبەر و سەرۆکی ئاین و فەیلەسووف و زانا و دانایانی نەتەوەکان دانراوە، دیارە لای خۆیان ئەم کتێبانە قسەی خودان یا لە پلەی قسەی خوداکانیانن.

بە گشتی ئەو کتێبانە ئەگەر چی لە بنەڕەت دا بۆ مەبەسی ئایینی هاتوونەتە خووارەوە یا نووسراونەتەوە، بەڵام کارێکی گەورەیان کردۆتە سەر ئەدەبی ئەو زمانانەی کتێبەکانیان پێ نووسراوە، یا ئەو زمانە تازانەی لە زمانە کۆنەکان بوونەتەوە. ئەم کارکردنە بەهێز بووە، چونکە جەوهەری ئەدەبی لە ناو ئەو کتێبە ئایینییانە دا ڕەسەن بووە و پلەی داهێنانی هونەرییان یەکجار بەرز بووە.

لەم ماوەیەدا بە کورتی باس لەو کتێبانە دەکەین بەپێی پەیدا بوونیان، یا هاتنە خووارەوەیان لە ئاسمان:

أ- تەورات

تەورات «کتێبی پیرۆز» و «ڕۆژگاری کۆن»یشی پێ دەڵێن. باس لە مێژووی بوون و مرۆڤ دەکا لە سەرەتاوە، واتە پێش مێژوو. لە ماوەیێکی درێژی مێژووی پاش مێژووش دەدوێ واتە دەوری پیغەمبەران تا پێش پەیدا بوونی ئایینی گاووری. ئەوەی لێرەدا گرنگ بێ ڕووداوەکانی ١٨٠٠ ساڵ پێش مەسیحە، واتە لە سەردەمی ئیبراهیمەوە.

ئەم کتێبە بەلای کەمییەوە لە ماوەی ١٣٠٠ ساڵ دا کۆکردنەوە و تۆمار کردنی تەواو بووە، واتە لە دەوروبەری مووسا (سەدەی ١٣ی پێش مەسیح)وە تا نزیک پەیدا بوونی عیسا. تەورات بریتییە لە ٣٦ نامە (سفر)، ئەوەی بۆ مەبەسی ئەدەبی گرنگ بێ و بۆنی داهێنان و هونەریان لێ بێ ئەم نامانەی خووارەوەن:

١- مەزموورەکانی داوود: ئەمە هەندێ جار بە کتێبێکی سەربەخۆ دادەنرێ بە ناوی «زەبوور»ەوە، دەدرێتە پاڵ داوود (١٠١٠ - ٩٧٠ پێش مەسیح). مەزموورەکان بریتین لە ١٥٠ سروود، ئەم سروودانە جێگەی یەکەمیان هەیە لە نوێژی گاوورەکان.

٢- گۆرانیی گۆرانییان: ئەمە دەدرێتە پاڵ سلێمانی دانا (٩٧٠ - ٩٣٥ پێش

مەسیح)، بریتییە لە کۆمەڵێک تێکستی شیعر ئامێزی ڕۆمانتیکیانە لە دڵداری و جـووانی دەدوێن، نـاوەرۆکی هـەندێکیـان بۆنی شــەهوەت و مێ بـازی لێ دێ، گەلێ لەوانەی لێیان کۆڵیوەتەوە بە چاوێکی سۆفیزمیانە تەماشایان کردووە. وا باوە کـە لە سـەرەتای سـەدەی چووارەمی پێش مـەسـیح کۆکـراوەتەوە و قـالبی ئێستای وەرگرتووە.

٣- ئەشـیعـا: ئەمـە نـامـەیێکی تری تەوراتە دەدرێتـە پاڵ ئەشـیعـا کـە لە سـەدەی هەشتەمی پێش مەسیح ژیاوە. ئەم دانەرە لەو کاتەدا ووشیار بووەوە و گەیشتە ڕاستی کە سـەنحـاریب لە ٧٠١ی پێش مـەسـیح ئابلۆقەی ئۆرشەلیمی دا، گۆیا لەم جەنگەدا کوژراوە. نووسینەکانی شێوازێکی شیعری تەواویان هەیە. باسی ئەوەی کردووە کە لە دووا ڕۆژ دا عیسا لە کیژێکی بێ باوک لە دایک دەبێ.

٤- ئەیووب: لە پلـەی پێـغـەمـبـەری بووە، لە دەوروبەری سـاڵی ٤٠٠ی پێش مـەسـیح ژیاوە. خودا ویستوویەتی تاقی بکاتەوە، بەڵام ئەو بەرگری هەموو ئێش و ئازار و ناسـۆری ژیانی کردووە. مەسـەلەی ئەیووب مـەسـەلەی خـراپەیە لـە گێتی دا، بەلایەوە خـراپە دووایی نایە، بە خـودا ناسین نەبێ. ئەم نامەیە لە کتێبی پیرۆز نموونەی بەرزی ئەدەبیـاتی ڕۆژهـەڵاتە، چۆتە ناو ناخی دەروونی ئادەمزادەوە، بە شێوەیێکی شاعیرییانە ڕووداو دەگێڕێتەوە و وێنەی دەگرێ.

٥- پەند و قسـەی نەسـتەق: ئەم نامەیەش دەدرێتە پاڵ سلێمـانی دانا، بریتییـە لە کـۆمـەڵێک پەند و قــســەی نەســتــەق و ئامــۆژگـاری، لە دەوروبەری مــژدەدا دەسووڕێتەوە تا دەگاتە ئەو پەندەی کە دەڵێ «سـەری دانایی ترسانە لـە خودا». وا باوە کە ئەم پەندانە لە سەدەی پێنجەمی پێش مەسیح کۆکراونەتەوە.

٦- ئەستێر: نامـەی ئەستێر بەشێکی گرنگە لە تەورات و چیرۆکی ڕۆمـانتێکییانەی مێرد کردنی ئەسـتێر دەگێڕێتـەوە بە ئەخشـۆرشـی شـاهنشـای ئێران بۆ ئەوەی نەتـەوەکـەی لە ســتــەم و زۆرداری ڕزگـار بکـا. ئەوەی ئاشـکراشــە ئەوەیە کـە ئەسـتێـر ژنێکی جووان و داوێن پاک بـووە. دەڵێن ئەم نامـەیە لە سـاڵی ١١٤ی پێش مەسیح نووسراوەتەوە.

ئەمە بـەشە گرنگەکانی تەورات بوو، ئەگینـا بە ڕاستی هـەمـوو تێکستەکانی ئەم کتێبـە و ڕووداوەکانی کارێکی گەورەیان کردۆتە سـەر ئەدەب و کولتووری گێتی، بە

تایبـەتی نـەتەوەکـانی ئەوروپا، لەو ڕۆژەی ئایینی گـاووری تێـیـدا کـەوتە ناوەوە تائێـسـتـا، چونکە تەورات و ئینـجـیل (ڕۆژگـاری کـۆن و تـازە) کـتـێـبی پیـرۆزی گاوورانە. ڕووداوەکانی ئەم کتێبە ڕەنگیان لە شیعر و ئەدەبیات و وێنەکێشی و پەیکەر تەراشی و ئـەندازیاری (میـعمـار = ئەرشـیـتیکتور) و مۆسـیـقا و سـەما و گۆرانی و هەموو بابەتەکانی تری هونەر داوەتەوە.

ب - ئاڤێستا

کـتـێبی ئاڤێـسـتا لە کـردەوە و نووسـینی زەردەشـتـە (سـەدەی حـەوتـەمی پێش مـەسـیح). زەردەشت پێـغـەمـبـەری نەتەوە کـۆنەکـانی ئێـران بوو، یەکـەمین ڕێ پیشاندەری کۆمەڵیان بوو لە ڕێی ئایینەوە.

ووشـەی «ئاڤێستا» یا «ئاڤێستـاک» لە ووشـەی «ئوپاستـا»ی پەهلەوییەوە هاتووە کە مانای «بنج، بناغە، بنیاد» دەگەیێنێ. کتێبی ئاڤێستا بریتییە لە پێنج بەش، بەشی هەرە گرنگیـان «یەسنا»ی پێ دەڵێن، لەمـەش دا هـەڤدە فـەسڵ «گاتا»ی پێ دەووترێ. «گاتا» و هەندێ لە بەشەکانی «یەشت» بە شیعر نووسراوەتەوە. شیعری ئاڤێستا لە سەر کێشی «پەنجە، کەرت، برگە، سیلاب» دامەزراوە، ئەم کێشانە کـێشی فـۆلکلۆری خـۆمـاڵین، لە شـیـعـری نووسـراوی کـوردی کـۆن و تازەش دا دەبینرێن.

بەڵام ئەوەی گرنگ بێ لە ئاڤێستا ئەو بیر و باوەڕە ئایینیی فەلسەفییانەن کە بە شـێـوەیێکی هونـەری و شـاعیـرانە گـێـڕراونەتـەوە، بە تایبـەتی نوێژ و پاڕانەوە و سکاڵا ئایینییەکان، جگە لەو داناییە بیرییەی کە زەردەشت نوواندوویەتی.

ج - کتێبی پیرۆزی هیندۆسان

ئەوەی ئاشکرایە ئـەوەیە کە خودای هینـدۆسـەکان «برەهمـا»یە، ئەمـە کـردگـارەو خـاوەن و دروست کـەری «بوون»ە، تووانایی «برەهمـا» لەگـەڵ «ڤیـشـنۆ» و «سـیـڤا» سێ کوچکەی خودایەتی ئایینی بوودی دروست دەکەن.

بـوودا (بوودهـا گـــەوتـامـــا Buddha Gautama) (دەوروبەری ٥٦٦ - ٤٨٦ پێش مـەسـیح) لە پلەی پێغـەمبـەری و دانایی بووە لە هیـندسـتـان، دامـەزرێنەری ئایینی بوودییە. لەقەبی «بوودا»ی دراوەتێ کە بە مانای «ڕووناکی، پرتەو» هـاتووە.

ڤیدا

ڤیدا مانای «زانیاری»یە، ناوی کتێبی پیرۆزی هیندۆسەکانە، بە زمانی سانسکریتی نووسراوەتەوە، نوێژ و سروودی ئایینییان تێدا تۆمار کراوە. پەیدا بوونی ئەم سروودانە لە ٢٥٠٠ ساڵ پێش مەسیحەوە دەست پێ دەکا تا ساڵی ٥٠٠ی پێش مەسیح لەو سەردەمە دا شێوەی دوایی وەرگرتووە.

ڤیدا لە نووسین و کردەوەی براهمای خودای بوودییانە. لە چووار بەش پێک هاتووە، بەشە هەرە گرنگەکانی ڤیدا بریتییە لە:

١- ریگ ڤیدا: کۆنترین کتێبی چووار کتێبە پیرۆزەکەیە، لە کۆمەڵێک سروود پێک هاتووە بە زمانی سانسکریتی، کاکڵ و ناوەرۆکی میتیۆلۆجیا و کۆسمۆلۆجیا و فەلسەفەی ئایینی برەهمایی تێدا نووسراوەتەوە.

٢- ئوپانیشەد: کۆمەڵە نامەیێکە لە ڤیدا باس لە بیر و باوەڕی فەلسەفەی ئاریی هیندی دەکا، ئەمە بەشێکی گرنگە لە ئەدەبی هیندی چونکە لە پەرستن و پێوەندیی بیر و باوەڕی ئایین دەدوێ.

هەرچی دوو بەشەکەی تری ڤیدایە «شاندوجیا» و «سواسانکەد» کەڵکێکی ئەوتۆیان نییە لە ڕووی ئایینی و ئەدەبییەوە.

د - ئینجیل

ئینجیل ووشەیێکی گریکییە بە مانای «مژدە» هاتووە، «کتێبی پیرۆز» و «ڕۆژگاری تازە»شی پێ دەڵێن. ئەم کتێبە بریتییە لە کۆمەڵێک لە ووتە و کردەوە فەرمانە موعجیزە ئامێزەکانی مەسیح یا کریستۆ یا عیسای کوڕی مریەم پێغەمبەری دیانان، لای خۆیان و لای موسوڵمانان، بە چووار گێڕانەوە پێمان گەیشتووە. ئەو کەسانەی هەواڵەکانیان تۆمار کردووە دووانیان لە پلەی پێغەمبەری دان لای دیانان مەتا و یۆحەنا، دووانەکەی تریان لۆقا و مرقس لە قوتابیانی مەسیحن.

لە نیوەی دووەمی سەدەی یەکەم تۆماری هەر چوار تێکستی ئینجیلەکان وەکو لەلای خووارەوە نووسراوە تەواو بوو:

١- ئینجیلی مەتا: لە ساڵی ٥٠ بە زمانی ئارامی نووسرایەوە بۆ ئەو گاوورانەی

فەلەستین کە لە بنج دا جوولەکە بوون و باوەڕیان بە ئایینی تازە هێنا.

٢- ئینجیلی مرقس: مرقس لە ساڵی ٦٤ ئینجیلەکەی نووسییەوە.

٣- ئینجیلی لۆقا: لۆقا لە ساڵی ٦٧ ئینجیلەکەی نووسییەوە، جگە لەمە لە ساڵانی ٦٨ - ٨٥م «کردەوەی پێغەمبەران»یشی نووسییەوە، ئەمە لە ئەدەبیاتی ئایینی گاووری دا لە ڕێزی ئینجیل دەوەستێ.

٤- ئینجیلی یۆحەنا: لە دووا ساڵانی سەدەی یەکەم ئینجیلەکەی نووسییەوە، جگە لەمە «خەون» و «سێ نامە»شی نووسییەوە کە لە ئەدەبیاتی گاووری دەژمێررێن.

ئەم چووار گێڕانەوەیە. لە ژیانی مەسیح کە لە ناوەرۆک دا هەر یەکێکن و لە ڕوخسار دا هەندێ جیاوازییان تێدایە کارێکی گەورەیان کردۆتە سەر ئەدەبی گێتی بە تایبەتی ئەورووپایی و بوون بە سەرچاوەیێکی لە بن نەهاتوو بۆ داهێنانی تازە لە ئەدەب و هونەر دا لە هەموو گێتی دا.

ئەمە ئینجیلە باوەڕ پێ کراوەکانی کلیسەی دیانان بوون، لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری هەموو تیرە و مەزهەبە وورد و درشتەکانیان، جگە لەمە ئینجیلی تریش هەیە، بەڵام باوەڕی پێ نەکراوە چونکە بە هەڵبەست حسێب کراوە و بە ناڕەسەن دانراوە وەکو «ئینجیلی برنابا» گۆیا بە زمانی ئیتالی لە پاش سەدەی سێزدەم لەلایەن نووسەرێکی ئیتالییەوە تۆمار کراوە.

هـ - قورئان

«فورقان» و «زیکر» و «تەنزیل» و «مسحەف» و «کیتاب»یشی پێ دەڵێن، کورد «قورعان»ی پێ دەڵێ. کتێبی ئایینی موسوڵمانانە، بە زمانی عەرەبی پارچە پارچە و بەش بەشی بە شێوەی ئایەت لە خوداوە بۆ محەمەد پێغەمبەر نێرراوە، سرووش (جبریلی مەلایەکەت) هەڵگری ئەم پەیامە بووە.

قورئان باس لە عەقیدەی ئایینی ئیسلام دەکا، ژیانی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی ڕێک دەخا، جگە لەمە سەرچاوەیێکی یەکجار گرنگە بۆ داهێنانی ئەدەبی و کارێکی گەورەی کردۆتە سەر ڕۆشنبیری و کولتووری و ئەدەبی عەرەبی و هەموو نەتەوە موسوڵمانەکانی تر، جگە لەوەی قورئان خۆشی لە ڕووی داڕشتنی ئەدەبی و هونەرییەوە گەیشتۆتە لووتکە و گەلێ وێنەی شیعری بەرزی دەور کردۆتەوە.

قورئان له ١١٤ سووڕەتی مەکی و مەدەنیی پێک هاتووه و به سەر سی جزم و شەست حیزب دا دابەش کراوه. عوسمانی کوڕی عەففان (له ٣٥ھ / ٦٥٦م کۆچی دوایی کردووه)ی خەلیفەی سێیەمی ڕاشیدی هەموو بەشەکانی قورئانی کۆکردەوه و یەکی خست و ئەو نوسخەیەی کە له ناوەوەیه ئەنجامی کردەوه گەورەکەی عوسمانی کوڕی عەففانه. بەم جۆره دەبینین قورئان یەکێکه له کتێبه هەره گرنگەکان وەکو سەرچاوەیێکی ئەدەبی، بێ گومان کۆنترین کتێبێکه لەو ڕۆژگارانەی کە ئایەتەکانی هاتوونەته خووارەوه وەکو خۆی بەبێ دەسکاری ماوەتەوه تا ئێستا.

قورئان ئاوڕێکی زۆری له مێژووی پەیدا بوونی ئادەمزاد داوەتەوه له سەر ڕووی زەوی، گەلێ لایەنی گرنگی مێژووی کۆن و ئایینەکانی پێش ئیسلامی خستۆته ڕوو. دیاره سەرچاوەی یەکەمی هەره گرنگیشه له مێژووی پەیدا بوونی ئیسلام و بیروباوەڕەکانی.

هەندێ له سووڕەتەکانی قورئان به ناوی پێغەمبەران و دانایان و پیاو چاکانی کۆنینه هاتووه، وەکو: نووح، هوود، ئیبراهیم، یووسف، یوونس، مریەم، محەمەد، تاها، لوقمان.

ڕووداوەکانی کۆن به شێوەی چیرۆکی هونەری تایبەتی له قورئانا دەگێڕڕێتەوه، لەمانه پەیدا بوونی ئادەمزاد له سەر ڕووی زەوی له ئەنجامی هەڵخەڵەتاندنی ئادەم و حەوا لەلایەن شەیتانەوه، کۆتایی ژیانی هەمیشەییان له بەهەشت و دەست پێ کردنی ژیانی سەر ڕووی زەوی. هەروەها ڕووداوی ژیانی دووەمی ئادەمزادیش دەگێڕێتەوه له پاش تۆفانی نووح.

هەندێ گێڕانەوەی دڵداری تەلی سۆزی ئادەمزاد دەبزوێنێ، بەوەی وێنەی هەست و مەیلێکی سۆفیزمی گەرمی ناوەوەی ئادەمزاد دەگرێ و مانایێک دروست دەبێ کە بەهەمیشەیی و جاویدانی دەمێنێتەوه له داهێنانی ئەدەبی‌دا، وەکو چیرۆکی یووسف لەگەڵ ژنی عەزیزی میسر (زولەیخای ژنی پوتیفار) و چیرۆکی سەراو پەردەی تەختی سلێمان لەگەڵ قەرالیچه جوانەکەی سەبەء (بەلقیس).

له قورئانا باس له خەباتی پێغەمبەران کراوه له پێناوی بیر و باوەڕیان و هەرگیز کۆڵیان نەداوه و سوور بوون له سەر هێنانه دی ئەو پەیامەی باوەڕیان

پێی بووە، وەکو: ئیبراهیم پێغەمبەر بەرهەڵستی پیشەی باوکە دارتاشەکەی کردووە چونکە بتی بۆ نەتەوەکەی دروست دەکرد، لە پاشانا ئامادە بوو جگەرگۆشەی بکا بە قوربانی. لەلایێکی تریشەوە مووسا پێغەمبەر بەربەرەکانی فیرعەونی کرد، زۆرانبازی بوو لە نێوان بیروڕای «یەک خودا» و «چەند خودایێک». عیسا پێغەمبەر تا سەر قەنارەش بەربەرەکانیی جوولەکە مێشک ووشکەکانی کرد ئەوانەی ئایینەکەیان کۆن بوو بوو و لە کەڵک کەوت بوو. محەمەد پێغەمبەر بەرهەڵستی هەموو ئێش و ئازار و بەربەرەکانیی قورەیشی کرد، لە مەکەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە و کۆڵی نەدا تا بیر و باوەڕەکەی لە سەر پارچەیێکی گەورە لە ڕووی زەوی و لە ناو تیرە و هۆز و میللەت و نەتەوەی جیاواز بڵاو بووەوە.

قورئان ڕووداو و پەندێکی زۆر دەور دەکاتەوە لە بارەی خراپەوە. خۆپەرستی لە قابیلەوە دەست پێ دەکا، برای دایک و باوکی دەکوژێ لە پێناوی چاکەی خۆی. چاوچنۆکی لە قاروون دەبینێ. جەردەیی و ڕێگری و فێڵبازی و نامەردی و بگرە تا ئەو ڕادەیەی کە نێرینە بەکار هێنان بۆ شەهوەت لە باتی مێیینە بە ئاشکرا لە قەومی لووت دەخاتە ڕوو.

نموونە بۆ دانایی و توانایی ئادەمزاد لە قورئانا زۆرە لە ئیبراهیم و یەعقووب و سلێمان و لوقمان و ئەسکەندەر دا دەبینرێ. گێڕانەوەکانی یاجووج و ماجووج و ئەسحابی کەهف نموونەی خوو و ڕەووشتی ناوەوەی ئادەمزاد و گۆڕرانی ژیانن، ژن جێگەیێکی دیاری هەیە وەکو نیشانە و بەڵگەی گرنگ لە ژیانی ئادەمزاد دا.

لە قورئانا ناوی گەلێ لە ژنان هاتووە: ژنی نووح، سارە، ژنی عەزیزی میسر (زولیخا)، کچەکانی شوعەیب، دایکی مووسا، قەرالیچەی سەبەء (بەلقیس)، مریەم، ژنی ئەبوولەهەب.

داوود وەکو هونەروەرێکی گەورە لە قورئان دا دەکەوێتە ڕوو، دانا و زانا بووە، کە ئایەتەکانی زەبووری بە ئاوازەوە خوێندۆتەوە دار و بەرد و باڵندە بۆیان گێڕاوەتەوە و تەسبیحاتیان لەگەڵ دا کردووە، لە زیکری نهێنیی ناوەوە و نادیاری سۆفیزمی بەشدارییان کردووە.

قورئان باسی کۆمەڵی ئادەمزاد و هۆز و قەومی پێغەمبەران و پیاو چاکان و پیاو خراپانی کردووە، هەر یەکەی کردووە بە بەڵگەی کردەوەیێک و ڕەووشتێکی

ئادەمزاد، لەمانە: قەومی ئیبراهیم، توببەع، هوود (عاد)، سالّح (سەموود)، لووت، فیرعەون، مووسا، سەبەء، شوعەیب، ئەسحابی ڕەس، قەریە، ڕەقیم، سەفینە، ئوخدود، فیل. باسی نەتەوەی ڕۆم و خەڵکی تریش کراوە. هەندێ لە سەر ئەو باوەڕەن کە مەبەسی لە ئایەتی «ستدعون الیٰ قوم أولیٰ بأس شدید» نەتەوەی کوردە.

تەواوی ئایەتەکە «قُلْ للمُخَلَّفِينَ منَ الأَعْرابِ سَتُدْعَونَ الى قَوْمٍ أُوْلِي بَأْسٍ شَدِيدٍ تُقاتلونَهم أو يُسْلمونَ فَإِنْ تُطيعوا يُؤْتِكُمُ اللّهُ أجراً حَسَناً وإن تَتَولَوا كَما توليّتم مِن قبلُ يُعذِّبْكم عَذاباً أليماً»

(سوره الفتح، الآية ١٦).

بەم جۆرە قورئان وەکو شاکارێکی ئەدەبی نەوەکو پێوەندیی بە عەرەب و نەتەوە موسوڵمانەکانەوە هەیە، بەڵکو چۆتە ناو سامانی مرۆڤایەتییەوە.

بەشی هەشتەم

سەرەتاکانی ئەدەبی کوردی

ئەدەبی گێتی درەختێکی یەکجار گەورە و قەف ئەستوورە، لقی زۆر بڵند بۆتەوە بەرەو ئاسمان، دەماری پتەوی خووار بۆتەوە ناخی زەوی و پەلی هاوێشتووە بۆ هەموو لایێک ، گەیشتۆتە سەرچاوەی هەموو ئاوێک. لق و پۆپی کۆن و تازە تێکەڵ بە یەکتری بووە. بێ گومان ئەدەبی کوردی وەکو داهێنانێکی نەتەوەیی یەکێکە لە لقە هەرە گرنگەکانی ئەم درەختە لە کۆنی کۆنەوە تائێستا .

لە سەدەکانی ناوەڕاست دا ، لە بەهارێکی تەڕ و جووان، توولە لە چرۆیێکی ئەو درەختە پشکووت، ئەو توولە نەمامە بە درێژایی ڕۆژگار بوو بە لقێک لە ئەدەبی ئەو زمانەی ئێستا کە نەتەوەی کورد قسەی پێ دەکا بەرهەم و بەری کەوتە ناوەوە.

مێژووی ئەدەبی کوردی بریتییە لە «مێژووی قسەی جووانی کوردی»، ئەو قسە جووانە بەشێک لە کولتوور و شارستانیەت و مەدەنیەتی نەتەوایەتی دروست دەکا . قسەی جووان هەموو ژیان دەگرێتەوە:

نیشتمانپەروەری، کوردایەتی، نەتەوایەتی، مرۆڤایەتی ، کۆسمۆپولیتی، دڵداری و دەسبازی و ماچ و مووچ و مێبازی، بە سەرهاتی نەتەوە، سامانی نەتەوایەتی، تاقی کردنەوەی گەلان، ژیانی کۆمەلایەتی، دڵداریی سۆفیزمی، ئایین و بیر و باوەڕ، کارکردنی هونەر بە سەر ژیانی مرۆڤ، هەوڵ دان بۆ چاک کردنی باری ژیانی کۆمەلایەتی، وێنەکێشانی هەست و نەستی ناوەوەی ئادەمزاد و گەلێ شتی تریش.

وێنەی ژیانی ڕاستەقینە و ئەو ژیانەی کە شاعیر و نووسەر دروستی دەکا پێویستە بە «قسەی جووان» بگیرێ، ئەگەر وێنەکە «قسەی جووان» نەبێ، ئەوا خاوەنی قسەکە شاعیر و نووسەر و هونەروەر نییە، بەڵکو شتێکی ترە، مێژوونووسە، زانایە، ئەندازیارە، سیاسییە، دیپلۆماسییە، شارەزای پرۆپاگەندەیە، هەموو شتێکە تەنیا شاعیر و نووسەر و هونەروەر نییە، لەبەر ئەوە،

نه ناوی نه کردەوەی ناچنه ناو دوو توێی مێژووی ئەدەبی نەتەوەوە.

هەزاران ساڵ پێش سەردەمی ئەمڕۆ لە سەر خاکی کوردستانی ئێستا مرۆڤی کۆن ژیاوە. ئەمە نەک بە پێی زانستی تازە کە ئەرکیۆلۆجی پێ دەڵێن، بەڵکو بەپێی داستانە ئایینییە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش باسی نەتەوە و خاک کراوە. لە کتێبی پیرۆز (تەورات و ئینجیل) دا ناوی وولاتی ماد هاتووە، لە قورئانا کەشتییەکەی نووح لە سەر شاخی جوودی (مەتین) لەنگەری گرتووە پاش نیشتنەوەی تۆفان. شاخی جوودی بڕبڕەی پشتی خاکی کوردەوارییەو زنجیرەیێکە لە زنجیرەکانی شاخی زاگرۆسی کوردستان.

هەموو میللەتێک پێش دروست بوونی ئێستای کوڕی نەتەوە یا هۆز یا تیرە یا کۆمەڵی نەتەوەی کۆن بووە. ئەو نەتەوەیە یا ئەو نەتەوانە خاوەنی یەک ئەدەب بوون، بە هەر دوو بەشیەوە، ئەدەبی سەر زار و ئەدەبی نووسراو، ئەدەبی سەر زارەکە زۆر بووە، بەڵام ئەدەبی نووسراوەکە کەمتر بووە، بریتی بووە لە ئەدەبی ئایینی، یا کتێبی ئایینی پیرۆز، یا داستانی قارەمانی، لە دوواییی دا ئەم زمانە کۆن بووە و لە کار کەوتووە.

لە سەردەمی دروست بوونی نەتەوە (ناسیۆن Nation = الأمە) بە مانای ئەمڕۆ، واتە دروست بوونی زمانی تازە بۆ ماوەیێکی درێژ دیسانەوە یەک ئەدەب لە ناوەوە بووە، ئەم ئەدەبە هێزی لە سامانی کۆن وەرگرتووە. ئێمە دەتوانین مێژووی ئەدەبی کوردی لەو ڕۆژەوە دیار بکەین کە بەرهەم بەم زمانە تازەیە پەیدا بووە و تۆمار کراوە، ئەگینا ئەدەبی کوردی بە تایبەتی ئەدەبی میللی (فۆلکلۆر) وەکو سامانی نەتەوایەتی دیارە لە باب و باپیرە هەرە کۆنەکانی کوردەوە دەست پێ دەکا.

وەکو ووترا لە کۆنا یەک ئەدەب لە ناوەوە بووە، ئەمە ئەدەبی باب و باپیرانی کوردی ئێستا بوو، واتە ئەو نەتەوە و هۆز و میللەت و کۆمەڵانەی لە سەر خاکی کوردستانی ئێستا ژیاوون، ئەمانە ئێرانییە کۆنەکان بوون، لە پێش ئەوانیش هیندۆ ئێرانییەکان و لە پێش ئەمانەش هیندو ئەوروپییەکان دەگرێتەوە.

هەرچەندە زیاتر بەرەو سەرەتاکانی مێژووی ئەدەبی کۆن بڕۆین، ئەوەندە زیاتر لە یەک چوونی ئەدەب و سەرچاوەی وەک یەکی لە نێوان نەتەوەکانی ئەم کۆمەڵانە

تەسکتر دەبێ؛ یا بە شێوەیێکی تر ئەگەر لە سەرەوە دەست پێ بکەین، واتە لە کۆنەوە، کۆمەڵەکانی هیندو ئەوروپی (ئاری) لە جێی خۆیانا کولتوور و سامانی نەتەوایەتیی خۆیانیان بووە، کە کۆچیان کردووە و لقێک هاتوونەتە بانی ئێران و هیندستان و لەگەڵ خەڵکی ئەو خاکانە تێکەڵ بوون، ئەدەبی سەر زاری خۆیان هێناوە و جەوهەرەکەیان پاراستووە و لە پاشانا شتی تازەشیان خستۆتە سەر، واتە ئەم هیندۆ ئێرانییانە بریتین لە «هیندۆ ئەوروپی + شتی تازە = هیندۆ ئێرانی» ئینجا هیندۆ ئێرانییەکان لە خاکی نوێیان دا «ئێرانە وەیچە» شتی تازەیان خستۆتە سەر، واتە ئەم ئێرانییانە بریتین لە «هیندۆ ئێرانی + شتی تازە = ئێرانی»، ئینجا لە ئێرانییەکان نەتەوەی تازە دروست بوون، کە ئەمە لەگەڵ سەردەمی پەیدابوونی ئیسلام ڕێک دەکەوێ، ئەوەی پێوەندیی بە کوردەوە هەبێ تیۆرییەکە بەم جۆرەیە «ئێرانی + شتی تازە = کورد»، ئیتر شتی تازەی دووایی جەوهەری نەتەوایەتیی کوردی ئێستایە. بەم جۆرە ئەگەر مەسەلەکە بدەینە دەست کۆمپیوتەر - ئەمەش وەنەبێ کارێکی بەجێ بێ لە زانستیی کۆمەڵایەتی دا - بەلای ئێمەوە دەبێ حسێبی تیۆرییەکەمان بەم جۆرە بۆ بکا: لە نیوەی زیاتر بۆ شتی تازە دادەنێ کە جەوهەری نەتەوایەتی کوردەواریی ڕەسەنە واتە ٥١٪، بەشەکانی تر بەم جۆرە دابەش دەکا: ئێرانی ٢٨٪ (ئەمە جەوهەر و ماکی عەرەبیش دەگرێتەوە کە لەگەڵ نەتەوە موسڵمانەکانی تر شارستانییێک دروست دەکەن)، هیندۆ ئێرانی ١٤٪، هیندۆ ئەوروپی ٧٪.

ئەدەبی سەر زاری نەنووسراو

لەو ڕۆژەوە کە ئادەمزاد هەستی بە جووانی خۆی و ژیان و سروشت کردووە تا ڕۆژی تۆمار کردنی ئەو قسە جووانانە تەنیا یەک ئەدەب لە ناوەوە بووە، واتە ئەدەبی میللی. ئەدەبی کۆمەڵی ئادەمزادی کۆن لە نەوەیێک بۆ نەوەیێکی تر بە میرات ماوەتەوە، لە ناو مێشک پارێزراوە و بە دەم و ئەزبەر گێڕڕاوەتەوە.

ئەدەبی نەنووسراو بووە بە سەرچاوەیێکی گرنگ بۆ ئەدەبی نووسراو، ئەم ئەدەبە لە ناو جەرگەی ئەوەوە هەڵقولاوە. گەلێ لە بەرهەمە گەورە و مەزنەکانی گێتی ئەدەبی نەنووسراو بوون و لە پاشانا بوون بە ئەدەبی نووسراو، زۆربەی هەرە زۆری یەکەمین بەرهەمی کلاسیکی نەتەوەکان و گەلێ لە شاکارە

ئەدەبییەکانیان، سەرچاوەی یەکەمیان ئەدەبی فۆلکلۆری بووە، شاکاری ئەدەبی کوردی «مەم و زین»ی ئەحمەدی خانی ئیلهامی لە «مەمی ئالان»ی فۆلکلۆری خەڵکی کورد وەرگرتووە.

لە دەوروبەری بڵاو بوونەوەی ئایینی ئیسلام نەتەوەکانی تازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بوون، لەو سەردەمەدا گیتیی ڕۆمانی (لاتینی) هێشتا لە ناوەوە بوو لە ئەوروپا، بەشێکی زۆری ڕۆژاوای ئاسیا و سەرانسەری قەراغی زەریای سپیی ناوەڕاستیشی گرت بووە خۆی.

ئەدەبی میللی نەتەوە کۆنەکانی هیندۆ ئەوروپی و هیندۆ ئێرانی لە ئەفسانە و داستان و حیکایەت و گۆرانی، ماوەیێکی زۆر جەوهەری ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بوون. ئەدەبی کوردی لە ڕێرەوی گۆڕانی دا سروشتی وولاتی کوردەواری و ژیانی کۆمەلایەتی لەگەڵ ئەم جەوهەرە کۆنانە تێکەڵ بە یەکتری کرد و لە ناو یەک دا تووانەوە، بۆیە ئەدەبی دیالێکتی گۆرانی لە سەرەتاوە تا ئێستاش لە ئەدەبی فۆلکلۆرییەوە نزیکە، هەروەها ئەدەبی کرمانجیی سەروو لە سەرەتاکانی دا لە ئەدەبی فۆلکلۆرییەوە نزیک بوو (ئەدەبی میللی) تا مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و پرتەوی هەکاری پەیدا بوون. لە کرمانجیی خوارووداا ئەدەبی فۆلکلۆری، هەندێ جار بە هەوای دیالێکتی گۆرانی و ئینجا عەلیی بەردەشانی و هیتر لە ناوەوە بوون تا قوتابخانەی نالی پەیدا بوو.

ئەدەبی کلاسیکی

مەبەس لە ئەدەبی کلاسیکی ئەدەبی نووسراوە پێش ئەوەی کلاسیکی بە مانای ئەدەبی بەرز بەکار بێنین. ئەدەبی کوردی ئەوەی هەوڵ دەدەین لەم ماوەیەدا مێژووی بنووسینەوە ئەدەبی دەوری ئایینی ئیسلامییە. واتە لەو ڕۆژگارانەوە کە زۆربەی خەڵکی کورد چوونە سەر ئایینی موسوڵمانی، بێ گومان لە ئەنجامی لێکدانی مەدەنیەتی هەموو ئەو نەتەوانەی بوون بە ئیسلام (عەرەب وەکو نەتەوەیێکی سامی خاوەنی ئایینەکە بوو، هیندو ئەوروپی، تورکو مەنگۆلی و هیتر) بووە هۆی ئەوەی مەدەنیەتی ئیسلامی دروست ببێ، وە ئەم دیاردەیە لە چووار چێوەی ئایین چۆتە دەرەوە و ئەم مەدەنیەتە تازەیە ئیسلام دەکا بە کۆمەڵێکی ئەتنۆلۆجی - ئەنترۆپۆلۆجی - ئەتنۆگرافی بە تایبەتی لە خوێندەواری و

ڕۆشنبیری و بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەری دا، ئەم ئەدگار و خاسیەتە تازەیە لە لێکدانی مەدەنیەتی هەموو ئەو نەتەوانە دروست بووە، کە بوون بە موسوڵمان.

هەندێ جار بۆ جیا کردنەوەی زاراوەی ئیسلامی ئەتنۆگرافی لە ئیسلامی ئایینی بۆ یەکەمیان زاراوەی (ئیسلامەوی) بەکار دەهێنرێ.

لەبەر ئەوەی مەدەنیەتی ئیسلامی کاری لە ئەدەبی کوردی کردووە، ئێمە لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بیر و باوەڕەوە، مێژووی ئەدەبی کوردی دەنووسینەوە، هەوڵ دەدەین لەم کارەدا هەندێ لە مێژووی هەزار ساڵەی پڕ لە شانازی و نموونەی هەرە جووانی بەرهەمی ئەدەبی کوردی بخەینە ڕوو.

لە چییەوە ئەدەبی کوردی دەست پێ دەکا؟

تێکستی باوەڕ پێکراوی شیعر بە زمانی کوردی سەرەتا و سەردەمی شیعری کوردیمان بۆ دیار دەکا. لێرەدا لەبەر گەلێ هۆی تایبەتی کە لە سەرانسەری ئەم کارە دا ڕوون کراوەتەوە، ئەدەبی کوردی بە دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی پەیدا بووە. ڕاستە دەبێ سەرەتایێکمان هەبێ بۆ ئەدەبی کوردی بەگشتی، بەڵام دیارە ئەدەبی هەر دیالێکتێکیش سەرەتای خۆی هەیە.

دوو بەیتەکانی بابا تاهیر بە سەرەتای شیعری کوردی دادەنرێن بە شێوەیێکی گشتی، بلیمەتیەتی بابا تاهیر لەگەڵ بیر و باوەڕی ئایینی یارسان و سۆفیزمی کۆزمۆسی و گۆرانیی میللی ناوچەیی دوو بەیتەکانیان دروست کردووە.

شیعری ئایینی و لیریکی (غنائی) لە دیالێکتی گۆرانیدا کۆنترین شیعری زمانی کوردییە، لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە پەیدا بووە و لە بەرزی و نزمی دا بووە تا سەرەتای سەدەی بیستەم، ئینجا کەوتۆتە کزییەوە تا دووای جەنگی گێتیی دووەمیش هەر لە ناوەوە بوو.

شیعری ئایینی و لیریکی لە دیالێکتی کرمانجیی سەروودا لە پاش ڕووداوە هەرە گرنگەکە، جەنگی چاڵدیران (١٥١٤) لە پێشانا بە شێوەی شیعری میللی، ئینجا شیعری خوێندەواریی بەرز کەوتە ناوەوە.

شیعری لیریکی (غەزەل و قەسیدە) لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووا لە پاش دروست کردنی پایتەخت (سلێمانی) پەیدا بوو. ئەم بزووتنەوە ئەدەبییە کارێکی گەورەی کردە سەر پەرەسەندن و گۆڕانی ئەدەبی کوردی لە دووا ڕۆژ دا.

بەشی نۆیەم

شیعری کوردی لە ڕووی ڕوخسارەوە

شیعری کوردی لە ڕووی ڕوخسارەوە، بە تایبەتی لە بابەتی قەوارەوە، دەکرێ بە دوو بەشەوە، یەکەمیان «لیریک»، دووەمیان «ئیپیک» (ئێپۆس).

لیریک بە پارچە شیعرێکی کورت و قەوارە بچووک دووترێ، ئەمە تاک (فرد)، چووارین (رباعیە)، دوو بەیت، پارچە (قیتعە)، غەزەل، قەسیدە و گەلێ شتی تریش دەگرێتەوە.

هەرچی «ئێپۆس»یشە بە شیعرێکی درێژ و قەوارە گەورە دەووترێ، دەتووانین گەلێ زاراوەی تر بۆ ئەم جۆرە هونەرە بدۆزینەوە، وەکو چیرۆکی شیعری، داستان، مەلحەمە، کورد خۆشی «بەیت»ی پێ دەڵێ بە تایبەتی وەکو زاراوەیێک لە ئەدەبی میللی دا بەکار دەهێنرێ.

لیریک

لیریکی کوردی لە ڕووی ڕوخسارەوە لەم وێنانەی خووارەوە دا خۆی دەنوێنێ:

١- تاک

بریتییە لە دێرە شیعرێکی عەرووزی لە دوو نیوە دێرە شیعر پێک هاتووە، هەر دوو نیوە دێرەکە دەبێ لە سەر یەک قافیە بێ (ب ب). ئەم جۆرە شیعرە بۆ پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و ووتەیێکی کورتی دانایانە و بیرێکی ژیری فەلسەفییانە دادەنرێ. گەلێ دێرە شیعری غەزەل و قەسیدە بە تەنیا بۆ ئەم مەبەسە دەست دەدا، ئەگەر یەکێتیی مانای تێدابێ، بەڵام دیارە تاکی پێ ناووترێ. واتە تاک دەبێ تەنیا یەک دێرە شیعر بێ.

٢- چووارین (روباعی)

چووارین بریتییە لە شیعرێک لە دوو دێرە شیعری عەرووزی پێک هاتووە، واتە چووار نیوە دێرە شیعر. نیوە دێری یەکەم و دووەم و چووارەم لە سەر یەک قافیە دەبن، بەڵام نیوە دێری سێیەم دەگۆڕێ (ا ا ب ا)، ئەمە چووارینی بێ گون (گونک)ی پێ دەڵێن. خۆ ئەگەر هەر چووار نیوە دێرەکە لە سەر یەک قافیە بن ئەمەیان چووارینی تەواویان پێ دەووترێ. چووارینی بێ گون لە چووارینی تەواو زیاترە لەئەدەبی کوردی دا.

چووارین لە سەر کێشی عەرووزی هەزەج و ئەو کێشانەی لەوەوە دەرهێنراوون دەهۆنرێتەوە، بەڵام لە ڕێڕەوی گۆڕانی شیعری کوردی بە درێژایی ڕۆژگار چووارین بە کێشەکانی تری عەرووزیش کەوتۆتە ناوەوە.

چووارین پارچە شیعرێک یا کارێکی ئەدەبی سەربەخۆ و تەواوە بۆ مەبەسی سۆفیزم و دڵداری و فەلسەفە و شەراب و مەیخانە و پەند و قسەی نەستەق و دانایی و شتی تر بەکار دەهێنرێ. لە ئەدەبی تازەش دا هەیە و بۆ مەبەسی سیاسی و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەخرێتە ڕوو.

کۆنترین شاعیری کورد بابا تاهیر، بەم جۆرە شیعرە زۆربەی هەرە زۆری هونەری خۆی نوواندووە. هەروەها دەبێ ئەوەش بزانرێ کە زۆرتر زاراوەی «دوو بەیت» بۆ چووارینەکانی بابا تاهیر بەکار دەهێنرێ، چونکە کێشی سووک و سفت و ناوەرۆکی دڵداری – سۆفیزم لە چووارینی تر جیای دەکاتەوە.

٣- دوو بەیت

زاراوەی دوو بەیت لەگەڵ چووارین لە ئەدەبی کوردی دا هاوسەرن، لە باتی یەکتری بەکار دەهێنرێن، چونکە لە زۆر ڕووەوە لە یەکتری دەکەن. دوو بەیت واتە دوو دێرە شیعر، ئەوەی ئاشکراشە ئەوەیە کە دێڕی یەکەم و دووەمی هەموو غەزەل و قەسیدەیێکی عەرووزی لە ڕووی ڕوخسارەوە وەکو دوو بەیت (چووارین) وایە، چونکە هەر دوو نیوە دێڕی یەکەم لە سەر یەک قافیە دەبن، هەرچێ دێڕی دووەمیشە نیوە دێڕی یەکەمی دەگۆڕی و نیوە دێڕی دووەمی لە سەر قافیە بنچینەییەکەی شیعرەکە دەبێ، ئیتر هەر دوو دێرە شیعرەکە (دوو بەیت)ەو وەکو چووارین خۆیان دەنوێنن.

بەڵام ئێمە لێرە مەبەسمان ئەوەیە دوو بەیت بۆ هونەرێکی شیعری تر لە کوردی

دا بەکار دەهێنرێ، ئەم هونەرە لە ئەدەبی دیالێکتی گۆرانی دا ئاشکراو دیارە، بە تایبەتی لە شیعری ئایینی یارسان. دوو بەیت لە سەر کێشی دە سیلابی و وەستان لە ناوەڕاست دەبێ و هەر چووار دێرە شیعرەکە لە سەر یەک قافیە دەبێ. شیعری بابا سەرهەنگی دەودانی و پیر شالیار و شا خۆشێن و بابا ناووس و هیتر بەم شێوەیە خۆیان دەنوێنن.

شیعری لیریکی خۆماڵی بە هەموو بابەتەکانییەوە لە دیالێکتەکانی گۆرانی و کرمانجیی سەروو دا نموونەیێکی ڕەسەنە لە ئەدەبی کوردی دا. زۆربەی لە سەر بنچینەی بەند دەهۆنرێتەوە، هەر بەندی بە شێوەی دوو بەیت دەکەوێتە ڕوو. ئەم بابەتە شیعرە هیچ پێوەندییێکی بە کێشی عەرووزەوە نییە، بەڵکو لە سەر کێشی سیلابی خۆماڵی دەکێشرێ، کە ئەمیش واتە خۆماڵی کوردی لەگەڵ کێشی زمانە هیندۆئەورووپی و گرووپەکانی تری لە زمانانی هیندۆئێرانی لە یەک ڕەگ و ڕیشەن، کێشی بنچینەیی سیلاب بە تایبەتی لە دیالێکتی گۆرانی دە کەرتییەو وەستان لە ناوەڕاست دایە. ئەمە کێشی هەرە باوی شیعری فۆلکلۆری کوردییە لە هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی دا. هەرچی قافیەشە لە سەر بنجی جووت قافیە دادەمەزرێ، واتە دوواییی نیوە دێڕی یەکەم لەگەڵ نیوە دێری دووەم لە هەر دێرە شیعرێک دا لە سەر یەک قافیە دەبێ (ا ا ب ب ج ج...).

٤- پارچە لیریکی دیالێکتی گۆرانی

شیعری لیریکی لە دیالێکتی گۆرانی دا لە باوترین هونەری شیعرییە لە ئەدەبی کوردیدا، زۆربەی هەرە زۆری شیعر لەم جۆرە هونەرەیە، لە ڕووی کێش و قافیەوە بە شێوەی خووارەوە خۆی دەنوێنێ:

(١) شیعرەکە لە ڕووی کێشەوە دە کەرتی دەبێ و وەستان لە ناوەڕاست دا دەبێ. دێری یەکەم تەنیا پێنج کەرت دەبێ، دەشێ ئەو نیوە دێرە پێنج کەرتییە دووبارە بکرێتەوە و دەبێتە دێرێکی تەواو لە ڕووی قافیەشەوە، جووت قافیە دەبێ، واتە دێری یەکەم و دووەم لە سەر یەک قافیە دەبێ و سێیەم و چووارەم لە سەر قافیەیێکی تر، بەم جۆرە تا دوواییی شیعرەکە، ئەمە «مەسنەوی»شی پێ دەووترێ، ئەگەر دێری یەکەم و دووەم بە دێرێک حسێب بکەین، واتە بە پێی زاراوەی شیعری عەرووزی کە «تاک»ی پێ دەووترێ، بەم جۆرە نیوە دێری یەکەم

و دووەم لە سەر یەک قافیە دەبێ، هەروەها دێرەکانی تریش (ا ا ب ب ج ج...).

(٢) شیعرەکە لە هەموو ڕوویێکەوە وەکو شیعری پێشوو دەبێ، بەڵام هەموو دێرەکانی لە سەر یەک قافیە دەبن، واتە یەکێتیی قافیەی تێدا دەبێ.

(٣) شیعرەکە بە سەر کۆمەڵێک بەند (کووپلە) دابەش دەکرێ، هەر بەندی سێ نیوە دێر دەبێ و قافیەی تایبەتیی خۆی دەبێ (ا ا ا ب ب ب ج ج ج...).

(٤) شیعرەکە لە هەموو ڕوویێکەوە وەکو شیعری پێشوو دەبێ، بەڵام هەر بەندی چووار نیوە دێر شیعر دەبێ و قافیەی تایبەتیی خۆی دەبێ (ا ا ا ا ب ب ب ب ج ج ج ج..).

(٥) شیعرەکە لە هەموو ڕوویێکەوە دیسانەوە وەکو شیعری پێشوو دەبێ، بەڵام هەر بەندی شەش نیوە دێرە شیعر و لە سەر یەک قافیە دەبێ (ا ا ا ا ا ا ب ب ب ب ب ب ج ج ج ج ج ج...).

(٦) شیعرەکە لە ڕووی کێشەوە هەشت کەرتی دەبێ، بەڵام لە ڕووی قافیەوە ڕەنگاو ڕەنگ دەبێ، بە زۆری جووت قافیە دەبێ (مەسنەوی)، واش ڕێک دەکەوێ یەکێتیی قافیەی تێدا دەبێ، واتە هەموو شیعرەکە لە سەر یەک قافیە دەبێ، هەندێ جاریش هەرسێ دێرە شیعر لەسەر یەک قافیە دەبێ، ئەمە لە شیعری عابیدینی جاف ئاشکرا دیارە.

(٧) شیعرەکە لە ڕووی کێشەوە لە دە کەرت زیاتر دەبێ وەکو غەزەلی شیعری عەرووزی خۆی دەنوێنێ.

(٨) شیعرەکە لە سەر بنجی بەند (کووپلە) دادەمەزرێ، هەر بەندی لە حەوت دێڕ (چوواردە نیوە دێر) پێک دێ، هەمووی لە سەر یەک قافیە دەڕوا، دێڕی دووایی (دوو نیوە دێڕ) قافیەی جیا دەبێ و لە هەموو بەندێک دا دووبارە دەبێتەوە، ئەم هونەرە لە «تەرجیع بەند» دەکا.

(٩) بە دەگمەن غەزەل لە سەر کێشی عەرووزی ڕێک دەخرێ و یەکێتیی قافیەی تێدا دەبێ، وەکو غەزەل و قەسیدەی شیعری ئیسلامی.

٥- پارچە لیریکی کرمانجی

شیعری لیریکی دیالێکتی کرمانجیی سەروو لە گەلێ ڕووەوە یەک بابەتە لەگەڵ شیعری لیریکی گۆرانی، بە زۆری لە ڕووی کێش و قافیەوە وەک لای خووارەوە خۆی دەنوێنێ:

(١) لیریکی هەشت کەرتی لە ڕووی کێشەوە لە سەر بنچینەی بەند دادەمەزرێ، هەر بەندی چووار دێرە شیعرە، واتە وەکو دوو بەیت یا چووارین خۆی دەنوێنێ. لایەنگرانی عەرووز هەر بەندێک (دوو بەیت = چووارین) دەکەن بە دێرە شیعرێک (دوو نیوە دێری عەرووزی) و موسەممەتی پێ دەڵێن. بەشێک لە بەرهەمی شیعری عەلیی هەریری و مەلای باتەیی لەم بابەتەن.

(٢) لیریکی حەوت کەرتی لە هەموو ڕوویێکەوە وەکو شیعری پێشوو وایە، تەنیا ئەوە هەیە لە ڕووی کێشەوە هەر دێری حەوت کەرتە.

٦- پارچە (قیتعە)

لە هەموو ڕوویێکەوە وەکو غەزەل وایە، هەندێ بە غەزەلی دادەنێن، هەندێکی تر جیای دەکەنەوە و ناوی دەنێن پارچە (قیتعە)، مەسەلەش تەنیا ژمارەی دێری شیعرەکەیە، لایەنگرانی پارچە لەسەر ئەو باوەڕەن، شیعر ئەگەر لە چووارین (دوو دێڕ = چووار نیوە دێر) ڕەت ببێ تا شەش دێڕ (دووازدە نیوە دێر) پێویستە «پارچە»ی پێ بگوترێ، بەڵام ئەگەر حەوت دێڕ بێ ئیتر غەزەلە. هەرچی لایەنگرانی زاراوەی «غەزەل»یشە لە سەر ئەو باوەڕەن هەر شیعرێک لە دوو دێڕ (چووار نیوە دێڕ) ڕەت بکا پێویستە «غەزەل»ی پێ بووترێ..

٧- غەزەل

بریتییە لە پارچە شیعرێکی کورت لە سەر یەک کێشی عەرووزی و یەک قافیە دەبێ. هەندێ لە سەر ئەو باوەڕەن کە لە سێ دێڕەوە غەزەلی پێ دەووترێ، هی تریش دەڵێن، لە حەوت دێڕەوە دەست پێ دەکا. هەروەها لە بابەت ژمارەی گشتیی دێڕەکانییەوە دیسانەوە بیروڕای جیاواز هەیە، هەندێ دەڵێن تا دەگاتە دووازدە دێڕیش هەر غەزەلە، هی تریش دەیگەیێنە پازدە دێڕ، هی واش هەیە دەڵێن تا هەژدە دێڕیش هەر غەزەلە و لە پاشانا دەبێ بە قەسیدە.

زاراوەی غەزەل لەم ماوەیەدا تەنیا پێوەندی بە ژمارە و قەوارەی بەرهەمە

شیعرییەکەوە هەیە، بە هیچ جۆرێ مەبەس لە مانای ووشەکە نییە، «غەزەل» وەکو دڵداری و ئەڤین و پێوەندیی دڵسۆزیی نێوان ژن و پیاو. کورد کە دەڵێ «ئا غەزەلێکم بۆ بخوێنەوە» مەبەسی ئەوەیە شیعرێکی لەو قەوارەیەی کە باسمان لێوە کرد بۆی بخوێنێتەوە، جا ناوەرۆکەکەی گرنگ نییە هەرچی دەبێ بابێ.

بێ گومان لە بنەڕەتیش دا ووشەی «غەزەل» هەر مانای دڵدارییە، ئەوەش ڕاستە کە شیعر بە خۆشەویستی و ئەڤینی دەستی پێ کردووە.

٨– قەسیدە

قەسیدە لە ئەدگاری دا وەکو غەزەل وایە، تەنێ لە ژمارەی دێڕ لە گەڵی دا دەگۆڕێ. قەسیدە بریتییە لەو پارچە شیعرەی کە لە هەژدە دێڕە شیعر تێپەڕ دەکا. واتە غەزەل لە ڕووی ڕوخسارەوە ئەگەر لە هەژدە دێڕ تێپەڕی کرد دەبێ بە قەسیدە. بێ گومان قەسیدە بۆ ڕووداوی درێژ و قسەی زۆر بەکار دەهێنرێ، بە تایبەتی ناوەرۆکی قارەمانی و ڕووداوی کۆمەڵایەتی و هەندێ جاریش دڵداری و ئایین (موناجات و نەعت) و هی تریش. گیانی مەلحەمی و ڕووداوی چیرۆکی لە هەندێ قەسیدەدا دەبینرێ، بەڵام بە هیچ جۆرێ قەسیدەی عەرووزی نابێ بە چیرۆکی شیعری یا مەسنەوی یا داستانی خۆماڵی و ئێپۆس و پۆیێمی (چیرۆکی شیعری تازە) ئەوروپایی حسێب بکرێ.

٩- شیعری پێنجینە بەند = پێنجین (موخەممەس)

جۆرە هونەرێکە لە ڕووی ڕوخسارەوە بریتییە لە پارچە شیعرێک لە سەر کێشێکی عەرووزی دەبێ و بە سەر چەند بەندێک دابەش دەکرێ. هەر بەندی بریتییە لە پێنج نیوە دێڕ شیعر، هەموو نیوە دێڕەکان لە بەندی یەکەم دا لە سەر یەک قافیە دەبن، هەرچی بەندەکانی تریشە چووار نیوە دێڕی یەکەم لە سەر یەک قافیە دەبن، کە ئەمە قافیەی نیوە دێڕی یەکەمی دێڕە شیعرەکەیە، نیوە دێڕی پێنجەمیش لە هەموو بەندەکان دا لە سەر قافیەی بەندی یەکەم دەبێ (ا ا ا ا ب ب ب ب ا ج ج ج ج ا).

شاعیرانی کلاسیکی کورد ئەم جۆرە قاڵبەیان بۆ بەشێک لە هونەری شیعریان بەکار هێناوە، بە زۆریش قەسیدەی پێنجین بۆ ناوەرۆکی درێژ بەکار دەهێنرێ،

هەروەها ئەم بابەتە شیعرە بۆ ماوەیێکی زۆر باو بوو و بووە هۆی مشتومالّ کردنی هەست و زەوقی نەوەکانی داهاتوو، ژمارەیێک لە شاعیرانی کۆن و تازەی کورد بابەتی پێنجینیان بەکار هێناوە بۆ دەربڕینی هەست و وێنە گرتنی خەیالّ و بزووتنەوەی ناو دلّ و دەروونیان.

شاعیرانی وەکو پرتەوی هەکاری و ئەدەب و بێخود و هیتر بە پێنجینیان ئەدەبی کوردییان دەولّەمەند کردووە.

١٠- شیعری چووارینە بەند (مورەببەع)

شیعری چووارینە بەند لە ڕووی روخسارەوە بریتییە لە پارچە شیعرێک لە سەر بنچینەی بەند دامەزراوە، هەر بەندی بریتییە لە چووار نیوە دێڕ شیعر، هەموو نیوە دێڕەکان لە بەندی یەکەم دا لە سەر یەک قافیە دەبن، هەرچی بەندەکانی تریشە سێ نیوە دێڕی یەکەم لە سەر یەک قافیە دەبن، کە ئەمە قافیەی نیوە دێڕی یەکەمی دێڕە شیعرەکەیە، نیوە دێڕی چووارەمیش لە هەموو بەندەکان دا لە سەر قافیەی بەندی یەکەم دەبێ (ا ا ا ا ب ب ب ا ج ج ج ا...) واتە لە دروست بوونی وەکو پێنجین وایە، تەنیا جیاوازیی لەگەلّ ئەودا ئەوەیە کە ئەمەیان هەر بەندی بریتییە لە چووار نیوە دێڕ.

شیعری چووارینە بەند لە دیوانی شاعیرانی وەکو پرتەوی هەکاری و بێخود و هیتر بەدی دەکرێ.

١١- پێنج خشتەکی

پێنج خشتەکی بریتییە لە بەرهەمی دوو شاعیر. ئەو شاعیرەی پێنج خشتەکی دروست دەکا، واتە شاعیری دووەم، شیعری شاعیرێک دیاری دەکا، سێ نیوە دێڕ شیعر دەخاتە سەر نیوە دێڕی یەکەمی هەموو دێڕە شیعرەکانی غەزەلەکە، واتە هەر دێڕە شیعرێک (دوو نیوە دێڕ) دەبێ بە پێنج نیوە دێڕ شیعر، سێ نیوە دێڕی یەکەم هی شاعیری دووەمە و دوو نیوە دێڕەکەی تر هی شاعیری یەکەمە، لەبەر ئەوەیە پێنج خشتەکی پێ دەلّێن. ئیتر بەم ڕەنگە وەکو چۆن خاوەنی غەزەلەکە نازناوی خۆی دەخاتە دێڕی دوایی شیعرەکەیەوە، شاعیری دووەمیش نازناوی دەخاتە یەکێ لەو سێ نیوە دێڕە شیعرەی کە بۆ دێڕی هەرە دوایی هۆنیویەتییەوە.

ناوونیشـانی پێنج خشتـەکی لەئەدەبی کوردی بەم جـۆرە دەبێ «پێنج خشتـەکیی سـالم لە سـەر غـەزەلێکی نالی» واتە سـالم غـەزەلێکی دیار کراوی نالی کـردووە بە پێنج خشتـەکی (تەخمیس کـردووە). پێنج خشتـەکی بە شـێوە وەکو پێنجین وایە، بەڵام ئەویان لە بەرهـەمی دوو شاعیرە و پێنجین بەرهـەمی شاعیرێکە.

١٢- تەرجیع بەند

بریتـییـە لە کـۆمـەڵێک غـەزەل، بە زۆری لـە دووازدە پارچە غـەزەل پێک دێ، دەبێ ژمـارەی دێڕی غـەزەلـەکـان هـێندەی یـەک بن، واتـە غـەزەلـی یەکـەم چەند دێڕ بێ پێویستە غـەزەلەکانی تریش هێندەی ئەو بن، لێرەدا هـەر غـەزەلێک لە دووازدە دێڕ تێ ناپەڕێ. هـەمـوو غـەزەلێکی تەرجـیع بەندەکـە بە دێڕە شـیـعـرێکی دیاری کـراو دوواییـیان دێ.

بە گـشـتـی ئەم جـۆرە شـیـعـرە بۆ مـەبـەسـی ئایینـی بەکـار دەهێنرێ، دیارە لە بنەڕەتیش دا بۆ گۆرانیی ئایینی دەهـۆنرێتـەوە لـە مـەولوود و کـۆبوونەوە و کـۆڕی زیکری دەروێشان گۆرانی بێژ بەدەم ئاوازی دەف و تەپڵەوە غـەزەلی یەکەم دەچڕێ تا دەگاتە دێڕی دوایی ئەمەیان کۆرسی دەف ژەنەکان یا دانیشتووان بە ئاوازەوە دەیگێڕنەوە. غـەزەلی دووەم یا هـەر ئەو گۆرانی بێژە دەیچڕێ یا گـۆرانی بێژێکی تر، دیسـانەوە دێڕی دوایی بۆی دەگێـڕنەوە، بەم جـۆرە تـا غـەزەلەکان هـەموویان تەواو دەبن.

لە ئەدەبی تازەدا ئەم هونەرە بۆ مـەبەسی کوردایەتی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و نیشتـمانی بەکار هێنراوە. بۆ بەڵگە حـەمدیی سـاحیبقران زنجیرەیێک لەم جـۆرە شیعرەی داناوە بە ناوی «تەرجیع بەندی نیشتمانی»یەوە.

١٣- تەرکیب بەند

وەکـو تـەرجـیع بـەند وایەو تەنیـا جـیـاوازییـەکـەی لـەوە دایە کـە دێڕی دوایی (خـەرجـە)ی هـەمـوو بـەندێک دەگـۆڕێ، واتە دێڕەکـە دووبارە و سێ بارە نابێتـەوە وەکو تەرجیع بەند.

١٤- موستەزاد

شـاعیـر لە هونەری مـوسـتـەزاد دا جـۆرە وەسـتـاییـیـێکی ئەندازیاری دەنوێنێ

بەوەی غەزەلێک دەهۆنێتەوە لە سەر یەک کێش و یەک قافیە. لە پاشانا هەموو نیوە دێڕێک بە ڕستەیێک دەبەستێتەوە، ئەم ڕستەیە زیادەکەیە کە دەچێتە سەر هەموو نیوە دێڕەکانی شیعرەکە، بە مەرجێ ئەم زیادانەش بە تەنیا هەموویان لە سەر یەک کێش و یەک قافیە دەبن، بەڵام ئەوە هەیە غەزەلەکە بە تەنیا بێ زیادەکان غەزەلێکی ئاساییە و ئەگەر بەبێ زیادەکانیش بخوێنرێتەوە مانا بە دەستەوە دەدا، بەڵام زیادەکان ئەگەر بە تەنیا وەکو بەرهەمێکی تایبەتی بخوێنرێتەوە مانای تەواو بە دەستەوە نادەن، بەڵکو ئەم زیادانە هەر نیوە دێڕێک دەبێ بەشی کەرەوە و ڕوون کەرەوەی ئەو نیوە دێڕە غەزەلەی کە دەچێتە سەری.

شاعیرانی وەکو پرتەوی هەکاری و نالی بابەتی موستەزادیان هەیە.

١٥- مولەممەع

مولەممەع ئەو شیعرەیە کە بە زیاتر لە زمانێک ڕێک دەخرێ، بێ گومان لە شیعری کوردی دا بۆ مەبەسی مولەممەع زمانانی عەرەبی و فارسی و تورکی بەکار دەهێنرێن. شاعیری کورد لەم جۆرە هونەرەدا هەوڵ دەدا هەندێ نیوە دێڕ یا دێڕی تەواوی شیعر بە زمانێک یا زیاتر لەو سێ زمانە دەر ببڕێ، دیارە دەبێ لە مانا دا هەموو ڕستەکان بە زمانە جۆراو جۆرەکانەوە لەگەڵ یەکتری بگونجێن و مەبەسی گشتیی شاعیر بە دەستەوە بدەن.

لە ئەدەبی کوردی دا مولەممەع لای ئەم شاعیرانەی خووارەوە و هیتریش دەبینرێ:

(١) مەلای جزیری عەرەبی و فارسی بەکار هێناوە.

(٢) نالی عەرەبی بەکار هێناوە.

(٣) سالم فارسی بەکار هێناوە.

(٤) مستەفا بەگی کوردی فارسی و عەرەبی و تورکی بەکار هێناوە.

(٥) شێخ ڕەزا فارسی و عەرەبی و تورکی بەکار هێناوە.

ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە تێکهەڵکێشی ڕستەی زمانی بێگانە لە شیعری کوردی دا مولەممەع نییە، بەڵکو ئەویش هونەرێکی ترە و «تێکهەڵکێش»ی پێ دەڵێن، بە زۆری ئایەتی قورئان و حەدیسی پێغەمبەر بۆ ئەم مەسەلەیە لە شیعری ئایینی دا (موناجات و نەعت) بەکار دەهێنرێ.

ئێپیک

ئێپیک (ئێپۆس) ئەو جۆرە بەرهەمەیە کە گیانی چیرۆکی تێدایە لە جێ و سەردەم و قارەمان و جووڵانەوە، لە ڕووی قەوارە و کێش و قافیەوە بە سەر دوو بەش دا دابەش دەکرێ:

١- بەیت

بەیت بە قەوارە زۆر درێژ نییە، زمانی میللییە و ڕستەی ساکارە و زۆربەی خەڵک تێی دەگا. کێشی خۆماڵی (سیلاب)یە و قافیەی ڕەنگاوڕەنگە و لە سەر بنجی بەند (کووپلە) دادەمەزرێ، بۆ مەبەسی گۆرانی ووتن دادەنرێ.

٢- چیرۆکی شیعری (داستان = مەسنەوی)

چیرۆکی شیعری بە قەوارە درێژە، زمانی سفت و پتە و (کلاسیکی)یە، زیاتر پێوەندیی بە خوێندەوار و ڕۆشنبیرەوە هەیە، لە ڕووی کێشەوە عەرووزی - سیلابییە، لە ڕووی قافیەشەوە جووت قافیە (موزدەویج)ە (ا ا ب ب ج ج د د...).

کەرەستەی جوانکاری (ئێستێتیکی)

غەزەل و قەسیدە

زمانی شیعری نەتەوە موسوڵمانەکان (ووشەی فەرهەنگی و لێکسیکۆن) کارێکی گەورەی کردۆتە سەر غەزەل و قەسیدەی کوردی ئەوەی پێڕەوی عەرووز و یەکێتیی قافیەی کردووە، بە تایبەتی لە سەدەکانی شازدەمەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم. غەزەل و قەسیدەی کوردی بە گشتی و ئەوەی خەریکی سۆفیزم و پاڕانەوە (موناجات) و نەعت (بۆ پێغەمبەر) و پێدا هەڵدان (مەدح) و شانازی (فەخر) بوون کەوتبوونە ژێر کار و زەبری زمانی عەرەبییەوە، بە تایبەتی ووشە و زاراوەی زۆری فەلسەفە و سۆفیزم و شەریعەت و دەروێشیزم (تەریقەت) لە ناو ئەم جۆرە شیعرە دا بەدی دەکران.

ئەوی ڕاستی بێ ئەم کۆمەڵە زاراوە و ووشە و ڕستانە لە غەزەل و قەسیدەدا لە شیعری کلاسیکیی فارسی و تورکی دا بەکار دەهێنران. جگە لەمە، تا پلەیێک شیعری کوردی کەوتبووە ژێر کاری رەوانبێژی (بلاغە)ی عەرەبییەوە، یاری کردن بە

ووشە و مانا، دروست کردنی تەنگوچەڵەمە بە ئانقەست، دانانی شیعری بێ نوختە، ڕێک خستنی شیعری داخراو (موعەمما) یەکێ بوو لە ئەدگارە گرنگ و دیارەکانی شیعری کلاسیکی کوردی.

هەموو جۆرە جووانکارییە ووشەیی و ماناییەکانی عەرەبی لە ڕووی مەشق و پراکتیکەوە لە شیعری کلاسیکی کوردی بەدی دەکرێ، وەکو: حوسنی فەساحەت، تەرسیع، فەواسیل، تەبدیل، جیناس و هەموو بەشەکانی، ئیستیعارە، سیحەتی تەقسیم، سیحەتی موتەقابیلات، موتابەقە، تەزمین، ئیستیحالە، هەموو بەشەکانی بەلاغەت، تەرجیع.

ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی کوردی دا لەگەڵ ئەوەی تەنیا سوودی ڕۆشنبیر و خوێندەواری بەرزی تێدا بوو، زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی نەخوێندەوار و نیمچە خوێندەوار تێی نەدەگەیشتن و کەڵکیان لێ وەرنەدەگرت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا سوودی زۆر بوو، بەوەی کە زمانی کوردی دەوڵەمەند کرد، گەلێ ووشە و زاراوەی هێنایە ناو زمانی ئەدەبییەوە. هەروەها تەکنیکی شیعر و جۆری بیر کردنەوەی شاعیریەتی بڵاو کردەوەو وێنە و مانای تازەی خستە گێتیی ئەدەبی کوردییەوە. بەم ڕەنگە ئەگەر کەڵکی بۆ سەردەمی خۆی زۆر نەبووبێ چونکە خوێندەوار کەم بوون، کەڵکی بۆ نەوەکانی داهاتوو و ئێستا و دووا ڕۆژیش زیاتر دەبێ.

ئەو بەرهەمە کلاسیکییە بەرزانە هەمیشەیین و بۆ هەموو سەردەم و ڕۆژگارێک دەست دەدەن چونکە ماکی نەمری دایهێناون.

نازناو

نازناو (تەخەلوس) یەکێکە لە کردەوە پێویستییەکان لە هۆنینەوەی شیعر لای شاعیری کورد، بریتییە لەوەی بە زۆری لە دێری دووایی، یا پێش ئەو لە هەر غەزەل و قەسیدەیێکدا دەبوو شاعیر نازناوی خۆی تۆمار بکا. هەندێ جار ئەم نازناوە پێوەندیی بە ئایین یا بنەماڵە، یا سۆفیزم یا نیشتمان پەروەری یا موعەمما یا وەرگرتن لە شاعیرانی غەزەلی نەتەوەکانی تری موسوڵمانەوە بووە، وەکو: مەلا (مەلێ)، خانی، پرتەو، شەفیع، خانە، بێسارانی، نالی، سالم، کوردی، مەولەوی، حاجی، ئەدەب، حەریق، مەحوی، وەفایی، ناری، نیعمەتی، بێخود، خاکی، خەستە، مەجدی، ئاهی، سافی (صافی)، حەمدوون، حەمدی، ئەسیری (ئەثیری)، زێوەر،

کانی، کەمالی و هیتر...

بەکار هێنانی نازناو لەلای شاعیرە تازەکانیش دا باوە، بەڵام ئەوە هەیە وەکو ناوێک شاعیرەکان پێی دەناسرێن و بەرهەمیان لە دیوان و ڕۆژنامە و کۆواردا بەو ناوە بڵاو دەکەنەوە، ئەگینا وەکو شاعیری کۆن نازناویان تێکهەڵکێشی ناو شیعریان ناکەن، چونکە ئەگەر کۆنەکان ترسی ئەوەیان بوو بێ شیعرەکانیان بدزرێن، چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری لە سەردەمی ئێستا دا ئەو ترسەی لە ناو بردووە، بە زۆری نازناوی شاعیری سەردەم پێوەندی بە ژیانی خۆی و کۆمەڵ و سیاسەت و خاک و نیشتمان و سامانی نەتەوایەتییەوە هەیە، وەکو: پیرەمێرد، بێ کەس، دڵدار، گۆران، جگەرخوێن، هێمن، کامەران، هەردی، دیلان، دڵزار، کاکەی فەلاح، هاوار، مەدهۆش و هیتر...

بەشی دەیەم

شیعری کوردی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

مێژووی هەزار ساڵەی پڕ شانازیی ئەدەبی کوردی، بەرهەمێکی جوان و بەرز و نایاب و ڕەسەنی هەمەجۆر و ڕەنگاوڕەنگی لە سەرەتای پەیدا بوونیەوە تا سەردەمی تازە کردنەوەی ئەدەبی خستۆتە ناو لاپەڕەی تۆماری ووشەی نەمرەوە. بەرهەمی ئەدەبی کوردی ڕەنجی دڵسۆزی و هەست و نەستی ناوەوەی شاعیرانی سەدان ساڵی دووایییە. ئەدەبی نەنووسراوی میللی کارێکی گەورەی کردۆتە سەر بەرهەمی ئەدەبی کلاسیکیی نووسراوەوە.

جوگرافیای خاکی کوردەواری و بەسەرهاتی سیاسیی پڕ لە تەنگو چەڵەمەی کۆمەڵی کورد ناچاری کرد بوو سەدان ساڵ لە ناو ئیمپیراتۆریەتە گەورەکان بە پارچە کراوی بمێنێتەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی بەرهەمی ئەدەبی کوردی بکەوێتە ژێر کاری ڕێباز و گۆڕانێکی تایبەتی، وە لە دوواجارا بووە هۆی ئەوەی شێوەو سیمایێکی تایبەتی وەربگرێ، لە ئەنجامدا بەرهەمی ئەدەبی کوردی بە دیالێکتە سەرەکییەکانی زمانی کوردی بە درێژایی ڕۆژگار کەوتە ناوەوە.

لەگەڵ ئەوەش دا هەندێ جار تووشی بەرهەمی ئەدەبی وا دەبین کە ئەدگاری دیالێکتە بچووک و ناوچەیییەکانیشی پێوە دیارە، بەڵام بە زۆری بەرهەمی هەزار ساڵەی تەمەنی ئەدەبی کوردی بە دیالێکتەکانی زمانی کوردی وەکو لوڕی و گۆرانی و کرمانجی (سەروو و خووارووو) بووە.

ڕێباز و گۆڕانی ئەدەبی کوردی لەو ناوچەیەی دیالێکتی تایبەتی زمانی کوردی تێدا باو بوو، قاڵب و شێوەی خۆی هەبوو، لە ماوەی چەند سەدەیێک، ئەدەبی هەر ناوچەیێک، ڕەنگدانەوەی خاسیەتەکانی ناوچەکە بوو. لەبەر ئەوەی ئەدەبەکە هەر یەک ئەدەب بوو و لە یەک سەرچاوەی گشتییەوە هەڵقوڵا بوو، پارێزگاریی خۆی کرد. جیاوازییەکەش بە چاکە گەڕایەوە، چونکە بووە هۆی ئەوەی بابەتی

ڕەنگاوڕەنگ و روخساری جۆراو جۆر و ناوەرۆکی هەمە بابەت لە ئەدەبی کوردی دا پەیدا ببێ. هەر دیالێکتێک لەم دیالێکتانە تاقی کردنەوەی هونەریی خۆی هێنایە ناو ئەدەبی گشتیی نەتەوەی کوردەوە، بەمە دەوڵەمەندتر و بە پێزتر بوو.

بەرهەمی ئەدەبی کوردی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە تێکرای دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەکرێ بە دوو بەشەوە:

١- لیریک

٢- ئیپیک

لیریک

لیریک پارچە شیعرێکی کورتە لە مەبەسەکانی دڵداری و جووانی و سرووشت و ژیانی کۆمەڵایەتی - سیاسی و دانایی و ئایین و فەلسەفە و سۆفیزم و بزووتنەوەی دەروونی ئادەمزاد و ناوەرۆکی تر دەدوێ. بە زۆری جێگە و سەردەم و بزووتنەوە و قارەمانی زۆری تێدا نییە، لە بنەڕەت دا، لە کۆنەوە بۆ مەبەسی گۆرانی چڕین دادەنرا.

لە ئەدەبی کوردی دا لیریک دەکرێ بە دوو بەشەوە:

١- شیعری لیریکی خۆماڵی ٢- شیعری لیریکی ئیسلامی (ئیسلامەوی)

١- شیعری لیریکی خۆماڵی

شیعری لیریکی خۆماڵی لە ڕووی ناوەرۆکەوە هەر یەکێکە لەگەڵ لیریکی ئیسلامی، تەنیا لە ڕووی رووخسارەوە لێی جیا دەبێتەوە، بەوەی لیریکی خۆماڵی لە سەر کێشی سیلاب دەهۆنرێتەوە و بایەخێکی زۆریش بە یەکێتیی قافیە نادرێ، هەروەها ووشە و ڕستە و تەعبیری لیریکی ئیسلامی تێدا بەکار ناهێنرێ. ئەم لیریکە خۆماڵییە تایبەتییە بە دیالێکتەکانی گۆرانی و لوڕی و کرمانجیی سەروو، لە دیالێکتی کرمانجیی خوواروو دا نابینرێ، لە ئەدەبی فۆلکلۆری دا نەبێ.

ئەوەی جێگەی سەرنج ڕاکێشانە ئەوەیە لیریکی خۆماڵی لە زمانی ستانداردی خەڵکی کوردەوە نزیکە، لەبەر ئەوە دەشێ «شیعری میللی»یشی پێ بڵێین. زیاتر شاعیران ئەم شێوەیان گرتووە بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان بگەیێننە زۆربەی خەڵکی. ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی قوتابخانەی نالیش پەیدا بوو، نوێنەری

ئەم ڕێبازە حاجی قادری کۆیی بوو لە بەشی میللیی شیعرەکانی، لە پاشانا شێوازە (ئوسلووب) کە بۆ مەبەسی سیاسی - کۆمەڵایەتی لە لایەن شاعیرانی کوردەوە بەکار هێنرا تا دووای جەنگی یەکەمی گێتی.

٢- شیعری لیریکی ئیسلامی (ئیسلامەوی)

ئەم جۆرە شیعرە لە ڕووی ناوەرۆکەوە لەم بابەتانە پێک دێ:

(١) پاڕانەوە (موناجات = ئیلاهیات)

بە زۆری لە شێوەی قەسیدە دا دەبێ، ناوەرۆکی بریتییە لە پاڕانەوە لە خودا و وەسف کردنی گەورەیی و توانایی لەبەر ڕۆشنایی بیر و باوەڕی موسوڵمانی. لە گەلێ شت دا لەگەڵ شیعری ئایینی عەرەبی یەکتری دەگرنەوە. سەرچاوەی ئەم جۆرە شیعرە قورئان و شەریعەتی ئیسلامییە، شاعیر پشت بە ئایەتی قورئان دەبەستێ و وەکو خۆی وەری دەگرێ و هەر بە زمانی عەرەبی لەگەڵ ڕستەی شیعرەکان تێکهەڵکێشیان دەکا. زمانی ئەم جۆرە شیعرە تێکەڵە، شاعیر ووشە و زاراوەی عەرەبی ئایینی زۆر بەکار دەهێنێ.

(٢) نەعت (پێدا هەڵدان و پاڕانەوە لە پێغەمبەر)

ئەم جۆرە شیعرە لە هەموو ڕوویێکەوە وەکو موناجات وایە، بەڵام تایبەتییە بۆ پێغەمبەر، لێرەدا زیاد لە قورئان و ئەدەبیاتی ئایینی شاعیر بە زۆری حەدیسی پێغەمبەریش تێکهەڵکێش دەکا. گەلێ جار قەسیدەی موناجات و نەعت تێکەڵ بە یەکتری دەبن و بەرهەمەکە بۆ هەر دوو مەبەس دەست دەدا، چونکە بە ڕاستیش هەر یەکەیان ئەویتر تەواو دەکا، بە تایبەتی قەسیدەی نەعت ناکرێ لە موناجات جیا بکرێتەوە. زۆربەی شاعیرانی کلاسیکیی کورد لەم هونەرەیان هەیە.

(٣) غەزەل

غەزەل بەو شیعرە دەووترێ کە ناوەرۆکەکەی لە بابەت دڵداری و ئەڤین و خۆشەویستی و دەسبازی و ماچ و مووچ و بەزم و ڕەزمی ژنانەوەیە. شاعیر لە غەزەل دا وەسفی لەش و لار و خوو و ڕەووشت و جووانی و نازەنینی ژنان دەکا. لە کۆنا ناوەرۆکی غەزەل دەکرا بە پێشەکی بۆ هەموو بابەتەکانی شیعری لیریکی،

بەڵام لە دووایی دا «غەزەل» بوو بە مەبەسێکی تایبەتیی سەربەخۆ لە ئەدەبی هەموو نەتەوە موسوڵمانەکان دا.

ئەگەر چی لە بنج دا غەزەل هەست و نەستێکە بەرامبەر بە مێیینە بەڵام لە ئەدەب دا لە ڕۆژگارانی گۆڕانی دا غەزەلی نێرینەش پەیدا بوو. ئەم بابەتە بەرهەمە لەئەدەبی کوردی دا کەمە، زیاتریش وەسف کردنی کوڕ و نواندنی دڵداری و خۆشەویستی و سۆزە بەرامبەر بە نێرینە، لە بەرگێکی سۆفیزمیانە جێگەی خۆی لە شیعری کوردی دا کردۆتەوە.

هەندێ جار ئەم دوو بابەتە، واتە غەزەلی کوڕ و غەزەلی کچ تێکەڵ بە یەکتری دەبن و گێتیییێکی سۆفیزم دروست دەکەن. جاری واش هەیە هەر دوو «غەزەل»ەکە بە «عەشق» دەزانن و زاراوەی «عەشقی حەقیقی» و «عەشقی مەجازی» بەکار دەهێنن.

غەزەلی سۆفیزم بریتییە لە تەم و مژێکی گیانی، سۆز و خۆشەویستییێکی ئەوتۆی دروست کردووە، هەندێ جار وا دەزانی ئەم خۆشەویستە کوڕە، هەندێ جاریش وا دەزانی کچە، جاری تریش تێکەڵ بە یەکتری دەبن و نەکوڕ و نەکچە، ئەمە لای ئەوان «موتلەق»ە خۆی لە کردگار دا دەنوێنێ. جاری واش هەیە غەزەل (خۆشەویستی) لە نێوان سۆفیزم و دڵداری ڕاستی دا دەوەستێ.

(٤) وەسف

وەسف بۆ مەبەسی وێنەگرتنی دڵبەر لە ڕووی جووانیی ئەندامی لەشیەوە بەکار دەهێنرێ. هەروەها باس کردن و کێشانی دیمەنی سروشت جێگەیێکی دیاری لە هونەری وەسف دا هەیە. جگە لەوە وەسف خەریکی هەموو ڕووداوەکانی سروشتیشە وەکو ئاژەڵ و زیندەوەر و ڕووەک، بۆ جەنگ و سووار چاکیش بەکار دەهێنرێ. لەبەر ئەوەی وەسفی ئەم بابەتە ڕووداوانە، واتە جەنگ و سووار چاکی و شەڕ و شۆڕ پێویستیی بە پشووی درێژ هەیە شیعرەکە لە هەژدە دێڕە شیعر تێپەڕ دەکا و دەبێتە قەسیدە. ئەم مەبەسە بێ گومان لەگەڵ شیعری دڵداری تێکەڵ دەبێ بە تایبەتی ئەگەر شیعرەکە پێوەندیی بە وەسفی جووانی یارەوە هەبێ.

(٥) پێدا هەڵدان (مەدح)

ناوەرۆکی ئەم جـۆرە شـیـعـرە بریتـیـیـە لە پـێدا هەڵدان و سـتـایش کـردن و دەرخـستن و پیشـان دانی خـوو و ڕەووشتـی چاک لەو کەسـەی کە شـیـعرەکەی بۆ دادەنرێ. لەم جـۆرە شـیـعـرەدا تەنیـا کـردەوەی باشـی ئادەمـزاد وەردەگـیـرێ و کـردەوەی خراپ پشت گوێ دەخـرێ. دیارە مـەرجـیش نـیـیـە ئەو کـەسـەی مـەدح دەکرێ خاوەنی ئەم ڕەووشت و کردەوە چاکانە بێ کە شـاعیر بۆی هەڵدەبەسـتێ. بە زۆری ئەم جۆرە شیعرە لە خووارەوە بۆ سەرەوە دەبێ، واتە کەسی بێ دەسەڵات ئەم بابەتە شـــیـــعــرە دادەنێ بۆ کــەسی زەبر بە دەست بۆ ئەوەی ســـوودی لێ وەربگرێ. هەندێ جاریش لە باوەڕەوە شـاعـیـر مـەدحی گەورەیێک یا زانـایێک یا داهێنەرێک دەکا کە شایانی ئەو مەدحەیە.

(٦) شانازی (فەخر)

شاعیر لەم جۆرە شیعرەدا خۆی یا بنەماڵەی یا هۆز و عەشیرەتی وەکو شتێکی دیار و پایەدار لە ناو کـۆمـەڵ دا پیـشــان دەدا. ئەم جـۆرە شـیـعـرە پێـوەندی بە توانـایی شـــاعـیــریەتێکی بەرزەوە هەیە، هەروەها دەبێ هەست و نەســتـێکی قووڵیشی تێدا بێ، بە تایبەتی دۆزینەوەی کەرەستە بۆ بەراوورد کردن. زمانی ئەم بابەتە شـیـعـرە سـفت و بەهێـز دەبێ. هەندێ جـاریش لە شـانازی خـۆ و بنەمـاڵە دەچێتە دەرەوە و خەریکی مێژوو و بە سەرهاتی نەتەوە دەبێ، وەکو شانازی کردن بە قارەمان و گەورە پیاو و کاربەدەست و زانا و داهێنەر و شاعیر و هونەروەرانی نەتەوە.

(٧) ماتەمنامە (مەرسیە)

ئەم جـۆرە شـیـعـرە وەکـو پێـدا هەڵدان (مـەدح) وایە، بەڵام بۆ مـردوو بەکـار دەهێنرێ، هەندێ جاریش شاعیر پێش مردنی خۆی ماتەمنامە بۆ خۆی دادەنێ، کە بێ گـومـان دەبێ بە وەسـیـەتنامـەیێک، مـاتەمنامـە نایابەکەی مـسـتـەفـا بەگی کوردی لەم بابەتەیە.

(٨) ڕیسوا کردن، داشۆرین (هەجوو)

ئەم جۆرە شیعرە بە پێچەوانەی پێدا هەڵدانە، واتە دەرخستن یا دروست کردنی خوو و ڕەووشتی خراپ بۆ ئەو کەسەی ڕیسوا دەکرێ، شاعیر لەم بابەتە شیعرەدا

مەسەلە گەورە دەکا و ووشە و ڕستەی جنێوکاری بەکار دەهێنێ. دیارە ڕیسوا کردن ناچێتە ناو ڕەخنەوە، بەڵام بە هەموو جۆرێ ووردەکاری و جووانکار (ئیستێتیکی)ی تێدایە.

(٩) شیعری کراوە، ئیرۆتێک (مەکشووف)

شیعری کراوە بۆ مەبەسی باسکردن و دەرخستنی شتومەکی شاراوەی ژن و پیاو بە ئاشکرا بەکار دەهێنرێ. (سێکس)، لەبەرئەوەی لە ناو کۆمەڵ دا باس کردنی ئەم جۆرە شتانە شەرمە، بەم جۆرە شیعری کراوە خۆی دەبێ بە ڕیسوا کردن (هەجوو). لە ئەدەبی کوردی دا ئەم جۆرە شیعرە بۆ گەلێ مەبەس بەکار دەهێنرێ. بێ گومان لە کاتێک دا دروست دەبێ کە دوو بیروڕا بە پێچەوانەی یەکتری دەبن دژ بە یەک دەوەستن.

بەشێکی زۆر لە شیعری کراوەی کوردی هیچ پێوەندییێکی بە ڕیسوا کردنەوە نییە، وورد و جووان و هێمن و لە سەرخۆ شاعیری کورد تووانیویەتی وێنەی هونەریی بەرز بنوێنێ لەم بابەتە شیعرەدا، بۆ وێنە شیعرە کراوەکەی «مەستوورە کە حەسناو و ئەدیبە بە حیسابێ»ی نالی، یا پێنجینەکەی ئەدەب بۆ نەسرەت خانمی ژنی «دوێ شەو شەوی شەمبە..». بەڵام بە زۆری لای شێخ ڕەزا بۆ مەبەسی جنێو و ڕیسوا کردن بەکار هێنراوە. وە ئەوەی ئاشکراشە ئەوەیە لەلای شێخ ڕەزا ئەگەر چی وێنەکانی هونەروەرانە داڕێژراوون و هەندێ جاریش تابلۆی کاریکاتێری زۆر جووان دەکێشێ بەڵام ئەندامی شاراوەی ژن و پیاو تێکەڵ بە یەکتری دەکا، بە تایبەتی زۆریش خەریکی هەتیو بازییە چونکە لە کۆمەڵی کوردەواری دا ئەو کوڕەی بە هەر هۆیێک خراپ بکرێ چاو شۆڕ دەبێ هەتا مردن. لەلای شێخ ڕەزا بە زۆری شیعری ڕیسوا کردن و شیعری کراوە تێکهەڵکێش کراون و بۆ یەک ئامانج بەکار هێنراون.

ئیپیک

ئێپیک (ئێپۆس) ڕووداو و بەسەرهاتە بە شیعر دەهۆنرێتەوە، بە زۆری ناوەرۆکی لە ئێپۆسی فۆلکلۆر وەردەگرێ، بەڵام شاعیری کورد بەو دەسکاری و داهێنانەی کە تێیدا خەرج دەکا، بەرهەمێکی ڕەسەنی تازەی تۆمار کراو دێنێتە

ناو ئەدەبی کوردییەوە. ئیتر زۆربەی ئەم بەرهەمە شیعرییە درێژە دڵدارییە ڕۆمانتیکییانەیە لە بارەی سووار چاکی و قارەمانی و ڕاووشکار و شەڕ و شۆڕەوەیە.

ئیپیک لە ڕووی ناوەرۆکەوە دەکرێ بە دوو بەشەوە:

١- بەیت

بەیت وەکو بابەتێکی چیرۆکی شیعری زیاتر بۆ مەبەسی گۆرانی چڕین دادەنرێ، خەریکی دڵداری و خۆشەویستی و سروشتە، هەروەها ڕووداوی مێژووی قارەمانیەتی و پاڵەوانیی نەتەوە لە شۆرش و جەنگ و بەرگری لە نیشتمان دەگرێتەوە. ئەم جۆرە شیعرە «بەیتی مێرانی»شی پێ دەڵێن.

ئەدەبی کوردی کلاسیکی بە تایبەتی ئەدەبی دیالێکتی کرمانجیی سەروو بەرهەمی نایابی لەم بابەتەمان بۆ دەور دەکاتەوە، وەکو بەیتەکانی فەقێی تەیران «شێخی سەنعان» و «بەیتی فەقێ تەیران بەر ئاڤێ را خەبەر دایە»، بەرهەمی بە ناوبانگی مەلای باتی «بەیتی زەمبیل فرۆش» و هیتر.

٢- چیرۆکی شیعری

چیرۆکی شیعری داستان و مەلحەمە و مەسنەویشی پێ دەڵێن، لە دیالێکتەکانی گۆرانی و کرمانجیی سەروو باو بووە و بەرهەمێکی زۆر لەم بابەتەوە کەوتۆتە ناوەوە. ئەم جۆرە شیعرە پێوەندییێکی ڕاستەوخۆی بە میللەتەوە هەیە، هونەرێکی ڕەسەنی خۆماڵییە، ناوەرۆکی لە حیکایەتی بەر گوێی ئاگردان و گێڕانەوە و تاقی کردنەوەی پێشینان وەردەگرێ، بە سەرهات و سەر و سەر بردەی قارەمانان و بنەماڵە و هۆز و عەشیرەتی کورد لە پێشانا دەبێ بە هەوێنی شیعری فۆلکلۆری، ئینجا ئەم بەرهەمە فۆلکلۆرییە دەبێتە سەرچاوە بۆ چیرۆکی شیعری تۆمار کراو. ئەگەر ناوەرۆکی هەندێ چیرۆکی شیعری کوردی لەگەڵ چیرۆکی شیعری نەتەوە هاوسێکان یەکتری بگرنەوە، لەبەر ئەوەیە سەرچاوەی هەموویان یەکێکە. جگە لەوە سەرچاوەی ئایینیش بە تایبەتی لە ڕووی سۆفیزمەوە کاری بە سەر شیعری چیرۆکی کوردی دا هەیە. هەروەها ناوەرۆکی حیکایەتی ئایینیی سامیی کۆن و حیکایەتی عەرەبیش جێی خۆیان لە ناو چیرۆکی کوردی کردۆتەوە، ئەم ناوەرۆکە بێگانانە بە ڕاستی ئەدەبی کوردییان دەوڵەمەند کردووە، چونکە وەستایانە لەلایەن

شاعیرانی کوردەوە وەرگیراون و ئەدگاری کۆنیان وون کردووە و بوون بە کوردی، بەم ڕەنگە ڕووداوەکان بە جەوهەرێکی کوردی دووبارە دەکەونە بەرچاو.

لە ڕووی سەرچاوە و ناوەرۆکەوە دەتووانین چیرۆکی شیعری کوردی بەسەر سێ بەشدا دابەش بکەین:

(١) ناوەرۆک و سەرچاوەی سامی و عەرەبی

لە پێشانا ئایینی کۆنی سامیەکان، ئینجا تەورات و ئینجیل و قورئان بوون بە سەرچاوە بۆ نووسینەوەی چیرۆکی شیعری لە ناو نەتەوە موسوڵمانەکان دا لە پاش داهاتنی ئایینی ئیسلام. بێ گومان کوردیش بەشداریی لەم کارەدا کردووە، ئەمە بە ئاشکرا لە چیرۆکی شیعری «یووسف و زولەیخا» دا دەردەکەوێ. ئەدەبی کوردی دوو بەرهەمی لەم بابەتەمان بۆ دەور دەکاتەوە، یەکەمیان «یووسف و زولەیخا»ی سەلیمی سلێمان (سەدەی هەڤدەم)، دووەمیان «یووسف و زولەیخا»ی حاریسی بدلیسی (سەدەی هەژدەم).

لە سەرچاوە عەرەبییەکان دا ڕووداوی دڵداریی لەیلا و مەجنوون دەورێکی باڵای لە چیرۆکی شیعری کوردی دا هەیە، بە درێژایی ڕۆژگار شاعیر و نووسەرانی کورد بایەخیان بە چیرۆکی میللی لەیلا و مەجنوون داوە. بەم جۆرە گەلێ تێکستی جۆراو جۆری ئەم چیرۆکە کەوتۆتە ناوەوە، لەمانە «لەیلا و مەجنوون»ی مەلا محەمەدی قولیی کەندووڵەیی لە ساڵی ١٧٣٢ لە نووسینەوەی بۆتەوە؛ «لەیلا و مەجنوون»ی حاریسی بدلیسی لە ساڵی ١٧٥٨ تەواوی کردووە، «لەیلا و مەجنوون»ی میرزا شەفیعی جامەڕێزی کولیایی (سەدەی نۆزدەم)؛ «لەیلا و مەجنوون»ی مەلا مەحموودی بایەزیدی، بە پەخشان دایناوە و لە ١٨٥٨ تەواوی کردووە؛ «لەیلا و مەجنوون»ی مەلا وەلەدخان (سەدەی نۆزدەم).

جگە لەمانە حیکایەتی غەزای پێغەمبەر و ئەسحابە و فەرماندە بەراییەکانی ئیسلام ڕەنگیان لە چیرۆکی کوردی داوەتەوە، بۆ وێنە غەزا و بە سەرهاتی محەمەدی حەنیفە لە چیرۆکی شیعری کوردی دا جێگەی دیاری هەیە.

هەروەها بەرهەمێکی یەکجار زۆری ئەدەبی کوردیش لە ناوەوەیە لە بابەت مێژووی ژیان و بە سەرهاتی پێغەمبەرەوە، لە ئەدەبی کوردی و لە ناو خەڵک دا بە «مەولوودنامە» ناوی دەرکردووە.

(٢) ناوەرۆک و سەرچاوەی کۆنی خۆماڵیی پێش ئیسلام

ئەمە بریتییە لە هەموو حیکایەت و بە سەرهات و داستان و ئەفسانە و گێرانەوە هەرە کۆنەکانی کە دەگەڕێنەوە پێش ئیسلام، واتە سەردەمی کۆچی هیندۆ ئەوروپی و هیندۆ ئێرانییەکان، بە تایبەتی سەردەمی هەزار ساڵەی پێش ئیسلام. لەمانە بۆ بەڵگە «شیرین و فەرهاد یا شیرین و خوسرەو»ی خانای قوبادی (سەدەی هەژدەم)؛ «جیهان گیرو ڕۆستەم»ی میرزا شەفیعی جامەڕێزی (سەدەی هەژدەم)؛ «بارام و گوڵەندام»ی شاعیری نەناسراوی کوردی سەدەی نۆزدەم و گەلێکی تریش.

دیارە ناوەرۆکی هەموو ئەم چیرۆکە شیعرییانە تەنیا خەریکی ڕووداوی سەردەمی پێش ئیسلام نین، بەڵکو هی پاش ئیسلامیشیان تێدایە، وەکو «شەڕی نادر شا»ی میرزا شەفیعی جامەڕێزی.

(٣) ناوەرۆک و سەرچاوەی کوردی

ئەم بابەتە چیرۆکی شیعرییە ناوەرۆکی لە گێرانەوە و حیکایەت و بەیتی فۆلکلۆری میللییەوە وەردەگرێ، واتە ڕووداوەکانی تایبەتین بە کۆمەڵی کورد و قارەمانەکانی کوردن، ڕەنگدانەوەی ئامانج و ئاواتی میللەتن لەو ڕۆژگارەی کە شاعیری میللی یا کلاسیکی ڕووداوەکان دەخاتە قالبی «چیرۆکی شیعری»یەوە. شاکاری هەرە گەورەی ئەدەبی نەتەوەی کورد «مەم و زین»ی خانی لەم جۆرە بەرهەمەیە.

***

لە دوای ئەم پیشان دان و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردیدا لە ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە دەگەینە ڕاستییێک ئەویش ئەوەیە ئەدەبی کوردی لە دوو شێوازدا خۆی دەنوێنێ، یەکێکیان خۆماڵییەو ئەویتریان لە ئەنجامی لێکدانی مەدەنیەتی هەر چووار نەتەوە هاوسێکە (عەرەب و فارس و تورک و کورد) کە بە ئاینی موسوڵمان دروست بووە. یەکەمیان شیعری لیریکی و چیرۆکی شیعرییە دووەمیان غەزەل و قەسیدەیە، بەرهەمی ئەدەبی کوردی کە بە شێوازی غەزەل و قەسیدە هاتۆتە ناوەوە ڕەسەن و کوردانەیە وەک شیعری لیریکی و چیرۆکی شیعری.

وێنەی بابا تاهیر

وێنەی ئارامگا کۆنەکەی بابا تاهیر لە هەمەدان
ئەم وێنەیە لە هاوینی ١٩٥٦ وەرگیراوە



وێنەی ئارامگا تازەکەی
بابا تاهیر لە هەمەدان

بەشی یازدەم

بابا تاهیر

١٠١٠ - ٩٣٧

مــوو ئـان ڕەندم کــە نـامم بێ قــەلـەندەر
نە خوون دێروم نە مـوون دێروم نە لەنگەر
چو رۆچ ئـایۆ بگەردوم گــەردی گـێــتی
چو شــەو ئایۆ بە خـشـتی وا نەهـەم سـەر

ژیانی بابا تاهیر

بابا تاهیری عوریانی هەمەدانی، ناوی تاهیرە. بابایان پێ ووتووە چونکە یەکێ بووە لە فـریشـتـە و پـیـاو چاکـانی ئەهـلی هەقی یارسـان. بەکـار هێنانی ووشــەی «بابا» لە پێش ناو بۆ ڕێبەرانی ئایینی یارسان و تەریقەتی دەروێشیزمی ئیسلامی لە کوردەواری دا هـاوشانی ووشـەی «پیر» بەکار دەهێنرێ. هەروەها «عوریان»یان پێ ووتـووە، یا خـــۆی ئەم نـاوەی بۆ خـــۆی هـەڵبـــژاردووە، واتە «ڕووت، ڕووتـەڵە»، چونکە باوەڕی بە فـەلســەفـەی ســۆفـیـزم بـووە، وەکـو تیـۆریـیـێک و لە شــێـوەی دەروێشیـزم دەری بڕیوە وەکو پراکتیک. ئینجـا هەمەدانییـان پێ ووتووە، چونکە لە هـەمـەدان ژیاوە و هـەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە. لە شـیعـر دا نـاوی ڕاستەقینەی خۆی کە «تاهیر»ە، بەکار هێناوە وەکو نازناو.

کۆنترین سـەرچاوەیێک هـەواڵی ژیانی بابا تاهیری تێدا نووسرابێ کتێبەکەی ڕاوەندییـە. مـحـەمـەدی کوڕی عـەلیی سلێمـانی ڕاوەندی لە سـاڵی ٥٩٩ﻫ/ ١٢٠٢م کـتـێـبی «راحـە الصـدور وآيە السـرور در تاريخ آل سلجـوق»ی دانـاوە. لە سـاڵی ١٣٣٣ بە کـۆشـسی مـحـەمـەد ئیـقـبـال و دانانی پەراوێز و پێرسـتـەکـان لەلایەن موجتەبا مینەوییەوە چاپ کراوە.

ئەم کتێبە باس لە دیدەنی نێوان سوڵتان توغرول بەگی سەلجووقی و بابا تاهیر دەکا، لێرەدا دانەر دەیەوێ ئەوە دەربڕێ کە پلە و جێگەی دەروێش و سۆفییان لەو دەورەدا باڵا بووە، ڕووداوی دیدەنییەکە بەم جۆرە دەگێڕێتەوە: «بیستم لەو کاتەی کە سوڵتان توغرول بەگ هاتە شاری هەمەدان، ئەولیای سۆفییان سێ پیر بوون، بابا تاهیر و بابا جەعفەر و شێخ حەمشا. لەلای شاخێک کە ناوی خدر بوو لە دەروازەی هەمەدان وەستا بوون. کە سوڵتان چاوی پێیان کەوت، پیاوەکانی خۆی ڕاگرت و خۆشی لە ئەسپ هاتە خووارەوە و لەگەڵ وەزیری ئەبوونەسری کەندەری بەرەو ڕوویان هات و ویستی دەستیان ماچ بکا.

بابا تاهیر لەو کاتەدا لە حاڵەتی جەزب (جذب) دا بوو و ڕووی کردە سوڵتان و پێی ووت: ئەی تورک دەتەوێ چی لەگەڵ خەڵکی خودا بکەی؟ ووتی: ئەوەی ئەمر دەکەی ئەوە دەکەم. بابا تاهیر پێی ووت: ئەوە بکە کە خودا دەیەوێ، خودا دەڵێ: (إن الله يأمر بالعدل والاحسان). سوڵتان دەستی کرد بە گریان و ووتی: وا دەکەم. بابا تاهیر دەستی گرت و پێی ووت: ئەم دیارییە لەمن وەردەگری؟ سوڵتان ووتی: بەڵێ. ئیتر بابا تاهیر گەرووی مەسینە شکاوەکەی لە ئەموستی دەرهێنا، ئەوەی بۆ ماوەیێکی زۆر بۆ دەسنوێژ بەکاری هێنا بوو، وە لە ئەموستی سوڵتانی کرد و پێی ووت: من هەموو سامانی سەر زەویم خستۆتە ناو دەستت، لەوکاتەی کە ئەم ئەموستیلەیە لە ئەموستت دەکەم، داد پەروەر بە. سوڵتان دیاریی بابا تاهیری پاراست و بۆ هەر شەڕێک بچووایە لە دەستی دەکرد.

ئەوی ڕاستی بێ ئەوەیە کە بە تەواوی ساڵی لە دایک بوونی بابا تاهیر ئاشکرا نییە. لە سەرچاوەیێک دا ئەوە هاتووە کە «بابا تاهیرکوڕی فەریدوونە، لە ساڵی ٤١٠ھ/ ١٠١٩م لە ژیانا بووە، لە بەڵگەیێکی ڕاستگۆ بیستراوە کە هەر لەو ساڵەش دا کۆچی دووایی کردووە». هەندێ لە سەر ئەو باوەڕەن کە لە (٣٢٦ھ/ ٩٣٧م - ٤١٠ھ/ ١٠١٩م) دا ژیاوە، هەندێکی تر دەڵێن لە (٣٩٠ھ/ ٩٩٩م - ٤٥٠ھ/ ١٠٥٨م) دا ژیاوە، بەشێکیش بە هاوچەرخی ئیبنی سینا (٤٢٨ھ/ ١٠٦٣م مردووە)ی دادەنێن، هی واش هەیە بە هاوچەرخی خواجە نەسیرەدینی تووسی (٦٧٢ھ/ ١٢٧٣م مردووە)ی دادەنێن.

تەزکەرە نووسەکان سەردەمی جیاواز بۆ ژیانی بابا تاهیر دیاری دەکەن،

ئەوانەی کـە بە هـاوچەرخـی عـەینو لقـوزاتی هەمــەدانی (٥٢٥ھ/ ١١٣٠ مـردووە) دادەنێن دیارە لە ڕاسـتـی دوور کـەوتـوونەتەوە، خـۆ ئەوەی بە هـاوچەرخـی خـواجـە نەسیرەدینی تووسیشی دادەنێ، دیارە زیاتر لە ڕاستی دوور کەوتۆتەوە.

ڕەزا قولی خانی هیدایەت دەڵێ: «تاهیری عوریانی هەمەدانی ناوی پیرۆزی بابا تاهیـرە، لـە زانا و دانا و عـاریفـانی سـەردەمـی خـۆی بووە، خـاوەنی کـەرامـات و مـەقـامـاتی بڵند بووە، هەندێ بە هاوچەرخی سـوڵتـانەکانی سـەلجـووقی دادەنێن، ئەمە ڕاست نییە، بابا تاهیر لە شێخە کۆنەکانە، هاوچەرخی دێلەمییەکان بووە، لە سـاڵی (٤١٠ھ) پێش عـونسـوری و فـیـردەوسی و هـاوچەرخـەکـانی ئەوان کـۆچی دوایی کردووە».

هەر لە بـابەت دیاری کـردنی سـەردەمی لە دایک بوونی بابا تاهیـرەوە، مـیـرزا مەهدی خانی کەوکەب پەنا دەباتە بەر یەکێ لە دوو بەیتەکانی بابا تاهیر کە دەڵێ:

مـو ئان بەحـروم کـە دەر زەرف ئامـەدەسـتـوم
مـو ئان نوقـتـە کە دەر حـەرف ئامـەدەسـتـوم
بـە هـەر ئـەلفـی ئەلـف قــــەددی بـەر ئـایـو
ئەلف قـەددوم کـە دەر ئەلف ئامــەدەسـتـوم

ئەم دوو بەیتـە بە حیسـابی ئەبجـەد ساغ دەکاتەوە و ڕستەی «الف قد الف = ا. ل. ف. ق. د. ا. ل. ف» دەکـــاتە ٣٢٦ھ بـە ســـاڵی لە دایـک بـوونی بـابا تـاهیـــری دادەنێ.

سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦، لە (میرزا مـهدی خان کوکب، شـرح حال بابا طاهر، مجله آسیایٔ بنگاله، ١٩٠٤)ی وەرگرتووە).

«جگە لەم حـســێـبی ئەبجــەدییــە، بەلای ئێــمــەوە ئەم دوو بـەیتــە نـهـێـنی و مـوعـەممایێکی زۆری تێـدایە و ئەسـتـووریـی فـەلسـەفـەی بـابا تـاهیـر دەخـاتە ڕوو لەبارەی یەکێتیی بوونەوە، ئێمە وا بۆ لێکدانەوەی ئەم دوو بەیتە دەچین:

«شـاعیر دەڵێ مـن ئەو زەریایەم کە لە قـاپێکی بچووک دا خـۆم دەنوێنم، واتە من لە هـەمـوو «بوون» پێک هـاتووم، بەڵام لە قـاڵبی کـەسـێک دیار کـەوتووم، وەکو چۆن قاپێک ئاو یا دڵۆپە ئاوێک نموونەی زەریاییێکە.

من ئەو نوختەیەم کە لە حەرفەوە هاتووم. حەرف بەرامبەر بە زەریا و نوختەش بەرامبەر بە قاپەکەیە. هەروەها مەبەسی لە حەرف مانای «بسم الله الرحمن الرحیم»ە، بەم جۆرە ئەگەر نوختەیێک بێ لە «بسم الله» دەبێتە بەشێک لە خودا.

لە هەر ئەلفێک پەیکەر و قەد و قامەتی وەک ئەلف پەیدا دەبێ. مەبەس لە ئەلفی یەکەم تیپی (ا) یەکە رەمزی (١) تاکە یەکێکە واتە خودا، ئەلفی دووەم قەد و قامەت و ووجودی خۆیەتی کە ئەویش لە وێنەی (١) دایە، لەم ڕستەیەدا شاعیر دەیەوێ بڵێ خۆی بەشێکە لە خودا.

قەد و قامەتم کە وەکو ئەلف (ا) وایە، لە ئەلف (خودا) وە هاتووم».

هەر چۆنێک بێ بەپێی سەرچاوە باوەڕ پێ کراوەکان بابا تاهیر لەماوەی نێوان نیوەی دووەمی سەدەی دەیەم و نیوەی یەکەمی سەدەی یازدەمی مەسیحی ژیاوە، لەدایکبوون و کۆچی دووایی بە سالانی (٣٢٦ھ/ ٩٣٧م - ٤٠١ھ/ ١٠١٠م) دیاری کراوە.

بابا تاهیر و ئایینی یارسان

لە سەردەمی ژیانی بابا تاهیر دا ئایینی ئەهلی هەق «یارسان» لە گەلێ هەرێمە شاخاوییەکانی وولاتی کوردەواری و ناوچەکانی نزیک کوردستان لە ناوەوە بوو. زیاتریش ئەم ئایینە لەگەڵ ئەوەی لە ئیسلامیش کۆنترە بەلام لەو ڕۆژگارە دا بەشێوە وەکو مەزهەبێکی موسوڵمانی خۆی دەنوواند و بە درێژایی ڕۆژگار یارسانەکان بەربەرەکانی دەکران بە تایبەتی لە سەردەمی عوسمانلییەکان بە «غولاتی شیعە» و «باتینی» و «عەلی ئیلاهی»ش ناویان دەبردن.

بێ گومان هەوای ئایینی یارسان کە تێکەڵ بە سۆفیزمی ئیسلامی بووە نەک تەنیا لە شیعری بابا تاهیر دەردەکەوێ، وەکو لە دواییدا باسی لێوە دەکرێ، بەڵکو خۆشی ئەندامێکی گەورە بووەو پایە و پلە و مەقامێکی تایبەتی بووە لە ڕێکخراوی ئایینی یارسانەکان کە زمانی رەسمییان دیالێکتی گۆرانیی زمانی کوردییە. لەگەڵ ئەوەی ئەو زمانەی بابا تاهیر دوو بەیتەکانی پێ نووسیوەتەوە دیالێکتی گۆرانی نییە و دیالێکتێکی لوڕی ناوچەیی تێکەلاوە، بەلام پێڕەوانی یارسان لە بەری دەکەن و بە سرووود دەیڵێن و بەلایانەوە کەس لە نهێنییەکانیان ناگا. دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین کە بابا تاهیر دیالێکتی گۆرانیی زانیوە و کاری لە دوو

بەیتـەكـانی كـردووە. جگە لـەوە بەڵگەی دیكە بە دەسـتـەوە هەیە كـە بابا تاهـیـر شـیـعـری بە گـەلێ دیالێكتی تێكەڵاوی كـوردی ووتووە، لەم لایەنـەوە لە سـەرەتای سـاڵـی ١٩٦٨ كـارگـەری زانسـتـی لە بەشـی كـوردناسـیـی لقـی ڕۆژهەڵاتنـاسـی ئەكـادیمیـەی زانسـتـی ئەرمـەنسـتـان گورگێن ئاكووپۆڤ هاتبـووە شـاری سـانت پیترسبورگ (لینینگرادی ئەوسا). لە بابەت بابا تاهیرەوە ئەمەی بۆ گێڕامەوە:

«لە سـاڵـی ١٩٤٣ ڕۆژێكیـان لە تاران لەگـەڵ ڕەشـیـد یاسـەمی دانیـشت بووین، سـەدری قـازیش لەوێ بوو، بـاس هـاتە سـەر بـاسـی بـابا تاهـیـر، یاسـەمـی دێڕە شیعرێكی بابا تاهیری خوێندەوە كـە گوٚیا ئەویش لە كابرایێكی پیری بیستووە، دێڕە شیعرەكە ئەمەیە:

كی گـــوتی ک نینە ل دونیـــادا راز
ئەڤ ک من شـەیدایی تایەم ئەو ڕاز نینە؟

دێڕە شیعرەكە بە تیپی لایتنی:

Kî guti ki nîne li dunyada raz
Ev ki min Şeydayî tayem ew raz nîne

واتە: (كێ دەڵێ كە لە دنیـادا ڕاسـتـی نییـە، ئایا ئەوە ڕاسـتـی نییـە كـە من شـەیدای تۆم؟).

لە ئـاكـووپـۆڤم پرسـی: ئەی نەتـووت بۆچ ئەم دێڕە شـیـعـرەی بابا تـاهـیـریان نەخستۆتە ناو دیوانەكەیەوە؟ ووتی: نا.. لەبەر ئەوەی باباتاهیر پایە و پلەی بەرزی بووە لای یارسـانان، هەندێ لەدوو بەیتـەكانی بۆ پیرۆزی لە پەراوێزی دەسنووسی كتێبی ئایینی یارسـان (سـەرەنجام) تۆمـاركراوە. مینۆرسكی سێـزدە دوو بەیتی باباتاهیری لە كتێبی سەرەنجامدا دۆزیوەتەوە، هاوڕێكانیشی لەیارسانانی ئەهلی هـەق سـی و یەک دووبەیتی تریان بۆی ڕەوانەكردووە.

لە كتێبی «سـەرەنجام» و «كۆمەڵێک لە نامە و شیعری ئەهلی هەق» ئەوە هـاتووە كـە شـای عـالەم بابا خـۆشـێن (٤٠٦ھ / ١٠١٥م – ٤٦٧ھ/ ١٠٧٤م) لەو كـاتەی لەگـەڵ یاران و سـوارانی سـەر لە هـەمـەدان دەدا مـیـوانی بـاباتاهـیـر دەبێ. ڕووداوەكان زیاتر لە گـێڕانەوەی ئەفسـانەیی دەكـەن، وەكو زۆربەی ڕووداوەكانی

ئایینی یارسـان، بە تایبەتی بابا خۆشـێن پێنج سـاڵیش پاش کۆچی دووایی بابا تاهیر لە دایک بووە، بەڵام بێ گومان ئەفسـانە هەڵدەگەڕێتەوە بە ڕاسـتی چونکە ئەم یەکتری بینینە بۆتە هۆی ئەوەی بەرهەمی ئەدەبی بێتە ناوەوە.

گۆیا لە گفتوگۆیێک دا لە نێوان بابا تاهیر و شاخۆشێنا، بابا تاهیر دەڵێ:

هەر کـەس شـاهـەش تویی حـالەش هەمـینە
سـەرینەش خـشت و بالینەش زەمـینە
جـورمـوم ئینـەست کـە تە دۆست داروم
هەر کـەس دۆسـتـەش تویی حالەش چونینە

واتاکەی:

(هەرکەسێ تۆ شای بی دەبێ حاڵی وابێ
سەرینی خشتە و ڕایەخی زەوییە
گوناهم ئەوەیە کە تۆ دۆستی منی
ئەوەی تۆ دۆستی بی دەبێ حاڵی وابێ)

لە سروودی هەشتەمی سەرەنجام یا سروودی ئایینی یارسان، بابا تاهیر ناوی وەکو فریشتەیێکی ئەو ئایینە هاتووە:

ڕەواجی هەر دین، سـەر حـەلقەی شـاهـان
جەمشیدی جەم بەن، شـۆن بەری راهـان
ئیـرەجی یەحـیـا، سـیـاوەحـشی کـەی
حـوسـێن شـەهیـد، نە کـەربەلای تەی
عـالی قـەلەندەر، تاهـیـر قـەلەندەر
هەنی چیش وا چووم، پووری ئەسکەندەر

واتاکەی:

(سەرداری ئایین و سەر هەڵقەی شاهانی
جەمشیدی جەمی، ڕێ پیشاندەر و شوون هەڵگری
ئیرەجی یەحیا و سیاوەشی کەی

حوسێنی شەهید لە سارای کەربەلا
عالی قەڵەندەر و تاهیر قەڵەندەر
هەرچی تریش بڵێم تۆ زیاتری کوڕی ئەسکەندەری)

شاعیری یارسان فاریغ خاوەنی ئەم سروودەیە و ناوی عالی قەڵەندەر و تاهیر قەڵەندەری بردووە وەکو گەورەیێک لە گەورەکانی ئایینی یارسان. ئینجا دەبینین عالی قەڵەندەر (سەدەکانی هەشتەم - نۆیەم هـ = چواردەم - پازدەم م) کە یەکێکە لە پیران و گەورەکانی یارسان باس لە چوونی شا خۆشێن دەکا بۆ هەمەدان لەگەڵ نۆسەد کەس لە یاران و سوارانی. لەو دوو بەیتەی خوارەوە ئەوە دەردەکەوێ کە لە ڕێی مەعنەوییەوە گیانی عالی قەڵەندەر و بابا تاهیر یەکێکن، واتە گیانی باباتاهیر لە پاشانا چۆتە ناو ئەوەوە (دۆنادۆن)، لەبەر ئەوە کە شا خۆشێن چووە بۆ هەمەدان میوانی عالی قەڵەندەر بووە، لەم بابەتەوە دەڵێ:

شام بی وە میهمان، شام بی وە میهمان
عالی نان عالی شام بی وە میهمان
چەنی نوهسەدە باش قەڵەندەران
بابا تاهیر بیم، مێردی هەمەدان

واتاکەی:
(شام بوو بە میوان
منی بەرز و بڵند شام بوو بە میوان
نۆ سەد کەس لە قەڵەندەران میوانم بوون
من باباتاهیری خەڵکی هەمەدان بووم)

پیر قوبادی دیوانە (سەدەی هەشتەمی هـ - چواردەمی م) یەکێکە لە پیرانی ئایینی یارسان لە بابەت هاتنی بارەگای شا خۆشێن بۆ ماڵی بابا تاهیر دەڵێ:

ئەویانەی تاهیر ئەو یانەی تاهیر
بارەگایی شام ئەویانەی تاهیر
بوکان و کەرەم قەدیم قاهیر
نەگرد هوری زاتشەن حازیر

واتاكەی:

(ماڵی تاهیر

بوو بە بارەگای شام

سەرچاوەی كەرەمە، كۆن و بە توانایە

ئاگاداری هەموو كار و كردەوەیێكە)

زانیارییێكی باش لە بارەی بە یەكتری گەیشتنی شای گێتی بابا خۆشێن و بابا تاهیر ڕۆژهەڵاتناسی ڕووس ڤ. ئێڤانۆڤ دەیدا بە دەستەوە، بە تایبەتی گفتوگۆ لە نێوان شا خۆشێن و بابا تاهیری هەمەدانی و فاتمەلەرە. ئەم گفتوگۆ رەمزی - ڕۆمانتیكیی ناسكە پیاو دەگەیێنێتە لووتكەی توانەوە لە ناوەڕاستی دا، بە تایبەتی ئەو ژنە خاوەن بیروڕا پیرۆز و ڕەووشت پاكە كە لە خزمەت بابا تاهیر بووە، جەوهەری مێیینە بووە لە سێ كوچكەی شا خۆشێن و بابا تاهیر و فاتمەلەرە، گفتوگۆیان بە شیعری كوردی و فارسی بووە.

گەورەترین سەرچاوە لە مێژووی ئایینی ئەهلی هەقی یارسان شاكارەكەی حاجی نیعەتوڵڵای موكرییە «شانامەی حەقیقەت» لەمەدا دانەر جێگەیێكی دیاری تەرخان كردووە بۆ بابا تاهیر لە ناو هەموو ئەو ڕێبەرانەی پێوەندییان بە ئایینی یارسانەوە هەیە، كە خۆی ناویان دەنێ «گەورەكانی ئەهلی هەق».

ئیتر نابێ بیر لە شیعری بابا تاهیر بكرێتەوە بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئایینی یارسان بكرێ و پێویستە ئەو ئایینەش – هیچ نەبێ لە ڕووی داهێنانی ئەدەبی كوردییەوە - بە چاویلكەی سۆفیزمی كلاسیكیی تیۆریی ئیسلامی كە بەشێكە لە سۆفیزمی كۆزمۆسی تەماشا بكرێ، ئەگەرچی لە ڕووی پراكتیكەوە بابا تاهیر خۆی وەكو دەروێشێكی ئەو سەردەمە دەنوێنێ.

دوو بەیتەكانی بابا تاهیر

١- دوو بەیتەكان لە ڕووی ڕوخسارەوە

أ- كێش و قافیە: چوارینەكان یا دوو بەیتەكانی بابا تاهیر، لە سەر كێشی هەزەجی شەش گۆشەیی سڕاوە (الهزج المسدس المحذوف = مفاعلین مفاعلین فعولن) دانراوون ئەمە ئەگەر حیسابی عەرووزی عەرەبی بكەین، بەڵام

ئەگەر بگەڕێینەوە کێشی خۆماڵی (سیلاب) دەبینین نیوە دێڕە شیعری دوو بەیتەکانی بابا تاهیر یازدە هیجایین بە کەرتی کورت و درێژەوە (ب ــــ).

قافیەیان وەکو هەموو چوارینێک یەکەم و دووەم و چوارەم یەک دەبێ، سێیەم جیاوازە (ا ا ب ا)، بە دەگمەن واش ڕێک دەکەوێ هەر چوار نیوە دێرە شیعر لە سەر یەک قافیە بن (ا ا ا ا). ئەم بابەتە شیعرەی بابا تاهیر کە دوو بەیت و چوارینیان پێ دەووترێ، ترانەشیان پێ دەڵێن چونکە بە زۆری بە گۆرانی لەلایەن پێرەوانی یارسانەوە لە سەر ئاوازی تەمبوور دەووترێن.

یەکەمین کەس شەمسی قەیسی ڕازی لە کتێبی «المعجم فی معاییر أشعار العجم» کە لە سەرەتای سەدەی (حەوتەم ھ/ دووازدەم م) دایناوە، ئەم جۆرە چوارینانەی ناو ناوە «پەهلەویات». ئەوی ئاشکرایە ئەوەیە کە زمانی پەهلەوی (فارسی ناوەڕاست) لە دەوروبەری ساسانییەکان دا باو بوو، لە پاشانا فارسی تازە لەو بووەوە. ئیتر بێ گومان کە فارسی ناوەڕاست و تازە و هەموو زمانەکانی تری ئێرانی گەلێ شتی وەکیەکییان هەبێ و لە یەکترییەوە نزیک بن، مەسەلەی تێبینی و بیروڕا ئاڵۆز دەبێ. بەم جۆرە کە تەماشای دوو بەیتەکانی بابا تاهیر دەکەن دەبینین لە فارسی تازە ناکا، ناچار پەنا دەبەنە بەر دایکی ئەو فارسییە کە پەهلەوییە، ئیتر کە پەهلەوی بوو مانای ئەوەیە فارسییە، ئەم ناوەڕۆکە بۆ «پان ئێرانیستەکان» بووە بناغە بۆ ئەوەی هەموو شتێکی ڕەسەن ببەنەوە سەر فارسی، ئەگینا بۆ بە شوێن زمانی بابا تاهیر نەگەڕێین لە زمان و دیالێکتەکانی تری زمانی بنەماڵەی ئێرانی وەکو زمانی کوردی بە هەموو دیالێکتەکانییەوە!

ب- ووشە و ڕستەی بابا تاهیر ساکارە، زۆربەی لە ناو خەڵکی دا لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکار دەهێنرێن، لەبەر ئەوە بە درێژایی ڕۆژگار سوواوە و لە هەر ناوچەیێک شێوەی زمانی ئەو ناوچەیەی وەرگرتووە، دیارە مەبەس لەو زمانانەیە کە سەر بە کۆمەڵەی زمانانی ئێرانین. بۆ بەڵگە فارسەکان کە دیوانی بابا تاهیر چاپ دەکەن لە دووایی دا تەنیا فەرهەنگێکی یەک دوو لاپەڕەیی بۆ دەکەن کە بریتییە لە چەند ووشەیێک گۆیا زمانی فارسیی تازە ئاشنایان نییە. کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە ڕۆژگار زمانی شیعرەکانی گەلێ دوور خستۆتەوە لە زمانە بنچینەیییەکەی بابا تاهیر.

ڕۆژهەلاتناسانی ئەوروپا دەرکیان بەم دیاردەیە کردووە، لەم لایەنەوە بێرتیلس

دەڵێ: «چوارینەکانی ئەم شاعیرە لە سەرەتادا بە زمانی فارسی ئەدەبی نەنووسرا بوونەوە، بەڵکو بە دیالێکتی ناوچەیی (نزیک لە دیالێکتی خەڵکی دێهاتی دەوروبەری هەمەدان)».

بە زۆری ئەو دیالێکتەی دوو بەیتەکانی پێ نووسراوە لوڕی پێ دەڵێن، تەنیا لە دەسنووسێک دا ئەوە هاتووە کە چوارینەکان بە دیالێکتی ڕاجی نووسراون. ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیز براون کە باس لە چاپی یەکەمی لەندەنی چوارینەکان دەکا دەڵێ «ڕاجی» نییە و «رازی»یە، واتە دیالێکتی ناوچەی «رەی».

ڕۆژهەڵاتناسی رووس ڤ. ئا. ژووکۆڤسکی بە قووڵی لە دوو بەیتەکانی بابا تاهیری کۆڵیوەتەوە لە ساڵی ١٨٨٨ لە پاش تاقی کردنەوەی پراکتیکی گەیشتۆتە ئەوەی کە گەلێ لە نەتەوە ئێرانی نەژادەکان بابا تاهیر بە شاعیری نەتەوەی خۆیان دادەنێن، چونکە هەر کەسە بە دیالێکتی خۆی دەیخوێنێتەوە».

لەم لایەنەوە مینۆرسکی لە سەر ئەو باوەڕەیە نەوەکو تەنیا بابا تاهیر لە هۆزی لوڕی کوردە، بەڵکو دوو بەیتەکانیشی سەر بە ناوچەی لوڕستان و دیالێکتی زمانانی ئەو سەردەمەی هەمەدانن و لە سەر ئەو باوەڕەیە کە شێوەی ئێستای چوارینەکان گەلێ دوورە لە ئەسڵی و بە درێژایی ڕۆژگار دەسکاری کراوون.

جگە لەمە وەنەبێ دوو بەیتەکانی بابا تاهیر تەنیا لای فارسەکان قاڵبی فارسی وەرگرت بێ، بەڵکو گەلێ لە زمانەکانی تری سەر بە بنەماڵەی ئێرانی بەهی خۆیانی دەزانن، بەوەی لە ماوەی هەزار ساڵ دا دەنگی ووشەکانیان هێناوەتە سەر فۆنێتیک و فۆنێمی زمانەکەی خۆیان و گەیشتۆتە پلەیێک کە خاوەنی ئەو زمانانە بە تەواوی تێ بگەن و بە هی خۆیانی بزانن. ووشەی «دەست = dest» بە ڕوخسار هەر یەکێکە لە کوردی و فارسی دا، بەڵام مەگەر هەر ئەو کۆمپیوتەرەی (بە میلیۆن شەپۆل قسە دەکا) کورتی و درێژیی تیپی دەنگدار دیاری دەکا پێمان بڵێ جیاوازییێکی زۆر لە نێوان کورتی و درێژیی «e» لە «dest»ی کوردی و «e» لە «dest»ی فارسی دا هەیە. دیارە باس لە ڕستەی «نەناڵم = ne nalim» هەر ناکەین کە لە دووبەیتەکانی بابا تاهیر دا یەکجار زۆرە. کورد و مەلایری تویسرکانی دەڵێن «نە ناڵم = ne nalim»، خوڕڕەم ئابادی و بڕۆجەردی دەڵێن: «نە ناڵُم = ne nalum»، کەچی فارس دەڵێ «نە ناڵَم = ne nalem».

ئەوە ڕاستەکە ڕۆژگارو چارەنووس وایان کردووە دوو بەیتەکانی بابا تاهیر لە

ئەدگـاری بەراییـیـان دوور بکەونەوە لە ڕووی دەنگەوە (فـۆنێـتـیک)، بەڵام لـەگـەڵ ئەوەش دا هەندێ لە ئەدگاری بنچـینەییـیان پارێزراوە و بە شـانازییـەوە لاپەڕەی مێژووی ئەدەبی کوردی ڕەنگین دەکەن.

٢- دوو بەیتەکان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

ناوەرۆکی دوو بەیتەکانی بابا تاهیر پێوەندییێکی توندیان لەگەڵ ئایینی یارسان هەیە. ڕاستە ئایینی یارسان خۆی بە کۆنترین ئایین دەژمێرێ، لەو ڕۆژەوە کردگار خـۆی لە ئادەم یا کـیـومـەرسـدا نواند ئەم ئایینە لە ناوەوەیە، بەڵام هیچ نـەبێ لە دەوری پاش بڵاو بوونەوەی ئیسلام بـە شـێوەی ڕێبازێکی سـۆفـیزم خـۆی پیشـان دەدا، بە تایبەتی کـە عەلیی کوڕی ئەبوو تالیب یـەکەمین خـودای یارسـانی دەوری ئیسلامە و گیانی کردگار چۆتە لەشیەوە. بنچـینەی لە سـەر دۆنادۆن (تناسخ الارواح والتقمص والحلول) دامەزراوە. فەلسەفەی ئەفلاتوونی پرتەوی (ئیشراقی) و زەردەشتی و مانەوی و هیندۆکی و عیرفانی مەسیحیی سەدەی دووەم و شیعەی باتینی و موعتەزیلە و سۆفیزمی وەرگرتووە.

بابا تاهیر لە سەدەی لە باو بوونی سۆفیـزم ژیاوە (سۆفیزم لە سەدەکانی ٧ - ٩ مـەسـیـحی بـاو بوو) کە دڵداری بەرامـبـەر بە خـودا لە ناوەوە بوو. ئەمـە چووە ناو زمـانەکانی ئێرانییـەوە. لە ناو دوو بەیـتـەکانی بابا تاهیـر دا دەتـوانین هەست بە لیریکی دڵداریی ناسک بکەین بەڵام تێکەڵ بـە سـروودی تووانەوە لە ناو خـودا دا. لەگەڵ ئەوەش دا بێ گومـان مەبەسی بابا تـاهیر عـەشقی خـودایی بووە، با هـەندێ وێنەش بۆنـی عـەشـقـی ئادەمـزادی لێ بێ، هـەر لەبەر ئەوەشـە دوو بـەیتـەکـانی بابا تاهیـر لە نـاو خـەڵکی جـێگەی تایبـەتیـیـان بووە، چونکە ڕەنگدانەوەی دڵ و دەروونیان بووە.

بە گشتی بابا تاهیر لە شیعریدا خەریکی «یەکێتیی بوون»ە، لە دووای دەگەڕێ. لە ڕێگە تووشی «شـوق» و «وجد» و «قلق» و «عـدم» دەبێ. بابا تـاهیـر لە هـەمـوو «شـتـێک» دا «جـووانی» دەبینێ، شـیـعـرەکـەی شـێـوەی غـەزەل وەردەگـرێ و ڕەنگدانەوەی ناو دڵی هەمـوو جـووانی پـەرسـتـێکە، جـا بـا لای شـاعـیـر هـیچ جیاوازییـێک لە نێوان ئەو کچە و گـوڵێکی جووان دا نەبێ، چونکە هەردووکیـان وێنەی کـردگـارێکن، بەڵام ئەوەی کـچی خـۆش دەوێ ئـەو کـچـە هـەر کـچـە لەلای،

کەچی ئەوەی گوڵی خۆش دەوێ کچەکەش دەبێ بە گوڵ لەلای، بەم جۆرە کردگار و کچ و گوڵ «یەکێتیی بوون» دروست دەکەن.

دەسنووس و چاپی دوو بەیتەکانی بابا تاهیر

لەو ڕۆژەی ئەم دوو بەیتانە کەوتوونەتە ناوەوە، زیاتر لە ناو دڵ و مێشک و سنگی خەڵکی دا ژیاوون، چونکە ڕەنگدانەوەی هیوا و ئامانجیان بووە، کەمتریش تۆمار کراوون. لەوانەیە لەبەر ئەوە بوو بێ چونکە هەوایێکی میللی ساکاریان تێدایە. ئیتر وەکو چۆن هەمیشە دەسنووس و چاپی دەسنووسی سەر بەردی ئەم دوو بەیتانە لە ناوەوە بوو، لە سـەردەمی پەیدا بوونی چاپی تازەش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چاپێکی زۆری دوو بەیتەکانی بابا تاهیر کەوتنە ناوەوە، بە تایبەتی لە پاش جەنگی دووەمی گیتی لە ئێرانا بڵاو کەرەوە و چاپخانەکان هونەریان دەنوواند لە چاپ کردنی دوو بەیتەکان بە تابلۆ و وێنەی ڕەنگاوڕەنگی میناتووری و گۆڕینی بۆ زمانە گەورە و پێشکەوتووەکانی تری گێتی.

باوەڕ ناکەین نامەخانەی گەورە و بە ناو لە گێتی دا هەبێ و دەسنووسی دوو بەیتەکانی بابا تاهیری تێدا نەبێ. ئەم دەسنووسانە بوونە هۆی ئەوەی هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسان لە سەدەی نۆزدەم و سەدەی بیستەم دا گەلێ لە تێکستی ئەو دوو بەیتانە بڵاو بکەنەوە لەگەڵ گۆڕینیان بۆ زمانانی وەکو ئینگلیزی و فرەنسی و ئەڵەمان و هیتر.

أ - دەسنووس لە هەندێ لە نامەخانەکانی ئەوروپا

١- نامەخانەی نەتەوەیی لە پاریس

دەسنووسی شیعری بابا تاهیر لەم نامەخانەیەدا ١٧٥ دوو بەیتی گرتۆتەخۆ. پێشەکی لەلایەن بەخش قولی قەرەباغییەوە نووسراوە (چووار لاپەڕەیە). لە پێشەکی دا ئەوە هاتووە کە بە فەرمانی محەمەد شای قاجار هەندێ لە دوو بەیتەکانی بابا تاهیر کۆ کرایەوە بۆ ئەوەی لە فەوتان ڕزگاریان بێ، هەروەها پێشەکی نووس دەڵێ تا ئێستا کە (ساڵی ١٢٦٠ هەزار و دوو سەد و شەستی هیجرییە) (١٨٤٤م) ئەوەی لێرەدا تۆمار کراوە لە ویلایەتەکانی دوور و نزیک کۆ کراوەتەوە. لە دووا ڕۆژ دا ئەگەر دوو بەیتی تر دۆزرایەوە ئەوا لە ناو ئەم نامەیەدا

دەینووسینەوە (شەش لاپەڕەی سپی بەجێ هێشتووە بۆ ئەو دوو بەیتانەی لە دووا ڕۆژ دا دەدۆزرێنەوە). ئینجا باس لەوە دەکا کە چۆن پێویستە ئەم قسانە لە گێتیی نهێنیی نا دیارەوە (عالم السرّ الغیبي) ببرێتە گێتیی هەستی بینراو (عالم الادراك العیني)، ئەوجا باس لەوە دەکا کە تێگەیشتنی مانای ئەو پەندانەی خراونەتە پاڵ (الاستاذ المحقق الرّباني بابا طاهر الهمداني) کارێکی دژوار و قورسە.

٢- یەکێ لە دەسنووسە نایاب و گەورە و جوانەکانی شیعری کلاسیکیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەشکۆڵی «گُلشن = گوڵشەن»ە، ئەمە لەلایەن محەمەدی قازیی کوڕی محەمەد ڕەزای مەهجوور لەساڵی ١١٩٨ھ/ ١٧٨٣م ڕوونووسی کراوە. بریتییە لە ٤٥٩ پەڕە، پانایی (٦٩ × ٥، ٤٨سم). لەگەڵ سەد وێنەی میناتووری ڕەنگاوڕەنگ. بەشێ لە دوو بەیتەکانی بابا تاهیری تێدا تۆمار کراوە. ژمارەی دەسنووسەکە (E-12)یە لە نامەخانەی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی سانت پیترسبورگ پارێزراوە.

ب – دوو بەیتە چاپکراوەکانی بابا تاهیر

ئەوەی بە ناوی بابا تاهیرەوە کەوتۆتە ناوەوە لە بەرهەمی شیعری ئەوەیە کە نزیکەی ٦٠٠ دوو بەیت و پێنج غەزەل و چەند پارچەیێکە، بەڵام وا باوە کە دوو بەیتەکانی لە ١٣٠ تێپەڕ ناکەن.

چاپێکی زۆری دوو بەیتی بابا تاهیر لە ناوەوەیە بۆ بەکار هێنانی ڕۆژانە، دوو بەیتەکانی ئەم چاپانە لە قاڵبی زمانی فارسی تازەدا مەییوون و بوون بە موڵکی فارس، هەر لەبەر ئەوەشە چوونەتە ناو مێژووی ئەدەبیاتیانەوە، بەڵام ئەوەندە هەیە بە ناوو ناوەڕۆک بابا تاهیر کوردە و توێکڵ و قاووغ زمانی فارسییە، لەو چەند ساڵەی دووایییەدا مەشقی گۆڕینی ئەم دوو بەیتانە دەستی پێ کرد لە زمانی ئەسڵی خۆیانەوە بۆ زمانی فارسیی تازەی ئەم چەند سەد ساڵەی دووایییەدا.

چاکترین چاپی زانستیی دوو بەیتەکانی بابا تاهیر ئەوەیە کە حوسێن وەحید دەستگوردی ساغی کردۆتەوە و ڕەشید یاسەمی پێشەکیی بۆ نووسیوەتەوە. ڕەنگە فراوانترین و گەورەترین کتێب لە بابەت بابا تاهیرەوە ئەوەی محەمەد کوڕی ئیبراهیمی ناسراو بە خەتیبی وەزیری بێ. هەرچی لە بارەی شاعیرەوە ووترابێ کۆی کردۆتەوە، هەوڵی ئەوەی داوە لە هیچ سەرچاوە و بەڵگەیێک لانەدا. بەڵام

هەوای «پان ئێرانیستی»یانە بە ئاشکرا دیارە، ڕێگە نادا بابا تاهیر لە ناو چووار چێوەی «فارسیزم» بچێتە دەرەوە!

دۆزینەوەی شیعری تری بابا تاهیر

لەوانەیە بابا تاهیر ویستبێتی بە زمانی ئەو لوڕانەی پێڕەوی ئایینی یارسانیان دەکرد شیعر بڵێ. ئەوەی ئاشکراشە ئەوەیە کە بابا تاهیر شیعری بۆ سروود گوتن واتە گۆرانی چڕین بۆ ئەهلی هەقی یارسان نووسیوە. ئەم سروودانە لە ناو ئەو خەڵکانەدا باوون و لەگەڵ ئاوازی تەمبوور دەووترێن.

لەو دووایییە دا کۆمەڵێک شیعری بابا تاهیری هەمەدانی لە نامەخانەی مۆزەی قۆنیە لە ئارامگای جەلالەدینی ڕۆمی دۆزراوەتەوە، ئەو دەسنووسەی شیعرەکانی تێدا تۆمار کراوە لە ساڵی ٨٤٨ھ/ ١٤٤٤م ڕوو نووس کراوە. شیعرە کوردییەکانی دەسنووسەکە ئەمانەی لای خوارەوەن:

١

گـــــەر ئەژ زەر ئەونەهی دیوانە ئەز گل
بە پەرچینەش کـــری وانووشـــە وو ول
گەر ئەو بشنەش نەهی ئان داری شمشاد
گـــەر ئەو روونەش کـــری ئاواجی بلبل
ســـەرەنجـــامـــان بشی بە پا بە هەرزی
پایی تە گـــوور وی مـــــاوایی تە گل

واتاکەی:

(با لە باتی گڵ و خاک تەلارێک لە زێڕ دروست بکەی
لە گوڵ و وەنەوشە پەرژینی بۆ بکەی
با لە سایەی ئەوداری شمشادە دابنیشی
با لە هەموو لایێکەوە بلبل ئاواز بپڕێنێ
سەرەنجام لە ناو دەچێ و نامێنی
جێگەت گۆڕ و مەئوات گڵ دەبێ)

شاعیر لێرەدا باس لە کورتیی ماوەی ژیانی ئادەمزاد دەکا، ئەوەی دروستی دەکا و دایدەمەزرێنێ گەلێ لە تەمەنی درێژترە، ئەم بیروڕایە دەور کردنەوەی بیر و باوەڕی ئایینییە، ئەوەی دەڵێ ژیانی سەر زەوی کورتە و ژیانی دووەم نەمر و هەمیشەییە. سۆفیزمی پراکتیکی خەریکی ئەم مەسەلەیە چونکە بایەخ بە ژیانی گیانی دەدا نەوەکو ژیانی مەتریالی، لەوانەیە لەمەدا جیاوازی لە نێوان بیروڕای ئایینی و سۆفیزم «شەریعەت و تەریقەت» دا هەبێ.

٢

زاری جەم دی وە دایی مورج ئەد خەورود
مورجان دوو دەستی وە خودا دەرود
ناگەهان بامە دەند بازی وە داری
زارە جەش کوشت و موران زارج ئەد خورود
دالی جە ئەلوەند کووهان کەرد پەرواز
بازەش بە کوشت و خوونەش پاک وە خورود
بەعد نەچیرەوان دەردین و دە ئاین
بەو کەدەش تیر وە دال ئەژکار بەدرود
بشە نەچیرەوان دەستەت وەچا دەست
چەمننەت بەد کەرە ئەژکار بەدرود
بە نامی نەشئە ئینی کەمەن کەرد
بەمەن هەر ئان کەرەند هەروەد کەمەن کەرود
خوررەم ئان کیژ کو وەد کار نەبی
خوش ئان کیژ کو وەزنتکویی کەرود

واتاکەی:

(کەوێکم دی باڵندەیێکی گرت و خواردی
باڵندەکان هەر دوو دەستیان پان کردەوە لەبەر خودا
لەپڕ بازێک لە سەر دارێک بەفریایان کەوت
کەوی کوشت و باڵندەکان کەوەکەیان خوارد

دالێک لە شاخی ئەلوەند پەروازەی دەکرد
بازی کوشت و هەموو خوێنی خواردەوە
لە پاشانا ڕاوچییێک پەیدا بوو
تیرێکی ئاڕاستەی داڵەکە کرد و لە پێی دا
(داڵ) ووتی ئەی ڕاوچی خودا دەستت بشکێنێ
چونکە ڕاوی ئێمەت تێک دا
لە وەراما ووتی بەم کردەوەیەی خۆت مەنازە
هەر کارێکی خراپی من بیکەم بۆ خۆم دێتەوە
بەختیاری بۆ ئەو کەسەیە کە کاری بەد ناکا
خۆشی بۆ ئەو کەسەیە کە بە بەدکاری ڕازی نابێ)

لەم پەندە دا شاعیر دەیەوێ ئەوە دەربخا کە لە دووای هەموو هێزێک هێزێکی بەهێزتر هەیە. کە هێز و توانا ببێ، دەبێ زەبر و زۆرداری هەبێ، کەوا بێ بەختیاری تەنیا لەوەدا دەبێ کە هێز نەبێ، کە نەبوو زۆرداری نابێ.

٣

یاگـیم دوڕ دی هەنی دەریە نەبود یار
یاگیم خوەردید گهان پەیدا نەبود یار
من ئەژ ئان ڕوو بەدامانی تە زەد دەست
دەگەردوونت پەرو پایی نەبود یار

واتاکەی:
(ئەو جێیەی دوڕم تێدا دی هێشتا زەریا نەبوو ئەی یار
ئەو جێیەی ڕۆژم تێدا دی هێشتا گێتی نەبوو ئەی یار
من لەو ڕۆژەی کە دەستم گەیشتە داوێنت
لە گەردوونت دا هێشتا پەرو باڵ نەبوو ئەی یار)

لەم دوو بەیتە دا بابا تاهیر باس لە «گیان» (یار) دەکا، ئەمە زۆر پێش دروست کردنی گێتی کەوتووە. بە پێی «سەرەنجام» لە پێشانا هیچ هەبوو، گێتی زەریا بوو، دوڕێک لە سەر دەریا دەسووڕایەوە. خودا دوڕەکەی لە ناوبرد، لە ئەنجاما

دووکەڵ بڵند بوو و ئاسمانی دروست کرد. ئینجا ئەستێرەی بەرز کردەوە، لە پاشانا ژمارەی ئەو «یاران»ەی دیاری کرد کە لە دوواییی دا لە لەشیانا خۆی دەنوێنێ، ئینجا لە ڕووناکیی خۆی مانگ و خۆر و شەو و ڕۆژی دروست کرد.

شاعیر لەم دوو بەیتە دا هەمیشەیی «موتلەق» دەخاتە ڕوو، کە «گیان» هەبوو هێشتا «مادده» نەبوو، کە «دوڕ» و «ڕۆژ» و «یار» هەبوو هێشتا گێتی دروست نەبوو بوو.

ئەم شیعرەی بابا تاهیر شیعرێکی ترمان دێنێتەوە یاد کە دووسەد ساڵێک پاش ئەو ووتراوە، ئەمە شیعرەکەی ئیبنولفاریزە (ابن الفارض) (١١٨١ - ١٢٣٥م) کە دەڵێ:

شربنا على ذكر الحبيب مدامة   سكرنا بها من قبل ان يُخلق الكرمُ

واتە: شەرابێکمان لە یاد کردنەوەی خۆشەویست خواردوە

پێی سەر خۆش بووین پێش ئەوەی ڕەز دروست ببێ

شاعیر ئەوە دەردەبڕێ کە «سەرخۆشی» واتە «گیان» پێش «مەی و مەیخانە» واتە «مادده» پەیدا بووە.

٤

یاکە ئەژ میهری تەم دەم مىزەد ئەی یار
خــوێش بێگانەگــان سنگم زەد ئەی یار
جـورمـوم ئینە کـە ئەژ تە دوست داروم
نەخـوونم کـەرد و نەم راهـی زەد ئەی یار

واتاکەی:

(لەوێ کە من بەر میهری تۆ دەکەووم ئەی یار
خوێش و بێگانە سنگم بریندار دەکەن ئەی یار
گوناهم ئەوەیە کە من دۆستی تۆم
من نەخوێنم کردووە و نەڕێی کەسم گرتووە ئەی یار)

لەم دوو بەیتە دا شاعیر لەوە دەدوێ کە لە ڕێزی خەڵکی چۆتە دەرەوە، چونکە

خەڵکی گوێ نادەنە عەشق، شاعیر گوێ دەداتە عەشق، بەم جۆرە لە ڕێز دەچێتە دەرەوە و دەبێ بە بێگانە، لەبەر ئەوە خەڵکی خۆشیان ناوێ و دەبێتە تاوانبار بەرامبەریان، هەر لەبەر ئەوەشە دەڵێ من گوناهم ئەوەیە تۆم خۆش دەوێ.

٥

مەن ئان پیروم کە خوانەندەم قەلەندەر
نە خانم بی نە مانم بی نە لەنگەر
روو هەمە روو وەرایەم گردی گێتی
شەو دەر ئایە وە ئەو سەنگی نەهم سەر

واتاکەی:

(من ئەو پیرەم کە بە قەلەندەر ناسراووم
نە ماڵم هەیە، نە سامانم هەیە، نە لەنگەر
بە درێژایی ڕۆژ هەمووی لە گێتی دەسووڕێمەوە
کە شەو دەکشێ سەرم لە سەر بەردێک دادەنێم)

ئەم دوو بەیتەی دەسنووسی قۆنیە (١٤٤٤م) لە دەسنووسی پاریس (١٨٤٤م)یش دا هەیە، ئەگەر بەرامبەری و بەراووردێک لە نێوان هەر دوو دووبەیت دا بکەین بۆمان دەردەکەوێ تا چی ڕادەیێک دەسکاریی دوو بەیتەکانی بابا تاهیر کراوە. (بڕوانە «من = بابا تاهیر و هەموو قەلەندەرێک» لەم کتێبەدا، لەوێ ئەم دوو بەیتە بە شێوەیێکی تر نووسراوەتەوە).

٦

یا ئەز ئین بەند دەر ئیزناوەکیتیم
خوونەم ئەز خوردو دەر خووناوە کیتیم
یا دەرین شوومە گێتی ئوم نە یایا
ئەژ خووبی بارە دەر وەلاوە کیتیم

واتاکەی:

(حەزم دەکرد لە ئیزناوە بوومایە

خوێنم خواردۆتەوەو لەناو خوێنا دەژیم
لەم گێتییەدا هیچ جێیێک نییە بۆ من بشێ
دیارە من لەخۆمدا نەماووم

دەبێ پیری بابا تاهیر یا دڵبەری لە ئیزناوە (ناوی ناوچەیێکە لە هەمەدان) بوو بێ و خۆی لە هەمەدان. لە یەکتری دوورن، بابا تاهیر دەبێ لە نزیک پیریەوە بێ، ئەگەر لەوێ نەبێ، دیارە لە هیچ جێگەیێکی تر نییە، کە لە هیچ جێگەیێک نەبێ بوونی نییە. ئەم وێنە داهێنراوە جووانە جەلالەدینی ڕۆمی (١٢٠٧ - ١٢٧٣)مان دێنێتەوە یاد لە مەسنەوییەکانی دا، کە ٢٥٠ ساڵێک پاش بابا تاهیر ژیاوە.

٧

پەنج رووزی هەنی خوررەم گهان بی
زەمین خەندان و بەرمان ئاسمان بی
پەنج روویی هەنی هازید و سامان
نە جینان نام و نە ژ ئانان نیشان بی

واتاکەی:

(لە پێنج ڕۆژ دا گێتی بەختیارە
زەوی بۆمان پێ دەکەنێ و ئاسمان دامان دەپۆشێ
پێنج ڕۆژی تریش سەروەت و سامان لە ناوەوەیە
نە لەمانە و نە لەوان هیچ نیشانەیێک نەماوە)

پەندی پێشینانی کوردی دەڵێ «دنیا پێنج و دوو ڕۆژێکە» بە مانای حەوت یا دووجار پێنج ڕۆژ، لێرەدا بابا تاهیر ئەم هەڵهێنەمان بۆ دەکاتەوە لە بابەت «نەبوون»ی گێتی و «بوون»ی گیان. دەڵێ لە پێنج ڕۆژی یەکەم گێتی بەختیارە، ئەم خۆشییە پێنج ڕۆژی تریشی دەمێنێ، لە پاش ئەوە نامێنێ، مەبەسیشی ئەوەیە کە تەنیا چاکە لە سەر ڕووی زەوی دەمێنێ.

٨

ئەلف کەژ کاف و نوونەش سەر بە بەر کەرد
هەمەش هامان گهان ئەو لاجیوەر کەرد

ئانکیش ئەو ئافـیـری گـەردوونـی گـەردان
ئانیش ئەد سات و مـەن ئەنداجـە ئـەر کـەرد

واتاکەی:
(کە کاف و نوونی ووت و گێتیی دروست کرد
گێتیی بە ڕەنگی لاجیوەردی خستە ڕوو
ئەو کەسەی گەردوونی گەردان دەسووڕێنێتەوە
هەر ئەویشە ئەدگاری ئێمەشی داڕشتووە).

لەم دوو بـابەتـە دا بابا تـاهیـر بیـروڕای ئایینی یـارسـان دەردەبڕێ لـە بارەی کـردگار و دروست کـردنی گـێـتییـەوە. بـێ گومـان ئەمـە لەگـەڵ بیروڕای ئایینە ئاسمـانییەکانی تریش دەگونجێ، بە تایبەتی ئیسلام، چونکە ئەوەتا کاف و نوونی لە قورئان وەرگرتووە.

٩

بشـەم بە ئەلوەند دامـانی مـو نیـشـانوم
دامـەن ئەژ هەر دوو گـێـتی هاویشـانوم
نیـــشـــانەم تـوو لە وو مـــوویـەم بە زاری
بـی کی بلبل هـەنی وە ویل نیـــشـــانوم

واتاکەی:
(دەچم بۆ دامەنی کێوی ئەلوەند و لەوێ دادەنیشم
خۆم لە هەر دوو گێتی ڕزگار دەکەم
دادەنیشم و پرچم دەکەمەوە و واوەیلا دەکەم
با بلبل و گوڵ بەشداری لەم دانیشتنە بکەن)

***

ئەز ئـان ئەســبــیــدە بـازم هەمـــەدانـی
بە تـەنهـــایی کـــەروم نـەچیـــرەوانـی
هەمـــە بـە من ویدیرەند چرغ و شـــاهین
بـە نـامـی مـن کـــەرەند نـەچیـــرەوانـی

واتاکەی:

(من ئەو بازە سپییە هەمەدانییەم
به تەنیایی ڕاووشکار دەکەم
هەموویان بەهۆی منەوە چرگ و شاهێنیان هەیە
بە ناوی منەوە ڕاووشکار دەکەن)

ئەم دوو بەیتە هەندێ لە بیر و ڕاکانی ئایینی یارسان شی دەکاتەوە و دەخاتە ڕوو: بابا تاهیر کە خۆی بە بازی سپی دادەنێ لاسایی پێشەوایان و پێڕەوانی یارسان و سۆفیزمی ئیسلامی دەکا، ئەمانە هەموویان خۆیان بە بازی سپی دادەنێن، کردگاریش شابازە واتە شای بازان. لە «سەرەنجام» دا باز عاریفی تەواوە لە پایەی پیر دایە. شاباز ڕەنگدانەوەی «یەکێتیی بوون»ە، هەموو بازانی تر بۆ ئەوە دەچن و لە ناو یەکتری دا دەتوێنەوە. بەو هۆیەوە دەڵێن یەکێ لە لەقەبەکانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی (١١٦٤م کۆچی دوایی کردووە) «بازی سپی»یە (الباز الأشهب).

گەشتێک بە ناو دوو بەیتەکانی بابا تاهیر

لە سەردەمی ژیانی بابا تاهیرا (سەدەی ٤ – ٥ ھ/ ١٠ – ١١م) بزووتنەوەی سۆفیزمی ئیسلامی جارێ لە دەوری تیۆریی کلاسیکی دابوو، مەبەسی لە تێوری ئەوەیە کە هێشتا بە تەواوی ڕەنگی لە ئەدەبیات دا نەدابووەوە. بەڵام وەکو ئیدیۆلۆجییەتێک گەلێ لق و پۆپی لێ بوو بووەوە، هەروەها لەو دەورەدا سەرەتای ئەو ئەدەبە بەرزە دەستی پێ کرد، کە لە ناوەرۆکی سۆفیزمەوە هەڵقولا بوو و لە دوایی دا بە «ئەدەبی عیرفانی» ناوبرا. ئەدەبی سۆفیزم پەنای بردە بەر شێوازی «ڕەمز» چونکە وەشاوەترین شێوازێکە بۆ دەربڕینی هەستی دەروونیی لای پێڕەوانی سۆفیزم.

بێ گومان سۆفیزم بزووتنەوە و گۆڕان بوو، تازە کردنەوە بوو، نەتەوە موسوڵمانەکانی ناعەرەب هەموو تازەیێکیان وەردەگرت، چونکە بە هۆی ئیسلامەوە لە کۆنی خۆیان داپچڕا بوون، هەمیشە ئامادە بوون کە شتی تازە وەربگرن.

لە سەرەتای ئیسلامەوە تا دەوروبەری ژیانی بابا تاهیر سۆفیزمی ئیسلامی شتێکی ئەو تۆمان بۆ دەور ناکاتەوە کە ببێتە نموونەیێکی باش لە ئەدەبی سۆفیزم

جگە لەو شیعرە عەرەبییانەی دەدرێنە پاڵ مەنسووری هەلاج (لە ٣٠٩ه/ ٩٢٢م مردووە). لەبەر ئەوە دەتوانین بابا تاهیر بە یەکێک لە سەرامەدانی نوێ کردنەوەی شیعر و داهێنەرانی شیعری سۆفیزم بزانین نەوەکو تەنیا لە ئەدەبی کوردی دا بەڵکو لە گێتیی سۆفیزمی ئیسلامی و کۆزمۆسیش دا.

لەگەڵ ئەوەی دوو بەیتەکانی بابا تاهیر دەچنە ناو دیوانی سۆفیزمی ئیسلامییەوە، بەڵام بێ گومان جەوهەری ئایینە کۆنەکان و بە تایبەتی ئایینی یارسانیان پێوە دیارە، بێ گومان ئایینی یارسانیش گەلێ لە ئیسلام بە کۆنتر لە قەڵەم دەدرێ، لە دووایی دا دەتوانین بڵێین دوو بەیتەکان دەبن بە ڕەمز و قسەی پیرۆز لای هەموو سۆفییێک لە هەر نەتەوەو ئایینێک دابێ.

جگە لەمە دوو بەیتەکان بۆ مەبەسی تریش بەکار دێن، وەکو دڵداریی رۆمانتێکیی نێوان نێر و مێ، بەم جۆرە مەستی مەیی ئاسمانی و سەرخۆشی مەیی مەیخانەی سەر زەوی بە سرووود لە ناخی دڵ و دەروونیان ئاوازی ئاگرین دێتە دەرەوە و جووانی لە «بوون» دا بڵاو دەکاتەوە.

١- یاری نادیار

ئەستووریی بیر و باوەڕی بابا تاهیر لە سەر دوو جەوهەر دامەزراوە «من» و «تۆ»، «من» بابا تاهیرە، دروشمی هەژاری و کەساسی و بێ دەسەڵاتی و پڕ گوناهییە، نوێنەری هەموو سۆفی و دەروێشێکە کە بە شوێن ڕاستی دا دەگەڕێ. بابا تاهیر دەبێ وابێ، ئەگەر وا نەبێ دەبێتە بەشێک لە «تۆ» (کردگار) و مەسەلەکە کۆتایی پێ دێ، بەڵام نابێ مەسەلەکە کۆتایی پێ بێ.

بۆ مەبەسی هەڵبژاردنی دوو بەیتەکانی بابا تاهیر وەکو بەڵگە بۆ ئەم کتێبە باوەڕ بە دەسنووسی کۆن و بڵاو کراوەی ڕۆژهەڵاتناسەکان کراوە، هەرگیز تخوونی ئەو دووبەیتانە نەکەوتووین کە گفتوگۆ و چەندو چوونیان لە سەرە و ئاووڕیشمان لە چاپە ڕەنگاوڕەنگە زۆر و زەبەندەکانی ئێران نەداوەتەوە.

«تۆ» خۆی لە یار و چاو ڕەش و دڵ و دڵسووتاو و دڵبەر و جووان (کردگار) دەنوێنێ. بابا تاهیر رەمزی نەگەیشتن بە ڕاستییە (حەقیقەت) و هەوڵ دەدا بگاتە ئەو ڕاستییە، ئەگەر بیگاتێ قۆناغی تووانەوەیە لە ناو کردگار دا، ئیتر «من» و «تۆ» نامێنێ.

١- من = بابا تاهیر و هەموو قەڵەندەرێک

بابا تاهیر دەبێ دوور بێ (مجرد) لە هەموو «شت»، لە گێتیی مەتریاڵی دا نییە، ئەگەر لەوێ بێ مەبەس تێک دەچێ، لەم لایەنەوە دەڵێ:

مــوو ئـان ڕەندم کــە نـامم بێ قــەڵەندەر
نە خوون دێروم نە موون دێروم نە لەنگەر
چو رۆچ ئـایۆ بگەردوم گــەردی گــێــتی
چو شــەو ئایۆ بەخـشـتی وانەهـەم سـەر

واتاکەی:

(من ئەو ڕەندەم کە ناووم قەڵەندەرە
نە ماڵم هەیە، نە سامانم هەیە، نە لەنگەر (جێگە)
کە ڕۆژ دادێ لە سەر زەوی دەسووڕێمەوە
کە شەو دەکشێ سەرم لەسەر خشتێک دادەنێم)

هەروەها دەڵێ:

بی تـە سـەردەر گـریبـانوم شــەو و رۆچ
سـریشک ئەز دیدە باروونوم شـەو و ڕۆچ
نـە بیـــمـــاروم نـە ژایوم مـــیکەرۆ دەرد
هەمـی زوونوم کـە نالوونوم شــەو و ڕۆچ

واتاکەی:

(بێ تو شەو و ڕۆژ لە بیابانان دا دەژیم
شەو و ڕۆژ فرمێسک لە چاووم وەکو باران دێتە خووارەوە
نە ئازارم هەیە و نە دەردەداریشم
هەر ئەوەندە دەزانم کە شەو و ڕۆژ دەناڵێنم)

لێرەدا سنوور بۆ «کات» و «جێگە»ی شاعیر نییە، کات هەموویەتی، شەو و ڕۆژ، جێگەش هەموویەتی، هەموو ڕووی زەوی، هەروەها نەوەکو بە لەش لە مەتریال

دووره، بەڵکو بە گیانیش لە ئێش و نێش و دەرد و ئازار دووره، کەچی فرمێسک هەر دەڕێژێ و لە ناڵە ناڵیش ناکەوێ چونکە نەگەیشتۆتە ڕاستی (حەقیقەت).

ئەم «بوون»ەی تازە نییە، لە تەمەنی لەشی زۆر درێژترە، لە «قالوو بەلا» (قالوا بلی) وەیە، بۆ ئەمە دەڵێ:

مــوو ئەز قــالوو بەلا تەشــویش دێروم
گــوناه ئەز بەرگی داروون بیش دێروم
چوو فەردا نوومە خوونون نوومە خوونن
مـوو دەرکەف نوومە سەردە پیش دێروم

واتاکەی:
(من لە قالوو بەلاوە ترسم هەیە
لە گەڵای دار و درەخت زیاتر گوناهم هەیە
لەو ڕۆژەی کە هەر کەس کتێبی خۆی دەخوێنێتەوە
کتێبی دەستم شان و پیلم دەچەمێنێتەوە)

شاعیر زۆری ماوە لە ڕاستی (حەقیقەت) نزیک بکەوێتەوە، چونکە گوناهی یەکجار زۆرە، لە گەڵای دار و درەختی هەموو ڕووی زەوی زیاترە.

بابا تاهیر کە لە ڕۆژی قیامەت دا، وەکو هەموو کەسێکی تر، دەفتەری خۆی لەگەڵ خۆی دا هەڵدەگرێ، دەفتەرەکە لەبەر قورسی هەموو شان و پیلی دێنێتە خووارەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا شاعیر عاشقی ڕاستییە و هیچ کۆڵ نادا و دەبێ بگاتە خۆشەویستی، دەڵێ:

مووەم ئان ئازەرین مورغی کە دەر حال
بسـووجم عــالەم ئەز بەرهەم زەنەم بال
موسەووير گەر کەشە نەقشم بە دیوار
بسووجم خوونە ئەز تەئسیری تیمسال

واتاکەی:
(منم ئەو باڵندە ئاگرینەی کە دەست بە جێ
هەموو عالەم دەسووتێنم ئەگەر باڵم بشەکێنمەوە

وێنەگر ئەگەر وێنەم بکێشێ لە سەر دیوار
خانوو دەسووتێ لە تەئسیری وێنەکە)

شاعیر زۆر ڕاستە لە بیروباوەڕی، عاشقێکە گەیشتۆتە پلەی سووتان، واتە توانەوە و لە ناو چوون لە ناو مەعشووق دا، لەبەر ئەوەیە ئاگری عەشقی ئەوەندە بە تینە هەموو گێتی دەسووتێنێ، نەک تەنیا وەکو «لەش» بەڵکو ئەگەر وێنەشی لە سەر دیوار بکێشرێ، وێنە دەبێ بە ئاگر و گڵپە و خانووەکە دەسووتێنێ.

٢- تۆ = مەعشووق

«من» لەلای شاعیر «تۆ»یە، یاخود «تۆ» لە ناو «من» دایە، چونکە من عەوداڵی تۆم، من تۆم ڕاکێشاوەتە ناو خۆم، لەو کاتەی کە من ئارەزوو دەکەم تۆ من بکێشییە ناو خۆت، بەمە «یەکێتیی بوون» دێتە دێ:

ز دل نەقشی جەمالت دەرنەشی یار
خەیالی خەتت و خالت دەرنەشی یار
موژە سازوم بە گەردی دیدە پرچین
کە خوون رێژە خەیالت دەرنەشی یار

واتاکەی:
(نەقشی جووانیت لە دڵم دەرناچێ ئەی یار
وێنەی خەت و خاڵت لە خەیاڵم دەرناچێ ئەی یار
برژانگم دەکەمە پەرژین لە دەوری چاووم
بۆ ئەوەی وێنەت دەرنەچی کە فرمێسکی خوێنین
دەڕێژم ئەی یار)

لەبەر ئەوەی شاعیر خۆی بێ توانا و گوناهبار دادەنێ، لەوە دەترسێ لە پڕێک دا مەعشووق لە دڵی بچێتە دەرەوە یا لە خەیاڵی بسڕێتەوە، بۆیە برژانگی دەکا بە پەرژین بۆ ئەوەی وێنەی مەعشووق لەگەڵ فرمێسکی خوێنین کە ئەویش لە ناخی دڵەوە هەڵدەقوڵێ نەچێتە دەرەوە.

دیارە شاعیر تەنیا بە عەشقی خۆی دەزانێ، ئەوەی لەلا ئاشکرایە کە ئەو مەعشووقەی ڕاکێشاوە بۆ خۆی، با مەعشووقەش گوێی نەداتێ، بەڵام هەر

مەعشووقەیە کە شاعیر خاوەنی بێ:

نـیـگـاریـنـا! دل و جـــــــانم تـە دێـری
هـەمـــــە پـەیدا وو پـەنـهـــــانم تـە دێری
نەزوونم مـوو کـە ئین دەرد ئـەز کی دێروم
هـەمێ زوو نـوم کـــە دەرمــــانم تە دێـری

واتاکەی:

(ئەی جووان تۆ خاوەنی دڵ و گیانی منی
تۆ خاوەنی بوون و نەبوونی منی
من نازانم ئەم دەردەم لە کوێوە هاتووە
بەڵام ئەوە دەزانم کە دەرمانم لای تۆیە)

ئەوەی نهێنییە و لای شاعیر ئاشکرا نییە ئەوەیە کە نازانێ لەبەر چی مەیلی بۆ مـەعـشـووقـە هەیە، واتە بە دەردی دڵدارییـەکـە ناگـا، بەڵام لەوە دڵنیـایە کـە ئەم ڕەووشـتـەی ڕاسـتـە، واتە توانەوە لە ناو مـەعشـووقـە ئامـانجی دواییـیـە و ئەگـەر عەشق دەرد بێ، ئەوا دەرمان لای مەعشووقەیە.

بابا تاهیر زیاتر «یەکێتی»یەکە ڕوون دەکاتەوە کە دەڵێ:

بـوره بـوره کــــە جــــانـانـوم تـو وێ تـو
بـوره بوره کــــە ســـوڵـتــــانوم تو وێ تـو
تو خـود زوونی کـە غـەیرەز تو نـەزوونوم
بـوره بوره کــــە ئـیـــمـــــانوم تـو وێ تـو

واتاکەی:

(وەرە وەرە جانی جانم هەر تۆی
وەرە وەرە سوڵتانی من تەنیا هەر تۆی
تۆ خۆت دەزانی کە لە تۆ زیاتر کەس ناناسم
وەرە وەرە بیر و باوەڕم هەر تۆی)

لێرە دا کە دوو شت «من» و «تۆ» بـەرامبـەر بە یەکتری دادەنێ، مـەبەسـی ئەوەیە

هەر دووکیـان بکا بە یەک، یاخـود هەر دووکیـان هەر یەکـێکن، «من» بەلایەوە ناتەواوییــە، ئەوەی تەواوی دەکـا «تۆ»یە، ئەم «تۆ»یە خـۆی یەکـێکە و تەواوە، بێ «من»یش هەر تەواوە، لەبەر ئەوەیە، «من» کە «نەبووە» بە «تۆ» دەبێ بە تەواو.

٣- نزیکی دوور - دووری نزیک

گەیشتن بە دڵبەر ئەو پەڕی ئاواتی بابا تاهیرە، ئەگەر بە یەکتری گەیشتن (ویساڵ = وصال) ڕاستەوخۆش نەبێ، با ناڕاستەوخۆ بێ:

خوورەم ئانان کە هەر شامان تە وینون
سوخون واتە کروون واتە نشینون
ئەگەر دەستوم نەوی کایوم تە وینون
بشوم ئانوون بوینم کە تە وینون

واتاکەی:

(بەختیاری بۆ ئەوانەیە کەشەوان تۆ دەبینن
لەگەڵت دا قسە دەکەن و لە تەکت دا دادەنیشن
ئەگەر بۆم نەگونجێ تۆ ببینم
دەچم ئەو کەسانە دەبینم کە تۆیان دیوە)

لێرەدا ئەو یارە یاری هەموو کەسێکە، مەعشووقەی هەموو عاشقانە، لەبەر ئەوەیە بابا تاهیر ئەو کەسانە بە بەختیار دەزانێ کە گەیشتوونەتە ویساڵی مەعشووقە، دیارە خۆی جارێ هەر لە ڕێیە و هێشتا نە گەیشتۆتە نازەنین، ئەگەر تووشی ئەو کەسانە ببێ کە بە مەعشووقە شاد بوون ئەوا ئەویش بەختیار دەبێ چونکە ئەو عاشقانە بۆنی مەعشووقەیان پێوەیە.

لە غەزەلی ڕۆژهەڵات شەڕ و شۆڕ و مەیدانێکی زۆرانبازی دروست دەکرێ بۆ ئەو جووانەی هەموو کەسێک خۆشی دەوێ، ئایا لە دووا جار دا دەبێ بە هی کێ؟! بەڵام باباتاهیر ئەو جووانە لە گێتیی لەش دێنێتە دەرەوە و دەبێ بە بت، کە بوو بە بت دەبێ بە ئایین، ئیتر ئەو کەسانەی بە پەرستن (عیبادەت) دەتووانن بگەنە «بینین» دەبن بە ڕێبەری ئەوانەی لە ڕێگەن. بەم جۆرە بابا تاهیر دیمەنێکی ڕۆمانتیکی دروست دەکا، دڵدارییێکی وا دەخاتە ڕوو بە کەڵکی ئەرزیش و ئاسمانیش بێ.

بیر کردنەوە لە مەعشووقە زیکری شەو و ڕۆژی شاعیرە، بووە بە هۆی هەوێنی خەیاڵبازی و داهێنانێکی وێنەی جووانی کە هەرگیز پێش ئەو نەووتراوە. خۆشەویست دوورە و نزیکیشە، ئەگەر چی ویساڵ بە وێنە ماددییە بەڵام لە ڕاستی دا ئیدیالییە (خەیاڵی)، شانۆی ویساڵ لە سەر بارەگای خەیاڵی گیانە، بۆیە شاعیر دەڵێ:

نەسیمی کەز بونی ئان کاکول ئایوو
مەرا خۆشتر ز بۆیی سونبول ئایوو
بە شەو گیرەم خەیالەشرا دەر ئاغووش
سەحەر ئەز بەستەرەم بۆیی گوڵ ئایوو

واتاکەی:
(ئەو شنە بایەی لە نێوان کاکۆڵت دێ
بۆ من لە بۆنی سونبول خۆشترە
بە شەو دەست لە ملی سێبەرت (تارماییت) دەکەم
بەیانی بۆنی گوڵ لە نوێنم هەڵدەستێ)

دڵداریی شاعیر وەکو دڵداریی خەڵکی تر نییە، مەعشووقەی ئەو وەکو مەعشووقەی عاشقەکانی تر نییە، عاشقان بەلای ئەوەوە دوو جۆرن: عاشقی موتلەق و عاشقی زەمینی، ڕێگەی گەیشتن بە عەشقی موتلەقی ڕاست چەتوونە، ئەوەی تر ئاسانە. چەتوونەکەیان عاشقی وا هەیە بڕیویەتی، هی واش هەیە نەیبڕیوە، هی وەکو بابا تاهیر، بۆیە دەڵێ:

دلم ز دەردی تە دایم غەمینە
بە بالین خشتم و بستر زەمینە
هەمین جورموم کە مو تە دۆست دێروم
نە هەر کەس دۆست دارە حالەش ئینە

واتاکەی:
(دڵم لە دەردی تۆ دایم غەمگینە
خشت سەرینمە و زەوی نوێنمە

گوناهم ئەوەیە چونکە دۆستم هەیە
بەڵام هەموو کەسێکی دۆستی هەیە حاڵی وانییە)

دووریی مەعشووقە گەلێ درێژە لای بابا تاهیر، ئەو دوورییە بێ کۆتاییە، بە بەڵگەی ئەوەی تا تەمەنیشی بە سەر دەچێ هەر ناگاتە دڵبەر کە دەڵێ:

بێ تە ئەشکم ز مـــوژگـــان تەر ئایوو
بێ تە نەخلی ئومـــێـــدم بی بەر ئایوو
بێ تە دەرکـونجی تەنهایی شـــەو و رۆچ
نەشـینم تاکـە عـومـرم بەر سـەر ئایوو

واتاکەی:
(بێ تۆ فرمێسک لە چاووم دێتە خوارێ
بێ تۆ داری ئومێدم بێ بەرە
بێ تۆ لە کونجی تەنیاییم شەو و ڕۆژ
هەروا دەمێنمەوە تا عومرم بە سەر دەچێ).

دەبێ بابا تاهیـر نەگـاتە ئەو «شت»ەی عـەوداڵیـەتی، چونکە ئەگـەر بیگاتێ جادووەکەی بەتاڵ و ئەفسانە و نهێنییەکانی ئاشکرا دەبن.

٤- یەکێتیی بوون و پاڕانەوە

ڕەنگە ئەو بەڵگە هەڵبژێرراوانەی کە بۆ مەبەسی «یەکێتیی بوون» لە شیعری بابا تاهیر دا دەخرێنە ڕوو لە سەردەمی ئێستامانا وەکو وێنەیێکی دووبارە کراو بێتـە پێش چاو، چونکە لە پاش بابا تاهیر گەلێ لە شاعیرانی تری سۆفیزمی موسوڵمانیی عەرەب و فارس و تورک و کورد و هی تریش داهێنانی یەکجار بەرزیان هەیە لەم مەیدانەدا هی وەکو فەریدەدینی عەتتاری نیشابووری (لە ١٢٣٠م مردووە)، ئیبنولفاریز (١٢٣٥م مردووە)، محیەدینی ئیبنی عەرەبی (لە ١٢٤٠م مردووە)، جەلالەدینی ڕۆمی (١٢٧٣م مردووە)، فەزلولڵای حورووفی (لە ١٤٠٢م مردووە)، نوورەدینی جامی (لە ١٤٩٢م مردووە) و هیتریش. بەڵام ئەگەر ڕەچاوی سەردەمەکە بکەین دەبینین بابا تاهیر دەبێتە سەر پشک و لە یەکەمین ئەو کەسانە دەژمێررێ کە ئەم وێنانەیان هێناوەتە ناو ئەدەبەوە وەکو داهێنانێک لە

قاڵبی سۆفیزم دا، باباتاهیر دەڵێ:

بــە دەریــا بــنــگــرم دەریــا تــو ویــنــوم
بە ســـەحـــرا بنگرم ســـەحـــرا تو وینوم
بە هـەر جـا بنگرم کــۆهـ و دەر و دەشت
مــەگــەر ئـان دەم کــە زیبــایی تو وینوم

واتاکەی:

(کە ڕوو لە زەریا دەکەم، لە زەریا تۆ دەبینم
کە ڕوو لە سارا دەکەم، لە سارا تۆ دەبینم
ڕوو لە هەر جێیێ بکەم؛ کێو و دەر و دەشت
تەنیا جووانیی تۆ دەبینم).

دڵبەر هەموو شتێکە و لە هەموو جێیێکە، واتە «بوون» لەوە، یا لەوەوەیە، ئیتر «بوونی من» واتە بابا تاهیر، بەشێکە لە «بوونی تۆ» واتە «دڵبەر»، ئەمانە لە یەکتری جیا نابنەوە، ئەگەر چی وەکو دوو جەوهەر خۆیان دەنوێنن، بەڵام لە ڕاستی دا یەک جەوهەرن، بابا تاهیر ئەمە بەم جۆرە دەر دەبڕێ:

ئـەگـــەر دل دلبــــەرە دلبــــەر چ نوومــــە
وەگـــــەر دلبــــەر دلە ئەز چ نوومــــــە
دڵ و دلبـــەر بە هەم ئامــێــتــە دێروم
نەزوونوم دل کــەهـە دلبـــەر کــو دوومــە

واتاکەی:

(ئەگەر دڵ دڵبەرە دڵبەر ناوی چییە
ئەگەر دڵبەر دڵە دڵ ناوی چییە
دڵ و دڵبەرم تێکەڵ بە یەکتری بوون
نازانم دڵ کێهەیە و دڵبەر کامەیانە)

ئەم یەکێتییە هەموو شتێک کۆدەکاتەوە، هیچ «بوون»ێک نییە لە جەوهەری هەرە گەورە بچێتە دەرەوە، واتە هەموو شتێک وێنەی ئەو جەوهەرەی تێدایە، جەوهەری

هەرە گەورە ، هی هەموو شتێکە، هی هەموو کەسێکە، بۆیە لێک بوونەوە و جیا بوونەوە لە ئارادا نییە:

ئەگەر مەستانی مەستیم ئەز تە ئەیموون
وەگەر بێ پاو و دەستیم ئەز تە ئەیموون
ئەگەر گەوریم و تەرساو و موسولموون
بە هەرمیللەت کە هەستیم ئەز تە ئەیموون

واتاکەی:

(ئەگەر مەستی مەستانیش بین لە تۆ ئیمان داوا دەکەین
ئەگەر بێ پێ و دەستیش بین لە تۆ ئیمان داواو دەکەین
ئەگەر زەردەشتی و دیان و موسوڵمانیش بین
لە سەر هەر مەزهەبێک بین لە تۆ ئیمان داوا دەکەین)

هەموو شتێک لە دەست کردگارە، ئەوەی خۆی دروستی کردووە وێنەی خۆی دەنوێنێ و بەشێکە لە خۆی، واتە نابێ جیا ببێتەوە لێی، لەبەر ئەوە بە دڵنیاییەوە شاعیر دەڵێ:

ئەز ئان رۆچی کە مارا ئافەریدی
بە غەیرەز مەعسیەت ئەر ما چ دیدی
خودا وەندا بە حەققی هەشت و چاورت
ز موو بگوزەر شتر دیدی نە دیدی

واتاکەی:

(لەو ڕۆژەوە کە ئێمەت دروست کردووە
لە عاسی بوون بەدەر چیترت لە ئێمە نەدیوە
خودایە! بە هەقی هەشت و چووارت (دووازدە ئیمام)
لێمان خۆش بەو وا بزانە گوناهمان نەکردووە).

شاعیر پڕ باوەڕە کە خوداوەند لێی خۆش دەبێ و لە «دوور»ی ئەم نامێنێتەوە بەڵکو لێی «نزیک» دەبێتەوە.

٥- ڕێکخراوی دڵداران (عاشقان)

گوڵ و بلبل، یەکەمیان دروشمی جەوهەری هەرە گەورەیە (کردگار)، دووەمیان ڕەنگدانەوەی کردگارە و هەمیشە عەوداڵی ئەوەیە بچێتەوە ناو گەوهەرە هەرە گەورەکەوە، بەڵام بابا تاهیر خۆی و عاشقانی تر لە ئادەمزاد لە عەشقیان دا بە گەرمتر دەزانێ لە عەشقی بلبل بەرامبەر بە گوڵ، ئەوەی بووە بە نیشانە و بەڵگەی خۆشەویستی لە ئەدەبی هەموو نەتەوەکانی گێتی دا، بابا تاهیر دەڵێ:

بووره ســـــووتە دلوون هوون تا بنالیم
ز هیـــجـــری ئان گـــولی ڕەعنا بنالیم
بشـــیم با بلبلی شـــەیدا بە گـــولشـــەن
ئەگـــــەر بلبل نەنالە مـــــا بنالیم

واتاکەی:

(وەرن ئەی دڵسووتاوان تا هەموومان بناڵین
لە دووریی ئەو گوڵی ڕەعنایە بناڵین
لەگەڵ بلبلی شەیدا دابنیشین لە گوڵشەن دا
ئەگەر بلبل نە ناڵێ با ئێمە بناڵین)

بابا تاهیر خۆی لە دڵداران جیا ناکاتەوە، هەموو کۆمەڵێک ئامانج و ڕەووشتی خۆی هەیە، تاکەکانی ئەو کۆمەڵە هەست بە ئازاری یەکتری دەکەن، چونکە بۆ یەک ئامانج هەوڵ دەدەن، ئەویش گەڕانەوەیە بۆ جەوهەری هەرە گەورە، شاعیر لەم لایەنەوە دەڵێ:

نەوایی نالە غــــــەم ئەندووتە زونوو
عـــەیاری زەڕی خـــالیس پۆتە زونوو
بووره ســـــووتە دلوون دل هەم بنالیم
کـــە حـــالی ســـووتە دل دلســـووتە زونوو

واتاکەی:

(ئاوازی نالە غەمخۆر دەیزانێ

عەیاری زێڕی خالیس بۆتە دەیزانێ
وەرن ئەی دڵسووتاوان با پێکەوە بناڵین
دڵسووتاو حاڵی دڵسووتاو دەزانێ)

ناوەڕۆکی ئەم دوو بەیتە بە شێوەیێکی فراوان لە ئەدەبی نەتەوەکانی گێتی دا بڵاو بۆتەوە، ڕەنگە هەر کەسە بە داهێنانی خۆی بزانێ، کەچی ڕاستییەکەی ئەوەتا بابا تاهیر ئەم وێنە بەرزە تازەیەمان بۆ یەکەم جار دەخاتە بەر دەست. جا ئەوەی پێی زانیوە، یا پێی نەزانیوە، گرنگ نییە، چونکە لە دووای ئەو ووتوویەتی، هونەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی یەکەم جار ووتوویەتی.

٢- دڵداریی سۆفیزم لە جووانی مەتریالی دا

با ئەندامانی ڕێکخراوی سۆفیزمی سەر ڕووی زەوی و ئیماندارانی ئایینی یارسان و هەموو خاوەن دڵێک لە سەر ئەو باوەڕە بن کە دوو بەیتەکانی بابا تاهیر هەمووی ڕەمز و نهێنییە و کەس تێیان ناگا، خۆیان نەبن، بەڵام هەر ئەو ڕەمزانەش بوون بە نموونەی قووڵترین دڵداری و خۆشەویستی لە نێوان ئادەمزادا. لەو کاتەی کە مانای نهێنی لە ناو دوو بەیتەکانی بابا تاهیرا هەیە وەکو ئەوان دەڵێن، بەڵام ئێمەش دەڵێین مانای جووانی دڵداریی ڕۆمانتیکیشی هەیە، ئەمەی بە شێوەیێکی ئەدەبیی پڕ لە داهێنان دەر بڕیوە.

١- دڵبەر کچێکی جووانە

لێرە دا خۆشەویست پەیکەرێکە، نیگارێکی خان و مان و باڵا بەرز و نازدارە، زلفی گوڵاوییە، چاوی بە کل ڕێژراوە، ئەوەی ئەم هەموو جووانییەی هەبێ چۆن دەبێ سەرسام بێ، یا چۆن دەبێ پەیکەری وا هەر دەم لە پێش چاوی پیاو نەبێ، شاعیر دەڵێ:

تە کەت نازندە چەشموون سورمە سایە
تە کەت باڵندە باڵا دل روبایە
تە کەت موشکینە گێسوو دەر قەفایە
ئەبی واجی کە سەر گەردوون چرایە

واتاکەی:

(تۆ کە خاوەن چاوی بە کل ڕێژراو و پڕ نازی

تۆ کە خاوەن بالآی بەرز و دڵگیری

تۆ کە خاوەن زلفی موشکینی

بۆ سەرسام و سەر گەردانی لە سەر ڕووی زەوی)

لە دوو بەیتێکی تر دا دەڵێ:

نیگاری تازە خـیـزی مـوو کـوجـایی

بە چەشموون سورمە ریزی موو کوجایی

نەفـەس بەر سـینەیی تاهیـر رەسـیـدە

دەمی رەفـتـەن عـەزیزی مـوو کـوجـایی

واتاکەی:

(ئەی تازە جووانی ئێمە لە کوێی

ئەی خاوەن چاوی بە کل ڕێژراوی ئێمە لە کوێی

هەناسە لە سنگی تاهیر دەرچوو «گەیشتە گەروو»

ئەو دەمەی ڕۆیشتی، ئەی خۆشەویستی ئێمە لە کوێی)

ئینجا دێتە سەر «لە خۆبایی بوونی نەمر»ی دلبەر بە جووانی خۆی، دەزانێ هەموو کەس گرفتاریەتی، بۆیە بێ باکە، هەروەها بێ وەفاشە، وەفای ئەو هەمیشەیی نییە، کورتە لە تەمەنی گوڵ دایە:

ئەلآلەی کـۆهـسـاروون هـەفـتـەیی بێ

بنەوشـەی جـۆ کنـاروون هەفـتـەیی بێ

مـونادی مـیکـرم شـەهروو وەشـەهروو

وەفـایی گـولعـوزاروون هەفـتـەیی بێ

واتاکەی:

(هەڵاڵەی باغی ناو شاخان هەفتەییيە

بنەوشەی گوێی ئاوان هەفتەییيە

بانگدەر با شار بە شار بانگ بدا کە
وەفای گوڵرووان هەفتەییە)

٢- دڵ مەڵبەندی خراپەیە

دڵ لای شاعیر مەڵبەندی دڵدارییە، بارەگای یار و خۆشەویستە، ئەمە «جەوهەرێکی ئاسمانی» یا «پەیکەرێکی زەمینی» بێ گرنگ نییە. دڵ شتێکی پیرۆزە، جێی هەست و نەستە، نزیک ترین شتە لە ئادەمزاد، بەڵکو گیان و بوونی ئەو ئادەمزادەیە، بەڵام کە دەبێتە مەڵبەندی دڵبەر لە خاوەنی ڕاستەقینەی خۆی دوور دەکەوێتەوە و دەبێتە ماڵی دڵبەر، ئیتر شاعیر ناچار دەبێ خۆی لێ بێ بەری بکا، بەم جۆرە دەبێتە مەڵبەندی خراپە، شاعیر دەڵێ:

مەگەر شێر و پەلەنگی ئەی دل ئەی دل
بە موو دایم بە جەنگی ئەی دل ئەی دل
ئەگەر دەستوم فەتی خوونت وەرێژوم
وە وینم تا چ رەنگی ئەی دڵ ئەی دل

واتاکەی:
(دیارە ئەی دڵ تۆ شێر و پڵنگی
لەبەر ئەوەیە هەمیشە لەگەڵ ئێمە لە جەنگ دای
ئەگەر بکەویە بەر دەستم خوێنت دەڕێژم
بۆ ئەوەی ببینم تۆ ڕەنگت چۆنە ئەی دڵ)

کە دڵ وەکو شێر و پڵنگ وابێ دیارە ڕەق و وشک و بێ بەزەیی دەبێ، لەبەرئەوە هیوا و ئامانجی شاعیر لەوەدایە کە لێی دوور بکەوێتەوە، زۆر دوور بکەوێتەوە بگاتە کاکێشانی فەلەک.

لە پاشانا زۆر هونەروەرانە بە دڵی دەڵێ کە گوناهی زۆرە، ئەم گوناهە بێ گومان لە لەش دا خۆی دەنوێنێ، بۆیە دەڵێ لەشی قورسی پڕ گوناهت بەجێ بهێڵە تا بەسووکی بگەیە جێ و بارت قورس نەبێ.

دلا! راهی تە پڕ خار و خەسەک بێ
گوزەرگاهی تە بەر ئەوجی فەلەک بێ

گـەر ئـەز دەسـتت بـەر ئايوو پۆسـت ئەز تەن
بە رەفكەن تاكــە بارت كــەمـــتـــەرەك بـێ

واتاكەی:

(ئەی دڵ ڕێگەت با پڕ لە دڕك و داڵ بێ
ڕووت بەرەو كاكێشانی فەلەك بێ
ئەگەر بۆت كرا پێستت ڕزگار بكەی «لە دەست لەش»
لەشت بەجێ بهێڵە تا بە كۆڵێكی سووك دەربچێ)

ئینجـا بەلای شـاعـیـرەوە كـە دڵ ڕەق بـێ، بەزەیی تێـدا نابێ، كـە دەڵێن «دڵ دەسووتێ» واتە پڕ لە هەست و نەستە، كە «دڵ نەسووتێ» واتە بێ هەست و نەستە. یاری خۆشەویست دڵی وەك بەردەو بە دڵدار ناسووتێ. بەڵام شـاعیر دەڵێ من خۆم دەسووتێنم تا دڵی دڵبەر بسووتێ، چونكە هەر دووكیان هەر یەكێكن و دڵی دڵبەر وا لە ناو دڵی شـاعیر دایە. بەم جۆرە دڵەكە لە نـاو دەبا چونكە تەڕایی تێدا نییـە، بۆیە دەسووتێ، نابینی هەموو شتێك بە ئاگر دەسووتێ تەنیا داری تەڕ نەبێ:

دڵت ئـەی سـەنگدل بەر مـا نەسـووجـە
عـەجـەب نەبوە ئەگـەر خـارا نەسـووجـە
بسـوووجـم تـا بسـووجـوونم دلت را
دەر ئاتەش چووپـی تەر تەنهـا نەسـووجـە

واتاكەی:

(ئەی خاوەن دڵی وەك بەرد دڵت بە ئێمە ناسووتێ
سەیریش نییە ئەگەر بەرد نەسووتێ
من دەسووتێم تا دڵی تۆ بسووتێنم
لە ناو ئاگر تەنیا داری تەڕ ناسووتێ)

بابا تاهیر سـەرسام ماوە لە دەست ئەم «دڵ»ە، تێی ناگا، نازانێ چییە، هێشتا هەر لە ڕێگایە و نەگـەیشـتـۆتە «ڕاسـتـی»ی دڵەكـە، ژیانی نەمریش بەلای ئەوەوە ئەوەیە كـە تێی نـەگا و هەر خـەریك بێ بۆ ئەوەی تێی بگا، بـەڵام هێـشـتـا تێـشی نەگەیشتووە:

دلێ دێروم کــه بەهبــوودەش نەمی بوو
نەسیحەت میکەروم سوودەش نەمی بوو
بە بادەش میدەهەم نەش میبەرەد باد
بە ئاتەش مینەهەم دوودەش نەمی بوو

واتاکەی
(دڵێکم هەیە قەت حاڵی چاک نابێ
ئامۆژگاری دەکەم بەڵام سوودی نییە
دەیدەمە بەر با بەڵام با نایبا
دەیهاوێمە ناو ئاگر بەڵام دووکەڵی نییە - ناسووتێ).

بەلای بابا تاهیرەوە نابێ لە هیچ کارێک دا ئەنجام هەبێ، چونکە ئەنجام ببێ کارەکە کۆتایی دێ، کە کاریش کۆتایی بێ داهێنان نامێنێ، لەبەر ئەوەیە زۆربەی داهێنانی شیعری لەئەدەبی نەتەوەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا لە ئەدەبی سۆفیزمی کۆزمۆسی دا دەبینرێ.

٣- وێنەی داهێنراوی نەمر

لەگەڵ ئەوەی دوو بەیتەکانی بابا تاهیر هەریەکەی بۆن و بەرامەیێکی تایبەتیی هەیە و وێنەی داهێنراوی ئەوتۆی هێناوەتە ناوەوە بووە بە نموونەی نەمری ئەدەبی کلاسیکیی گێتی. بەلام دیسانەوە بەرامبەر هەندێ نموونەی یەکجار بەرز دەوەستین، ڕەنگە هۆی بەرزی ئەم بەرهەمانە ئەوە بێ کە لە ئەدگاری ناوچەیی وەرگیراوون و بە زمانێکی ساکار و ئاسان خراونەتە ڕوو، بەلام وەستایەتی و شاعیریەتی بابا تاهیر ئەو نموونانەی گەیاندۆتە پۆپە و لووتکە و بوون بەماڵی هەموو مرۆڤایەتی.

١- دڵداری بە هێزترە

دڵداری لە هەموو شتێک و توانایێک بەهێزترە. هەڵۆ ڕاوکەری باشە، بەلام نێچیری دڵبەرە (ڕەمزی عەشق و دڵداری)، هەڵۆ و شێر و پڵنگ و قارەمانان و شاهنشاهان و بە توانا و زەبر بە دەستان بێ دەسەلات دەبن بەرامبەر بە عەشق، لە بەر ئەوەیە شاعیر با هەڵۆ بێ، نێچیری هەموو باڵندە و فڕندەی سەر

زەوی بێ، ئەو ڕاوکەرە بە توانایە دەبێتە نێچیری چاو ڕەشێکی جوان کە بە برژانگی دەیپێکێ:

جوره بازی بدوم رەفتوم بە نەخچیر
سیەه چەشمێ بزەد بە بالی موو تیر
برەو غافیل مەچەر دەرکۆهساروون
هەر ئون غافیل چەرە غافیل خوره تیر

واتاکەی:
(هەڵۆیێکی بەهێز بووم و چوومە ڕاووشکار
چاو ڕەشێک تیرێکی لە باڵم دا
بڕۆ ئەی گێل لە ناو شاخان مەگەڕێ
هەر ئەو گێلەیە کە تیری غافیل «بێ نیشان» دەخوا)

٢- فرمێسکی خوێناوی

شاعیران دڵ بە سەرچاوەی فرمێسک دەزانن، لەوێوە هەڵدەقوڵێ، هەر لەبەر ئەوەشە فرمێسک خوێناوە و ڕەنگی سوورە، بەڵام بابا تاهیر دەڵێ فرمێسکی لەبەر ئەوە خوێنی سوورە، چونکە شتێکە ڕەگ و دەماری لە ناو خوێناو دایە:

دلی نازک بە سانی شیشەئەم بێ
ئەگەر ئاهی کەشەم ئەندیشەئەم بێ
سریشکم گەر بووە خوونین عەجەب نیست
موو ئان دێرەم کە دەرخوون دیشەئەم بێ

واتاکەی:
(دڵی ناسکم وەک شووشە وایە
ئەگەر ئاه بکێشم گێتی دەسووتێ
سەیر نییە فرمێسکم ببێتە خوێناو
من ئەو شتەم دەمارم لە ناو خوێن دایە)

٣- دووری

دووری لەلای بابا تاهیر پڕ لە تەنگوچەڵەمەیە، سووچ و کون و کەلەبەری زۆرە. دووری «مـوتلەق» لای ئەو نەک تەنیا نزیکییە بەڵکو تووانەوەیە، ئەو تووانەوەیە «هەیە»، یا دەبێ ببێ، بەڵام جارێ وای پیشان دەدا کە ڕووی نەداوە، ئەمە دەخاتە وێنەی مەتریالی هەست پێ کراو. دڵبەر لێی دوورە، بەڵام فەرامۆشی ناکا، وەکو دامەنی کراسی وایە، هەمیشە لەگەڵیەتی تا ڕۆژی مەحشەر:

دلا! پۆشم ز هیـجـرت جـامـەیی نیل
کـەشم باری غـەمت چون جـامـە بەر زیل
دەم ئەز میهرت زەنەم هەم چون دەمی سوبح
ئەزین دەم تا دەمی سـووری سـرافـیل

واتاکەی:

(ئەی دڵ لە دووریت بەرگی نیلی دەپۆشم
باری غەمت وەکو دامەنی کراسم بە دوواما دەکێشم
هەناسە بە دڵداریی تۆوە دەکێشم وەکو چۆن بەیان هەناسە دەکێشێ
لە ئێستاوە تا سەردەمی سووری ئیسرافیل)

بەبێ قیامەت بابا تاهیر دەیەوێ لەم گێتییە بچێتە دەرەوە، بۆ کوێ بچێ؟ دەیەوێ دوور بڕوا، لە چین و مـاچینیش دوورتر، وەزعی لێ تێک دەچێ، لە پیـاو چاکـان دەپرسی کە حاجییانن، دوورتر بڕوا یا نا؟ بەڵام ئەوی ڕاستی بێ شاعیر لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ئەم دوورییە بێ کۆتاییە، ئەو دیو چین و ماچینیش هەر نزیکە:

بشـوم واشـوم ئەزین عـالەم بەدەرشـوم
بشـوم ئەز چین و مـاچین دیر تەرشـوم
بشـوم ئەز حـاجـیـان حـەج بپـرسـوم
کـە ئین دیری بەسـە یا دیر تەرشـوم

واتاکەی:

(هەوڵ دەدەم کە لەم گێتییە بچمە دەرەوە

له چین و ماچینیش دوورتر بڕۆم
له ڕێی سەفەردا له حاجییان دەپرسم
ئەمەنده دووری بەسه یا دوورتر بڕۆم)

دەرد و ناسۆریش لای شاعیر بێ پایانه وەکو دووری، دەردی دڵی لەبەر دووریی یار ئەوەنده زۆره ئەگەر دابەشی بکا بە سەر خەڵکی دا هەموو دڵێک دەردەدار دەبێ و دڵی بێ دەرد نامێنێ:

بێ ته یەک دەم دلم خـــوڕەم نەمـــوونه
وەگـــەر روویی ته وینەم غـــەم نەمـــوونه
ئەگـەر دەردی دڵم قـیـسـمـەت نەمـوویەن
دلی بێ دەرد دەر عـــالـەم نەمـــــوونه

واتاکەی:

(بەبێ تۆ هیچ کاتێک دڵم شاد نییه
ئەگەر ڕووی تۆ ببینم غەمم نامێنێ
ئەگەر دەردی دڵم دابەش بکەم
دڵی بێ دەرد له گێتی دا نامێنێ)

٤- دڵدار و دڵبەر یەکێکه

بەلای شاعیرەوه لەگەڵ دڵبەر بووه به یەکێک ئەگەر له ڕووی پراکتیکییەوه دوو لەش بن، له ڕووی تیۆرییەوه له یەکتری جیا نابنەوه، ئەم دوو لەشییه گومانی لا پەیدا کردووه، له خودا دەپاڕێتەوه چونکه نازانێ خۆی کێیه ئەگەر له یاری جیا بێ. ئیتر یەکێتی له لای شتێکه نابێ نەبێ، چونکه ئەگەر کەس وەری نەگرێ و نەیگرێته خۆی، ئەی له کێیه؟ بێ گومان له یارەکەیەتی:

خـــوداوەندا کـــه بووشم باکـــه بووشم
مـوژه بەر ئەشکی خـوونین تاکـه بووشم
هەمـــه کـــەز دەر برانـون ســووته ئایوم
تو کـــەم ئەز دەر بەرانی واکـــه بووشم

واتاکەی:

(ئەی خودا من کێم؟ لەگەڵ کێم؟
تاکەی موژەم پڕ ئەشکی خوێنین بێ
کە من دەردەکەن، ڕوو لە تۆ دەکەم
ئەگەر تۆ دەرم بکەی ڕوو لە کێ دەکەم؟

هەر لەبەر ئەوەشە لەشیان (مەعشووق و مەعشووقە) لە یەکترییەوە دوور بێ یا نزیک بێ، جەوهەریان یەکێکە، بۆیە شاعیری عاشق بەرگەی هەموو ئێش و ئازارێکی دڵبەر دەگرێ:

ئەگـــــر ئایی بە جـــــانت وا نواژوم
وەگـــەر نایی ز هیـــجـــرانت گـــوداژوم
هەر ئون دەردی کـــــە داری بەر دلم نە
بمیـــــرم یا بســـــووجم یا بســـــاژوم

واتاکەی:

(ئەگەر بێیە لام بە گیان و دڵ پێشوازیت دەکەم
ئەگەر نەیێیە لام لە دووریت دەتوێمەوە
هەموو دەرد و ئازاری کە هەتە بخەرە ناو دڵم
بمرم بسووتێم بەرگەی دەگرم)

٥- وێنەی هەمیشەیی

بابا تاهیر بۆ دەربڕینی هەستی بەرامبەر بەوەی لە دڵی دایە کە هەر «یار»ە و عەودالّی ئەوە، وێنەی ڕەسەنی ئەوتۆ دروست دەکا کە دەبێتە نموونە و هەرگیز فەوتانی بۆ نییە، خراپەی ڕۆژگار ئەوەندە زۆرە برینی پڕ خوێ دەکا، برین خوێی تێ بکرێ ئێش و ژان و ئازار چۆن دەبێ! دووکەڵی ئاهی ئەوەندە دوور دەڕوا تا ئاسمان، لە ئاسمان دوورتر نییە، فرمێسکیش دێتە خووارەوە ئەوەندە دوور دەڕوا دەگاتە ماسی، دیارە لە ماسیش دوورتر نییە بۆ خووارەوە کە زەوی لە سەر پشتیەتی:

ز شـۆر ئەنگێـزی بـی چەرخ و فـەلەک بێ
کـە دایم چەشــمـی زەخـمم پڕ نمـەک بێ
دەمــــا دەم دوودی ئـاهـم تا ســــەمـــاوات
تـەنم نالان و ئـەشـکم تا ســــەمـــــەک بـێ

واتاکەی:

(بە هۆی ئەو خراپییەی لە چەرخ و فەلەکەوە بۆم دێ
هەمیشە چاوی برینم پڕ خوێ دەبێ
دەماودەم دووکەڵی ئاهم تا ئاسمان دەڕوا
لەشم دەناڵێ و فرمێسکم دەگاتە ماسی)

بابا تاهیر وێنەیێکی داهێنراوی تر دەخاتە ڕوو، عەشق دڵی گێژ کردووە، ئەگەر برژانگەکانی وێک بنێتەوە فرمێسک وەک سولاوکە دێتە خوارێ، دڵی عاشق وەکو ئەو دارە تەڕە وایە سەرێکی دەسووتێ و سەرێکی خوێناو دەڕێژێ:

دلێ دێروم ژ عـیــشــقت گـێج و ویجـە
مــوژە بـەرهـەم زەنـوم خــوونـا بـەریجـە
دلی عـــاشـق بسـانـی چووپی تەر بێ
ســەری سـووژە سـەری خـوونا بەریجـە

واتاکەی:

(دڵێکم هەیە لە عیشقت گێژ و وێژە
برژانگەکانم وێک بێنمەوە سولاوکە دێتە خوارێ
دڵی عاشق وەکو داری تەڕ وایە
سەرێکی دەسووتێ و سەرێکی خوێناو دەڕێژێ)

بابا تـاهیـر لە وێنەیێکی تر دا مـەسـەلەی جـوانی دەکـاتە شـتێکی مـەتریالی هەست پێ کراو، چاو پێوەندیی بە گیروودەیی و گرفتاریی دڵەوە هەیە. هێلانە و مەڵبەندی دڵداری دڵە، دڵ لە ڕێگەی چاوەوە جووانی دەدۆزێتەوە:

بــــەلایــــە دل بـــــەلایـــە دل بــــەلایـــە
کـونەهـ چەشـمـوون کـرون دل مـوبتـەلایە

ئەگـەر چەشـمـوون نەوین ڕوویی زیبـا
چ زونوو دل کـە خـوبوون دەر کـوجـایە

واتاکەی:
(بەلایە دڵ بەلایە دڵ بەلایە
گوناهی چاوە کە دڵی موبتەلا کردووە
ئەگەر چاو ڕوخساری جووان نەبینێ
دڵ چوزانێ جووانان لە کوێن)

مانای تازە یەکێکە لە خاسیەتە هەرە دیارەکانی شیعری بابا تاهیر، کابرایێکی بێ توانا و هەژاری وەکو خۆی ئەگەر نەترسێ، یارێکی بەهێزی دەوڵەمەند کە بووە بە دروشمی جووانی و نەوەکو تەنیا گێتیی ئێمەی بە دەستەوەیە، بەڵکو گێتییەکەی تریش، جا ڕووتەڵەیێکی وەکو بابا تاهیر نەترسێ، ئەم نموونەی هێز و توانایە بۆ دەبێ بترسێ:

کـوشـیـمـون ئەر بە زاری ئەزکـە تەرسـی
بەرانـی ئەر بـە خـواری ئەر کـە تـەرسـی
مـو وا ئین نیـمـە دل ئەز کـەس نەترسـەم
دوو عـالـەم دڵ تە داری ئەز کـە تـەرسـی

واتاکەی
(ئەگەر بمکوژی بە دڵ شکاوی لە کێ دەترسی
ئەگەر دەرم بکەی بە کەساسی لە کێ دەترسی
منی لاواز بەنیو دڵ لە کەس ناترسم
تۆ دڵی دوو گێتیت هەیە لە کێ دەترسی!)

خۆشەویستی شاعیر دڵبەری هەموو کەسێکە، لە شوێن وێنە و مانا دەگەڕێ، دەیەوێ بڵێ زۆر کەس گرفتاری ئەو یارەیە، زۆر زۆری ژماردووە، ئیتر لە ژماردن کەوتووە لەبەر زۆری، بۆیە وەستاوە. بەڵام زوو بەزوو پێمان دەڵێ ئەو نەژمارداروە زۆر زیاترە لەوەی ژماردراوە، وەکو ئەوەی شاعیر بڵێ نەوەکو تەنیا هەموو ئادەمزاد گرفتاری ئەو یارەیە، بەڵکو لە «هەموو»ش زیاتر:

هـەزارت دل بـە غـــــارەت بـردەویشـــــە
هەزارانـت جـیگـەر خـوون کـردە ویشـە
هـەزاران داغ و ویش ئـەرویشـم ئـەشـمـرت
هـەنـی نـەشـمـرتـە ئـەز ئـەشـمـرتـە ویشـە

واتاکەی:
(هەزار دڵت بە غارەت بردووە
هەزاران جگەرت پڕ خوێن کردووە
هەزاران برینم ژماردووە
ئەوەی نە ژماردراوە لەمە زۆر زیاترە)

***

سـەر دەسـتـەی شـاعـیـرانی کـورد بـابا تاهـیـری هەمـەدانی لەگـەڵ نموونەی داهێنانی بەرز دوو بـەیتـەکـانی لاپەڕەی زێڕینیـان لە مـێـژووی ئەدەبی کـوردی کلاسیکی دا بۆ خۆیان تەرخان کردووە. بابا تاهیر بە کوردی ژیاوە و بە کوردی بیری کرۆتەوە، باوەڕی بە ئاینێک (یارسان) بووە زمانی کوردی زمانی لاهووتی و پیرۆزی ئەو ئایینە بووە. سروودەکانی بابا تاهیر بە شێوە و ڕوخسار بە زمانی کوردین، بەڵام بە ناوەرۆک ڕەنگدانەوەی هەست و نەستی هەموو مرۆڤایەتین و لە قاڵبی سۆفیزمی کۆزمۆسی دا خۆیان دەنوێنن.

بەشی دووازدەم

شیعر و ئەدەبیاتی ئایینی یارسان

٩٠١م – ١٦٠٠م

لە سەدەی دەیەمی مەسیحی لە پاڵ دوو بەیتەکانی بابا تاهیر – کە ئەوانیش بە شێوەیێکی تر بە ئەدەبی یارسان دەژمێررێن - ئەدەبی ئایینی یارسان بە بەردی بناغەی باڵەخانەی ئەدەبی ڕەنگینی کوردی دادەنرێ. ئەو ئەدەبە بۆ خزمەتی بیر و باوەڕێکی گەلێ کۆن کەوتە ناوەوە، ئەو بیر و باوەڕە شێوەیێکی سۆفیزمی وەرگرت بوو، خەریکی «یەکێتیی بوون» بوو. بە گشتی سۆفیزمی ئیسلامی کە بەشێک بوو لە سۆفیزمی کۆزمۆسی لەو سەردەمەدا لە ڕوودا بوو. بیر و باوەڕی یارسان هەر ئەوەندە شێوەی ئیسلامی وەرگرت بوو، چونکە بایەخێکی تایبەتیی بە عەلیی کوڕی ئەبوو تالیب دەدا، بەوەی یەکێک بوو لە پەروەردگارە گەورەکانیان و بەپێی دۆنا دۆن بە لەش ئادەمزاد و بە گیان کردگار بوو. بەپێی بیروڕای یارسانەکان لە سەردەمی تازەدا، واتە دەورەی پاش ئیسلام کردگار حەوت جار خۆی لە بەرگی ئادەمزاددا نواندووە، هەر جارەش «چار مەلەک» یا پێنج فریشتەی بووە، وەکو لای خووارەوە:

	١	٢	٣	٤	٥
کردگار	جوبراییل	میکاییل	ئیسرافیل	عیزراییل	؟
عەلی مورتەزا	سەلمان	قەنبەر		نەسیر	فاتیمە
شا خۆشێن	بابا بزورگ	کاکە ڕەزا	بافیقی	بابا تاهیر	ماما جەلالە
سوڵتان سەهاک	بنیامین	داوود	پیر مووسا	مستەفا	دایراک
قرمزی	کامری جان	یاری جان	یارلی		ڕەزبار
محەمەد بەگ	جەمشید بەگ	ئەلماس بەگ	ئەبدال بەگ	؟	پەری خان
خان ئاتەش	خان جەمشید		خان ئەبدال	؟	دۆستی خانم

ڕاستی لە بارەی یارسانەوە ئەوەیە بیر و باوەڕیان لە فەلسەفە ئایینییە هەرە کۆنەکانی ڕۆژهەلاّت میترابیزم و زەردەشتی و هیندۆکی وەرگرتووە. لە ئایینی دیانان دا لاسایی «لە دایک بوونی عیسا»یان کردۆتەوە، وەکو ئەوەی لە سەر ئەو باوەڕەن کە شا خۆشێن و سوڵتان سەهاک لە دوو کچ بەبێ ئەوەی پیاو تخوونیان بکەوێتەوە لە دایک بوون، پێوەندیی ئەمانە بە دایکیانەوە وەکو عیسا و مریەم وایە. گەلێ خوو و ڕەووشتیان بە تایبەتی لە کۆ بوونەوەی نان خواردنیان لە جەمخانە (نیاز خانە) لە «دووا نان خواردن»ی عیسا دەکا لەگەڵ یارانی.

ژمارەیێکی زۆر لە نەتەوەی کورد لە سەر ئەو ئایینە بوون، زمانی ڕەسمیی ئایینەکە زمانی کوردی بوو، لەبەر ئەوە وەکو هەموو نەتەوەیێکی خاوەن زمانێکی ڕەسەنی خۆی و ئایینێکی تایبەتی ئەدەبیاتی ئایینەکە بە زمانە نەتەوایەتییەکە پەیدا بوو.

پێشەوایانی ئایینی یارسان ناویان کوردی بوو (لوڕی و گۆرانی و کرمانجی)، حەوت وێنەی کردگارەکانیان هەموویان کوردی کوردستان و لوڕستان بوون، عەلیی لێ دەربچێ.

ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی یارسانەکان لە شیعریان دا

بیر و باوەڕی ئایینی یارسان کە لە سەر بنچینەی دۆنا دۆن دروست بووە، ئەوە دەگێڕێتەوە کە کردگار حەوت جار دێتە خووارەوە بۆ سەر زەوی و بە شێوەی ئادەمزاد خۆی دەنوێنێ، هەر جارەش چووار فریشتە (یارانی چار مەلەک)ی لەگەڵدا دەبێ. کردگار لەگەڵ فریشتەکان دا یەکێتییێکی تەواو و بێ کەمو کووڕی دروست دەکا. لە کتێبی پیرۆزی تیرەیێکیاندا «دەفتەری تیرەی هەیاسی» ئەمە بە شیعر هاتووە:

جــــــبـــــــــرەیــل دانــا
پیـــر بنیـــامین، جـــبـــرەییل دانا
دووەم ئیـــســـرافـــیل، داوود وانا
ســێـیـەم مـیکاییل، مـووسـا نە مـانا
چارەم عـیـزراییل، مـسـتـەفـاش زانا
پێنجـەم حـوورلعـەین، ڕەمـزەن وە مـەعنا

شـــەشـــەم شـــەنـتــایـیل، مـــالک کــیـــانا
هەفــتـــەم ئیــســـمـــاعـیل، ئەیووت بـروانا

واتاکەی:

(جبراییل دانایە
پیر بنیامین، جبراییلی دانایە
دووەم ئیسرافیلە ئەمە داوودە
سێیەم میکاییلە خۆی لە موسادا دەنوێنێ
چووارەم عیزرائیلە بە مستەفا دەناسرێ
پێنجەم حوورولعەینە، رەمزێکی بە مانایە
شەشەم شەنتاییل بە شێوەی مەلەک نێرراوە
حەوتەم ئیسماعیلە بە ناوی ئەیووت هاتووە)

بەم جۆرە لای یارسانەکان هێزی دروستکەر «گیان» لە ئاسمان دەبێ و «لەش» لە سەر زەوی دەبێ. بە لایانەوە لەگەڵ ئەوەی کردگار لە بنج دا هەر گیانێکە، بەڵام چونکە دەچێتە ناو لەشی جۆراو جۆرەوە خۆی لە قاڵبی جیاواز دا پیشان دەدا، بەم پێیە بە ناویش وەکو لەش زۆر دەبێ، بۆ بەڵگە لە «دەفتەری پردیوەری» دا سوڵتان سەهاک لە شیعرێک دا بە زمانی بنیامین (جوبراییل) دەڵێ:

داوود رەهبـــەرەن، وە شـــوون و شـــەســا
خواجـام «قودرەت» بێ، غـولام سەرمـەسا
یـاران بـەیـانـی، شـــــاهێـــد و گـــــەوا
یادیم وە دەرگـای، خـواجـای «شـەنتـیـا»
ئـەوســـــا پـادشـــــام، نـە دەوون «یـا» بـی
نە ئـەرز نە ســـەمـــا، نە ســـورەییـــا بی
نە زات نـە بەشـــەر، نە شـــەرت نە قـــەرار
نـە لـەوح نـە قـــــەڵـەم، نـە دەنگ نـە دیار

واتاکەی:

داوود رێبەرە و نێرراوە

خواجام (مورشیدم) قودرەتە، من غولامی (مریدی) سەر مەست بووم
یاران بەڵگە و شاهیدی دەدەن
لە دەرگای خواجەی شەنتیا (داوود)
ئەوسا پادشام (لە دۆنا دۆن) «یا» بوو
نە ئەرز، نە ئاسمان، نە ئەستێرەکان هەبوون
نەزات، نە بە شەر، نە ئەرز نە قەرار
نە لەوح نە قەڵەم نە ئاواز نە خەڵک هەبوون

لێرەدا ناوەکانی «قودرەت» و «شەنتیا» و «یا» ناوی کردگارن لە ئایینی یارسان دا.

مینۆرسکی لە بابەت «یا» کە ناوی کردگارە، لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ووشەی «بنیامین» بە مانای «کوڕی (یا)ی ئەمین هاتووە»، موعادەلەکە بەم جۆرە دادەنێ: «بنیامین = بن (بە مانای کوڕ)+ یا+ ئەمین = کوڕی (یا)ی ئەمین».

لە پاش دروست کردنی حەوتەکەی خاوەن کار (کە گیانی خودان)، چل مەخلووقی تر دروست کرا، بە شێوە و ئەدگار و سیما لە حەوتەکە دەکەن. شێخ ئەمیر لەم لایەنەوە دەڵێ:

چل شـــــەمع، چل چرا، چل دانە فـــــەنەر
چل گول، چل گەوهەر، چل جامی جەوهەر
هـەر چل یەکێ بی، یەکێ هەر چل بی
ســـەرمـایەی ئەسلەش، شـــای بەرزەمل بی

واتاکەی:

چل مۆم، چل چرا، چل دانە نەفەر
چل گول، چل گەوهەر، چل جامی لۆ لۆء و مرواری
هەموو چلەکان یەکێکن، یەکیش هەموو چلەکانە
بنج و بناوانیش شای گەردەن کەش و سەر بڵندە

ئایینی یارسان تەنیا خەریکی هێزی چاکە نەبووە لە «بوون» دا، ئەویش وەکو هەموو ئایینەکانی تر بیروڕای تایبەتی بووە لە بارەی هێزی خراپەوە.

بەم جـۆرە ئەوانیش شـتـێکی وەکـو شـەیتـانی مـوسـوڵمـانان و ئەهریمـەنی زەردەشـتییـان و ئیبلیسی ئایینەکانی تریان هەیە، بەلام بیروڕایان بەرامبـەر بەم هێزە لەگەڵ بیرو ڕای ئایینەکانی تر یەکتری ناگرنەوە. ئەوان لە سەر ئەو باوەڕەن کە «مـەلەک تاووس» کەسێکی خێر خوا و باشـە، چونکە ئەوانەی فـەرمانی خـودا بەجێ ناهـێنن و پیـاوی خـراپـن دەدرێنە دەست مـەلەک تـاووس بۆ ئەوەی تەنبێـیـان بکا و سـزایان بدا، بەم کـردەوەیەی دەبێـتـە شـەڕ بۆ خـراپان، هـەر لەو کـاتەدا لە لایێکی ترەوە وێنەی دروشمی خێر و چاکە دەنوێنی.

لەم ڕووەوە شاعیریان دەڵێ:

نـــــــاوەش نـــــــاووس بـــــــی
زاتـی شـــاخـــۆشین، نـاوەش ناووس بـی
عـــەلیی مـــورتەزا، هەم کـــەیکاووس بی
خـواجـە عـەلادین، «مـەلەک تاووس» بی

واتاکەی:

ناوی ناووسە
زاتی شاخۆشێن ناوی ناووسە
عەلیی مورتەزا کەیکاووسە
خواجە عەلائەدین مەلەک تاووسە

هەمـوو بەرهەمی شـیـعـری ئایینی یارسـان جگە لە نرخـی ئیسـتـێـتیکی وەکو بەرهەمێکی ئەدەبی - هونەری داهێنراو، سەرچاوەیێکی گرنگ و بنچینەییشن بۆ زانینی ڕاستیی ئەم ئایینە و نووسینەوەی مێژووی پەیدا بوون و پەرەسـەندن و بە سـەرهاتی بە تایبەتی لە دەوری تازەی دا کە دەکەوێتە دەوری ئایینی مـوسوڵمـانی لە کۆمەڵی کوردەواری دا.

کتێبی سەرەنجام

شیعری ئایینی یارسان وەکو هەموو ئەدەبی ئایینی بە درێژایی ڕۆژگار دروست بووە و لە پاشانا کۆ کراوەتەوە، گەلێ جار خاوەنی ئەم شیعرانە نەناسراون. بەڵام خۆیان شیعرەکان دەدەنە پاڵ کردگار و فریشتە و پیر و پیاو چاکانیان. بـەم پێیە

لە هەر ناوچەیێک دا کۆمەڵێک شیعر پەیدا بووە، یا کۆمەڵە شیعری شاعیرێک کۆ کراوەتەوە، ئیتر بە ناوی ناوچە، یا ڕۆژگار، یا ناوی خاوەنەکەیەوە کەوتۆتە ناوەوە. بە دەسنووسی کۆمەڵە شیعرەکان دەڵێن دەفتەر، شیعرەکەش خۆی «کەلام»ی پێ دەووترێ، هەندێ جاریش بە ناوی قۆناغ (دەورە)ی کردگارەکە، یا فریشتەکەوە دەنرێ، وەکو «دەورەی شا خۆشێن» واتە ئەو شیعرانەی لە ڕۆژگاری ژیانی شا خۆشێن ووتراوون، لە لایەن خۆیەوە یا یارانییەوە.

لەمەوە ئەوە دەردەکەوێ کە یارسانەکان تەنیا یەک کتێبی پیرۆزیان نەبووە، بەڵکو هەموو تیرە و بەش و تایەفە و بنەماڵەیێک کتێبی تایبەتیی خۆیانیان هەیە، هەندێ جار جیاوازی و تەنگوچەڵەمەش بەدی دەکرێ لە ناوەڕۆکی کتێبەکانیان دا.

کتێبی سەرەنجام یەکێکە لە کتێبە گرنگەکانی ئایینی یارسان، مینۆرسکی لە ساڵی ١٩٠٢ دەسنووسێکی ڕاستی ئەم کتێبەی دۆزی بووەوە، لە سەردەمی گەشتەکانی لە ئێران و کوردستان دا، دەسنووسەکە لە ساڵی ١٢٥٩هـ/ ١٨٤٣م نووسرا بووەوە. ئەم کتێبە گرنگە بریتییە لە مێژووی ئایینی یارسان، لە پاشانا مینۆرسکی دەسنووسەکەی بلاو کردەوە، زۆربەی بە زمانی فارسی بوو، هەندێ پەخشان و شیعریشی تێدا بوو بە دیالێکتی گۆرانیی زمانی کوردی، ئەمەی هەموو گۆڕییە سەر زمانی ڕووسی و لە ساڵی ١٩١١ بلاوی کردەوە.

ماشەڵڵا سووری کتێبی سەرەنجامی ناو ناوە «سروودی ئایینی یارسان»، کتێبەکە بریتییە لە کۆمەڵێک لە سروود و گۆرانیی ئایینی. سەرەنجام ناوی دەفتەرێکی بە ناوبانگە لە دەفتەرەکانی یارسانان. ئەم کتێبە بە پەخشان دەست پێ دەکا و بە شیعر دووایی دێ، بە دیالێکتی گۆرانیی زمانی کوردی نووسراوەتەوە. یارسانەکان سەرەنجام بە بەرهەمی سوڵتان سەهاک دادەنێن، لە سەر ئەو باوەڕەن کە خەڵکی ساکار ئەو توانایەیان نییە لە ماناکانی بگەن. بلاو کەرەوە لە کۆتایی کتێبەکەدا دەڵێ: لەو کاتەی ویستم سوپاسی سەید فەروخ ئاتەش زەرکە بکەم بۆ یارمەتییەکانی لە دانانی کتێبەکەم دا، ووتی: کەس ناتووانێ لەم کەلامانە بگا، ئەمە موعجیزەی سوڵتان سەهاکە.

کتێبی سەرەنجام یا سروودی ئایینی یارسان لە دوو بەش پێک هاتووە، بەشی یەکەمی پەخشانە و بەشی دووەمی شیعر. پەخشانەکان لە پارچە پێک هاتوون،

سەرەتای پەخشان بە دروست بوونی «بوون = گەردوون» دەست پێ دەکا، خوو و ڕەووشت و ڕەسم و عادەتی یارسانەکان دەخاتە ڕوو. هەرچی سرووده شیعرییەکانیشن بریتین لە (١٠) پارچە، وەکو لای خووارەوە:

سروودی یەکەم: «خان ئەلماس وەسفی دروست کردنی بوون دەکا».

سروودی دووەم: «عالی قەلەندەر وەسفی گۆڕڕانی ناوەوەی خۆی دەکا».

سروودی سێیەم: «گفتوگۆی سوڵتان سەهاک لەگەڵ ڕێبەر میکاییل».

سروودی چووارەم: «لە بابەت گرنگیی کردگارناسین و لێ بووردنەوەیە».

سروودی پێنجەم: «لە بابەت ڕەسم و شەعاییری قوربانییەوەیە».

سروودی شەشەم: «لە مەدحی داوودە».

سروودی حەوتەم: «لە مەدحی مەعشووق عەلییە».

سروودی هەشتەم: «لە مەدحی یادگارە».

سروودی نۆیەم: «لە مەدحی جەمشیدە».

سروودی دەیەم: «لە تەلقینی مردووە».

جێی خۆیەتی لەم ماوەیەدا سرروودی حەوتەم و هەشتەم وەکو نموونە و بەڵگەیێک بخرێنە ڕوو، چونکە سرروودی حەوتەم لە بابەت عەلییەوەیە، کە بە نەتەوە عەرەبە، وە سرروودی هەشتەمیش لە بابەت بابا یادگارەوەیە کە بە نەتەوە کوردە. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە یارسانەکان خۆیان و هەموو سەرکردەکانیان بە نەژاد کوردن.

سرروودی حەوتەم:

ئەووەل ئاخیر یار

بووا نام سەنای، ئەووەل ئاخیر یار

یار یەعنی مەولام، ساحیب زولفەقار

ئوستادی ئەزەل، جە بەڕ تا وە بار

میعماری کەونەین، سەما سێ و چار

سەمای چار مەلەک، پەیکی پەیغام ئار

یەک لومـــەع نووری، وەرا نام خـــۆوەر
قـەرار دا نـە ڕووی، سـەمـا چون گـوهـەر
یەک نووری هەنـی، قـورسی قـــەمـــەرەن
مـوسـەووەر نە ڕووی، عـەرشـی ئەنوەرەن
ئەخـتـەر بێ شـەمـار، سـابیت و سـەییـار
پـەرێ ڕۆشنـایـی، شــەبســـتــانی تـار

واتاکەی:

سەرەتا و کۆتایی تەنیا یارە
سەنا خووانی بە، سەرەتا و کۆتایی تەنیا یارە
یار یەعنی مەولام، ساحیبی زولفەقارە (عەلی)
وەستای «بوون»ە، لە ووشکایی و زەریا
هەر دوو گێتی و هەر سێ و چووار (حەوت) ئاسمانی دروست کردووە
ئاسمانی چووار مەلەک و پەیکی پەیام هێنەر (جبراییل)ی دروست کردووە
تیشکێک لە نووری ناونرا ڕۆژ
جێی خۆی لە ئاسمانا گرت وەک گەوهەرێک
نوورێکی تری بوو بە مانگ
وێنەیان لە ڕووی عەرشی ئەنوەر کێشراوە
ئەستێرە بێ ژمارەیە، نەبزووتوو و گەڕۆک
بۆ ئەوەی تاریکە شەو ڕووناک بکاتەوە

سرووودی هەشتەم:

یادگاری یار

دەخـــیلـەن ئامـــان، یادگـــاری یار
یا زاتی زات پاک، سـەرداری سـەرکـار
نـازی نـاز ڕەواج، ژ پـەروەردگـــــــار
چلانـە چل تـەن، ســەبز پۆش نوور پۆش
ســەرانەی باقی، تێـژ هـۆش تێـژ گـۆش

ڕەواجی هەر دین، سەر حەلقەی شاهان
جەمشیدی جەم بەن، شۆن بەری راهان
ئیرەجی یەحیا، سیا وەحشی کەی
حوسێن شەهید، نە کەربەلای تەی
عالی قەلەندەر، تاهیر قەلەندەر
هەنی چیش وا چووم، پووری ئەسکەندەر

***

یادگار دەخیل، تۆ تاجی شاهی
تۆ تاجی تاجبەخش، جیهان نەمایی
یادگار وە حەق، سوڵتانی سەرجەم
وە ئیسمی سوڵتان، سەد هەزاران کەم
وە حەققی داوود، ڕەهبەرەن وە نوور
وە حەققی عیسا، مووسای کۆهی توور
وە شای یەرزەمەل، پیرە ڕەنگینەن
پیری ئەو شاهەن، ئیسمەش سەنگینەن
مەتلەبی حاجەت، «فاریغ» ڕەواکەر
وە ساحیب کەرەم، سوڵتان سەروەر

واتاکەی:

یادگاری یاری من
دەخیل و ئامان، یادگاری یاری من
ئەی زاتی زات پاک، تۆ سەردار و سەرکاری
پەروەردگار نازی تۆ هەڵدەگرێ
چل فریشتەی کە نووری سەوزیان پۆشیوە
نویشکی بیر و ئاوازی نەمرن
سەرداری ئایین و سەر هەڵقەی شاهانی

جەمشیدی جەمی، ڕێ پیشاندەر و شوون هەڵگری
ئیرەجی یەحیا و سیاوەشی کەی
حوسێنی شەهید لە سارای کەربەلا
عالی قەلەندەر و تاهیر قەلەندەر
هەرچی تریش بڵێم تۆ زیاتری، کوڕی ئەسکەندەری

***

یادگار دەخیلتم تۆ تاجی شاهانی
تۆ تاج پێشکێش بە هەموو شاهان دەکەی
ئەی یادگار بە هەقی سوڵتان جەم
بە ناوی سەد هەزاران سوڵتان هێشتا هەر کەمە
بە هەقی داوود، ڕێبەری ڕووناکی
بە هەقی عیسا، بە مووسا کێوی توور
بە شای بەرزەمل، بە پیر ڕەنگین
پیری ئەو شاهەیە کە ناوی سەنگینە
نیازی (فاریغ) بهێنە دی
بە هەقی ساحیب کەرەم و سوڵتانی سەروەر

قۆناغەکانی ئەدەبی ئایینی یارسان

پیری یارسانەکان خاوەن بیر و باوەڕ و خوێندەوار بوون، بە زمانی کوردی بیریان دەکردەوە و قسەیان دەکرد، بیروڕا و فەلسەفەی ئایینەکەیان بە شیعر دەردەبڕی، لە قاڵبی شیعری میللی فۆلکلوری نەدەچوونە دەرەوە، هەر ئەو قاڵبەیان بەکار دەهێنا بۆ مەبەسی دەربڕینی هەست و نەستی دەروونیان و دەستووری ئایینەکەیان. بێ گومان ئەم پیرانەی ئایینی یارسان بەم بەرهەمانە دەبن بە شاعیر و خۆیان و شیعریان دەچنە ناو مێژووی ئەدەبی نەتەوەوە.

ئەدەبیاتی ئایینی یارسان بە گشتی بە سەر سێ قۆناغ دابەش دەکرێ:

١- قۆناغی یەکەم: ئەدەبیاتی ئایینی یارسان لە سەدەکانی (١٠- ١٢م)یە، ئەم بەرهەمە ئەدەبی - ئایینییە لەو دەفتەر و نامانەدا پارێزراوون کە بە ناوی

«دەورەی بالوول»، «دەورەی بابا سەرهەنگ»، «دەورەی شا خۆشێن»، «دەورەی بابا ناووس» تۆمار کراوون، نویشکی ئەمانە لە کتێبی «سەرەنجام» دا نووسراونەتەوە.

یارسانان لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە دەورەی ئیسلامدا، لە سەدەی دووەمی هیجری بالوولی دانا (٨٠٦م کۆچی دوایی کردووە) یەکەمین کەس بووە کە ئایینی یارسانی لە هەورامان تازە کردۆتەوە، هەندێ شیعری کوردیشیان بە ناوی ئەوەوە لە بڵاوکراوەی «دەورەی بالوول»دا نووسیوەتەوە!

٢- قۆناغی دووەم: ئەدەبیاتی ئایینی یارسان لە سەدەکانی (١٣- ١٥)یە، ئەمە بریتییە لە گرنگترین دەوری تازە کردنەوەی ئایینی یارسان کە لە سەر دەستی سوڵتان سەهاک بووە. کتێبی سەرەکی ئەم ئایینە «سەرەنجام»ە و لە نووسینی سوڵتان سەهاکە.

ئەو شیعرانەی سوڵتان سەهاک و یارانی دایانناوە هونەرێکی سەرکەوتووە و پۆپەی ئەدەبیاتی ئایینی یارسانە. جگە لە سەرەنجام لە ڕۆژگارانی ژیانی سوڵتان سەهاک گەلێ کتێبی تر کەوتوونەتە ناوەوە، وەکو «دەفتەری پردیوەری» کە «دەفتەری دیوانە گەورە» شی پێ دەڵێن، «دەفتەری ساوا»، «دەفتەری رامیار»، «دەفتەری زولال زولال»، «دەفتەری گەواهی غولامان»، «دەفتەری شندروێ»، «دەفتەری عابیدینی جاف» و هیتر.

٣- قۆناغی سێیەم: ئەدەبیاتی ئایینی یارسان لە سەدەکانی (١٦- تا سەرەتای سەدەی ٢٠)ە، ئەمە دووبارە کردنەوەی بیروڕای سوڵتان سەهاکە. لە پاشانیشا بزووتنەوەی شیعری ئایینی یارسان تا سەرەتای سەدەی بیستەم بەردەوام بوو، بەرهەمە هەرە گرنگەکانیان ئەم دەورە و کەلام و دیوانانەن: « دەورەی ئاتەش بەگی»، «دەورەی بابا جەلیل»، « دەورەی چل تەن»، دەورەی حەیدەری – سەید براکە»، «دەورەی هەیاس»، «دەورەی هەفتەوانە»، «کەلامی ئەلماس خان»، «دیوانی دەروێش قولیی کرندی»، «دیوانی زولفەقار»، «دیوانی سەید یەعقووبی ماهی دەشتی»، «دیوانی شا تەیمووری بانی یارانی»، دیوانی قاسید = قاصد»، «کەلامی شێخ ئەمیر»، «کەلامی نەورۆز». بە پێی بەرنامەی ئەم کتێبە تەنیا قۆناغی یەکەم و دووەم لە ئەدەبی ئایینی یارسان دەکەونە ناو ئەم بەرگەوە، ئەوەی تر لە دوواییدا لە شوێنی خۆی دا باسی لێوە دەکرێ.

قۆناغی یەکەمی شیعری ئایینی یارسان

ئەم قـۆناغـە ناوی هـەندێ لە پیـری یارسـانمـان بۆ دەور دەکـاتەوە، بێ گـومـان بەرهەمـی شـیـعـری ئەم شـاعـیـرە پیـرۆزانـە بە سـەرەتای ئەدەبێکی ئایینی بەرز دادەنرێ لە مێژووی ئەدەبی کوردی دا.

بابا سەرهەنگی دەودانی ٩٣٥م - ١٠٠٧م

بابا سـەرهەنگ کوڕی ئیبراهیـمی دەودانیـیـە، لە هەرێمی دەودان، لە ناوچەی شـاخی شـاهۆی هـەورامـانی لهـۆن لە خـوارووی شـاری سنـە لە سـاڵی ٣٢٤هـ/ ٩٣٥م لە دایک بووە. ساڵی لە دایک بوونی بەم دێڕ شیعرە تۆمار کراوە:

وە سـەنەی سێ سـەد بیست و چوار هیـجری
هـاتیف نـامی ئـەو جـــە شـــاهـۆ چری

لە دووا سـاڵانی سـەدەی چووارەمی هیـجری (٣٩٨هـ/ ١٠٠٧م) کـۆچی دووایی کـردووە و لە گوندی تەوێڵە نێژراوە، زۆربەی ڕۆژگاری ژیانی لە هەورامـان بردۆتە سەر.

هـەندێ دوو بـەیـتـی بابـا ســـەرهـەنگ و یـارانـی لە «دەفـــتـــەری دەورەی بابا سـەرهـەنگ» پارێزراوون. ئـەوەی سـەرنج ڕادەکـێـشی ئەوەیە بەرهـەمی شـیـعـری دەورەی بابا سـەرهەنگ هەمـووی بە شێـوەی دوو بەیتـە، وە هەر چووار نیـو دێڕە شیعر لەسەر یەک قافیەن.

١

پەی ئـامـانتـان، پەی ئامـانتـان
گـرد ئامادە بان، پەی ئامانتـان
ئەز مـەلهەم مەنیە و نە زامانتان
مـەرەسـم وە هەق ئیـمـامـانتـان

واتاکەی:

(پێویستمان بە یارمەتیتان هەیە
هەموو کۆ ببنەوە بۆ یارمەتی

برینتان مەلحەم دەکەم

مافی رابەر و ئیمامانتان ڕا دەگرم)

لەم شـیـعرەدا ئەو ڕاسـتـیـیەمـان بۆ ئاشکرا دەبێ کـە لەو سـەردەمـەدا گـەلێ بیروڕاو تێبینی بەرامبەر بە ئاین لە ناو ئیسلام خۆیدا پەیدا بوو بوو، لەبەر ئەوە چەند و چوون و زۆرانبازی نەوەکو تەنیا لە نێوان دەسەلاتی خەلیفەی عەباسی کە پێڕەوی شەریعەتی دەکرد لە ناوەوە بوو و دەسەلات بەربەرەکانیی دەکرد، بەڵکو بێ بەزەییانە قەلاچۆی پاشماوەی ئایینە کۆنەکانیشیان دەکرد. لەمەوە دەتووانین بیر لەوە بکەینەوە کە بابا سەرهەنگ ئەم شیعرەی لە کاتێک دا ووتبێ کە تەنگو چەڵەمـە لـە نێـوان دەسـەلاتی خـەلیـفـەی عـەباسی و هاوولاتیـیـانی شـارەزوور و هەورامان لە ناوەوە بوو بێ، لەمە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێ کە ئایینی یارسان لەم ناوچەدا بەهێـز بووە و کاری ئایینە کۆنەکانی پێـوە دیار بووە بە تایبەتی ئایینی زەردەشتی.

٢

سەرهەنگی دەودان، سـەرهەنگی دەودان

ئەز کــە نامـان، ســـەرهەنگی دەودان

چەنی ئێــرمـــانان، مـــەگـێلم هـەردان

مــــەکـــۆشم پـەرێ، ئـایینـی کـــوردان

واتاکەی:

(من کە سەرهەنگی دەودانم

ئێمە کە ناومان سەرهەنگی دەودانە

لەگەڵ یاران لە زەوی و هەردان دەسووڕێینەوە

تێدەکۆشین بۆ زیندوو کردنەوەی ئایینی کوردان)

شـاعـیر لێـرەدا بە تـەواوی دیاری دەخـا کە ئایینی یارسـان بەردەوامی ئایینە کـۆنەکـانی پێش ئـیـسـلامی ئەو نـاوچانەیە، دیـارە مـەبەسی لە ئـاییـنی پـێـشـووی کوردان ئایینی زەردەشتییە.

٣

هـا یاگـــەم چۆڵەن، هـا یـاگـــەم چۆڵەن
وە وێنەی فـــەرهـاد، هـا یاگـــەم چۆڵەن
لالـم نـە بـاڵەن، پـۆســـــتم نـە کـــۆڵەن
هـامـــدەمم کـــۆهـەن، یاران نـە هـۆڵەن

واتاکەی:

(جێگەم چۆڵ و بیابانە
وەکو فەرهـاد جێگەم چۆڵ و بیابانە
بازیبەند لە قۆڵ و پۆست لە کۆڵم دایە
هـاو دەمم کێوە، یارانم بێ ئارامن)

شـاعیر لەم دوو بەیتەدا دەگـەڕێتەوە سـەر شێوەی رەمـزیی سـۆفیـزم، وێڵ و سـەر گـەردان لە دەشت و چۆڵ و هـەردو بـیـابـانـان دەسـووڕێتـەوە و لە شـوێن ڕاسـتـیدا دەگەڕێ.

٤

هـەفتم سـەر خـێڵەن، هـەفـتم سـەر خـێڵەن
جـە ئاسـمـان دا، هـەفـتم سـەر خـێـڵـەن
هـەر یەک وەرەنگێ، نەگـەیشـت و گـێـڵەن
هـەر یەک پـەی کـــارێ، ئاوارە و وێڵـــەن

واتاکەی:

(حەوت تەنم سـەر دەستەی خێڵی فریشتەکانن
لە ئاسمانا حەوت تەنم سـەر دەستەیە
هـەر یەکەی بە ڕەنگێ خـەریکی کارە
هـەر یەکە عەوداڵی کارێکە و بە ئاسمانا بڵاو بوونەتەوە)

مـەبەسـی شـاعـیر لە «حـەوت لەش» حـەوت فریشـتـەیە، ئەمـانە لـە پێش دروست بوونی ئادەمـزاد هـەبوون، کـاری ئاسـمـان و زەوییـان پێ سـپـێررا بـوو. مێشکی ئەو

فریشتانە کردگار خۆی بوو. لە ئاڤێستاش باس لەو حەوت فریشتەیە کراوە، بەڵام لەوێ شەش فریشتەن، مێشکی هەموویان دەبێتە فریشتەی حەوتەمین و «ئەهورامزدا»ی لێ دروست دەبێ.

پیر شالیار ١٠٠٦م – ١٠٩٨م

پیر شالیار (پیر شەهریار) ناوی خودا دادی کوڕی جاماسپە، بە پیری شالیاری هەورامی ناوبانگی دەرکردووە. یەکێکە لە پیر و گەورە و پێڕەوانی ئایینی یارسان. بەپێی ئەو زانیارییانەی لە یەکێ لە دەسنووسەکانی سەرەنجام و کتێبی «دەورەی شا خۆشێن» بڵاو کراوەتەوە، لە دووا ساڵانی سەدەی چووارەمی هیجری (٣٩٧ھ/ ١٠٠٦م) لە هەورامان لە دایک بووە. لە سەردەمی لاویەتی ڕووی کردۆتە لوڕستان بۆ لای شا خۆشێن، سێ ساڵ لای ماوەتەوە، لە پاشانا لەسەر داوای شا خۆشێن گەڕاوەتەوە هەورامان و خەریکی بڵاو کردنەوەی بیر و باوەڕی یارسان بووە. زانایێکی گەورە بووە لە زانستییەکانی دانایی و کەلام و مەنتیق. لە دووا ساڵانی سەدەی پێنجەمی هیجری ٤٩٢ھ/ ١٠٩٨م) کۆچی دووایی کردووە.

لە ناو شارەزایانی مێژووی کولتووری کورد لە کوردستانا ئەوە بڵاوە کە لە هەورامان پیرێکی پڕ بیر و باوەڕی ئایینی لە موغانەکانی زەردەشت ژیاوە، ناوی پیر شالیار بووە کتێبێکی ئامۆژگاری و دانایی لە پاش بەجێ ماوە بە ناوی «ماریفەتۆ پیر شالیار)، لەلای هەورامییەکان پیرۆزە و پیشانی خەڵکی نادەن.

لە سەرچاوەیێکی ئەدەبی یارسان دوو بەیتێک بە ناوی پیر شالیارەوە تۆمار کراوە. شاعیر لە شیعرەکەی دا باس لە ئاگردان دەکا وەکو مەڵبەندی پرتەو و هەوایێکی زەردەشتییانە لە شیعرەکەدا دەپژێ:

ئەو ئاهر خانە، ئەو ئاهر خانە
بارگەی شام وەستەن، ئەو ئاهر خانە
زەردەشتەش کیاست، پەری فەرمانە
بەر گوزیدەش کرد، نە ڕووی زەمانە

واتاکەی:

(ئەم ئاگر خانەیە (ئاتەشکەدە)

مەڵبەند و بارەگای شای منە ئەم ئاگر خانەیە
زەردەشتی کەیخوسرەوە خاوەن فەرمانە
هەڵبژاردە و تەنیای هەموو سەردەمێکە)

لەم شیعرەوە لە شیعرەکانی تری پیر شالیاریش دا بە ڕوونی شەقلی پێش موسوڵمانەتی دیارە، ووشەی عەرەبی و لێکسیکۆن (تەعبیر)ی موسوڵمانی بە سەر دا زاڵ نەبووە. ئەمەش بەڵگەیێکی ترە کە ئایینی ئیسلام درەنگ لە ناوچەی هەورامان بڵاو بۆتەوە. لە ناو خەڵکی ئەوە باوە هەورامییەکان تا سەدەی یازدەم هێشتا لە سەر ئایینە کۆنەکانی پێش ئیسلام بوون، مەلا گوشایش (گوشایشە کوێر) کوڕی پیر محەمەدی بابا مەردۆخی هەورامییە (٧٩٠ھ/ ١٣٨٨م - ٨٧٣ھ/ ١٤٦٨م) لەبەر ئەوەی چاوی کەمێ مژمۆر بوون پێیان ووتووە «گوشایشە کوێر»، دەستێکی باڵای هەبووە لە بڵاو کردنەوەی ئایینی ئیسلام لە ناوچەی هەورامان، لەبەر ئەوەی پیر شالیار پێش سەدەی یازدەم کەوتووە، کە هەورامییەکان هێشتا نەبوو بوون بە موسوڵمان بۆیە دەڵێن «ماریفەتۆ پیر شالیار» لە قورئان کۆنترە.

هەر لەو نموونە کەمەی کە لە کتێبی «ماریفەتۆ پیر شالیار» ماوەتەوە ئەوە دەردەکەوێ کە تێبینیی قووڵ لە دانایی و فەلسەفە و پەند و ئامۆژگاری خراوەتە ناو قاڵبی دوو بەیتەوە. لە ڕووی کێشەوە دە سیلابییە، وەستان لە ناوەڕاست دایە وەکو زۆربەی هەرە زۆری شیعری دیالێکتی گۆرانی، لە ڕووی قافیەشەوە هەموو نیوە دێڕەکان لە سەر یەک قافیەن، ڕستەکانی کورت و سفت و ڕەونەقدارن.

پیر شالیار لە کتێبەکەی دا لە پاش هەموو دوو بەیتێک (کووپلە) ئەم بەیتە دووبارە دەکاتەوە:

گۆشت جەواتەی، پیر شالیار بۆ
هۆشت جە کیاستەی، زانای سیمیار بۆ

واتاکەی:
(گوێت لە ووتەی پیر شالیار بێ
بیرت لەلای کردەوەکانی زەردەشتی زانا بێ)

ئەو شیعرانەی پیر شالیار کە تا ئێستا دەست کەوتوون ئەمانەی خوارەوەن، گۆیا لە کتێبی «دەورەی شا خۆشێن» وەرگیراوون:

یاران جــه ڕێواس، یاران جــه ڕێـواس
پادشـــام پەیدا بی، جــە دانەی ڕێواس
مـەشیـە و مـەشـیـانە، بـەرامـان جـەواس
پـەرێ ئـازمـــایی، مـــێـــردان رەواس

واتاکەی:

(ئەی یاران لە ڕێواس
پاشام پەیدا بووە، لە دانەی ڕێواس
ئادەم و حەوا لە دەنکی گەنم هاتوون
تا ئەو کەسانەی لە رووەک پەیدا بوون تاقی بکرێنەوە (ئیمتیحان بکرێن)).

٢

وەروێ وەوا رۆ، وەروە وەرێـــنـــە
وەڕێســـە بڕیۆ، چووار ســـەرێنە
کەرگێ سیاوە، هێلێش چەرمێنە
گوشلێ مە مێـریۆ، دووە بەرێنە

واتاکەی:

(بەفر دەبارێ و دەتوێتەوە
گوریس کە پارچە دەکرێ چووار سەری لێ پەیدا دەبێ
مریشکی ڕەش هێلکەی سپی دەکا
گۆزەی شکاو دوو دەرگای لێ پەیدا دەبێ)

٣

داران گیـان دارەن، جـەرگ و دل بەرگەن
گـــایێ پڕ بەرگـەن، گـــایێ بێ بـەرگـەن
کەرگـە جـە هێـلێن، هێـلێ جـە کـەرگەن
رەواس جـە رەواس، وەرگێ جـە وەرگـەن

واتاکەی:

(درەختان گیانیان هەیە جەرگ و دڵیان بەرگە

هەندێ جار گەڵایان هەیە، هەندێ جار گەڵایان نییە

مریشک لە هێلکەیە، هێلکە لە مریشکە

ڕێوی لە ڕێوییە، گورگ لە گورگە)

ئەم وێنە ئەدەبی میللییانە هەندێکیان بوون بە قسەی نەستەق لە ناو خەڵکیدا، هەر چۆنی بێ ئەم جۆرە داهێنانانە لە ئەدەبی سۆفیزمەوە نزیکن.

شا خۆشێن ١٠١٥م – ١٠٧٤م

ناوی موبارەک شایە، لەقەبی بابا خۆشێن، یا شاخۆشێنە. بەپێی سەرچاوەکانی ئایینی یارسان بە تایبەتی «سەرەنجام» لە ساڵی ٤٠٦ھ/ ١٠١٥م لە لوڕستان لە دایک بووە.

ئەوەی لە ئەفسانە ئایینییەکانی یارسان هاتووە ئەوە دەگەیێنێ کە شا خۆشێن سێیەمین ئەدگاری کردگارە لە سەر ڕووی زەوی. لە لوڕستان پەیدا بووە. گۆیا لە ماما جەلالەی کچی میرزا ئەمانا بووە، ماما جەلالە کچ بووە و بەبێ ئەوەی نێرینە تخوونی بکەوێ شا خۆشێنی بوو. ئەم گێڕانەوەیە لە بەسەرهاتی لە دایک بوونی مەسیح دەکا.

نویشکی ئەفسانەی لە دایک بوونی شا خۆشێن بەم جۆرەیە: «میرزا ئەمانا یەکێ بوو لە گەورە و دەوڵەمەند و سەردارانی لوڕستان. شەش کوڕ و کچێکی هەبوو، کچەکە ناوی ماما جەلالە بوو. ڕۆژێ ماما جەلالە کە لە خەو هەڵدەستێ، بۆ یەکەمین جار ئەو بەیانییە ڕووناکیی ڕۆژ بە دەموچاوی دەکەوێ، گلۆڵەیێک تیشکی ڕۆژ دەچێتە ناو دەمیەوە و لە گەروویەوە بۆ خووارەوە دەڕوا، ئەموستی بۆ ناو قورگی دەبا، هەر چەندە دەکا بێ سوود ئەموستی بەر هیچ ناکەوێ، چونکە شتێکی مەتریالی نەبوو لە گەرووی بێتە دەرەوە. لە پاشانا ماما جەلالە ڕووداوەکەی بۆ دایکی گێڕایەوە.

ماوەیێک تێپەڕی، زگ پڕی پێوە دیار بوو.

دایک و باوک و براکانی لێی کەوتنە گومانەوە. باوکی ماما جەلالە کوڕەکانی

ئاگادار کرد کە پێویستە خوشکیان ببەنە جێگەیێکی نادیاری نهێنی و بیکوژن. کورەکان بۆ هێنانەدی ئارەزووی باوکیان، خوشکەیان لەگەڵ خۆیان برد و لە ئاوایی چوونە دەرەوە، تا گەیشتنە ئەو جێیەی پێویستە تێیدا لە ناوی ببەن. دیار بوو برای هەرە بچووک سۆزی شیری دایکێتی بزووتوو بووەوە، لەبەر ئەوە ووتی:

لام وایە هیچ کامێکمان نایێتە دڵی خوشکی خۆی بکوژێ، چاکتر وایە لەم چۆڵ و بیابانە بە تەنیایی بەجێی بهێڵین، تا دێوێک یا درندەیێک تووشی دەبێ و دەیخوا. بەڵام یەکێ لە براکان دڵرەق دەبێ و دەڵێ: من لە فەرمانی باوکم ناچمە دەرەوە، ئێوە ئەگەر دەتانەوێ برۆن، فەرموون من بە تەنیا دەیکوژم، ئیتر ئەوان رۆیشتن و خوشک و برایان بە تەنیا بەجێ هێشت.

برا کە دەستی کردە هێنانەدی فەرمان، لە پێشانا دەست و چاوی جەلالەی بەست و شمشێری هەڵکێشاو دەستی بڵند کرد بەڵام لە پڕ دەستی لە سەر سەری ووشک بوو و نەهاتە خووارەوە، وای زانی ئەمە کاری شیری دایکێتییە، ئەم جارەیان بە دەستی چەپ شیری هەڵکێشا بەڵام دیسان هەر چەندە کردی دەستی نەهاتە خوارەوە. لە پڕ ئەو منداڵەی لە ناو زگی جەلالە بوو، بە زمان هات و وتی: «جەلالە داوێن پاکە، ئەو منداڵەی لەو پەیدا دەبێ، جیلوەیێکی خوداییە». لەو کاتەدا کاکە رەزا پەیدا بوو و دڵی مامە جەلالەی دایەوە و مژدەی دایە کە ئەو منداڵەی لەو دەبێ جیلوەیێکی خوداییە، ناو و ناوبانگی گێتی پڕ دەکا.

برا لەشی کەوتە لەرزین و لە کردەوەی پەشیمان بووەوە و کەوتە سەر دەست و پێی خوشکی و داوای لێ بوردنی لێ کرد، هەر دووکیان پێکەوە گەڕانەوە ماڵێ، کورەکە هەموو شتێکی بۆ باوکی گێرایەوە.

لەو کاتەی کە ماما جەلالە بە تەما بوو باری بخاتە سەر رووی زەوی میرزا ئەمانا فەرمانی دەرکرد کە خەڵکی کۆ بکەنەوە بۆ ئەوەی بە چاوی خۆیان ببینن کچەکەی چۆن منداڵی دەبێ. لەو کاتەدا تەشتێکی زێر لە ئاسمان هاتە خووارەوە و لە پڕ گڵۆڵەیێک پرتەو لە دەمی جەلالە هاتە دەرەوە و چووە ناو تەشتەکەوە، لە ناو نوورەکە منداڵێکیان بەدی کرد، کوڕ بوو. قوماشی نایاب و گرانیان هێنا و منداڵیان پێچایەوە و ناویان نا موبارەک شا، لە پاشانا بە ناوی شا خۆشین دەنگی دەرکرد».

شا خۆشـێن سـەردەمی منداڵی لە لوڕسـتـان بردۆتە سـەر، لە پاشـانا ڕووی لە خوێندن کردووە، ئینجا بۆ ماوەیێک چووە بۆ هەمەدان. لە تەمـەنی ٣٢ ساڵیدا، لە کاتێک دا لـە سـەر لووتکەی کێـوی یافـتـە لە خـوڕەم ئابادی لوڕسـتـان مـوناجـاتی لەگەڵ کردگارا کردووە نووری خـودا پەیدا بووە و چۆتە لەشیەوە و بووە بە ڕێبەری یارسانان. ئەم گێڕانەوەیەش لە ڕووداوی مووسا و کێوی تووڕ دەکا.

لە سـاڵی ٤٦٧ھ/ ١٠٧٤م کـە لە گـەشـتی کـرمـاشـان بووە، لە نزیک هەرسین کۆچی دوایی کردووە.

شا خۆشێن لە سەردەمـی لاویەتیدا دوو بەیتی دادەنا، لەسـەر ئاوازی تەنبـور لە جـەمـخـانە لەلایەن یاران و پێرەوانییەوە بە گۆرانی دەبێـژران، ئەو شـیـعـرانە شـا خۆشێن و شـیعری یاران و پێرەوانی لە پاشـانا بوون بەو کۆمـەڵە شیعرەی کـە بە ناوی «دەورەی شا خۆشێن»ەوە ناونران.

شـیـعری بابا خۆشێن لە چووار چێوەی ئیدیۆلۆجیـەتی ئایینی یارسـان ناچنە دەرەوە، وەکو لەم نموونانەی لای خوووارەوە دەردەکەوێ.

١

یـارسـان وەرا، یـارسـان وەرا
وای هـەق راسـیـیـەن، برانان وەرا
پاکی و راسـتـی و نێـوەکی و ردا
قـەدەم وە قـەدەم، تا وە مـەنزلگا

واتاکەی:

(ئەی یارسانان وەرنە سەر ڕێ
ڕێی هەق ڕاستی و دروستییە
هەموو دەبێ لە ڕێی ڕاست بڕۆن
هەنگاو هەنگاو تا دەگەنە مەنزڵگا)

شا خـۆشێن لەم سـروودەدا یارسـان بە ئایینی ڕاست و ڕاسـتی دەزانێ و بەو ڕێیەی دادەنێ کە پیاو دەگەیێنێتە بەختیاری، لە شیعرەکەدا بە ئاشکرا داوا دەکا کە هەنگاو بە هەنگاو شەعائیری ئایین پێویستە بێتە دی.

٢

حـــەیدەری نازار، حـــەیدەری نازار
ئەز چەنی تۆمـــەن، حـەیدەری نازار
پـەرێ قـــەباڵە، مـــەکـــەرە ئینکار
لزا کـــاوەرۆش بگیـــــرە قـــــەرار

واتاکەی:

(ئەی حەیدەری نازدار و میهرەبان
هەموو شتێکی بۆ من حەیدەری نازدار
نهێنییەکانی یارسانان ئینکار مەکە
لزا خانم ئەو نهێنییە دێنێ و بە ئێوەی دەڵێ)

لەم دوو بەیتە دا قسە لەگەڵ عەلی دەکا و دەیەوێ تێی بگەیێنێ کە ئەویش وێنەیێکە لە کردگار، با بە ئاشکرا لە ناو خەڵکی بە ناوی ئایینێکی تر ناسرا بێ.

٣

مـــامـــام جـــەلالە، کـــاکـــام رەنگینە
دۆن وە دۆن ئامــــــام، چینە وە چینە
ها ئیـــســـا یوورت و نامم خـــوەشـــینە
هەر کەس بشنا سۆم، پاکش مەوکینە

واتاکەی:

(دایکم جەلالەیە، کاکم رەنگینە
لە گیانێک بۆ گیانێک دێم و دەچم
ئێستا بە ناوی خۆشێن دەرکەوتم
هەر کەس بمناسێ دڵی لە کین دوورە)

لەم دوو بەیتە دا بە ئاشکرا ئەفسانەی لە دایک بوونی خۆی دەردەبڕێ، تەنیا ناوی دایکی دەهێنێ وەکو مەسەلەکەی مەسیح.

٤

ئەز چەنی تۆمــەن، شــەهریار بـێ گــەرد
قـــەلای کـــەنگاوەر، ئـانـە بێ وەگـــەرد
دورنـەتـای دەریا، ئـێـــمـــەی بـەروارەرد
نامـەکـەی مـەشـیـە، ئێـمـەی بەرد ئەوفـەرد

واتاکەی:

(ئەی پیر شالیاری پاک
ئێستا قەلای کەنگاوەر وێران و پڕ غوبارە
لەو ڕۆژەی کە دوڕ لە دەریا پەیدا بوو
ئێمەش بە ناوی ئادەم هاتینە ئەم گێتییە)

شاعیر لێرەدا باس لە دوو ڕووداو دەکا، یەکێکیان قەلای کەنگاوەرە، ئەویتریان دوڕە. قــەلای کــەنگاوەر بریتـی بوو لـە قــەلا و کــۆشـک و باڵـەخـــانەیێکی کــۆن، پەرستگاییێکی تێدا بووە لە گەورەترین پەرستگای گێتی دەژمێررا. دوڕەکەش، یا دوڕی سپی یەکەمین دروست کردنی کردگارە، گەوهەری پاکی پێ دەڵێن، لەوەوە «بوون» پەیدا بووە.

شـا خۆشـێن لەم دوو بـەیتـە دا لەگەڵ پیر شـالیـار قسـە دەکا و دەڵێ: ئەی پیر شـــالیـــاری پاک، قــەلای کـەنگاوەر ئەوەی ترسـی خـست بووە دڵی خــەڵکەوە، بە فـەرمانی خودا وێران بوو، لەو ڕۆژەوە کە گەوهەری پاک دروست بوو، ئادەم پەیدا بوو و ئێمەش لە پشتی ئەوەوە هاتینە خووارەوە.

٥

ئەی مـەیی بێ گەرد، ئـەی مەیی بێ گـەرد
راســتـیم دا وە تۆ ئـەی مــەیی بێ گــەرد
راســـتـــیم دا وە تـۆ شـــەرتم رەدا بـەرد
نامـی مــەشـیـانـە ئێـمــەی برد وە فــەرد

واتاکەی:

(ئەی مەیی کیژی پاک

من ڕاستی بە تۆ دەڵێم ئەی مەیی کیژی پاک

من ڕاستی بە تۆ دەڵێم پەیمانیش دەدەم بە ڕەدا

ناوی حەوا ئێمەی لە دوری زەریا دەرهێنا)

شا خۆشین لەم دوو بەیتە دا لەگەڵ خاتوون مەیی کیژ دەدوێ، پێی دەڵێ ڕاستی بە تۆ دەڵێم و پەیمانیش بە کاکە ڕەزا دەدەم کە لە ڕاستی لا نەدەین، بە ناوی مەشیانە (حەوا) لە دوری زەریا هاتووینەتە دەرەوە،

بابا ناووسی جاف ١٠٨٤م –١١٦١م

ناوی ئیبراهیم و باوکی ئەحمەدە، لەلای یارسانان بە ناوی بابا ناووسی جاف ناسراوە، یەکێکە لە پیرە گەورەکانی یارسان و چووارەمین ئەدگاری کردگارە لە سەر ڕووی زەوی، بەپێی گێڕانەوەکانی کاکە ڕەزایی لە ساڵی ٤٧٧ھ/ ١٠٨٤م لە گوندی سەرگەت لە هەورامانی لهۆنی کوردستان لە دایک بووە.

لە کتێبی سەرەنجام دا ئەوە هاتووە کە بابا ناووسی جاف لە سەرەتای ژیانی دا خوێندەواری وەرگرتووە، بەڵام لە پاشانا وازی هێناوە و خۆی خەریکی لایەنی پراکتیکی دەروێشی و دێوانەیی و سۆفیزم بووە، ئەمە لە سەرانسەری دوو بەیتەکانی دا دەردەکەوێ. لە ناو خەڵکی دا بە «بلە شێتە» ناوبانگی دەر کردووە. لە ساڵی ٥٥٧ھ/ ١١٦١م هەر لە هەورامان کۆچی دوایی کردووە.

هەندێ دوو بەیت لە بابا ناووسەوە ماوەتەوە لە کتێبی «دەورەی بابا ناووس» دا تۆمار کراوە، زۆربەی لە بابەت ئامۆژگاری و پەند و قسەی نەستەق و زانستی و داناییيەوەیە.

١

نام مـــــەن بلـە و شـــــۆرەتم نـاووس

با بۆم ئەحمـەدەن، ساحیب جاو کووس

پێکانم وە ســـەر جـووقــەی پەڕ تاووس

زات ئاســـوارەنان چەنی کـــەیکاووس

واتاکەی:

(ناووم ئیبراهیمە و شوهرەتم ناووسە
باوکم ئەحمەدە و خاوەن جێ و ڕێیە
کڵاوی پەڕی تاووس لە سەر دەنێم
لەگەڵ کەیکاووس یەک گیانمان هەیە)

لەم دوو بەیتە دا شاعیر خۆی پێمان دەناسێنێ، بە تایبەتی ئەوە دەردەخا کە شای گێتییە و خاوەنی «بوون»ە. بەپێی فەلسەفەی دۆنا دۆن گیانی کەیکاووس شاهنشای کۆن هاتۆتە ناو لەشی ئەوەوە. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە کەیکاووس بەلای یارسانەوە یەکێکە کە گیانی کردگاریان چۆتە لەشەوە لە دەورەی یەکەمی پاش پەیدا بوونی مەشیە و مەشیانە (ئادەم و حەوا).

٢

ئەز ناوو سانان، جەی بەرزە ماوا
ئاسیاووم نیاوە، جەی تاشی کاوا
هەر کەس نەهارۆ، لەلا نیاوا
فەردا مەوینی، رووشان سیاوا

واتاکەی:

(من ناووسم لە جێی بەرز و بڵند دەژیم
ئاشی خودا پەرستیم لەم کێوە داناوە
هەر کەسێک باراشی لەم ئاشەدا نەکا
سبەینێ دەبینێ ڕووی ڕەش بووە)

بابا ناووس باس لە خواردنی بنچینەیی ئادەمزاد دەکا کە گەنمە، ئاشی لە سەر کێو دروست کردووە، چونکە کردگار دەبێ لە جێی بڵند بێ، ناوی ناوە ئاشی خودا پەرستی، لەبەر ئەوەی گەنم مایەی ژیانە پێویستە باراشی لە ئاشی خودایی لێ بکرێ، ئەگەر لە ئاشێکی تر لێی بکا سبەینێ ڕووی ڕەش دەبێ، واتە لە ڕۆژی قیامەت دا بە ڕوو ڕەشی دەمێنێتەوە.

٣

جەوێما جەوێم، جەوێما جەوێم
دەرد و دەرمـانم، جەوێما جەوێم
لوام وە ملە و دەست بەردم وەنێم
دیم تیری باران کەفتەن ئەو دڵێم

واتاکەی:

(لە ناو خۆم دایە
دەرد و دەرمانم لە ناو خۆم دایە
چوومە سەر گرد و دەستم بۆ درەختی نێم برد
دیم کە تیرە باران دەکرێم)

لەم دوو بەیتە دا بابا ناووس لە تۆبە کردن دەدوێ، وا دەردەخا کە پیاو هەست بە گوناهی دەکا، دەبێ خۆی پاک بکاتەوە، بۆ ئەمە دەچێتە سەر گرد و دەستی بۆ درەختی «نێم»ی بۆن خۆش دەبا. کردگار تیرە بارانی دەکا و دڵی دەپێکی، بەمە لە گوناه پاک دەبێتەوە.

٤

جەوێم پەنهانا، جەوێم پەنهانا
تیرێ وەم کەفتەن، جەوێم پەنهانا
تیر جە گەوهەرا، گەوهەر جەکانا
تا نەخی مێردان، بدۆ بێستانا

واتاکەی:

(تیرێکی نهێنی
تیرێک بریندارى کردم، تیرێکی نهێنی
تیر لە گەوهەرە، گەوهەریش لە کانە
بۆ ئەوەی پۆلی مێردان بگەنە بێستان)

بابا ناووس هەمیشە خەریکی ڕێ پیشان دانە، لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ئێش و

ئازار پیاو لە گوناه پاک دەکاتەوە. تیری خودایی کە دڵی ئادەمزاد دەپێکی پاکی دەکاتەوە، ئەو تیرە لە گەوهەری یەکانەیە لە کانی خودایی، واتە هەمیشەییە، ئیتر بە پاک بوونەوەی گوناهیان مێردان دەگەنە بێستانی سۆزی خودایی.

٥

ئەز نـاووسـانان، مـەیۆ نان جـە سـەر
تیـغـی دوو دەمم، نیـان نە کـەمـەر
جـە سـینەم مـەگنۆ، مـرواری و گـەوهـەر
زات ئاسـوارانان، چەنی شـا حـەیدەر

واتاکەی:

(من ناووسم لە جێی بڵندەوە دێم
شمشیری دوو دەمم (زولفەقار) لە کەمەر دایە
لە سینگم دا مرواری و گەوهەر شارراونەتەوە
من و شا حەیدەر (عەلی) لە یەک دانە گەوهەرین)

لەم دوو بەیتە دا شاعیر دەیەوێ ئەوە دەربخا کە گیانی هاتۆتە ناو لەشی ئەوەوە و هەر دووکیان لە یەک دانە گەوهەرن. دیارە ئەوەش لە بیر ناکا کە لە ئاسمانەوە هاتۆتە خووارەوە، واتە گیانی کردگارە، شمشێری زولفەقاری عەلیی لە کەمەر دایە.

جـەبـێ یاوەری، جـەبـێ یاوەری
خـەریک مـەندەنان، جـەبێ یاوەری
تـۆ وێت بـشـنـاسـا و بکـەر داوەری
ئیـتـر چۆن باوەڕ، وە مـرگ مـاوەری

واتاکەی:

(لە بێ یاری و مەعشووقی
لە بێ یاری وێڵ و سەر گەردانم
تۆ خۆت بناسە و ئەقڵت بە ڕاستی بشکێ
ئیتر چۆن باوەڕت بە ئەهریمەن دەبێ و دەیناسێ)

شاعیر جوان و ساکارانه ئەوە دەر دەبڕێ کە ئەو کەسەی خۆی بناسێ ئیتر چۆن باوەڕی بە خراپە دەبێ.

٧

جـە سـەراو سـەرێ، جـەبان و مـاهێ
چەنی کـۆڵدر و گـوم کـەردە ڕاهێ
شین بین وە مێهمان، یەک شان و شاهێ
فـەرقـمـان نـابێ نە ڕووی تەختگاهێ

واتاکەی:

(لە جێی بڵند و شاخێ کە بارەگای خودایە
ڕێمان لە عابید بزر کردووە
چووینە میوانداریی سوڵتان و شاهێک
هیچ جیاوازییێک لە نێوانمان دا نەبوو)

بابا ناووس لە زۆربەی شیعرەکانی دا خەریکی ئاسمان و جێی بڵندە، ئەمە دیارە لەبەر ئەوەیە چونکە خۆی بە گیانی کردگار دەزانێ. هەموو کەسێکی کە لە ڕاستی بگەڕێ بێ گومان دەگاتە بارەگای سوڵتان و شا و هەموو یارسانان و لە ناو گەوهەری یەکانە دەتوێتەوە (یەکێتیی بوون).

٨

جـەزاو و سـەری، جـەکـۆ و دەشـتی
جـە دلی باغی، وێنەی بەهەشـتی
جـەم بیم مەگیلیام، پەی بەخت نەشتی
تا بیم وە هامـدەم زیوا سـەرشـتی

واتاکەی:

(لە سەرەوە لە کێو و دەشت
لە ناو باغی وێنەی بەهەشت
جەمشید بووم تووشی بەختیاری هاتم

تا بوومە هاودەمی زیوا سەرشتی)

لێرەدا شاعیر پەنجە بۆ داستانی جەمشیدی جەمی پیشدادی درێژ دەکا، وەکو ئەو چۆن جەمشید بە کچی گەورەنگی شای زابلستان شاد بوو، بابا ناووسیش بە زیوا سەرشتی (زیبا سەرشتی) شاد بوو.

قۆناغی دووەمی شیعری ئایینی یارسان

ئەم قۆناغە بەردەوامی قۆناغی یەکەمە کە شاعیری گەورە شا خۆشێن بوو. لەم دەورەدا ئەدەبی ئایینی لە پێشوو زیاتر پەرەی سەند، نەوەکو تەنیا لە ڕووی قەوارەوە لە قۆناغی یەکەم زیاتر بوو، بەڵکو لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە نموونەی هونەرێکی بەرز بوو. سەر دەستەی شاعیرانی ئەم دەورە سوڵتان سەهاک بوو، قۆناغەکە هەر لەویشەوە دەست پێ دەکا، لە سەدەی یازدەمەوە تا سەدەی هەشدەم.

سوڵتان سەهاک (ئیسحاق) ١٢٧٢م – ١٣٨٨م

سوڵتان سەهاک (ئیسحاق) کوڕی شێخ عیسای کوڕی بابا عەلیی هەمەدانییە، لە نیوەی دووەمی سەدەی سێزدەم (٦٧١ھ/ ١٢٧٢م) لە گوندی بەرزنجە لە دایک بووە. دایکی خاتوون دایراک ڕەمزباری کچی حوسێن بەگی جافە.

سوڵتان سەهاک تازەکەرەوەی ئایینی یارسانە، ئەو ئایینەی بەپێی سەرچاوەکانی خۆیان «دەوری ئیسلامی» لە بالوولی داناوە دەست پێ دەکا، بە لای ئەوانەوە بالوول ئایینەکەی هێنایە کوردستان و لە ناوچەکانی کرماشان و خانەقین بڵاوی کردەوە. ئایینەکە لە سەدەی سێزدەمی مەسیحی پەراگەندە و نابووت بوو بوو، سوڵتان سەهاک ڕێکی خستەوە، یارسانەکان بە چووارەمی ئەدگاری کردگاری دادەنێن لە سەر ڕووی زەوی.

سوڵتان سەهاک سەردەمی لاویەتی بە خوێندن بردۆتە سەر، بە تایبەتی لە زانستیی دانایی و فەلسەفە و ئەدەبیات سەرکەوتوو بووە. بە هۆی ئەوەی سوڵتان سەهاک برای زۆر بووە، لە پاش مردنی باوکی ناخۆشی کەوتۆتە نێوانیانەوە، بۆیە بەرزنجەی بەجێ هێشتووە و ڕووی کردۆتە دێی شێخانی هەورامان لە سەرووی زێی سیروان، لە پاشانا لە گوندی پردیوەری نزیک شێخان لای ڕۆژهەڵاتی سیروان نیشتۆتەوە. ئینجا دەستی کردووە بە بڵاو کردنەوەی بیر و باوەڕی

یارسان لە ناوچەکانی هەورامان و شارەزوور و جوانڕۆ و شاخی داڵەهۆ و هەموو ئەو ناوچانەی دیالێکتی گۆرانیی زمانی کوردییان تێدا باوە.

سوڵتان سەهاک بۆ ڕێکخستنی بیر و باوەڕی یارسان لە ڕووی پراکتیکییەوە حەوت خانەوادەی دروست کرد، هەر خانەدانەی بریتییە لە ڕێکخراوێک، پێوەندیی نێوانیان ئامانجەکانی ئایینی یارسان دێنێتە دی، خانەوادەکان ئەمانەن: شا ئیبراهیمی، یادگاری، خامۆشی، عالی قەلەندەری ، میرە سووری، مستەفایی، حاجی باوەیسی. لە سەدەکانی (١٧ تا ١٩م) چووار خانەوادەی تر بەناوی: زەنووری، ئاتەش بەگی، شا هەیاسی، بابا حەیدەری پەیدا بوون.

سوڵتان سەهاک دەوری دیاری هەبوو لە چاک کردنی باری ئایینی یارسان، بۆ ئەم مەبەسە گەلێ کەموکووڕیی چاک کردەوە و شتی تازەشی خستە ناو ئایینەوە وەکو بایەخ دان بە «نیازخانە» و «جەمخانە». لەساڵی ١٣١٦م ڕێکخراوەکانی سوڵتان سەهاک لە پۆپەی جموجۆڵی دا بوون.

پیری گەورەی یارسانان لە سەد ساڵ زیاتر ژیاوە، هەر لە مەڵبەندی خۆی، لە پردیوەر لە ساڵی ٧٩١ه/ ١٣٨٨م کۆچی دوایی کردووە و لەوێش نێژراوە.

زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی سوڵتان سەهاک چوونەتە ناو نامەی «سەرەنجام». هەندێکیشی کەوتوونەتە ناو تۆمار کراوەکانی تری ئایینی یارسان. یەکێ لە شیعرە هەرە گرنگەکانی «بێ گاوان گاوێ» سروودی چووارەمە لە کتێبی سەرەنجام.

بێ گاوان گاوێ، بێ گاوان گاوێ
گاوی بێ گاوان، بێ گاوان گاوێ
تا سەر نەسپارن، کەردە وە لاوێ
تا هەق نەشناسن، دوور نەگشت باوێ
هەر سەرێ نە لەوح، وە حزووری جەم
نە سوجوود وە دەست، خەلیفە و خادەم
بێ شک ئەو سەرە، وە تۆمار نییەن
نە ڕۆژی حەساو، وە شمار نییەن

تۆمـار پیـر مـووسـا، قـەڵەم باقـیـیـەن
جــەمـی چلانـه، بنیــام ســاقــیــیــەن
رەهـبــەر داوودەن، دەسـی دامــانگیــر
تـەکــبــیــر چـی باتـین، بنیــامین پـیــر
جــۆز نە گــژنیــژە، نـە عــەرەق بـنیــام
ئاوەردەن وەجـــەم، پەری ســەرەنجــام
جــەم نە دڵی جــۆز، جــۆ نە دڵی جــەم
نیــــازم زات بی، چوارکـــــەس دەرهـەم
شـەرت دام وە بـنیـام، هـەق دام وەرەزبار
دەفـتــەر پیـر مــووسـا، ناز وە یادگـار
ڕەهـبــەر داوودەن، چل تـەنـش وە شـــۆن
پـەرچینش ئـەڵمـــاس، هەق وە دۆنا دۆن
نـەواو ئاوازی، ببـــۆ وە هـامـــتــــام
بنیام مـەغزی جەم، جەم مـەغـزی بنیام
زیکر کـەران نـەجــەم غـولامــان تەمــام
نەڕای مـەغزی دوڕ، مەولای خـاس و عام
نەوام عــەتری جـۆز، جــۆز عـەتری نەوام
غـــولامـــان گـــردەن، قـــەوا وە قـــەوام
جـــۆزم شکـەنا، ســــەریچم ســـپـــەرد
پـۆسـم پاچـنا، مــــەغــــزم بـەر ئاوەرد

واتاکەی:

(گای بێ گاوان

ئەگەر گا گاوانی نەبێ سەرگەردان دەبێ

ئەگەر سەر نەسپێرریٚ پەڕاگەندە دەبێ

تا هەق نەناسێ، لە ڕێی ڕاست دوور دەبێ

هەر سەرێک لە تۆماری جەم نەبێ
سەر دانەنوێنێ بۆ خەلیفە و خادیم
بێ گومان ئەو سەرە لە دەفتەردا نەنووسراوە
لە ڕۆژی قیامەت دا هیچی بۆ ناکرێ
دەفتەر و تۆمار و قەڵەمی پیر مووسا هەرماوە
جەم لایەتی و بنیامین مەی گێڕە
داوود ڕێبەرە بۆ یاران نیاز دەکا
پیر بنیامین ئاگاداری نهێنیی ناوەوەیە
گوێز لە گژنیژی ئارەقەی بنیامینە
لە دوایی دا هەموو دەگەڕێتەوە لای جەم
جام لە ناو دڵی گوێز دایە، گوێز لە ناو دڵی جام دایە
مەبەسم لە جام زاتی چووار کەسەکەیە (نەزرەکە بەوانەوە بەستراوە)
بەڵێن بە بنیامین دەدەم، هەقیش بەرەمزبار دەدەم
دەفتەریش دەدەمە پیر مووسا و نازیش دەدەمە یادگار
ڕابەر داوودە لەگەڵ چل کەسەکەی لە دووایەوەن
پەرژینی ئەڵماسە، هەق لەگەڵ دۆنا دۆنایە
دەنگ و ئاوازی (گوێز) بوو بووە هاوتام
بنیامین مێشکی جەمە و جەمیش مێشکی بنیامینە
غولامان هەموویان لە کۆبوونەوەدا زیکر دەکەن
لە ناو ناووکی دوڕ مەولای خاس و عام کۆتایی دێ
ژیانم عەتری گوێزە، گوێزیش عەتری ژیانمە
غولامان دەست بە داوێنم دەگرن
تا گوێز بشکێنم و سەرم بسپێرم
قەپێلکم داماڵی و ناووکم دەرهێنا)

سروودی سێیەمی سەرەنجام بریتییە لە گفتوگۆی نێوان سوڵتان سەهاک و پیر میکاییل.

پیــــره مــــیکـاییل، دەودانـی مــــاوا
چەنـی شـێخ سـەهـاک، کـەر پەیـی دەعـوا
مـار کـەرد وە قـەمـچی، سـوار بێ وەشـێـر
شـێـرش مـێـرانـا وە خـوازی دەلێـر
سـوار بـی وەشـێـر، ڕانـاوە هەی هـەی
تـارەس وە لـەب سـیـروانـی بێ پەی
ئاوازش کـەرد هـەی شـێـخـی سـەهـاک
قـەبوولم نیـیـەن، تۆ نەی مـاوا خـاک
قـەبوولـم نیـیـەن، تـۆ نـە پردیوەر
بسـازی یـانـە، بـنـمـانـی هـونـەر
ئەو ڕۆژە یـار داوید مـە سـازا دیـوار
شـاه وات وە داوید سـوار بۆ دیـوار
بچـۆ وە راوە، بێ خـۆف بێ ئـەندیش
بزان مـیکاییـل، ئـامـان پەرێ چێش
سـوار بـی دیـوار، داویـد دانـا
وە جـۆش هـەی هـەی، دیـوار مـەرانـا
مـیکـاییـل واتـش، شـێـخ سـەهـاک ئینە
ئەسـپش دیوارا مـەنما نـۆ وینـە
وە قـەوڵی قـەدیم تـا حـال کێ دییـەن
سـەهاک سـیحـر بازەن، جـا دووگـەرییـەن
ئاوازش کـەرد، ئەهـای شـێخ سـەهـاک
وە ئـەسـپـت واچە، پەریم سـوخـەن پاک
داوید وات غـولامـی، سـوڵتـان سـەهـاکم
غـولامـی یـەک ڕەنگ، شـاهـی بێ بـاکم
مـیکـاییـل واتـش، بـەچـو بـاچـە پێش
وێش مـەیۆ ئـەحـوال، بـە پرسـم جـەنیش

وه ســـــرری قـــودرەت، وه زۆری خـــــاوه
قــــەدەم رەنجـنا، شـــــاه هـات وه راوه
ئەو رۆژ کە سـیروان، چەمش کـەفت وه شـا
شـەوقی شـا مـەولام، سـیروان خـرۆشـا
شـا وات میکاییل، سـیروان هات وه جـۆش
باچە وه سـیــروان، دەنگەش بۆ خـامــۆش
مـــیکاییل واتش، نە مـــیــــر و وه دەس
سـیـروان فـەقـارەش، هانـه جـۆش خـەس
شـا سـولّتـان سـەهاک، وه ئاوازی بەرز
خوڕاوه سیروان، سیروان نیشت وه مەرز
شـاوه قـالیـچـه، نیـشت وه ڕووی سـیـروان
چەنی مـــیکاییل، وه بێـــده بەســـتـــان
مـــیکاییل واتش، شــــای رۆژی وه دەس
نەوسم وه رشـیـیـا، فـەرد فـەریاد ڕەسی
شا سولّتان سەهاک، دەسش کەرد وه بەحر
مـــاهی بەرشــــتـــه، بەر ئاوەرد وه بـەر
واتش مـیکاییل، گـۆشـتش کـەره نۆش
سو خوانش مەشکەن، غەمدەری پڕ جۆش
یەک مـاهـی ژ بەحـر، سـەر ئاوەرد ئەو دەر
سـەلام سـەد سـەلام، ئەمـیـری سـەفـدەر
وه جـوفت سـاز نای، دونیـا بەحـر و بەڕ
کـۆ وه جـوفـتی من، دەرکـەندی خـەیبـەر
جــیــفـــتم داینە تۆر، وه پیــر دەودانی
یا شـاه جـیـفـتم دەر، شـاهی مـەردانی
شـا سـوقـان مـاهی، گـرد وه بانی دەست
مـاهی زینده کـەرد، پادشـــای ئەلەست

وە ســـــرری قـــودرەت، نووری ئیـــلاهـی
مــاهـی زینـدە کـەرد، پەی جـیـفـتـی مـاهـی
ئـەو ڕۆژ مـــــــیکـایـیـل، ئـاورد ئـەی وەڵـلا
وات هـــەقــم تـــویـــی، ئـــەڵــلا ئـــەی وەڵـــلا

واتاکەی:

پیر میکاییل لە گوندی دەودان کە مەڵبەندیەتی
لەگەڵ شێخ سەهاک گفتوگۆیان کرد
ماری کردە قامچیی دەستی و سواری پشتی شێر بوو
ئازایانە شێری بانگ کرد
سواری شێر بوو بە هەی هەی
تا گەیشتە قەراغی زێی سیروان
بانگی کرد هۆ شێخ سەهاک
ڕازی نیم لێرە بمێنیتەوە
قوبوولم نییە تۆ لە پردیوەر
خانوو دروست بکەی و هونەر بنوێنی
ئەو ڕۆژە داوود دیواری دروست کرد
شا (سوڵتان سەهاک) بە داوودی ووت سواری دیوار بە
بچۆ بە ڕێوە بێ ترس و لەرز
بزانە میکاییل بۆچ هاتووە
داوودی دانا سواری دیوار بوو
بە زۆری هەی هەی دیوار کەوتە غار
میکاییل ووتی شێخ سەهاک ئەمە
ئەسپی دیوارە و موعجیزە دەنوێنێ
لە کۆنی کۆنەوە تا ئەمڕۆ کێ دیویەتی
کە سەهاک سیحر باز و جادووگەر بێ
دەنگی بەرز کردەوە و ووتی: ئەی شێخ سەهاک

به ئەسپت بڵێ قسەی باشم بۆ بکا
داوود ووتی: غولام (یاری)ی سوڵتان سەهاکم
غولامی یەک ڕەنگ شاهی بێ باکم
میکاییل ووتی: برۆ پێی بڵێ
خۆی بێ هەواڵم لێ بپرسێ
بە سرری قودرەت و هێزی کردگار
سوڵتان پێی بەرز کردەوە و گەیشتە ئەوێ
ئەو ڕۆژە کە سیروان چاوی بەشا کەوت
لە خۆشی هاتنی خرۆشا و دەستی کرد بە گرم و هۆڕ
شا ووتی: میکاییل سیروان هاتۆتە جۆش
پێی بڵێ بابێ دەنگ بێ
میکاییل ووتی: ناوێرم
سیروان قین و قاری هاتۆتە جۆش
شا سوڵتان سەهاک بە دەنگی بەرز
لە سیروانی خوڕی، سیروان ترس و لەرزی لێ نیشت
شا بە سوواری قالیچە (مافوور) نیشتە سەر ڕووی سیروان
لەگەڵ میکاییل مامەلە و سەواد دەکەن
میکاییل ووتی: شا رزق و رۆزی بە دەستە
خەریکە گیانم دەردەچێ، بگەرە هانام
شا سوڵتان دەستی درێژ کرد بۆ زەریا
ماسیی بەرشتەی هێنایە دەرەوە
ووتی: میکاییل گۆشتی بخۆ
ئێسقانی مەشکێنە و تەواو ئاگاداری بە
ماسییێک لە زەریاکەدا سەری هێنایە دەرەوە
ووتی: سڵاو سەد سڵاو ئەی ئەمیری سەفدەر
هەر دوو دونیاو ووشکایی و زەریا بە دەست تۆیە

کوانێ جووتی من ئەی سەرداری خەیبەر
هاوسەری تۆم داوەتە پیری دەودانی
ئەی شا هاوسەرم بدە بە شاهی مەرد
شا ئێسقانەکانی ماسی خستە سەر دەستی
پاشای ئەلەست ماسی زیندوو کردەوە
بە سرری قودرەت و نووری خودایی
ماسیی زیندوو کردەوە بۆ جووتێ ماسییەکە
ئەو رۆژە میکاییل ناوی خودای هێنا
ووتی: هەقم تۆی پاشا، وەڵڵا تۆ ئەڵڵای...).

سوڵتان سەهاک دیارترین و بە ناوبانگترین کەسانێکی یارسانەکان بوو لە دەورەی نوێیان، واتە دەورەی دوای ئیسلام، وەکو ئاشکرایە یەکەمین وێنەی کردگار لە (عەلی) دا بوو، بەم جۆرە لە کۆمەڵەی کوردەواری دا لە پاش عەلی سوڵتان سەهاک بە ناوبانگترین ڕەمزی ئەم ئایینەیە.

بیروباوەڕی یارسان لە شیعری سوڵتان سەهاکدا

بەرهەم و نووسین و کردەوەکانی سوڵتان سەهاک دەستووری بنچینەیی ئایینی یارسانە، لەلایێک پێوەندیی کۆمەلایەتی لە نێوان یارسانەکان ڕێک دەخا، لەلایێکی ترەوە ڕێ و شوێنی بیر و باوەڕی ئایینییان بۆ جێ بەجێ دەکا.

سوڵتان خۆی بە مەتریال (زات = ذات) و گیان (نوور، پرتەو) دادەنێ، لەشی حەوت کەسەکە و پرتەوی حەوتەوانە ئەوانیش دەگەڕێنەوە سەر جەوهەری بنچینەیی کە «یەک»ە:

وەسڵ و پێوەنا
ها زات و نوورم، وەسڵ و پێوەنا
نەویر ما هەفتەوان، زاتم هەفت تەنا
زات و نوور جەیەک، چەشمە وێم هەنا

واتاکەی:

(پێوەندی و بە یەکتری گەیشتن

من زات و نوورم هەر دووکیان پێکەوە
نوور حەفتەوانەیە زات حەوت تەنە
زات و نوور لە یەک سەرچاوە هەڵقولاون)

لە شیعرێکی تری دا سوڵتان سەهاک لە بیر و باوەڕی دۆنا دۆن دەدوێ، لەلای ئەو هێزی کردگار یەکێکە، بەڵام جێی خۆی لە لەشی جیاواز دەگرێ و لە سەردەمی ئادەمەوە تائێستا لە گەلێ لەش دا خۆی نواندووە:

تاسیکە نەبۆ، جۆز نییەن قبوول
هەر لەباوە ئایەم، تا ئاخر ڕەسوول
دۆن وە دۆن ئامایمێ، ئوسوول وە ئوسوول
راهـ یاری هەقەن. پەی یاران قبوول

واتاکەی:

(ئەگەر ناووک نەبێ گوێز بوونی نییە
هەر لە باوکە ئادەمەوە تا دوا پێغەمبەر
پشت بەپشت هاتین بە ڕێکوپێکی
ڕێی هەق پشتیوانمانە، لەلایەن یارانەوە قبووڵ کراوە)

لە شیعرێکی تری دا ئەوە دەگێڕێتەوە کە گیانی عەلی چۆتە لەشییەوە:

غولامان وایە، غولامان وایە
پەی ڕۆژی باقی، نیانمان وایە
ڕەجاو ڕەزا و ڕەمز، نەشۆ وەزایە
ئاسمانا مورغا، زەمینا هایە
ستارەی مەزیۆ، نەجامەی خورشید
پیشانی حەیدەر، جای بیم وە ئومید
هەر دوو جفت وە هەم، وێنەی مادەونەر
مادەش بنیامین، نەرشەن قەنبەر
دەستووری ئامان، پەرێ گردیشان
شوکر و فیکر و زیکر، وە خواجای وێشان

واتاکەی:

(مەنسووبەکانمان وان
تا ڕۆژی قیامەت نیازمان وایە
ڕەجا و ڕەزامەندی و ڕەمز بە فێرۆ نەچێ
لە ئاسمانا ڕۆیشتن لە ئەرزا نیشتنەوە
ئەستێرەی درەوشاوە لە بەرگی ڕۆژ دایە
جیلوەی حەیدەر بوو بەجێی ئومێدم
هەر دووکیان بوون بە یەک وەکو نێر و مێ
مێ بنیامینە نێریش قەنبەر
دەستوورێک هاتووە بۆ هەموویان
شوکر و فیکر و زیکر بۆ مورشیدیان)

لەم شیعرەشی دا، سوڵتان سەهاک باس لە چل تەن، واتە چل فریشتە و داوود دەکا:

نــــــــــاز ڕەوای یـــــــــــاران
حــوســێنی شــەهـیـد، ناز ڕەوای یاران
توحفـەی عەجـووز ڕەنگ، تەبرێز شاران
قـــــەرینت نیـــیـــا، هـەوار هـەواران
داوود ســــەر قــــەتار، چل تەن چلانە
شـەفـەق کـێش سـوبح کـە بوو نـیـشـانە
ســـوبح و ڕۆ ڕەنگن، جـــەو ڕای دێوانە
حـــەواڵەن بارۆ، پیـــروەی مـــەکـــانە

واتاکەی:

(ناز کردن شایستەی یارانە
حوسێنی شەهید، ناز کردن شایستەی یارانە
نەختینەی زەوی شاری تەورێزە
وێنەی تۆ نییە لە هیچ جێ و مەکانێک

داوود پێشڕەوە، چل کەسەکە لە ناو ئەون
شەفەقی بەیانییان بۆتە نیشانەیان
بەیانی و ڕۆژهەڵات ڕەنگی دێوانە دەنوێنن
باپیری گەورە گوزەر دەکا بۆ ئەو شوێنە)

سوڵتان سەهاک لە شێعرێکی تریدا، باس لە حەوتەوانە دەکا، لە راستیدا حەوتەوانە بریتییە لە حەوت یارانی سوڵتان کە یاریدەدەری بوون بۆ بەڕێوە بردنی لایەنی گیانیی ئایینی یارسان، حەوتەوانە ئەمانە بوون:

سەید محەمەدی گەورە سوارە، سەید ئەبولوەفا، سەید باوەیسی، میر سوور، سەید مستەفا، شێخ شەهابەدین، سەید حەبیب شا.

ئا دەرگا و پەردە
غولامان نیگایکەر، ئا دەرگا و پەردە
بەیان بو وێنان، وێڵ کەران هەردە
جە سرری قودرەت، جە ڕەنگیم کەردە
بیای ساجی نار ئیگام ئاوەردە
غولامان وێڵ نەوان، ئی سەراو پەردە
ساز نام هەفت نوور، جام بێ گەردە
جە ئەزەل مێردان، سەر پێش سپەردە

واتاکەی:

(ئەم دەرگا و پەردەیە
غولامان سەرنجی ئەم دەرگا و پەردەیە بدەن
با وێنەکان دیار بن لەوانەی لە شاخ گومڕا بوون
لە نهێنی قودرەت دا ڕەنگم دیارە
من ساجی ئاگرم بۆ ئێرە هێناوە
با غولامان لەم سەراو پەردەیە وێڵ نەبن
دروست کردنی حەوت نوور وەک جامێکی بێ گەردە
هەر لە ئەزەلەوە بڕیاری لە سەر دراوە)

جەمخانە و نیازخانە وەکو بارەگا و پەرستگای ئایینی یارسان دەورێکی باڵای هەیە، بە تایبەتی جێی هێنانەدی هەموو دەستوورە پراکتیکییەکانی ئەم ئایینەیە، سوڵتان سەهاک لە ژیانیدا بایەخێکی زۆری بە کۆبوونەوە ئایینییەکان دەدا، لەم لایەنەوە لە شیعرێکی دا دەڵێ:

ئیبراهیم یەکتا
جە هەفت و هەفتەن، تۆ مەنی یەکتا
یەکتا کەس نیەن، وە وێمەن ئاگا
ئینە ئارمای، ئەزەلی بیا
دەست جەم جە من، قودرەتەش بیا
ڕەنجە دڵ نەوی، وێم کەردم ئێگا
جەم قیبلەگا، یارانم بیان
خاسە غولامان، نە جوملە ئەشیان
هەر کەس نە جەم دا، نە پیر و ئەرکان
وە ڕاست بگێرۆ، دامان سوڵتان
ئانە حەقیقەت، مێر، دیارییەن
جە ڕۆژی حیساو، ئای وە دیارییەن

واتاکەی:

(ئیبراهیمی تاک و تەنیا
لە حەوت و حەوتەکان تۆ بە یەکتایی ماوی
کەس یەکتا نییە خۆم ئاگادارم
ئەمە دەستوورێکە ئەزەلییە
دەستی جەمخانە بۆ من لە قودرەتی ئەوەوە بوو
تۆ دڵت نەڕەنجێ من خۆم ئەم بڕیارەم داوە
جەمخانە قیبلەیە، یاران وەرن
لە ناو هەموویان غولامان (یارەکان) بێن
هەموو کەسێک لە جەمخانە دا لە پیر و ماقووڵان

به ڕاستی دامانی سوڵتان بگرن
ئەمەیە حەقیقەت، پیاوی گەورە دیارە
لە ڕۆژی حیساب دا باشتر دیارە)

جەمخانە لە ڕۆژگارانی ڕێبەری یارسانەکان وەک دەسگایێک و شوێنی ڕێکخراوێک دەوری باڵای هەبوو لە هێنانەدی شەعائیریان لە دوا ڕۆژ دا ئەو دەستوور و ڕەووشتانەی لەوێ دروست بوون لە لایەن یارسانەکانەوە پێڕەوی دەکران.

ئەفسانەی دەنکە هەنار

پیر میکاییلی دەودانی ئامۆزای سوڵتان سەهاک بووە، پاش ئەوەی کە دەبێ بە یەکێک لە یارە هەرە نزیکەکانی سوڵتان «ساریێ = شاریێ»ی کچی پێشکێش دەکا و دەبێ بە کارەکەری. لەو ماوەیەدا سوڵتان دار دەستی شا ئیبراهیم، کە هێشتا منداڵ دەبێ، دەداتە پیر ئیسماعیلی گوڵان بۆ ئەوەی لە باغی نیهال دا شەتلی بکا. فەرمانی سوڵتان جێ بەجێ دەکرێ، لە پاشانا دار شین دەبێ و گوڵ دەدا و هەنار دەگرێ، هەنارێک بۆ سوڵتان دێنن، سوڵتان فەرمان دەردەکا بۆ جەم، هەموو یاران کۆ دەبنەوە، ئەمە یەکەمین جەم بووە لە پردیوەر و لە دووایی دا ناویان نا «نیاز».

سوڵتان داوا لە پیر بنیامین دەکا کە دوعای نیاز بخوێنێتەوە، بەڵام لە حوزووری سوڵتان ئەم کارەی بۆ هەڵنەسوورا. سوڵتان ڕووی کردە داوود و پیر مووسا، ئەوانیش بۆیان نەکرا، ئینجا داوای لە چەند یارێکی تر کرد، بەڵام بێ سوود بوو کەسیان بۆی نەکرا.

ئیتر سوڵتان فەرمانی دا سەید محەمەدی گەورە سوارەی کوڕی داوای جێ بەجێ بکا، ئەو دەستی کرد بە خوێندنەوەی دوعای نیاز:

وە ئیشارەی شا، وە فەرموودەی یار
وە شەرت بنیامین، پیری سەر قەتار
وە ڕازی داوود، ڕاهنمای کوففار
وە قەڵەم زەررین، مووسای دەفتەردار

وە قـەدری حیشـمـەت، مسـتـەفـای زۆردار
وە خـدمــەت کـەردە، پاک پیــری ڕەزبار
وە نـازی جــەمـــعی، ئـەولیـــای نـازار
وە نازی جــەمــعی، ئـەولیــای عــەتتــار
(عـطــار نـیــــــــشـــــــــابووری)
هـەر جــە ڕۆژ ئـەزەل تا یـەومــولشــمـــار
(یـوم الـشـــمـــار - یـوم الـحـــســـاب)
کــەردەیی یارســان، ســەف بۆ نە تۆمـار

واتاکەی:

(بە ئیشارەی شا بە فەرموودەی یار
بە شەرتی بنیامین پیری سەر قافلە
بە ڕەزامەندی داوود ڕێ پیشاندەری کافران
بە قەڵەمی زێڕینی مووسای دەفتەردار
بە توانای حیشمەتی مستەفای بە توانا
بە خزمەت کردنی پیری ڕەزبار
بە نازی سەرجەمی ئەولیا نازدارەکان
بە هەموو نازەکانی عەتتاری ئەولیا
(عطار نیشابووری)
هەر لە ڕۆژی ئەزەلەوە تا ڕۆژی حیساو
(یوم الشمار – یوم الحساب)
کردەوەی یارسانەکان دێنە تۆمار کردن)

پاش خـوێندنەوەی دوعـا، هـەنار دەدەنـە دەست پێش خـزمـەتی داوود بۆ ئەوەی بەشی بکا بە سـەر ئامـادە بووانی جـەم، ئـەویش بەشی دەکا. بە ڕێکەوت دەنکێ هـەنار دەکـەوێتـە درزی فـەرشـەکـانەوە. لە کـاتێک دا کـە «سـارێ = شـارێ»دێ و جـەمـخـانە گسک دەداو پاکی دەکاتەوە، دەنکێ هـەنار دەدۆزێتـەوە، هـەڵی دەگرێ و دەیخـاتە دەمـیـەوە. پاش مـاوەیێک زگی پڕ دەبێ، ئینجـا کوڕێکی لە دەمـەوە دەبێ،

موعجیزەیێکی تری کردگار دەکەوێتە ناوەوە.

سوڵتان فەرمان بۆ داوود دەر دەکا کە منداڵەکە سێ شەو و سێ ڕۆژ بخاتە تەنوورەوە و سەری بگرێ، ئەویش فەرمانی سوڵتان دێنێتە دی، پاش سێ ڕۆژەکە، سوڵتان دێتە لای تەنوورەوە و سەری هەڵدەداتەوە، منداڵ هەڵدەستێتە سەر پێ و سڵاو لە سوڵتان دەکا:

یادگاری یار، ئەوسا بیش مەنزوور
پەرێ نیشانە، نیاش نە تەنوور
نیاش نە تەنوور، نە شەرارەی نار
فەرما وە داوود، سەر تەنوور بنیار
سێ ڕۆژ سەبرەش کەرد، داوودی ڕەهبەر
نیازش وەرکەرد، ئاما وە نەزەر
فەرما وە داوود، نە عەینم باوەر
دیش ئاما وە سەر، پادشای پردیوەر
یادگار جە تەنوور، وورێزا ئەو پا
وە لەفزی شیرین، سەڵام دا وەشا
بەرگی خود ڕەنگی، کەرد وە خەڵاتەش
نەمام کوردستان، کەرد وە بەراتەش

واتاکەی:

(یادگاری یار لەو کاتەی کە ئیرادەی کرد
بۆ موعجیزە نواندن خستییە ناو تەنوورەوە
خستیە ناو تەنووری پڕ لە بڵێسەی ئاگر
بە داوودی ووت سەری تەنوورەکە داخە
سێ ڕۆژ داوودی پێشەوا سەبری کرد
ئەو نیازەی کە کردی هاتە دی
بە داوودی ووت بیهێنە بەرچاووم
پاشای پردیوەر هاتە سەری

یادگار لە ناو تەنوور هەڵسایە سەر پێ
بە قسەی شیرین سڵاوی لە شا کرد
بەرگی جوانی کرد بە خەڵاتی
هەموو کوردستانیشی کرد بە بەرات و پێی بەخشی)

ئەم ڕووداوە ئەفسانەییەی کە لە شیعری ئایینی یارسان ڕەنگی داوەتەوە، بە سەرهاتی پەیدا بوونی بابا یادگارمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە دەنکە هەناری پیرۆز لە کیژێک لە دەمەوە لە دایک بووە، دیارە بێ باوکیشە، بۆ ئەوەی ببێتە کردگار و لە پێستی ئادەمزاددا خۆی بنوێنێ. ئەم ڕووداوەش لەوەی مریەمی دایکی مەسیح دەکا.

عابیدینی جاف ١٣٢٠م – ١٣٩٤م

عابیدین کوڕی نووروڵڵای جافە، بەپێی کتێبی سەرەنجام لە ساڵی ٧٢٠ھ١٣٢٠/م لە شارەزوور لە دایک بووە، خوێندنی بەرایی لە لای مەلا ئەلیاسی شارەزووری بووە، ئینجا زانستییەکانی کەلام و بەلاغەتی لای مەلا غەفووری شارەزووری خوێندووە، پێوەندیی لەگەڵ خوێندەواران و پێڕەوانی سۆفیزم بەهێز بووە. لە دوایی دا گەیشتۆتە سوڵتان سەهاک و بووە بە یەکێک لە یاران و پێڕەوانی، لە دووا ساڵانی سەدەی چواردەم ٧٩٧ھ/ ١٣٩٤م کۆچی دوایی کردووە.

عابیدین یەکێکە لە شاعیرە ناودارەکانی یارسان، زمانی شیعری تێکەڵاوە و زیاتر دەشکێتە سەر دیالێکتی کرمانجی خووارو، جگە لەوە بە هۆی ئەوەوە کە شیعری بە هەوای دیالێکیتی گۆرانی وتووە، هەوڵی داوە لە ئەدەبی میللی و زمانی ساکاری ناو خەڵک نزیک بن، ئەوەی زیاتریش بووەتە هۆی ئەم ساکارییە ئەوەیە کە عابیدین دەنگ خۆش بووە و لە تەنبوور ژەنەکانی سوڵتان سەهاک بووە، وەکو دەردەکەوێ لەو سەردەمەدا کۆرسی چڕینی سروودی ئایینی یارسان بایەخدار و پڕ زەوق بووە. لە دێڕە شیعرێک دا ناوی هەندێ دەنگ خۆش و تەنبوور ژەنەکانی ڕۆژگاری کۆن و دەوروبەری سوڵتان سەهاک بەم جۆرە هاتووە:

نەکیسا، ئەحمەد، باربەد، عابیدین
ها فەرهاد، داوود، شاپوور، پیر مووسین

نەکیسا و باربەد لە دەنگ خۆش و مۆسیقا ژەنەکانی سەردەمی خوسرەوی پەرویزی ساسانی بوون.

ئەوەی جێی سەرنج ڕاکیشانە ئەوەیە شیعرە لیریکییەکانی عابیدینی جاف ئەوانەی دیالێکتی کرمانجیی خوارووییان تێ کەوتووە لە سەر کێشی هەشت سیلابی شیعری میللی (فۆلکلۆر) ڕێکخراوون، هەرچی شیعرەکانی تری دیالێکتی گۆرانییە لە دەستووری کێشی شیعری گۆرانی دەرنەچوون کە دە سیلابییە.

لە کتێبی «دەورەی عابیدین» دا بەشێ لە بەرهەمی شیعری شاعیر کۆ کراوەتەوە.

لە شیعرێکی دا شاعیر بیر و هەستی بەرامبەر بە «مەعشووق» دەردەبڕێ، زۆر بە شوێنی گەڕاوە تا دۆزیویەتییەوە:

من عاشقی خاوەند کارم
عەشقی یارە وا بێ عارم
ئەمن گراو شاو چوار یارم
نوختەی خودا وا لە زارم
ئەز کە وێڵ بووم لە جێ و شارم
بەلەدمی کرد شای شاسوارم
بەزەربی دەست کەماندارم
بە فیدای یاری کردار دارم
کە منی خستە سەر ڕێی راسی
هەتا بژیم بە بێ کەسی
من عابیدینی کاکەییم
ئاخر بە یاری خۆم گەییم

واتاکەی:

(من عاشقی خوداوەندم
لەبەر عەشقی یار وا سەربەست و بێ پەروام
من گیرۆدەی شا و چووار یارم (چووار مەلایەتەکەی هەموو کردگارێک)

خۆشەویستیی خودا لە دڵ و دەروونم دایە
من کە دەر بەدەر و ئاوارەی ماڵ و مەڵبەند بووم
شای شاسوارم ڕێی پێ پیشان دام
بە تیر و کەوانی ئەو کوژراووم
بەڵام من بە فیدای ئەو یارە بەتووانایە دەبم
ئەوەی منی خستە سەر ڕێی ڕاستی
من تاقی تەنیام و کەسم نییە
من عابیدینی کاکەییم
لە ئەنجاما گەیشتمە یاری خۆم)

بە لای شاعیرەوە کردگار ڕێ پیشاندەر و دروست کەری هەموو شتێکە، بەختیار ئەو کەسەیە ڕێی ڕاست بدۆزێتەوە:

خـــــــــودا ئاوی دا بـە تـۆمم
ســـەوز بوو گـۆنەڵ لە ناو هۆمم
گـــوڵی کـــردە و بتـــەی جـــۆمم
گـەییـە کـشـتم بە هەفت یۆمم
هەر وەک حــەنیف مـیـۆ و مـۆمم
تـــووایـــەوە لـــە تـــەک زۆمم
بە دووی ڕاســـتی گــــەڕا دۆنم
تا دەرکـــەوێ جـــێگە و شـــوێنم
دی کـــــەس نیـــیـــە بکا لۆمم
هـەڵسێ و بێـــتـــە بەر و بۆمم
چـونـکـە پـاک و ڕاسـت و ڕۆنم
لە بـۆ دوژمن بـای ســــــەبۆنم
خـودام ئەوێ و وەک ئەسـتـۆنم
لە بۆ خــــەڵقی ڕەهـنـمـــــۆنم

واتاکەی:

(خودا تۆوی ئێمەی ئاو داوە

لە کاتی خۆی دا تۆ پشکووت و سەوز بوو

لە پاشا گوڵی کرد

بە حەوت ڕۆژ پشکووت

وەکو حەنیف (ئایینی پاکی ئیبراهیم) شەمێی

بوونم ڕۆشن بوو

ڕۆشنایی گەیشتە خانەوادەم

گیانم بە دووای ڕاستی دەگەڕا

بۆ ئەوەی ڕێ و شوێنم ئاشکرا بێ

بۆ ئەوەی کەس تانەم لێ نەگرێ و لۆمەم نەکا

وە نەتووانی خاک و وولاتم داگیر بکا

چونکە من پاک و ڕاست و سافم

بۆ دوژمنان بای گەرمم

من خودا دەپەرستم، بەهێز و توانایە وەک ستوون

ڕێبەر و ڕێ پیشاندەری خەڵکم)

لەم شیعرەش دا بیر و باوەڕێکی تری یارسانەکان دەخاتە ڕوو، ئەویش لە بابەت ڕۆژی حەشرەوەیە، بەلای ئەوانەوە ڕۆژی حەشر لە دەشتی شارەزوور دەبێ، لەبەر ئەوەیە شارەزوور خاکی پیرۆزیانە، وەکو هەموو ئایینەکانی تر، کە هەر یەکە خاکێکی پیرۆزی خۆی هەیە و لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ڕۆژی حەشر و نەشر و حیساب لە سەر ئەو خاکە دەبێ، عابیدینی جاف دەڵێ:

بە پێی ووتەی سەرەنجامم

لە شارەزوورە ئەنجامم

یارم لەوێ دەدا کامم

لە بادە پڕ دەکا جامم

سارێش دەکا ڕێش و زامم

تا بگەمە هەمی دامم

من عـــــابيـــــدینی هـەورامم

دڵداریی جـــووانی خـــواجـــامم

واتاکەی:

(وەکو لە سەرەنجام دا نووسراوە

ئەنجام (حەشر)م لە شارەزوورە

یارم لەوێ بەختیاریم دەداتێ

جامم پڕ لە شەراب دەکا

هەموو برین و ئێش و ئازارم سارێژ دەکا

تا بگەمە هەموو ئامانج و ئاواتم

من عابیدینی هەورامانیم

عەشقی جووانیی خواجامم)

لە شـیـعرێکی تری دا عـابیـدینی جـاف ئەوە دەر دەبڕێ کە مـەڵبـەند و کەس و کـاری خـۆی بـە جـێ هێـشـتـووە، پشـتـی کـردۆتە ناوچەی سـازان و ڕووی کـردۆتە پردیوەر و بووە بە یار و پێڕەوی سوڵتان سەهاک:

داوودم تـۆیـی، دەلیـل و پیـــــــرینـم

ئەمـــجـــار ســـارێش بوو، زۆخ و برینم

ئەووەڵ و ئـاخــیـــر، شـــاهـی دێرینم

هـاتـگم بـۆ بەزم، جـــەمـی ســـوڵتـــانی

کـــەمـــتـــرینی کـــەم، بەو غـــولامـــانی

دەرچـووم لە نـاو، قـــەومـی ســـــازانـی

واتاکەی:

(تۆ داوودی منی، ڕێبەر و پیرمی

هەموو دەردو برینم سارێژ بوو

سەرەتا و دووایی من شای دێرینە (سوڵتان سەهاک)

هاتوومەتە بەزم کۆبوونەوەی سوڵتان

من یەکێکم لە کەمترینی غولامانی

له ناو قەوم خویشم له سازان دەرچووم)

له پاش ئەوەی عابیدینی جاف به خزمەت سولّتان سەهاک دەگا، ئەم گفتوگۆیه له نێوانیان دا ڕوو دەدا.

عابیدین دەڵێ:

مـــەلا لـەینه پـێ خـــۆشـــه
بـەزمی مـــەردان پێ خـــۆشـــه
بـنیـــام ســـاقی لـەو هۆشـــه
ســـەریان له ژێری کـــەوشـــه
وەرن لـه نـوێـژ کـــــــەن تـۆبـه
تـۆبـەی ئـیـــخـــلاس یەک نـۆبـه
ســـەهاک خـودای دوو ســـەوبه

واتاکەی:

(مەلاکان ئەمەتان پێ خۆشه
بەزمی مەردانتان پێ خۆشه
ئەی ساقی له هۆشم بەرن
ئەوان سەریان له ژێر کەوشەکانیانه
وەرن تۆبه بکەن و نوێژ مەکەن
یەک جار به ڕاست و ڕەوانی تۆبه بکەن
سەهاک خودای هەر دوو بەرەیه (دوو گێتی)

سولّتان سەهاک له وەراما دەڵێ:

هــا قـــــــبــــــــوول بـیــــــا
ڕەجـای عــەبدینتــان هـا قــبــوول بیـا
دیدەم وە ڕەحـــــمـــــەت پـەناتان دییـــا
مورغوم وە مەیلتان وە دەست ئەو ئەشیا
تـا حـــەمــــاڵ کـــۆڵش نـەوەرۆ وەجـــا
نمـەیان پـەنـەش ئـوجـــــرەت کـــــراها

واتاکەی:

(ئەوا من قوبووڵ بووم

لە سایەی تکای عابیدین من قوبووڵ بووم

خەتا بە ملتان لە دەست ئەو شتانەوە

تا حەماڵ کۆڵی نەگەیەنێتە شوێن خۆی

کرێی ڕەنج و ئەرکی نادرێتێ)

زمانی عابیدینی جاف لە شیعری میللییەوە نزیکە، نەک تەنیا لەم لایەنەوە، بەڵکو بە گشتی شێوە زمانی جاف بەپێی ناوچە جوگرافییەکان دەگۆڕێ، بۆیە ئاشکرایە لەو ناوچانەی نزیک بە دیالێکتی کرمانجی خوارووی زمانی کوردین، شێوە زمانەکەیان تێکەڵاوە، ئەم دیاردەیە زیاتر لە ناوچەی شارەزوور و لای ڕۆژئاوای ڕووباری سیروان هەستی پێ دەکرێ.

شا ئیبراهیم ئەیووت ١٣٢٤م – ١٤٠٧

شا ئیبراهیم کوڕی سەید محەمەدی گەورە سوارەی کوڕی سوڵتان سەهاکە، نازناوی ئایینی «ئەیووت»ە، «ڕۆچیار» و «مەلەک تەیار» یشیان پێ وتووە. بە پێی کتێبی سەرەنجام لە ساڵی ٧٢٥ھ/ ١٣٢٤م لە گوندی شێخان لە دایک بووە، دایکی خاتوون زەینەبی کچی میر خوسرەوی لوڕستانییە، لە سەردەمی منداڵی دا لە خانەقای سەرگەرم چاوی کردۆتەوە و پەروەردە بووە. لە ڕۆژگاری لاویەتی دا دەرسی ئایینی و عەشقی خودایی لە سوڵتان سەهاک وەرگرتووە.

شا ئیبراهیم لە سەر داوای سوڵتان سەهاک بۆ ڕێبەری کردنی ناوچەکانی خوارووی کوردستان دەکەوێتە ڕێ، سەری گەلێ ناوچە دەدا، لە ئەنجاما لە گوندی سەرانە کە ئێستا بابا یادگاری پێ دەڵێن، نیشتەجێ بووە، هەر لەوێش لە ساڵی ٨١٠ھ/ ١٤٠٧م کۆچی دوایی کردووە. یارانی شا ئیبراهیم لە ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی و کەرکووک «کاکەیی»یان پێ دەڵێن، ئەمانە پێرەوی بیر و باوەڕی یارسانەکانی سەردەمی شا ئیبراهیم دەکەن.

کۆمەڵە شیعری شا ئیبراهیم بەناوی «دیوانی ئەیووت» لە بەردەستدایە، زۆربەی شیعری بەشێوەی بەند (کووپلە) ڕێک خراوون، هەر بەندی لە بابەت بە سەرهات و

ڕووداوی پێغەمبەرێک، یا پیرێک، یا وەلییێک، یا سۆفییێک، یا گەورە و پیرۆزێکی ئایینییە. هەمووی لە دەوروبەری بیر و باوەڕی دۆنا دۆن دەسووڕێتەوە و بە شێوەی ئێپۆسی ئەفسانەیی دەری دەبڕێ.

لە بەندێکی دا بە سەرهاتی نووح و ڕووداوی تۆفان دەگێڕێتەوە، ئەوەی لە ئەفسانەی کۆن و ئێپۆسی گلگامیش و تەورات و قورئان باسی لێوە کراوە، بیر و باوەڕی دۆنا دۆنی یارسان بە ئاشکرا لەم بەندەدا دیارە، بەوەی شا ئیبراهیم لە سەر ئەو باوەڕەیە کە گیانی لە لەشی حامی کوڕی نووح و گیانی بابا یادگار لە لەشی سامی کوڕی نووح خۆیان نواندووە، گیانی حام لە شا ئیبراهیم و گیانی سام لە بابا یادگار دەرکەوتوون:

زولاڵی کۆی کام، زولاڵی کۆی کام
یادگاری من، زولاڵی کۆی کام
چاگا تۆفانێ، مێردان ووست وە دام
نووحی نەبی بی، کەشتی یو ئەرشام
تیرەنداز بیمان، ئەز نامم بێ حام
کاکەم یادگار، نامش بیا سام

واتاکەی:

(تۆ پێوەندیت بە کێوی پاکەوە هەیە
ئەی یادگاری من، تۆ پێوەندیت بە کێوی پاکەوە هەیە
لە کاتی تۆفان دا مەردانت لەگەڵ دا بوون
نووح پێغەمبەر و یارانی لە ناو کەشتی دا بوون
من ناووم حام بوو
یادگاری کاکەم ناوی سام بوو)

لە بەندێکی تریدا باس لە بەسەرهاتی سیاوەش دەکا، ئەمە کوڕی کەیکاووسە، منداڵێکی جووان بووە، کە تەمەنی گەیشتۆتە حەوت ساڵی کەیکاووس سیاوەشی بە ڕۆستەم سپاردووە بۆ ئەوەی فێری ڕاووشکاری بکا و مەشقی جەنگاوەری لە گەڵا بکا. سیاوەش لە تەک ڕۆستەم گەورە بوو، کە بە لاویەتی گەڕاوەتەوە ماڵی

باوکی سـوودابەی ژنی کـەیکاووس دڵبـەندی بـووە و حـەزی لـێ کـردووە، بەڵام سیـاوەش هیچ مـەیلێکی بۆ باوەژنـی نەبووە، ئەمـە بووە هۆی ئەوەی کـە سـوودابە بکەوێتـە ڕق لێـی. لەپاشـانا بە فـەرمانـی کەیکاووسـی باوکی سـیـاوەش چووە بۆ جەنگی تۆرانیـان، بەڵام لەگەڵ ئەفراسیاب جەنگی نەکردووە، بەڵکو ئاشت بۆتەوە، کە کەیکاوویس ئەمەی بیستووە گلەیی لێ کردووە و تووڕە بووە، ئیتر سیاوەش لە ترسی باوکی لە وڵاتی تۆرانیان ماوەتەوە و لەگەڵ ئەفراسیابا ژیاوە، لە پاشانا فـەرەنگێزی کچی ئەفراسیـابی خـوواسـتووە. گرسـیـۆزی برای ئەفراسـیـاب ڕق و کـینێکی زۆری بەرامـبەر بە سیـاوەش بـووە، ئەمـە پاڵی پێـوە ناوە هەمـوو جـۆرە پیـلانێک ڕێک بخـا بۆ ئەوەی لە پێش چاوی ئـەفراسـیـاب ڕەش ببێ، لە پاشـانا بە فەرمانی ئەفراسیاب سیاوەش دەکوژرێ، شا ئیبراهیم لەم لایەنەوە دەڵێ:

ئیـبـراهیم عـەیان، ئیـبـراهیم عـەیان
دەروونم جـۆشـا، مـورغم کـەرد عـەیان
مـەزهـەر تووس بیم، شـازادەی کـەیان
پووری شـا نۆزەر، زەررین پۆش بەیان
کـاکـەم یادگـار، دۆنی سـیـاوەحش
نە پشت کـەرد وە ئێـران، وە دەوانی دەو
کـوشـتـە بی وە تێـغ، شـای ئەفـراسـیـەو
تاگڕەی فـانۆس، خـەسرەو بی ڕەوشـەن
وە زۆری ڕۆسـتـەم، هەقی بـابۆش سـەن

واتاکەی:

(ئەی ئیبراهیم لێت ئاشکرایە
دەروونم دەکوڵێ و مورغی دڵم ئاگاداری هەموو شتێکە
من لە تووس بووم و شازادەی کەیانیان بووم
کوڕی شا نەوزەری زرێ پۆش بووم
کاکەم یادگار نموونەی سیاوەش بوو
بە سوواری وولاغ ناو ئاگری بڕی

پشتی لە ئێران کرد
بە شیری ئەفراسیاب کوژرا
لە وەختێک دا گڕی فانۆسی خوسرەو رووناکی دا
بە زەبری تۆڵە، هەقی باوکی وەرگرتەوە)

لە سرووددێکی تری دا شا ئیبراهیم جارێکی تریش پەنجە بۆ داستانی سیاوەش درێژ دەکا:

زولاڵ کۆی ئەلبووس، زولاڵ کۆی ئەلبووس
یادگـــار من، زولاڵ کــــۆی ئەلبــــووس
کاکەم سیاوەحش، هوونەش جۆشا جووش
ئەز ســـەندم هەقـــەش، یورتم بیـــا تووش
ئەوســـا نە یەک بین، مـــێــردانی ئالووس
شـام نەعرە کێش بی، گـورزدار کـاووس

واتاکەی:
(ئەی زولالی کێوی ئەلبورز
یادگاری من، ئەی زولالی کێوی ئەلبورز
کاکەم سیاوەش خوێنی دەکوڵێ
من هەقیم وەرگرتووە و شاری تووس بوو بە نیشتمانم
لەو کاتەدا مەردان غەمگین بوون
شام نەعرەتەی دەکێشاو کاووس گورزی بە دەستەوە بوو)

لە بەندێکی تریدا بە سەرهاتی یووسف دەگێڕێتەوە، ئەم بەسەرهاتە پەندێکی قووڵی سایکۆلۆجیی ناوەوەی ئادەمزاد دەور دەکاتەوە: خۆشەویستی باوک بەرامبەر بە کوڕی، ڕق و کینی برا بەرامبەر بە برا، چونکە لای باوکیان خۆشەویستترە، دڵداریی نێوان یووسف و زولەیخا خێزانی عەزیزی میسر (پووتیڤار) گەیشتە پلەیێک کە شێوەیێکی سۆفیزم وەر بگرێ.

شاعیری یارسانی کورد شا ئیبراهیم لە بەندێکی حەوت نیوە دێر شیعری یەک قافیەیی بەم جۆرە تەماشای مەسەلەکە دەکا:

زولاڵ کۆی کەنعان، زولاڵ کۆی کەنعان
یادگاری من، زولاڵ کۆی کەنعان
چاگا غولامان، خەجڵ بین یەکسان
تاجیر باشی بی، شام نامش رەحمان
کاکەمش بەرکەرد، نە قەعری زیندان
یووسف بی کاکەم، زولەیخاش ئەستان
عزیزی میسری، ئەز بیم جەومەکان

واتاکەی:

(ئەی زولالی (پاکی) کەنعان
ئەی یادگاری من، ئەی زولالی کەنعان
لەو کاتەی مێرد منداڵان خەجاڵەت بوون
لە کار و کردەوەیان
شام بازرگان باشی بوو ناوی رەحمان بوو
کاکەمی لە ناو زیندان هێنایە دەرەوە
کاکەم یووسف بوو گەیشتە زولەیخا
بوو بە عەزیزی میسر (لە جێی عەزیزی میسر دانیشت)

شا ئیبراهیم لە تەک بایەخ دانی بە ڕووداوی کۆن و بەکار هێنانی وەک ڕەمز بۆ لێکدانەوەی نهێنییەکانی ئایینی یارسان، بایەخێکی زۆریشی بە دروشمە تایبەتییەکانی ئەم ئایینە داوە. لە سروودێکی دا دەڵێ: لە ڕۆژگارانی پێش «کردگار» (خالق) پەیکەری من سیمرغ بوو، پرتەوی من ڕووناکیی گەیاندە چین، من باپیری هەموو خەڵکی ئەم گێتییە بووم، ئادەم و حەوا پەیکەری من بوون، ئێستاش منم پێوەندیی نێوان کردگار و بەندە، ئەمە و سیمرغ لە سۆفیزمی یارسانەکان دا نیشانەی تەواوی و کاملّی ئادەمزادە، سۆفییان بە پرتەوی خودای دادەنێن لە قالبی مەتریالی دا خۆ دەنوێنێ.

یورتی من عەنقا، یورتی من عەنقا
نە یانەی ئەزەل، یورتی من عەنقا

نە قـاڵبی چین، نوور ئەز مـوحـەییـا
جـــەدد و عـــالەمـی، ئەز نـان بیـــا
جامەی ئەز بیا، مـەشیـانە و مەشیا
ئیگاش نـی پەردە، سـککەم بی ڕەوا

واتاکەی:

(پەیکەرم سیمرغە
لە ڕۆژی ئەزەلەوە، پەیکەرم سیمرغە
نوور و پرتەوی من، ڕۆشنایی تاچین بردووە
من باپیری خەڵکی هەموو گێتیم
ئادەم و حەوا پەیکەری من بوون
من پێوەندیی خودا و بەندەم و سککەم ڕەواجی هەیە)

لە شیـعرێکی تریدا شا ئیبراهیم باس لەو جۆرە دۆنادۆنە دەکا کە گیان تـەنیا لە لەشـی ئادەمـزاد خـۆی نانوێنێ، بەڵکو لە گـیـانـی ئاژەڵ و ڕووەک و شـتـی تری سروشتیش دەر دەکەوێ، لەم لایەنەوە دەڵێ:

زولاڵی کـۆی بیـد، زولاڵی کـۆی بیـد
ئیـبـراهیـمنان، زولاڵی کـۆی بیـد
ئیـبـراهیم نـامم، فـرەم بی شـەدید
پادشـام بلْنگ بی، نەکـۆی ناپەدید
ها کیشوەر بیام، ئەز نامم جەمشید
کاکەم یادگار، نامش بی خورشیـد

واتاکەی:

(پاکی کێوی بید
من ئیبراهیمم، پاکی کێوی بید
ناووم ئیبراهیمە بەرز و بەهێزم
پاشام پڵنگە، لە کێوی نادیار دایە
هاتمە سەر ڕووی زەوی بە ناوی جەمشید

کاکەم کە یادگارە لە ناو ڕۆژ دایە)

لە پاڕانەوەیێکی دا شا ئیبراهیم بەم جۆرە لەگەڵ سوڵتان سەهاک دا دەدوێ و پێیدا هەڵدەڵێ:

شـــــــەهـنـشــــــای شـــــــاهـان
بێ مـەئواو مـەکان، شـەهنشـای شـاهان
ئاگـای هـەر دوو سـەر، ڕەهنەمـای راهان
مـوتیـعـولئـەمـریم، جـە ئـەمـر و خـواهان
ســـەدا جـــە وێتـــەن، ئێـــمـــە حـــەبابیم
ســـەدا جـــەوێتـــەن، ئێـــمـــە رەبابیم
جە خومخانەی تۆ جامەی ڕەنگا و ڕەنگ
پۆشـــــاک یاران بێ، شـنـۆ و بـێ دەنگ
هـەر کـــەس نە ئـەمـرت، بـەر بشـــۆ وەبەر
مـەئمـووری جـەزاش، مـسـتـەفـای داوەر

واتاکەی:

(ئەی پاشای پاشایان
بێ مەئوا و مەکان ئەی پاشای پاشایان
ئاگاداری هەر دوو سەری (سەرەتا و ئەنجام) ڕێبەری هەموو ڕێیێک
سەر بۆ فەرمانەکانت دادەنونێم، هەموو ئەمرو ویستێک،
دەنگ دەنگی خۆتە، ئێمەش یاری تۆین
دەنگ دەنگی خۆتە ئێمە ئامێری دەستی قودرەتی تۆین
لە خومخانەی تۆدا جلو بەرگی ڕەنگا و ڕەنگین
یاران لە بەریان کەن بەبێ دەنگ
هەر کەسێ لە ئەمری تۆ دەرچێ
مەئمووری دادگای مستەفای حاکمە)

لە لایەن بە سـەرهـاتی ئیبراهیـمی خـەلیلەوە شـا ئیبراهیم لە سـەر ئەو باوەڕەیە کە خـودا ئیبـراهیـمی هـەڵبژارد وەک پێغـەمبـەری خۆی بۆ ئەوەی ئایینی یارسـان

بڵاو بکاتەوە، کە بریتییە لە ناسینی خودای تاک و تەنیا، بۆ ئەم ئامانجە بتی بت پەرستەکانی شکاند، ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم کە پەیکەری بابا یادگار بوو بۆ ئەوەی خەڵکی بۆ خۆی ڕابکێشی خۆی کردە قوربانیی ڕێی خوداوەندی کردگار، شا ئیبراهیم بۆ ئەم مەبەسە دەڵێ:

ئیبراهیم نەسەر، ئیبراهیم نەسەر
بەقای دەوری دین، یاریم کەفت نەسەر
ئیبراهیم بیانم، فرزەندی ئازەر
شکەستدا، بیم وە پێغەمبەر
کاکەم یادگار ئیسماعیل بیانی
سەرش بی وەرای، هەق و قوربانی)

واتاکەی:

(ئیبراهیم لەسەر سەرە
کاریگەری ئیبراهیم لەسەردا مایەوە
مەبەس ئیبراهیمی کوڕی ئازەرە
بتی شکاند و بوو بە پێغەمبەر
کاکم یادگار ڕووحی ئیسماعیلە
سەری بوو بە قوربانی لە ڕێی هەقدا)

شا ئیبراهیم ئایینی زەردەشتیش بە ئایینی یارسان دەزانێ، لەم لایەنەوە ئەوە دەخاتە ڕوو کە زەردەشت پەیدا بوو خەڵکی لە دەوری کۆ بوونەوە و دەیان ویست ئایینەکەی ڕەت بکەنەوە، بەڵام ئەو وەکو مامۆستایێکی بێ هاوتای قسەی ژیر و جووان، دەیووت هەر کەس ئایینەکەی وەرنەگرێ لە هەر دوو گێتی دەبێ و مایە پووچ دەردەچێ:

زوڵاڵ کۆی هاموون
یادگاری من، زوڵاڵ کۆی هاموون
چاگا غولامان، جەم بین نە ئەستوون
نامش زەردەشت بی، شام ئاسای ئاڵتوون

خــەزنەدار بیـــمـــان، ئەز نـامم هامـــوون
کـــاکــــەم یادگـــار، نـامش بی قـــاروون

واتاکەی:

(زولاڵ کێوی هاموونە
یادگاری من کێوی هاموونە
غولامەکان لە هاموون دا هەموویان ڕێزیان بەست
ناوی زەردەشت بوو وەکو شامی زێڕین
ئێمە خەزنەدار بووین من ناووم هاموونە
کاکم یادگار ناوی بوو بە قارِوون)

لەو کاتەی کە شا ئیبراهیم ئایینی زەردەشتی بە ئایینی یارسان دەزانێ، دیارە کتێبەکەشی (ئاڤێستا) بە کتێبی ئایینی یارسان لە قەڵەم دەدا. لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ئاڤێستا بۆ زەردەشت (زەردەشت پەیکەری بنیامینە) هاتۆتە خووارەوە و پێغەمبەری خودا بووە، لەم لایەنەوە دەڵێ:

زولاڵ ئاڤـێـسـتـا، زولاڵ ئاڤـێـسـتـا
ئەسـڵـی دەفـتـەرەن، زولاڵ ئاڤـێـسـتـا
بنیـام زەردەشـتـەن، دەفـتـەر وە دەسـتـا
زاتش جـە بادەی، شـەهنشـا مـەسـتـا

واتاکەی:

(زولاڵ ئاڤێستایە
ئاڤێستا سەر دەفتەری هەموو دەفتەرێکە
بەنی ئادەم زەردەشتە، دەفتەری لە دەستە
زاتی ئەو لە بادەی شاهنشاهی دروست بووە)

یەکێ لە ئەدگارەکانی ئایینی یارسان ئەوەیە کە دوو سەرچاوەی ئاو و کانیان هەیە، بە سەرچاوە و ئاوی پیرۆزی دەزانن، بە لایانەوە بەرامبەر بە ئاوی کەوسەری بەهەشتن، ئەمانە یەکێکیان ئاوی کەسلان (غەسلان) و ئەویتریان هانەی تا (کانی تا)یان پێ دەڵێن.

له بابەت کانیی کەسلانەوە شا ئیبراهیم دەڵێ:

زولاڵ کــــــــەرد مـــــــــەقـــــــام
یـادگـــاری من، زولاڵ کـــەرد مـــەقـــام
دۆن وە دۆن ئـامـــایم، نیـــانیل ئـەنجـــام
ئەز وە قـەتڵ زەهـر، سـزای وێم کـێشـام
کاکـەم وە دەست تیغ، سـزاش بـی تەمام
تـانـەی داڵـەهـۆ، یـا وایمـێ وەکــــــام
(شـاهـۆ) و (شندروێ)، (بالاْمۆ) (مـەولام)
نەوا (یافـتــە کـۆ)، دیدەدار) ســەقـــام
(قەندیل) ئایر کۆ، هەفت تەختی خواجام
یـاران بـەیـانـێ، بـدانـێ پـەیـغـــــــام
یـادگــــــاری مـن، ڕۆشـنـی بـنـیـــــام
بادە غــەســـلانی ، کـەوســـەری نۆشـــام
غــەســلان یادگـار کـەندش پەری جـام
نە چـەهر کـەندمـــان پەی عـاد و ئەییـام

واتاکەی:

(زولاڵ مەقامی پیرۆز کرد
یادگاری من مەقامی پیرۆز کرد
دۆنا دۆن هات تا گەیشتە ئەنجام
من بە مردنی زەهیر سزای خۆم کێشا
کاکم کە تیغ بە دەست بوو سزای تەواوی دام
سزای داڵەهۆ پاکی کردینەوە
(شاهۆ) و (شندروێ) و (بالاْمۆ) و (مەولام)
نەوا (یافتەکۆ)، (دیدار) سەقام
(قەندیل)ی ئاگرین حەوت تەختی مورشیدن

یاران بەیانێکم بۆ بکەن پەیامێکم بداتێ
یادگاری من ڕووناکیم بۆ بنێرێ
بادەیێک لە ئاوی غەسلان ئاوی کەوسەر بنۆشم
غەسلانی یادگار کرایە ناو جامەوە
ئەم وێنەیەمان کرد بە عەهد و پەیمانی ڕۆژگار)
لە بابەت سەرچاوەی («هانەی تا» شەوە) بابا یادگار دەڵێ:

زولاڵ کــــــــــەرد مـــــــــــاوا
ئیــبــراهـیــمـی من، زولاڵ کــەرد مــاوا
وە ڕووی بـە دانم، کـــــــەرد نـیش داوا
هەقـقـی ئەرش سـەن، نە عـەرش (سـاوا)
گـــا فـــــرزەندش ئەز، گـــا ئەزش بـاوا
مـــیـــری مـــێـــرانەن، نـە دەورەی کـــاوا
شـــەقـــەتار نە ڕووی، شـــەفـــەق شکاوا
هـەژمش خـــەیلێن، هیـچ کـــەس نە تـاوا
داوود نـە جـــــــامش، نـە پاش نـە یـاوا
پـەرێ یادگـــاری، کــــەندش (هـانەی تـا)
ئاووش جـاری کـەرد، سـەراوەش هـام تـا
هـام رەنگی غـەســلان، نەو لێـژە و مــاوا

واتاکە:
(جێ نشینی زولاڵ
ئیبراهیمی من جێ نشینی زولاڵ کرد
بەدەنی منی کرد بە ماوای خۆی
حەق عەرشی ئەوە ئیبراهیم نەک عەرشی (ساوا)
جارێکیان من کوڕی ئەوم، جارێکیان من باوکی ئەوم
میری میرانن لە چەرخی کاوەدا

سەر قافلەیە لە ڕووی شەفەق دا
گەلێ بەهێزە و کەس توانای ئەوی نییە
داود لە بەرگی ئەودایە و نەگەیشتە ئەو
لەبەر خاتری یادگار (هانەی تا)ی دروست کرد
ئاوی لێ تەقاندەوە، پڕ بە پڕ ئاوی لێ دەرهێنا
وەکو ئاوی غەسلان لە شوێنێکی لێژدایە)

ئەم شاعیرە سەرچاوەیێکی زۆری ئایینی و ئەفسانەی ڕۆژهەلاتی بەکار هێناوە بۆ دارشتنی ڕستەی بە پێز و پڕ مانای خەیالاوی لە پێناوی دەربڕینی بیر و باوەڕی خۆی. لەمانە بە سەرهاتی ئیبراهیمی خەلیل و یووسفی یەعقووبی کەنعانی و سیمرغی لای سۆفیانی پرتەوی (ئیشراقی) و ئایینی زەردەشت و کتێبی ئاڤێستا و جێگە پیرۆزەکانی یارسانانی هەورامان و هی دیکە.

بابا یادگار ١٣٥٩م - ١٤٨٠م

ناوی سەید ئەحمەدە، نازناوی ئایینی بابا یادگارە، یەکێکە لە پیرە هەرە گەورەکانی ئەو حەوت ڕێکخراوە ئایینییەی یارسان کە سوڵتان سەهاک بە ناوی بنەماڵەی بابا یادگارەوە دایمەزراند. بەپێی نامەی سەرەنجام لەساڵی ٧٦١ھ/ ١٣٥٩م لە گوندی شێخان لە دایک بووە، لای سوڵتان سەهاک خوێندنی تەواو کردووە، بایەخێکی تایبەتیی بە تیۆرییەکانی فەلسەفەی پرتەوی (ئیشراقی) داوە، باوەڕنامەی تەواوی زانستییەکان و تەریقەتی گیانی لە سوڵتان سەهاک وەرگرتووە. لە پاشانا لەسەر ئارەزووی سوڵتان سەهاک بۆ ڕێ پیشاندانی ڕاستی (ئیرشاد) ڕووی کردۆتە هیندستان و ماوەیێک لەوێ ماوەتەوە، ئینجا گەڕاوەتەوە گوندی سەرانەی کێوی داڵەهۆی کرماشان، تەمەنی درێژی لەوێ بردۆتە سەر و هەر لەوێش لە لایەن هەندێ ناحەزەوە کوژراوە، لەبەر ئەوەی زۆربەی ژیانی لە گوندی سەرانە بردۆتە سەر بە سەید ئەحمەدی سەرانەش ناوبانگی دەرکردووە، لە پاشانا بە پێچەوانەوە ئەم جارەیان بە درێژایی ڕۆژگار ناوی گوندەکە وون بووە و بووە بە بابا یادگار. بابا یادگار لە سەد ساڵ زیاتر ژیاوە، لە ساڵی ٨٨٥ھ/ ١٤٨٠م کۆچی دوایی کردووە.

بابا یادگار ژنی نەهێناوە، لەبەر ئەوە منداڵی نەبووە، پێش مردنی سەید خەیال

و سەید ویسالّی بە جێ نشینی خۆی داناوە.

بە سەرهاتی بابا یادگار وەکو هەندێ لە پیرەکانی تری یارسان لە ئەفسانە پێک هاتووە، هەموو ئەفسانەکانی لەم بابەتەوە لە ژیانی مەسیح و مریەم دەکەن. قارەمانی ئەو ئەفسانانە کچن، بە کیژێنی منداڵی بێ باوکیان بووە وەکو مریەم. دیارە ئەم ڕووداوانە هەموویان لە دەوروبەری فەلسەفەی دۆنا دۆن دەسووڕێنەوە، کە گیانی کردگار لە لەشی ئادەمزاد دا خۆی دەنوێنێ. هەر لەبەر ئەوەشە ناوی باوکی بابا یادگار نەزانراوە.لە دوو توێی ئەم کتێبەدا «ئەفسانەی دەنکە هەنار» هاتووە ئەمەش لێکدانەوەیێکی دیکەیە بۆ منداڵ بوون لە کچێک پیاو تخوونی نەکەوت بێ.

دیوانێکی شیعر لە پاش بابا یادگار بەجێ ماوە بە ناوی «زولاڵ زولاڵ»ەوە، ئەم بەرهەمە ئەدەبی – ئایینییە لە سەر بنچینەی بەند (کووپلە) هۆنراوەتەوە، هەر بەندێکی لە بابەت بە سەرهاتی پێغەمبەر و وەلی و سۆفی و پیاو چاکێکە، شیعرەکانی خۆش و ڕەوانن.

لە شیعرێکی دا پەنجە بۆ بە سەرهاتی یوونس پێغەمبەر درێژ دەکا، کە ماسی قووتی دا بوو و چل ڕۆژ لە ناو زگی ماسی هەر خەریکی پاڕانەوە و تەهلیلە بوو، بابا یادگار دەڵێ:

زولاڵی کۆی تات، زولاڵی کۆی تات
ئیبراهیمی من، زولاڵی کۆی تات
چاگا غولامان، وە یەک دان سەوقات
پادشام شابی، نامش بی ئەوقات
ئەز یوونس بەیام، ماهیم بی حەیات
کاکەم ئاماهێ، وە غەرِ دا قنیات

واتاکەی:

(ئەی پاکی کێوی تات
ئیبراهیمی من، ئەی پاکی کێوی تات
لەو کاتەی کە مێرد منداڵان دیاری دەدەن بە یەک

(دڵداری دەگۆڕنەوە)
پادشام شایە و ناوی ئەوقاتە
وەکو یوونس ژیانم بە ماسییەوە بەستراوە
تا کاکەم هات و ڕزگاری کردم)

لە شیعرێکی تریدا ئاوڕ لە داستانی ئیرەج دەداتەوە، چۆن فەرەیدوون وولاتی خۆی لە نێوان منداڵەکانی دا دابەش کرد، ئێران و عەرەبستانی دایە ئیرەج، بەلام دوو کوڕەکەی تری سەلم و توور بەمە ڕازی نەبوون، شەڕ و شۆڕ کەوتە نێوانیانەوە، لە ئەنجام دا ئیرەجیان کوشت و سەریان بۆ باوکیان ڕەوانە کرد (بە سەرهاتی هابیل و قابیل، یۆحەنای مەعمەدان = یەحیا)، لەو کاتەدا مەنووچەری کوڕی ئیرەج لە ژێر چاودێری باپیری فەرەیدوون پەروەردە دەبوو و دەژیا تا گەورە بوو. لەو سەردەمەدا سوپای سەلم و توور لە سەر ئاوی جەیحوون بوو، مەنووچەر بە لەشکرێکی گەورەوە هێرشی بردە سەریان و بە کوشتن و لە ناوبردنی سەلم و توور پیرۆزیی سەرکەوتنی دەست کەوت:

یادگار دۆنا دۆن، یادگار دۆنا دۆن
گەردشی دەوران، دونیای دۆنا دۆن
ئیرەج بیانی، پووری فەرەیدوون
کاکەم ئیبراهیم، فەڕی فەرەیدوون
چون پیری کەنعان، دوو دیدەم کوور بی
گەردنم وە هوون، تێغ سەلم و توور بی
تاکە مەنووچەر، ئازا وە زەروور
غەرق کەردش نە بەحر، سپای سەلم و توور

واتاکەی:

(ئەی یادگاری کە دێ و دەچێ و قەت ئاوا نابی
لەگەڵ سووڕانی چەرخ و فەلەک و ئەو دونیایە دێ و دەچێ
من وەکو ئیرەجی کوڕی فەرەیدوونم
کاکەم ئیبراهیمیش وەکو فەڕی فەرەیدوونە

وەکو پیری کەنعان هەر دوو چاووم کوێرە
گەردنم بە شمشێری سەلم و توور خوێناوی بوو
تا ئەو کاتەی مەنووچەر ئازایانە پەیدا بوو
سوپای سەلم و tووری لە زەریای خوێن دا نوقوم کرد).

بابا یادگار لە سروودێکی تریشی دا باس لە بەسەرهاتی مەنووچەر دەکا، لەم لایەنەوە دەڵێ:

زولاڵی کۆی سەنگ، زولاڵی کۆی سەنگ
ئیبراهیمی من، زولاڵی کۆی سەنگ
چاگا غولامان، کەفتەن نە ڕای جەنگ
سپای سەلم و توور، ئاوەردەن وە تەنگ
کاکەم ئیبراهیم، نامەش بی پەشەنگ
چەنی مەنووچەر، پاک کردش ئەو نەنگ

واتاکەی:

(ئەی پاکی کێوی سەنگ
ئیبراهیمی من، ئەی پاکی کێوی سەنگ
کە یاران بەرەو جەنگ ڕۆیشتن
سوپای سەلم و tووریان شکاند
کاکەم ئیبراهیم لە بنجدا پەشەنگ بوو
لەگەڵ مەنووچەر دوژمنیان لە ناو برد)

بابا یادگار وەکو هەموو پیر و گەورەکانی ئایینی یارسان بایەخێکی زۆری بە مۆسیقا و گۆرانی داوە و ئەم دیاردە هونەرییەی بە فەلسەفەی دۆنادۆنەوە گرێ داوە، لەم لایەنەوە دەڵێ:

زولاڵی سەر مەست، زولاڵی سەر مەست
یادگاری نان، زولاڵی سەر مەست
چاگا کە خوسرەو، بەهرام دا شکەست
وە ڕەبک و فەرمان ، خواجەکەی ئەلەست

بـاربـەد ئـامـــــــا، بەر بـەتـی نـە دەسـت
سـێ ئـاوای کـــوردی، پـەی دڵداران بـەست
ئـەز بـار بـەد بـیـم، نـەو بـەزمـگـای لـەسـت
کـاکـەم خـوسـرە و بی، نەگـرد بەندی رەست

واتاکەی:

(ئەی پاکی سەرمەست
ئەی یادگار، ئەی پاکی سەرمەست
لەو کاتەی خوسرەو بارامی شکاند
بە فەرمان و خواستی خواجەی ڕۆژی ئەلەست (خودا)
باربەد هات ئامێری مۆسیقای لە دەست بوو
سێ ئاوازی کوردی بۆ دڵداران ووت
من باربەد بووم لەو بەزمگا جووانەدا
کاکەم خوسرەو لە هەموو کۆت و پێوەندێک ڕزگار بوو)

لە ســـرووڎێکی تری دا بابا یادگـار بە ســـەرخـۆی دا هـەڵدەڵێ و ئەوە ڕوون دەکـاتەوە کـە لە کـاتێک دا وەکـو زاڵ پەژمـردە و غـەمـبـار بووە، وەکـو دایراک خاتوونیش دڵسۆز و میهرەبان بووە، دایراک بابا یادگاری لەگەڵ خۆی بردووە بۆ کـێـوی ئەلبـورز و لـەوێ پەروەردەی کـردووە، چونکە پـەروەردگـار یار و یاوەری بەندەیە.

یادگـار ڕووی خـاک، یادگار ڕووی خـاک
ئـیـبـراهـیـمی من، یادگـار ڕووی خـاک
چاگـا وە سـیـمـرغ کـە بـیـمـان ئەوراک
خـــاوەندکـــار بی، نامی شـــا ســـەهاک
کـاکـەم ئـیـبـراهیم، نامش بـی ئەفـلاک
بنیـامین سـام بی، سـیـمـرغ بی دایراک

واتاکەی:

(ئەی یادگاری ڕووی خاک

ئیبراهیمی من، یادگاری ڕووی خاک
لەو کاتەی کە بە سیمرغ گەیشتن
پەروەردگار ناوی شا سەهاک بوو
کاکەم ئیبراهیمیش ناوی ئەفلاک بوو
بنیامین سام بوو، سیمرغ دایراک بوو)

لە دوو بەیتێکی دا بابا یادگار ئەوە پیشان دەدا کە پێوەندی گیانی لەگەڵ جەمشیدی شاهنشای پیشدادی دا هەیە، وەکو ئەو پاک و خاوێنە، بنیامین نموونەی جامی جەمشیدە و پێوەندی گیانی لەگەڵ جەمشید دا هەیە.

زولاڵی جەمشیر، زولاڵی جەمشیر
یادگارنانان، زولاڵی جەمشیر
جام بنیامینا، جەم بین ئەمیر
بنیام ئافتاو، ماوەر و وە تیر

واتاکەی:

(ئەی جەمشیدی پاک
ئەی یادگار، ئەی جەمشیدی پاک
جام بنیامینە، هەموو لە دەورەی کۆ بوونەتەوە
بنیامین ڕۆژە، تیشکی وەکو تیر دێتە خوارەوە)

بابا یادگار لە یەکێ لە شیعرەکانی پەنجە بۆ داستانی پەیدا بوونی زەردەشت درێژ دەکا، ئەوە دەخاتە ڕوو کە شا ئیبراهیم ئەیووت وێنەی زەردەشت دەنوێنێ، واتە گیانی زەردەشت هاتۆتە لەشی ئەوەوە:

زولاڵی کۆی زەمان، زولاڵی کۆی زەمان
یادگار نان، زولاڵی کۆی زەمان
چاگا غولامان، جەم بین جە لامان
نامش گوشتاسب بی، شام و بی گومان
ئەز ئەو ناووس بیم، ڕۆشن کردمان
کاکەم زەردەشت بی، پوورەی ئەسپیمان

واتاکەی:

(ئەی پاکی کێوی ڕۆژگار

ئەی یادگار، ئەی پاکی کێوی ڕۆژگار

یاران هەموو لە لامان کۆبوونەوە

ناوی گوشتاسب بوو بە ئاشکرا و بێ گومان

من ئەو ناووسە بووم ڕۆشن بووینەوە

کاکەم زەردەشتی کوری ئەسپیمان بوو)

بابا یادگار لە موناجاتێکی دا لەگەڵ سوڵتان سەهاک دەدوێ:

چاگە نازمان

وە نـازی مــێــردان، چاگــە نازمــان

ووجــوودت مــایـەی ســەر فــرازمــان

گــــۆشـت شـنـەوای ڕێزە رازمــــان

هـەر وەقت باقـیم وات، مـەنزوورم تـۆ بیت

نـە پێـچ و پـەنهــان، پـەنـای دوو هـۆ بیت

هـەر جــای تۆ هـەنەن، ئـانە بـاقــیــەن

شــەربەت شـیـفـای، دەسـتی سـاقـییـەن

ئـەر ئـاســمـــان بـۆ، ئـەگـــەر زەمین بـۆ

پـادشـــام مـــەعین ئـامـین مـــوبـین بـۆ

واتاکەی:

(جێگەت کەس نایزانێ لە کوێیە

شانازی مەردانە جێگەت ئاشکرا نەبێ

بوونی سەر بڵندی ئێمەیە

گۆێت لە هەموو ڕاز و نیازێکمانە

کە دەڵێم (باقی) مەبەسم تۆیە

بە ئاشکرا و نهێنی هەر تۆ هەی

هەر جێیێ تۆ لێی بی هەیە و نەمرە

شەربەتی شیفای دەستی مەیگێڕە
گەر ئاسمان بێ یا زەوی بێ
پادشام هەیە، ئامین و ئاشکرایە)

بابا یادگار فەلسەفەی دۆنادۆنی تەنیا لە ڕووداوی کۆن و ڕووداوی میللی کوردی وەرنەگرتووە، بەڵکو عەلی وەکو پەیکەرێکی کردگار دەورێکی باڵای هەیە، لەبەر ئەوەیە بابا یادگار دەڵێ:

شەرت وێم وەجا
یادگارنان، شەرت وێم وەجا
دۆن وە دۆن ئامام، قەوا وە قەوا
ئیمام حوسێن بیم، پووری شەهنشا

واتاکەی:

(مەرجم دێنمە جێ
من یادگارم مەرجم دێنمە جێ
دۆناودۆن هاتووم، قاڵب بە قاڵب
ئیمام حوسێن بووم، کوڕی شەهنشا)

بابا یادگار خۆی لە جوانترین ڕووداوی سرووشت کە ژنە دوور دەخاتەوە، چونکە بە لای ئەوەوە تووانەوە لە ناو کردگار دا، لە بەختیاریی لەش و لاری ژن خۆشترە؛ لە پارچەیێکی جووانی لیریکی دا دەڵێ:

زولاڵی مەنی، زولاڵی مەنی
یادگارەنان، زولاڵی مەنی
بێزاریم واستان، نەدامی ژەنی
سەرازاد بیانی، وە لوتفی غەنی

واتاکەی:

(من پاکم
من یادگارم، من پاکم
لە داوێنی ژن بێزارم

به لوتفی خودا سەر ئازاد دەبم)

بابا یادگار وەک ڕێبەرێکی ئایینی خۆی گەورە دەنوێنێ، وەک شاعیریش موناجاتەکانی بیر و باوەڕێکن لە قاڵبی جوانکاری دا داڕێژراوون و پێوەندییان بە ژیانی گیانی و مێژووی ئایینەکەیانەوە هەیە. بێ گومان بە سەرهاتی یوونس پێغەمبەر لە ناو وورگی حووت و حیکایەتی سەلم و توور سەرچاوەی داهێنانی بەرهەمی ئەدەبین، هەروەها بابا یادگار پەنجە بۆ «عەلی» درێژ دەکا کە یەکێکە لە کردگارە گەورەکانی یارسان لە دوای دەوری پاش ئیسلام.

قرمزی (شاوەیس قولی) ١٤٠٧م – ١٥١٤م

شاوەیس قولی کوڕی پیر قەنبەری شاهۆییە، نازناوی قرمزییە و هەر بەوەش ناوبانگی دەرکردووە، بەپێی نامەی «دەورەی قرمزی» لە ساڵی ٨١٠ھ/ ١٤٠٧م لە گوندی دەرزیانی ناوچەی شاخی شاهۆ لە دایک بووە.

لە ئەفسانەی ئایینی یارسان، شاوەیس قولی «قرمزی» بە پێنجەمین ئەدگاری کردگار دادەنرێ کە لە سەر ڕووی زەوی خۆی نوواندووە، سەرچاوە ئایینییەکانی یارسان لە دایک بوونی قرمزی بەم جۆرە دەگێڕنەوە: «کردگاری شای گێتی بڕیاری دا لەگەڵ کۆمەڵێک لە یارانی سەرێک لە ماڵی قەنبەر شاهۆیی بدا. لەگەڵ چووار فریشتەی بە دیمەن دەروێش و قەلەندەر ڕوویان کردە ماڵی قەنبەر. قەنبەر و خێزانی خاتوون زەڕبانوو بەخێر هاتنێکی گەرمی میوانانیان کرد. دەروێشەکان لە قەنبەریان پرسی ئایا منداڵی هەیە یا نا؟ قەنبەر ووتی: نا، لەم کاتە دا بنیامین دەستی درێژ کرد و سێوێکی پێشکێش بە ژن و مێرد کرد و پێی ووتن: شای گێتی منداڵێکتان پێشکێش دەکا، بەڵام ناوی مەنێن تا من خۆم سەرتان لێ دەدەمەوە.

لە پاش چەند ڕۆژێک میوان خودا حافیزییان لە خانە خۆی کرد. ساڵێک بە سەر ئەمە تێپەڕی، ئینجا یاران هاتنەوە ماڵی قەنبەر، کە قەنبەر چاوی پێیان کەوت مەسەلەکەی هاتەوە یاد و بە خێزانی ووت: لەبەر ئەوەی لەم ماوەیەدا زگت پڕ نەبوو، دیارە ئەوانیش هاتوونە بۆ پیرۆزبایی منداڵ بوون، خۆت پێیان پیشان مەدە، بۆ ئەوەی دڵیان نەڕەنجێ. خاتوون زەڕبانوو ووتی:

تۆ بڕۆ بەخێر هاتنیان بکە و بیاندوێنە تا من بیرێک دەکەمەوە.

قەنبەر خەریکی میوانان بوو، ژنەش پارچەیێک گۆشتی لە قوماشێک پێچایەوە

و خستییه ناو جۆلانەوە و لە پاشانا هاتە لای میوانەکان. میوانان لێیان پرسی ئایا منداڵی بووە؟ ژنە ووتی: بەڵێ. بنیامین ووتی: برۆ بۆمانی بهێنە تا چاومان پێی بکەوێ. ژنە ووتی: منداڵەکە نووستووە. ئیتر بنیامین ناچار بوو خۆی بچێ بۆ لای جۆلانەکە و سەری پارچە گۆشتەکە هەڵبداتەوە، لەو کاتە دا منداڵێکی یەکجار جووان و سوور ڕەنگ و ڕوو خۆش دەرکەوت، یاران و ژن و مێرد یەکجار بەختیار بوون، کاکە پیرە لە بنیامینی پرسی ناوی بنێین چی؟ بنیامین ووتی: شاوەیس قولی...»

قرمزی لە منداڵییەوە دەستی بە خوێندن کردووە و لە لاویەتیدا شیعری ووتووە، «قرمزی» کردووە بە نازناوی شیعری. ژنی نەهێناوە و هەموو کات و دەمی بۆ بڵاو کردنەوەی بیر و باوەڕی یارسان تەرخان کردووە. لە ژیانی دا بنەماڵەی «شامیهمان»ی دامەزراند بۆ ڕێبەری ئایینی یارسان، یارەکانی یا فریشتەکانی ئەمانە بوون «پیر قەنبەر، کاکە عەرەب، کاکە رەحمان، کاکە پیرە، خاتوون زەربانوو». وەکو دەردەکەوێ دایک و باوکی هەر دووکیان لە «چار مەلەک»ەکانن. ئەوەی شایانی باسە «چار مەلەک»ی هەموو شا و سوڵتانێکی گێتی بەپێی ئایینی یارسان یا چووار کەس دەبن یا پێنج کەس، ئەگەر پێنج کەس بن، پێنجەمیان ژنە و وەکو مریەم بەبێ پیاو ئینسانێک دروست دەکا، بە لەش ئادەمزادە و بە جەوهەر گیانی کردگارە.

قرمزی لە سەد ساڵ زیاتر ژیاوە، لە ساڵی ٩٢٠ھ/ ١٥١٤م کۆچی دوایی کردووە، بەڵام جێی ناشتنی دیار نییە.

گەلێ شیعری ڕەنگین بە ناوی قرمزی و یارانی بە یادگار ماونەتەوە و لە نامەی «دەورەی قرمزی» دا تۆمار کراوون.

لە دوو بەیتێکی دا قرمزی پەنجە بۆ سێ ڕۆژەی ڕۆژووی یارسانان درێژ دەکا، کە «ڕۆژووی ئەشکەوتی نوێ»شی پێ دەڵێن.

بەپێی نامەی سەرەنجام لە کاتێک دا کە سوڵتان سەهاک لە بەرزنجەوە ڕوو دەکاتە شێخان، لە ڕێگە کۆمەڵێک لە هۆزی چیچک ڕێیان لێ دەگرن، سوڵتان و یارانی ناچار دەبن پەنا ببەنە بەر ئەشکەوتێک لە شاخی شندروێ، سێ شەو و سێ ڕۆژ لەوێ خۆیان دەشارنەوە، ڕۆژی چووارەم سرووشت تووڕە دەبێ و دەیکا

بە ڕەشـەبا و تۆفـان، هۆزی چیـچک تەفـر و توونا دەبن، لـە پاش ئەمـە سـوڵتـان فـەرمـان دەردەکـا کە هـەمـوو سـاڵێک سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو بن بـۆ سـوپـاسگوزاری کردگار، شاعیر دەڵێ:

یـــەرێ رۆی یـــاران، یـــەرێ رۆی یـــاران
هەر کـــەس نەگـــیـــرۆ، یەرێ رۆی یاران
ئەر ڕۆژێ ســـەرجـار، یانەش نـوور باران
قــــەبوولـم نیــــەن، وە جـــــەمش ناران

واتاکەی:

(سێ ڕۆژەی یاران
هەر کەس نەگرێ، سێ ڕۆژەی یاران
با ڕۆژێ سەد جاریش نوور ببارێتە ماڵی
ئەو کەسە قوبووڵ نییە و نابێ بێتە جەمخانە)

قرمزی لە دوو بەیتێکی تریدا شانازیی بەوە دەکا کە کوردە و ئەمە بە داستانی بە ناوبانگی کاوەی ئاسنگەر دەبەستێتەوە کە بەهێـز و توانای خـەڵک بۆی کرا زۆر و ستەمی زەحاک لە ناو بەرێ، دەڵێ:

ئەسـڵـمـەن جە کورد، ئەسلمـەن جە کورد
با بـۆم کـوردەنان، ئـەسلمـــەن جـە کـورد
من ئەو شـێرەنـان، چەنی دەسـتـەی گورد
سـڵسـڵەی سـپـای، زەحـاک کـەردم هورد

واتاکەی:

(من کورد نەژادم
باوکم لە کوردانە، من کورد نەژادم
من لەو شێرانەم کە ئازا و جەسوور بوون
سوپای زەحاکم وورد و خاش کرد)

لێـرەدا قـرمـزی گیـانی خـۆی بەپێی بیـر و باوەڕی دۆنادۆن بە گـیـانی کـاوەی ئاسنگەر دەزانێ.

ئەو شیعرانەی کەوتوونەتە ناو دەفتەری «دەورەی قرمزی» بە ناوی قرمزی خۆی و یارانیەوە تۆمار کراوون، زۆربەیان لە گفتوگۆی نێوان قرمزی و یارانی دەردەکەون بۆ مەبەسی ڕوون کردنەوەی بیر و باوەڕە پراکتیکییەکانی ئایینی یارسان کەوتوونەتە ناوەوە. ئەم گفتوگۆیە بە شێوەی بەند (کووپلە)ی سێ نیوە دێر شیعری، دە سیلابی و یەک قافیەیی خۆیان دەخەنە ڕوو.

هەر لەو کاتەی کە قرمزی لە سەر ڕووی زەوی پەیدا بووە، کاکە پیرە ووتوویەتی:

بلا مار بووریم، ئەو یانەی یاری
پادشاهان ئاما، گەنج کەئت شاری
ئەی داد سوارن، نوورش کرد داری

واتاکەی:

(بریا من مار بوومایە لە ماڵی یار دا
پادشاهان هاتن، لاو کەوتنە ناو شار
ئەی داد ئەمانە سوارن، نووری ئاشکرا بوو)

کاکە عەرەب وەرامی داوەتەوە:

هاکما ندار من مۆ، ئەو کەمان سەختی
غولام ئەو کەسەن، بشناسۆ وەقتی
خواجەمان ئاما، ئەو سەر سەختی

واتاکەی:

(هەر وا بزانە من هاتم بۆ ئەو جێیە سەختە
غولام ئەو کەسەیە بەڵێن بەجێ بێنێ
مورشیدمان هاتووە بۆ ئەو شوێنە سەختە)

ئینجا کاکە ڕەحمان ووتوویەتی:

عەممەمان دانا، تاها تەبارەک
بیدی پردیوەر، ئاما دلارەک
خوا جەمان ئاما، یوورتش موبارەک

واتاكەی:

(جزوەكانی (عەممە) و (تەها) و (تەبارەک) مان دانا

تەماشای پردیوەر بكەن دڵخواز هات

مورشیدمان هاتن وێردەكانیان پیرۆز بێ)

لە پاشانا خاتوون زەڕبانوو ووتوویەتی:

كارخانەی خواجەم، كرد بەینی ریزوان

ئیدا و سواران، شیتش كرد خەزان

نە پردیوەر دارست كەس نەزان

واتاكەی:

(بەهەشتی مورشیدانمان جێی ریزوانە

ریزوان و سواران پاییزیان شێت كرد

كەس نەزان لە پردیوەر دا جێگیر بوو)

گفتوگۆی قرمزی و یارانی لەو كاتانەدا ڕوویان داوە كە بەرامبەر بە مەسەلەیێک وەستاوون، بە تایبەتی ئەو مەسەلانەی پێوەندییان بە ئایینی یارسانەوە هەیە، هەندێ لەو مەسەلانە وەكو لای خووارەوەن:

١- كۆمەڵێک لە خەڵكی ناوچەی شاخی شاهۆ بەراز ڕاو دەكەن و گۆشتەكەی دەكەنە كەباب و دەیخۆن. لە كاتێک دا دەچنە لای قرمزی شای گێتی پێیان دەڵێ كە بۆنی حەرامیان لێ دێ، ئەوانیش دەڵێن بەڵێ لە تۆ ئاشكرایە، ئینجا قرمزی دەڵێ:

یاران ئاشناسان، ئاهۆنی ئاهۆ

هەر كەس گۆشت گلە چنش مەیابۆ

زەمین و ئاسمان، بارەش تەنابۆ

واتاكەی:

(ئەی یاران ئێوەم ناسیوە یەک بە یەک

هەر كەسێ گۆشتی خواردووە بۆنی لێوە دێ

زەوی و ئاسمان خەریكن بێنەوە یەک)

د. مارف خەزنەدار. ب١ (٢١)

کاکە پیرە دەڵێ:

قــرمــزی ئامــا، ئەوســـەر تا ســـەری
ڕەوشـــــان ئـاوور، جـــــە تەنگە بەری
گل کش بنیـــــامین، وە یار بشکری

واتاکەی:

(قرمزی هات لەم سەر تا ئەو سەر
ڕووناکی ئاگرەکەی تەنگەبەری ڕوون کردەوە
پەنجەی بنیامین لە یار ئاشکرا بوو)

قرمزی وەرام دەداتەوە:

یاران ئاشناســـان، نیـــۆ بێ بە ســـەر
شک باران میـــۆ، وە تێـغی دوو ســـەر
گاوی بنیـامین، مـار خـون مـاری خـوەر

واتاکەی:

(ئەی یاران ئێوەم ناسیوە شت نییە بێ سەر
بارانبار دەبێ بە شمشێری دوو سەر (زولفەقار)
جارێک بنیامینە، جارێکیان خاوەن مار و مارگر)

دیسانەوە دەڵێ:

کـووچە سـایی کـەرد، ئەی مـردار هوری
جـــە شـــەرت بنیـامین، بیـــا نام بەری
پەریشـان کـیـانا، گـۆشـتی ئەسـتـری

واتاکەی:

(کۆڵان سێبەری کرد ئەی مردار خۆر
بە مەرجی بنیامین، وەرە نامە بەرە
بە ناچاری گۆشتی ئێستری نارد)

٢- هەندێ لە یارانی قرمزی لێی دەپرسن ئێمەی یارسانی ئەهلی هەق بۆ دەبێ ڕۆژوو بگرین؟ لە وەراما قرمزی دەڵێ:

شـــا كـــەرەم كـــەردەن، ڕووزە بایتلـەن
هـەر کـەس ڕووزەش کرد، زەهری قـاتیلـەن
ز شــەرت بنیــامین، هـەم ئەو عــاتیلـەن

واتاکەی:

(شا کەرەمی کرد، ڕۆژوو باتیلە
ئەو کەسەی بە رۆژ دەبێ، زەهری قاتیل دەنۆشێ
بەپێی مەرجی بنیامین کەسێکی بێ کارە)

دیسانەوە قرمزی دەڵێ:

تـەمـــامـی ئەعـــزاش، مـــیکە بـو ڕووزە
ئـینـکـاری ئـەزەل، نـە ئـاتـەش ســـــووزە
ئـەهـلـی هــەقـــــانم، مــــــەدا من ڕووزە

واتاکەی:

(هـەموو ئەندامەکانی بە ڕۆژوو مەکە
ئەوەی ئینکاری ئەزەل بکا بە ئاگر دەسووتێ
من ئەهلی هەقم، ڕۆژوو مەدە من)

کاکە پیرە دەڵێ:

پـاشـــــــا ئـەمــــــانـە، دڵ پـڕ ئـەندۆوە
هـەر کـــەس ڕووزە گـــرت، قـــەومی نـەنۆوە
داخـل وە مـــیللەت، هـەفـــتـــا گـــرۆوە

واتاکەی:

(پاشا لەم شتانە دل پڕ غەم و پەژارەیە
ئەو کەسەی بە ڕۆژوو دەبێ لە قەومی نەبوونە
دەچێتە ناو حەفتا گروەکەی دۆزەخەوە)

کاکە عەرەب دەڵێ:

دۆست پـادشـام کـەرد، مـووچەی نـاچان
وەزەمـین نـاچـە، چـووب دوو حــــــاچـان
نـیـــشــــانـە نـەنۆ، ســـویل وێش پاچان

واتاکەی:

(پاشای دۆستم مووچەی بۆ هەموو زیندەوەرێک بڕییەوە
لە سەر زەمیندا بە دوای هەموو زیندەوەرێک چوو
نیشانەی نوێ ئەوەیە سمێلی پاچیوەتەوە)

کاکە ڕەحمان دەڵێ:

هەر کـــەسـی کــە یار، نەگـــیـــرۆ ڕووزە
سێ ڕووزە گـــیـــران، نە ئاتـەش ســـووزە
خـــاران نەزانـان، یەک مـــاهـ سێ ڕووزە

واتاکەی:

(هەر کەسی دۆست بێ، با ڕۆژوو نەگرێ
سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو بوون، لە ئاگرا ناسووتێ
برایان نەیانزانیوە، یەک مانگ سێ ڕۆژە)

عزراییل دەڵێ:

یا ڕووزە نـەیۆ، یا شـــــا ئـەمـــــانـە
هەر کـەس ڕووزە گرت، ئەو بێ سامـانە
ئاخـــر کـــە شکار، گـــورگ دەمـــانـە

واتاکەی:

(با بە ڕۆژوو نەبن دەخیلتم پاشا
ئەوەی ڕۆژوو دەگرێ، ئەو کەسە بێ سامانە
دواجار دەبێتە نێچیری دەمی گورگان)

لێـرەدا دەبینین شـەعـائیـری یارسـانان بە شـیـعـر و ئاوازەوە دەردەبڕێ، ئەم دەسـتوورانە لە سەر زمانی ئەولیا گەورەکانیانەوە کەوتوونەتە ناوەوە، ئەگەر ئەم گەورانەی یارسـان شـاعیریش نەبوو بن قـسـە و ئامـۆژگارییـەکـانیان لە دوایی‌دا خراونەتە ناو قاڵبی شیعرەوە بەپێی شێوازی شیعری دیالێکتی گۆرانیی زمانی کوردی بە گشتی.

پێـویسـتـە لێـرەدا ئەوە ڕوون بکرێتـەوە کـە نازنـاوی «قـرمـزی» ووشـەیێکی

ئازربێجانی (تورکمانی)یە بە مانای ڕەنگی «سوور» هاتووە.

جگە لەوە لە کتێبی «سەرەنجام»ی یارسانان دا، هەندێ شیعر بە زمانی تورکمانی هاتوون لەوانەیە ئەمانە لە کوردییەوە گۆڕابنەتە سەر زمانی تورکمانی چونکە بەشێک لە یارسانەکان بە نەژاد تورکمانن، بەڵام ئەوانیش زمانی ڕەسمی ئایینەکەیان هەر زمانی کوردییە.

عالی قەڵەندەر ١٤٣٤م – ١٤٨٤

عالی قەڵەندەر یەکێکە لە گەورەکانی ئایینی یارسان، بەپێی نامەی «سەرەنجام» لە ساڵی ٨٣٨ھ/ ١٤٣٤م لە دامەنی شاخی داڵەهۆ لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە مەڵبەندی خۆی بووە، لە سەردەمی لاویەتی دا بۆ خوێندن ڕووی لە دینەوەر کردووە، لە پاشانا چووە بۆ بەغدا و خەریکی ڕێبەریی ئایینی یارسان بووە، هەر لەو ناوە لە ساڵی ٨٨٩ھ/ ١٤٨٤م لە لایەن ناحەزانەوە، ئەوانەی تیرۆری بیری پیشەیانە، کوژراوە و بووەتە قوربانیی بیر و باوەڕی خۆی.

عالی قەڵەندەر لە پاش سوڵتان سەهاک پەیدا بووە، لە پایە و مەقامی شا ئیبراهیم ئەیووتی بووە، لە پاش کوژرانی عالی قەڵەندەر بۆ مەبەسی بەردەوامی بیر وباوەڕ و ئەو ڕێکخراوەی سەرۆکایەتی کردووە، دوو کەس لە یارانی «دەدە عەلی» و «دەدە حوسێن» بنەماڵەی عالی قەڵەندەرییان پێک هێناوە.

بەرهەمی هەرە گرنگی عالی قەڵەندەر کە بۆمان ماوەتەوە «سروودی دووەم» لە کتێبی ئایینی سەرەنجام دا»یە. هەر ئەو سرووده بە پچڕ پچڕی لە دەفتەر و دیوانە ئایینییەکانی تری یارسان تۆمار کراوە.

سروودی دووەم لە کتێبی سەرەنجام دا

لە بەشە شیعرییەکەی کتێبی پیرۆزی ئایینی یارسان «سەرەنجام» کە لە (١٠) پارچە شیعر (سروود) پێک هاتووە، سروودی دووەم لە دانانی عالی قەڵەندەرە بە ناوی «عالی قەڵەندەر وەسفی گۆڕانی ناوەوەی خۆی دەکا».

ئەم سرووده لەسەر بنچینەی بەند (کووپلە) دانراوە، بریتییە لە (١٦) بەند، نیوەی بەندەکان (٨ بەند) بریتین لە دوو بەیت (چوار نیوە دێڕ شیعر)، سێ بەندیشی بریتین لە شەش نیوە دێڕە شیعر.

دوو بەیتەکانی عالی قەلەندەر وەکو هەموو دوو بەیتێک لە دەوروبەری بیرێکی فەلسەفی، یا ئاووڕدانەوەیێکی دانایی، یا پەند و ئامۆژگاری، یا ڕووداوێکی کورت دەسووڕێنەوە، بێ گومان هەموو ئەم دیاردانەش لە جەوهەری بیر و باوەڕی ئایینی یارسان ناچنە دەرەوە، بەڵکو هەموویان لە پێناوی ڕوون کردنەوەی ئایینەکەن، بۆ هاندانی خەڵکی بۆ باوەڕ کردن بە ئایینی یارسان.

وەکو لە بەندەکانی ئەم سرووودە دەردەکەوێ هەر بەندێکی سەربەخۆیە و پێوەندییێکی ئەوتۆی لەگەڵ بەندەکانی تردا نییە، واتە هەر بەندێک دەکرێ بە بەرهەمێکی ئەدەبی سەربەخۆ دابنرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا کە لەگەڵ یەکتری کۆ دەکرێنەوە هەموویان تێکرا وێنەیێکی گشتی ڕێکوپێک دەدەن بە دەستەوە، وا دەکەونە بەر چاو وەکو گیانێکی ئێپۆسی (مەلحەمی) لە سەرانسەری سرووودەکەدا هەبێ، چونکە شاعیر گەڕاوەتەوە بۆ مێژووی هەرە کۆنی ئەو ئایینەی کە باوەڕی پێی هەیە، لە ئادەمەوە تا دەوری زیندەگانی خۆی، لەو ماوەیەدا لای هەڵبژاردەی پەیکەرەکان وەستاوە، ئەوانەی گیانی کردگاریان لە لەشی ئادەمزاد دا نوواندووە. شاعیر ئەم ئەفسانە جووانانەی خستۆتە قاڵبێکی سۆفیزمی کۆزمۆسی ئەوتۆوە کە هەموویان دیاردەیێکی کۆمەڵایەتی - سیاسی - لاهووتی (نەتەوە - چین - ئایین) بە هەموو تەنگو چەڵەمەیەوە لە ناو یەک شت تواوەتەوە (کردگار).

عالی قەلەندەر دەڵێ:

١

ئەو کۆی سەرەندیل
عالینان عالی، ئەو کۆی سەرەندیل
قوربانیم کەردەن، نەوانی زەلیل
هابیل بیانی، کوشتم کەرد قابیل

واتاکەی:

(ئەو شاخی سەرەندیبە (وولاتی سەیلان، سیریلانکا)
بەرزم هێندەی، ئەو شاخی سەرەندیبە
قوربانیم داوە تا دەرگای خودا نزم نەبێ
بەڵام قابیل ئارەزووی منی نەهێنایە دی و منی کوشت)

٢

ســـــــــــەری وێـم ســــــــــانـەن
عــالینان عــالی، ســەری وێم ســانەن
تەســـویری جـامم، هـیچ کـەس نـەوەنەن
جـەمشـیـد بییـەنا، جـامی وێم بەنەن

واتاکەی:

(سەرم سوڵتانە
منی بەرز و بڵند، سەرم سوڵتانە
وێنەی جامم کەس تێی ناگا
وەکو جەمشیدم، جام بەشێکە لە من)

٣

گـــــــــــــــــەردی دۆنـــا دۆن
مـــەیۆ بـووانـیـم، گـــەردی دۆنا دۆن
ئامــایم دۆن وە دۆن، بێگاندیم ئـەوشـوون
ئیـــرەج بیـــیـــانم، پووری فـــەرەیدوون

واتاکەی:

(گەڕانی دۆنا دۆن
دەبێ بزانی، گەڕانی دۆنا دۆن
دۆن بە دۆن هاتم تا ئەم شوێنە
ئیرەجی کوڕی فەرەیدوون بووم)

٤

مـــــەســــــتی مــــــەی نـۆشــــــەن
عـالینان عـالی، مـەسـتی مـەی نۆشـەن
هەر وەخت کە جیهان، وە هەم مەخرۆشۆ
چاکـەی ناو دەم دا، یا ســاقم کـێـشـۆ

ســیــاوەحــشــنان، هــوونم مــەجــۆ شــۆ

قـاف تا قـاف جیـهام، وە هـەم مـەخرۆشـۆ

واتاکەی:

(مەستی مەی خواردنەوەم

منی بەرز و بڵند، مەستی مەی خواردنەوەم

لە کاتێک دا گێتی هەمووی دەخرۆشێ

هەموو شت لێم یاساغ کراوە

وەکو سیاوەش خوێنم دەکوڵێ

لە قاف تا قاف (لەو سەری زەوی تا ئەو سەری زەوی)

گێتی هەمووی دەخرۆشی)

٥

ســـــــــــەر چــەوێـمـــــــــــێـنــان

عــالینان عــالی، ســەر چەوێمــێنان

مـیــهـتـەران گـرد بـەیان بێـدەیمـێ گـۆوا

ئەزی حـــوســـێنان پووری شـــەهـنشـــا

واتاکەی:

(بێ گومانم هوشیارم

منی بەرز و بڵند، بێ گومان هوشیارم

گەورەکان هەموویان بێن شاهێدی بدەن

من حوسێنم کوڕی شاهنشا)

٦

تـــەن وەبـــێ ســـــــــــــــــــەری

عـــالیـنان عـــالی، تـەن وە بێ ســـەری

جـــە ئـەزەل پەرێ، غـــەم وەســتن بـەری

ئەز ئـیـمـام حـوسـێن، پووری حـەیدەری

واتاکەی:

(لەشی بێ سەر

منی بەرز و بڵند، لەشی بێ سەر

لە ئەزەلەوە بۆ غەم دروست کراووم

من ئیمام حوسێنی، کوڕی حەیدەرم)

٧

شـــــام بی وە مـــــیـــــهـــــمـــــان

عــالینان عــالی، شــام بی وە مـیــهـمــان

چـەنی نـوهـســــەدە، بـاش قــــەلەنـدەران

بـابا تـاهـیــر بیم، مــێــردی هـەمــەدان

واتاکەی:

(شام بوو بە میوان

منی بەرز و بڵند، شام بوو بە میوان

نۆ سەد کەس لە قەلەندەران میوانم بوون

من بابا تاهیری خەڵکی هەمەدان بووم)

٨

ئــەو کـــــــــــۆ بــەســـــــــــەوی

عـــالینان عـــالی، ئەو کـــۆ بـەســــەوی

بـەرادەران جـــەنیم، کـــەردەن عـــەدەوی

یووسـف بیــبـــانـی پووری یـەعــقـــووبی

واتاکەی:

(ئەو کێوی بە سەوییە

منی بەرز و بڵند، ئەو کێوی بە سەوییە

برایانم بوون بە دوژمنم

من یووسفی کوڕی یەعقووبم)

٩

مـــــــــــــــــــەســت و دێــوانـــە
عـــالینان عـــالی، مـــەست و دێوانە
یـورت وە یـورت یـاوان، یـانـە وە یـانـە
خـــۆشـــاڵ ئەو گـــەلە عـــالی چۆبانە

واتاکەی:

(مەست و دێوانەم
منی بەرز و بڵند مەست و دێوانەم
گیان بە گیان و ماڵ بە ماڵ گەڕام
ئەو گەلە بەختیارە، کە عالی شوانیەتی)

١٠

ژە ئـیـنـا عــــــــــــــــالـی
چاگـــا یادگـــار، ژە ئینا عـــالی
تێـــغم برانان جـــە هـەق مـــەنالی
وە سـتێنێم ئەو سـەد دیوانی کـالی

واتاکەی:

(لەو جێگە بڵندە
یادگار لەوێیە، ئەو عالییە
تیغم بڕندەیە و هەق لەبەر دەمیا دەناڵێ
سەد دێوانەم وەستاندووە)

١١

گـەلێ وەرگـێـڵا، ژە سـاحـیب زەمـان
وەیل وەیل مـەگێڵا، چون گـورکی دەمان
پێـشـەی شـەریفی، نەمـەندەن پێـشـان
گـەوان گـەوان بین، وە خـاجـەپ وێشـان

واتاکەی:
(گەل لە ساحیبی زەمان هەڵگەڕایەوە
وێڵ وێڵ دەگەڕا وەکو گورگی برسی
پێشەی شەریفی پیشانمان نادا
لە شوێنی خۆمان دا بەش بەش بووین)

١٢

زەردەی کـــــــــەمــــــــــەنـدار
عـــالینان عـــالی زەردەی کـــەمـــەندار
وە حوکمی خواجام، ساحیب بەڕ و بار
دۆنم نـۆ وانـــەن بـابـا یـادگـــــــــار

واتاکەی:
(زرێ پۆشی کەمەندار
منی بەرز و بڵند، زرێ پۆشی کەمەندار
بە فەرمانی خواجەی خاوەن بەڕ و زەریا
گیانم بابا یادگار دەنوێنێ)

١٣

یـــاری هـــەر دوو ســـــــــــــــــەر
یـادگـــــارەنـان، یـاری هـەر دوو ســــەر
ســــەندووقم پەڕەن، ژە لەعل و گـــەوهەر
وەر ژە گشت میردانێ، غەردەنم وە شار

واتاکەی:
(یاری هەر دوو سەرم (هەر دوو دنیا)
یادگارم و یاری هەر دوو سەرم
سندووقکم (سنگم) پڕە لە لەعل و گەوهەر
پێش هەمووان گەیشتوومەتە شار)

١٤

یـــاری وەفـــــــــــــــــــادار
یـادگـــــــارەنـان یـاری وەفـــــــادار
جـەگاهـیٚ زەمین، ئـاسـمـان نەگرت قـەرار
ئـەز مـن رابـیـم ژە کـــــارخــــــانـەی یا

واتاکەی:

(یاری وەفادارم
یادگارم، یاری وەفادارم
لە کاتێک دا زەوی و ئاسمان دروست نەبوو بوون
من لە کارخانەی یارەوە ڕێگام گرتبووە بەر)

١٥

ژە دەوڵـەتـی یـار، نـەویم پـووڵـەکـــــدار
ســـەییـــدی مـــسکین، ژە گـــەردی ئاوار
شـــاهـیـد وەگـیــرەن، گـۆ واهـی دەرگـــار
تـاکـــە مـــاوەران بێـــوون وە ئـیـــقـــرار
ســـوڵتـــان مـــەرمـــۆ، وێمـنـان کـــۆ واھ
یـادگـــار وێمـــەن، وە وێمـــەن گـــۆ واھ

واتاکەی:

(لە دەوڵەتی یار نەبووم بە خاوەن پارە
سەیدی هەژار، ئاوارەی خواردن و خۆراکم بوو
شاهێد بۆ ئەوەی دەربارەی منەوە شاهێدی بدا
تاکو لە بارەی منەوە بڕیار بدا
سوڵتان دەفەرمویٚ من خۆم شاهێدم
یادگار خۆمە و شاهێدیش هەر خۆمم)

١٦

ئـــەو تـــەشـــــــــــــــــتـــی تـــەڵا

سـێ دۆنم چیــیـــەن، ئـەو تەشـــتی تـەڵا

ئەووەڵ ســیـــاوەحش، دووەمـین یەحـــیـــا

سـێـیـەمـین حـوسـێن، پووری شــەهنشـا

وە تەشـــتی تەڵا، کـــەردەن نەخـــچـــیـــرم

جـــــودا کــــەردن، رەئـسـی مـــــونیـــــرم

واتاکەی:

(ئەو تەشتە زێڕە

سێ گیانم چۆتە ناو ئەو تەشتە زێڕە

یەکەم سیاوەش، دووەم یەحیا

سێیەم حوسێنی کوڕی شاهنشا

نێچیرم لە ناو تەشتی زێر داناوە

سەری پرشنگدارم جیا کردۆتەوە)

عالی قەڵەندەر فەلسەفەی ئایینی یارسـان بە شیعر لێک دەداتەوە، بۆ ئەم مەبەسە دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکانی ئەم ئایینە لە ڕۆژگاری جاری جارانی دێرینەوە. ئەمە ئەگـەر سـوودێکی زانیـاریی تایبـەتی هـەبێ، وەکو شـیـعـریش دەچێـتـە ناو گـێـتـیی داهێنان و دەبێتە لاپەڕەیێکی زێڕین لە ئەدەبی کوردی کلاسیکی کۆن دا.

سەید ئەکابیری خامۆشی ١٤٤٠م – ١٤٩٣م

سـەید ئەکابیر کوڕی شـێخ عـەلیی خـامۆشی کوڕی سـەید ئەبولوەفایە. بەپێی بەڵگەی نووسراوی یارسـانان لە ساڵی ٨٤٤ﻫ/ ١٤٤٠م لە گوندی شێخان لە دایک بووە و خـوێندنی سـەرەتاییشی هـەر لەوێ تەواو کردووە. ئاشنـای زانسـتییـەکانی ئایینی و ئەدەب بووە، زمانی عەرەبیی زانیوە و شارەزای سـەرف و نەحوی عەرەبی بووە، لە پاشـانا چووە بۆ نـاوچەی هەورامـان و خـەریکی ڕێبـەری ئایینی یارسـان بووە، لە دووا ســاڵانی ســەدەی پازدەم لە ســاڵی ٨٩٩ﻫ/ ١٤٩٣م کـۆچی دووایی کردووە.

تا ئێستا بەرهەمی شیعری کۆ نەکراوەتەوە، بەڵام لە دەفتەر و نامەی یارسانەکان دا تۆمار کراوون.

لە دوو بەیتێکی دا ئامۆژگاری خەڵکی دەکا کە بکەونە شوێن کەسانی شارەزا، مەبەسی پیر و پێڕەوانی یارسانەکانە:

رەفیقی سفڵە و هامڕایی گومڕا
هەرگیز مەکەرن، یارانی هەمڕا
مەکەفن وە شوون، کۆرمی نارەزا
پەی وێتان پەیدا، پیری شارەزا

واتاکەی:

(هاوڕێیەتی سفڵە و ڕێ وون کەرەوەکان مەکەن
مەکەونە دووای ئەوانەی ڕێیان وون کردووە
مەکەونە شوێن کەسی کوێر و نارەزا
بە شوێن پیری دانا و شارەزا بگەڕێن)

لە دوو بەیتێکی تریدا، سەید ئەکابیر بیروڕای یارسانان بەرامبەر بە کردگار دەخاتە ڕوو، لە سەر ئەو باوەڕەیە کە «بوون» لە شتی وورد (زەڕڕە = ئەتۆم) پەیدا بووە، ئەمە هەمیشەییە، لەشی ئادەمزادیش لەو زەڕڕەیە پەیدا بووە، لە پاش مردنی ئەم زەڕڕانە دەچنە ناو لەشی ترەوە، ئێمە ئەم زەڕڕانە لە خشتی دیواری خانوو و گڵی گۆزە و سەوزایی دا دەبینین، ئەوانیش دەردی دڵیان بۆ ئێمە دەگێڕنەوە:

کوتە خشتێ بیم، جە بنە دیوارێ
ناگا بە زمان، ئاماوە جارێ
واتش ئەمن بیم، بێ وانەی یارێ
ئیسا خامۆشم، هانە پێوارێ

واتاکەی:

(پارچە خشتێکم دی لە بنە دیوارێک
لە پڕ بە زمان هات و کەوتە قسە

ووتی: من دێوانە و شەیدای یارێک بووم
بەڵام ئێستا بێ دەنگ و خامۆشم لەم پەنایە دا دەژیم)
لە دوو بەیتێکی تریدا، موناجات لەگەڵ کردگار دا دەکا:

بـیـنـای گـــــــشـت کـــــــاران
ئازیز هەر تونی، بینای گشت کاران
ئەز ســـوەیلەنان، مـــەڕژی نەداران
دڵدار مـــەوێنی، ســوب و ئێــواران

واتاکەی:
(هەموو کارێک تۆ دەیکەی
تۆی خۆشەویستی من، هەموو کارێک تۆ دەیکەی
خۆشەویستیی تۆ لە ئەستێرەی سیوەیل و دار و
درەخت دا دیارە
هەر دەم، بەیانی و ئێوارە (شەو و ڕۆژ)
دڵداری هەر لە تۆدا دەبینم)

لەم دوو بەیتـەش دا ڕووداوی ئەفـسـانەیی کـوشـتنی فـیلی سـپی بە دەسـتی ڕۆستەمی زاڵ دەگێڕێتەوە:

شی نە ئەو مـەیدان، شی نە ئەو مـەیدان
ڕۆسـتـەم بری فـیل، شی نە ئەو مـەیدان
ڕۆسـتـەم روسـتـەمـا، ڕۆسـتـەم مـوانان
یاران ڕۆســتــەم شــان نەجم نەمـــانان

واتاکەی:
(بۆی چووە مەیدان
ڕۆستەم بەرەو رووی فیلی سپی، بۆی چووە مەیدان
ڕۆستەمانە و ڕۆستەم ئاسا
یارانی وەکو ڕۆستەم ناویان کەوتە ناوەوە)

سـەید ئەکـابیـری خـامـۆشـی زیاتر خـەریکی پەند و ئامـۆژگـارییـە. مـەسـەلەی

پاڕانەوە و مـوناجـاتیش لە سـەرانسـەری شـیـعـری ئایینی یـارسـانان مـەبەسـێکی سەرەکییە، بە تایبەتی لە لای شاعیری ئەم ماوەیەمان خامۆشی.

بابا جەلیلی دەودانی ١٤٧٨م - ١٥٦٠م

بابا جەلیل کوڕی جۆزی دەودانییە، بەپێی یاداشتەکانی کاکە ڕەزایی لە ساڵی ٨٨٣ھ/ ١٤٧٨م لە گوندی دەودان لە دایک بووە، بۆ ساڵی لە دایک بوونی ئەم دێڕە شیعرە ووتراوە:

وە سەنەی هەشتسەد هەشتا و سێی شەعبان

جـــەلیل جـــە دەودان، ئامـــاوە جـــیـــهـــان

واتاکەی:

(لە ساڵی هەشت سەد و هەشتا و سێ، لە مانگی شەعبان

جەلیل لە دەودان هاتۆتە گێتییەوە)

بابا جـەلیل لە مـەڵبـەندی خـۆیدا پەروەردە بووە، لە مـاوەی لاویەتـیدا گـەشـتـی زۆری کـردووە، خـەریکی ڕێبـەری ئایینـی یارسـان بـووە. لە پاشـانا گـەڕاوەتەوە مەڵبەندی خۆی و لەگەڵ یاران و پێڕەوانی ڕێبەرایەتیی ئایینی یارسانی کردووە.

لە کـتێبی «دەورەی بابا جـەلیل» ئەوە هـاتووە کە پیـاوێکی ژیر و سـۆفـیـیـێکی گـەورە بووە، پیـاوە دیار و بە دیمەنەکـانی سـەردەمی حـەزیان بـە بینینی کـردووە، بەڵام ئەو گۆشـەگیر بووە، زیاتر کـاتی خـۆی لەگەڵ یارانی بردۆتە سـەر، تەمـەنی درێژ بووە، لە ساڵی ٩٦٨ھ/ ١٥٦٠م کۆچی دوایی کردووە.

لە سـەرچاوەکانی ئایینی یارسـان ئەوە نووسراوە کە بابا جەلیل پاش شـاوەیس قـولی (قـرمـزی) کەوتووە، بەڵام پێش ئاتەش بەگ و شـا ئەیاز هـاتۆتە گـێتـیـیەوە. هـەندێ لە یارەکـانی وەکو: مـیـر عـەتار، مـیـر هـەیاس، مـیـر جـۆزی، دەدە بـەگتـەر، مـیـرزا قـولی، سـەمـەن، سـایی لە دەوری ژیانی بابا جـەلیل و پـاش ئەویش ڕێبـەری بیر و باوەڕی ئایینی یارسانیان کردووە.

شیعر و ئەدەبیاتی بابا جەلیل و یارانی لە نامەی «دەورەی بابا جەلیل»دا تۆمار کراوون، بەشی زۆری سرروودەکانی دوو بەیتین.

لەم دوو بەیتە دا بابا جـەلیل بە تەواوی ئـەوە دەخـاتـە ڕوو کە گـیـانی کـردگـار

هاتۆته ناو لەشی ئەوەوە و خۆی کردگاره:

ئـەجـــــر مــــــا عـــــــەزیم
ئەز ووزوگـەنان، ئەجـرما عـەزیم
خـۆفی غولامـان، هیچ نیـان پـەریم
پەنەم مـەواچان، جـەلیلـی رەحیم

واتاکەی:

(ئەجر و پاداشی ئێمە گەورەیە
من لە گەورەکانم، ئەجر و پاداشی ئێمە گەورەیە
ترسم لە مێرد منداڵان (یاران) نییە
بە ئێمە دەڵێن جەلیلی رەحیم)

کـەچی لە دوو بەیـتـێکی تردا مـوناجـات لەگـەڵ کـردگـاردا دەکـا، لەمـە هـیچ پێـچـەوانەیێک نـاکـەوێتـە ڕوو، چونکە کـە خـۆی بە گـیـانی خـودا دادەنێ، هـەر لەو کاتەدا گیانی خـودا چۆتە لەشی گەلێ ئـادەمزاد لە سەردەمی ئـادەمەوە تا دەورەی سـوڵتـان سـەهاک، ئەم مـوناجـاتە وەکـو ئەوەیە کە بـابا جـەلیل لەگـەڵ خـۆی دا موناجات بکا، لەم لایەنەوە دەڵێ:

ڕیــازەت کــــــــــــێــــــــــــشــم
ئەزیـزم پـەی تـۆ، ڕیـازەت کـــــێـــــشـم
بـزێ کـــــەر وە حـــــاڵ، دەروونـی ڕێـشـم
گـوڵم وە دەسـتـان، پەی چێشـەن بێـشـم

واتاکەی:

(من خەریکی ڕیازەتم
عەزیزم لەبەر تۆ، من خەریکی ڕیازەتم
بەزەییت بە دەروونی زامدارم بێتەوە
گوڵم بە دەستەوەیە (ئیشارەتە بۆ ئەوەی خەریکی ریازەتە)

یارسانەکان لە بابەتی بابا جەلیلی دەودانییان زۆرە لە ڕووی پلە و مـەنزیلەیان، لە ناو ئـاییـنیـانـدا کـەسی وەکـو مـورشـیـد و پێشـڕەو و ڕێبـەر و هـەمـوو چینەکانی

دیکە زۆرن، هەروەها ئەم یارانەی یارسانان شیعرییان هەیە، زۆر و کەمی ئەم شیعرانە بەپێی مەنزیلەی ئایینەکەیان دەگۆڕێ.

***

ئەمە بەشێکی گرنگ بوو لەم کتێبەدا تایبەت بە شیعر و ئەدەبیاتی ئایینی یارسان بە دیالێکتی گۆرانیی زمانی کوردی. بێ گومان دیالێکتی گۆرانی وەک زمانێکی سەرەکی کۆنترین شیعری پێ ووتراوە و تەنیا زمانی ئایینی یارسانەکان نەبووە، بەڵکو زمانی شیعری کوردی بووە بە هەموو بابەتەکانیانەوە، تا ئێستاش لەو ناوچە جوگرافییانە بەردەوامە کە خەڵکی بەو دیالێکتە دەئاخەڤن.

کۆتایی

بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە کۆتایی هات، ناوەڕۆکی بریتییە لە پێشەکییەکانی
پێویست بە مێژووی ئەدەب و نووسینی مێژووی ئەدەبی کوردی لە سەرەتاوە
تا فەسڵی دووازدەم کە بەناوی «شیعر و ئەدەبیاتی یارسان»ەوەیە
ئەم فەسڵە تا سەدەی شازدەمی خایاندووە بەشێک
لە بابەتەکانی دیکەی «مێژووی ئەدەبی کوردی»
بە گشتی دەکەوێتە بەرگی دووەم کە تۆماری
مێژووەکەیە لە سەدەی (١٥)ەمەوە تا (١٨)م.

***

سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ هەموو ئەو مامۆستا و قوتابییانەی یارمەتییان داوم
هەریەکەیان بەپێی توانای زانیاری و هونەری خۆی بۆ
ئامادەکردنی ئەم بەرگەی لە بەردەستدایە بەتایبەتی حەمە کەریم
هەورامی لە شیعری دیالێکتی گۆرانی زمانی کوردی، ئەسکەندەر
جەلال، بنیاد خەزنەدار لە پاکنووسکردنی هەندێ لە بەشەکانی
ئەم بەرگە.

لیستی ناوی کەسان

ئـ

ئابۆڤیان (خ.) ٧١، ١١١، ١١٢

ئاتەش بەگ ٢٥٩، ٢٧٧، ٣٣٦

ئادەم ١٩، ١٧٤، ٢١٥، ٢٦٥، ٢٧٠، ٢٧٢، ٣٠٢، ٣٠٣، ٣٠٦

ئاڤالیانی (ی.) ١٢٠

ئاکووپۆڤ (گ.) ٢٠٩

ئاگامەمنوون ١٦٠

ئاورەحمان بەگی سابڵاغی ١٠٥

ئاهی ١٩٢

ئەبوونەسری کەندەری ٢٠٦

ئەبیڤۆر ١٦٣

ئەحمەد (دەنگ خۆشێک بووە) ٢٩٨

ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ ٩٨

ئەحمەد بەگی کۆماسی ٩٧

ئەحمەد پاشای بابان ١٠٤

ئەحمەدی خانی ٧٧، ٨٢، ٩٠، ٩٣، ٩٦، ١٠٦، ١٠٧، ١١٥، ١١٦، ١٨٠

ئەحمەدی عەزیز ئاغا ٥٢

ئەحمەدی کۆر ٩٥

ئەدەب (میسباح - دیوان) ٩٣، ١٨٨

ئەدمۆندس (سی.) ١٢٥، ١٢٩

ئەردەشێری یەکەم ٥٩

ئەریستۆڤانیس ١٦٢

ئەسپیمان (باوکی زەردەشت) ٣١٥

ئەسکەندەر تورکمان (مونشی) ٢٨

ئەسکەندەری مەکدۆنی ٢٧، ٥٩

ئەسیری (ئەثیری) ١٩٢

ئەفراسیاب ٦٧، ٣٠٠، ٣٠١

ئەفلاتون ٢١٥

ئەڵماس خان ٢٧٩

ئەلیاس بەگ ٩٨

ئەمنحۆتبی چوارەم ١٥٨

ئەمین فەیزی ١٨

ئەورەحمان پاشای بابان ١٣٠

ئەولیا چەلەبی ٢٨

ئەیووب (پێغەمبەر) ١٧٠

ئیبراهیم ئەحمەد ١٤٢، ١٤٨

ئیبراهیم ئەبووت ٢٩٨ – ٣٠٨

ئیبراهیم خەلیل (پێغەمبەر) ٢٦، ٦٨، ١٦٩، ١٧٤، ١٧٥، ١٧٦، ٢١٧، ٢٩٥، ٣٠٤، ٣٠٥، ٣٠٩

ئیبنولئەسیر (ابن الأثیر) ٢٨

ئیبنولفاریز (ابن الفارض) ٢٢١، ٢٣٣

ئیحسان نووری پاشا ٣٤

ئیخناتۆن (فیرعەونی میسر) ١٥٨

ئیدریسی بتلیسی ٣٠

ئیرەج (کوڕی نووح یا فەرەیدوون) ٢١٠، ٢٥٨، ٣١١، ٣٢٧

ئیسحاق (کوڕی ئیبراهیم خەلیل) ٢٧٦

ئیسخولۆس ١٦٠
ئیسماعیل (کوڕی ئیبراهیم خەلیل) ٢٥١، ٣٠٥
ئیڤانۆڤ (ڤ.) ٢١٢
ئیمامی حەنەفی ٦٣
ئیمامی شافعی ٦٣
ئیناس ١٦٥
ئینتیهاب ١٥٥
ئینیوس ١٦٣
ئیوەیس بەگ ٩٧
ئۆربێلی (ی.) ١٠٦، ١١٩، ١٢٠، ٢٢١
ئورپیدیس ١٦٠
ئۆسکارمان ٩٤، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٦
ئۆرڤیدیوس ١٦٦

ب
بابا تاهیر ١٩، ١٨١، ١٨٣، ٢٠٥–٢١٨، ٢٢٠–٢٢٨، ٢٣٠–٢٣٤، ٢٣٦، ٢٣٧، ٢٤٠–٢٤٩، ٣٢٩
بابا جەعفەر ٢٠٦
بابا جەلیلی دەودانی ٦٨، ٢٥٩، ٣٣٦، ٣٣٧
بابا حەیدەر ٢٧٧
بابا خۆشین ٦٨
بابا سەرهەنگی دەودانی ٦٨، ١٨٤، ٢٥٩، ٢٦٠، ٢٦١
بابا عەلی ٢٧٦
بابا ناووس ٦٨، ١٨٤، ٢٥٩، ٢٧١، ٢٧٢، ٢٧٣، ٢٧٥، ٢٧٦
بابا یادگار ٢٥٥، ٢٩٢، ٢٩٨، ٢٩٩، ٣٠٥، ٣٠٨، ٣٠٩، ٣١٠، ٣١٢، ٣١٣، ٣١٤، ٣١٥، ٣١٦، ٣١٧، ٣٣١
بارام (بەهرام) ٣١٣
باربەد (دەنگ خۆشێک بووە) ٢٩٣، ٣١٣
بالوول (بەهلوولی دانا) ٢٥٩، ٢٧٦
بەدرخان پاشا ٣١، ٤٤، ١٣٠
بەلقیس ١٧٤، ١٧٥
بەهائەدینی بوخاری نەقشبەندی ٦٤
بیتنەر (م.) ٦٦، ١٠٧
بیریزین (ئی.) ١٢٣
بێخود ١٨٨، ١٩٢
بێرتیلس (یێ.) ٢١٣
بێسارانی ٩٧، ١٩٢
بێکەس ١٩٣
بودینشتیدت ١١١
بله شێته ٢٧١
بنیامین ٢٥١، ٢٥٢، ٢٧٩، ٢٨٦، ٢٨٩، ٢٩٠، ٣٠٦، ٣١٤، ٣١٧، ٣١٨، ٣٢٢، ٣٢٣

پ
پارۆت (ف.) ١١٢
پیتەرمان (ئا.) ٩٤
پیر ئیسماعیل ٢٨٩
پیرەمێرد ٩٢، ١٣٨، ١٣٩، ١٩٣
پیر شالیار ١٨٤، ٢٦٣، ٢٦٤، ٢٧٠
پیر قەنبەر ٣١٧، ٣١٨
پیر قوبادی دێوانە ٢١١
پیری کەنعان، بنوارە «یەعقووب»
پیر مووسین (دەنگ خۆشێک بووە) ٢٩٢

پیر میکاییلی دەودانی ٢٧٩، ٢٨٢ – ٢٨٤، ٢٨٩
پۆل پایدار ١٠٧
پرتەوی هەکاری ١٨٠، ١٨٨، ١٩٠
پتۆلیمە ٢٧
پریم (ی.) ١١٦

ت
تاها ١٧٤
تەبەری (الطبری) ٢٨
تەیفی هەکاری ٩٣
تەیمووری لەنگ ٢٩
توور (کوڕی نووح) ٣١١، ٣١٢، ٣١٧
تسووکەرمان (ئی.) ١٢٠
تیرینیتۆس ١٦٣
تیۆکریتۆس ١٦٢
توببەع ١٧٦
توغرول بەگی سەلجووقی ٢٠٦
تۆفیق وەهبی ١٩، ٢٥، ٤٨، ٤٩، ٥٣، ٥٤، ٦٢، ٦٧، ٦٨، ٩٩، ١١٣، ١٤٤

ج
جامی (نوورەدین) ٢٣٣
جەرسۆ ١٥٥
جەلادەت بەدرخان ٥٥، ١٠٩، ١٤١، ١٤٣
جەلالەدینی رۆمی ٧٩، ٢١٨، ٢٣٣
جەواهیر لال نەهرۆ ٣٤
جەمشید (شاهنشای پیشدادی) ٦٧، ٢١٠، ٢٥٥، ٢٥٨، ٢٧٥، ٢٧٦، ٣١٤، ٣٢٧
جەمیل رۆژبەیانی ٨٠، ٩٩
جۆڤینال ١٦٣
جۆهان شیلبێرگەر ١٢٢
جیگەر خوێن ٢٤٨

ح
حاجی ١١، ١٩٢
حاجی باوەیس ٢٧٧
حاجی بەکتاش ٦٨
حاجی محەمەد بەگ تێلەکۆ ٩٧
حاجی نیعمەتوڵلای موکری ٢١٢
حاریسی بدلیسی ٩١، ١٠١
حافز مستەفا قازی ١٤٨
حام (کوڕی نووح) ٢٦، ٢٩٩
حەریق ٩٥، ١٩٩
حەمە ڕەزا شا ٤٤
حەمدوون ١٩٢
حەمدوڵلای موستەوفی ٢٨
حەمدی ساحیبقران ١٨٩، ١٩٢
حەوا ٦٧، ١٧٤، ٢٦٥، ٢٧١، ٢٧٢، ٣٠٤، ٣٠٣
حوسێن بەگ ٢٧٦
حوسێن بەرزنجی ١٤٨
حوسێن حوزنی موکریانی ٩٩، ١٤٤
حوسێن وەحید ٢١٧

خ
خاتوون دایراک ڕەمزبار ٢٧٦، ٣١٣
خاتوون زەڕبانوو ٣١٧، ٣١٨، ٣٢١
خاتوون مەیی ٢٧١

خاکی ١٩٢
خالفین (ن.) ١٢٥
خامۆش ٢٧٧
خانیکۆڤ (ن.) ١٢٣
خانای قوبادی ٩٧، ٢٠٢
خەستە ١٩٢
خەیروڵڵا عەبدولکەریم ٤٢
خەلیل خۆشەوی ٤١
خوسرەوی پەرویزی ساسانی ٢٩٣
خوسرەوخان ٩٧
خۆدزکۆ (ئا.) ١٠٤، ١١٤، ٣٤٣

د
داوود (پێغەمبەر) ١٦٩، ١٧٥، ٢٥١، ٢٥٥، ٢٥٨، ٢٧٩، ٢٨٢، ٢٨٣، ٢٨٧، ٢٨٩، ٢٩٠، ٢٩١، ٢٩٦
داوود (دەنگ خۆشێک بووە) ٢٨٢
دەدە بەگنەر ٣٣٦
دەدە حوسێن ٣٢٥
دەدە عەلی ٣٢٥
دەروێش قولیی کرندی ٢٥٩
دیتیل (ڤ.) ٢١٠، ٢٢٣
دیلان (محەمەد ساڵح) ١٩٣
دۆرن (ب.) ٨٩
دوگلاس (و.) ٣٨، ١٢٥
دڵدار ١٩٣
دڵزار ١٩٣
دیۆسیس ٢٦
دیۆنیسیۆس ١٦٩

ر
راولینسون (ئا.) ١٢٣
رەزا بەگ ٩٧
رەزا شا ٣٧، ٤٤
رەشاد میران ١٢٤
رەزا قوڵی خانی هیدایەت ٢٠٧
رەشید یاسەمی ٢٠٩، ٢١٧
رەفیق حیلمی ١٩، ٩٨، ٩٩، ١٣٥
ریچ (ک.) ١٢٣
ریچاردی یەکەم ٢٩
ریا (س.) ١٠٣
روودێنکۆ (م.) ٨٢، ٩١، ١٢١
رۆژێ لیسکۆ ١٠٩، ١٢٩
رۆستەم (رۆستەمی زاڵی مازەندەران) ٣٣٥

ز
زەردەشت ٢٥، ٥٩، ٦٠، ٦١، ١٧١، ٢١٥، ٢٣٥، ٢٦٣، ٣١٤
زەنوور ٢٧٠
زەینەبی کچی میر خوسرەوی لورستانی ٢٩٨
زیادی کوری ئەبیهی (زیاد ابن ابیه) ٢٨
زیبا سەرشتی ٢٧٦
زیوەر ١٩٢
زولەیخا (خێزانی عەزیزی میسر) ١٧٤، ٣٠١

ژ
ژابا (ئەلێکساندەر، ئۆگست) ٨١، ٨٤،

٨٩، ٩٠، ٩١، ٩٢، ١١٤، ١١٥،
١١٦، ١٢٥
ژووکۆڤسکی (ڤ.) ٦٨، ١٢٩، ٢١٤

س
سالوستوس ١٦٤
ساره ١٧٥
ساری (شارێ) ٢٨٩
سافراستیان (ئا.) ٣٤، ١٢٥
سافی ١٩٢
ساڵح ١٧٦
ساڵح زەکی ساحیبقران ١٣٥
سالم (ساحیبقران) ١٧، ٩٥، ١٨٩، ١٩٠،
١٩٢
سایی (یارێکی یارسانانە) ٣٣٦
سەخاو (ئە.) ٩٤
سەلیمی سلێمان ٩١، ٢٠١
سەلیمی یەکەم (سوڵتان) ٢٩، ٣٠
سەلم (کوڕی نووح) ٣١١، ٣١٢، ٣١٧
سەلاحەدینی ئەیووبی ٢٩
سەعید سدقی ٥٣
سەمەن (یارێکی یارسانانە) ٣٣٦
سەید ئەبولوەفا ٢٨٧، ٣٣٣
سەید ئەکابیری خامۆشی ٣٣٣ – ٣٣٥
سەید باوەیسی ٢٨٧
سەید براکە ٢٥٩
سەید حەبیب شا ٢٨٧
سەید خەیال ٣٠٩
سەید فەڕوخ ئاتەش زەرکە ٢٥٤
سەید محەمەدی گەورە سوارە ٢٨٧، ٢٨٩،
٢٩٨
سەید مستەفا ٢٨٧
سەید ویساڵ ٣١٠
سەید یەعقووب ماهیدەشتی ٢٥٩
سەیدی هەورامی ٩٧
سوڵتان جومجومە ٩٦
سوڵتان سەهاک ٢٥٠، ٢٥١، ٢٥٤، ٢٥٥،
٢٥٩، ٢٧٦، ٢٧٧، ٢٧٩ – ٢٩٠،
٢٩٢، ٢٩٦، ٢٩٧، ٢٩٨، ٣٠٤،
٣١٥، ٣١٨، ٣٢٥
سوڵتان موزەفەر ٧٣
سوودابە (ژنی کەیکاووس) ٣٠٠
سۆتسین (ئا.) ١١٤، ١١٦
سۆفۆکلێس ١٦١
سۆفی عەلی کوانی ٩٧
سۆن (ئی.) ٥٤، ٧١، ١٢٩، ٣٥٦
سترابۆ ٢٧
سلێمان (پێغەمبەر) ١٧٤، ١٧٥
سلێمان نەزیف ٣٣
سمکۆ ئاغای شکاک ١٣٢
سیاوەش ٢١٠، ٢٥٨، ٢٩٥، ٣٠٠، ٣٠١،
٣٢٨، ٣٣٣

ش
شا ئەیاز (شا هەیاس) ٣٣٦
شا ئیبراهیم ئەبووت ٢٧٧، ٢٨٩، ٢٩٨،
٢٩٩، ٣٠٠، ٣٠١، ٣٠٢، ٣٠٣،
٣٠٤–٣٠٧، ٣١٤، ٣٢٥
شاپوور (دەنگ خۆشێک بووە) ٢٩٢
شاپووری دووەم ٦٢

شا تەیمووری بانی یارانی ٢٥٩
شا حەیدەر ٢٧٤
شا خۆشێن ١٨٤، ٢١١، ٢١٢، ٢٥٠، ٢٥٤، ٢٥٩، ٢٦٣، ٢٦٤، ٢٦٦، ٢٦٧، ٢٦٨، ٢٧٠، ٢٧١، ٢٧٦
شارموا (ف.) ١١٤
شا ئیسماعیلی سەفەوی ٢٩
شا فەزل ٦٨
شازادە محەمەد عەلی میرزا ٩٦
شەرەف خانی بدلیسی ٤٨، ٩١
شەلمانسری سێیەم ٢٦
شەمسی قەیسی ڕازی ٢١٣
شوعەیب ١٧٥، ١٧٦
شێرەخان ٦٨
شێخ ئەحمەدی بارزان ٤٠
شێخ ئەحمەدی تەختی ٩٧
شێخ ئەحمەدی مووئی ٩٧
شێخ ئادی هەکاری ٦٦، ٦٧
شێخ ئەمیر ٢٥٢، ٢٥٩
شێخ حەسەنی دەرەهەردی ٩٧
شێخ حەسەنی گۆرانی ٩٣
شێخ حەمشا ٢٠٦
شێخ خالیدی شارەزووری ٦٤
شێخ ڕەزا ٧٧، ٩٥، ١٩٩
شێخ سەعید (پیران) ٣٣، ٣٤
شێخی سەعدی ٩٢، ١١٣
شێخ شەمسەدینی دەرەهەردی ٩٧
شێخ شەهابەدین ٢٨٧
شێخ عوبەیدوڵلا (نەهری) ٣١
شێخ عەبدولقادری بەرزنجی ١٤٨
شێخ عەبدولقادری گەیلانی ٦٤، ٢٢٥
شێخ مارفی نۆدی ٦٤، ٨٢، ٩٦
شێخ محەمەدی خۆراسانی ١٩
شێخ مەحموود (حەفید) ٣٩، ٤٠

ع

عابیدینی جاف ١٨٥، ٢٥٩، ٢٩٢، ٢٩٣، ٢٩٥ – ٢٩٨
عالی قەلەندەر ٢١١، ٢٢٢، ٢٥٥، ٢٥٨، ٢٧٧، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٣٣
عەبد (شاعیرێکی سەدەی هەژدەمە) ٩٧
عەبدولڕەحمان بەدرخان ١٣٧
عەبدولڕەزاق بەدرخان ١١٩، ١٢٠، ١٣٢
عەبدولعەزیز خانەقا ١٤٨
عەبدوڵلا خانی موکری ٩٦
عەبدولسەمەد خانەقا ١٤٨
عەبدولکەریم قاسم ٤٤، ١٤٠، ١٤٨
عەتتاری نیشابووری ٢٣٣، ٢٩٠
عەرەبی شەمۆ ٥٥
عەزیزی میسر (پووتیڤار) ١٧٤، ١٧٥، ٣٠١، ٣٠٢
عەلائەدین سەجادی ١٨، ١٤٢
عەلی ئاغای یووسف ئاغا ١١٩
عەلی بەردەشانی ١٨٠
عەلی تەرەماخی ٨١، ٩٣
عەلی حەریری ٩٠، ١٨٦
عەلی کەمال باپیر ٣٦، ١٣٥
عەلی کوڕی ئەبووتالیب ٢٨، ٢١٥، ٢٤١
عەمەریکی سەردار ١٤١

عوسمانی کوڕی عەفان ١٧٤
عومەر عارف ١٤٨
عومەری نیزاری شێخ مستەفای تەختی٩٧
عونسوڕی ٢٠٧
عیزەت عەبدولعەزیز ٤٢
عیسا (پێغەمبەر مەسیح) ٦٨، ٧٣، ١٦٩، ١٧٠، ١٧٢، ١٧٥، ٢٥٠، ٢٥٨

ف

فاتمە لەرە ٢١١
فاریغ ٢١١، ٢٥٨
فایەق تۆفیق ١٤٥
فەرەیدوون ٦٧، ٣١١
فەرەنگێزی کچی ئەفراسیاب ٣٠٠
فەرهاد (دەنگ خۆشێک بووە) ٢٩٢
فەقێی تەیران ٩٠، ٩١، ١١٦، ٢٠٠
فیردەوسی٢٠٧
فیردیناند یووستی ١١٥
فیلۆکسینۆس ١٦٢
فیلیپ ئۆگستین ٢٩
فوئاد رەشید ٩٩
فوسووم (ل.) ١٠٨
فۆن لۆکۆک ٩٤، ١٠٦
فرەیزەر (ج.) ١٢٣
فریدریک میللەر ١٠٤

ڤ

ڤاسیلێڤسکی ١٠١
ڤاگنەر (م.) ١١١
ڤیرجیلۆس ١٦٣، ١٦٤، ١٦٥
ڤیلچێڤسکی (ئۆ.) ١٢٤
ڤیلیامینۆڤ – زیرنۆڤ ٩٢، ١١٤
ڤیلیهیلیم (کانسلەری ئەڵمانیا) ١٠٤

ق

قابیل ١٧٥، ٣١١، ٣٢٦
قاچاغی مراد ١٤١
قازی محەمەد ٣٨
قەنبەر شاهۆیی ٣١٧
قرمزی (شاوەیس قولی) ٣١٧–٣٢٣، ٣٢٥، ٣٣٦

ک

کادی شەهمیری لوڕ ٩٣
کاکە پیرە ٣١٨، ٣٢٠، ٣٢٢، ٣٢٣
کاکە حمەدی شێخ ٨٢
کاکە ڕەحمان ٣١٨، ٣٢٠، ٣٢٤
کاکە ڕەزا ٢٦٧، ٢٧١، ٣٣٦
کاکە عەرەب ٣١٨، ٣٢٠، ٣٢٣
کاکەی فەلاح ١٩٣
کامەران بەدرخان ١٤١، ١٤٣
کامەران موکری ١٩٣
کانی ١٩٣
کاوەی ئاسنگەر ٧٣، ٣١٩
کەریم خانی زەند ٣٠، ١٣٠
کەریم زانستی ٩٩، ١٤٨
کەمال فوئاد ٩٤، ١٣٧
کەهیا پاشا ٩٦، ٩٧
کەی قوبادی یەکەم ٦٠
کەیکاووس ٦٧، ٢٧٢، ٢٩٩

کوردۆییف (ق.) ١١١، ١١٤، ١٢٠، ١٢١
کوردی (مستەفا بەگ) ١٩٠، ١٩٨
کۆرشی گەورە ٢٧
کۆلبێر ١٠٠
کۆنفۆشیۆس ١٦٧، ١٦٨
کینێر (م.) ٦٨
کیومرت ٦٧
کیویوان (شاعیری چینی) ١٦٨
کراتینۆس ١٦١
کسینۆفۆن ٢٧

گ

گارزۆنی (م.) ١٠٢، ١٠٣
گرسیۆز (برای ئەفراسیاب) ٣٠٠
گوشتاسب ٣١٤، ٣١٥
گۆران (عەبدوڵڵا) ٩٩، ١١٣، ١٣٢، ١٩٣

ل

لازاریف (م.) ١٢٥
لازۆ کازاریان ٥١
لالۆ خوسرەو ٩٧
لیۆپۆڵدۆ سالدینی ١٠٣
لێرخ (پ.) ١٠٤، ١١٠، ١١٢، ١١٣، ١١٤
لوقمان ١٧٤، ١٧٥
لووت (لوط) ١٧٥
لۆقا ٢٦، ١٧٢، ١٧٣
لۆکریتۆس ١٦٣

م

مارف بەرزنجی ١٤٨
مارف جیاووک ٥٣
مارکۆ پۆڵۆ ١٢٢
ماریۆس ١٦٤
مارِ (ن.) ١٢٤
ماشاڵڵا سووری ٢٥٤
ماما جەلالە ٢٦٦، ٢٦٧، ٢٦٩
مەتا ١٧٢
مەجدی ١٩٢
مەحزوونی ٩٧
مەحموودی دووەم (سوڵتان) ٣١
مەحوی ٥٢، ٧٧، ١٩٢
مەدهۆش ١٩٣
مەسعوودی ٢٨
مەلا ئەلیاسی شارەزووری ٢٩٢
مەلا پەرێشان ٧٧، ٩٥
مەلای جزیری ٧٧، ١٠٦، ١٠٧، ١١٥، ١١٨، ١١٩
مەلا حافزی فەرهادی ٩٧
مەلا حەسەنی کاشی ٩٣
مەلا غەفووری شارەزووری ٢٩٢
مەلا فەزلوڵڵا ٩٧
مەلا گوشایش ٢٦٤
مەلا محەمەدی ئەروازی ١٠٦
مەلا محەمەدی قزلجی ٦٣
مەلا محەمەدی قولیی کەندوولەیی ٢٠١
مەلا مەحموودی بایەزیدی ٨١، ٨٤، ٨٩، ٩١، ١٢٥، ٢٠١
مەلا وەلەدخان ٢٠١
مەلا یوونسی هەلکەتەینی ٨٢، ٩١، ٩٦
مەنسووری هەلاج ٢٢٦

مەنووچەر (کوڕی ئیرەج) ٣١١
مەولانا فەروخی پڵنگانی ٩٧
مەولانا قاسم ٩٧
مەولانا یووسف ٩٧
مەولەوی ١٩٢
مەهدی خان کەوکەب ٢٨، ٢٠٧
میرزا ئەمانا ٢٦٦، ٢٦٧
میرزا ئیبراهیم ٩٧
میرزا شەفیعی جامەریزی ٩٢، ٢٠١، ٢٠٢
میرزا قوڵی ٣٣٦
میرزا محەمەد باشقە ٥٤
میر جۆزی ٣٣٦
میرە سوور ٢٧٧
میر عەتار ٣٣٦
میرۆی ئەسەد ١٤١
میر هەیاس ٣٣٦
میقداد مەدحەت بەدرخان ١٣٧
میکیشین ١١٢
میلیا گرۆس ١٦٢
مینۆرسکی (ڤ.) ٢٥، ٦٨، ٧٠، ٧١، ٩٢، ٩٦، ١١٠، ١١٤، ١١٥، ١١٧، ١١٨، ١١٩، ١٢٥، ١٢٩، ٢٠٩، ٢١٤، ٢٥٢، ٢٥٤
مورۆگوولۆڤ (ئی.) ٥٥
موکەڕەم تاڵەبانی ١٤٨
مووسا (پێغەمبەر) ٦٨، ١٦٩، ١٧٥، ١٧٦، ٢٥٠، ٢٥١، ٢٦٨، ٢٧٨، ٢٧٩
محەمەد (پێغەمبەر) ٦٨، ١٧٣، ١٧٤، ١٧٥
محەمەد کوڕی ئیبراهیم (خەتیبی وەزیری) ٢١٧
محەمەد ئیقبال ٢٠٥
محەمەد بەگی هەورامی ٩٧
محەمەدی حەنیفە ٩٦، ٢٠١
محەمەد زەکی ٥٤
محەمەد شای قاجار ٢١٦
محەمەد قازی کوڕی محەمەد ڕەزای مەهجوور ٢١٧
محەمەد قولی سەلمان ٩٧
محەمەد کوڕی عەلیی سلێمانی ڕاوەندی ٢٠٥
محەمەد مەحموود قودسی ٤٢
محەمەدی مەلا کەریم ١٤٨
محەمەد موکری (دکتۆر) ٦٨
محیەدینی عەرەبی (محی الدین ابن عربی) ٢٣٣
مرقس ١٧٢، ١٧٣
مریەم (دایکی عیسای مەسیح) ١٧٢، ١٧٤، ١٧٥، ٢٥٠، ٢٩٢، ٣١٠، ٣١٨
مستەفا بارزانی ٤١
مستەفا پاشا یامولکی ١٣٥
مستەفا خۆشناو ٤٢
مستەفا کەمال ٤٤

ن

نادر شا ٢٠٢
ناری ١٩٢
نالی ١١، ١٧، ٧٧، ٩٢، ٩٥، ١٨٧، ١٨٩، ١٩٠، ١٩٢، ١٩٥، ١٩٩

نەجاتی بەگ ٣٣
نەسرەت خانم ١٩٩
نەکسیا (دەنگ خۆشێک بووە) ٢٩٢
نەوزەر (زرێ پۆش) ٣٠٠
نەوشیروان ٦٠
نووح (پێغەمبەر) ٢٦، ١٥٦، ١٧٤، ١٧٥، ١٧٨، ٢٩٩
نوورولّلا ٢٩٢
نووری سەعید ٤٣
نووری شێخ ساڵح ٩٩
نۆنۆس ١٦١
نیبۆر (س.) ١٣٣
نیزامی گەنجەوی ٧٩
نیعمەتی ١٩٢
نیکیتین (ڤ.) ٩٣، ١٢٥

و
وەداعی ٩٥
وەفایی ١٩٥، ٢٣٨
وولیەم دوگلاس ٣٨
ویلسون (ئا.) ٤٠

هـ
هابیل ٣١١
هاشم دوغرەمەچی ١٤٨
هارتمان (م.) ٩٢، ٩٤، ١٠٦، ١٠٧
هایس ١٠٦
هەرەکۆل عەزیزان، بنوارە «جەلادەت بەدرخان»
هەردی ١٩٣
هیسیۆدۆس ١٦٠
هوود ٢٦، ١٧٤، ١٧٦
هۆراسیۆس ١٦٥
هۆرنلی (گ.) ١٠٣
هۆگۆ ماکاش ١٠٦، ١٢٠
هۆلاکۆ ٢٩
هۆمیرۆس ١٥٩، ١٦٠، ١٦٤
هێمن ١٠٥، ١٩٣

ی
یافت (کوڕی نووح) ٢٦
یەحیا (یۆحەنای مەعمەدان) ٣١١، ٣٣٣
یەزدان شێر ٣١
یەعقووب (پێغەمبەر) ١٧٥، ٣٠٩، ٣٢٩
یووسف (پێغەمبەر) ١٧٤، ٣٠٩
یووسف زیائەدین خالیدی ٥٢
یووسف یاسکە ٩٧
یوونس (پێغەمبەر) ١٧٤، ٣١٠، ٣١٧
یێگیازارۆڤ (س.) ١١٧

لیستی ناوی جوگرافی

ئـ

ئاتینا ١٦٢

ئارارات ٢٥، ١١١، ١١٢

ئازربایجان ٢٤، ٣٧، ٣٨، ٤٥، ٤٦، ١٢٢، ١٤٦، ١٤٧

ئاسیا ٢٣، ٢٥، ٢٦، ٢٨، ٤٥، ٥٥، ٥٩، ٦٢، ٧٦، ٩٠، ٩٢، ١٢٤، ١٥٩، ١٨٠

ئاکرێ (شار) ٢٤

ئامێدی ٢٩، ١٠٣

ئەردەڵان ٢٢، ٣٠، ٨٣

ئەردەهان ٤٥

ئەرزەڕۆم ٢٩، ٨١، ٨٤، ٨٩، ١١٣، ١١٤، ١١٦

ئەردەن (رووبار) ١٦٢

ئەرزنجان ٣٦، ٤٩

ئەرمەنستان ٢٣، ٤٥، ٤٦، ٥٤، ٥٥، ٥٧، ١٤٠، ٢٠٩

ئەستەموول ٣٥، ٩٨، ١٠٦، ١٠٧، ١٣٠، ١٣٧، ١٣٨

ئەسکەندەروونە ٤٩

ئەفەریقا ١٢

ئەلەگەز (شاخ) ٢١، ٢٣، ٤٥

ئەلبورز (شاخ) ٣٠١، ٣١٣

ئەڵمانیا ٩٣، ١٠٤ – ١٠٧

ئەلوەند (شاخ) ٢١٩، ٢٢٤

ئەلیزابیت پۆڵ (ناوچە) ٤٥

ئەمەریکا (وولاتە یەکگرتووەکان) ٣٥، ٤٣، ٨٨، ١٠٧، ١٠٨، ١٤٣

ئەنەدۆڵ ٢٢، ٣٤

ئەورووپا ١٢، ١٣، ١٧، ٢٥، ٥١، ٥٧، ٦٨، ٨٣، ٨٤، ٨٦، ٨٧، ٨٨، ٩٩ –١٠٥، ١٠٧، ١١١، ١١٢، ١١٣، ١١٥، ١٢١، ١٢٢، ١٢٤–١٣٠، ١٣٥، ١٤٣، ١٤٥، ١٤٩، ١٥٩، ١٧١، ١٧٣، ١٨٠، ١٨٧، ٢١٣، ٢١٦

ئیتالیا ٣٢، ١٠٢، ١٦٥

ئێلام ٢٦، ١٥٤، ١٥٥

ئێران ٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٥، ٢٧، ٣٠، ٣١، ٣٥، ٣٦، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤١، ٤٥، ٤٨، ٤٩، ٥٢، ٥٣، ٥٥، ٥٨، ٥٩، ٦٠، ٦٢، ٦٦، ٦٩، ٧٥، ٨٠، ٨٥، ٩٤، ١٠٤، ١١١، ١١٣، ١١٤، ١١٧، ١٢١، ١٢٥، ١٣٠، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٥، ١٣٦، ١٤٦، ١٤٧، ١٧٠، ١٧١، ١٧٨، ١٧٩، ١٨٠، ١٨٤، ٢٠٢، ٢١٣–٢١٨، ٢٢٦، ٢٥٤، ٣٠٠، ٣٠١، ٣١١

ئیزناوە ٢٢٢، ٢٢٣

ئورۆک ١٥٧

ئۆزبەکستان ٢٣

ب
بادینان ٢٢، ٢٣، ٣٠
بازیان ٢٤
باکۆ ٢٤٦
بالآمۆ (شاخ) ٣٠٧
بایەزید ٣٠، ٨١، ٨٤، ٨٩، ٩١، ١٢٥، ٢٠١
بەرزنجە ٢٧٦، ٣١٨
بەرلین ٨٤، ٩٤، ١٠٦
بەریتانیا ٣٢، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢، ٨٥، ٩٦، ١٠٧، ١٢٤، ١٢٥، ١٤٤
بەغدا ١٢، ٢٣، ٣١، ٣٨، ٣٩، ٤٢، ٤٣، ٥٣، ٥٤، ٨٨، ٩٣، ١٠٥، ١٣٢، ١٣٥، ١٤٢، ١٤٤، ١٤٧، ٣٢٥
بەلخ ٥٩
بەلقان ٢٥
بۆتان ٢٢، ٢٣، ٣٠، ٣١، ١١٦
بوخارا ٢٦
بۆکان ١٣٢
بونتس ٢٦
بیروت ٢٣
بیشباق ٢٦
برنۆ (شار) ١٠٦
بریام ١٦٠
بتلیس ٣٠، ٣١، ٣٦، ٩١

پ
پارسوا ٢٦
پۆرتسمۆت ٤٣
پیرەمەگرون ٢٠
پردیوەر ٢٥١، ٢٥٩، ٢٧٦، ٢٧٧، ٢٨٢، ٢٨٩، ٢٩٢، ٢٩٦، ٣٢١

ت
تاران ٢٣، ١١٠، ١٣٦، ٢٠٩
تەورێز ٩٣، ٢٨٦
تەوێڵە (گوند) ٢٦٠
توبینگین ٩٤
تورکمانستان ٩٦
تورکیا (عوسمانی) ٢١، ٢٢، ٢٣، ٣٢، ٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٧، ٥٧، ١٣٢، ١٣٣، ١٤٧
توویال ٢٦
توورگ ١٦٠
توورعابدین ١١٦
tووس (شار) ٢٠٦، ٣٠٠، ٣٠١
تیراس ٢٦
تفلیس ٤٦، ٥١

ج
جەرمۆ ٢٤
جەزائیر ١٢، ٢٦٤
جەیحوون (رووبار) ٣١١
جزیرە ١١٣
جنێف ١٣٧

چ
چاڵدیران ٢١، ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٨١، ٨٢، ١٨١
چین ١٥٣، ١٦٧، ٢٤٣، ٢٤٤، ٣٢٦

ح
حەلەب ٢٣

خ
خابوور ٢٣
خانەقین ٤٩، ٢٧٦، ٢٩٨
خاوەران ٩٧
خەرپووت ٤٩
خەزەر ٢٥، ٢٦
خورەم ئاباد ٢٦٨
خۆراسان ١٩، ٢٣، ٢٥
خۆی ١١٩
خدر (شاخ) ٢٠٦

د
داڵەهۆ (شاخ) ٢٧٧، ٣٠٧، ٣٠٩، ٣٢٥
دانووب ٢٥
دەرزیان (گوند) ٣١٧
دەرسیم ٣٤، ١١٣
دەوڵەت ئاباد ٤٩
دەودان (گوند – هەرێم) ٢٦٠، ٢٨٢، ٣٣٦
دیاربەکر ٣٦، ٤٩، ١١٣
دیجلە ٤٩
دیدار (شاخ) ٣٠٧
دیمەشق (شام) ٢٣
دینەوەر ٢٨، ٣٢٥
دمدم (قەڵا) ٩٠، ١٠٥، ١١٦

ر
روسلاڤل ١١٣
رووسیا (یەکێتی سۆڤیەتی کۆن) ٢١، ٢٣، ٤٥، ٥٥، ٨١، ١٠٢، ١١٠
رۆما ٩٩، ١٠٢، ١٦٣، ١٦٤، ١٦٥

ز
زابلستان ٢٧٦
زاخۆ ٢٣
زاگرۆس ٢٥، ٧١، ١٧٨
زیمران ٢٦
زێی گەورە ٤٩

س
سازان (ناوچە) ٢٩٦
سانت پیترسبورگ (لینینگراد) ٨٤، ٨٩، ٩٢، ٩٤، ١٠٦، ١١٢، ١١٨، ١١٩، ١٢٠، ٢٠٩، ٢١٧
سەرانە (گوندی بابا یادگار لە هەورامان) ٢٩٨، ٣٠٩
سەرگەت ٢٧١
سەرگەرم (گوند) ٢٩٨
سەرەندیب (سەیلان، سریلانکا) ٣٢٨
سەمەرقەند ٢٦
سەیوان (گرد) ١٩
سوڵتان ئاباد ٤٩
سوور (صور) ١٦٢
سووریا ٢١–٢٣، ٣٣، ٣٥، ٤٤–٥٥، ٥٧، ١٣٣
سۆران ٢٢، ٣٠
سیروان (رووبار) ٢٧٦، ٢٨٠– ٢٨٣، ٢٩٨
سقلیە ١٦٢
سلێمانی ١١، ١٩، ٢٤، ٣٩، ٤٠، ٦٤، ١١٤، ١٣٥، ١٣٨، ١٣٩، ١٤٩، ١٦٩، ١٧٠، ١٨١، ٢٠٥
سنە (شار) ٤٩، ٢٦٠

ش
شارەزوور ٢٨، ٦٤، ٦٨، ٢٦٩، ٢٧٧،
٢٩٢، ٢٩٥، ٢٩٦
شام ٢٣، ٢٩، ٥٥، ١٤١، ١٤٣، ٢١١،
٢١٢، ٢٦٣، ٣٠١، ٣٠٢، ٣٠٦
شانەدەر ٢٤
شاهۆ (شاخ) ٢٦٠، ٣٠٧، ٣١٧، ٣٢١
شەمدینان ٣٠
شێخان (گوندی هەورامان) ٢٧٦، ٢٩٨،
٣٠٩، ٣١٨، ٣٣٣
شیراز ٢٣، ٤٩
شندروێ ٢٥٩، ٣٠٧، ٣١٨

ع
عەرەبستان ١٢٦، ٣١١
عەممان ٢٣
عیراق ٢١، ٢٢، ٢٣، ٣٣، ٣٥، ٣٨–٤٣،
٤٩، ٥٣، ٥٤، ٥٥، ٨٥، ٨٧، ٨٨،
١٠٧، ١٣٣، ١٣٤، ١٣٥، ١٣٩،
١٤٠، ١٤٢، ١٤٣، ١٤٧، ١٤٩،
١٥٣، ١٥٧

ف
فەلەستین ١٧٣
فۆلکستۆن ١٣٧
ڤیەنا ١٠٠، ١٠٤، ١٠٦
فرەنسا ٣٣، ٩٩، ١٠٢، ١٤٤

ق
قارس ٤٥، ٤٩
قاهیرە ١٣١، ١٣٦، ١٣٧
قەفقاس ٢١، ٢٣، ٤٥، ٥١، ٥٥، ٧٦،
١١١، ١١٩، ١٢٠
قەندیل (شاخ) ٣٠٧
قەیرەوان ٢٦
قودس ٢٩
قۆنیە ٢١٨، ٢٢٢
قرم ١١٢
قرتاج (تونس) ١٦٣، ١٦٤، ١٦٥

ک
کازاخستان ٢٣، ٧٦
کازەروونە ٤٩
کەبدووکیە ٢٦
کەرکووک ١٣٤، ١٤٨، ٢٩٨
کەنگاوەر (قەڵا) ٢٧٠
کەلبەجاڕ ٤٥
کەناکیر ١١١
کوردستان ١٧، ٢١–٣٣، ٣٦–٤٢، ٤٥،
٤٨، ٤٩، ٥٣، ٥٤، ٦٥، ٦٧، ٦٩،
٧٠، ٧٢، ٧٧–٨٥، ٨٧، ٨٨، ٩٤،
٩٥، ١٠١، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٨،
١١٠، ١١١، ١١٣، ١١٨، ١٢٢،
١٢٣، ١٢٨، ١٢٩، ١٣١، ١٣٣،
١٣٤، ١٣٥–١٣٨، ١٤٦، ١٤٧،
١٧٨، ٢٠٨، ٢٥٠، ٢٥٤، ٢٦٣،
٢٧١، ٢٧٦، ٢٩١، ٢٩٢، ٢٩٨
کرماشان ٤٩، ٢٦٨، ٢٧٦، ٣٠٩

گ
گریک ١٥٨، ١٥٩، ١٦٠، ١٦١، ١٦٢،
١٦٤، ١٦٥

گورجستان ٤٦، ٥١

ل
لاچین ٤٥
لەندەن ٨٥، ٩٦، ١٣٧، ١١٤
لوڕستان ٢٤، ٢١٤، ٢٥٠، ٢٦٣، ٢٦٨، ٢٩٨
لۆزان ٣٢
لیبیا ٢٦
لبنان ٤٤

م
ماربۆرگ ٩٤
ماردین (مێردین) ١٠٦، ١١٣
ماری (مەڕۆی ئاسیای ناوەڕاست) ٤٦
مەتین (جوودی) (شاخ) ١٧٨
مەراکیش (مەغریب) ١٦٤
مەرش ٤٩
مەندەلی ٢٩٨
مەولام (شاخ) ٢٥٥، ٣٠٧
مەهاباد ٤١، ١٣٢، ١٣٥، ١٤٦
موکریان ٢٢، ٩٩، ١٠٤، ١٠٥، ١٤٤
مووسڵ ٣١
مووش ٩٦، ١١٣
مۆسکۆ ١١، ١٢٤
مۆکس ١١٩
میدیا ٢٥، ٢٦، ٥٩
میزۆپۆتامیا ٢٦، ٢٩، ١٥٣، ١٥٧
میسر ٢٦، ٢٩، ١٥٣، ١٥٤، ١٥٥، ١٥٨، ١٦١، ١٧٤، ١٧٥، ٣٠١، ٣٠٢

ن
ناگۆرنی قەرەباغ ٢٣
نەمسا ١٢٠
نەومیدیا ١٦٤
نینەوا ٢٧، ١٥٦

و
وان ٢٥، ٣١، ٣٦، ٤٩، ١١٩
وورمێ ١٣٢

ه
هاموون (کێو) ٣٠٥، ٣٠٦
هایدیلبیرگ ١٠٦
هەرسین (ناوچە) ٢٦٨
هەکاری ٣٠، ٣١، ٦٦، ٩٣، ١٠٣، ١٨٠، ١٨٨
هەمەدان ٢٦، ٢٠٩، ٢١١، ٢١٤، ٢٢٣، ٢٦٨، ٣٢٩
هەورامان ٢٥٩، ٢٦٠، ٢٦١، ٢٦٣، ٢٦٤، ٢٧١، ٢٧٦، ٢٧٧، ٢٩٦، ٣٠٩، ٣٣٣
هەولێر ١١، ٢٠، ٣٩، ٧٣
هیندستان ٢٥، ٣٤، ٥٩، ٦٠، ٦٢، ١٠٧، ١٥٣، ١٥٩، ١٦٣، ١٦٦، ١٧١، ١٧٩، ٣٠٩

ی
یافتەکۆ (شاخ) ٢٦٨، ٣٠٧
یەریڤان ٤٥، ٤٩، ١١١، ١١٥، ١٤٠
یوگورتا ١٦٤

بیبلیۆگرافیا

ناوی ئەو سەرچاوەو کەرەستانەی لەم لیستەیەدا هاتووە، مەرج نییە لەم بەرگەدا هەموویان بەکار هاتبن، بەڵام بەشێکی گرنگن لە لێکۆڵینەوەی زانستی رۆشنبیری کوردی و نووسینەوەی مێژووی ئەدەب.

بەزمانی کوردی

- ئەحمەدی خانی، فەرهەنگۆکی نۆبار، کۆمەڵێک دەستنووسی لە نامەخانەکانی ئەوروپا پارێزراوان، یووسف زیائەددین پاشای خالیدی لە کتێبی «الهدیه الحمیدیه فی اللغه الکردیه»، ئەستەمبوول، ١٣١٠ / ١٨٩٢ بڵاوی کردۆتەوە؛ ڕۆژهەڵاتناس ڤۆن لۆکۆک لە بەرلین لە ساڵی ١٩٠٣دا بەزەنگوگراف بڵاوی کردۆتەوە، لە دوای ئەوە لەلای خۆشمان چەند جارێکی دیکە چاپ کراوە.
- أمین فیضی، أنجمن أدیبان کورد، چاپی ترجمان حقیقت، استانبول، ١٩٢٠ .
- چاپی دووەم، سلێمانی،١٩٨٢ .
- چاپی سێیەم، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا،١٩٨٣ .
- "بانگی کوردستان"، هەموو ژمارەکانی ئەم کۆوارە لەلایەن جەمال خەزنەدارەوە بەرێگەی ئۆفسێت لە ساڵی ١٩٧٤ لە بەغدا بڵاو کراوەتەوە.
- تۆفیق وەهبی، دەستووری زمانی کوردی، بەغدا، ١٩٢٩ .
- تۆفیق وەهبی، خوێندەواری باو، بەغدا ١٩٣٣ .
- تۆفیق وەهبی، ئەشکەوتەکەی گوندک، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی بەکر دلێر، بەغدا، ١٩٥١ .
- جەمال نەبەز، کورتە مێژوویەکی کوردناسی لەئەڵمانیادا، کۆواری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، بەغدا،١٩٧٤ .
- «دەنگی گێتیی تازە» (بەغدا، ١٩٤٣–١٩٤٧).
- ڕەشید فندی، عەلی تەرەماخی ئێکەمین ڕێزمان نڤیس و پەخشان نڤیسێ کوردە، بەغدا، ١٩٨٥ .
- «ڕۆژی کورد»، هەموو ژمارەکانی ئەم کۆوارە لە لایەن جەمال خەزنەدارەوە بە ڕێگەی ئۆفسێت لە ساڵی ١٩٨١ لە بەغدا بڵاوکراوەتەوە.

- «ڕۆژی کوردستان»، هەموو ژمارەکانی ئەم گۆوارە لەلایەن جەمال خەزنەدارەوە بەڕێگەی ئۆفسێت لە ساڵی ١٩٧٣ لە بەغدا بڵاوکراوەتەوە.
- «ڕۆژی نوێ» (گۆوار)، ژمارە (٧)، سلێمانی، ١٩٦٠ .
- «ڕۆناهی» هەموو ژمارەکانی لە شام دەردەچوون (١٩٤٢-١٩٤٥) لە ساڵی ١٩٨٥ لە ئۆپسالا لە سوید بە ڕێگەی ئۆفسێت لە چاپ دراون.
- رەفیق حلمی، شعر و أدبیاتی کوردی، بەرگ ١، بەغدا، ١٩٤١؛ بەرگ ٢، بەغدا، ١٩٥٦ .
- «ژین»ی ئەستەمبوول، ١٩١٩، هەموو ژمارەکانی لەلایەن ئەمین بۆز ئەرسەلانەوە لە ساڵی ١٩٨٥ لە ئۆپسالا لە سوید بڵاوکراوەتەوە.
- سەید محەمەدی سەمەدی، ژێ. کاف، چبوو؟ چی دەویست؟ وەچی لێ بەسەر هات، مەهاباد، ١٩٨١ .
- سۆن، ئی، ب، سەرەتای دەستووری زمانی کوردی، بەغدا، ١٩١٩ .
- صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە)، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگ ١ و ٢، انتشارات ناجی، بانە - کردستان، چاپخانەء چهر، تبریز، ١٣٧٥ .
- عبدالکریم هکزی، کۆمەڵە شعری شاعرانی کورد، بەغدا، ١٩٣٨ .
- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٥٢؛ چاپی دووەم، بەغد، ١٩٧١ .
- عەلی تەرەماخی، دەستووری زمانی عەربی بەکوردی، لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسین و ئامادەکردنی بۆ چاپ مارف خەزنەدار، بەغدا، ١٩٧١ .
- علی کمال باپیر، گلدەستەی شعرای هاوعصرم، سلێمانی، ١٩٣٩ .
- غەفوور میرزا کەریم، کۆمەڵی زانستی لە سلێمانی، بەغدا، ١٩٨٥ .
- ڤیلچێڤسکی أو، کورد- تێبینی لە مێژووی نەژادی میللەتی کورد، مۆسکۆ- لینینگراد، ١٩٦١ (ئەم کتێبە لەلایەن د. ڕەشاد میرانەوە لە ڕووسییەوە گۆڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە سوید لە ساڵی بڵاوکراوەتەوە.
- «گەلاوێژ»، (بەغدا، ١٩٣٩ - ١٩٤٩).
- کتێبی پیرۆزی مەسیحییان (تەورات، ئێنجیل، ئێنجیلی برنابا، کاری نێرراوەکان= اعمال الرسل).
- کەریم شارەزا، کۆیە و شاعیرانی، بەغدا ١٩٦١ .
- «کوردستان» رۆژنامەی یەکەمی کوردی کە لە ساڵی (١٨٩٨ -١٩٠٢) بڵاوکراوەتەوە، لە بەغدا لە ساڵی ١٩٧٢ لە لایەن د. کمال فوئادەوە بە ڕێگەی ئۆفسێت بڵاوکراوەتەوە.

– «کوردستان»، (ڕۆژنامە) ئۆرگانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، دەورەی یەکەم (مەهاباد ١٩٤٦)، دەورەی دووەم لە دەرەوەی وولات لە [باکۆ] بە تایبەتی ژمارەکانی ساڵی ١٩٥٥ .
– مارفی نۆدەیی (شێخ)، فەرهەنگۆکی ئەحمەدی، گەلێ جار چاپ کراوە، دوا چاپی لە سەرجەمی بەرهەمەکانی شێخ مارفی نۆدەیی کە ئەوقافی سلێمانی چاپی کردووە دەکەوێتە بەرچاو، بەرگی دووەم بەغدا، ١٩٨٤ .
– محمد أمین زکی، خلاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، جلدی اول، لە زۆر قدیمەوە تا دوری نادرشا، بەغدا،١٩٣١؛ جلدی دوەم، تاریخی أماراتی کوردییە، بغدا، ١٩٣٧، هەردوو کتێب لە لایەن محەمەد عەلی عەونییەوە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی و لە ساڵانی (١٩٣٦) و (١٩٤٥) لە قاهیرە بڵاوکراونەتەوە.
– محەمەد ئەمین هەورامانی، کاکەیی، بەغدا، ١٩٨٤ .
– محەمەد زەکی و میرزا محەمەد باشقە، «اولەمین قراءتی کوردی»، بەغدا ١٩٢٠ .
– محمدی مەلا کریم، حاجی قادری کۆیی، بەغدا، [١٩٦٠].
– «نیشتمان»، (مەهاباد ١٩٤٣–١٩٤٤)، ئەم کۆوارە نۆ ژمارەی لێ دەرچووە، لەساڵی ١٩٨٥ لە ستۆکهۆڵم تەنیا شەش ژمارەی بە ڕێگەی ئۆفسێت لە لایەن جەمال نەبەزەوە بڵاوکراوەتەوە.
– «هاوار» هەموو ژمارەکانی کە لە شام دەردەچوون (١٩٣٤–١٩٤٣) لە ساڵی ١٩٧٦ لە بەرلین بەڕێگەی ئۆفسێت لەچاپ دراون.
– هەرەکۆل عەزیزان (جەلادەت و بەدرخان) ڕێزمانا ئەلفبایا کوردی، شام، ١٩٣٢ .

بەزمانی عەرەبی

– ابراهیم احمد، الاكراد والعرب، ط٢ بغدا، ١٩٦١ .
– أديب معوض، الاكراد في لبنان وسوريا، بيروت، ١٩٤٥ .
– أكسينوفون «مسيرة العشرة آلاف القسم الخاص بكردستان» نقلها الى العربية صلاح الدين سعدالله، بغداد، ١٩٧٣ .
– أنور مائي، محاضرة عن الاكراد في الصين، بغداد، ١٩٥٩ .
– براون، تاريخ الادب في ايران من الفردوسي الى سعدي، ترجمة د. ابراهيم الشواربي، القاهرة، ١٩٥٤ .
– بلەج شيركو، القضية الكردية، القاهرة، ١٩٣٠ .
– توفيق وهبي، قواعد اللغة الكردية، الجزء الاول والجزء الثاني، بيروت ١٩٥٦ .

– جواهر لال نهرو، لمحات من تاريخ العالم، نقلتها الى العربية لجنة من الاساتذة الجامعيين، ط١ ، بيروت، ١٩٥٧ .
– شاكر خصباك، الكرد والمسألة الكردية، بغداد، ١٩٥٩ .
– طه باقر، ملحمة جلجاميش، بغداد ١٩٧٥ .
– طه حسين، الفتنة الكبرى،
– عبدالرقيب يوسف، الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى، الجزء الاول، بغداد، ١٩٧٢؛ حضارة الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى، الجزء الثاني، بغداد، ١٩٧٥
– عبدالسلام حلمي وعبدالمجيد لطفي، نظرات في الادب الكردي، بغداد، ١٩٤٥ .
– قورئان (کتێبی پیرۆزی ئایینی ئیسلام).
– كريم زندي، حركة كردستان وآذربايجان التحررية، السليمانية، ١٩٦٠ .
– محمد شيرزاد، نضال الاكراد، القاهرة، ١٩٤٦ .
– محمد القزلجي، التعريف بمساجد السليمانية ومدارسها الدينية، بغداد، ١٩٣٨ .
– معروف خەزنەدار، أغاني كردستان، بغداد، ١٩٥٦ .
– معروف خەزنەدار، مخطوطات فريدة ومطبوعات نادرة، الجزء الأول، بغداد، ١٩٧٨ .
– ملحمة جلجاميش، حققها ونقلها الى الانگليزية ن. ك. ساندرز، ترجمة محمد نبيل نوفل وفاروق حافظ القاضي، القاهرة، ١٩٧٠ أصل الكتاب
This is a translation of THE ERIO OF GILGAMESH, English version, by N.K. Sanders (penguin Books), 1960.
– مينورسكي، الاكراد– ملاحظات وانطباعات باللغة الروسية، الترجمة العربية، بغداد، ١٩٦٨ .
– ول ديورانت، قصة الحضارة، الجزء الأول، ط٣، القاهرة، ١٩٦٥، ترجمة الدكتور زكي نجيب محمود؛ الجزء الثاني القاهرة، ١٩٧١، ترجمة محمد بدران.
– يوسف ضياءالدين الخالدي، الهدية الحميدية في اللغة الكردية، أستانبول، ١٣١٠هـ [١٨٩٢].
– يوسف ملك، كردستان او بلاد الاكراد، بيروت، ١٩٤٥ .
بەزمانی فارسی
– أسكندر تركمان، تاريخ عالم آرای عباسی، تهران، ١٣١٤، [١٨٩٦].
– بابا مردوخ روحانی (شيوا)، تاريخ مشاهير كرد، جلد أول، تهران، ١٣٦٤ [١٩٨٥].

– پور داود، سرودهای مقدس پیغمبر ایران حضرت سپنتمان زرتشت قدیمترین قسمتی است از نامه مینوی اوستا، بمبئ – هیندوستان، ۱۹۲۰ .
– جلیل دوستخواه، آوستا نامهء مینوی آیین زرتشت، چاپ اول، انتشارات مروارید، تهران، ۱۳٤۳ .
– دیوان بابا طاهر، به تصحیح وحید دستگردی، تهران، ۱۳٤۷ .
– رشید باسمی، کردو پیوستگی نژادی وتاریخ او، تهران، ۱۳۱٦ .
– سید محمد علی خواجهالدین، سرسپردگان تاریخ و شرح عقاید دینی اهل حق، تبریز، ۱۹۷۰ .
– شاهنامهء حقیقت (تاریخ منظوم بزرگان أهل حق)، أثر حاج نعمه الله جیحون آبادی مکری متخلص به مجرم، متن مصحح بامقدمه ویادداشتها وتفاسیر دکتر محمد مکری، بخش أول متن شاهنامه، تهران، ۱۳٤٥–۱۹٦٦؛ بخش دوم فهرستها، ۱۳٥۰–۱۹۷۱
– شرف خان بن شمسالدین بدلیسی، کتاب شرف نامه، جلد أول، با اهتمام أقل عباد ولادیمیر ملقب ولیامینوف– زرنوف در محروسهء بطربوغ در دار الطباع اکادمیهء ایمبراطوریه، سنهء ۱۸٦۰ عیسوی مطابق سنهء ۱۲۷٦ هجری مطبوع کمردید؛ جلد دویم. سنهء ۱۸٦۲ عیسوی مطابق سنهء ۱۲۷۸ مطبوع کردید (ئەوەی پێویستە لێرەدا بووترێ ئەوەیە، ئەم کتێبە چەند جارێک چاپە فارسییەکەی چاپ و بڵاوکراوەتەوە، هەروەها بە لێکۆڵینەوە و ساغ کردنەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فرەنسی و عەرەبی و رووسی و کوردی و تورکی و ئینگلیزی.
– صدیق صفی زاده «بۆرەکەیی» بزرگان یارسان، تهران، ۱۳٦۱ .
– صدیق صفی زاده «بۆرەکەیی»، نوشتههای پراکنده دربارهء یارسان أهل حق، تهران، ۱۳٦۱ .
– کارنامکی أردشیر پاپکان، ترجمەی احمد کسروی، تهران، ۱۳٤۲ . [۱۹۲۳].
– ماشاءالله سوری، سرودهای دینی یارسان، طهران، ۱۳٤٤، [۱۹٦٦م].
– محمد بن ابراهیم مشهور به خطیب وزیری، بەکوشش دکتر جواد مقصود، نشریەی شماره (۱۱۳)، أنجمن آثار ملی، تهران، ۱۳٥٤ .
– محمد بن علی سلیمان الراوندی، راحه الصدور وآية السرور در تاریخ آل سلجوق، بسعی وتصحیح محمد اقبال، بانضمام حواشی وفهارسی مرحوم مجتبی مینوی، تهران، ۱۹۲۱ .

– محمد معین، مزدیسنا و تأثیر آن در أدبیات ایران، تهران ١٣٢٦ش.

بەزمانی تورکی

– جلادت عالی بدرخان، مکتوب مصطفی کمال پاشا حضرتلرینە، طبریە، ١٩٣٣ .

- Nurî Dersîmi, Kurdistan Tarîhide Dersîm, Helep, 1952.

بەزمانی ڕووسی

– ئەرشیفی ڕۆژهەڵاتناسان، ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی لە سانت پیترسبورگ.

– ئابۆڤیان خ.، سەرجەمی کارەکان، یەریڤان، ١٩٥٨ .

– ئابۆڤیان خ.، کورد، ڕۆژنامەی «قەفقاس»، ١٨٤٨، ژمارەکانی (٤٦–٥١).

– ئابۆڤیان خ.، ئێزیدیەکان، ڕۆژنامەی «قەفقاس»، ١٨٤٨، ژمارەکانی (٩،٨).

– بیرتیلس یی. ئێ.، مێژووی ئەدەبی فارسی– تاجیکی، کاری هەڵبژێراو، بەرگ١، مۆسکۆ، ١٩٦٠ .

– بیریزین، گوڵبژێرێک لە ڕاپۆرتی ساڵانەی گەشتی ماجستێرا (کۆواری وەزارەتی ڕۆشنبیری میللی)، ١٨٤٥، ژمارە (٤و١٠).

– بیریزین، ئێزیدیەکان (کۆواری لێکۆڵینەوە لەزەوی و گەشت)، مۆسکۆ، ١٨٥٤، بەرگ ٣ .

– پالاس پ.س. فەرهەنگی بەراووردی هەموو زمان و دیالێکتەکان، بەرگ ١–٢، سانت پیترسبورگ، ١٧٨٧، بەرگی یەکەم (٤١١ل)، بەرگی دووەم (٤٩٦ل) ووشە کوردییەکان لە جەدوەلی ژمارە (٧٧)دا تۆمار کراوون.

– دیتیل ڤ، پیشاندانی گەشتی سێ ساڵەی ڕۆژهەڵات، (کۆواری ئامۆژگای ڕۆشنبیری میللی)، سانت پیترسبورگ، ١٨٤٧، بەشی (١)، فەسل (٤).

– دیتیل ڤ، کورد لە تێبینییەکانیدا، (نامەخانەی خوێندنەوە)، سانت پترسبورگ.، ١٨٥٣ ، بەرگ (١١٩)، ژمارە (٥)، بەشی (٧).

– دیتیل ڤ، مێژووی گەشتێکی ڕۆژهەڵات، (نامەخانەی خوێندنەوە) سانت پیترسبورگ، ١٨٤٩، بەشی (٩٨)، فەسل(١)، ژمارە (٥و٦).

– «ڕۆژهەڵاتی شۆرشگێڕ» (کۆوار)، ١٩٣٣، ژمارە ٣–٤ .

– ڕۆستۆپچین ف.، «تێبینی لە بابەت کوردەوە»، بلاوکراوەی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژمارە ١٣–١٤، تاشقەند، ١٩٣٢ .

– ڕوودینکۆ م.ب.، کۆکراوەکانی ئەلیکساندەر ژابا «دەسنووسی کوردی»، (کەشکۆڵی ڕۆژهەڵات)، کارەکانی نامەخانەی گشتیی سالتیکۆڤ– شدرین، ژمارە (٥)،

لینینگراد، ١٩٥٧ . ڕووسی.
- ڕوودنیکۆ م.ب.، وەسفی کۆمەڵە دەسنووسەکانی کوردی لە لینینگراد، بڵاوکراوەکانی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیەی زانستی، مۆسکۆ، ١٩٦١ .
- ژووکۆفسکی ڤ. ئا.، کەرەستە بۆ لێکۆڵینەوە لە دیالێکتەکانی فارسی، بەشی١، سانت پیترسبورگ، ١٨٨٨ .
- کوردۆییڤ ق.ک.، کارەکانی لێرخ لە کوردناسیدا، کۆکراوەی «ووتار لە بابەت مێژووی ڕۆژهەڵاتناسیی ڕووسییەوە»، بڵاوکراوەی ژمارە (٤)، مۆسکۆ، ١٩٥٩.
- لێرخ پ.، لێکۆلینەوە لە کوردی ئێران و باپیریان لە خالیدییەکانی سەروو، سانت پیترسبورگ، کتێبی یەکەم. ١٨٥٦، کتێبی دووم ١٨٥٧، کتێبی سێیەم ١٨٥٨ .
- عەلیێڤ گ.ی.، پێشەکیی کتێبی «باباتاهیر بۆ ئاسمان و بۆ زەوی»ی دووبەیتەکانی باباتاهیر، گۆڕینی دیمیتری سیدیخ، مۆسکۆ، ١٩٧١ .
- مارِ ن. ی. جارێکی تر لە بابەت ووشەی «چەلەبی»یەوە (هەندێ مەسەلەی تەئسیری کولتووری نەتەوەی کورد لە مێژووی ئاسیای ناوەڕاست)، «بڵاوکراوەی کۆمەڵەی ئەرکیۆلۆجیی ئیمپراتۆریەتی ڕووسی/ لقی قەفقاس». ١٩١٢، بەرگ (٢٠).
- میکیشین ک، کورد لە ناوچەی سمۆلێنسکی، بڵاوکراوەی «هەنگی باکووری»، ١٨٥٥، ٢٣ی کانوونی یەکەم، ژمارە (٢٨٣).
- مینۆرسکی ڤ.، کەرەستە بۆ لێکۆڵینەوە لە مەزهەبی ئێرانی «ئەهلی هەق یا عەلیی ئێلاهی»، بەش (١)، مۆسکۆ، ١٩١١ . (کردەوەکانی ئامۆژگای لازارێف، بڵاوکراوەی ژمارە ٣٣).
- مینۆرسکی ڤ.، گەشتێ بۆ میرنشینی ماکۆ لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٠٥ «کەرەستە بۆ لێکۆلینەوە لە ڕۆژهەڵات»، سانت پیترسبورگ، ١٩٠٩، بڵاوکراوە ژمارە (١).
- مینۆرسکی ڤ. گەشتێک بۆ مەراغە و ناوچەکانی ڕووباری جاغات و تاتاو لە سەرەتای ئاغستۆسی ١٩٠٦ «دەنگوباسی بارەگای جەنگی قەفقاس». تفلیس، ١٩٠٧، دەورەی دووەم، ژمارە (٢٠).
- هالسهاوزن أ، ناوچەی قەفقاس (تێبینی لە بابەت وەزعی خێزانی و ژیانی کۆمەڵاتیی ئەو نەتەوانەی لە نێوان زەریای ڕەش و قەزوین دەژین)، بەشی دووەم. سانت پترسبورگ، ١٨٥٧ .
- یێگیازارۆڤ س، ووتارێکی ئەتنۆگرافی کورت لە بابەت کوردەکانی ناوچەی یەریڤانەوە،

بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی جوگرافیی ئیمپیراتۆریەتی رووس (لقی قەفقاس)، تفلیس، ١٨٩١، كتێبی، بڵاوكراوەی ژمارە (٢).

بەزمانی ئینگلیزی

- Baldry H.C, Ancient Greek Literature in its living context, New-york, 1967.
- Ch'en Show-yi, Chinese Literature, A historical introduction, New-york, 1961.
- Douglas W.O., Strange land and Friendly people, NewYork,1951.
- Feng Yuan-chun, A short history of classical chinese literature, Pekin, 1958.
- Fossum, L.O. A paractical, Kurdish Grammar, Menneopolis 1919.
- Ivanow W., The truth- worshippers of Kurdistan, Ahli Haqq Texts, Leiden-Holland, 1953.

تێكستی ئینگلیزی ئەم كتێبە لەگەڵ گۆڕینی فارسی بڵاوكراونەتەوە، بنواڕە (و.ایوانف، مجموعهء رسائل واشعار اهل حق، تهران، ١٩٦٠م - ١٣٣٨هـ ش).

- Jardine K.F, Bahdinan Kurmandji, a grammar of the Mosul division and surrounding districts of Kurdistan, Baghdad, 1922.
- Minorsky V., Kurdes-Kurdistan, Encyclopedie de l'Islam, Paris, 1927, vol. II (-K), p.1196-1222.
- Minorsky V,. The Gûrân, A Bulletin of the Oriental and African Studies, University of London, 1943, vol, XI, pt1.
- Pritchard J.B., Ancient Near Eastren Textes, Princeton, 1960.
- Rhea S.A,. Brief grammer and vocabulary of the kurdish language of the Hakkari district, Gournal of Ameican Oriental society, New York, 1872, vol.XI, No:10.
- SafrastiOn A., Kurds and Kurdistan, London, 1948.
- Soane E.B., Grammar of the Kurmanji or kurdish language, London,1913.

Soane E.B., Mesopotamia and kurdistan in disguise, London, 1912;

- Soane E.B, Notes on The tribes of southren Kurdistan, Baghdad,1918.
- Taufiq Wahby, The Remnants of Mithraism in Matra and Iraqi Kurdistan and its Traces in Yazidism, London, 1962.
- Yang. T. Cyter, "The Iranian Migration into Zagros", IRAN vol. v. 1967.

بەزمانی فرەنسی

- Beidar, L’abbe Poul, Grammair kurde, Paris, 1926.
- Blochet E., Catalogue des Manuscripts, tome II, Paris 1912.
- Cagnac G. petite histoire de le litterature latine, (P.U.F), Paris, 1948.
- Chodsko A., Etuddes Philologiques sur la langue Kurde (dialecte de suleimanie), Journal Asitque, 1857, 5 ser, vol. IX.
- Croiset A.et M., La Litterature Greque, 5 vol. nouv. ed.,Paris. 1951.
- Flaceliene R., Histoire litteraire de la Grece, Paris, 1962.
- Ghellinck J. de, La litterature latine au Moyen- Age, 2 vol. (Bloud et Gay), 1939.
- Glasenapn H.de., les litterature de l’Inde, des origines a l’epoque contemporaine (Payot), Paris, 1963.
- Jaba A., Recueil de notices et recits kourdes, servant a la connaissance de la langue,de la litterature et des tribus du Kourdistan, Spb., 1860.
- Kaltenmark- Ghaequier O., la litterature Chinoise, Paris, 1948.
- Lescot R., Textes Kurdes, paris, 1940.
- Lescot R., Textes Kurdes, Meme Alan, Beyrouth, 1942.
- Minorsky V., Notes sur la secte des Ahle-Haqq “Revue de Monde Musulman”, paris, 1920, vol. XL-XLI, 1921, vol. XLIV-XLV.
- Pirenne J., la Civilisation sumerienne, Lausanne, 1952.
- Poullain Ph., La Litteratue Latine (P.U.F), “Ques aisje”. nouv. ed., 1960.
- Renou L., La litterature de l’Inde, (P.U.F), Paris, 1951.
- Renou L., La poesie religieuse de l’Inde, (P.U.F), Paris, 1942.

بەزمانی ئەڵمانی

- Bittner M, Die heiligen Bächer der jeziden oder felsandbetter, wien, 1913.
- Hartmann M., Der Kurdische Diwan des Scheich Ahmad von Cezireh ibn ‘Omar ganannt Mala’i Cizri, Berlin, 1904, XI., 222 taf.
- Hornle G., Schneider “Kurz e Beschreibung des Kurden volkes und ihres Landes”, Baseler Magazin für die neueste Geschichte der evangelischen Missions und Bibelsellschaften, 1837.
- Kamal Fuad, Kurdische Handschriften, Wiesbaden, 1970.

- Makas H., Kurdische studien, Heidelberg, 1900; Kurdische Texte im kurmanji Dialekt aus der gegend von Mardin leningran, 1926.
- Makas H., Kurdische texte im kurmanji - Dialecte, Peteresburg. Leningran, 1926.
- Mann O., Die Mundarten der Mukri-Kurden, teil I, Berlin 1906.
- Muller F., Kurmanji Dialekt der kurdensprache, wien, 1864.
- Prym E., Socin A., kurdische sammlungen, im Dialekte des Tur Abdin, St-Petersbourg, 1887.
- Prym E., Socin A., kurdische sammlungen, im Dialekte des Tur Abdin, und Bohtan, St-Petersbourg, 1890.
- Pavrot F., Reize Zum Ararat, T. I. II, Berlin, 1843.
- Socin A., Die sprache der kurden Grundiss der iranischen philologie, Erster Band,Strassbourg, 1901.

Wagner M., Reise nach Persien dem Landen der kurden, Leipzig, 1852.

بەزمانی ئیتالی

P. Maurizio Garzoni, Grammatica e vocabolario della lingua kurda. – Roma, 1787.

تاريخ الأدب الكردي

يقع كتاب «تاريخ الأدب الكردي» الوسيط في عدة أجزاء، يتناول تاريخ هذا الأدب منذ ظهوره في نهاية الألف الأول من ميلاد المسيح وحتى أواسط القرن العشرين. وأما الجزء الأول الذي بين أيدينا فهو يشتمل على فصول متنوعة كتمهيد ومقدمات لابد من وجودها في مثل هذه التصانيف، والمقدمات تلك تتناول التعريف بمواطن الكرد وجغرافية بلادهم وكذلك فيها سرد موجز عن تاريخهم والأحداث التي حددت مصيرهم كأمة والحال التي يعيشونها في الوقت الحاضر.

ويتناول الكتاب كذلك التعريف باللغة الكردية وأديان الكرد وحياتهم الأجتماعية والثقافية التي تنعكس في الكتب والمخطوطات والصحافة والنوادي والمنظمات الأجتماعية.

وقد وردت في الجزء معلومات موجزة عن بدايات الأدب في العالم القديم الشرقي والأغريقي، لما قبل التاريخ ولما بعده، ثم يتطرق الى التعريف بالكتب السماوية كنصوص أدبية ممتازة.

وكانت العناية ببدايات الأدب الكردي من ضرورات منهج البحث لذلك كان من الواجب سرد تاريخ النصوص وتحليل محتواها من حيث الشكل والمضمون، ثم كان عرض حياة الرائد الكردي الأول في الأدب القومي بابا طاهر الهمداني (٩٣٧-١٠١٠) ودراسة رباعياته من حيث الشكل والمضمون.

والفصل الأخير من الجزء الأول خصص للأدب الديني عند طائفة أهل الحق الذين نسميهم بـ(يارسان)، وفيه معلومات مفيدة عن الطائفة وأساليب شعرهم التي أميطت اللثام عنها من خلال النماذج الرائعة التي كانت من أبداعات شعرائهم من أمثال پيرشاليار، وشاه خوشين، والسلطان سهاك، وبابا يادگار، وعالي قلندر وغيرهم كثيرين.

ويتناول الجزء الثاني من تاريخ الأدب الكردي الذي نحاول أن يصدر في أقرب فرصة ممكنة القرون الثلاثة التي تسبق القرن التاسع عشر.

أربيل ٢١ مارت ٢٠٠١

معروف خزنەدار

The History of Kurdish Literature

The concise "History of Kurdish Literature" that is of some volumes, deals with the history of Kurdish literature since its rise at the end of the first millenia A.D till the mid–twentieth century.

The first volume has various chapters such as a prologue and some introductions which are necessary for such a work. The introductions make acquaintance with Kurdish land and the geography of their country. They also present a brief relation of their history and the events specified their fate as a nation, in addition to their way of life nowadays.

The book also deals with Kurdish language, the religions of Kurds, and their cultural and social life as mentioned in books, manuscripts, media, clubs and social organizations.

In this volume, mention has been made of the beginnings of the literature in Greek and eastern ancient world, pre and post history, then celestial books have been quoted to be excellent literary texts.

It was methodologically necessary to attach enough importance to the beginnings of Kurdish literature,the fact that led to the relation of the history of the texts and analyzing them both in form and content, then the presence of the biography of the first Kurdish vanguard in national literature, Baba Tahir–Hamadani (937-1010) followed by the study of hisquatrains.

The last chapter of this volume is devoted to the religions literature of Ahli–Haq sect known as "Yarsan". The chapter presents good information about this sect and the style they adopted in their poetry clarified by distinguished texts written by their great poets such as: Peer Shalyar, Shah Khushin, Sultan Suhak, Baba Yadgar, Ali Qalander.... etc.

The second volume of the history of Kurdish literature, that may appear as soon as possible, deals with the period from 17th to 18th centuries.

Arbil 21 March 2001 Marouf Khaznadar

The History
of Kurdish Literature

vol.I

By

Prof. Dr. Marouf Khaznadar

Arbil 2010